# هونەر لە پێناو مرۆڤایەتیدا

ئاشتی گەرمیانی

# هونەر لە پێناو مرۆڤایەتیدا

## تێڕاوانین و لێکدانەوەی کارە هونەرییەکانی شێوەکارانی کوردستان

ئاشتی گەرمیانی

# هونەر لە پێناو مرۆڤایەتیدا

تێڕاوانین و لێکدانەوەی کارە هونەرییەکانی شێوەکارانی کوردستان

**ئاشتی گەرمیانی**


گرافيك و دیزاین: **لوقمان ڕەشیدی**

ساڵی چاپ: **٢٠٢٣**

تیراژ:

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی () ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.




## پێرست


پێشەکی ١٣

بەدیع بابا جانی هونەرمەندو داهێنەر ١٧

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەسکەندەر عوسمان ٢١

هونەرمەندی شێوەکاری کورد دانیال قەساب ٢٦

شێوەکاری پێشەوای کورد عەزیز سەلیم ٢٩

هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد عارف ٣٤

هونەرمەندی پێشەوای کورد ئیسماعیل خەیات ٣٨

هونەرمەندی شێوەکاری کوردلە ڕۆژئاوای کوردستان زوهیر حەسیب ٤٥

هونەرمەندی شێوەکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هادی ضیائەدیی ٤٧

گەنجۆ دەمیرەر ganco demirer ٤٩

ڕۆستەم ئاغالە Rostam Aghala ٥١

هونەرمەند بەختیار سور ٥٤

دەموو چاوە ڕیالیستییەکان لە تابلۆکانی هونەرمەند فاروق قوبادیدا ٥٦

هونەرمەند موحەمەد عەلی سوریالیزمیەتی هونەرمەند ٦٦

جەمال حەمەد ئەمین لە کەڤاڵەکانیدا ٦٦

فەوزی بێلگێ هونەرمەندی شێوەکاری باکووری کوردستان ٧٢

لاوێکی شێوەکاری کورد ڕەوەند جەعفەر ٧٧

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو خومار ڕەشید حەمید ٨٣

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو ئاڤان سدیق ٨٦

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عوسمان قادر ٨٩
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد حەمە ڕەسوڵ ٩٣
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەحمەد گونیشتکین ٩٧
هونەمەندی شێوەکاری کۆچ کردووی کورد ئاراس مەجید تالیب ١٠١
هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەلاح شوان ١٠٥
هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی فەلاح کوردی ١٠٩
گەلەری شانەدەر لە هەولێری پایتەختی کوردستان ١١٢
هونەرمەندی پەیکەرساز ئازاد ئەنوەر ساڵح ١١٥
گروپی هونەری هاوچەرخ لە پارێزگای دهۆك ١١٨
هونەرمەندی شێوەکاری کورد چەتۆ حەسەن ١٢١
هونەرمەندی شێوەکاری کورد حوسین عەبدواللە ١٢٤
هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد قادر ١٢٧
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد نانەکەلی ١٣١
هونەرمەندی شێوەکارو کاریکاتۆریست گرفتار کاکەیی ١٣٥
هونەرمەند چنار نەزار ١٣٩
هونەرمەندی شێوەکاری کورد نەجات چیمەنی ١٤٢
هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد ڕێبین حەیدەری ١٤٦
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ڕزگار فەقێ عەولا ١٤٩
هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو شادان عەلی ١٥٣
هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد دارا حەمە سەعید ١٥٦





هونەرمەندی شێوەکاری کورد عوسمان نیك منش ١٦٠
هونەرمەندی شێوەکاری کورد سامان ئەبو بەکر ١٦٣
هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەبدول موتەلیب گەردی ١٦٦
هونەرمەندی شێوەکاری کورد عومەر دەروێش ١٦٩
هونەرمەندی شێوەکاری کورد عادل داود ١٧٣
هونەرمەندی شێوەکاری کورد حەسەن فەتاح ١٧٧
هونەرمەندی شێوەکاری کورد دارا ئارام ١٨٠
هونەرمەندی پەیکەر سازی کورد شوان کەمال ١٨٤
هونەرمەندی شیوەکاری کورد جەمال موشیر ١٨٨
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ستار عەلی ١٩١
هونەرمەندی شێوەکاری کورد سەردار کێستەیی ١٩٥
هونەرمەندی شیوەکاری کورد عەلی سدیق ١٩٩
هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەیان مانی ٢٠٣
هونەرمەندی شێوەکاری کورد جەعفەر کاکەیی ٢٠٦
هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد کامەران دارتاش ٢١٠
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاراس حمە حسین ٢١٤
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ناسر فیزواللە بەگی ٢١٧
هونەرمەندی شێوەکاری کورد فواد کەمۆ ٢٢١
هونەرمەندی شێوەکاری کورد دارا محمد عەلیە فەلسەفەی ئاوێنەکانەوە.. ٢٢٥
هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەهمی باڵایی ٢٣٦

هونەرمەندی شێوەکاری کورد لالە عەبدە ٢٤٠

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عومەر ڕەسوڵ ٢٤٣

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەباس زەهاوی ٢٤٧

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەبدواللە ڕەسول ٢٥١

هونەرمەندی شێوەکاری کورد گوهدار سەلاحەدیین ٢٥٥

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی کەریم ٢٥٨

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو خۆشی شەوقی ٢٦٢

هونەرمەندی شێوەکاری کورد بژار حەمدی ٢٦٥

هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەختیار قەفتان ٢٦٩

هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەیسەڵ عوسمان ٢٧٣

هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە رۆژئاوای کوردستان هەیسەم کوردی ٢٧٧

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەمیر دەلی ٢٨١

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئیحسان محمد ٢٨٤

عەلی دەروێش لە وێستگەی شێوەکارو کاریکاتیوریدا ٢٨٨

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەزیز پیر داود ٢٩٤

هونەرمەندی شێوەکاری کوردستانی رۆژئاوا سلێمان چیکۆ ٢٩٧

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سەردار سنجاوی ٣٠١

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو لیدا عبدالهی ٣٠٤

هونەرمەندی شیوەکاری کورد خاتوو هیڤی پێڵ ٣٠٧

خاتوو ئاشنا عەبدوڵا هونەرمەندی شێوەکاری کورد ٣١١





هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەونی سامی ٣١٥

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سوعاد ستار ٣١٩

هونەرمەندی شێوەکاری کورد حوسێن کاکەیی ٣٢٢

هونەرمەندی شێوەکاری کوردی ڕۆژئاوا بەهرام حاجۆ ٣٢٦

هونەرمەندی پەیکەرسازو شێوەکاری کورد ڕەشید عەلی ٣٢٩

هونەرمەندی شیوەکاری کورد خاتوو تریفە ئەنوەر ٣٣٢

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی جۆڵا ٣٣٦

هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە کوردستانی رۆژئاوا یەحیا سلۆ ٣٤٠

هونەرمەندی شێوەکاری کوردستانی ڕۆژهەڵات سەیوان سەعدیان ٣٤٣

هونەرمەندی شێوەکاری کورد قەرەنی جەمیل ٣٤٧

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ڕێبوار سەعید ٣٥٢

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عبدالرحمن وحید گلحو ٣٥٧

ئاری بابان.. لە کۆتایی سەدەیەکدا ٣٦١

شێوەکاری کورد ڕۆستەم زادە لە نێو ئەزموونێکی هاوچەرخیدا ٣٧١

هونەرمەندی پەیکەر تاشی کورد پشکۆ گورجی ٣٧٨

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاکۆ غەریب ٣٨١

هونەرمەندی شێوەکار وەلید ئاغا ٣٨٤

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەدنان شینۆ ٣٨٧

شوان عبدالرحمن پەیکەر سازێکی گەنجی کوردستانی باشوور ٣٩٠

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عومەر ماڵڤا ٣٩٣

هونەرمەند متحت کاکەیی لە نێوان ژاپۆن و سوئید دا ٣٩٥
هونەرمەندی شێوەکاری کورد سمکۆ توفیق ٣٩٩
هونەرمەندی شێوەکاری کورد دلاوەر عومەر ٤٠٤
هونەرمەندی شێوەکاری کورد سلێمان شاکر ٤٠٨
هونەرمەندی شێوەکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەرنووش سعیدی ٤١٢
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد شەوقی ٤١٦
پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ ٣٣ هونەرمەندی وڵاتانی جیاواز لە بەلجیکا ٤٢٠
هونەرمەندی کۆچ کردوی کورد.. غازی محمد ئەمین ٤٢٣
شێوەکاری کورد عەلی لەتیف ٤٢٦
هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەحمەد ئەغرووت ٤٣١
شێوەکاری کورد بەهادیین لە زەوی یەوە بۆ ئاسمان ٤٣٤
دەنگەکان و ووشەکانی شێوەکاری کورد فواد عەلی ٤٤٢
ناز عەوڵا و خەونە پەپولەییەکان ٤٥١
سیروان باران.. پانۆڕامای ئاگرو ئاسن لە کارە هونەریەکانیدا ٤٥٨
هونەرمەندی شێوەکار عبدول سەلام عەبدولا و گووڵە گوڵستانیەکان ٤٦٦
کارە هونەریەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد هوشیار سەعید.. ٤٧٠
هونەرمەندی شێوەکار خاتوو شارا ڕەشید لە نێو گەردوون و بوونەوەردا ٤٧٨
خاتوو نەسرین فەتاح کاکە برا.. جوانی ڕیالیستی.. ٤٨٤
هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس سەڵاح حەمە ئەمین ٤٨٨
هونەرمەندی شێوەکاری کورد خالید ستار ٤٩٥



هونەرمەندی شێوەکار خاتوو(موژدە ڕازی) لە پێشانگای گفتوو گۆی ژیاندا ٥٠٠
شێوەکاری کورد حوسێن عەبدول کەریم ٥٠٣
شێوەکاری کورد حەمە هاشم لەنێوان مێژووی هونەرو هاوچەرخیدا ٥١٠
سەنگەر قوباد توێژەری شێوەکاری لە هونەری هاوچەرخ دا ٥١٩
ڕەنگدانەوەی چەرخی دیگیتاڵلە نێو کەڤاڵە هونەریەکانی جاسم غەفوور ٥٢٧
لە حەمامۆکێ وە بۆ مۆنتیلیمیا ... مەحەمەد حەمە سەعید ٥٣٧
شێوەکاری کورد مەحەمەد فەتاح ئەفسانەکانی ئەو دیوی چیاکان.. ٥٤٦
تەیب عەبدولڕەحمان دا.... گووڵە ڕەنگاڵەکان لە ژووانی کەڤاڵەکانی شێوەکار ٥٥٤
هونەرمەندی ڕەوان شاد سەروەت سەوز ٥٦١
کوێستان جەمال شێوەکاری کورد.. خەونەکان درێژەیان هەیە ٥٦٥
هونەرمەندی شێوەکار نیاز بەیاتی لە ژیانی هونەری سیرامیک دا ٥٧٢
ئاڤان فەتاح لە نێو سەمفۆنیای پەیکەرەکاندا ٥٨١
ویژدان دێرکی شێوەکاری کورد... لە نێو هونەرێکی هاوچەرخدا ٥٨٨
هونەرمەندی شێوەکار کاوە کافرۆشی.. ئابسراك و ڕەنگەکان... ٥٩٥
شێوەکار سامان ڕەش.. ئەزموونەکان هەروا ئاسن نین ٦٠٤
شێوەکاری کورد ستار قادر.. لە خەم و خەونی مانگ وئەستێرەکانەوە ٦١١
شێوەکاری پێشەوای کورد فایەق نوری سەعید ٦١٦
شێوەکاری کورد ئەحمەد فایەق لە ئابستراکێکی هاوچەرخیدا ٦٢٥
شێوەکاری کورد خاتوو شیلان ڕەشید.. لەئەزمونێکی هونەری مۆدێرن و... ٦٣٣
ئەزموون و تێڕوانین لە ژیانی شێوەکاری کورد ئەحمەد کاکە سوور ٦٤١

| | |
|---|---|
| شێوەکاری کورد کیڤان بارزانی لە گەڵ پۆرترێتی ... | ٦٤٩ |
| شێوەکاری کورد محمد عەلی حاجی لە نێوان پروشەی پایزو... | ٦٥٦ |
| شێوەکار حەمید جەمال.. لەنێو جیهانی ئەزموونی شێوەکاریدا | ٦٦١ |
| هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد سالەیی | ٦٦٩ |
| ئەڤین کاکەیی شێوەکاری کورد لە بیروەری خەونەکانەوە ... | ٦٧٢ |
| ئاشتی گەرمیانی | ٦٧٩ |




# پێشەکی

خەونێکەو زۆر درێژەی کێشا.. بەڵام خەون ئیدی بوو بەڕاستی.. هەموو خەون و حەزەکان نین.. بەڵام هەر خەونە گەورەکەیە لە دوو توێ ی بەرهەمێکی هونەریدا، کە کارو هونەری شێوەکاری هونەرمەندانی وولاتەکەم کوردستان ببینم بە زمانێکی ئەنتەرناسیونالی و ببێت بە زمانەکانی ئینگلیزی و کوردی کە هونەری کوردستان ببینن و تێڕوانینیان هەبێت لەسەر میللەت و نیشتیمانەکەم.

لەساڵی ٢٠١٤ وە لەگەڵ ڕۆژنامەنووس غازی حسن کە سەرنوسەری ڕۆژنامەی کوردش گلوبی بوو بە زمانی ئینگلیزی ئەو هەوڵەمان خستە گەڕ بۆ ئەوەی لە دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەکەدا هەرجارەی لەسەر هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد ناسینێك و پێناسەیەکی هونەرمەندانی

کورد بخەینە ڕوو بە مەبەستی ناسینیان بە خەڵکانی بیانی و باڵیوزخانەو قونسڵگەری و دەزگا جیهانی یەکان کەلە هەولێری پایتەخت و ئەو میوانانەی کەلە دەرەوە بە فرۆکە دێن بۆ هەرێمی کوردستان و ناسینیان بە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و ژمارەیەك لەو ڕۆژنامەیە لەنێو فرۆکەکەدا بخوێننەوە، وە هەڵبژاردەی هونەرمەندانی شێوەکاری کە لەهەموو پارچەکانی کوردستان نەك تەنها هونەرمەندێك لە باشووری کوردستان، وە خۆم بتوانم لێکدانەوەیەکی کورت بۆ کارو پیشەکانیان بکەم، ئەوەش لە ژمارەکانی (٤٥٦)ی ٢٠١٤/٩/١وە دەستمان پێ کرد تاوەکو ٢٠ / ٢ / ٢٠١٧ کە (٥٦٨) دوا ژمارەی ئەو ڕۆژنامە ئینگلیزی یە بوو لە هەرێمی کوردستان کە دەرچوو. ئەوەی جێگای داخە من فریای هەموو هونەرمەندەکان نەکەوتم، چونکە کوردستان بە هەزاران و سەدان هونەرمەندی پێشەواو لاوو تازەی تێدایە، چ لە کوردستان وە چ لە وولاتانی جیهان، وە ساڵانە هونەرمەندی نوێ دێنە نێو گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری یەوە، بەسەدان تابلۆ و کاری هونەری بەئەنجام دەگەیەنن کە جێگای سەرەنجی هەموو خەڵک و بینەرانی هونەرن، وە زۆر مامۆستا و لێهاتوو پسپۆڕی گەورە گەورە هەن من دەستم پێ نەگەیشت، ئەوجا لەبەر کەمی تەمەنی ڕۆژنامەکە یان نەبوونی کەرەستەکانیان لە ماڵپەڕو سایدەکان، یان خۆیان دوورن لە سوسیال میدیا، یان کۆچیان کردوە و کەس شتێکی لەسەر نەنوسیون، یان مەبەستیان نەبووە ببن بە هونەرمەند بەڵام داهێنەرو کاری جوانیان




بەئەنجام گەیاندوە، ئەو هەوڵەی من لەوانەیە نوێ نەبێت، بەڵام تەواوکەری ئەو پرۆسەیەیە کە زۆر لە نوسەرانی هونەری کاری گرنگیان ئەنجام داوە بۆ ئەرشیفی هونەری شێوەکاری کوردی، هاو زمانەکانی تری ناوچەکە دەوڵەمەندن لەو بارەیەوە، خاوەن چەندین کوراسەو پەرتووك و بیبلۆگرافیا و نوسین و نامیلکەو بڵاوکراوەن لەسەر هونەری شێوەکاری بەهەموو بەشەکانی یەوە، بەڵام لەبەر کەم ڕۆشنایی بەرێوەبەرەکانی ووڵاتم بە حەیف بووە ئاوڕ لەو بەشە زیندووە بدرێتەوە کە مێژووی هونەری شێوەکاری یە، هەر بۆیە بە گرنگم زانی بابەتەکان کە بڵاو بونەتەوە لە ڕۆژنامەی کوردش گلوبی بە نوسراوە کوردی یەکە بڵاوی بکەمەوە لە پاڵیدا هەندێك لە نوسراوەکەش بە زمانی ئینگلیزی بۆ بەڵگەیی پیشان بدەم لەگەڵ ئەوەشدا بەهەوڵی خۆم تێڕوانین و دیدەیم بۆ هونەرمەندەکانی داهاتوو هەبێت، هەر ئەم هەوڵانەش دەبنە ناسینی ناسنامەی میللەتێکی بێ ووڵات، بە تایبەتی بە زمانە جیاوازەکان، بەو هیوایەم کەلە داهاتوودا گرنگی بەم لایەنە زیندووەی کەلتووری کوردستانیم بدرێت لەهەر جێگایەك بێت، بەڵام دواتر بەهەوڵێ برای هونەرمەندم کاك بەختیار سەعید لە لاپەڕەکانی تابلۆ پاشکۆی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ هەنگاوەکانم بەردەوام کرد بۆ تەواو کردنی ئەو کارە هونەریانەی کە خوێندنەوەی هونەریان بۆ نەکراوە وە هەندێکی تری شی کاری بۆ هونەری شیوەکاری کوردی، هەربۆیە بۆ چەند ساڵانێك ئەو بەردەوامیەمان دا دواتر لە ناوەندی

ڕەوەنـدی کـورد لـەدەرەوە و لـە ماڵپەڕەکەیـان ئـەو هەنگاوانـەی تـرم نـا و تابتوانـم درێـژە بـەو پرۆژەیـە بـدەم، بـەڵام ئـەوە کۆتایـی ڕێگاکـەم نابێـت، بەڵکـو لـە هـەر هەنگاوێـك کۆمەڵێـك لـە کارو پیشـەو داهێنانـی هونەرمەنـدی کوردسـتانی بـەردەوام دەبیـن بـۆ بـەرز ڕاگرتنـی هونـەرو هـزرو کەلتـوورو کەلچـەری ئـەم نەتـەوە بـێ خاکـە.

ئاشتی گەرمیانی.. ٢٠١٩.. هەولێر






## بەدیع بابا جانی هونەرمەندو داهێنەر

١٩٢٣- ١٩٩٦

مامۆسـتا بەدیـع بابـا جـان لەسـاڵی ١٩٢٣ لـە گەڕەکـی اخ حسـین ی شـاری کەرکـووك لەدایـك بـووە، لەسـالی ١٩٤٥ چۆتـە پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا بـۆ خوێنـدن لەبەشـی شـێوەکاری لەکاتێکـدا ئـەو حـەزی لەبەشـی مۆسـیقا کـردوە، لـە سـاڵی ١٩٥٠ پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی تـەواو کـردوە، بەپـێ ی دیکومێنتەکـەی کاك بەختیـار سـەعید زۆر ووردەکاری هەیـە لەژیانـی ئـەم کەڵـە هونەرمەنـدەدا کـە دوای خوێندنـی لەکەرکـووك دەچێتـە ئەسـتەنبول

بۆ کۆلیجی سوپایی و پزیشکی خوێندووە، وە دەڵێت نەشتگەریەکی لێزان بووە.لەمنداڵی یە لەگەڵ شاعیری گەلەکەمان شێخ ڕەزایی تاڵەبانی دۆست و هاوڕێ بووە.مامۆستاکان و هاوڕێ کانی بریتی بوون لە هونەرمەندان فایق حەسەن و جەواد سەلیمی پەیکەرتاش وشاکر حسن السەعیدو خالد ڕەحال و ئیسماعیل شێخلی و عبدول الحمید گەیلانی و حەمید الحال.



باباجان ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە دیزاین و بەرگ و نەخشەی ناوەوەی کتێبەکان وە بلاوکراوە کوردی یەکان بەتایبەتی بلاوکراوەی گەلاوێژو نەزار وە پۆرترێتی شاعیرە کوردەکان لەلایەن مامۆستا عەلادین سوجادی یەوە داوای لە هونەرمەند باباجان کردوە بۆ ڕازاندنەوەی بلاوکراوەکانی ئەمەش بۆ بژێوی ژیانی خۆی بووە، هێڵکاری شاعیران (مەلای جەزیری وە بێسارانی، ئەحمەدی خانی، نالی، سالم، مەولەوی، مەلای جەباری، سەی یاقۆ، کوردی حاجی قادری کۆیی، محوی، سالمی سنە، مەجدی، حەریق، باباتاهیر، شێخ ڕەزای تالەبانی، ئەدەب).




کارێکی تری داهێنەری باباجان دەست ڕەنگینی وەداهێنەری لەبواری شیعردا بووە کە بە زۆر لەو کارانەی پێ ی سەرسام بوو شیعرێك بۆ هۆنیوەتەوە لەوانە خۆش نووسی کورد (خەلیل زەهاوی) یەکێك بوو لە هاوڕێیانەی کەلە نزیکەوە پێکەوە بوون، هەر لەو دیدارەدا کتێبی تەشکیلاتی خەتی عارەبی وەك دیاری دەبەخشێتە هونەرمەند بەدیع باباجان، وە ئەمیش لەدوای سەرسوورمان بوونی بە کتێبەکە بە پارچەیەك شیعرێك ئەو هەستەی دەربڕیوە،




هەروەك چۆن باباجان لە بەهرەکاندا سەرکەوتوو بوە لە بواری خۆش نوسیش داهێنەرێک بووە وە کاری جوانی کردوە هەروەك چۆن وێنە کێشان داهێنەری یەك بوە لە کارەکانیدا ئاوهاش خۆش نوسی تازەگەری و جێگای تێ ڕوانین بووە، ئەوەمان لایاد نەچێت کە ماۆستا بەدیع ئەندانی خۆشنووسانی عێراقی بووە.

ئەم هونەرمەندە تا دوا ساتەکانی ژیانی بەردەوام بووە لە هونەرو کاری هونەری و داهێنانی بۆیە تەمەنێك لە هونەرو ژیان




ئەو ئەرشیف و بیبلۆگرافیایەیە کە هونەرمەند تۆماری کردوە لە ژیانی تایبەتی خۆیدا وە یەکێك بووە لە داهێنەرەکانی عێراقی. لە کارەساتی کۆتایی هاتن بە ژیانی مامۆستا بەدیعدا مامۆستایان زۆر بابەتیان لەسەری نوسیوە لەوانە مامۆستا مەحەمەدی مەلا کەریم و مامۆستا جەمیل رۆژبەیانی و مارف خەزنەدار و ئەحلام مەنسوور. چەندین مامۆستایی لێهاتوو هاوخەمی و کارەساتی دڵ تەزێنی کۆچی دوایی باباجان بوو بە کۆتایەك بۆ هونەرەکەی وە داهێنانەکەی.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەسکەندەر عوسمان


هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەسکەندەر عوسمان ناسراو بە ئەسکەندەر جامباز لەساڵی ١٩٣٨ لەشاری هەولێر لە باشووری کوردستان لەدایك بووە،قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردوە، یەکێکە لە قوتابیەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد دانیال قەساب و جەواد ڕەسول ناجی بووە، لەساڵانی ١٩٦١خانەی مامۆستایانی تەواو کردوە وە بوە بە مامۆستای هونەر، لە زۆر گوندەکانی کوردستان وانەی هونەری ووتووەتەوە، بێجگە لەهونەری نیگارکێشان کەمانچە ژەنێکی داهێنەرانە بووە وە بەشداری لەزۆر پێشانگا هونەریەکان کردوە لەکوردستاندا



لەساڵانی ١٩٦٠ تا ساڵی ١٩٧٠ واتە هونەرمەندێکی ساڵانی شەستەکان بووە، بە هۆی نەخۆشی شیرپەنجەوە لە ساڵی ١٩٩٤ کۆچی دوایی کردوە. کاریگەری سروشت و هاتووچۆی بۆ گوندەکانی دەوروبەری شاری هەولێر وە بەهۆی کارەکانیانەوە کە خانەوەدەکەیان جامباز بوونە سروشت و گوندو کەلتووری کوردی و فۆلکلۆری ناوچەکە کارتێکراوی تایبەتی هەبوە لەسەر هونەرمەند بۆ دەست بەکار بوونی بەکاری هونەری، وە یەکێك بوە لە قوتابیانی دانیال قەساب و جابر پیرداو و عەزەدیین فیچی و لە قوتابخانەی ناوەندیشدا مامۆستایان جەواد ڕەسول ناجی و فواد رەسول و مامۆستا محمد عارف ئەو مامۆستایانە بوون لە وانەیان بە هونەرمەند ئەسکەدەر عوسمان داوەتەوە،




بێگومان کاریگەری تایبەتیان هەبوە لە شێوازی کاری ئەم هونەرمەندە بەتایبەتی کە کارەکانی ڕێبازێکی ڕیالیزمی سەرەتایی بوو، دواتر بەرەو کاری ئەکادیمی و سروشتی هەنگاوی نوێ ی نا، بەتایبەتی ڕزگار بوون لە کۆپی کردنی تابلۆ جیهانی یەکان و ڕوەو وێنە کێشانی جێگا سروشتی یەکان بەتایبەتی قەڵای هەولێرو سروشتی ناوچەکە، بەڵام تا دوا ژیانی هەر کۆپی کارە هونەریەکانی هونەرمەندان دانیال قەساب و مونیر قەساب ی دوبارە کردۆتەوە، ئەو کەرەستانەی کە هونەرمەند ئەسکەندەر عوسمان بەکاری هێناوە لەسەرەتاندا قەڵەمی خەڵوزو ڕەش و سپی بووە، دواتر بەرەو کاری ئاوی و ڕۆنی و کەرەستەی جیاواز وە لەبابەتەکانیشدا بابەتی فۆلکلۆری کوردی و وێنەی سروشتی کوردستان لە کۆچ و ژیانی کوردو گوندو دیمەنەکانی قەڵاو منارەو فۆرمی کارەکانی بووە. یەکەم پێشانگای بریتی بوە لە پێشانگا قوتابخانەکانی ساڵانی ١٩٦١ تا ساڵی ١٩٧٠، وە گەڵێك پێشانگای تریشی لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و بەغدا کردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ جاڕدانی بەیانی ١١ ئازاردا وێنەیەکی جەنراڵ بارزانی دروست کردوە، هونەر لەو ساڵانەدا واتە پەنجاکان و شەستەکان کارێکی ئاسان و نمایشی نەبووە بەڵکو کار بۆ ئاغاو دەسەڵات زیاتر بوە دواتر کە هونەر کەوتۆتە ناو خەڵکەوە ئەو دیمەنانە بوون کە جلی کوردی و ژیانی ڕۆژانەی گوندەکان و کەرەستەی فۆلکلۆری کوردی نەخشاندنی تابۆکان بوون، بۆ پاراستن و مانەوەی ژیانداری کوردستان، وە خواستی خەڵکیش ئەو





ڕێبازە ڕیالیزمی یە بووە کە چاو بڕیاری لەسەرداوە وە جوان کاریان لا مەبەست بوە، لەکارەکانی هونەرمەند ئەسکەندەر عوسماندا ئەوەش بەدی دەکرێت کە وێنەی ئەکادیمیەت بناغەیەك بووە بۆ بەرەو پێش چوونی کارەکانی هەر بۆیە وێنەی ستیلایڤ لە زۆر تابلۆکانی هونەرمەندە بەدی دەکرێت، دونیایەك پڕ لەکارو هونەرو پێگەیاندنی قوتابیان و کەوتنەوەی هونەر بۆ ناو خەڵك و هوشیار کردنەوەی ئەو ڕێبازە بووە کە هونەرمەندی کورد ئەسکەندەر عوسمان بەئەنجامی گەیاندووە.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد دانیال قەساب

یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکانی گەلی کورد کە لەبواری هونەری شێوەکاری کوردیدا کاری کردوە وە مامۆستایەك بوە بۆ فێرکردن و پەیڕەوی کردن و ناساندنی هونەری کوردی و وێنە کێشان لە کوردستانی عێراقدا.

لەساڵی ١٩٣١ لە شاری هەولێر لەدایك بووە،دانیال قەساب لەڕووی ئاینەوە جولەکە بووە،گرنگی بەو هونەرە داوە بەڕادەیەك زۆرترین قوتابی پێ گەیاندوە تا ئەو کاتەی زۆربەی قوتابیان بوون بە مامۆستای هونەر،، خوێندکارەکانی پێکهاتوون لە "جاپییرپیرداود،جەواد



ڕەسوڵ. ناجی فواد" هونەرمەند یەکێك بووە لەو شێوەکارانەی کە لە پانتایەکی فراوانتر کاری هونەری کردوە، بۆ نموونە لوساڵی ١٩٤١ چۆتە بەغدا و لەگەڵ اصدقاو الفن لە هۆڵی کۆمەڵەی مانگی سوور کاری هونەری نمایش کردووە، لە ڕاستیدا دانیال قەساب شێوەکارێکی خۆڕسك بووە لەساڵی ١٩٤٨ دەبێتە مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغداو لەناوەڕاستی پەنجاکاندا نەفیکراوەتەوە بۆ ئیسرائیل، ئەم هونەرمەندە لە خۆڕسکییەوە بۆتە شێوەکارێکی ئەکادیمی لەدوای ئەوەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان تەواو دەکات و یەکێك بووە لەو شێوەکارانەی کە دیکۆری زۆرێك لە شانۆییەکانی شاری هەولێری کێشاوە، ناودارترین تابلۆکانی پێکهاتوون لە (قەڵای هەولێر، ئاغای گوندی عوبیدی، منارەی چولی). ئەگەر تەماشای کارە هونەریەکانی هونەرمەند قەساب بکەیت زۆر ڕیالیستیانە مامەڵەی لەگەڵ کارەکەدا کردوە بەتایبەتی وێنە کێشانی سروشی وە دەوروبەری خۆی بەتایبەتی قەڵای هەولێرو شارەکە وە سروشتی کەلتووری کوردی لە جلو بەرگ و پۆشاکی کوردەواریدا، وا دیارە ساڵانی سی یەکان و چلەکان ئەم قوتابخانە هونەری یە کە ڕیالیستی و کلاسیکی کۆنە پێشوازی لێ کراوە وە گرنگ بووە لەلای خەڵك وە خەڵکیش زۆر بە ئاسانی لەو جۆرە هونەرە تێ دەگەن، هەربۆیە کارەکانی هونەری هونەرمەند دانیال قەساب لەو ڕوانگەیەوە سەری هەڵداوە. وە هەڵبژاردنی ئەکادیمەیەت و کلاسیکی هەر لەو قۆناغەوە هاتووە کە هونەرمەندانی جیهان

پەیڕەوییان کردوە، منارەی چۆلی یەکێکە لەو کارانەی کە نمونەیەکی زیندووی هونەرمەندە، بێگومان هونەرمەند دانیال قەساب دا نەبڕاوە لە هونەرمەندەکانی تری شارەکانی کوردستان بەتایبەتی پەیوەندی لەگەڵ ئەو هونەرمەندو قوتابیانەی کەلەبەغدا بوون وە گەلەری و مۆزەخانەو مامۆستا هورمەندە ناسراوەکانی ئەوکاتی شاری بەغداد، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی یە بەتایبەتی لە هەولێرو سلێمانی و بەغدا. فۆرمی کارە هونەریەکانی هونەرمەند قەساب بریتی بوون لە کەلتووری کوردی وە شوێنەواری کۆن و سەرەنج ڕاکێش بەتایبەتی وەکو لەتابلۆکانیدا دەبینرێت قەڵای هەولێر و منارەی چۆلی وە لە سروشتیشدا چیاکانی کوردستان و گوندو کاری ڕۆژانەی خەڵکی گوند وێنەی ئەو سروشتەی ڕاستەو ڕاست بە شێوەیەکی ئەکادیمی وە کلاسکیکی گواستۆتەوە بۆ ناو کەڤاڵە هونەری یەکەی. بێگومان پورترێتیش فۆرمێکی گرنگی تابلۆکانی هونەرمەند دانیال قەساب بوون، مانەوەی ناوی هونەرمەندی شێوەکاری کورد دانیال قەساب گرنگی یەکی زۆری هەیە بۆ مێژووی هونەری شێوەکاری کوردی لە کوردستانی باشووردا.





## شێوەکاری پێشەوای کورد عەزیز سەلیم

شێوەکاری پێشەوای کورد عەزیز سەلیم لەساڵی ۱۹۱۵ لە گوندی مێرزی لە نێوان پشدەرو بنگرد لەدایك بووە، کوڕی سلیم بەگی کەلارە.

بەخەڵووز لەسەر دیواری ماڵ و مزگەوتەکاندا وێنەی کێشاوە، باوکی مامۆستا عەلی فاتح ئەلکازمیی بۆ گرتوە تا فێری وێنەکێشانی بکات. یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە ساڵی ۱۹۳۲ لە گۆڕستانی شێخ جەعفەر لە سلێمانی کردۆتەوە کە ۱۲ تابلۆی لەخۆ گرتوە بەقەد کێلەکانەوە هەڵسپاردبوو، خەڵک تابلۆکانیان دڕاندبوو خۆشیان

بـەرد بـاران کردبـوو مەلاکانیـش وتبویان(ئەمـە شـەیتانە و پەیـدا بـووە)، تابلۆیەکـی وێنـەی شـەوکەت زەنگنـەی دانسـازی کێشـاوە لـە حاڵەتـی دانکێشـانی دایکـی دا، لەسـاڵی ١٩٣٤ دا دووەم پێشـانگای لـە قوتابخانـەی گەلاوێـژ لـە سـلێمانی کردۆتـەوە دیسـان خەڵـک نەیانهێشـتوە بـەردەوام بێـت هـەر لـەو سـاڵەدا سـێیەم پێشانگاشـی لـە شـاری کەرکـوک لـە گەڕەکـی شـۆریجە لـە چایخانـەی یەدوڵـلا کردۆتـەوە، پێشـانگاکەی بریتـی بـووە لـە ٦ تابلـۆ، هەنـدێ لـە تابلۆکانـی فرۆشـتوە بـە فەرمانبەرانـی شـەریکەی نەوتـی کەرکـوک بـە (٤و٦و١٠) دینـار، هـەر لـەوێ ئیبرایـم خەلیلـی کـوردی خەڵکـی دوزخورماتـوو ئەناسـێ کـە نیـگار کێشـێک بـووە عەزیـز سـەلیمی هانـداوە بـۆ رەسـم کـردن. لـە سـاڵی ١٩٣٦ دا حوسـێن حوسـینی موکریانـی ئەناسـێت ئەویـش بـە دانیـال قەسـابی مامۆسـتای قوتابخانـەی ئیـن خەلەکانـی لـە هەولێـر دەناسـێنێت، لـە هەمـان سـاڵدا بـە هانـدان و پشـتگیری موکریانـی لەگـەڵ دانیـال قەسـاب دا پێشـانگایەکی هاوبـەش دەکەنـەوە، عەزیـز سـەلیم بـە ١٢ تابلـۆ و دوو نەحـت لەشـدار دەبێـت، پێشـانگاکە ٤رۆژی خایانـدووە، عەزیـز سـەلیم لـەو تابلۆیانـەدا تراژیدیـای ژیانـی جوتیارانـی پیشـان دابـوو، یەکێـک لـەو تابلۆیانـە ئاغایـەک تیایـدا بـە قامچـی لـە پیشـتی جوتیـاران دەدات هــەر لــەو ماوەیەشــدا باوکــی ئیعــدام کرابــوو، بۆیــە حوســێن حوسـنی موکریانـی دەیباتـە لای مـەلای گـەورەی کۆیـە و لـەوێ لـە ماڵـی مــەلا ێدیــق دەیشــارنەوە پاشــان رادەکات بــەرەو پشــدەر و لەوێشــەوە دەچێتـە لای جافەکانـی ئێـران. لـە سـاڵی ١٩٣٧-١٩٣٩ لـە سـلێمانی بـە






نهێنی ژیان بەسەر دەبات و لەگەڵ شاکیر فەتاح و هەمزە عەبدوڵڵا و عەزیز پشتیوان و ڕەفیق حیلمی لە حیزبی هیوا کار دەکات، هەر لەو ماوەیەدا تابلۆیەکی بەنرخی دروست کرد بە ناوی تابلۆی شەڕی بازیان لە ساڵی ١٩٤٣ دا پێشانگایەکی هاوبەشی کردۆتەوە لە مەهاباد لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستانی ئێران، لەوانە وەلی زادە (کرماشان)، خەلیل زادە (مەهاباد) مەحمود مەحدور (مامۆستایەکی خەڵکی سنە بووە) لە ساڵی ١٩٤٤ دا پێشانگایەکی تری بۆ١٠-١٢ هونەرمەندی تری کوردستانی ئێران کردۆتەوە لە شاری باکۆوخۆشی بەشدار بووە، لە ساڵی ١٩٤٦ دا لەکۆماری مەهاباد دا لە وەزارەتی ئیلاقاتی خاریجی و فەرهەنگ کاری کردوە، لەگەڵ پێشەوا قازی محەمەد و عەبدولرەحمان زەبیحی دا برەویان بە ژیانی ڕەسم و هەنەری داوە. لە ساڵی ١٩٤٩ دا لە تورکیاوە بەرەو ئەوروپا سەر هەڵدەگرێت و ٦ مانگ لە پاریس دەمێنێتەوەو (لەوێ بیکاسۆ دەناسێت) هەر بە ئەوروپا قوتابخانە تازەکانی وەک (کوبیزم و سوریالیزم) ئاشنا ئەبێت. لە زستانی ١٩٤٩ دا لە ئوتێلێکی پاریس بە ٣٦ تابلۆ پێشانگایەک دەکاتەوەو ١٠ ڕۆژ بەردەوام دەبێت، (مسیۆ ڕێنی) کە وەزیری دارایی ئەوکاتەی فەرەنسا بوو تابلۆیەکی لێدەکڕێت بە ناونیشانی(مردووەکان قسە دەکەن)، تا ساڵی ١٩٥٦ لە ئەوروپا بووە.پێشانگای لە فەرەنسا، ئیتاڵیا، چیکۆسلۆڤاکیا، یۆگۆسلافیا، لەندەن و ڤیەنا کردۆتەوە، تابلۆکانیشی بە ئیمزای (کوردیش ئارت) دەناسرێتەوە لە ساڵی ١٩٦٩ دا تابلۆی حەپسەخانی نەقیبی کێشاوە



کە لە مۆزەخانەی بەغدا پارێزراوە. لە ١٩-٠٥-١٩٧٢ دا نزار سەلیم پێشانگایەکی ئەوی لە بەغدا کردۆتەوە پێشانگایەکی تایبەتی لە مانگی ٨ -١٩٩١ جا لە سلێمانی لە هۆڵی کۆمیتەی بەرە کردۆتەوە کە ١٣٧ تابلۆی لە خۆ گرتوە، ئیسماعیل فەتاح التورک لە دەفتەری یەکێک لە پێشانگاکانی دا نوسیویەتی تۆ بەراستی (ئیبتیکارت کردوەو شتی تازەت داهێناوە)وە (٣٠) تابلۆشی لێکڕیوە.کۆمەڵێک لە هونەرمەندە عێراقیەکانیش تابلۆیان لێکڕیوە. تابلۆی(شمشێر بازیی ژنان)ی لە مۆزەخانەی لۆڤەر لە فەرەنسا پارێزراوە، تابلۆیەکیشی لە مۆزەخانەی ئەمستەردام لە هۆڵەندا پارێزراوە، هەندێک تابلۆی تریشی لە واشنتۆن و ریۆدۆ ژانیرۆ و تفلیس و یەریڤان و کوێت و عەدەن و لوبنان و میسر و تونس و جەزائیر پارێزراوە. هونەرمەند (عەزیز سەلیم) ساڵی ١٩١٧ لە قەڵادزێ لە دایک بووە. ساڵی ١٩٣٢ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لەشاری سلێمانی کردۆتەوە، ساڵی ١٩٤٩ گەشتی وڵاتانی دەستپێکردوە و وڵاتانی (فەرەنسا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، فنلەندە، نەمسا، بەلجیکا، یوگسلافیا، مەجەڕ....هتد) گەڕاوە و پیشانگەی تیایاندا کردۆتەوە و، زمانەکانی (کوردی، عەرەبی، فارسی، تورکی، ئینگلیزی، ڕوسی، ئەڵمانی) زانیوە.، هەروەها خاوەنی چوار دیوانە شیعری چاپکراوە.، خاوەنی (٤٣) پیشانگەی تایبەتی و کۆی تابلۆکانی (٦٥٠٠) تابلۆیە.، لەبەرواری ٠٥-٠١-٢٠٠٣ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردوو.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد عارف

١٩٣٧ - ٢٠٠٩

هونەرمەنـدی شـێوەکاری کـورد محمـد عـارف هونەرمەندێکـی وێنەکێشـی کـوردە، سـاڵی ١٩٣٧ لـە شـارۆچکەی ڕەوانـدز لەدایـک بـووە، نووسـەر و وەرگێـڕی چەندیـن کتێبـی بـواری شـێوەکاری بـووە لـە زمانـی ڕووسـیەوە بـۆ زمانـی کـوردی، دواییـن کتێبـی گرافیکەکانـی کوردسـتان کـە لـە دوای کۆچکردنـی چاپکـراوە، لـە ساڵی ٩ / ١٠ / ٢٠٠٩ لـە هەولێـر کۆچـی دوایـی کـرد.

لـە سـاڵی ١٩٥٦ بڕوانامـەی دبلـۆم لـە هونـەری شـێوەکاری لـە پەیمانـگای






هونـەرە جوانەکانـی بەغـدا وەرگرتـوە، لـە دوایـی دەچێتـە وڵاتـی ڕووسـیا بـۆ پەرەپێـدان بـە خوێنـدن لـە بـواری شـێوەکاری بڕوانامـەی ماسـتەر لـە سـاڵی ١٩٦٧ وەردەگرێـت لـە زانکـۆی (سـوریکۆڤ)ی مۆسـکۆ، لـە ٢٠٠٤ دامەزرێنـەر و ڕاگـری کۆلێـژی هونـەرە جوانەکانـی زانکـۆی سـەلاحەدین هەولێـر بـووە کـە خـۆی لـە چـوار بـەش دەگرێتـەوە موسـیک، شـێوەکاری، شـانۆ، سـینەما، تـا سـاڵی ٢٠٠٩، وەهـەر لەوێـش بڕوانامـەی دکتـۆرا لـە فەلسـەفەی هونـەر وەردەگرێـت. مامۆسـتای هونـەری وێنەکێشـان بـووە لـە بەغـدا و سـعودیە و بابـل، و زانکـۆی سـەلاحەدین لـە هەولێـر. شـێوازی کاری وێنەکێشـی محەممـەد عـارف خـۆی لـە ڕیالیزمـی، ڕۆمانتیکـی، سـیمبولیزمی، ئێکسپریسـیۆنیزمی چـڕ کردبـوو، کـە ئەویـش دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەرەتای





خوێندنی لە مۆسکۆ کە ئەوکات لە وڵاتەکانی یەکێتی سۆڤێت ئەم شێوازە باو بووە، بەڵام محەممەد عارف توانی ئەم شێوازە بۆ خزمەت کردنی هونەرەکەی و برسی گەلەکەی دابڕێژێت ئەویش بە وێنەکێشانی چەندین تابلۆی لە سەر پرسی کورد و کەسایەتی کوردیەکان وەک سەلاحەدینی ئەییووبی و مەمم و زین و شیرین و فەرهاد و دوانزە سوارەی مەریوان و قەڵای دم دم و لە چاوەروانی شەودا و ئاشتی بۆ کوردستان و چەندینی تر. کارێکی ڕیالیستی و پڕ مانا کە دەربڕین لە کەلتووری کوردی دەکات، وە چیرۆکێکە یان گێڕاوەنەوەی بەسەرهاتێکە لەکەلتووری کوردیدا بە جل و بەرگی کوردی و دەربڕین لە ئازایەتی و شۆرشگێڕی میللەتی کورد دەکات لە سەدەکانی پێشوودا، بێگومان هونەرمەند بەکەرەستەی ڕۆنی ئەم کارەی دروست کردووە وە لە زۆر پێشانگاکانی دەرەوەی کوردستاندا پیشانی داوە بەتایبەت لەساڵانی هەشتاکاندا لە شاری بەغداد.





## هونەرمەندی پێشەوای کورد ئیسماعیل خەیات

هەڵهاتنی هەتاوێکی گەرمی پێ دەشتەکانی خانەقین لەنێو خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دەوروبەری هەردەو گردو هەڵەتە گەرمەسێرەکانەوە..

شێوەکاری کورد ئیسماعیل خەیات لەساڵی ١٩٤٤ لە تیلخانە سەربە خانقین سنووری پارێزگای دیالە چاوی هەڵێناوە، ١٩٦٦ دیبلۆمی لە خانەی مامۆستایانی شاری بەعقووبە بەدەست هێناوە، هەر لەو دەڤەرە چاوی بە ڕەش و سپی سروشت وە کەلتوورو تایبەتمەندێتی ئەو ناوچەیە کرۆتەوە تا دەگاتە ئەو ڕەنگدانەوەیەی کە لە تابلۆکانیدا ڕەچاوو



دەکرێت.. وە تێکەڵیەکی تایبەتی لەگەڵ ژیان و ژیانداری لەبەغداو پەیمانگەو کۆلیژی هونەرە جوانەکان و هۆڵ وگەلەری و نمایشگاکان و ماڵە هونەریەکانی هونەرمەندان و نوسەران و پەیوەندیەکی دۆستانەی هونەرمەند خەیات لەگەڵ هاوڕێیانی ئەو سەردەو بەشداریەکی بەردەوام لەو مەودایەی کە بوو بە ڕێچکەیەك وە بوو بە ناسینێك بۆ جۆری هونەرەکەی کە ڕەش و سپی و ئابستارەکەکان جێگای تایبەتی خۆی کردوە لەنێو کۆمەڵگای هونەرو ڕۆشنبیری و هونەرمەنداندا.

ئیسماعیل خەیات یەکێکە لە پاشاکانی هونەری شێوەکاری کوردی لەم سەدەیەی ئەمرۆی فەرهەنگ و کەلتووری کوردیدا، وە هونەرێکی هاوچەخ و مۆدرن و پێشکەوتووی جیهانی یە کە ئازارەکانی وە بیرۆکەکانی لە کوردستانی باشوورەوە لەدایك دەبن وە لەدایك بوون، دیداری من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان وە لە زۆر پێشانگاو چالاکی هونەرمەند ئامادە بووم بەتایبەتی لە بەغدا و سلێمانی و هەولێر و هۆڵەندا و دەرەوەی وولات.. لە نزیکەوە پێکەوە کارمان کردوە و پلانمان داناوە بۆ ڕەخنەی هونەری شێوەکاری کوردی بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٩٢ هەولێر لەگەڵ دەستەیەکی هونەرمەندان و نوسەران وە داهاتووی ئەم هونەرەمان بەرجەستە کردوە بەتایبەتی لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکاندا.

مامۆستا ئیسماعیل خەیات وێڕای ئەزموون و تاقی کردنەوەو قووڵ بوونەوە لە جیهانی هونەریدا، تەمەنێکی هونەری درێژ خایەنی هەیە





لـە کاری شـێوەکاری هاوچەرخیـدا، پردێکـی پەڕیونەوەشـە بـە ناسـنامەی گەلـی کـورد بـۆ جیهـان وە بەسـتنەوەی بـە کەلتـووری کـوردی بـە دونیـای دەرەوە لەهەمـوو کیشـوەرەکاندا، ئەمـەش بـۆ خـۆی سـەرکەوتن و پێـش کەوتێکـە لەهونـەری ڕەسـەنی کوردیـدا. کاری هێڵـکاری ڕەش و سـپی وە قـاوەی ئـەو کارە سـەرەنج ڕاکێشـەرانە بـوون کەلـە سـاڵانی هەشـتاکان گرنگـی پـێ دەدا بـە قەبـارەی ٣ مەتـرو ٤ مەتـر و نمایـش کردنیـان لـە هۆڵـی ڕەواق و ئورفەلـی و ڕەشـید و سـەنتەری هونـەری عێراقـی و بەشـداری لـە ڤیسـتیڤاڵە جیهانـی یـەکان و واسـطی و ڕۆژی هونـەردا، لـە قۆناغێکـی تـر کاری گرافیکـی مۆدێـرن لەهـەر بـە ڕەش وسـپی لـە پانتایەکـی بەرفراوانـدا بەرجەسـتەی دەکـرد، قۆناغـەکان لـەلای هونەرمەنـد گۆڕانکاریـان بەسـەردا دەهـات بەپـێ ی ئەزموونەکانـی، بـە شـێوەیەك کاری دەکـرد هەمـوو کاتەکانـی بـۆ هونـەرو دیدەیـی وەکـو هونەرمەندێـك..


لـەکارە فۆرمـی یـە هونەریەکانـی باڵنـدەو دەوروبـەر ئـەو ئەزموونـە بـوو کـە مـرۆڤ درك بـە تەنیایـی و ئاوەدانـی و کارەسـاتە جیـاوازەکان دەکات، هـەر لـەو هزرانـەوە فـۆرم بـۆ فـۆرم.. شـێوەکانی دەگـۆڕی وە لـە ڕوبـەری شـێوەو قەبارەشـەوە بەهەمـان شـێوە، زۆر لـە هونەرمەنـدە ناسراوەکانـی بەغـدا وە زۆر لـە نوسـەرو ڕۆشـنبیرانی بەغـدا هـەردەم ئامـادەی پێشـانگاو چالاکـی یەکانی هونەرمەنـد بـوون، لەلایەکـی تریشـەوە مامۆسـتا لـە چالاکـی قوتابخانـەکان لـە سلێمانی ڕۆڵ و کارگـەری زۆر هەبـوو لـە دروسـت بوونـی چەندیـن قوتابـی و هونەرمەنـد وە دروسـت کردنـی بناغـەی هونـەری

شێوەکاری کورد، ئەمەش دیوارێکی کۆنکریتی بەهێز بوو بۆ داهاتووی ئەم هونەرە کە خەڵکی ووڵاتانی تر خوێندەنەوەی سیاسی کەلتووری وە ڕۆشنبیری بکەن بۆ داهاتووی نەتەوەیەك وە میللەتێك کە پڕە لە ستەم و ئازار، ماسی یەکان و ەباڵندەکان وە دەمامکەکان تەنها نەبوون بۆ هونەرمەند ئیسماعیل خەیات بەڵکو چیاکانیش بەتایبەت وێنەی پیرەمەگروون و دەموو چاوەکانی ڕۆژانەو بازاڕو دەشتە ووشکەکان و پۆرترێتی ئەکادیمی و زەلکاوەکان و زیندەوەرەکانی ژێر ئاوو و بەردەکانی بن ئاوو و بناری خانووە قوڕینەکان و گوندەکان و کاری ئەکادیمی و سروشت و گرافیك و چاپ و کاری ئاوی و کەلتوورە جیاکان و بەغدایی یەکان و شێوەی جل و بەرگەکان و کەرەستە کۆنەکان و شێوازی مۆدێرن و ئاوێنەو لەش و لارەکان هەوێنی ئەو کارانە بوون کە جارێك بە ڕەش و سپی وە جارێکی تریش بە هێڵکاری قاوەیی وە شین بەرجەستەی دەکردن، مێژووی کارە هونەرییەکانی خەیات بۆ پتر لە نیو سەدە و پتر دەگەڕێتەوە، بە درێژایی ئەم ماوەیە جێگای دەستی ئەو بە کۆمەڵگای عێراقەوە دیارە، ئەم هونەرمەندە تا ئێستا توانیویەتی لە وڵاتانی ئەمەریکا، بەریتانیا، نەمسا، فەرەنسا، ئەڵمانیا و نەرویج کارە هونەرییەکانی خۆی بە دونیا بگەیەنێ و هەروەها خاوەنی خەڵاتی داهێنانە لە هەرێمی کوردستان. ئیسماعیل خەیات، لە کارە هونەریەکانی بواری پەروەردە تادەگاتە چەندین پەرتووك و نامیلکە و فۆلدەری ئامادە کردوە لەهەڵ لێدوانە هونەریەکانی بۆ






ڕۆژنامەو تیڤی و سوسیال میدیاکان ڕووی هونەرەکەی شی کردۆتەوە، ١٥ دانە لە تابلۆکانی لە لایەن مۆزەخانەی نیشتمانی عێراقەوە کڕدراوە وە لە بۆنەی تایبەتی نمایش دەکرێن. دونیای هونەری ئیسماعیل خەیات، دونیای ئامرازە جۆراوجۆرەکانی ئافەریدکردن و ئاوێتەبوونیەتی لە خەونی گۆڕینی ژیان و نوێبوونەوە و داهێنان. لەگەڵ هەر سەردەم و کاتێکدا گۆڕانکاریەکی هاوچەری و مۆدێرن لەکارەکانیدا ڕوو دەدات وە



ڕوون کردنەوەشی هەیە بۆ ئەو هەنگاوەی کە بۆی ناوە.. لەو تەمەنەدا.

لە وێستگەی مامۆستا خەیاتدا زۆر کارو چالاکی جیاجیا هەبوون وەکو پرۆژەی کارە هونەریەکانی منداڵان لە ساڵانی ١٩٨٠ کان بۆ منداڵانی کوردستان و نمایش کردنی تابلۆکانیان لە کۆریاو یابان و سین و وەرگرتنی چەندین بڕوانامەی لێزلێنان بۆ ئەو چالاکیانە وە نەخشاندنی بەردە زیندووەکان لە دێگەڵە لەساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ لە شەڕی براکوژیدا توانی سەرەنجی هەموو هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و سیاسی یەکان ڕابکێشێت ئەو کارانەی کە دژی ئەو ڕووداوانە بوون، ١٩٩٢ تاوەکو ١٩٩٨






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان زوهیر حەسیب

هونەرمەندی شێوەکاری کورد zuhair hassib زوهێر حەسیب لە حەسەکە لەکوردستانی سوریا لەدایك بووە. ئەندامی یەکێتی هونەرمەندانی شێوەکاری سوریایە. دبلومی خونێندنە باڵاکانی هونەری بەدەست هێناوە. یەکەم پێشانگای تایبەتی لە ساڵی ١٩٨٠ لە سەنتەری ڕۆشنبیری عەرەبی لە شاری حەسەکە کردۆتەوە، دواتر لە شارەکانی وەکو حەلەب و دیمەشق وئەڵمانیا و سعودیە کردۆتەوە وە لە کوردستانی عێراقیش لە شاری سلێمانی وە هەولێر پێشانگای تایبەتی خۆی

کردۆتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە بەشداریەکی زۆری پێشانگاکانی دەرەوەی کوردستانی کردوە، خاوەن خامەیەکی (اسلوب) تایبەتی خۆیەتی لە بواری هونەری شێوەکاریدا بەتایبەت لە کارەکانیدا ڕەنگی گەرم و تایبەتمەندێتی کوردی تێدا دەبینرێت، بەتایبەت لە فۆرمی جل و بەرگ و ڕوخساری بابەتەکاندا، تاقی کردنەوەیەکی ئێجگار زۆری هەیە لەگەڵ ڕەنگ و مامەڵەی تەکنیکە هونەری یەکاندا لەو ڕوانگەیەوە ئەزمونێکی پڕ لە بەهای پێشکەش بە هونەری کوردی کردوە بەتایبەت ڕوخسارەکانی کوردستانی سوریا کە ئەوەش تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە لە هونەری شێوەکاریدا. لەم کارەدا ئەو هونەرە دەبینیت کەلە



جل و بەرگدا بەکاری هێناوە بەتایبەتیش لە دەست نیشان کردنی ڕەنگەکاندا وە قوتابخانەی ڕیالیستی کە هونەرمەند دای ڕشتوە بۆیە دەست نیشان کردنی ڕەنگو باگ گراونی ڕەنگ هۆی سەرکەوتنی کارەکانێتی وە تایبەت مۆرکی کوردی لەکارەکاندا.





## هونەرمەندی شێوەکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان هادی ضیائەدیی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد هادی زەیائەدینی لە شاری سنە ی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایك بووە، لە قوتابخانەی سەرەتایی یەوە پەرەی بە هونەری شێوەکاری و پەیکەر سازی داوە وە لە زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران وەکو سەقز و مەریوان و بانەو کرمانشا و وولاتی ئێران و ئەوروپاو ئەمەریکاو وولاتانی عەرەبی و کوردستانی عێراق پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی خۆی کردۆتەوە، هونەرمەندی شێوەکاری کورد هادی زەیائەدینی هونەرەکەی کە مۆرکی کوردی پێوە



دیارە زۆر سەرەنج ڕاکێشەری خەڵك و بنەرانە وە بەهرەیەکی جوانی هەیە لە دەست و خامەی هونەرەکەیدا، ئەو مۆرك و تایبەتمەندێتی یە لەڕەنگ و پەیکەردا سەرکەوتویەکی گەورەی بەدەست هێناوە بەتایبەت دەست نیشان کردنی قوتابخانەیەکی هونەری وەکو ڕیالیستی، وە بەکار هێنانی جل و بەرگی کوردی وەکو فۆلکلۆرێکی نەتەوەیی کوردی لەکارەکانیدا کە جێگای سەرەنجی هەموو جیهانە.






## گەنجۆ دەمیرەر ganco demirer

ساڵی ١٩٧٥ لە ئەسنبول - تورکیا لە دایك بووە، بە شداری کردوە لە ٣٠ پێشانگای جیا جیا لە تورکیاو دەرەوەی وولات بەتایبەتی ئەوروپا. مەتراسی کارەکانی بریتی یە لە چاپ و ڕەنگ کاری وە تێکەڵ کێشی نێوان ڕەنگە گەرمەکان و ساردەکان لە شێوەی چاپی سەر قوماش یان بلێت، شێوازی کارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئۆنتی گرافیکی کە لە هونەری چینی یەوە سەری گرتووە، هونەرمەند گەنجۆ کە کوردە بە ڕەچەڵەك بەڵام لە ئەسنبوڵ گەورە بووە وە تێکەڵ بووە بە دونیای ئەستەنبوڵی کە بەشێکە لە کۆمەڵگای میکسی ئەوروپی، ئەمەش

ڕەنگ دانەوەی هەیە لەسەر کارەکانی، هەربۆیە لەم کارەدا دیاردەی هونەری ئیسلامی بە پیتی عەرەبی وەکو جوانکاری بەکاری هێناوە، لەگەڵ ئەوەی هونەرێکی ئەبستراکیشی تێدا دەبینیت، دیارە ئەزموون و تاقی کردنەوەیەکی زۆری هەیە لەم جۆرە کارانەدا بەتایبەتی تێهەڵکێش کردن. لەکەرەستە بەکار هاتووەکانی هونەرمەند گەنجۆ دەگەڕێتەوە بۆ گواش وە ئەکریلیك و ئاوی و ڕەنگی چینی کە لە شێوەی چاپ یان شێوەکاری بەکاری هێناوە.





## Rostam Aghala رۆستەم ئاغالە

هونەرمەندی شێوەکاری کوردستانی باشوور رۆستەم ئاغالە لەساڵی ١٩٦٩ لە کۆیە لەدایك بووە، وە هونەرمەندێکی ناسراوە لە کوردستانی باشوور. ١٩٨٩ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بە شی وێنە کێشانی تەواو کردووە ١٩٨٩ تا ٢٠٠٠ (١٢) پیشانگەی تایبەتی کردۆتەوە لە شارەکانی کۆیەو سلێمانی و هەولێر ١٩٩٣ - ١٩٩٤ لە وولاتی کوێت و نەمسا و ئیتالیا نمایشی سلایدی بۆکراوە ١٩٩٥ پیشانگەی تایبەتی لە فەرەنسا بۆ کراوەتەوە ١٩٩٤ - ١٩٩٧ لە فەرەنساو نەمسا تابلۆ کانی بۆچاپ کراوە بە شداری زۆربەی چالاکیە کانی کردووە لە کوردستان بە شداری چەندان



پیشـانگە ی هاوبـەشی هونەرمەنـدانی کـوردی کـردووە لـە لەنـدەن و هۆڵەنـدا و نەمسـاو سـوید ۲۰۰۱ خـەڵاتی دووەمـی پیشـانگەی هونەرمەنـدانی کـوردی لەپیشـانگە پۆسـتەری خچـی سـووری نێـو دەوڵەتیـێ بەخـشراوە ۲۰۰۲ بەشـداری پیشـانگەی جیهـانی بینالـەی (jaala) لەژاپـۆن لەگـەڵ هەشـت شـێوەکاری کـردووە. زۆر لـە تابلـۆکانی چاپکـراوەی لەنـاوەوەودەرەوەی



وولات وەک کارت. زۆر لەتابلـۆکانی لـە وولاتـانی ئەمریـکاو ئوسـترالیاو لەنـدەن و سـویدو فەرنسـا هتـد ...بـڵاو بۆتـەوە. لێپـرسراوی (گەلـەری زامـوا) یـە لەسـلێمانی کارە هونەرییەکانـی مۆرکـی کـوردی و کەلتـووری کـوردی پێـوە دیارە بەتایبـەت تەکنیـك و شـێوازێکی هونەرمەنـدی جیهانـی مۆدلیانـی پێـوە دیـارە، ئـەم تێکـەڵ کردنـەش جـۆرە تازەگـەری یەکـە کـە هونەرمەندێکـی کـورد بتوانێـت فۆلکلـۆری کـوردی تێکـەڵ بـکات بـە شـێوەکاری کەلەسـەر ئاسـتی جیهانـدا تەماشـا بکرێـت. خۆشەویسـتی بیرۆکەیەکـی تـری تراژیدیاکانـی هونەرەکـەی رۆسـتەم ئاغالەیـە بەتایبـەت لەکەلتـووری کوردیـدا ئـەم بەسـەرهاتە گەلێـك زۆرە وە مێژوویەکـی درێـژی هەیـە، بۆیـە ڕەنـگ دانـەوەی ئـەم خۆشەویسـتی یـە زۆر بـە ڕوونـی لـە کارە هونەرییەکانیـدا بـەدی دەکەیـت. ژێرنـووس : خۆشەویسـتی یـە تراژیدیایەکـەی کـورد.



## هونەرمەند بەختیار سور

یەکێکە لەو هونەرمەندە کوردانەی کە ناسراوە لە بواری هونەری شێوەکاری کوردیدا بەتایبەت لە کارە هونەریەکانیدا کە بە ڕەنگی ئاوی زۆر سەرکەوتوانە ئاستی هونەرو بابەتی کەلتووری کوردی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە لە کوردستان و ئیتاڵیاو ئەوروپادا ناسراوێتی یەك پەیدا بکات، وە بە شێوازێکی ئەکادیمی ڕیالیستی پێشکەوتوو کارەکانی خستۆتە ڕوو، ئەمەش بۆتە هۆکارێکی زۆر گرنگ کە هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کوردو ئەوروپی چاو لەکارە هونەریەکانی بگرن، کاری شێوەکاری ئاوی لای هونەرمەند بەختیار بابەتێکی زیندووە وە مامەڵەش







لەگەڵیدا وەکو سروشتێکی کوردەواری تێدا بەدی دەکەیت. کارەکانی هونەرمەند بەختیار سوور لە زۆر مۆزەخانەو گەلەری و تەلارە حکومیەکانی ئەو وڵاتەدا نمایش کراوە وە دانراوە، کاتێک بینەرێك سەردانی بەلەدیەو شارەوانی شارەکانی وڵاتی ئیتاڵیا دەکات کارێك لە کارەکانی هونەرمەندی کورد بەختیار لەو تەلارەدا دەبینێتەوە، ئەمەش نمونەیەکی زیندوە بۆ کارە هونەریەکانی ئەو هونەرمەندە کە کەلتووری کوردی بە سروشتیەوە پیشانی هەموو جیهان دەدات.

## دەموو چاوە ڕیالیستییەکان لە تابلۆکانی هونەرمەند فاروق قوبادیدا

هونەرمەندێک و دیزاینەرێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئەمرۆ لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان ناسراوە هونەرمەندی شێوەکار فارق قوبادی یە کەلە لە شارەکانی کوردستانی ئێرانەوە.. سنە و سەقزو کرمانشا و بۆکانەوە تا وەکو پایتەختی ئێران تەهران کارە هونەریەکانی نمایش کردوە وە گەڕۆکی هەموو دەموو چاوەکان بووە، بێگومان مامۆستایەکی لێهاتووی هونەری شێوەکاری ڕیالیستی یە لە پۆرترێت و مۆدێل و سروشت و کاریزماکانی کورد، بەتایبەت کێشانی دەموو چاوی









هونەرمەندان و نوسەران و ڕۆشنبیران و کوردە ئازاکان بەتایبەتی ئەوانی وا لە چیاکان بوون، وە کوردستانیەتی خۆی وە وڵاتەکەی لەهەموو کارە هونەریەکانیدا دارڕشتوە وە کاری ووردی تێدا کردووە و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە ئێستا لە وڵاتی نەرویژ بگیرسێتەوە وە بەردەوام بێت لە کارە هونەریەکانی، کەم هونەرمەندی کوردی هەیە ئەم کەڵە هونەرمەندە کاری وێنەی نیگارکێشی بۆ نەکردبێت وە نەچووبێتە نێو ئەزموونی ژیانیانەوە بە کەڤاڵە ڕەنگینە ڕیالیستی یە پڕ ئەکادیمیە کە وێنەی خۆیان وەکو فۆتۆگرافیەکەك دەدۆزنەوە تێیدا، ئەم بەرهەمانەش لە زۆربەی گەلەریەکانی کوردستانی ئێران نمایشی کردوون وە لە دەرەوەی وڵاتیش بەدەردەوام بەشدارە لە پێشانگا کردنەوەو هاوبەشی کردن

لـە هونـەرە شـێوەکاری یـەکان، سـەرەتایی هونەرمەنـد لـەو هێڵـکاری یـە پۆرترێتـی یـەوە دەسـتی پـێ کـردوە کـە بنەمـای هونـەری ئەکادیمـی یـە وە ئەکادیمیەتیـش بۆتـە کۆتایـی تابلۆکانـی، پاشـان پەنـا بـۆ ڕەنـگ و مامەڵـە لەگـەڵ سروشـتی ڕەنگـدا ئەمانـەش بێگومـان تاقـی کردنـەوەی زۆری دەوێـت تامـرۆڤ بتوانێـت بگاتـە ئـەو ئاسـتەی کـە نـاوداری خـۆی تێـدا بدۆزێتـەوە، حـەز ئـەو ئـارەزووە دەرگا کراوەیـە کـە هەمـوو مرۆڤێـك تێکەڵـی دەبێـت و بـە ئەزمـوون و تاقـی کردنـەوەی کارو ژیانـی پسـپۆریەکی تێـدا دروست دەکات، کارەکانـی هونەرمەنـد فاروقـی قوبادیـش ئـەو هەنگاوانـەی پێـوە دیـارە بەتایبەتـی لـە وێنـەی سروشـت و پۆرترێتـدا، کاری ڕەنگـی ئـاوی کارێکـی ئێجـگار ئاسـان نـی یـە وە هەمـوو هونەرمەندێك لەسـەرەتاوە تـاو بـۆ ئـەو ماتریاڵـە نابـات بەڵکـو قۆنـاغ بـە قۆنـاغ کارەکانـی بـەرەو پێـش دەبـات، دواتـر کاری ڕۆنـی و گـواش و ئەکریلیـك ئەمانەهەمـوو ئەزموونـی سـاڵانەی هونەرمەنـدن، وە چیـاو سروشـت و کـوردەواری لەواتایەکـی تـردا کەلتـوور فۆرمێکـی قووڵـی کارە هونەریەکانـە کـە هونەرمەنـد لـە ئەزموونـی خۆیـدا دەری بڕیـوە. ئەگـەر سـەرەنج بـۆ ئارەزوویەکـی تـری هونەرمەنـد فـاروق قوبـادی بدەیـن ئەویـش کاری دیزایـن و فۆتـۆ شـۆپ و ماڵپـەڕە کـوردی یەکانـە کەلـەم سـاڵانەی دواییـدا تەکنەلۆجیـای ئەلکترۆنـی هەمـوو جیهانـی بچـووك کردۆتـەوە بـۆ وێسـتەیەکی کۆمپیوتـەری کـە هونەرمەنـد چەندیـن ماڵپـەڕی زمانـی کـوردی وە ڕۆشـنبیری و کەلتـووری دانـاوە بـەو دیزاینـەی کـە جوانـکاری هونـەری تێـدا بـەدی دەکرێـت، وە






بـەرگ و گرافیکـی بەرگیـش هونەرێکـی تـری ئـەو هونەرمەندەیـە کـە تازەگـەری و جوانیەکـی تایبەتـی بابەتـی چـاپ کـردن لـە خـۆ دەگرێـت، هـەر یـەك لـەم دەسـت ڕەنگینانـە سـوود و داهاتوویەکـی گرنگـی هەیـە کـە مـرۆڤ بتوانێـت خزمەتـی هونـەری بگەیەنێت وە کەلتـوورو ڕۆشـنبیرەیەتی هونـەری دەوڵەمەنـد بـکات، ئـەم جـۆرە کارانـەش لـە لاپەڕەکانـی هونەرمەنـد قوبادییـدا بـەدی دەکەیـت، بەسـتنەوەی هونـەری کۆمپیوتـەری یـان تەکنیکـی فۆتۆشـۆپ بـە کاری هونـەری شـێوەکاری یـەوە گرنگـی یەکـی تایبەتـی خـۆی هەیـە لـەم سـەردەمەدا کـە هاوچەرخێتـی وە مۆدرینـی هونـەر گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتە هونـەری یـە بـەرزە، هەربۆیـە ئێسـتا لـە شـەپۆلی هونـەری جیهانیـدا دونیـای تەکنەلۆجیـای کۆمپیوتـەری ئـەو هەنـگاوەی نـاوە هونـەری



شێوەکاری بەهەموو دیدەکانەوە دەبینرێت وە بەرچاو دەکەوێت، لەم کارانەی هونەرمەندیشدا کۆمەڵەکارێك بەو پێوانەیە دروست کراوە کەمرۆڤ سەرسورمانی تێدا دەبینێت، چونکە هونەری دەستی خۆی لەنێو فۆتۆشۆپ و ئەلەکترۆنیدا دەدۆزێتەوە، ئەگەر مرۆڤ دیدەیەکیش لە بابەتە هەڵبژاردەکانی هونەرمەند فاروق بدات زۆربەی زۆری ئەو نوسەرو گۆرانی بێژو ڕۆشنبیرانەی کوردی هەڵبژاردوە کە ناسراون وە دیارن ئەوەش بە و دیزاینەی کە هەروەك باسم کرد نزیك بوونەوەی هونەری شێوەکاری پۆرترێتی بۆ پۆرترێتی ئەلەکترۆنی شێوەکاری، کە ئێستا هونەرێکی باڵایە لە هەموو جیهان، من پێم وایە سەرکەوتووی هونەرمەندێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران نمونەیەکی وەکو هونەرمەند فارق قوبادی لە خۆ دەگرێت.





## هونەرمەند موحەمەد عەلی

لەناو جوانکاری خەڵك و شارەکانی کوردستانی ئێراندا هیوای هەموو هونەرمەندەکان وە ڕۆشنبیرەکانی جیهان ئاوها بووە کە هونەر بەشێك بێت لەژیان و گوزەرانی ڕۆژانەی ژیان، بۆ ئەو مەبەستەش هونەرمەندانی شێوەکاری لە سەدەکانی پێشووەوە ئەو هەوڵانەیان داوە کە شارەکان و بازاڕەکان وکوچەو فلکەکان بکەن بە پەیکەرو دیوار بەندی و گۆزەو باڵاخانەکان بزرازێننەوە بەو پەیکەرو ناسنامانەی کە ڕۆژێك خزمەتیان بە وولاتەکەیان گەیاندوە، لە کوردستانی ئێرانیش وێڕای چەندین هونەرمەندو دەست رنگین ئەو جموجووڵە کارە وهونەریانە

بەدی دەکەیت کە تەنها دەربڕین لە جوانی دەکەن یان باخچەو دارستان و ڕێگاو بانەکانی پێ دەرازێننەوە، زۆریش لەو هونەرمەندانە ئەو کارەیان کردووە، هونەرمەندی پەیکەرسازی کوردی موحەمەد عەلی ئازاد یەکێکە لەو گەنجانەی کەلە ساڵی ١٩٨٠ لە کوردستانی ئێران لەدایك بووە وە سەرەتایی کارە هونەریەکانی هەر لەکوردستان دەست پێ کردوە بەو سەرەتایە هونەری یەی کە بناغەکەی ئەکادیمەیەتە چونکە هەر کارێك لە ئەکادیمیەتەوە دەست پێ نەکات بناغەیەکی ناتەواو دەداتە پرۆسەی کاری هونەری بەتایبەت کاتێك هونەر پێ دەگات و باڵی خۆی بەسەر هەموو قوتابخانەو ئەزموونەکاندا دەکێشێت، هونەرمەند موحەمەد عەلی بەو ئەزموونەدا خۆی پەڕاندۆتەوە کە سەرەتا هونەری ئەکادیمی دواتر ڕیالسیتی ودواتر پەنا بۆ کەرەستەکانی تری هونەر کە ئەویش جیهانی پەیکەرسازی و سیرامیك، بە ڕازاندنەوەی گۆڕەپان و فلکە بازنەیەکان لەنێو شارەکانی کوردستاندا بەتایبەتی لە سنەو کرمانشا و سەقز، ئەمانە وەکو پیشەیەك وە وەکو کارێکی هونەری دیدەیی لێ دەکرێت، هەربۆیە پۆرترێت واتە دەموو چاوەکان هەنگاوی یەکەمی ئەم هونەرمەندە بووە بەکاری ڕۆنی وە ئاوی و ئەکریلیك وە هێڵکاریەکی زۆر کە تا هونەرمەند موحەمەد بگاتە ئەو ئاستەی تەواوی جیهانە هونەریەکەی لە ئەزموونێکی چڕو پڕدا تەواو دەکات یان هەنگاو دەنێت بۆ قوتابخانەیەکی تر، واتە هێڵکاری قۆناغی یەکەم و ڕەنگ قۆناغی دووەم و داڕشتن قۆناغێکی تری بەرنامە



ئەکادیمی یەکەیە، لەو دەمووچاوانەدا ئەوە بەدی دەکەیت کە مۆرکی قوماش و جوڵەو تەواوی کەلەسەری مرۆڤ دروست کراوی هونەرەکەیەتی، هەنگاوێکی تری هونەرمەند ئەو مۆدێلانەیە کەلە نیگارکێشی یەوە دەگوازرێتەوە بۆ پۆرترێتی پەیکەرسازی بەڵام بە شێوەیەکی تر ئەویش لە کەرەستەی مۆم و سیلیکۆن و لاستیك....... بۆ مۆدێلە مۆزەخانەیەکان، کەئەمەش لە جیهاندا زۆر کەسایەتی ناودارو ناسراو بوون بەو مۆدێلەی کە ئێستا لەمۆزەخانە جیهانی یەکاندا دانراون و بە هەزارەها خەڵك سەردانی ئەو مۆزەخانانە دەکەن و لە ناسنامەی ئەو کەسایەتیانە دەڕوانن، ئەمەش هەنگاوێکی هونەری یە کە هونەرمەندی کوردستانی ڕۆژهەڵات موحەمەد عەلی هەنگاوی بۆ ناوە، لەگەڵ ئەم پرۆژەیەشدا پرۆژەیەکی تری هونەری کەئەویش دانانی یان دروست کردنی



ئەو بیرۆکانەی کە شەقام و باخچەکان جوان دەکات هەروەك ووتم هونەر بکەوێتە نێو شەقام و بازاڕو خەڵکەوە کە تام و جێژی تایبەتی لێ وەربگرن وە ڕۆشنبیریەکی تایبەتی دەبەخشنە کۆمەڵ و خەڵك، بۆیە هونەر کاتێك دەگاتە بەرچاوو دیدەی خەڵك شارستانیەتیەك دروست دەکات لەم مێژووی ئەو شارو وولاتەدا، لە وولاتانی هاوچەرخدا کە هونەر هەموو سوچ و کۆڵان و باخچەو شەقامێکی گرتۆتەوە مێژوویەکی دروست کردوە بۆ ئەو وولات و شارە، نمونەکانی هونەرمەند موحەمەد عەلی ئەو هەنگاوەیە کە دەستپێکێکی جوانی هەیە یان هەنگاوێکی گرنگی بڕیوە، هەربۆیە زۆری کارە هونەریەکانی شێوەی جوانکاری وە هونەری سیرامیکی شوشەیی وە کەلتوورێکی شارستانتی دەبەخشێتە شارو شارستانیەت. ئەگەر لەکەرەستەکانی هونەرمەند وورد ببینەوە ئەوا لەکارە جوانکاریەکانی سەر شەقامدا گۆزەو مۆدێلی ستیلایفیت بەرچاو دەکەوێت وە بەکەرەستەی چیمەتۆی سپی یان قوڕی سوور کراوەیی بە گەرما، یان کەرەستە درێژ خایەنەکان دایانی ڕشتوە، بۆئەوەی تەمەنکی درێژی هەبێت لەمانەوەدا، بێگومان قوتابخانەیەکی مۆدێلی ڕیالیستی یە، هەموو کەسێك دەتوانێت بەئاسانی لێ ی تێ بگات و جوانیەکانی ببینێت. پەیکەرە مدەوەرەکانیش کە لەش و گیانی مرۆڤە و بەدەوریدا دەسوڕێیەتەوە ئەو توێژینەوەیە کە هونەرمەند محمد عەلی کاری لەسەر کردوە وە هێڵکاریەکی زۆری بۆ کردوە و پاشان بە قوڕ دای ڕشتوە و پرۆژەی سەب کردن و داڕشتن بەشێکن لەو پرۆژەیە لەکۆتادا



بەو کەرەستەی دای دەمەزرێنێت کە وەکو ووتمان بەرگەی بەفرو باران و سەرما بگرێت، بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بمێنێتەوە، دەست نیشان کردنی بابەتەکانیش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە زۆر هونەرمەند فۆرمەکانی یان ڕامیارین یان خۆشەویستی یان کۆمەڵایەتی یان جوانکاری، لەم کارە هونەریانەدا ئەوانی لە شەقامەکان نمایش کراون و دروست کراون زۆربەیان جوانکارین وە بۆ چاوی خەڵك دروستی کردون، ئەمەش خەڵکیکی زیاتر دیدەی لێ دەگرێت و لەگەڵیدا وێنە دەگرن، لەهەمان کاتدا هونەرێکی ئەکادیمی جوانکاری دەخاتە بەرچاوی بینەران.

## سوریالیزمیەتی هونەرمەند
## جەمال حەمەد ئەمین لە کەڤاڵەکانیدا

هونەرمەندی شێوەکاری کورد جەمال حمەد ئەمین لەساڵی ١٩٧٤ لە پارێزگای هەولێر لە باشووری کوردستان لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارەدا تەواو کردوە، لەسەرەتایی ١٠ ساڵی یەوە خولیای هونەر و جیهانی نیگارکێشان بووە، وەکو هونەرمەندێکی خۆڕسک واتە لەسەر بناغەی هیواکانی خۆی دەستی داوە بە کاری هونەری شێوەکاری و خۆی پێ گەیاندوە، بێگومان ئەمەش کارتێکراوی ئەو جیهانەیە کە کەش و هەوایەکی هونەری بۆ ڕەخساوە



کە بەردەوام بێت لەگەڵ هونەردا، وە تێڕوانینی بۆ کارە وهونەریەکانی هونەرمەندانی کورد وای کردوە کە پەرە بە کارەکانی بدات وە لەو دەست پێکەوە دەست پێ بکات کە قوتابخانەی هونەری لەسەر بنیاد نراوە وە هونەرمەند لەو هەنگاوەوە دەست پێ دەکات، وە سەرەنجی هونەرمەندە جیهانی یەکان هۆیەکی تر بوە بۆ بەرەو پێش چوونی کارەکانی وە توانای هونەری خۆی لەو ماوەیەدا، هونەرمەند جەمال بەپێ و توانای کارە هونەرەیەکانی قۆناغە ئەکادیمیاکەی وەکو زانستی بنەڕەتی وەر گرتووە وە هەوڵی لەگەڵ داوە، بۆیە لە دوا نمایشەکانیدا وەکارە هونەریەکانیدا ئەوە دەبینیت کە قوتابخانەی سوریالیزمی وەکو پێشەنگی کارە هونەرەیەکانی خستۆتە ڕوو، ئەو قوتابخانە هونەری یە ئەوەندە ئاسان نی یە کە هونەرمەند بتوانێت پەی بۆ ببات وە لە گەڵیدا قووڵ ببێتەوە چونکە قوتابخانەی سوریالیزم دوای قوتابخانە ئەکادیمی و ڕیالیستی وئینتیباعی یەکان هاتۆتە ژیانەوە، سوریالیزم لەکاتێدا لەدایك بوو کە هەموو کۆمەڵگا لە ئەنجامی شەڕی جیهانیەکاندا بێ هیوا بوون و کەوتنە نێو خەون و خەیاڵەوە، ئەمەش وای کرد هونەرمەندانی جیهانی گۆڕانکاریەك لە هونەردا بهێننە کایەوە ئەویش ژیانی سوریالیزمە وە کۆمەڵە هونەرمەندێکی زۆر لەم بوارەدا کاریان دەکرد وە یەکێك لەو هونەرمەندە جیهانیانە سلیڤادۆر دالی بوو، بۆیە هونەرمەند جەمال حەمەد ئەمین جیهانە جوانەکەی قوتابخانەی سوریالیزمی لەکورستانەوە دیدە کردوە، کە

چۆن جیهانی یان فۆرمی کوردستان دەبینێت و بابەتەکان دەگوازێتەوە بۆ ناو قوتابخانەی سوریالی، ئایا لە لای هونەرمەند جەمال جیهانی ئێمەش ئەو خەونەیە یان ئەو قوتابخانەیەیە، چونکە کارەساتەکان یان ڕووداوەکانی کوردستان لەنێو کەڤاڵە هونەریەکانیدا بەدی دەکەیت وە لەو قوتابخانەیەشدا کە تێیدا قاڵ بۆتەوە ڕووداوەکانی ڕۆژگاری لای ئێمەن کە کارتێکراوی شەڕو وێران کارین. ئەوەش دەوڵەمەند کردنی هونەری شێوەکاری کوردی یە لەکوردستاندا، وەکو کەرەستەکانیش بێگومان کاری ڕۆنی کە تەمەنی درێژە لەمانەوەدا نمونەیەکی کارەکانێتی، وە ئەکریلیکش بەشێکە لەو ڕەنگانەی کە وەکو ماتریالیك بەکاری هێناوە، بێجگە لەوەی کە هونەرمەند کاری تری زۆرە بەکەرەستەکانی تروەکو هێڵکاری و گرافیکی و ڕەنگی ئاوی، بەڵام پێوانە گەورەکانی وەکو ٣ مەترو ٤ مەتر لە کارێکدا گەورەیەکی تر وە دووربینیەکی تر دەبەخشن بە هونەرمەندەکەو کارە هونەری یەکەی، وەکو فۆرمیش ئەو جیهانەیە کە ئازارەکانی میللەتەکەی لەکوێ وە سەری هەڵداوە وە گەورە بوون، هەربۆیە خۆی وەکو هونەرمەندێکی کوردو ئازارێکی کوردی ئەم تابلۆیانەی لە جیهانی سوریالیەتی کوردی یەوە تێدا هەڵخوڵقاندوە، شەنگال تابلۆیەکی تری هونەرمەند جەمال حەمەد ئەمینە کە جیهانێکی تایبەتی خستۆتە ڕوو بە شێوازێکی سوریالیزم. من ووردە بونەوەم ئەوەیە کە ڕووداوەکانیش سوریالیزمین بۆیە هونەرمەند کارەساتەکەی لەنێو دیدەی ئەو قوتابخانەیەدا ڕوون کردۆتەوە، بێجگە لە قوتبخانەی





سوریالیزمی هونەرمەند کۆمەڵە کارێکی تری هونەریشی هەیە وەکو ڕیالیستی یان ئینتیباعی کە سروشت سەرچاوەکەیەتی، وە کێشانی ڕەنگ و جوانی سروشتی کوردستان لە گوندو شارو گوڵ و باخەکان، ئەمە لەدووربینی چاوی هونەرمەند جەمال وە تەواوکەری ئەو هەنگاوە هونەری یەیە کە دەستی پێ کردوە وەهەنگاوی بۆ ناوە، هونەرمەند جەمال حمەد ئەمین بەشداریەکی بەرچاوی هەیە لە پێشانگا گشتی و تایبەتیەکاندا بەتایبەتی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، وە وەکو فەرمانبەرێك لەبەرێوەبەرایەتی هونەری شێوەکاری لە پاریزگای هەولێر کار دەکات و لەنزیکەوە مامەڵە لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان دەکات





وە سەرەڕای کاری هونەری ئەو پیشە هونەریە دەکات کە هونەری دیزاینی فۆڵدەرو پەرتووك و کوراسە هونەریەکانە، بێگومان ئەوەش لە چوارچێوەی بەرهەم و کارە هونەریەکانێتی کە خزمەتێکی بەرچاو بە نوسەران و هونەرمەندان دەگەیەنێت لە بواری هونەری شێوەکاری کوردیدا وە زۆربەی پێشانگاکانی گەلەری کوردستان کە هۆڵی میدیایە لە شاری هەولێر هونەرمەند جەماڵ هەڵساوە بە دیزاین و داڕشتنی فۆڵدەری هونەرمەندان لە پێشانگاکاندا.




## فەوزی بێلگێ هونەرمەندی شێوەکاری باکووری کوردستان

بەشەو ماردین وەکو ئەستێرەن..هونەمەندی شێوەکاری کورد فەوزی بێلگێ لەساڵی ١٩٦٢ لە ماردین لە باکووری کوردستان لەدایك بووە، قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەماردین تەواو کردووە، ژیانی دەستپێکی هونەری هونەرمەند فەوزی بێلگێ لەو سەرەتایەوە دەست پێ دەکات کە هونەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی وەکو وانەیەکی فێرکاری دەخوێنێریت بەو هۆیەشەوە زۆر لە قوتابیان بیرو هزیان لە وانەیەدا دەدۆزنەوە، هونەرمەند فەوزی لەو وانەیەدا



خۆی دۆزی وەتەوە، هەربۆیە قوتابخانەکانی پەیمانگای هونەری و ئەکادیمی بەدواییدا هاتووە وە خۆی لەنێو جیهانی هونەری شێوەکاریدا دۆزیوەتەوە، ئێستاش لە شاری دیاربەکر بە ئامەد ناسراوە ژیان بەسەردەبات، هونەرمەند فەوزی بەشداریەکی زۆی هەیە لە پێشانگاو چالاکی یە هونەری یەکاندا لە دیاربەکر وە ئەسنبوڵ وە ئەنقەرە، بێگومان وەکو سەرەتایی دەست پێ کردنی لە شاری ماردینەوە بناغەی هونەرو کارە سەرەتاییەکانی تەواو کردووە وە مامۆستاو هونەرمەندی ناسراو دەستی هونەرمەندی گرتووە، ژیان لە دیاربەکر قۆناغێکی تری ئەو هونەرمەندە بووە کە لەگەڵ هونەرمەندانی تری کورد لەو شارەدا ئاشنایەتیەکی زۆری پەیدا کردوە لە ئاڵوو گۆڕی هونەری وە زانیاری گۆڕینەوە بۆ پەرە پێدانی کارە هونەریەکانی وە ئەزموونی هونەری خۆی لەنێو هونەری شێوەکاری کوردیدا لە کوردستانی باکوور، بەشدار بووە لە زۆرێك لە ڤیستڤاڵە هونەری یەکان وە کەلتووریەکان وە گەلەری یەکان لە شاری دیاربەکر، لەهەمان کاتدا هونەرمەندێکی ناسراوە لەنێو چالاکی هونەری هونەرمەندانی کوردا، هونەرمەندێکی دەست ڕەنگینە لە فۆرمی دارشتنی مێژوو وە کێشانی وێنەی قەڵای دیاربەکرو ماردین و ڕۆمانی چیرۆکی بەسەرهاتی گەلی کورد لەو ناوچەیەدا وە نمونەیەکی جوانی کەلیتووری کوردی پیشکەش کردووە بەو تابلۆیانەی کە نمایش لە جلو بەرگ و ئاسەواری کوردەواری دەکات بە کوردستانی باکووردا، تابلۆیەکی هونەرمەند فەوزی بەناوی (بەشەو ماردین وە کو ئەستێرەن)

وێنەی شاری ماردینە لە ئێوارەو بەیانییەکی زوودا کە تەنها چراکانی دەدرەوشێنەوە و گردە بەرزەکەی ماردین وەکو قارەمانێتیەك خۆی دەردەخات، ئەمە وەفایەکی بچووکی ئەو هونەرمەندەیە کە وێنەی



کێشاوە و جوانی و خۆشەویستی خۆی بۆ شاری ماردین دەربڕیوە، ئەگەر دیدەیەك لە قوتابخانەی هونەری هونەرمەند فەوزی بگرین لەو ئاستە ئەکادیمی و ڕیالیستی یە وە دەست پێ دەکەین کە بناغەی سەرەتایی لەسەر داناوە وە ڕەنگەکانی بەکارهێنانی تاقی کردۆتەوە لە نێو تابلۆکانیدا، زۆر جار مرۆڤ لەدوای زۆرێکی تێکەڵ بوون بە ئەکادیمەتو توێژینەوەی ئەکلادیمی پەنا بۆ قوتابخانەکانی تریش دەبات وەکو ڕیالیستی دەربڕین خوازی یان هێماخوازی، کەئەمەش ئەنجامی وورد بوونەوە یان ئەزموونێکی تری هونەرمەندە لە جیهانی هونەری سێوەکاریدا، کە فۆرمەکان زیاتر خۆیان ووردتر





دەکەنەوە یان ڕووداوەکان وا خۆیان دەردەخەن پێویست بەو قوتابخانە هونەری یە بکات و لو قوتابخانەیەدا ئازارەکان وە جوانیەکان لەنێو ئەودا جێگایان ببێتەوە، هەربۆیە هونەرمەند لە کۆمەڵە تابلۆیەکدا کۆمەڵە قوتابخانەیەکی هونەری بەکاردەهێنێت و جوانی کارەکەی وە جوانی قوتابخانەکە دەخاتە ڕوو، بێگومان ڕەنگەکان لە ڕۆنی و ئاوی یان گواش و ئەکریلیك بەهای تایبەتی خۆی هەیە بۆ تابلۆکە وە بۆ هونەرمەندەکە کە کامیان پتر دەمێننەوە وە کامیان جوانترو بریقەدار تر وەدەردەکەون. من لەکارێکی تری هونەرمەند فەوزیدا ئەوەم بینی کە قوتابخانەی ئینتباعیەت لەتابلۆی گووڵە سوورەکاندا خۆی دەدۆزێتەوە، نمونەی هونەرمەندە ئینتیباعیەکانی جیهانی وەکو ماتیس و

مۆنیـە کـە سروشـت و گـووڵ ڕووبـەری هەمـوو کارە هونەریەکانـی گرتبـوو لـەدوای سـەدەی ڕێنسـانس واتـە سـەدەیی هاوچەرخـی، ئـەم تابلۆیـەش نمونەیەکـی زینـدووی کارە هونەریەکانـی هونەرمەنـد فـەوزی بێلگـێ یـە لـە وێنـەی چـاوی بـۆ گـوڵ و سروشـت وە بـۆ قوتابخانـە ئینتیباعیـەکان، بێجگـە لـەم تابلۆیـەش چەندیـن کاری تـری لـەم شـێوەیە هەیـە وەکـو قۆناغێکـی هونـەری خـۆی دەبینێتـەوە، یـەك خاڵـی تـر هەیـە کـە ئەویـش فۆرمـی کـوردی لـە هونەرەکـەی فەوزیـدا ئـەو پۆرترێتـە دەمـوو چـاوە کـوردەواری یەیــە بــە ســەرو پێچــی یــان قوماشــی کــوردەواری کەلــە کوردســتانی باکـووردا بـەکاری دەهێنـن یـان لـە کوردەکانـی جەزیـرەی سـوریا، بەنەخـش و نیـگاری کۆنـەوە، دیـارە ئـەوەش گرنگـی یـان تایبەتمەندێتـی خـۆی هەیـە لــە تابلــۆ و ئەزموونەکانــی هونەرمەنــد فــەوزی بێڵگــێ دا.



## لاوێکی شێوەکاری کورد ڕەوەند جەعفەر

لــە تابلۆکانــی سروشــت و کوردســتان دا هونەرمەندێکــی لاوی شــاری هەولێــر کــە بەهێــزو توانایەکــی زۆرەوە بــەرەو ڕووی هونــەری شــێوەکاری هەنــگاوی نــاوە ئەویــش هونەرمەنــد (ڕەوەنــد جەعفــەر) لەســاڵی ١٩٩٣ لــە شــاری هەولێــر لەدایــك بــووە، لەســاڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ لەپەیمانــگای هونــەرە جوانــەکان لــە شــاری هەولێــر لەبەشــی شــێوەکاری وەرگیــراوە. وە لەســاڵی ٢٠١٣ کۆلیــژی هونــەرە جوانەکانــی شــاری هەولێــری تــەواو کــردووە، لــە چالاکیــە هونەریەکانیــدا بەشــداری کــردووە لــە ١٦ پێشــانگای جــۆراو جــۆردا،

بەو کارە هونەریانەی کە پێوانەیەکی زۆر گەورەی هەیە کە خۆی لە ۳ مەتر و ۲ مەتر دەدات، وە لەساڵی ۲۰۱۲ پێشانگایەکی تایبەتی لە گەلەری میدیا لە شاری هەولێر کردۆتەوە، ئێستاش مامۆستایە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی (لاوك) ی نا حکومی لەپارێزگای هەولێر. هەڵبژاردەی ئەم جارە هونەرمەندێکی لاوی شێوەکار بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کارەکانی زۆر ئەکادیمی و سەلیقەیین وە توانایەکی زۆر بەهێزی هەیە لەبەرجەسەتەکردنی بابەتەکان و فۆرمەکانی وە داڕشتنی ڕەنگەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی وای کردوە کە سەرەنجی منو کەسانی هونەرمەندان و هونەردۆستان ڕابکێشێت، کاتێك گوزەرم کرد بە نێو گەلەری میدیا بەتایبەتی پێشانگا تایبەتیەکەی کە بریتی بوو لە ۳۵ کارێکی هونەری زۆر سەرەنج ڕاکێش بوون، ئەمە وای کرد کە بڵێم تەنها هونەرمەند بە ئەزموونی ساڵانی درێژ نییە هونەرەکەی بەو شێوەیە پەرە پێ بدات، چونکە زۆر جار هونەرمەندێك بە چالاکی یەکی زۆرەوە ئاستێکی نزم پێش کەش دەکات، بەڵام هونەرمەندیش هەیە بە کۆمەڵەکارێک بەهایەکی هونەری بەرز دەخاتە ڕوو، ئەگەر بێین ووردە کاریەك بۆ کارەکانی هونەرمەند ڕەوەند بکەین بێگومان زۆر لایەن و چمکی تایبەتی هونەری هەیە دەبێت باسی لێوە بکەین، لەوانە ئەکادیمیەت کە قوتابخانەیەکی پتەوی هونەرو ڕێگای هونەری شێوەکاری یە، لەو ناوەندەشدا ئەزموونی جوانی هونەری یان پلە بەرزی دەست و خامەی ئەو هونەرمەندە کە تاچەند سەرکەوتوو







دەبێت لەکارەکانیدا، لەم کۆمەڵە کارە دا تەواوی کەسایەتی هونەری ئەم هونەرمەندەت بۆ ڕوون دەبێتەوە، سروشت وە چیاکای کوردستان وە کەلتووری کوردی بە شێوەیەکی داهێنەرانە لەسەر خامەی کارەکانی دارشتووە، هەندێك جار پەنای بۆ ڕەنگەکان و مامەڵەی ڕەنگەکان واتە کۆنتراسی ڕەنگی بردووە، ئەمەش بۆتە جێگای دیدەی تایبەتی بینەران، بێگومان بەستنەوەی قوتابخانەی ئەکادیمی بە ڕیالیستی دەربڕین خوازی یەوە فۆرمی بیرو هزی هونەرمەند گەورەترو فراوان تر دەکات، وە توێژینەوەی تابلۆکان کەسایەتی هونەرمەندە زۆر بە جوانی تێدا دەردەکەوێت، هونەرمەند ڕەوەند وەکو لاوێك کە مامۆستایەکە لە سەنتەرو پەیمانگایەکی نا حکومی وای کردوە کە پەرە بدات بەو قوتابیانە تا فێرگەری کردن زیاتر بێت بەو کارانەی کە لەلایەك قوتابی بە شێوەکی جوان پەروەردە بکات وە لەلایەکی تر بەهای هونەرێکی بەرز بخاتەوە، هەربۆیە بەکارهێنای ڕەنگ و هەڵبژاردەی ڕەنگەکان زۆر نزیکن لە سروشتی واقعی خۆمان، بۆ نمونە سروشتی چیاکانی کوردستان وەکو ڕەواندوز یان کۆڕەك یان قەڵای هەولێر یان پێ دەشتی هەریرو زۆر ناوچەی سروشتی بە ڕەنگە سەوزەکان نەخشاندویەتی، واتە سروشتی وولات بۆتە هەوێنی کارەکانی هونەرمەند، مامەڵە لەگەڵ بەرد بە بەردی چیاکانی کوردستان وێنەیەکی جوانی بەخشیوە بە چاوی بینەر کاتێك بیەوێت کوردستان ببینێت، ئەمە لەپێوانەیەکی گەورەدا وا دەکات دووربینی چاوی بینەر نزیك بکاتەوە،



وە پاراستنی ژینگە لەلای هونەرمەند بابەتێکی تری فۆرمەکانێتی، وەکو کەرەستەکانیش دیارە لەسەرەتاوە هونەرمەند بە کاری هێڵکاری وە ئاوی وە ڕۆنی ئەو ئەزموون و ئەکادیمیایەی خستۆتە نێوە بیرۆکەی کارەکانی یەوە، وە توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ ڕەنگەکان کە رۆنین زۆر بە ووردی بکات، بێگومان ڕەنگی ڕۆنی تەمەنی مانەوەی لەسەر کەڤاڵەکان زیاترو درێژ خایەن ترە، زۆر لە هونەرمەندانی جیهانی کاتێک تابلۆیەکیان بە ڕەنگی ڕۆنی دارشتوە وەبە وارنیش و بابەتە مانەوەرەکان داناوە، تەمەنی ژیانی مانەوەی کارە هونەریەکە خۆی لە ١٠٠ ساڵ و ٢٠٠ ساڵ داوە بگرە زۆر زیاتریش، کارتێکراوی هونەرمەندە جیهانی یەکان لە سەر ئەم هونەرمەندە لاوە هەیە چونکە خوێندن لە پەیمانگاو ئەکادیمیا وا دەکات کە مێژووی هونەری جیهانی بناسیت وە بزانیت ئەو ستایلانە چین کە هونەرمەندە جیهانی یەکان بەکاریان هێناوە لەسەردەمی خۆیاندا بەتایبەتی سەردەمی زێڕین ی هونەر کە دەکاتە سەدەی ڕێننسانس، هەربۆیە ئەگەر ئەم تابلۆیانەی هونەرمەند ڕەوەند لە مۆزەخانەیەکی جیهانی بوایە گرنگی و پارێزراویەکی ئێجگار زۆریان پێ دەدا وە لەنێوە زۆر گەلەریدا نرخێکی زۆرتریان پێ دەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە من لە کوردستانم ناتوانین ئەو هەوڵ و کۆششە وا بەئاسانی پشت گوێ بخەین، ئەمەش مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە، چالاکیە هونەریەکانی هونەرمەند ڕەوەند کە لاوێکە وحەزەکانی زۆر پەنگ خواردوو ترن زۆر زیاترن لەو نمایشانەی کە دەردەبڕێت،

بۆیە فێر کردنی تەمەنێکی تری لاوان بۆتە پیشەیەکی هونەری زۆر پرۆفیشیناڵی کە لەداهاتوودا لاوانێک بێتە نێو گۆڕەپانی هونەری یەوە کە بتوانن دیواری هونەری ئەکادیمی بناغەی هونەرێکی کوردستانی بێت لە کوردستاندا، سەرقاڵی لە هونەرمەندەکە دا زۆر زۆرە، بەوەی کە ڕۆژانە پلانی ئەوەی هەبێت کە دوای ئەم کارەی تر چی بکات وە تابلۆی داهاتووی دەبێت چی بێت ؟ وە ئەو ڕەنگانە کامانەن کەلەتابۆی داهاتوودا جێگایان دەبێتەوە، سکێچ و نەخشەدانان بۆ بیرۆکەی نوێ هەردەم زۆر ئاسان نی یە، هونەرمەند زۆر جار پەنا دەبات بۆ سروشت وە چەند جارێك سەردانی ئەو جێگایە دەكات تابتوانێت هێڵکاریەکی ووردو تەواوکراو ئامادە بکات بۆ دارشتنی لەنێو کەڤاڵێکی سێ چوار مەتریدا، دواتر ڕەنگەکان دەبنە دروست کەری ئەو تابلۆیە، چاویش گرنگی خۆی دەبێت بۆ دوورو نزیکی ئەو کارە هونەریە، ئەم وورده کاری یە هەر هەمووی لە جێگایەکدا کۆ دەبێتەوە ئەویش تەواو کردنی فۆرم و دارشتنەکەیەتی، دواتر پیاداچوونەوە بەو کارە هونەریە دا، ئەمانە هەرهەموو سەرەنج و دیدەی من بوون کاتێك گوزەرم کرد بەنێو تابلۆکانی هونەرمەندی لاو ڕەوەند جەعفەردا.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد
## خاتوو خومار ڕەشید حەمید

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو خومار رەشید لە ساڵی ١٩٦٥ لە شارۆچکەی کۆیە سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کۆیە تەواو کردوە لەساڵی ١٩٨٥ تا ١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بەشی شێوەکاری تەواو کردووە، بێگومان وەکو خانمێکی شێوەکاری کورد چالاکی و نمایشێکی هونەری زۆری هەیە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان لەکارە هونەریەکانیدا وە لەو ساڵانەدا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان

بناغەیەکی ئەکادیمی پتەوی ڕەچاو کرد وە توانی کارێکی زۆری هونەری بەئەنجام بگەیەنێت وە نمایشیان بکات لەناو پەیمانگادا، دواتریش وەکو مامۆستایەکی هونەری لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر دەبێتە مامۆستاو وانەی هونەری شێوەکاری دەداتەوە، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی و هاوبەشە لە کوردستان و وڵاتانی دەرەوە وەکو ڕوسیا وە جۆرجیا و ئەڵمانیا، لە ساڵی ١٩٩٦ وە لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ بووە و پەرەی بە هونەرەکەی داوە، هونەرمەند خاتوو خومار لەساڵی ١٩٨٥ پێشانگای یەکەمی تایبەتی لە کتێبخانەی کۆیە کردۆتەوە دواتر ساڵی ١٩٨٦ وە ١٩٨٧ هەر لە کۆیە نمایشی کارە هونەرەیەکانی کردووە، وە لە وڵاتی ئەڵمانیا لەساڵانی ٢٠٠٠ وە ساڵانە پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە، کارە هونەرەیەکانی هونەرمەند خاتوو خومار وەکو باسمان کرد لەسەر بناغەی ئەکادیمی دروست بووە وە پەرەی بە هونەرەکەی داوە بە ڕێبازی ئەکادیمی ڕیالیستی وە تێکەڵ بوون بە قوتابخانەکانی تر وەکو ڕیالیستی دەربڕین خوازی و انطباعی، ئەمانە لەکاتێککدا زۆربەی فۆرمەکانی ناوەڕووەکی کارەکانی هونەرمەند کوردستانین وە کەلتووری کوردستانن، لەگەڵ ئەوەی کە جل و بەرگی کوردی نمونەیەکی







تری زیندووی کارەکانێتی، دیاردەی کارەکانی هونەرمەند خومار وەکو ئافرەتێك وە وەکو ئەو هەموو چالاکیانە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چ بە پێشانگا کردنەوە وە چ بە بەشداری کردنی لەنێو هونەری شێوەکاری کوردی و جیهانیدا. ڕەنگ گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ هونەرمەند خومار هەر بۆیە لە نێو فۆڵدەرێکی هونەریدا دەڵێت "تابلۆکانم ئەویندارێکی مەزنی منن، چونکە تاکە زمانە کە ڕاستی ئێوە دەزانم، وا هەست دەکەم پێکهاتەی ناخی من پێکهاتەیەکی ڕەنگینە، ڕەنگیش ئەم زمانەیە کە هەمووان بەیەك چاو دەیخوێننەوە". ووردە بونەوە لەنێو ڕەنگەکاندا ئەوە دەردەخات کە هونەرمەند هونەرمەندێکی پڕ ئاواتە وە ڕەش بین نی یە، ئەوەش بەهۆی ئەو ڕەنگە فێنکانەی کەبەکاری هێناون.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو ئاڤان سدیق

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو ئاڤان سدیق یەکێکە لەو هونەرمەندە ئافرەتانەی کە بەردەوامە لەکاری هونەری و نمایشی کارەکانی لە کوردستان و ئەوروپا بەتایبەت وڵاتی ئەڵمانیا کە ئێستا لە زانکۆی هونەرە جوانەکان لە شاری ماینزی ئەڵمانیا سەرقاڵی خوێندنە، سەرەتاکانی هونەرمەند خاتوو ئاڤان دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان کاتێک هونەر لەوپەڕی گەشە سەندندابوو وە هونەری هاوچەرخ بوو بە بنەمایەك بۆ هەموو کارە هونەریەکان، هەربۆیە هونەرمەند لەو تابلۆ ئابستراکانەوە دەستی پی کرد کە فۆرمەکانیش لە وڵاتی ئێمەدا چرچ



و لۆچ بوون، ئەو ڕووداوانە بوون بە هەوێنی کارە هونەریەکانی، بێگومان سروشت و کەلتووری کوردی وە هەڵبژاردەی ڕەنگەکان کە کوردستانە لەو کاتەدا ڕووبەری تابۆکانی هونەرمەندی بە شێوەیەکی دیار گرتۆتەوە، وە توانی لە گەلەریەکانی کوردستان بەتایبەتی لەشاری سلێمانی کارەکانی خۆی نمایش بکات لە گەلەری زاموا و سەردەم و مۆزەخانەی سلێمانی، ئەمانە قۆناغێك بوون لە ژیانی هونەری ئەم خاتوونەدا، لەدوای کۆچ کردنی بۆ وڵاتی ئەڵمانیا گۆڕان کاریەکی زۆر بەسەر کارە هونەریەکانیدا هاتن، وەکو ئەوەی لە قوتابخانەیەکی هونەریەوە خۆت بگوازیتەوە بۆ قوتابخانەیەکی تر ئەویش بە ڕەنگ دانەوەی هونەری مۆدرن لە وڵاتانی ئەوروپادا، تێکەڵ کردنی کاری فۆتۆگرافی وە پۆرترێت نمونەیەکی زیندوون لەوکارانەی کە دروستیان دەکات وە ڕەچاوی بناغە ئەکادیمیەیەکی کردوە لەدابەش کردنی فۆرمەکاندا، لە پێوانەی دروست کردنی کارەکاندا هونەرمەند ئاڤان ئەو تابلۆیانەی کێشاوە کە لە ٢ مەترو ٣ مەتردا خۆی دەدۆزێتەوە، وەکو کەرەستەش ئەو ڕەنگانەی بەکار هێناوە وەکو ئەکریلك و گواش و ڕۆنی و هونەری کۆلاج. کە گرنگیەکی زۆری هەیە لەنێو کارەکانیدا، هونەری پۆرترێتیش بەشێکە لە پرۆژەکانی هونەرمەند ئاڤان کە وەکو خاتوونێك توانیویەتی بەردەوامی بە هونەرەکەی بدات و لە وڵاتی ئەڵمانیادا زۆرترین نمایشی هونەری کارەکانی بکات، ناسنامەی هونەرەکەی کە کوردی یە وە هەرکات وەکو هونەرمەند کورد پۆستەرو کارەکانی پیشان

دەدات، بەشێك لەكارە هونەریەكانی كە كۆلاجە تێڕوانیكی تایبەتی تیادا بەدی دەكرێت وەكو ئەوەی كە مرۆڤەكان بەیەكەوە ببەستێتەوە



یان گرێ دانی كێشەكان لەنێو چوار چێوەیەكی دیاری كراودا، چارەسەری بابەتەكان بەو شێوەیە هونەرمەند كردوویەتی كە دوو رێچكە ببەستێتەوە بەیەكەوە لەكۆتادا ئەو كارە هونەریەی لێ بەرجەستە دەبێت كە هونەرێكی مۆدرن دەبەخشێت.





## هونەرمەندی شێوەكاری كورد عوسمان قادر

هونەرمەندێكی ناسراوی كورد كەلە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا كارەساتی ئەنفال و جینوسایدی گەلی كوردی كرد بە دیكومێنتاری هێڵكاری وە كردی بەپرۆژەیەك و دكتۆرای تیادا بەدەست هێنا، هونەرمەند عوسمان قادر ئەحمەد لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٨٠ وە ١٩٨١ پەیمانگای هونەرە جوانەكانی شاری سلیمانی تەواو كردووە. بەشی هونەری شێوەكاری. وە ئەكادیمیای هونەرە جوانەكانی لە لەندەن تەواو كردووە، لە چالاكیەكانی پەیمانگا و گەلەریەكانی شاری سلێمانی یەوە خۆی گەیاندە بەناوبانگترین گەلەری نمایشی هونەری

شێوەکاری لەلەندەن، وە توانی هەموو کارەساتەکانی گەلی کورد لە ڕێگای کەڤاڵە هونەریەکانەوە وە لە ڕێگای هێڵکاریە کانی یەوە بخاتە بەر چاوی بینەرانی جیهانی و دەسەلات دارانی ئەو وولاتانەی کە پشتی گەلی کوردیان گرتووە. هونەرمەند عوسمان قادر هونەرمەندێکی ماندوو لە کارو پیشە و هونەرو هاوچەرخێتی لەم جیهانە هاوچەرخەی جیهاندا، وە توانی خۆی بدۆزێتەوە لەو بوارەدا، تەکنیکی کارەکانی ئەگەر سەرەتا لە بناغە ئەکادیمییەکەوە دەستی پێکرد، وە مامۆستاکانی هونەری شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی ئەو بناغەیەیان بۆ دانا، ئیدی هونەرمەند خۆی ئەو ڕێگا سەختەی بڕی کە هونەری کوردی دەبێت بگاتە بەردەم دەرگاکانی پەرلەمان و حکومەتەکانی جیهان، ئەوەش بە بەشداری کردن و نمایش کردنی کارە هونەریەکانی لە گەلەریەکانی بەریتانیاو ئەوروپا و کوردستان، کارە هونەریەکانی هونەرمەند عوسمان بریتین لە کاری ئاوی وە ڕۆنی وە هێڵکاری بەهەموو کەرەستەکان، لەسەرەتادا ئەو کەلتوورە کوردیەی گواستەوە بۆ سەر کەڤاڵەکانی وەکو پۆرترێت و سروشت و ژیانی ڕۆژانەی لادێ کانی کوردستان و بازاڕی کوردەواری، کە ئەمە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکە، دواتر کارەساتەکانی گەلی کورد وەکو بەکار هێنانی کیمیایی لەسەر گەلی کورد و ڕەو کردن واتە کۆچ کردن بەکۆمەڵ بۆ چیاکان، ئەمانە هەموو فۆرمی کارەکانی هونەرمەندن وە وکو تەکنیك یان چ جۆرە قوتابخانەیەکی هونەری بەکار هێناوە بێگومان








هونەرمەند عوسمان قادر ئەکادیمیەت بناغەی کارەکانێتی دواتر بۆ ڕیالیستی دەربڕین خوازی و ئارابسك، هەموو ئەوانە ئەو کارانەن کە سەرکەوتوویەکی گەورەیی لە وڵاتانی ئەوروپی و کوردستاندا بەدەست هێناوە، وە ئەندامە لە زۆر ڕێکخراوی هونەری جیهانی و کوردستانیدا، لەدوای بەدەست هێنانی دکتۆراکەی ئێستا زیاتر کارەکانی بۆ هونەرو مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو وە هەردەم تایبەتمەندێتی کەلتووری کوردی بەکارە هونەریەکانی یەوە دیارە.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد حەمە ڕەسوڵ

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد حەمە ڕەسوڵ لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٨٥ - ١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی تەواو کردوە بەشی شێوەکاری، یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بەدرێژای تەمەنی بەردەوام بووە وە دانەبڕاوە لەهونەری شێوەکاری وە چالاکی یە هونەریەکانی چ لە کوردستان وە چ لە وڵاتی نەرویج کە ئێستا نیشتەجێ یە لەو وڵاتە، بێگومان قوتابخانەی ئەکادیمی و توێژینەوەیی بناغەیەك وە سەرەتایەك بوو بۆ دروست کردنی ئەو جیهانەی کە هونەرمەند دەیویست پێ ی بگات، هەربۆیە کارە



هونەریەکانی هونەرمەند لە ڕەنگ و پۆرترێت و مۆدێل و وێنەی شاری سلێمانی و گوندەکانی کوردستان فۆرمی بەردەوامی هونەرمەند بوو، دواتر واتە دوایی دەرچوونی لە پەیمانگا فۆرمە جیاوازەکان هاتە نێو کارە هونەریەکانی یەوە، بەتایبەتی ئازارو کێشەیی میللەتی کورد، بۆیە هونەرمەند خاوەن چەندین تابلۆی جیا جیایە لە ئازارو مەینەتیەکانی گەلی کورد، وە بەشداریەکی بەرچاوی هەیە لە پێشانگاو بەشداریەکانی لەگەڵ هونەرمەندانی کورد لە شارەکانی کوردستان وە لە گەلەریەکانی کوردستان بەتایبەتی لە شاری سلێمانی، کە هەر دوو ساڵ جارێك بە کۆمەڵە تابلۆیەکەوە دەگەڕێتەوە شارەکەی وە نمایشی کارە هونەریەکانی دەکات بەو قەڵەم و ڕەنگ و کەرەستانەی کە تابلۆکانی پێ دادەڕێژێت،





ڕەنگی ئاوی گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لەلای هونەرمەند وە زۆر پەرە بەم بوارە دەدات بەتایبەتی سروشت هەوێنی کارە هونەریەکانێتی، وە هێڵکاری بە قەڵەمی رەش یان ڕەژوو (فحم) نمونەیەکی تری کارە هونەریەکانێتی، لەلایەکی ترەوە گرنگی یەکی زۆر دەدات بە کۆڵان و کوچەو بازاڕو کەلتووری کوردی وە شارەکەی سلێمانی کە ئەو لە ڕابردوودا چۆن دەیبینێت، وە دیدەی بۆ ئەو شارە لە ڕووی کەلتووری یەوە، هەربۆیە بەو وێنەو سیما کۆنەی ڕابردووی شارەکەی وە کوردستان گەلەری یەکەی خۆی زۆر دەوڵەمەند کردوە، وە دەتوانین بڵێین جیهانی هونەری شێوەکاری کوردی دەوڵەمەند کردوە، هونەرمەند ئازاد حەمە رەسوڵ پەیوەندی و کۆنتاکتی زۆری هەیە لەگەل هەموو هونەرمەندانی

کوردستان، بەتایبەتی بەشداتی کردنی لە پێشانگاکانی وولاتی نەرویج و کوردستان و ئەوروپادا، وەکو کەرەستەش هونەرمەند هێڵکاری بەقەڵەمی ڕەش و چینی و ئەکریلیک وە ڕەنگی ڕۆنی و بابەتی گرافیکی و کەرەستە جیا جیاکانی تر بابەتیکی زیندووە لە نێو کارە هونەریەکانیدا، وەکو مامۆستایەکی هونەری لە وولاتی نەرویج چەندین پرۆژەو وۆرک شۆپی بەئەنجام گەیاندوە، ژیان و هونەر لە لای هونەرمەند ئازاد حمە ڕەسوڵ جیهانێکی بێ کۆتایی یە وە دانەبڕاوە.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەحمەد گونیشتکین

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەحمەد گونیشتگین لەساڵی ١٩٦٦ لە باکووری کوردستان لە شاری باتمان لەدایك بووە لە تورکیا، لە ژیانی منداڵی یەوە دەستی داوە بەکاری هونەری و خولیای هونەری شێوەکاری، هەربۆیە زۆر بە شارەزایەوە تێکەڵ بووە بەو هونەرە لە شاری باتمان، قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو کردووە، لەساڵی ١٩٩١ وە چۆتە شاری ئەستەنبوڵ وە لەوێ قوتابخانەی بەرزی هونەری تەواو کردوە وە یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە ناودارەکان وە ناسراوەکانی کورد لە ئەستەنبووڵ. کە لەساڵی ٢٠٠٠ وە تێکەڵ بووە بە تەکنیك



و دونیای هونەر لە جیهانی ڕەنگ و هاوچەرخێتی سەردەمی یەوە، وە تێکەڵ بوون بە جیهانی خەیاڵ و هونەری مۆدرن، لەکەرەستەکاندا پەنای بردوە بۆ ڕەنگە ڕەشەکان بە ئەکریلیك کە ئەمەش سەرکەوتووی تێدا بەدەست هێناوە، لەکاتێکدا هونەرمەند ئەحمەد دونیا ڕەنگاو ڕەنگەکەی لە نێو تابلۆکانیدا کۆ کردۆتەوە، وە بە ڕەنگی ڕۆنی ئەو ڕوناکیانەی کێشاوە کە هونەر لەتاریکی یەوە بردوە بۆ ڕووناکی، ئەم تاقی کردنەوانەی لە زۆر پێشانگای تایبەتیدا لە شاری ئەستەنبووڵ





نمایش کردووە وە سەرەنجی هونەرمەندانی ئەو شارەی ڕا کێشاوە، هەنگاوەکانی هونەرمەند ئەحمەد گونیشتیکن بەرەو گەلەری مالبۆرۆگ لە لەندەن گواستەوە وە کار کردن و نمایشی کارە هونەریەکانی ناسراوێتی یەکی گەورەیی بەدەست هێنا لەلەندەن لەساڵی ٢٠١٣، دواتر کارەکانی گواستەوە بەرەو ڤینیسیا لە ئیتاڵیا وە نەمسا بەهۆی گەلەری مالبۆرگی بەریتانی یەوە کارەکانی بردە نیویورک و ئارت بریدا و تۆکیو لە یابان، ستایلی کارە هونەریەکانی هونەرمەند ئەحمەد وەکو کوردێك زۆر

ڕەنگی جیاجیای تێدا بەرجەستە دەکرێت وە بەکارهێنانی مۆدرنی کار وای کرد کە سەرەنجی هەموو جیهان ڕا بکێشێت وە زۆر ناسراو بێت لەگەلەریەکانی ئەوروپا و ئاسیاو وولاتی تورکیادا، ئەمەش لەساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ دا زۆرترین نمایشی کاری کردوە لە جیهاندا، چاو گرنگی تایبەتی هەیە بۆ هەڵبژاردەی ڕەنگەکان وە تێکەڵ کردنی بەو ڕەنگە گەرمانەی کە ئەو لەچاوی خۆیەوە دەیانبینێت و گرێ ی دەدات بە جیهانە بەرفراوانەکەی هونەرەوە کەئەویش مۆردن یان هاوچەرخی سەردەمی وە. کاری پەیکەرسازی بەئاسن و کەرەستەکانی تر جۆرێکی تری هونەرەکەیەتی کە بەیەکەوە لکاندن وە ڕەنگ کردن و گونجاندنی ڕەنگەکان ئەو تێڕوانینە دەداتە بینەر وەکو جیهانێکی ئاسمان کراوەیی تێدا ببینێت، بۆیە زۆربەی کارەکانی تێکەڵن بە کاری دیواری ئەکریلیك وڕۆنی و پەیکەر، ئەمەش سەرکەوتوویەکی زۆری داوە بەهونەرەکەی، چالاکیەکانی تری هونەرمەند ئەحمەد گەلەری بەرشەلۆنە و مۆناکۆو مەدرید وە دواتر ئەستەنبوڵ کە سەرۆکی پێشووی وولاتی تورکیا ئامادەی پێشانگاکەی بوو، هونەرمەند ئەحمەد گونیشتیکن وەکو هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد نمونەیەکی نوێ ی هونەر پێشکەشی جیهان دەکات.





## هونەمەندی شێوەکاری
## کۆچ کردووی کورد ئاراس مەجید تالیب

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاراس مەجید تالیب لەساڵی ١٩٦٩ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، لە ١ / ١٢ / ٢٠١٦ بە ڕاوەستانی دڵی لەشاری کەرکووك کۆچی دوایی کرد، ناسینی من بۆ هونەرمەند ئاراس دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان بەتایبەتی لە پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووك لەساڵی ١٩٨٦ لە هۆڵی هونەری نوێ ی کەرکووك ئەوکات وەکو بینەرو هونەرمەندێکی وورد بین تەماشای کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی شارەکەی خۆی دەکرد، پەیمانگای تەندروستی و پزیشکی

تەواو کرد بەڵام لەپاڵ ئەوەدا کاری تایبەتی هونەری دەکرد تا لەساڵانی نەوەتەکان لە عەمان پایتەختی ئوردن لە گەلەری شۆپان جێگایەکی هونەری دەست کەوت و درێژەی بەکارە هونەریەکانی خۆی دا وەلەساڵی ١٩٩٧ وەکو پەناهەندەیەك گەیشتە وڵاتی هۆڵەنداو لە شاری ئەمستردام گیرسایەوە، هونەرمەند ئاراس مەجید کە گەیشتە نێو هاوچەرخی هونەری ئەو گەشەیەیەی بەخۆی داو هەستی کرد دوا کەوتووە لەو کاروانە هونەری یە جیهانی یە دا، هەربۆیە دەستی کرد بە خوێندنی ئەکادیمیاو دارشتنی کاری هونەری بە ئەندازەیەکی جیاواز، بەو شێوەیەی کە هونەری مێژووی میسیوپۆتامیا تێکەڵ بکات بە








هاوچەرخی نوێ، هەربۆیە لەم کارەیدا سەرکەوتوویەکی زۆری بەدەست هێناو پەیوەندی کرد بە گەلەریەکانی وەکو هارلێم و ئەمستردام و ئوترێخت و شارەکانی تر، وە توانی کەرکووك بە قەڵاکەیەوە وە بازاڕەکانی کەرکووك و پاشماوەی سۆمەری یەکان بگوازێتەوە نێو تابلۆکانی بەکاری ڕۆنی بە پێوانەی مەترو دوو مەتر، لەگەڵ ئەم

هەنگاوەدا ناسراوێتی یەکی باشی پەیدا کرد، وە هەردەم مرۆڤێکی سادەو ساکار بوو وە تراژیدیای ژیانی لەمرۆڤێکی ئاسایی نەدەچوو، هاوڕێکانی زۆر بوون کورد وە هۆڵەندی و عەرەبی تەنانەت چینی، ئەم کەسایەتیانە لە پرسەکەی ئاراس دا ئامادە بوون لە ٣ / ١ / ٢٠١٦ لە هۆڵی یانەی میدیای ئەمستردام وە هەریەك لەهونەرمەندان ووتەیەك و بەسەرهاتێك و بیرەوەریەکی هونەرمەند ئاراس مەجید ی باس دەکرد، تابلۆی پاشماوەی سۆمەریەکان کە لە ساڵانی پێشوودا فرۆشرا بە ٢٥ هەزار دۆلار، ئەمە وای لە هونەرمەند ئاراس کرد زیاتر پەرە بەکارەکانی بدات و کۆمەڵە کارێکی نوێ ی هێنایە پێش جەماوەرەکەی وەکو کچە کورد و دیواربەندی بابلیەکان وە کێشانی کارەساتی ئێزیدی یەکان وە کەلتووری ووڵاتەکەی، ئەمانەو چەندین کاری تری هونەری کە لە گەلەریەکانی هۆڵەندادان وە نمایش دەکرێن، لەکاتێکدا هونەرمەندی کۆچ کردوو بەشداریەکی باشی هەبوو لە ووڵاتانی دوبەی و ئیمارات وە لەبەریتانیاش، کە تێکەڵیەکی باشی هەبوو لەگەڵ هونەرمەندانی عێراقی وە عەرەبی وە بیانییەکان.. کاریزمای هونەرمەند ئاراس جارێکی تر نابینرێتەوە لەنێو هونەری شێوەکاری کوردیدا.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەلاح شوان

هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردستانی باشوور کە ئێستا لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە هەرێمی کۆلۆمبۆس، ئۆهایوو دەژێت، هونەرمەند فەلاح ئۆمەر کەلە شاری کەرکووك لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەکەرکووك تەواو کردوە، لەساڵی ١٩٨١ و ١٩٨٢ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی وەرگیرا لەبەشی شێوەکاری لە ساڵی ١٩٨٦ دیبلۆمی هونەری شێوەکاری لەپەیمانگا بەدەست هێنا. قۆناغی دەست پێ کردنی هونەر لەلای هونەرمەند فەلاح دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی قوتابخانەی ناوەندی کە هەرزەکاری

ئەو ڕەنگ و جیهانەیە سەرەنجی کارە هونەری یە جیهانییەکان مرۆڤ دەخاتە سەر ڕێچکەیەکی هونەری ئەویش هەنگاو نانە بەرەو جیهانی هونەرو شاراوەکانی هونەرە، پەیمانگای هونەرە جوانەکان.... بناغەی توێژینەوەو قووڵ بونەوە لە نێو پۆرتێرێت و مۆدێل و ستیلایڤ کەبە کاری ئەکادیمی دادەنێرین ئەوەندەی بەدەست هێنا کە هەر ساڵ بەشداری کردوە لەهەموو پێشانگاکانی پەیمانگا دا وەلەساڵی ١٩٨٥ پێشانگایەکی تایبەتی گرنگی کردەوە لەگەڵ هونەرمەندان عەلی سدیق و غازی محمد لە هۆڵی هونەری نوێ ی شاری کەرکووك، بەشداری هەموو پێشانگاکانی هونەرمەندانی کوردی کردوە لە شارەکانی سلێمانی وە هەولێر و دهۆك. لەساڵانی ١٩٩١ وە لەهەولێری پایتەخت کۆمەڵێك چالاکی هونەری ئەنجام دا وەکو بەشداری لە پێشانگای هونەرمەندانی کورد لە قەڵا و هۆڵێ میدیا وە پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندان ئاشتی گەرمیانی و غازی محمد لە دیمەشق و حەلەب. لەساڵانی ١٩٩٣ وە کەلە سوریا نیشتەجێ بوو بەشداری لە پێشانگاکانی سەنتەری کەلتووری ڕووسی و عێراقی و مانگی سووری کرد لە دیمەشق. کارە هونەریەکانی هونەرمەند فەلاح ئۆمەر کە ناسراوە بە شوانی جیهانیکی تایبەتی و سەرەنج ڕاکێشە، باس لەوکارەسات و ڕووداوانە دەکات کەلە ڕابردوودا لە کۆڵانە تەنگەبەرەکانی شاری کەرکووك و قەڵاو گاورباغی و ڕەحیم ئاوا ڕوویان دەدا، بە پشیلە چاو زاقەکەو پیاوە عیدام کراوەکەو لاندکرۆزە ترسناکەکە، دواتر جیهانی کۆستاڤ کلیمیت بوو بە جیهانی







خۆشەویستی ئەم هونەرمەندە بە شێوەیەك كە هەموو خۆشەویستی كلیمنتی كوردی تێدا نەخشاندوە، هونەرمەند بەكەرەستەی ڕەنگ ڕۆنی و ئەكریلیك نمونەی كارەكانی سیمای تایبەتمەندێتی تێدا بەرجەستەدەكرا، لە ئێستاشدا لە وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكا وەكو مامۆستایەكی هونەرو پرۆفیشناڵێكی ئەكادیمی وێنەی ئەو جیهانە دەكێشێكێت كە نمونەی تایبەتمەندێتی هونەرەكەی تێدا خستۆتە ڕوو، كوردستانیش بە شێكن لەو ئازارانەی كە ڕۆژانە لەكەڤاڵەكانیدا بەر چاو دەكەوێت. نمونەی كارەكانی لە وولاتانی عەرەبی و ئاسیا و ئەمەریكادا جێگای تایبەتی خۆی كردۆتەوە.



## هونەرمەندی شێوەكاری كورد عەلی فەلاح كوردی

هونەرمەندی شێوەكاری كورد عەلی فەلاح كوردی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستانی ئێران شاری كرمانشا لەدایك بووە، لەساڵی ٢٠٠٤ دیپلۆمی كەلتووری و ئەدەبی بەدەست هێناوە، مامۆستایەكی لێهاتووی هونەری شێوەكاری كوردی بووە، لەساڵی ٢٠١١ كارو چالاكی هونەری زانكۆی تاران تەواو كردووە وە لەدواتر موشرفی هونەری لە زانكۆی تاران خوێندووە، لەساڵی ٢٠١١ وە مامۆستایەكی هونەری و پسپۆڕی بووە لە زانكۆی شەهركرد، وە چەندین قوتابی پێگەیاندووە بەو هونەرەی كە ئەو پسپۆڕی تێدا بەدەست هێناوە وە ئەزموونی هونەری هەبووە لەكارە هونەریەكانیدا



بەتایبەتی لە زانکۆی هونەر لەتاران کە کۆمەڵە مامۆستایەکی لێهاتوو وە پرۆفیشینالْ وانەیان تێدا ووتوەتەوە، هونەرمەند عەلی فەلاح هونەرمەندێکی کوردناسنامەیە بەڵام کارە هونەریەکانی لە شارەکانی ئێران نمایش کردوە وە قوتابی باشی پێ گەیاندوە،بەشداری لە پێشانگا هاوبەشەکان و ڤیستیڤاڵەکان و کۆڕە هونەریەکانی کردوە وە بەشدار بووە بەکارە هونەریەکانی وە بڕوانامەی لێزلێنانی تێدا وەرگرتووە، بەتایبەتی لە شارەکانی تاران و کرمانشا و مەشهەد و کرمان و ئەسفەهان و حەوزەی هونەری کیشوەری لە ئەسفەهان. ئەکادیمیەت بناغە ڕاستی و دروست کەرەکەیە بۆ هونەری شێوەکاری کە هونەرمەند تێیدا دروست دەبێت، هونەرمەند عەلی فەلاح کوردی لەو قوتابخانەیەوە دەستی پێ کردوە تا





دەگاتە قوتابخانەی دەربڕین خوازی و ڕیالیستی کە لە وولاتی ئێران گرنگی بەو قوتابخانەیە دەدرێت، هەربۆیە زۆری کارە هونەریەکانی لەو شێوازە دارشتوە کە بەشێکی ڕیالیستی بن وە بەشێکی تری دەربڕین خوازی بن، وە لەکەرەستەدا پەنای بردوە بۆ ئەکریکلیک وە ڕەنگی ڕۆنی و گواش، لەسەر کەڤاڵە (لوحە) جیاکان واتە بە پێوانەی تایبەتی کە کاری ٤ مەتری تا دەکاتە ٥٠ سانتیم کاری هونەری دارشتووە، ئەوەی کە جێگای سەرەنجی هونەری یە لەکارە هونەریەکانی هونەرمەندا ئەو قوتابخانە جیایە کە زۆر نزیکە لەکاری فیرعەونی بەڵام لەهونەری جیهانیدا نزیکە لە کاری ئەفەریقی، بە شێوەی شێوازی دەمو چاو لەش و لای ئەو مرۆڤانەی کە دروستی کردوون، زۆر مومکینە کە هونەرمەند مرۆڤ ئاوها بینێت لە وولاتەکەیدا وە ئەمەش شی کردنەوەی زۆر دەوێت لە ناوەڕوەکدا، بەڵام کارتێکراوی سەدە سەرەتایەکانیشی لەسەرە، کە بەقەڵەمی ڕەش و ڕەنگاوڕەنگ کێشاویەتی، بەڵام لەهەموو کاتەکاندا ئەو ئەم هونەرە کۆنە بە شێوەو ناوەڕوەکەوە بەستۆتەوە بە ئێستای ژیانەوە، هەربۆیە کارەکانی جێگای سەرەنجن لە چاوی مامۆستا هونەریەکانەوە، وە زۆر جار کاری هونەری لە کوردستانیش پیشان داوە بەتایبەتی لە شاری کرمانشا کە جێگای لەدایك بوونی ئەو هونەرمەندە بەرزەیە.



## گەلەری شانەدەر لە هەولێری پایتەختی کوردستان

هونەری شێوەکاری کوردی هەردەم پێویستی بەگەلەری و مۆزەخانەو هۆڵ و نمایش گا هەیە، بۆ خستنە ڕووی کارو چالاکیەکانی هونەرمەندانی کورد وە هونەرمەندانی جیهانی بەتایبەت لە پایتەختی هەرێمی کوردستان هەولێر (ئەربیل) کە گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ پیشان دانی ڕووی کەلتووری و فۆلکلۆرو هونەرو شارستانیەتی میللەتی کورد، گەلەری شانەدەر یەکێکە لەو گەلەریانەی کوردستان کەلە ساڵی ٢٠٠٩ بەفەرمی لەلایەن پارێزگارو حکومەتی هەرێمی کوردستان و هونەرمەندانی کورد کرایەوە، بۆ نمایشی کارە هونەریەکانی




هونەرمەندانی کورد لەکوردستاندا وە کاری هونەری هونەرمەندانی بیانی کە بیانەوێت دۆستایەتی کولتووری کوردی و بیانی پێکەوە گرێ بدەن، بێگومان هەر ئەمەش ڕووی داوە ستافی ئەم گەلەری یە بەهاوکاری (هاوکار گروپ) هەر ئەم کارەیان کرد وە چەندین پێشانگاو ڕێزلێ گرتن و پێشانگای تایبەتیان لەم گەلەری یە ئەنجام داوە، بێجگە لەوەی کە پێشانگای تایبەتی بەردەوامیان هەیە لەنێو گەلەری یە، وە هەموو ڕۆژێك ئەم گەلەری یە کراوەیە بۆ گەشتایاران و میوانانی هونەری کوردستان و بیانی، وە گرنگیەکی تری تایبەتی ئەمە گەلەری یە ئەوەیە کە لەساڵانی ڕابردوودا پتر لە یەك ملیون گەشتیار سەردانی ئەم نێوەندەیان کردوە، بەڕێوەبەریگەلەری شانەدەر هونەرمەند (هاوکار ڕسکن) زۆر ماندوو بوە تا ئەم پرۆژەیەی بەدەست هێناوە لەنێو جەنجاڵیەکی زۆردا، لەهەمان کاتدا کارە هونەریەکان خامەی ئەو هونەرمەندانەن کە ناسراون وە پێشەوان لەهونەری شێوەکاری کوردیدا وە زۆر کاری هونەرمەندانی گەنج و دەرچووی ئەکادیمیاشی تێدایە، ئەمە لەکاتێکدا گەلەری شانەدەر دەبێتە سەنتەرێکی کەلتووری لە نەخشەی یونسکۆدا وە خزمەتێکی گرنگ دەبەخشێتە نێوەندی چاندو ڕۆشنبیریەتی وولاتەکە، لەنێوە گەلەری یەکدا زۆر کاری هونەری هەن وەکو فۆلکلۆری کوردی و دەربڕین خوازی و کەرەستەی جیاجیای دەست کردی و پۆشاکی کوردی، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵە کارێکی هونەرمەندانی بەتوانا لەخۆ دەگرێت وەکو "ئەسکەندەر عوسمان و



محمد عارف و محمد خدرو جەوهەر محمد و فەیسەل عوسمان” و زۆر هونەرمەندی تری کوردستان. گەلەری شانەدەر وێستگەی ئەو کەلتوورو ڕۆشنبیری یەیە کە هونەرمەندان و نوسەران و شاعیران و مێژوو نوسان لە خۆی کۆدەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئەو مۆزەخانە نمایشگایەیە کە کارە هونەریەن بە هەموو ڕێبازەکانیانەوە لەو جێگایەدا دەبینیت، کە هەریەکەیان قوتابخانەو ڕێبازو سێوازێکن لە هونەری شێوەکاری جیهانی بە بەرگێکی کوردی یەوە، هەربۆیە زۆر لە دیبلۆماتەکان و وەفدی حکومی و زانستی و کەلتووری ڕوو لەم جێگایە دەکەن بۆ بینینی وێنەی کوردستان لە نزیکەوە لەڕێگای تابلۆ و کەڤاڵەکانەوە، خزمەتێکی جوانی گەیاندوە بە هەولێرو شارەوانی پارێزگای هەولێر.





## هونەرمەندی پەیکەرساز ئازاد ئەنوەر ساڵح

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد ئەنوەر ناسراو بە ئازادی پەیکەرساز لەساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووك لەدایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کەرکووك تەواو کردووە، ١٣ پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە لەکەرکووك و پارێزگاکانی تری کوردستان وە بەشدار بوەیەکی چالاك بوە لە پێشانگاکانی شاری بەغدا، گرنگی تایبەتی داوە بە هونەری پەیکەری سازی لە شاری کەرکووك بەتایبەتی ڕازاندنەوەی پارکەکان و پەردەکان و دیواربەندیەکانی نێو شاری کەرکووك وە کۆمەڵە پرۆژەیەك کە لەگەڵ شارەوانی شاری کەرکووك ئەنجامی داوە، بێجگە


لەوەی کە خۆی گەلەریەکی هونەری پەیکەرسازی هەیە لە نێو شاری کەرکووك کە کەرەستەیەکی زۆری لە خۆ گرتووە وەکو گەچ و چیمەنتۆ و فایبەرگلاس و ئاسن. ئەم جێگاو پرۆژانە لەوەوە سەری هەڵداوە کە گرنگی دان بە جوان کاری شاری کەرکووك یەکێکە لەو پلانانەی کە هونەرمەند ئازاد ئەنوەر خۆی بۆ ئامادەکردووە وە بە نیازە کاری گرنگترو گەورەتر بە ئەنجام بگەیەنێت لە فولکەو پارك جێگا پانتایەکانی شارەکەدا. بناغەی کارە هونەریەکانی هونەرمەند ئەو قوتابخانە هونەریەیە کە ڕیالیستی دەربڕین خوازی وە ڕیالیستی ئەکادیمی تێدا بەدی دەکەیت، بەڵام لەناو هونەری پەیکەرسازیدا، هونەری پەیکەرسازیش کارێکی ئێجگار گران و زەحمەتە لەکاردن یان مامەڵە کردن لەگەڵیدا، مامەڵە لەگەڵ چوار لادا نەك یەك ڕووبەر، چوار ڕووبەر لەبەرزی و نزمی لە قەبارەو تێڕوانینی ئەندازەیی ئەمانە گرەوی هونەری داتاشینن، بێگومان هونەری شێوەکاری کوردیش پێویستی بەم جۆرە پیشەییانە هەیە وە بوارێکی کەمن، هونەرمەند ئازاد خەم خۆری هونەرەکەیەتی وە گرنگی دەدات بەکارە هونەریەکانی، بەشداریەکی گرنگی هەیە لە سەندیکای هونەرمەندان و نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی و سەندیکا هونەریەکانی تر، وە هەردەم چالاکیەکانی لە سنووری کەرکوك و دەرەوەی کەرکووك هەیە، وەبەشداری زۆر لە پێشانگاکان کردوە لە هەولێرو سلێمانی و شارەکانی تر. جموجوڵی هونەری لە ساری کەرکووك خۆی بۆ خۆی کەمە وە تاوەکو ئێستا گەلەریەك نی یە بۆ



کۆ کردنەوەی هونەرمەندانی سارەکە یان نمایشەکان ئەم ووتەیە بۆچوونی هونەرمەند ئازاد ئەنوەریشە کە ئەویش هەمان حەزو ئاواتی هەیە لەو بوارەدا وە زۆر جار هەوڵی بۆ داوە یان هەڵپەی بۆ کردوە بەڵام کارەکان بێ ئەنجام بووە، یەکێک لەکارە هونەریەکانی ئازاد ئەو کارەی هونەرمەندی دەنگ خۆش سەلاح داودە بوو کە بە شێوەی پۆرترێت کاری بۆ کردو ئەنجامی دا وە قەڵای کەرکووك بە شێوەی ڕیلیڤ وە زۆر کەسایەتی تر کە کاری پەیکەرسازی بۆ ئەنجام داوە.








## گروپی هونەری هاوچەرخ لە پارێزگای دهۆك

ماوەی دوو ساڵ پترە بابەتە هونەرییەکان سەبارەتە بە کارو ژیانی هونەرمەندانی کورد لەکوردستان وە بەردەوامین لەو سیڤی و تێڕوانینە هونەریانە تابتوانین خزمەتێکی بچووکی هونەری شێوەکاری کوردی بکەین لە هەموو پارچەکانی کوردستان لەڕێگای ڕۆژنامەی کوردش گلۆب تاکە ڕۆژانەیەکی کوردی یە بەزمانی ئینگلیزی، بەڵام جار جاریش وا پێویست دەکات کە باس لەگروپ و ڕێکخراو کۆمەڵە هونەرییەکان بکەین و کاری هونەری و نمایشی هونەری لەگەلەری و هۆڵ و گۆڕەپانەکاندا بخەینە بەرچاوی هونەر دۆستان، لەهەمان کاتدا




دەستەیەك لەهونەرمەندان بەناوی گروپ و ڕێکخراوەیەك کە پێك دەهێنن وە کارەکانیان لەیەکتری نزیك دەکەنەوە، یان ئەو گروپە هەلێکە بۆ چەندین هونەرمەندی لاو کە نەیانتوانیوە کارەکانیان نمایش بکەن لەڕێگای ئەم گروپانەوە کارەکانیان وە خۆیان دەناسێنن بە خەڵك. گروپی هونەری هاوچەرخ لەساڵانی ٢٠٠٩ وە بیری لێ کراوەتەوە کەلە ژێر دەستی چەند لاوێکی وە هونەرمەندێکی پارێزگای دهۆك لە باشووری کوردستان کارە هونەرییەکانی هونەرمەندانی تازە دەرچوو یان ناسراو ڕێك بخات و نمایشیان بکات بەتایبەتی پێشانگای دووەمی تایبەتی کەلە ساڵانی ٢٠١٠ وە ٢٠١١ نمایشی ٣٦ هونەرمەندی شێوەکاری لە پیاوان و ئافرەتان لەخۆ گرتبوو کە بەشداریان بە ٧٥ کاری هونەری کردبوو وە پەیکەرسازیشی تێدا بوو، ئەم پێشانگایە لە شێوەی ڤیستیڤاڵدا دیار دەبوو، گروپی هونەری هاوچەرخ بێگومان لە ڕابردوودا یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە کە ئەویش کۆمەڵە هونەرمەندێکی تری لە خۆ گرتبوو، لەوانە کاری ڕۆنی بە پێوانەی مەترو دوومەتر وە کاری پەیکەرسازی بە ٧٠ سم وە ٣٥ سم وە کاری



ئاوی و هێڵکاری و گرافیك كە ئەزموونی تابەتی خۆیانیان خستۆتە ڕوو لەو هونەرمەندانە کەبەشدار بوون: ١.حەمید ئەژیل ٢.سیروان شاکر ٣. لوقمان سلام ٤. خەیری ئادەم ٥. ماهر سنجاری ٦. داڤان محمد شریف ٧. هودا سەبری ٨. شیرزاد عەزیز ٩. فتاح محمد فەتاح ١٠. دلێر دەهاهیر ١١.نەسیم سەباح ١٢. شڤان بەزاز ١٣.ڤامان حسن ١٤. باوەڕ ئامێدی ١٥.دلۆڤان ئەمین ١٦. سەلاح ڕێکانی ١٧.دژوار یاسین ١٨.زێریڤان ساڵح ١٩.ئاراس ئەرشاك ٢٠. گەشاو محمد ٢١.مجید ئەحمد ٢٢.عمران سلێمان ٢٣. شڤان ڕەجەب ٢٤. دیار ئامێدی ٢٥. اخلاس ٢٦. بێوار باجی لوری ٢٧. ولید شریف ٢٨.ڕەشە ٢٩.دلیار ٣٠. شرمین بەهجەت ٣١.شلێر نوری ٣٢. شەهلە تەها ٣٣. فەرهاد ئەسوەد ٣٤. دلبەر ڕێکانی ٣٥.جینام حسن ٣٦ پونێر مجید. ئەمە هەنگاوێکە بۆ پەرە پێدانی کەلتوورو هونەری شێوەکاری کوردی کە گۆڕان کاریەکی زۆری بەسەردا هاتووە لە ڕابردوودا لەئەنجامی بوونی پەیمانگای هونەرەجوانەکان و ئەکادیمایی هونەرە جوانەکان و سەنتەرە هونەرەکان وە گرنگی دان بە هونەرو کەلتووری کوردی لە ڕێگای تابلۆکانەوە.. گروپی هونەری هاوچەرخ هەنگاوەکانی مەزنە لە پارێزگای دهۆك کە کارە هونەریەکانیان لە پاریزگاکانی دهۆك و هەولێرو سلێمانی و کەرکووك و دەرەوەی وولات نمایش بکەن.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد چەتۆ حەسەن


هونەرمەندی شێوەکاری کورد چەتۆ حەسەن لە ساڵی ١٩٤٠ لە عەوێنە سەربە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە. دەرچووی خانەی مامۆستایانە و ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە. لەساڵی ١٩٨٣ تا ٢٠١٠ چوار پێشانگای شێوەکاری کردۆتەوە. مامۆستا چەتۆ یەکێکە لەهونەرمەندە پێشەواواکانی کوردستان لە ژیانی لە هەولێر بەسەربردوە بێگومان ئەو ژیانەی کە پڕە ئەزموونی هونەری و چالاکی قوتابخانەکان و شێوازێکی ئەکادیمی کە ئەویش بنەمای هونەری شێوەکاری جیهانی یە. وە هەردەم وەکو ماۆستایەکی پڕ لە زانست و ئەمەکی وولاتەکەی

قوتابیانی پێگەیاندووە بۆ خزمەت کردنی هونەرو زانستی هونەری لە کوردستاندا، کارە هونەریەکانی هونەرمەند سەرچاوەکەی سروشتی کوردستان و کەلتووری کوردی و فۆرمی ئەو ژیانەی کە کورد لە گوندەکان و شارو ژیانێکی سادەی تێدا بەسەر دەبات، هەربۆیە پەی بۆ ئەو بابەتانە بردوە کە ژیانی ڕۆژانەی نێو بازاڕو کوچەو کۆڵانەکانی تەیراواو گەڕەکی عەرەب و منارە و بازاڕی سەیدائاوا کەهەموو شێوازێکی فۆلکلۆری لەخۆ گرتووە، لەلایەکی تر چیاکانی کوردستان بەشێك بوون لەو تابلۆیانەی کەبە حبری چینی وە هێڵکاری بۆ کردوە وەکو سەفین کە هێمای چیاکانە لەپشت پارێزگای هەولێرەوە، یان گوندەکانی دەوروبەری، بێگومان ڕەنگی ئاوی نمونەیەکی تری کارەکانێکی ئەویش لە هونەری شێوەکاریدا گرنگی خۆی هەیە، مامۆستا چەتۆ حسەن هونەرمەندێکی ناسراوی شاری هەولێرە کەلەساڵاکانی ١٩٦٠ کانەوە سەرقاڵی ئەم هونەرە بووە، وە زۆر لەو هونەرمەندانی ئێستای کوردستان قوتابی ئەم هونەرمەندە ناسراوە بووە، لەکەرەستەکانی بەکارهاتووی تابلۆکانی هونەرمەندا بە ڕەنگی ڕۆنی سروشتی کوردستانی نەخشاندووە، وە بە شێوازی گرافیکیش کاری کردوە، هەربۆیە لە زۆربەی کارەکانیدا سروشت سەرچاوەکەیە وە جوانی ناوچەکە تایبەتمەندێتی یەکەیە بۆ کارە هونەریەکانی. بێگومان هونەرمەند بێجگە لەپێگەیاندنی قوتابیان لەهەموو کاتەکاندا بۆ خۆشی مامۆستایەکی چالاك بووە لەبواری هونەری شێوەکاری کوردیدا ئەوەش بە کردنەوەی پێشانگای تایبەتی و بەشداری کردن لە پێشانگا ڤیستیڤاڵ و





کۆڕو کۆبونەوەی هونەری و ڕۆژە نەتەوایەتیەکاندا وە بۆنە جیهانی یەکان بەتایبەتی لەساڵانی ١٩٨٥ تا ساڵانی ٢٠٠٧ لەشارەکانی کۆیە وسلێمانی و بەغداو هەولێر، بێجگە لە کارێکی تر کە لەهەمان کاتدا پەیوەندی بەشە هونەریەوە هەیە ئەویش جیهانی فۆتۆگرافی یە، دیارە هونەرمەند چەتۆ حەسەن کاری فۆتۆگرافی بەبەشێك لەژیانی خۆی زانیوە، هەربۆیە تەمەنێکی تری تەرخان کرد بۆ کاری وێنە کێشی، ئەوکارەی کە هونەری شێوەکاری ناتوانێت هەموو چاوە شاراوەکان پڕ بکاتەوە، پەنا بردنە بۆ ئەو کارانەی کە تەواوکەری ئەو ڕێگایەیە.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد حوسین عەبدوالله

مامۆستایەکی پڕ لە ئەزموون و خاوەن دەست وپەنجەیەکی هونەری هونەرمەندی شێوەکاری کورد حسین عبداللە کەلە ساڵی ١٩٤٠ لە پارێزگای هەولێر باشووری کوردستان لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ وە ١٩٦٤ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدای تەواو کردووە، خاوەن ئەرشیف و بیبلۆگرافیاو ناسراوێتیەکی گرنگی کوردستانە، وە یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی کە بە ئەزموونی ساڵانی پەنجاکان و شەستەکان دەناسرێت لەبواری هونەری شێوەکاری کوردیدا، بەتایبەتی ژیانی قوتابێتی لە شاری بەغذا و ناسراوێتی لەو شارەدا لەبوارەکانی





کارو چالاکی هونەری، لەساڵی ١٩٦٤ بۆ یەکەم جار وەکو مامۆستایەکی شێوەکاری لە شارۆچکەی مەخموور دەست بەکار بووە، وە قوتابی کوردی فێری هونەرو جیهانی هونەری کردوە، پاشان لەساڵانی ١٩٦٥ لە شاری هەولێر مامۆستا بووە، وە هونەرمەندو مامۆستایەك بووە لە دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر بەشی شێوەکاری لەساڵی ١٩٩٢ دا، بەشدار بووە لەهەموو پێشانگاکانی هونەرمەندانی کوردستان وە بەشداری پێشانگا نێو دەوڵەتی و گشتی یەکانی شاری بەغدای کردوە، بێجگە لەچەندین پێشانگای تایبەتی هونەری لە کوردستان و بەغداو دەرەوەی وولات، زۆر لە قوتابیەکانی هونەرمەند حسین عبداللە ئێستا خاوەن پیشەو دەسەڵات و پەرلەمانتارو

وەزیرو دکتۆر و هونەرمەندی ناسراون، هەمیشە خەمی هونەرو شێوەکاری کوردی لەسەر شانی خۆی هەڵگرتووە، لەبواری کارو تابلۆکانیەوە بێگومان سروشتی کوردستان بەشێك بووە لە کارە هونەریەکانی وە لەش و لاری ئاژەڵ کە ئەسپ بنچینەیەکە بۆ هونەرمەندان کە کارێکی گرنگە وە ئاسان نی یە هونەرمەند جوانیەکەی بخاتە ڕوو، مامۆستا حسین چەندین تابلۆی نەخشاندووە لەو بوارەدا کە هونەرمەندی عێراقی فائق حسن دەستێکی باڵای هەبووە لە مامەڵە کردن و کێشانی وێنەی ئەسپ دا، ئەویش ئەو تاقی کردنەوەیەی هەیە، وە کەلتووری کوردی و فۆلکلۆری کوردی بەشیکن لە تابلۆکانی هونەرمەند، لەئەرشیفی هونەرمەندا قەڵای هەولێرو بازاڕی کۆمەڵایەتی بەشێکی گرنگن بوون لەتابلۆکانی، کەرەستەکانی هونەرمەند ڕەنگی ڕۆنی وە ئاوی وە هێڵکاری کەرەستەکانی بوون بێجگە لە کاری دیوار بەندی وە کەرەستەی تاقی دەکردەوە لەکاتی ژیانی لەبەغدا وە کاتێك سەرۆکی بەشی شێوەکاری بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لەهەولێر، وەکو پسپۆڕێکی هونەری شێوەکاری هەردەم ڕاو پرسی هونەری پێ دەکرا، بۆیە مامۆستا حسین عبداللە هەردەم وەکو هونەرمەندێکی پێشەوای کاروانی هونەری شێوەکاری دەمێنێتەوە لەئەرشیف. ی هونەری کوردیدا





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد قادر

هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد قادر لە ساڵی ١٩٧٢ لەباشووری کوردستان لەدایك بووە. ژیانێکی تایبەتی لەکەرکووك بەسەر بردوە، دواتر لە هەولێر نیشتەجێ بووە، قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی هەر لەکەرکووك تەواو کردوە، پسپۆڕێکی هونەری قوتابخانە ڕیالیستی یەکانە لەکوردستان وە ناسراوە بە وێنە کیشانی سروشت و دەریاو گوندو کەلتوورو چیاو پۆرترێت و ژیانە هەژاریەکەی کوردستان، هەروەك لەتابلۆکانیدا دیارە ئەزموونێکی چڕو پڕی هەیە لەنێو هونەری شێوەکاری کوردیدا بەتایبەتی لە وێنە کێشانی ڕیالیستێکی ووردی ئەو ڕۆژانەی کە



مرۆڤ لە گوندو شارو شارۆچکەکانی کوردستان دا دەژیت، ڕەنگەکانی هونەرمەند محمد قادر فێنکیەکی زۆر دەدەنە دەروونی مرۆڤ، وە هیچ کات هەست بەبێزاری وە فۆرمی قورس ناکەیت لەنێو تابلۆکانی هونەرمەندا، بێگومان بەشداریەکی ئێجگار زۆری هەیە لە پێشانگاکانی هەرێمی کوردستانی باشووردا وە لە دەرەوەی وڵات، خاوەنی چەندین پێشانگای تایبەتی و بەشداری کردنە لە کوردستان وە تابلۆکانی لە زۆرماڵە ڕۆشنبیرو نوسەرو سیاسەت مەدارەکاندا هەیە وە لەزۆر گازینۆ و هۆڵ و ئوتێل و گەلەریەکاندا ئامادەیەکی زۆری هەیە. کار بە ڕەنگی






ڕۆنی و ئەکریلیک و گواش و ئاوی یەکێکە لە کەرەستە زیندوەکانی هونەرمەند مەحمد قادر لەکارە هونەرەیەکانیدا وە فۆرمەکان ئەوەندە سادەو ساکاری ژیانی تێدایە، مرۆڤ هەست بە نزیك بونەوە دەکات لەگەڵ ڕووحی کارە وهونەریەکانیدا، بێگومان هونەرمەند محمد قادر بەریوەبەری هونەری شیوەکاری یە لەهەولێر، وە پەیوەندیەکی زۆر هەیە لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان چ وەکو هاوکاری هونەریان یان وەکو ڕێکخستنی کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی کورد لە هۆڵی میدیا، کە بەردەوام هونەرمەندانی کورد پێشانگای تایبەتیان لەو هۆڵەدا هەیە،

ئەگەر دیدەیەك لەكارەكانی هونەرمەند بگرم ئەوە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە وە جیاوز ترە لەكاری هونەرمەندانی تر وەكو هەڵبژاردەی كارە ئەكتەرەكان، كە منداڵێك چۆن لە شەقام دەژیت وە چۆن گوزەرانی ژیانی خۆی پەیدا دەكات، ئافرەتێكی كورد بە جل و بەرگی كوردیەوە چ كەلتوورێكی داوە بە تابلۆكانی هونەرمەند یان مرۆڤە سادەكان چۆن گوزەران دەكەن لە شەقامەكاندا یان لە گوندەكاندا، چونكە ئەم هونەرمەندە سروشت كاری تێكردوە وە قەڵاو جێگەی مێژووی بۆتە فۆرمی هەموو پلان و كارە هونەریەكانی، هەربۆیە بەردەوام بۆكارێكی هونەری دەیان سكێچ و دەیان ڕەنگ و وێنەی فۆتۆگرافی دەبنە بناغەیەك لەدروست كردنی كارێكی هونەریدا، پێوانەی كارەكانی زۆر گەورەن جار وا هەیە جێگە دەبێتە كێشەیەكی زۆر گەورە لەبەدەم هونەرمەندا بەڵام بەردەوام بوونی هونەرمەند محمد قادر بەو هەموو كێشانەوە نمایشی كارەكانی هەردەم ئامادەبوونێكی زۆری هەیە لە هۆڵ و گەلەریەكانی كوردستاندا.





## هونەرمەندی شێوەكاری كورد ئازاد نانەكەلی

هونەرمەندی شێوەكار ئازاد نانە كەلی لەشاری هەولێر لەدایك بووە، هونەرمەندێكی ناسراوی كوردە لەسەر ئاستی جیهان، بەكارە هونەرییەكانی وە بە تەكنیك و جیهانە سەرسوڕهێنەرەكانی كاری سوریالیزم وە دەربڕینخوازی لە جیهانی هونەری جیهانیدا، لەساڵەكانی سەرەتای حەفتاكان ئەوكات كەلە بەغدا ئەكادیمیایی هونەرە جوانەكانی تەواو كرد، هەر بۆ خوێندن ڕووی لە وولاتی ئیتاڵیا كردوە و ژیانی خۆی لە نێو هونەری شێوەكاری كوردیدا بەسەر بردوە، لەساڵی ١٩٧٩ ئەكادیمیای هونەری لە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا تەواو كردوە، بە درێژای ساڵانی

دوایی بەشداری پێشانگاکان و ڤیستیڤاڵەکانی ووڵاتانی ئەوروپی کردوە بەتایبەتی بە خامەیەکی کوردی یەوە کە هەموو جیهان سەرسامی خۆی بۆ هونەرەکەی هونەرمەند نانەکەلی دەربڕیووە، ئەمە گرنگی یەکی زۆری بۆ ئەو هونەرمەندە بەدەست هێنا بەتایبەتی سیما تایبەتیەکانی هەولێر پایەختی کوردستان و وێستگەی لەدایك بوونی لەو شارەدا، وە بەشداریەکی ئێجگار زۆری هەیە لە پێشانگاکاندا بەتایبەتی لە ووڵاتی ئیتاڵیا لە شارە بەناوبانگەکانی وەکو ڕۆما وە فلۆرەنسا و تورنتۆ و ڤینیسیا وە ووڵاتانی وەکو ئەلبانیا وە سویسرا وە فەرەنسا وە ئەڵمانیا، بە ساڵانی ٢٠٠٠ وە کارەکانی گەیاندە ئەستنبووڵ وە هەولێری پایەخت لەهۆڵی میدیا وە گەلەر زاموا لە شاری سلێمانی، هونەرمەند ئازاد نانەکەلی ئەو خامە تازە هاوچەرخەیە کە سەرسوڕهێنەری داهێنان لە کارە هونەریەکانیدا بەدی دەکرێت بەتایبەتی ئەو کارانەی کە سوریالیزمین وە دەربڕین خوازین بە کەرەستەکانی وەکو گواش و سپرای و ڕۆنی و قوڕو ڕەنگی ئاوی، چالاکی هونەریەکی ئێجگار زۆری هەیە لە ووڵاتە ئەوروپی یەکان و ووڵاتە عەرەبیەکان وەکو میسرو تونس و مەغریب وە زۆر کەسایەتی گرنگ وەکو هونەرمەندە ئیتاڵیەکان وە ئەروپی یەکان لەسەر کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە کوردەیان نوسیوە وە باسی ژیان و ئەزموون و داهێنانی هونەرکەیان کوردوە کە باس هونەر دەکات لەو دیوی چیاکانەوە واتە کوردستان، لەهەمان کاتدا ووڵاتانی وەکو نەمساو هەنگاریا و سلۆڤینیا، بەم بەشداریانە کەلتووری









هونەری کوردیان گەیاندۆتە ئاستێك کە ڕۆشنبیرە هونەریەکان ناوو نازناوی هونەری کوردی و کەلتووری کوردستانیان ناسیوە لە ڕێگای ئەو کارە هونەریانەی کە باس لە مێژووی گەلی کورد دەکات.






## هونەرمەندی شێوەکارو کاریکاتۆریست گرفتار کاکەیی

هونەرمەندی شێوەکارو کاریکاتۆریست گرفتار کاکەیی لە دەڤەرە گوندە کاکەییەکان لە ساڵی ١٩٦٧ لەدایك بووە کە لە ڕۆژهەڵاتی باشووری کەرکووك بە عەلی سەرایی ناسراوە، قوتابخانەیکانی سەرەتایی و ناوەندی لەو دەڤەرە تەواو کردوە، لە ساڵانی نەوەتەکان لە کۆمەڵگای خەباتەوە ئەم هونەرمەندە سەری هەڵداوە وە پێشتریش بەشداریەکی باشی هەبووە لە بەشداریەکانی لە پێشانگاکانی هونەرمەندانی کەرکووك، بەڵام من لەساڵانی ١٩٩٨ بەدواوە ناسیم لە نێو هونەرمەندانی کوردا، لەکاتێکدا دەست و خامەیەکی ئێجگار

کاریگەری هەبووە لە هونەری شێوەکاری و کاریکاتێریستیدا، هەر بەم کارەشی سەرکەوتوویەکی گرنگی بە چاپ و بڵاوکراوەکاندا، لەگەڵ ئەوەی ڕۆڵێکی گرنگیشی هەبووە لەناساندنی هونەری کاریکاتێری لەنێو جەماوەردا وە تابلۆی جەنراڵ بارزانی کێشاوە کە بەرێز جەنابی سەرۆك مەسعوود بارزانی سوپاسنامەی بۆ هونەرمەند گرفتار کاکەی ناردوە، گرفتار کاکەیی ناسراوێتی یەکی زۆری هەیە لەنێو هونەرمەندانی کوردا بەتایبەتی ماوەیەك لەنێو دەزگای شەفەق و وەزارەتی ڕۆشنبیری و ئۆرگانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆڵی هونەری گرنگی هەبووە، کارەکانی بریتی بوون لە هونەری پۆرترێتی ئەکادیمی وە هونەری کاریکاتێری گرفتی کۆمەڵایەتی ڕۆژانەی ئەو خەڵکە، خۆی لەوانەیە زۆر دڵی تەنگ بێت لە گۆڕپانی هونەری و سستی هونەر لەم وڵاتەی ئێمەدا بەڵام خەڵکیکی زۆری هێناوەتە پێکەنین و سەرسوڕهێنەری کارەساتەکان، داهێنانی هونەری زۆر جار مرۆڤ ئەخاتە گریان و پێکەنین، ئەوەش لەلای هونەرمەند بەرچاو دەگرێت، بەهۆی هونەرەکەیەوە بەشداریەکی ئێجگار زۆری هەیە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، وە لە پێشانگاکانی دەرەوەی وڵاتدا وە لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەی وڵاتدا، کاکەیی لایەکی ژیانی خۆی تەرخان کردبوو بۆ منداڵان، ئەو جیهانەی کە لە وڵاتی مندا کەمجار گرنگی پێ دەدرێت، بەڵام ئەو توانی گۆڤارو ڕۆژنامەوناملیکەو پەرتووك بە وێنە جوانەکانی وە کارە هونەریەکانی جوان بکات، هونەرمەندێکی خۆڕسکی یە وە






هەرخـۆی خـۆی پیگەیانـدوە وە قوتابخانـە هونەریەکانـی تاقـی کردۆتـەوە بـە ئەزمـوون و تاقـی کردنـەوە، ئـەوەش بـووە هـۆی سـەرکەرکەوتووی هونەرەکـەی، لـەکاری کاریکاتێـری بـۆ کاری تابلـۆکان بەتایبەتـی پۆرترێـت لەسـەر بناغـەی ئەکادیمـی وە ڕیالیسـتی، ئـەو کەسـایەتیانەی کـە نـاسراون وە نەنـاسراون وە دەمـوو چـاوەکان لـە دەربڕیـن لـە مرۆڤـی کـورد دەکـەن، واتـە بـە کەلتـووری ناوچـەی گەرمیـان وە کاکەیـەکان، هونەرەکـەی گرفتـار کاکەیـی زۆر جـار لـە بڵاوکراوەیەکـی سیاسـی زۆر بەهێزتـرە. هەربۆیـە بـەو بیـرو هـزرەوە کارەکانـی ناسـاندوە بـە جیهانـی دەرەوەی کوردسـتان.



## هونەرمەند چنار نەزار

لـە پۆرترێتـەوە بـۆ بابـەت و ئـازارو نـاوەڕوەك، ئەمانـە کارە هونەریەکانـی هونەرمەندێکـی پەیکەرسـازی شـاری سـلێمانی یـە کەلـە سـاڵی ١٩٨٦ وە دەسـتی داوە بـەم کارە هونەریـە کـە پیشـەیەکی هونـەری وئەکادیمـی یـە وە جیهانێکـی هێڵـکاری و تەکنیکـی تێـدا بـەکار هێنـاوە، کاتەکانـی لـەم بـوارەدا تەرخـان کـردووە. پەیمانـگای هونـەرە جوانەکانـی سـلێمانی، ئـەو وێسـتگە هونـەری یەیـە کـە لـەوێ وە دەسـتی پـێ کـردوە، کۆتایەکەیەشـی ئـەو پەیکەرانـە تـەواو دەبـن کـە دیوارێـك پـڕ لـە بابـەت و تراژیدیـا و مێـژووی ئـەو مرۆڤانـە دەگێڕێتـەوە کـە ڕۆژێـک لـە ڕۆژان خزمەتێکـی پـڕ






بە ئەزموونیان پێشکەش کردوە، ئەو پۆرترێت و کارانە مرۆڤە ماندوو بوەکانە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ماندوو بوون بۆ نەتەوەکەیان، کاری پەیکەرسازی ئەوەندە گران و قورسن تەنها بەڕۆژێك کارەکانی تەواو ناکات بەڵکو ماندوو بونێکی ئێجگار زۆر تێدایە، لەهەمان کاتدا هونەری پەیکەرسازی ئەو مێژووە درێژ خایەنەی هەیە کە مێژوویەك تۆمار دەکات بۆ ئەو نوسەرو ناسراوەی کورد، گرنگی پۆرترێت و دیوار بەندی لەوەدایە کە ناوداریتی ئەو تاکە دەمێنێتەوە، هەربۆیە بوونی کاری پەیکەرسازی گرنگی خۆی هەیە، وە هونەرمەند چنار نەزار ئەو دەست و خامەیە کە بە گرنگی تەماشای کارە هونەریەکانی دەکات وە پەرە بە هونەری شێوەکاری بەتایبەتی جیهانی شێوەکاری دەدات لە گۆڕەپانەکانی شاری سلێمانیدا وە بەشداریەکی بەرچاوی هەیە لە جوڵەی هونەری شێوەکاری کوردیدا،



خامە گرنگەکانی هونەری پەیکەرسازی لە قوڕو کەچ و چیمەنتۆو گلاس ڤایبەرو زۆر بابەتی تر دەست پێ دەکات وە درێژەی مانەوەی کەرەستەکان گرنگی خۆی هەیە. هەر بۆیە لاوانی قوتابیەکانی کوردستان بە ئەکادیمیەتەوە دەست بەو خامەیە دەدەن وە کۆتایەکەشی بەو پەیکەرانەیە کە مێژووی تاکەکان دەنوسێتەوە، ئەو دەموو چاوانە هەریەك ئازارێکن وە ئەشکەنجەیەکن لە مینبەری هونەردا، مانەوەیان مێژوویەکی پڕ لە ترژیدیایی یە بۆ خوێندنەوەی ئەمڕۆیی. ئەم ڕیلیڤانە وە مەدالیایانە جیهانێك دەهێننە کایەوە کە بتوانن خزمەتی هونەری کوردی تێدا بکرێت لەو ئاستەی کە هونەرێکی باڵاو پلەیی بێت بۆ نمایش کردنی. هونەرمەند چنار نەزار نمونەیەکی جوانی پەیکەرسازی نمایش کردوە لە گۆڕەپانەکانی شاردا وە توانیونێتی ئەو هونەرە بەسەلیقەیەکی گرنگەوە بخاتە بەر چاوی بینەرەکانی.







## هونەرمەندی شێوەکاری کورد نەجات چیمەنی

لە سیرامیکەوە بۆ ڕەنگ هونەرمەندێکی کوردستانی باشوور نەجات چیمەنی لەساڵی ١٩٦١ لەکوردستانی باشوور لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٩٧ وەکو پەناهەندەیەك گەیشتۆتە وولاتی هۆڵەندا، وە ئێستا لە شارۆچکەی زایست نزیك لە شاری ئوترێخت نیشتەجێ یە، هەروەك خۆی لە سیڤی و سایتەکەیدا هاتووە کە لەساڵەکانی هەشتاکان وە نەوەتەکان سەرقاڵی کاری هونەری سیرامیکی بووە، وە بەشداری زۆری هەبووە لە پێشانگاکاندا، بەتایبەتی لە سلێمانی و هەولێر. ئێستا سەرقاڵی ڕەنگە لەسەر کەڤاڵ (لوحە) وە بەو بناغە سەرەتایی یەوە دەستی پێ کردوە



کە هونەر بناغەی لەسەر دادەنێت، ئەکادیمیەت، قوتابخانەیەکی سەرەتایی و توێژینەوەیی و زانستی یە، وە زۆر لە هونەرمەندانی جیهانیش تادوا کاریان هەر لەسەر ئەو ڕێبازە کارەکانیان بنیاد دەنێن وە وێنەی ئەکادیمیەت بە گرنگ دەزانن، ستیلایڤ ئەو جەستە بێ گیانەیە کە جووڵەی نی یە مرۆڤ وێنەی دەکێشێت وە ڕەنگەکانی واتە تاریکی و ڕووناکی تێدا دەدۆزێتەوە، دواتر بۆ گوڵ دان و باخچەو مێزو قوماش و زۆر بابەتی تر، مودێلەکانی هونەرمەند نەجات چیمەنی ئەو سروشتەیە کە ڕیالیستی یە وە بە شێوەیەکی ئەکادیمی کاری تێدا دەکات وە چاپی دەکات بە فیلتەری چاوی. لەهەمان کاتدا گرنگی داوە بەو بابەتە فۆرمانەی کە باس لەکەلتووری کوردی دەکات، چونکە ژیانی ئەم هونەرمەندە لەنێو ماڵی کوردەواریدا بووە، هەربۆیە تابلۆکانی ئەو سیما هونەرە کوردی یەی پێوە بەدی دەکەیت وە چیرۆکێکی ڕیالیستی دەگێڕیتەوە، کەرەستەکانی بریتی بوون لە قوڕ و فڕن و بۆیەی سیرامیکی و ئێستاش ئەکریلیك وە ڕەنگی ڕۆنی، فۆرمێکی تری هونەرمەند نەجات چیمەنی ئەوەیە کە لەنێوان دوو بابەتدا خۆی دۆزیوەتەوە، کاری ئەکادیمی کە بریتی یە لە سیتیلایف و مودێلەکان وە بابەتێکی تر تراژیدیای گەلی کورد کەبەدرێژای مێژوو بەسەری هاتووە، وەکو بەکارهێنانی گازی کیمیاوی لەساڵی ١٩٨٨ لەهەڵەبجە لەلایەن ڕژێمی بەغداوە، وە ژیانی ڕۆژانەی گەلی کورد، ئەمە لەکاتێکدا لەساڵەکانی هەشتاکان و ە نەوەتەکان هونەرمەند نەجات چیمەنی



کاری هونەری سیرامیکی ئەنجام داوە کە دوور ترە لەکاری هونەری شێوەکاری، ئێستاش کەلە وولاتی هۆڵەندا دەژیت ساڵانە بەشداری زۆری پێشانگا هونەریەکان دەکات، وە پێشانگای تایبەتی خۆی دەکاتەوە، خەڵکانێکی هۆڵەندی چاو لەهونەرەی هونەرمەند دەگرن، بەتایبەتی لە شارەکانی وەکو ئوترێخت و ئەمستردام و دەنهاخ، وەلەم ساڵانەی دوایدا لەگەڵ کۆمەڵەی کەلتووری موردایك لە شارۆچکەی زیڤن بیرخن بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی کورد دەکات کە ئەو ڕێکخراوە بە سەرۆکایەتی شاعیری کورد لەتیف عومەر ڕێکی دەخات. سروشت و



کەلتوور ئەو دوو بابەتە هەرە نزیکەی بابەتەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد نەجات چیمەنی کە سەرقاڵی کردوون وە بەردەوام کاری تێدا دەکات، هەر بۆیە کەلتووری وولاتەکەی تەنها وەکو ناسنامەیەك دێتە بەرچاوی بینەران، وە ڕیالیزمی کارەکان هەردەم خۆیان دووبارە دەکەنەوە.







## هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد ڕێبین حەیدەری

پەیکەرسازێکی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێبین حەیدەری لەساڵی ١٩٧٨ لە شاری بۆکان لەدایك بووە، قوتابخانەکانی سەرەتایی وە ناوەندی لەو شارە تەواو کردوە، هونەری شێوەکاری بۆتە بەشێك لەژیانی بەتایبەتی مامەڵە کردن لەگەڵ قوڕو بەرد وە گەچ، دەموو چاوە تایبەتمەندەکان هۆکارێك بوونە بۆ نزیك بونەی ئەم هونەرمەندە لەجیهانی هونەر وە پەیکەرسازی، ئەو هونەرەی کە تەمەنێکی دوورو درێژی هەیە بۆ مانەوە وە لە بەرچاوی هەموو کەسێکە کاتێك کە بە گۆڕپان و پارك و شارێکدا تێ دەپەڕێت. ئەکادیمیای هونەری







پەیکەرسازی لە تاران پایتەختی وڵاتی ئێران تەواو کردوە، وە لە زانکۆی یافا ی فیلادیفیای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا هونەری پەیکەرسازی بە چڕو پڕی وەبەدەوڵەمەندی کەرەستەکان خوێندوە، لەساڵەکانی ١٩٩٤ وە زنجیرەیەك پێشانگای تایبەتی بە وڵاتانی ئەوروپا نمایش کردوە بەتایبەتی لە وڵاتانی ئیتاڵیا وە دانیمارك وە سوئید، هەر لەئەمەریکا چەندین پێشانگای تیابەتی کردۆتەوە وە خاوەن چەندین پەیکەری هونەری یە لە گۆڕەپانەکانی وڵاتانی ئەوروپی وە سوئید. ئەکادیمیایەکی هونەری لە شاری بۆکانی کوردستانی ڕۆهەڵات دامەزراندوە بۆ فێر کردنی نەوەکانی داهاتوو. دەست ڕەنگینی وە ئاستی پلە بەرزی

ئەم هونەرمەندە ئەوەندە گەورەیە کە ئێستا کاری هونەری هەیە لە تارانی پایتەختی وولاتی ئێران وە لە زۆر شارو شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران، بێگومان خاوەن چەندین کاری پۆرترێتی ناسراوەکانی جیهانی و کوردی یە لە نوسەرو هونەرمەندو میژوونوس، پۆرترێت بە ڕێبازێکی ئەکادیمی ڕیالیستی نمونەی لێهاتووی وە بەرزی هونەری تێدا بەدی




دەکرێت، بێگومان کەرەستەکانی وەکو گەچ و مەرمەڕو ئاسن و برۆنزو چیمەنتۆ داڕێژراوی کارە هونەریەکانێتی، ڕێبازی تەکنیکی وە هاوچەرخی لەو پەیکەرە باڵایانەدا نمونەیەکی هونەری هاوچەرخی جیهانی یە، هونەرمەند ڕێبین حەیدەری نمونەی هونەرێکی کوردی ڕەسەنی خستۆتەوە لە جیهانی هونەریدا بەتایبەتی هەڵکۆڵینی یان پڕکردنەوەی قاڵبی گۆرانی بێژە کوردەکان یان نوسەرە کوردەکان و مێژوو نوسەکان، ئەم کارانە شاکاریکی ئەرشیفی هونەری کوردی یە، هەربۆیە کردنەوەی پێشانگاکانی زۆرترین خەڵك سەردانی کارەکانی دەکەن وە لە پارکەکانیشدا ناوی ڕێبین حەیدەری وەکو هونەرمەندێکی کورد هەڵکۆڵراوە بۆ ناسینی ئەو کارانەی کەهەرگیز نامرن، وە تەمەنەیکی دوورو درێژیان هەیە.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ڕزگار فەقێ عەولا

ڕەواندوز ئەو شارەی کەناسراوە بە تۆپەکەی وەستا ڕەجەب و مێژوویەکی دیرۆکی هەیە لە کوردستانی باشوور وە خاوەنی چەندین نوسەرو هونەرمەندو مێژوو نووسە، هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا لە ساڵی ١٩٦٤ لە ڕەواندوز لە رۆژهەڵاتی باکووری پارێزگای هەولێر لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی لەو شارە تەواو کردوە وە ناوەندی لە پارێزگای هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، لەساڵی ١٩٨١ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی لەبەشی شێوەکاری





وەرگیراوە، لەتەمەنی هەرزەکاری یەوە خولیای هونەرو شێوەکاری بووە، هەربۆیە دەست و پەنجەیەکی ڕەنگینی هەبووە لە بواری هونەری شێوەکاریدا، بێگومان سەرەتا هونەریەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کاری بناغەی ئەکادیمی کەمامۆستایان عەلی جۆلا و بەختیار قەفتان و عەبدواللە ڕەسول و کوردومحمد عەلی سەرەتای ئەو پەیمانگایە بوون کەلەشاری سلێمانی کرایەوە وە مامۆستا هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا بوون. لەساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ٢٠٠٠ خاوەن ٣٢ بەشداری کردن بووە لە کوردستان و دەرەوەی ووڵات، ئێستا مامۆستایەکی چالاکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە لە شاری هەولێر، وە چەندین قوتابی هونەرمەندی پلە بەرزی فێری هونەری شێوەکاری کردوە، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی یە لە پارێزگاکانی کوردستان وەکو هەولیرو دهۆك و سلێمانی و ڕەواندوز، وە بە شداریەکی بەرچاوی هەیە لە بۆنەو یادە نیشتیمانی یەکاندا. کارەکانی هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا ئەو کارانانەن کە سەرەتای ئەکادیمی و دواتر ڕیالیستی دەربڕین خوازی و بەرەو ئابستراك و دواتریش بۆ ڕەنگە گەرمەکان کە کەلتوورێکی ئێجگار پڕ و چڕ لە خۆدەگرێت، وە قوتابخانە جیاجیاکانی هونەری شێوەکاری جیهانی تاقی کردۆتەوە بەو کەرەستەو خامەیەی کە بریتی بوون لە پاستیل وقەڵەمی ڕەش و بۆیەی ئاوی و ڕۆنی و گواش و ئەکریلیك و پۆستەر و فۆتۆگرافیك. ئەم کەرەستانە دەوڵەمەندی ڕووبەری کارە هونەرەیەکانی ئەم هونەرمەندە دەخاتە ڕوو، وە توانیویەتی لەنێوان ئەم کەرەستانەدا زۆرترین ئەزموون و بابەتی



زیندوو بخاتە ڕوو، وەباسی ئەو بەسەرهاتانە دەکات کە میللەتی کورد بەدرێژایی مێژوو بەسەری هاتووە، هەربۆیە لە بۆنە نیشتیمانیەکاندا بەشداریەکی بەچاوی هەبووە، لە کەلتووری کوردیشدا ئەو دەموو چاوە کوردیانەی کێشاوە کە هەڵ قووڵاوی گوندو شارو ناوچەکەیە، هونەرمەند ڕزگار فەقێ عەولا یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە ٢١ / ٨ / ١٩٨١ لە هۆڵی قوتابخانەی پاشای گەورە لە شاری ڕەواندوز کردۆتەوە کە ١٧ کاری هونەری لە خۆ گرتبوو. مامۆستایەکی پڕ لە ئەزموونە لە هونەری شێوەکاریدا وە پەروەردەیی یە بۆ داهاتووی لاوەکانی کورد لە کوردستاندابە فێر کردن و دەوڵەمەند کردنی هونەری شێوەکاری کوردی.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو شادان عەلی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو شادان عەلی لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، ئارەزووەکانی ژیانی هونەر بووە، ئەوەش ئەو سەرەنجە سەرەتایی یە بووە کە هونەر مرۆڤ پێ دەگەیەنێت وە ئاشنای دەکات بە جیهانی مرۆڤ و مرۆڤایەتی، هەربۆیە لەساڵی ١٩٩٤ وە تێکەڵ دەبێت بە دونیای هونەرو هونەرمەندان کورد بەتایبەتی لە شاری سلێمانی لە ڕەخساوی ئەو تێکەڵ بوون و هونەرەیە، جیهانی نوسین و هونەرو هۆنراوە بەشێکی تایبەتی ژیانی هونەرمەندە، هەربۆیە هونەرمەند شادان لە و جیهانەدا پەرەی بە زمانە هونەریەکەی داوە

وە توانیوێتی هەلبەستە هونەر بکاتە پەرتووک. هەرچەندە هونەرمەند دەرچووی پەیمانگای شاری سلێمانی یە بەشی کارگێڕی، بەڵام تێکەڵ بوونی بە جیهانی هونەرمەندان و بەردەوام وێنە کیشان جیهانێکی تری ئەم هونەرمەندە بووە، بەشداریەکی بەرچاوی هەیە لە پێشانگا هاوبەشەکان بەتایبەتی لە شاری سلێمانی وە وە گەرمیان وەلە وولاتانی وەکو تورکیاو ئەڵمانیا و جوۆرجیا. هەموو مرۆڤیك کارتێکراوێکی تایبەتی خۆی هەیە وە هەر وەرزێك یان ساڵێك لەسەرەتادا هونەرمەندێك بە ڕووخساری تابلۆکانی یەوە دیار دەدات، ئەوەی لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند شادان عەلی دا بەدی دەکرێت کارتێکراوی کارەکانی هونەرمەند ئاری بابانە، لە ڕوخساری مرۆڤە باریکەکان، وە کارتیکراوی قوتابخانە سوریالیزمە جیهانی یەکەیە کە سەرەنجی جیهانی ڕاکێشاوە، هەندێك جار کارە هونەریەکانی دەگەڕێتەوە بۆ دونیای قوتابخانەی ڕیالیستی یان دەربڕین خوازی، ئەمەش هەر ئەو ڕێچکە هونەری یەیە کە هونەرمەند شادان عەلی ویستویەتی نمونەی کارە هونەریەکانی خۆی تێدا نمایش بکات، وەلە ڕووی کەرەستەشەوە بەو ڕەنگە ڕۆنیانە دروست کراون کە تەمەنی مانەوەیان درێژ خانەیە، لە پرۆسەی هونەرو بەردەوام بوونی کاری هونەری لەلای هونەرمەند شادان عەلی وەکو ئافرەتێك، خانەوادەکەی زۆر هاوکاری کردوون، وە ئەوان ئەو زەمینەیان بۆ ڕەخساندوە کە بەردەوام بێت لەکاری هونەری وە پێشانگا کردنەوەو بەشداری کردن لە پێشانگاکاندا، زۆر جار کارە هونەریەکانی نمایش



کردوە بۆ فرۆشتن و ئاڵوگۆڕ کردن، ڕووەك و دارو سروشت بەو شیوە سوریالیزمە، دەربڕینێکە کە بیرۆکەی مرۆڤەکان و ئازارەکانی لەو قوتابخانەیەدا کۆ دەکاتەوە وە بیرۆکە ڕۆمانسیەکانیش وەکو ئافرەتێك لەو تابلۆیانەدا کۆ دەکاتەوە، هونەرو هەڵبەست دوو دەرگای هونەری و کەلتوورین بۆ هونەرمەند خاتوو شادان کە دەیەوێت هەناسەیەکی هونەری تێدا هەڵبمژێت.







## هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد دارا حەمە سەعید

هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد دارا حەمە سەعید شاکارێکی کورد کە بە هونەرمەندێکی ناسراوی جیهانی و کوردی دەناسرێت هونەرمەند دارا حەمە سعید کەلە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. ساڵی حەفتاکان ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدادی تەوا کردوە لەبەشی پەیکەرسازیدا، وەلە ساڵانی حەفتاکان بە پلەی یەکەم دەچێتە ڕۆما پایتەختی هونەرو پەیکەرسازی جیهانی.. ئیتاڵیا.. بۆ تەواوکردن وپەرە پێدانی هونەری جیهانی، دوای قۆناغەکانی هونەری پەیکەرسازی ئەکادیمای هونەرە جوانەکانی ڕۆما تەواو دەکات. لەساڵانی ١٩٨٤



بەدواوە دەگەڕێتەوە شاری سلێمانی وە بوە بە مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی پەیکەر سازی، هەر لەو ساڵانەدا بەرنامەیەکی هونەری شێوەکاری لەتەلەفزیونی کەرکووك پێش کەش دەکرد، سەبارەت بە هونەری پەیکەرسازی و هاوچەرخێتی و فەلسەفەی هونەرو مرۆڤ و بەجیهان بوون، لەساڵانی نەوەتەکانەوە بوو بە مامۆستایەکی پرۆفیشیناڵ و توێژەری لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان لە شاری سلێمانی. هونەرمەند دارا حەمە سەعید بەو شاکارە هونەرە هاوچەرخە جیهانی یە دەناسرێت کە ئاستێکی ئێجگار بەرزی بەدەست هێنا لە ڕۆما بە دروست کردنی ڕیلیڤ وە مەدالیا. جێگای سەرسوڕمانی هەموو پرۆفیسیور توێژەرەکانی ئەوروپی بوو، لە چەندین مۆزەخانەی جیهانی کاری هونەری ڕیلیفی هەیە وە بە شێوەیەکی بەرز بە کەرەستەکانی برۆنزو ئاڵتوون و زیو داڕێژراوە وە پارێزراوە، هونەرمەندێکە خاوەن توانا و بەهایەکی گەورەیی هەیە لە مۆدێلی پەیکەر سازی و بەشەکانی پەیکەر، وە زانستیەکی ئێجگار گەورەی هەیە لە مێژوو و سەرهەڵدان و ئەرشیفی هونەرو زانستە هونەری یەکان، زۆر لەکارە هونەریەکانی لەکوردستانی باشوور لە گۆڕەپان و باخچە و مۆڵ و دەزگاکان دانراوە، باری سیاسی زۆرجار ڕێگر بووە بۆ ڕازاندنەوەی کوردستان بەو پەیکەرانەی کەلە دەرەوەی وولات قیمەتی دەدەنێ، بەڵام هونەرمەند دارا هیچ کات کۆڵی نەداوە وە بەردەوام بووە لە نمایش کردن و پێگەیاندنی قوتابی کوردو چالاکیە هونەریەکانی لەکوردستان و دەرەوەی کوردستان. ئەگەر لەبابەت و ناوەڕۆکی کارە



هونەریەکانی هونەرمەند دارا حەمە سەعید وورد ببینەوە مێژوو گرنگی تایبەتی هەیە بەتایبەتی هەڵکۆڵینی پۆرتریتی ناسراوەکانی کورد وە ئەفسانە کوردیەکان وە مرۆڤ و دەوروبەر وە مرۆڤ و مرۆڤایەتی، ئەمانە هەموو بابەتی زیندووی کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندەن، تەکنیک و جۆرەکانی ڕیلیف لە ساڵاکانی هەشتاکان لەدوای گەڕانەوەی لە ووڵاتی ئیتاڵیا نمونەیەکی نوێ بوون بۆ هونەری کوردی وە هونەری عێراقی و عەرەبی لەناوچەکەدا، وە پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە قوتابی فێری ئەو هونەرە شاکارە بن، زۆر لە قوتابیەکانی هونەرمەند دارا حمە سعید ئێستا بوون بە هونەرمەندی ناسراوی کورد لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان، وە زۆریان ناوەکەی مامۆستا دارایان هەڵگرتووە، بۆیە وەفای



ئەو مرۆڤە بۆ کورد وە بۆ داهاتووی لاوی کوردستان گەلێك زۆرن. ئیتالیەکان بەپەرۆشن هونەرمەند دارا حمە سعید بگەڕێتەوە نێو دەزگاکانیان بۆ کاری هونەری کەبەهایەکی ئێجگار گەورەی هەیە لەلای ئەوان، وە پارەیەکی ئێجگار زۆریان دەست دەکەوێت لەو بارەیەوە، بەلام هونەرمەند دارا لە قورسترین ڕۆژگاردا کە ٨ ساڵی شەڕی ناوچەکە بوو لە ساڵی هەشتاکان ئەو غوربەتەی ڕەت کردەوە وە سلێمانی وکوردستانی پێ گرنگ بوو، هەربۆیە تاوەکو ئێستاش زۆر بەکەمی سەردانی دەروەی ووڵات دەکات، تەنها بۆ کاری هونەری نەبێت، مێژوو هەرچۆنێك بێت، جێگە پەنجەی شاکارەکانی هونەرمەند دارا حەمە سەعید وەکو شایەت حاڵێکی هونەری لە کوردستان و جیهاندا دەمێنێتەوە بۆ لاوەکانی داهاتوو.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عوسمان نیک منش

هونەرمەندی شێوەکارو پەیکەرسازی کورد عوسمان نیک منش کە لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سنە ی رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە. ژیانێکی پڕ لە کوردەواری و کەلتووری و ناسنامەی کوردی هەڵگرتووە، سەرەتایی ژیانی خوێندنی هەر لە شاری سنە کە ناسراوە بە کوردستان تەواو کردوە، هونەرێکی خۆڕسکی و ئەکادیمی بووە بە بناغەی کارە هونەریەکانی کە ڕەنگ دانەوەی کەلتووری ڕۆژهەڵاتی وە کوردی ناوچەکەی تێدا بەدی دەکرێت، هونەرمەند عوسمان چالاکیەکی زۆر بەرفراوانی هەیە لەناوچەکەدا، هەر لە سەرەتایی ژیانی هونەری یەوە تاوەکو ئیستا بەبەردەوام وە بە



بێ دابڕان لە زۆر کەرەستەتە سیماو بابەت و فۆرم و جوانی گوندو شارو پانتایی دەشتی ناوچەکەی کێشاوە، بەتایبەتی لەناوچە کوردەواری یەکاندا، وە لە هۆڵ وگەلەری یە ناسراوەکانی ووڵاتی ئێراندا چالاکی هونەری ئەنجام داوە. دار و گەچ و بەردو قوڕ و کەرەستە جیاوازەکان هەموو ئەمانە




نمونەی ئەوکارانەن کە ماڵەکەی هونەرمەند عوسمان نیک منشی پڕ کردۆتەوە، شاری سنە کە شارێکی کوردەواری و کورد نیشینە زۆربەی لاو نوسەرو ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی ئەم شارە هونەرمەند عوسمان دەناسن بە چالاکی و کارە هونەریەکانی یەوە. ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە بگرین لە ڕووی تەکنیکی هونەری یەوە ئەوا بەو ئەندازەیە کاری کردووە کە هەموو قوتابخانە جیهانی یە ئەکادیمی یەکانی تێدا بەرجەستە دەکرێت، وە زیاتر ڕیالیستی دەربڕین خوازی بەو کەڤرو دارانەی کە بێ گیانن وە ئەستەمن بۆ دارشتیان، بۆیە دارشتن بەو خامانە زەحمەتی و گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، وە بابەتی هەڵبژاردەی فۆلکلۆری کوردەواری ئەو تایبەتمەندێتی یە کە لە کارەکانی تێدا بەدی دەکرێت لەبەکارهێنانی فۆرمی جلو بەرگی کوردی

وە کەسایەتی کوردی وە ئازارەکان بە شێوەیەکی دەربڕین خوازی، ئەمانە هەموو نمونەیەکی زیندوون لە داڕشتی کارەکاندا. پۆرتێرێت و کێشانی تابلۆکان بە هێڵکاری و ڕەنگ ڕوویەکی تری کارە هونەریەکانی هونەرمەند عوسمان چونکە جوانی سروشتی کوردستان ئەو ڕەنگ دانەوەیەی هەیە لەسەر هزری ئەم هونەرمەندە، بەشداریەکانی هونەرمەند گەلێك زۆرن



بەتایبەتی لە هۆڵی گەلەری سوورە لە سنە وە لە تاران وە لە شارەکانی تری کوردستان و ئێران. هاوچەرخێتی هونەری نوێ نمونەیەکی تری بەکارهێنانی بابەتەکانی هونەرمەندە، بەو شێوازانەی کە لە شێوەی مجسم پەیکەرسازی دا بەدی دەکرێت، وە هێنانە ناوەوەی کەرستە متاڵەکان واتە ئاسن و تەنەگە یان بابەتی بەردی وە ڕێکخستنیان بە یەکتری یەوە، ئەمانە هەموو پێشکەوتووخوازی کارە هونەریەکانن لە پرۆسەی هونەری هونەرمەند عوسمان دا. نمایشی کارە هونەریەکانی لەگەلەری سورە چالاکی یەکی تری هونەرمەند بوو لە شاری سنە لە شەقامی فیردەوسی کە کۆی کۆمەڵە کاریکی هونەری باس لە ئازارو رازی ئەو مرۆڤانە دەکەن کە وونن بەدوای ناسنامەی کەلتووری و نەتەوایەتیدا.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد سامان ئەبو بەکر

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سامان ئەبو بەکر لە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، قوتابخانەکانی سەرەتای و ناوەندی لەکەرکووك تەواو کردووە، وە پەیمانگای هونەری تەکنیکی لە ساڵی ١٩٩٠ تەواو کردووە. یەکەم پێشانگای تایبەتی لەساڵی ١٩٨٥ لە هۆڵی ئامادەیی پیشەسازی کردۆتەوە، لەساڵی١٩٨٦ دووەم پێشانگای لە هۆڵی هونەری نوێ ی کەرکووك کردۆتەوە، بەشداریەکی زۆری هەیە لە پێشانگاکان لەگەڵ هونەرمەندانی سلێمانی و کەرکووك و هەولێرو دهۆك، وە بەشداری کردووە لە پێشانگاکانی دەرەوەی وولات وەکو “ئەڵمانیا و هۆڵەندا و ئوردن و میسر”. بەشداری لە ئاهەنگ و

بۆنەکانی کارەساتەکانی میللەتی کورد کردوە وەکو یادی هەڵەبجەو ئەنفال، بەو تابلۆیانەی کە دەربڕین لەکارەساتی گەلی کورد دەکات. هونەمەند سامان ئەبو بەکر یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە ناسراوە لەنێو هونەرمەندانی کوردستاندا وە بەتایبەتی ئەندامێکی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە. ئەگەر دیدەیەك لەجۆرو بابەت و ماتریاڵی هونەرمەند سامان ئەبو بەکر بگرین ئەوا لەوێ وە دەست پێ دەکەم کارەکانی ڕیالیستی ئەکادیمین وە تاوەکو ئێستاش لە سەر دوو ستایل کار دەکات یەکێکیان ڕیالیستی ئەکادیمی وە ڕیالیستی دەربڕین خوازی، هەندێك جار دەیەوێت خۆی نزیك کاتەوە لە ئابستراك وە قوتابخانەی "تەکعیبی"، ئەمە بەو واتایە دێت کە نایەوێت لەسەر یەك قوتابخانەو یەك ستایل کارەکانی بناسێنێت بە خەڵك، وە لەهەمان کاتدا تاقی کردنەوەکانی هونەری شێوەکاری گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لە پرۆژەکانیدا. کەرەستەکانی هونەرمەند سامان ئەبو بەکر لە قۆناغێکەوە دەگۆرێت بۆ قۆناغێکی تر، واتە ئەگەر سەرەتا بە کاری هێڵکاری و دواتر بە ڕەنگی باستیل و بۆیەی ئاوی، ئێستاش لە قۆناغی کاری ڕۆنی یە کە تەمەن و مانەوەی کەرەستەکان درێژ ترو بەتەمەن تر دەبن. وەکو ناوەڕوەك فۆرمی کارە هونەریەکانی، ئازارەکانی میللەتی کورد یەکێکە لەو فۆرمانەی کە ناوەڕوەکی تابلۆکانی گرتۆتەوە، ڕەنگ دانەوەی ژیانی ڕۆژانەی میللەتی کورد وەکارەساتەکان بە شێکی زۆری فۆرمی تابلۆکانی هونەرمەندن وە کێشانی وێنەو شێوازی کەرکووك چ لە بازاڕو قەڵاو پۆرترێتی دەموچاوی هونەرمەندو گۆرانی بێژ وەکو مامۆستا عەلی مەردان لەنێو





گۆڕەپانی شاری کەرکووکدا کە گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، وە گوزەر کردن بەنێو بازاڕەکانی ڕەحیم ئاواو شۆرجە و جووت قاوە و شەقامی کۆماری ئەو سیمایانەی کێشاوە کە تایبەتمەندێتی ئەو شارەی لە نێو تابلۆکانیدا پاراستووە، کێشانی وێنەی سروشت و چیاکان زۆر جار بابەتێکی تری ئەم هونەرمەندەن واتە ئامادەیی هەیە لە سروشدا هەروەك جارێکی تر دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی بناغەی ئەکادیمەیەت. لەسەر ئاستی تەکنیکی هونەری پلەیەکی بەرزی بەدەست هێناوە بەتایبەتی بەو پانتایەی کە تابلۆکانی تێدا کێشاوە، هونەرمەند سامان ئەندامە لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی وە خاوەن ٣٤ بڕوانامەی ڕێزلێ نانە کەلە پێشانگا و هاوبەشیەکاندا بەدەستی هێناوە.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەبدول موتەلیب گەردی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەبدول موتەلیب گەردی لەساڵی١٩٧٤ لە پارێزگای هەولێر لەدایك بووە. هونەرمەندیکی ناسراوی شاری هەولێره لەساڵانی هەشتاکانەوە کارو چالاکی یەکانی هونەرمەند بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتە نێو دیدەیی ڕۆشنبیران و هونەرمەندان، قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆی سەلاحەدینی لە شاری هەولێر تەواو کردوە، هەڵبژاردەی هونەری شێوەکاری کردوە چونکە خۆی لە ناو ئەو جیهانەدا دۆزیتەوە، بەو قۆناغەی کە ڕەنگ بناغەی کارە هونەری یەکانێتی وە هەڵبژاردەی فۆلکلۆرو کەلتووریی یەکێکە لەو بناغانەی کە کارتێکراوی




تیادا ڕەنگ دەداتەوە، بە شداریەکی بەرچاوی هەبووە لە پیشانگاکانی هونەرمەندانی کوردستان بەتایبەتی پێشانگا تایبەتیەکانی هونەرمەند عەبدول موتەلیب لەساڵانی ١٩٩١ وە هەنگاوێکی تری بەرچاوی بینیوە لە گەلەریەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك و دەرەوەی کوردستان. تێڕوانینێك لە کارە هونەریەکانی هونەرمەند گەردی بدەین زۆر جیهانێکی تایبەتی تێدا ڕەچاو دەکەین، لەوانە کەلتووری کوردی چ بە جل و بەرگ و کەرەستەی گوند نیشینەکانەوە وە چ لە ئەفسانەو چیرۆك بەسەرهاتی ژیانی کوردەواری لە کوردستاندا، ئەم باسانەی لە چوار چێوەی تابلۆکانیدا نەخشاندوە بە قوتابخانەی هونەری ڕیالیستی دەربڕین خوازی و ەئارابسك، لەکۆمەڵە کارێکیشدا پەیی بردوە بۆ کاری قوتابخانەی هێماخوازی، چونکە بابەتەکان وە ڕووداوەکان وایان پێویستە کە هونەرمەند بە پی ی ئەو فۆرمە دەست نیشانی قوتابخانەکە بکات، لەلایەکی ترەوە هەڵبژاردەی ڕەنگەکان وە ستایلی ئەو هەڵبژاردەیە، هونەرمەند گەردی ئەو قۆناغەی خستۆتە ڕوو کە ڕەنگەکان جیاوازیان هەیە لەگەڵ هونەرمەندێکی تر ئەوەش بە هەڵبژاردەی رەنگە گەرمەکان لەنێو کارە هونەریەکانیدا، میللەتی کورد کە کەلتوورو ژیان و هەڵبژاردەو زمانی جیاوازە لەگەڵ نەتەوەکانی تری ناوچەکە، لە رەنگەکانیشدا ئەو جیاوزی یە لەجلو بەرگدا بەدی دەکرێت وە رەنگە چیایەکان بوون بەو فۆرمەی کە هونەرمەند دای ڕشتوە، بە شێوەیەکی هونەری هاوچەرخی کە ئێستا جیهان چاوی لی گرتووە، لەهەندێك کاردا هونەرێکی دەربڕین خوازی پڕو چڕی تێدا بەدی دەکرێت،



ئەمانـەش بـەو ڕەنگـە ڕۆنـی و گواشـانەیە کـە تەمەنـی مانەوەیان درێـژ خایەنە، عەبـدول مەتەلیـب گـەردی کـە ئێسـتا هونەرمەندێکـی نـاسراوە و فەرمانبـەرە لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری هەرێمـی کوردسـتان بەتایبەتـی لـە بەریوەبەرایەتـی شـێوەکاری ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەیـە بـە خزمـەت کردنـی هونەرمەنـدان و پێشـانگا کردنـەوە بۆیـان لەهۆڵـی میدیـا ی شـاری هەولێـر. بابەتـی سـۆفی گەرێتـی واتـە خـەون و خەیاڵـی ئـەو مرۆڤانـەی کەلەنـاو ئـازارو بیـرو هـزردا دەژیـن ئـەو تابلۆیانـەن کـە هونەرمەنـد بـە شـێوەیەکی سـەرکەوتوو دایانـی ڕشـتوە بـەو جـل و بەرگـە کـوردی یـەوە وە بـە تایبەتـی جـل و بەرگـی ئافـرەت و نەخـش و بیـکاری ئـەو جـل و بەرگـە و ڕێـك خسـتنی ڕەنگـەکان وەکـو کۆنتراسـی هارمۆنـی ڕەنـگ، کەواتـە مـن دەتوانـم بڵێـم تایبەتمەندێتـی هونـەری کـوردی وە کەلتـووری کـوردی لەنێـو تابلۆکانـی هونەرمەنـد گەردیـدا دیـارو ئاشـکرایە و نمونەیەکـی تایبەتـی بەخشـیوە بـە خەڵکـی کوردسـتان.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عومەر دەروێش

هونەرمەندێکـی شـێوەکاری کـورد عومـەر دەروێـش لەسـاڵی ١٩٥٧ لـە شـاری سـلێمانی لەدایـک بـووە.. سـەرەتایی قوتابخانـەی ژیانـی لـەو شـارەدا تـەواو کـردوە، هونەرمەندێکـی شـێوەکاری نـاسراوی کوردسـتانە وە لەسـاڵانی حەفتاکانـەوە ڕۆڵـی گرنگـی هەبـووە لـە بزووتنـەوەی شـێوەکاری کـوردی لـە کوردسـتانی عێراقـدا، بەتایبەتـی بەشـداری کردنـی لەهەمـوو پێشـانگاکانی هونەرمەندانـی کوردسـتان کەلـە شـارەکانی سـلێمانی و هەولێـرو دهـۆک ئەنجـام دەدرا، وە یەکێکـە لـەو هونەرمەندانـەی کـە سـتایل و شـێوازی تایبەتـی کار کردنـی هەیـە لـە مێـژووی هونەرەکەیـدا،



لەسالآنی کۆتایی ١٩٩٠ وە لەئەوروپا دەژیت لە شاری ئۆسلۆ پایتەختی نەرویج. ئەگەر من بگەڕێمەوە بۆ ساڵەکانی هەشتاکان کە ئامادەبووم لە پێشانگاکانی هونەرمەند عومەر دەروێش ئەوا تایبەتمەندێتی ئەو هونەرمەندە لەوەدایە کە کەلتووری کوردی وە فۆلکلۆری کوردی هەمیشە وەلا نەناوە وە هەموو تابلۆکانی بیرۆکەی ژیان و ژیانداری کوردەواری تێدا بەدی دەکەیت بەتایبەتی ژیانی سەرەتایی گوندو و ئەوین داری،، هونەرمەند عومەر دەورێش ئەو ڕووح و گیانە مرۆڤایەتی





یەی کە تێیدایە ڕەنگ دانەوەی هەموو تابلۆکانێتی، هەر بۆیە لە کۆیی کارە هونەریەکانی ئەو ئەوینە مرۆڤایەتی یە خۆشەویتی یە ژیانداری یەیە کە کێشاویەتی، ئازارەکان بەشێکن لە تابلۆکانی، کۆتری ئاشتی و خانووی پێکەوە ژیان بەشێکی تری پێك هێنانی مرۆڤە لە تابلۆکانی، کچە قژ درێژەکە کە پڕە لە مۆسیقاو ئاواز وە ماچە رەنگاو ڕەنگەکان، ئەمانە هەموو نیشانەی تایبەتمەندێتی ئەو هونەرمەندەیە. لەکەرەستە بەکار هاتووەکانی هونەرمەند ڕەنگی ئاوی و پاستیل

سەرەتایی دروست کردنی ئەم هونەرمەندە بوون، دوا تر ڕەنگە ڕۆنی یەکان و ە گواش و ڕەش و سپی و ڕەنگە فێنکەکان بەشێکی تری قۆناغی هونەرمەندە لەکاتێکدا ئێستا لە وولاتی نەرویج دەژیت ڕەنگ دانەوەی ئاوو هەوای ئەو وولاتە ڕەنگ دانەوەیەکی راستەو خۆی هەیە لەنێو تابلۆکانیدا بەتایبەتی وولاتی نەرویج کە ساردە، هەموو رەنگە ساردەکان بوونیان هەیە لە کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندەدا، هونەرمەند عومەر دەرێش بەشداریەکی چالاکە لە نێو گەلەری و هۆڵ و ڤیستیڤاڵە هونەریەکانی وولاتی نەرویج دا بەتایبەتی ئۆسلۆ، کە وێستەگەی هەموو ئەو ئازارو غوربەتانەن هونەرمەند بە ترژیدیایەکی پڕو چڕەوە هێڵەکان و فۆرمەکانی دەکێشێت، مۆرکی کوردەواری و کیشانی ئەو نەخش و نیگارە کۆنە کوردەواریانە وە کۆڵانەکانی گەڕەکی مەڵکەندی و سابوونکەران و سەرشەقام ی شاری سلێمانی وە جل و بەرگی کوردەواری نمونەیەکی زیندوون لەنێو ڕووبەری کارە هونەریەکانی دا، هەر بۆیە دیدەیی مرۆڤە ئەوروپی یەکان زۆر بە تامەزرۆوە ئەو کارانە هەڵدەسەنگێنن وە دیدەیی لێ دەگرن. تەمەنێکی درێژو سەر سپی کردێکی هونەری مێژوویەکی دروست کردوە بۆ هونەرمەندی کورد عومەر دەروێش.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عادل داود

هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان عادل داود لەساڵی ١٩٨٠ لە شاری حەسەکە، کوردستانی سوریا لەدایك بووە، قوتابخانەکانی سەرەتای وە ناوەندی لەو شارە تەواو کردوە، هەر لە سەرەتایی ناوەندی یەوە ئارەزووی هونەری نیگارکیشانی هەبووە، وە هونەر بۆتە ئەو ئارەزووەی کە پەرە بە کارەکانی بدات و بەردوام بێت لە کێشانی تابلۆکانی، بێگومان بە شداری کۆمەڵێك پێشانگای کردوە لە شاری حەسەکە وەکو لاوێك وە لە سەنتەری ڕۆشنبیری عەرەبی لەو شارە، ئێستا نیشتەجێ یە لە شاری ڤێنای وولاتی

نەمسا، سەرقاڵی کارو پێشانگاو ڤیستیڤاڵ و رۆژانی کەلتووری و پێشانگا تایبەتی یەکانە، هونەرمەند عادل داود وەکو هونەرمەندێکی کورد ناسراوە لەو وولاتەدا وە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە کارو پیشەکەیدا بە جۆرە دارشتنێك کە ڕەنگەکان و فۆرمەکان زۆر جیاوازن، وە ئاستی هونەرێکی بەرزو پرۆڤیشیناڵی هەیە، بەتایبەت لەهەڵبژاردەی قوتابخانە هونەریەکەی ئەویش ڕیالیستی دەربڕین خوازی یە کە هەموو بابەتەکان لە سەنتەرێکدا کۆیان دەکاتەوە، وە نزیك بوونەوە لە قوتابخانەی ئارابسك بە بەکار هێنانە ڕەنگاینە لە فۆرمێکی تێکەڵ و پێکەڵدا، ئەم جۆرە کارانە بە ئاستی هونەرێکی شایستەیە و تایبەتمەندێتی یەکی تایبەتی خستۆتەوە لە کارە هونەریەکانی هونەرمەندا. لەکەرەستە بەکارهاتووەکانی هونەرمەندا کاری ڕۆنی وەکو سەرەتایەک دواتر ئەکریلیک و کاری ڕەش و سپی کە مانایەکی تری هەیە لەدیدەی هونەرمەندا، وەکو پێووانەش هونەرمەند عادل لەو پێوانەیە دەرچووە کە لە کوردستان کاری تێدا دەکرد، ئێستا بە پێوانەی ٢ مەتر و ٣ مەتر کارە وهونەریەکانی لە گەلەری یە تایبەتیەکانی شاری ڤێنا نمایش دەکات، بێگومان بە شداریەکی بەرچاوی هەیە لە وولاتانی ئەوروپی وە لە گەلەری یەناسراوەکان بەتایبەتی لە ئەڵمانیا وە سویسرا وە فەرەنسا. پێوانە وە ئاسمانی دیدەیی زۆر گرنگە بۆ ئەم جۆرە کارانەی کە هونەرمەند عادل دروستیان دەکات و چاوی بینەر بە لای خۆیدا ڕا دەکێشێت ئەوەش بە گەلەری و هۆڵ و پانیای پان و







گەورە تا بینەر زۆر بە ئاسوودەیی واتە بە شێوەیەکی جوان تابلۆکان ببینێت وە دیدەیی تێدا بکات، لەگەڵ فۆرمەکانیش هونەرمەند ئەو ئازارە باس دەکات لەکارە هونەریەکان کە هەندێکیان لەوانەیە خەون بن، واتە قوتابخانە سوریالیزمەکە و دادایەکە کە هەڵقولاوی تابلۆکانن، ناسنامەی هونەرمەند عادل داود کوردستانی یە وە حەسەکە وێستگەی یەکەمی بوە بۆ هونەر، ئێستاش ڤینا وێستگەی ئەو خەمانەن کە وەکو کۆڵەکەیەك کۆچیان کردوە و باسی بەسەرهاتێکی قورسی ئەو بەشەی کوردستان دەکات.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد حەسەن فەتاح

هونەرمەندی شێوەکاری کورد حەسەن فەتاح ڕەسووڵ لەدایك بووی شاری هەولێرە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان تەواو کردوە لە ساڵی ١٩٩٥ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی شێوەکاری وەرگیراوە لەساڵی ٢٠٠٠ دیبلۆمی هونەری بەدەست هێناوە. وە لەساڵی ٢٠٠٦ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی سلێمانی تەواو کردوە، یەکێکە لەو لاوە چالاکانەی کە ٤٨ بەشداری پێشانگا گشتی و هاوبەشی یەکانی کردوە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی لوبنان و ئەمەریکاو ئەوروپا و تورکیا و ئێران.

ئێستاش لە وولاتی ئوسترالیا نیشتەجێ یەو لە زانکۆی رۆژئاوای ئوسترالیا لە قۆناغی دوومە بۆ دەست هێنانی ماستەر. ئەگەر ئێمە تێڕانێك بکەین بۆ کارەکانی هونەرمەند حەسەن فەتاح ئەوا بناغە سەرەتایەکە وەکو خۆی لە ڕادیوی ئیس بی ئیس ی ئوسترالی لە دیدارێکدا دەڵێت "من لە دیدەیی هونەری فلیمە کارتۆنەکانەوە چوومە ناو دونیای هونەر کە ئەمەش قوناغی منداڵی و هەرزەکاری بوو، هەربۆیە ساڵی ١٩٩٥ ئەو ئارەزوەم بەدەست هێنا". دواتر قوتابخانەی هونەری ڕیالیستی هەڵبژاردووە بۆ وێنەکێشانی چیاکانی کوردستان و ئازارەکانی کوردستان لەو تراژیدیایانەی کەبەسەر میللەتەکەماندا هاتووە، بەتایبەتی نوێترین کارەسات لەم سەدەیەدا شنگال و فرۆشتنی کچە یەزیدیەکانە لەلایەن داعشەوە، وە ١٤ / ٤ ی هەموو ساڵێك کە یادەوەری ئەنفال کیمیا باران کردنی کوردستانە ئەو پرۆژەیە کە ئێستا سەرقاڵێتی لە زانکۆی ڕۆژئاوای ئوسترالیا بۆ کردنەوەی یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی. کار کردن بە کەرەستەکانی وەکو ڕۆنی و هێڵکاری و ئاوی ئەو ڕێگایە کە سەرسامیەکەی لە مامسۆتایان هونەرمەندانی کورد عەزیز سەلیم و سلێمان شاکرد وەکو مامسۆتایەکی خۆی تەماشایان دەکات، وە لە هونەرمەندە جیهانی یەکانیش بابلۆ بیکاسۆ و میرۆ سەرسامی کردوە بۆ هەنگاو نان بەرەو جیهانی هونەر و قووڵ بونەوە لەنێو ئەو هونەرەدا، هونەرمەند حەسەن فەتاح دەیەوێت بەو ڕەنگە کەش و گەم و کوێستانیانە کە سروشتی کوردستانن تابلۆکانی خۆی بنەخشێنێت





و نمونەی ئازاری کوردستانی تێدا بخاتەوە وە هەموو جیهان چاو یان گوێ لە ئازارەکانی بگرن و کەلتووری کوردی و هونەری بناسێنێت بە جیهان لە ڕێگای کەڤاڵ و هونەرەکەیەوە. کەسایەتی و فەلسەفەی ئەو هونەرمەندە جیهانی یانە وەکو سیلڤادۆر دالی و بابلۆ بیکاسۆو کلیمیت بێنێتە ناو ژیانی خۆیەوە ئەوەش ئەو بیرو باوەڕەیە لە ڕێگای ئەزموونێکی پڕ و چڕەوە سەرەتایی ژیانی بۆ دروست دەبێت.. جینوسائید و ناسینی ئەو کارەساتە لە ئوسترالیا لە ڕێگای واژۆ کردنێك بە تابلۆکاندا پلانی هونەرمەند حەسەن فەتاحە لە ئێستادا بۆ ناساندنی تاکی کوردی ئێزیدی کە لەم سەدەیەدا.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد دارا ئارام

هونەرمەندی شێوەکاری کورد دارا ئارام کەلە شاری سلێمانی لەدایك بووە وە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو کردوە لەساڵی ١٩٨٠ وە ١٩٨١ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی وەرگیرا لەبەشی شێوەکاری کە یەکەم قۆناغی کردنەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو کە مامۆستایان هونەرمەندان عەلی جۆڵا و ئەحمەد سالار و بەدیعەدارتاش و ئەنوەر قەرەداغی و کوردۆ حمە عەلی و بەختیار قەفتان و مامۆستایانی تر پێشرەوی ئەو پەیمانگایە بوون، هونەرمەند دارا یەکێك بوو لە و قوتابیانەی کە بە گرنگی یەوە پەرەی





بە هونەرەکەی داو پێنج ساڵی پەیمانگای بەسەرکەووتویی تەواو کرد، قۆناغەکانی هونەرمەند زۆر ئەکادیمیانەو ڕیالیستی بوون وە ڕەنگەکانی زۆر سروشتی بوون لە کێشانی تابلۆی گوندە کوردستانی یەکان و کەلتووری کوردی بە شێوەیەکی ئەکادیمی وە بەشداری کرد لە چەندین پێشانگای پەیمانگای هونەرە جوانەکان و پێشانگای هونەرمەندانی کورد لەکوردستان و دەرەوەی کوردستان. قۆناغی هونەری هونەرمەند دارا ئارام لە دەرەوەی وولات بەتایبەتی لەکەنەدا قۆناغێکی زۆر گرنگی بە خۆیەوە بینی بەتایبەتی تێکەڵ بوون بە جیهانی هونەر لە دونیای کیشوەرێکی تر کە تازەترە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، ئەم گۆڕانکاریانە بوون بە هۆی ئەوەی کە ناوەڕوەك و فۆرمی شێوەی کارە هونەریەکانی گۆڕانکاریان بەسەردا بێت بەوەی کە هونەرە ئابستراکەکان و هێما خوازیەکان بن بە بەشێك لە تابلۆکانی، تاقی کردنەوەی ڕەنگەکان کە ڕەنگ دانەوەی سروشتی ئەو کیشوەرەیە بوون بە ڕووبەری تابلۆکانی وە ڕێکخستنیان لەنێو کەڤاڵەکاندا، هونەرمەند دارا ئارام هونەرمەندێکی چالاك و دونیای تێکەڵ بوونە بە هونەری جیهانی وە هونەرمەندانی کەنەدا بەتایبەتی لە تۆرینۆ کە سەنتەرێکی هونەری جیهانی ئەمەریکی و باکووری ئەمەریکی یە وە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە هەموو ڕووەکانەوە، بۆیە بازاڕی هونەری کڕین و فرۆشتن گەرموو گوڕیەکی ئێجگار زۆر بە خۆیەوە دەبینێت، وێستگەیەکی تری هونەرمەندا دارا ئارام بەریتانیایە کە لەوێش کۆمەڵێك چالاکی هونەری



لەم ساڵانەی دواییدا بە ئەنجام گەیاندووە بە تایبەتی پێشانگا تایبەتیەکانی کە جێگای سەرەنجی خەڵکی ئەو وولاتە بوون. سروشت لەلای هونەرمەند گرنگی و ڕەنگ دانەوەیەکی زۆری هەیە وە کاریگەری لەسەر کارەکانی داناوە، بۆیە دەست نیشان کردنی قوتابخانە هونەریەکە کە لە ئابستراك خۆی دەدۆزێتەوە ئەو جیهانەی کردۆتە گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری کوردی.





## هونەرمەندی پەیکەر سازی کورد شوان کەمال

پەیکەرسازێکی کورد لە کوردستانی باشوور هونەرمەند شوان کەمال لەساڵی ١٩٦٧ لە شاری سلێمانی لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٨٧ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی تەواو کردوە، لەساڵی ١٩٩١ بەکالۆریوسی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای بەشی پەیکەرسازی بەپلەی یەکەم بەدەست هێناوە، لەساڵانی ١٩٩١ تا ساڵی ١٩٩٣ مامۆستای پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وانەی هونەری وتۆتەوە. • هونەرمەند شوان کەمال هێزو توانایەکی بەرچاوی هەیە لەبواری هونەری داتاشین بەتایبەتی پەیکەری جوۆراو جۆر کە قوتابی



مامۆستای پەیکەرتاش دارا حمە سەعید بوە لە قۆناغەکانی خوێندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکان وە ئەزموونەکانی مامۆستای بەدەست هێناوە کە ئیتاڵیا وێستگەی ئەو تاقی کردنەوانە بوون، بۆیە وانەی مەدالیاو پەیکەری بەرز بەندی پلانی هونەرمەند شوان کەمال بووە لە ڕابردوودا کە خۆی تێدا قاڵ بکاتەوە، ماندێتی ئەم هونەرمەندە لە کارە هونەریەکانی و لە ژیانی خۆیدا زۆر بە بەرچاوی بەدی دەکرێت، بەتایبەتی لە ڕازاندنەوەی سارەکانی کوردستان و کارەکانی لە پێشانگا تایبەتی و گشتی یەکاندا، زۆر پرۆژەی هونەری لە شارەکانی کوردستاندابە ئەنجام گەیاندووە، بەڵام لە بەر بارودۆخی سیاسی کوردستان زۆربە ی ئە م کارانە شکێنراون و نەماون، لەو پرۆژانە : پە یکە ری (تۆفیقی کارە با) لەشاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٩١،پە یکە ری (حەمەسەعیدی ئەندازیار) لە بەردم فەرمانگەی کارەبای سلێمانی دانراوە لە ساڵی ١٩٩٢،پە یکەری (شەهیدانی چیمەن) ساڵی ١٩٩٣، پە یکەری رۆژنامەنووسی ئەڵمانی (گادگرۆس) لە هەمان ساڵدا،پەیکەری (بەختیار عەسکەری) لە هە ولێر ١٩٩٤ وگە لێك کاری هونە ری تر.. لە ساڵی ١٩٩٤ لە بەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و هە ڵگیرساندنی شەری ناوخۆ ناچار وڵات بەجێ دەهێڵێت و دەچێتە ئەوروپا، دوای ئەوەی (شوان) کە ماڵ و کوردستانی جێهێشت لە ساڵی ١٩٩٥ دە ستی کرد بە کاری بەردی مەڕمەڕ لە شاری (ئە سینا) لە یۆنان، لە ساڵانی ١٩٩٦ بۆ ٢٠٠٠. کاری قاڵبکردن لە سلیکۆن و ڵم و کۆپیکردن

و گەورەکردنـــی پەیکـــەر بەنوێتریـــن شـــێوە لـــە کارگـــە ی کیتـــڵ ســـەر بـــە ئەکادیمیـای هونـەر لـە شـاری دوسـلدۆرف لـە ئەڵمانیـا ئەنجامـداوە و لـە سـاڵی ٢٠٠٠ تـا ئێسـتا لێپـرسراوی بەشـی هونـەری مۆدێلـە بـۆ کۆپیکـردن و گـەورە کـردن لـە کارگـەی (ڕۆلـف کایـزە ر) بـۆ داڕشـتن لـە میتـاڵ و برۆنـز و ئەلەمینیـوم و ئاسـن لـە شـاری دوسـلدۆرف لـە ئەڵمانیـا، ئـەم کارگەیـە نـاسراوە لـە جیهـان و ئـە ورو‌پـا، ئـەو بەرهـە مانـەش کـە دروسـتکراون لەگەڵێـك لـە شـارەکانی جیهـان دانـراون وە ك




نیویـۆرك و سانفرانسیسـکۆ و پاریـس و لەنـــدە ن و بەرلیـــن، یەکێـــك لـــە کارەکانـــی تـــری (شـــوان کەمـال) دروسـتکردنی پەیکـەری مێژوویـــی (یارمەتـــی هـــەژاران)ە بـۆ شـارەوانی شـاری ئێلبرفێلـدی فوپەرتـاڵ لـە ئەڵمانیا کـە ئـەم کارەی لـە سـاڵی ٢٠١٠ بـە ئەنجـام گەیانـدووە، شـوان کەمـال لەهەمـان کاتـدا ئەندامـی یەکێتـی هونەرمەندانـی عێراقـە لەئەمەریـکا و ئـە ندامـی یەکێتـی هونەرمەندانـی ئەڵمانیایـە کـە نـاسراوە بـە (بـی بـی کا) و ئەندامـی یەکێتـی هونەرمەندانـی جیهانییـە بـۆ ریلیـف و مەدالیـا، شـوان کـە مـال ١٩٨٢ بـۆ ٢٠١٠ بەشـداریکردووە لـە زیاتـر لـە ٢٥ پێشـانگا لـە کوردسـتان و عێـراق و ئەوروپـا و چەندیـن خەڵاتـی هونـەری





بەدەسـتهێناوە، یەکێـك لـەو کارانـەی (شـوان کەمـال) کـە زۆر دە نگـی دابێتـەوە لـە ئـە ورو‌پـا بـە گشـتی و ئەڵمانیـا بەتایبەتی،دروسـتکردنەوە ی پـە یکـەری (ئەرنۆڵـد رۆسـی) مێژوویـی بـۆ شـاری فوپەرتـاڵ لـە ئەڵمانیـا کـە ئـەم کارەی لـە سـاڵانی ٢٠٠٩ تـا ٢٠١٠ بـە ئەنجامگەیانـدووە، پـرۆژە ی داهاتووشـی دروسـتکردنی پەیکـەری مۆسـیقاری جیهانـی (میندلسـۆن) ە بـۆ شـاری هامبـورگ لـە ئەڵمانیـا لەگـەڵ ئـەوە شـدا پلانـی بـۆ هەندێـك کاری مێژوویـی بـۆ گەلێـك لـە شـارە کانـی ئەوروپـا هەیـە، بـۆ دروسـتکردنی چـە نـد پـرۆژە یەکـی هونـەری جـوان لـە کوردستان،پێشـنیاری کـردووە بـۆ حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان کـە بـۆ مێـژوو چەنـد پەیکەرێـك لـە برۆنـز دروسـت بـکات بـۆ شـارەکانی.




## هونەرمەندی شیوەکاری کورد جەمال موشیر

هونەرمەندی شێوەکاری کورد جەمال موشیر لەساڵی ١٩٦٢ لەشاری هەولێر لە کوردستانی باشوور لەدایک بووە، هەر لە قۆناغەکانی سەرەتایی یەوە خولیای هونەرو ڕەنگ و جیهانی شێوەکاری بووە، لەقۆناغی ناوەندی چەندین کاری هونەری دارشتووە ئەوەش بۆتە هۆیەك بۆ پەرەپێدانی هونەرەکەی، تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئەکادیمەیەت و توێژینەوەی هونەری شێوەکاری بە شێوەیەك بوو کە پەیوەندیەکی باشی لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان پەیدا کردو بەشداری لە زۆربەی پێشانگاکانی هونەرمەندانی کوردستاندا کردوە بەتایبەتی لەساڵانی هەشتاکان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك بەشداریەکی بەرچاوی کردوە و خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی یە لە شارەکانی کوردستان. وە بەشداری لە کۆمەڵە پێشانگایەکی دەرەوەی وولاتیش کردوە. لەساڵی ١٩٩٢ مامۆستایەکی بەشدار بووە لە دامەزراندنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر لەبەشی شێوەکاری و چەندین قوتابی هونەرمەندی پێ گەیاندووە، ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند جەمال موشیر بگرین ئەوا تابلۆیەکی پڕو چڕ بەدی دەکەیت لەڕووی ناوەڕوەك و ئەکادیمیەت و ڕەنگ و توانای هونەریەوە، شارەزایەکی تەواوی هەیە لە قوتابخانە هونەری یە جیهانی یەکان، هەربۆیە ڕەنگ دانەوەی ئەو قۆناغە هونەری یە جیهانیانەی تێدا دەبینرێت وە زۆر لەکارەکانی بەڕەنگی ڕۆنی وە ئاوی وە ئەکریلیك بەکار هێناوە، لە ناوەڕوەکی بابەتەکانیدا پەنای بۆ کەلتووری کوردی بردوە بەتایبەتی فۆلکلۆری کوردی وە جل و بەرگی کوردی وە دەم و چاوی کوردی، وێنەی سروشتی کوردستانی کێشاوە بە و ڕێبازو قوتابخانەیەی کە هاوچەرخێتی سەردەمی پێوە دیارە، ئەندامێکی دەستەی باڵای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە، هەردەم ڕۆڵێ گرنگی هەبووە لە کۆکرنەوەی هونەرمەندانی کورد لە سەندیکاو ماڵێکی کوردیدا وە هونەرمەندێکی چالاکە و ناسراوە لەنێو جەماوەری هونەری دا لە کوردستانی باشوور، ئەگەر تەماشای ئەرشیفی هونەرمەند جەمال موشیر بکەین ئەوا نەك تەنها کاری شێوەکاری



ڕەنگی نمایش کردوە بەڵکو زۆر جار کاری پەیکەر سازی و هێڵکاری و گرافیک و نەخش کاری بەرهەمی هونەری هەبووە وە نمایشی کردوە، لە ڕووی ناوەڕوەکی تابلۆکانی یەوە هەردەم نزیک بوە لە کارەسات و وێران کاری و ڕەوشە سیاسی یەکانی کوردستان، هەر بۆیە تابلۆکانی گوزارشتی لەو ئازارانە کردووە، خۆشەویستی وە جوانی وە سروشت ئەمانەش بەشێکن لەبیرۆکەکانی هونەرمەند وە بابەتی ڕەنگ و مۆدرن و هاوچەرخێتی هونەر پرۆژەیەکی تری بەرهەمەکانی هونەرمەندە وە لە زۆر بۆنەدا ئەم کارانەی نمایش کردوە، وە لەپێوانەیەکی گەورەدا کە ٣ مەترو ٤ مەتردا کاری هونەری ئەنجام داوە.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ستار عەلی

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد لە باشووری کوردستان لە پارێزگای دهۆك هونەرمەند ستار عەلی لەساڵی ١٩٥٧ لە گوندی زێوێ سەر بە قەزای ئامێدی لەدایك بووە، سروشتێکی جوان و دڵ ڕفێنی بناری چیاکان و ناوچەیەکی گەشتوگوزاری و سەوز بەدارو چیاو ئاوو دۆڵ و پێ دەشتی سروشتی ئەو ناوچەیە، باگراوندی بیرو چاوەکانی ئەم هونەرمەندەیە، لەساڵی ١٩٧٩ تا ١٩٨٠ زانکۆی موسڵ کۆلیژی زانستی بەشی جیولوجی تەواو کردوە، لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی ئامادەیی بەشداری هەموو پێشانگاکانی قوتابخانەی کردوە و خۆی لەو

قۆناغەدا ماندوو کردوە بە کاری هونەری وە، لە ساڵی ١٩٨٣ یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە پارێزگای دهۆك کردۆتەوە و بەشداری کردوە لە هەموو پێشانگاکانی زانکۆی موسڵ لە بەغداو شارەکانی تری عێراق وەکو شێوەکارێك، بەشدار بووە لە هەموو پێشانگاکانی هونەرمەندانی کورد لە پارێزگاکانی کوردستانی باشوور وەکو دهۆك و سلێمانی و هەولێر، وە لەساڵی ١٩٩١ بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی کوردی کردوە لە ئەڵمانیا، جیهانی هونەری هونەرمەند ستار عەلی لەسەرەتادا ئەو هونەرە ئەکادیمیەت و ڕیالیستی یەیە کە بناغەیە بۆ داهاتووی قوتابخانەکانی تری هونەر و قووڵ بونەوە لەنێو جیهانە پڕو چرەکەی هونەری جیهانیدا، هەربۆیە چەندین تابلۆی دارشتوە وە بەشداری پێ کردوە لە پێشانگا جیهانی و ناوخۆیەکاندا وە ئەزموونێکی پڕ و چڕی هەیە لە تایبەتمەندێتی هونەرو فۆرمدا، بێگومان وەکو کەرەستەو بەکارهێنان هێڵکاری سەرەتایی کارەکان بووە و دواتر ڕەنگە ئاوی یەکان و ڕۆنی یەکان ئەمانە بوون بە باڵكێش لەنێو تابلۆکانی هونەرمەندا، لە پێوانەی کارەکانیشیدا پێوانەی جیاجیا دەبینیت واتە تابلۆیەك لە دوو مەترو سێ مەردا خۆی دەبینێتەوە، لە فۆرمیشدا هونەرمەند گوزارشتی لە بیرۆکە کوردیەکان کردوە یان دەمووچاوە کوردیەکان، ئەگەر ئێمە دیدە لە باگراوندی ئەم هونەرمەندە بگرین ئەوا سروشت کاریگەری ڕەنگی لەسەر بابەتە ڕامیاریەکانیش داناوە، چیاکان و تاشە بەردەکان و گوندە کوردەواری یەکان وە کەلتووری کوردی





لەجل و بەرگ و سروشتی کوردستاندا ئەو بابەتانەن لەنێو تابلۆکانی هونەرمەند ستار عەلیدا بەدی دەکرێت، هونەرمەند ستار عەلی هونەرمەندێکی ناسراوی پارێزگای دهۆکە وە بەشدار بوەیەکی ئامادەیە لەهەموو پێشانگاکاندا وەکو ووتم ئەزموونێکی پڕو چڕی هەیە لەسەر بناغەی ئەکادیمەیەت، بەڵام لەتابلۆکانی ئێستایدا قوتابخانەی دەربڕین خوازی ئەو شێوازەیە کە ڕێچکەی لەسەر داناوە، هیچ دووریش نی یە لەهونەری هاوچەرخ و مۆدرن، چونکە پەنای بردوە بۆ ئاسمانی ڕەنگ و تاشە بیرۆکەکان لەنێو ئاسمانی تابلۆکانیدا یان گوزارشت لەو جیهانەی لەبەشێکی بچووکە لەئارابسک، ئەمەش لێکدانەوەی هونەرمەندە لەتابلۆکانی ئەمرۆییدا، هونەرمەند ستار عەلی نەك تەنها

ژیانی لەنێو ڕەنگ و تابلۆدا تەرخان کردبێت بەڵکو لەسەر نوسراوو هونەری شێوەکاری و بابەتی هونەری و توێژینەوە لەسەر هونەر چەندین بابەت و بڵاوکراوەو سیمیناری پێشکەش کردوە وە دیزاینەرێکی چالاکیشە لەبوارە هونەریەکان، ئەوەی کە گرنگە وە جێگای سەرەنجە لە پرۆژە هونەریەکانی ئەو دەمووچاوو پۆرترێتانەیە کە بۆ نوسەرانی کوردی کێشاوە وە نوسەرانی کوردیش سوودێکی گەورەیان بینیوە لەو بوارەدا، بۆیە هونەرمەند ستار عەلی نمونەی هونەرمەندێکی سەرکەوتووی کوردە لەو دەڤەرەدا بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەرشیفی هونەری شێوەکاری کوردی.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد سەردار کێستەیی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سەردار کێستەیی کە لاوێکی داهێنەری وە تازەگەری هونەری شێوەکاری ساڵانی نەوەتەکانە وەلە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری دهۆك لە باشووری کوردستان لەدایك بووە، ئێستا لە نیویورك لە ووڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا دەژیت. من ئەو کاتەی کە هونەرمەند سەردار کێستەیم ناسی بەو کارە هونەریانە بوو کەلە سەر ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان کارە هونەریەکانیم بینی بەتایبەتی ئەو کارانەی کە پتر ئەکادیمی وە توێژینەوەری هونەری بوون و دەربڕینی لە

سیماو شێوەی کوردی دەکرد وەکو فۆرمەکانیشی دەربڕینی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانداری کوردستانی دەکرد، هونەرمەند سەردار کێستەیی ئەمرۆ خاوەن چەندین تابلۆو کاری گەورەو داهێنەرانەی هاوچەرخی سەردەمیانەیە وە توانیویەتی لەنێو گەلەری و قوتابخانە هونەریەکاندا جێگایەکی تایبەتی خۆی بکاتەوە بەو کارانەی کە ویستی بیرو هزی ئەم هونەرمەندەیە، ئەوەی کە جێگای سەرەنج و بیرو تێڕوانینە ئەو هاوچەخێتی یە مۆدرنە گەنجانەیەیە کەلە نێو کارەهونەریەکانیدا بەدی دەکرێت، ئەگەر ئێستا کارەکانی پتر قوتابخانەو ڕێبازێکی هونەری دەربڕین خوازی لە خۆ گرتووە بەڵام هەمیشە کارە فۆلکلۆرو کەلتووریەکانی خستۆتە پێش هەموو بیرو را جیهانی یەکان، هونەرە کاریکاتۆرەکانی هونەرمەند سەردار کێستەیی هیچ کات کەمتر نەبووە لەکارە هونەریە جیهانی یەکان کە لە لاپەڕە ڕۆژنامەکانی جیهاندا بڵاو بونەتەوە، بۆیە ئەو سادەو ساکاری یە لە هونەری کاریکاتیوریدا زۆر بە سەرکەوتویانە لە گۆڤاری هەرێم و گۆڤارە جیهانیەکاندا بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو ئەمەریکادا جێگای تایبەتی خۆی بکاتەوە، گرنگی هونەرەکەی بەستراوەتەوە بە گرنگی جۆری بیرو هزری هونەری ئەوم هونەرمەندە. ئەگەر دیدەیەکیش لەکارە شێوەکاریەکاندا بگرین ئەوا ڕیبازی هونەری دەربڕین خوازی بەهەموو ڕەنگەکانی یەوە هونەرمەند لەکارە کانیدا بەدی دەکرێت وە پەی بۆ بردوە، کارە هونەریەکانیشی وەکو دیوار بەندی وە پێوانەی جیاواز نمایشیان کردوە لە وڵاتانی








دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی پێشانگا تایبەتیەکانی لە پارێزگای دهۆك و دیاربەکر کوردستانی تورکیا و وولاتی سوئید و ئەڵمانیاو شارەکانی واشنتون و نیویورك ی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، لەساڵانی ۲۰۰۵ وە گەڕی تابلۆکانی هونەرمەند سەردار کێستەیی کە وولاتانی جیهانی لە خۆ گرتووە بەو کارانەی کە گەورەترن لە چوار مەترو سێ مەترو پانتایەکی زۆری لە دونیای هونەرو تازەگەری و فۆرمی کورد لەنێو ئەفسانەی کارەساتی کوردیدا گرتۆتەوە. نمونەی ئەوکارانەی کە ئەنجامی داوە هەردەم هێڵێکی گرنگی تێدا بەدی دەکەیت ئەویش فۆلکلۆری کوردی یە بە جل و بەرگ و سیمای ڕەنگ دانەوەی سروشتی کوردستانی تێدا بخاتە ڕوو، لە ڕوانگە تەکنیکی و تازەگەری یەکانەوە ئەو خاڵە دەبینیت کە تێکەڵ کردنی فۆرمی کوردی بە هاوچەرخێتی هونەری ئەویش هونەری ئەبستراکە کە ئەمرۆ جیهان پەیڕەوی دەکات و لەسەری دەڕوات و توێژینەوەی هونەری تێدا دەکرێت، هەر بۆیە هونەرمەند سەردار کێستەیش دەستی بۆ ئەو بابەتانە بردوە کە جیهان سەرسامیتی.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی سدیق

هونەرمەندێکی کوردی باشووری کوردستان هونەرمەندی شێوەکار عەلی سدیق لەساڵی ۱۹۶۳ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە کەرکووك تەواو کردوە لەساڵی ۱۹۸۱ و ۱۹۸۲ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی لەبەشی شێوەکاری وەر دەگیرێت، یەکێکە لەو هونەرمەندە ناسراوانەی شاری کەرکووك کەلە ساڵەکانی هەشتاکانەوە بەشداری و چالاکی یەکی تایبەتی هەبووە لە پێشانگاکانی هونەرمەندانی شاری کەرکووك وە تایبەتمەندێتی لەکارو پیشەو چالاکی یە هونەریەکانیدا دەبینرێت. لەساڵی ۱۹۸۵ پێشانگایەکی

هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند فەلاح عومەرو غازی محمد لە هۆڵی هونەری نوێ لەشاری کەرکووك کردۆتەوە، کە ئەزموونێکی چرو پڕی هونەری ئەکادیمی و بابەتی بوون لەو کاتەدا و دەربڕین بوو لە مرۆڤە وون بووەکان و ئەشکەنجە دانی کوردانی کەرکووك لە نێو بەندیخانەدا، ئەوەش بوو بە هۆی دیدەی جەماوەرێکی زۆری شاری کەرکووك. هونەرمەند عەلی سدیق بەو تەکنیك و شێوازە ناسراوە کە ووردەکاری و کلاسیکی لەکارە هونەریەکانیدا ببینیت لەو سەردەمەدا. قوتابخانەی ئەکادیمی سەرەتایی کارە هونەریەکانی بوون بەتایبەتی کاری هێڵکاری و پۆرترێت، دواتر بەرەو دەربڕین خوازی ستایلێکی هونەری کارە هونەریەکانی داڕشتبوو، قۆناغی پەیمانگای بەو شێوازە بردە سەر کە ئەکادیمیەتی پێ گرنگ بوو بۆیە زۆرێك لەکارەکانی ئەو دەموو چاوە هونەریە و لەش و سیمایانە بوو کە لە پەیمانگادا توێژینەوەی لەسەر دەکرا، بێگومان کەلتووری کەرکووك بەشێکە لە کارە هونەریەکانی هونەرمەد عەلی سدیق وە ئەزموونێکی گرنگ و باشی هەیە لە داڕشتنی کاری هونەری وە بابەتی وە سوودی زۆری لەمێژووی هونەری جیهانی وەرگرتووە، بەشداریشی لە زۆر پێشانگای گشتی هونەرمەندانی کەرکووك و شارەکانی تری کوردستان وە کو هەولێرو سلێمانی و دهۆك و گەرمیان کردووە. عەلی سدیق لەساڵانی هەشتاکانەوە کوردستانی بەجێ هێشت و رووی لە ئەوروپا کرد وە ژیانی لەیونان و هۆلەندا بەسەر برد، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کەرکووك کۆمەڵە کارێکی هونەری







نوێ هاتنە کایەوە، ڕیالیستی دەربرین خوازی کە تایبەتمەندێتی هەیە لە نێو کاری هونەری تردا، لەکەرەستە بەکار هێنراوەکان پشتی بە ڕەنگی ڕۆنی بەستوە، وە بێجگە لەوەی کەکاری هێڵکاریشی هەیە. بۆ زۆر لەیادو بۆنەکانی کوردی بەشداری کردوە وەکو ئەنفال و شەهیدان و هونەر، وە هونەرمەێکی دیارو ناسراوە لەکوردستانی باشوور. لە فۆرمی ناوەروەکی تابلۆکانی دواییدا باسی هەموو ئەو مرۆڤانە دەکات کە ماندوون لە ژیاندا وە کار دەکەن بۆ ژیان. هەندێڵ لەنێو گۆڕستانەکان وە هەندێك لەژێر داری ژیان وە هەندێك لەنێو ئاسن و متاڵەکان، وێنەی ئەو پاشماوە ئوتۆمۆبیلانەشی کێشاوە کە لە ڕێگای کەرکووك و لەیلان فڕێ دراون و کەلتوورێکی کۆنی ئەو شارەیە کە پەی بۆ بردوە، هونەرمەند عەلی سدیق سەرای سەختی ڕۆژگارەکان بەردەوامی لەهونەردا خستۆتە ڕوو.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەیان مانی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە باشووری کوردستان دکتۆر بەیان مانی کە دکتۆرای لە هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخی بەدەست هێناوە لەساڵی ١٩٩٧. لەساڵی ١٩٦٧ لە شاری خانقین لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٨٥ لە زانکۆی بەغدا وەرگیراوە، بەهۆی کاری سیاسی یەوە دوور خراوەتەوە، لەساڵی ١٩٨٨ بە لێبووردنی گشتی بەردەوام بۆتەوە لە زانکۆ تا ساڵی ١٩٩٢ زانکۆی بەغدای تەواو کردوە، لەساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە لەبواری هونەری پەیکەرسازیدا وە لەساڵی ٢٠١١ دکتۆرای هونەری پەیکەرسازی هاوچەرخی بەدەست

هێناوە. ئەندامێکی کارای هونەرمەندانی کوردستانە وە ئەندامێکی ڕێکخەری سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە و مامۆستایەکی پڕ ئەزموونە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی و چەندین قوتابی و هونەرمەندی پێگەیاندوە لە ئاستی هونەرێکی هاوچەرخ، ٢٨ پەیکەری هونەری لە گۆڕەپانی پارێزگاکانی کوردستاندا داناوە بەتایبەتی کاری برۆنز کە بابەتێکی دەگمەنە، هونەری پەیکەرسازی هونەرێکی قورس و زەحمەت و گرانە بۆ دەست نیشان کردن و کارکردن لەو بوارەدا، ئەوەی بۆ هونەری شێوەکاری بەشی ڕەنگ یان گرافیك یان هێڵکاری دەڕەخسێت بۆ ئەو پەیکەرسازی یەو ئاوها بەئاسانی نارەخسێت، چونکە جێگاو ڕێگاو ئەزیەتیکێکی زۆری دەوێت وەکو کەرەستە، وەکو بابەتیش هونەرمەند مامەڵە لەگەڵ چوار ڕووی بابەتەکە دەکات و دوورو نزیکی و بەرزی و مانەوەی کەرەستەکان گرنگی تایبەتی خۆی دەبێت، بۆیە هونەرمەندی پەیکەرساز هەردەم کارەکەی وە داهێنانەکەی قورسترو گرانترە وەك لە هونەرێکی تر، هونەرمەند بەیان مانی بێجگە لەکاری هونەری بەڵکو توێژینەوەو ئەزموونی تیوریشی هەیە لەو بوارەدا وە دەتوانم بڵێم شارەزایەکی وورد بینە لە دونیای هونەری هاوچەرخدا، هەربۆیە خوێندنی باڵای لا مەبەستە وە ئەمڕۆ قوتابیان بە فیلتەرو وورد بینی ئەم هونەرمەندەدا دەڕۆن بۆ وەدەست هێنانی بڕوانامەکەیان لەکوردستاندا بەتایبەتی لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان. ئەگەر چاوێك لەکارە هونەریەکانی



ئەم هونەرمەندە بگرین ئەوا بەکەرەستەی جۆراو جۆر کارەکان دەبینی وەکو برۆنزو چیمەنتۆ و کەچ و قوڕو دارو بابەتی تر لە پەیکەرە بەرزەکانەوە بۆ مەدالیاو ڕیلیف، وە نمایش کردنی هەموو ئەم کارانە لە پێشانگا تایبەتیەکان و گشتی یەکان بە قوتابخانەیەکی گرنگی هونەری پەیکەرسازی ئەویش ئەکادیمی وە توێژەرەوەیی دایانی ڕشتوە، بێگومان هونەریش لەو ئەکادیمیەتەوە دەست پێ دەکات لە بنچینەیی یە وە بناغەیی یە، ئەگەر زۆر هونەرمەندی تر هەیە خۆڕسکی یە وە ئارابسکی یە، بەڵام هونەرمەند بەیان مانی ئەو ئەکادیمی یە توێژینەوەیەی هەڵبژاردە کردوە کە بتوانێت قوتابی پێ بگەیەنێت وە هونەرێکی هاوچەرخی بخاتە ڕوو وە هونەری پەیکەر سازی کوردی دەوڵەمەند بکات، هونەری پەیکەرسازی لەلای هونەرمەند هاوچەرخی و مۆدرینی سەردەمە بۆیە پێگەیاندنی قوتابی و هونەر دەوڵەمەندی کوردستان دەخاتەوە، بەردەوامی هونەرمەند بەیان مانی وەکو پسپۆڕو شارەزایەکی ئەکادیمی هۆیەکە بۆ پێشخستنی کەلتوورو هونەر لەناوچەکەدا.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد جەعفەر کاکەیی

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد جەعفەر کاکەیی لەساڵی ١٩٥١ لە شاری خانقین لەدایک بووە، هونەرمەندێکی شێوەکاری ئارابسکی جیهانی یە وە لە دونیای ئەوروپا لەنێو هونەری شیوەکاری بە نمونەیەکی هاوچەخی مۆدرینی ئەم سەردەمە دەناسرێت، ئەزموونێکی چڕو پڕی کوردستانی و عێراقی و جیهانی هەیە وە کەم گەلەری و هۆڵ و زانکۆ و مۆڵ ونمایشگاکان نەماوە دەست و هونەرەکەی هونەرمەند کاکەیی پێ نەگەیشتبێت وە توێژینەوەی ئەکادیمی هاوچەرخی هونەری مۆدرنی ئەم سەردەمەی لێوە باس نەکرابێت وە نمونەی کارەکانی نەکرابێت بە سومبڵ و هێمای هونەری



سەردەمی، بەهۆی باوکی کە هونەرمەندێکی فۆتۆگرافی بووە لە شاری خانقین هونەرمەندی جەعفەر ئەو ڕێچکە هونەریەی گرت و لەساڵی ١٩٧٢ تا ١٩٧٦ بەکالۆریوسی لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی بەغدا بەدەست هێناوە، لەساڵی ١٩٧٩ بەرەو وولاتی ئیسپانیا بەرێ کەوتووە بۆ کارو خوێندن و تێگەیشتن لە هونەرو کەلتوورو ئەدەبیاتی ئەوروپا وە مێژووی زێڕینی هونەری ڕێنسانس و هاوچەرخی سەردەمی ئەمڕۆی هونەر لە جیهاندا، خاوەن چەندین خەڵاتی نێودەوڵەتی و ئیسپانی و ئەوروپی یە وە لەسەر هەموو ئاستەکان کاری هونەری شایستەی پێشکەشی جیهانی هونەرو مرۆڤایەتی کردوە بەتایبەتی هەڵبژاردەی کارەکانی لە مۆزەخانەکانی ئیسپانیاو ئەوروپا بەگشتی وە ئەمەریکاو وولاتە عەرەنییەکان بەتایبەت وولاتی مەغرب ودەزگا هونەری یە جیهانی یەکان بەتایبەت جوان میرۆ ی ئیسپانی و بانک و شارەوانی و مۆزەخانەو هۆڵەکان کارەکانی هونەرمەند جەعفەر کاکەیی لە خۆ گرتووە، ئەگەر من دیدەیەك لە هونەرەکەی هونەرمەند کاکەیی بگرم ئەوا ئەو هاوچەرخی یە ئابستراکە بەهێزم وە بیردەهێنێتەوە کەلە ماوەی سەدەی ڕابردوودا شۆڕشێکی هونەری جیهانی تێدا بەرپا بوو تەنانەت ئەم شۆڕشە هونەریە پەڕیوە بۆ وولاتە عەرەبییەکان، بۆیە هونەرمەند جەعفەر کاکەیی بە کاری ئابستراکی هاوچەرخی هونەری دونیایەك کارو چالاکی و ئەزموونی هونەری کەلتووری وولاتانی ئەوروپی دەوڵەمەند کرد، ئەگەر چی ناسنامەکەی کاکەیی کوردی یە، بەڵام هەردەم فۆرمەکانیشی ڕەنگ دانەوەی کوردستانی تێدا بەدەر خستوە بەتایبەتی





نەخـش و نیـگاری کـوردی لەنێـو جلـو راماڵ و کەرەسـتەکوردیەکان ئـەو فۆرمانـەن کـە لـە نێـو تابلۆکانـدا ڕەنگـی داوەتـەوە، کاکەیـی هونـەری گرافیکـی وەکـو بنەمایـەك تەرخـان کـردوە کـە هونەرەکـەی پێـش بخـات و قوتابخانەکانی هونـەری گرافیکـی خوێنـدوەو پسـپۆڕی تـەواوی لـەو بـوارەدا بەدەسـت هێنـاوە، هەربۆیـە شـارەزایەکی تـەواوی هەیـە لـە گرافیکـی ئەوروپـی و ئاسـیایی و ژاپۆنـی، قوتابخانەکـەی ئارابسـك و دەربڕیـن خـوازی لـە کارە هونەریەکانیـدا بـەدی دەکرێـت بـە شـێوەیەکی داهێنەرانـە وە تاقـی کردنـەوەی لەگـەڵ ڕەنگـە ئـاوی یـە مەرەکەباویـەکان ئەزموونێکـی درێـژی داوە بـە تازەگـەری لەکارەکانیـدا، هـەر بۆیـە لـە ئاسـتی کوردسـتان و جیهانـدا نازناوێتـی و ناسراوێتـی یەکـی گـەورەی هونەرمەندێکـی هاوچەرخـی بەدەسـت هێنـاوە.





## هونەرمەندی پەیکەرسازی کورد کامەران دارتاش

هونەرمەندی پەیکەرساز کامەران دارتاش ناسراوە بە کامەران نەجمەدین مەجید لەساڵی ١٩٦٨ لە پارێزگای کەرکووك لەکوردستانی باشوور لەدایك بووە، لە قۆناغی ناوەندی یەوە ئارەزووی کاری دەستی وپیشەیی هەبووە بەتایبەتی ووردە کاری وە مامەڵە کردن لە کەرەستە بێ گیانەکان وەکو دارو بەردو ئاسن و تەختە، ئەگەر کاری دارتاشی سەرەتایەك بوو بێت بۆ ژیان و مامەڵەی جوانکاری و داڕشتن و ڕێکخستنی بابەتەکان، ئەوا ئەو حەزە گوازراوەتەوە بۆ ئەو داتاشینانەی کە بەردو دارو کەرەستە جیاجیا کانی هونەری پەیکەر



سازی یە. سالانی هەشتاکان کە بە سەدەو سالانی زێڕین ناو دەبرێت لە ووڵاتی عێراق و کوردستانی باشووردا لە بوارەکانی وەکو ڕۆشنبیری و هونەری و کەلتووریدا، ئەوا هونەرمەند کامەران دارتاش یەکێك بوو لەو لاوانەی کە خۆی قووڵ کردەوە لەناو ئەو هونەرەدا وە تێکەڵ بوونی لەگەڵ هونەرمەندانی کەرکووک لەو ساڵانەدا، کارتێکراوی هونەرو هونەرمەندانی کەرکووك بە شێوەیەك بوو کە لە ماڵەکەی خۆیانەوە خەیاڵ و هزری بۆ کەرەستە بەردییەکان بڕوات یان بۆ قوڕ و ئاسن و تەختە، مامەڵەی هونەری و داڕشتنەوە لەگەڵ چوار ڕووی کەرەستەدا زۆر جیاوازە وەکو هونەرمەند لەگەڵ یەك ڕووبەردا مامەڵە بکات واتە گرانترو بەئەرک ترە، هەردەم هونەری هێڵکاری بە شێکە لە پلانەکانی هونەرمەند واتە لەهەر کارێکدا دەبێت هێڵکاری بناغەی پلان و داڕشتنی ئەو کارە وهونەری یە بێت. لەساڵی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ بە شداری یەکەمین و دووەمین پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووکی کردوە، لە پاش پرۆسەی ئازادی عێراق بە شداریەکی ئێجگار زۆری ئەنجام داوە بەو کارانەی کە نمونەیەکی زیندووی هونەری داتاشینی بەردو دار بوو، هونەرمەند کامەران بەو کارانە ناسرایەوە کە توانی شارەکەی واتە کەرکووك پڕ بکاتەوە بە جوانکاری شارو پەیکەرەکانی، بەتایبەتی بەکاری پێوانە گەورە و بە ڕێبازێکی ڕیالیستی دەربڕین خوازی وە لەهەندێك کاری تریشدا هونەری هاوچەرخی پەیکەرسازی نمونەی کارەکانێتی لە پارك و شەقام و ناو سەنتەری شاری کەرکووکدا، گرنگی


هونەرەکەی هونەرمەند کامەران دارتاش لەوەدایە کە لە ئەمڕۆدا کەم هونەرمەند دەتوانێت دەست بۆ بەردو قوڕو کەچ و دارو کەرەستە بێ گیانەکان ببات وە کەم هونەرمەند سەرقاڵی هەڵبژاردەی ئەم هونەرە دەبێت لەم کاتانەدا چونکە ماندوێتی و ئاستەنگی و زەحمەتی دارشتن و جێگا هۆیەکی زۆر گەورەن، ناوەڕوەکیش دیارە گرنگی یەکی تری ئەم هونەرمەندەیە بۆیە بێجگە لە جوانی فۆرمەکان بابەتی مرۆڤە وون بووەکان و ە ئازاری کوردستانی لەو پەیەکەرانەدا دۆزی وەتەوە کە مرۆڤ لەناو گەلەکەی خۆیدا دەژیت، بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لە یادە نیشتیمانی و نەتەوەیەکانی کوردا بەتایبەتی







یادەکانی وەکو شەهیدان و هەڵەبجەو نمونەی ئازایەتی و قارەمانێتی گەلی کورد لەم سەردەمەدا، ڕازاندنەوەی شارەکان بەتایبەتی سەنتەری شارەکان یەکێکە لەو گرنگی پێ دانەی کە شارستانیەتی و هاوچەرخی و مێژووی ئەو شارە زیندوو دەکاتەوە بۆیە هونەرمەند هەردەم پلانی ئەوە بووە کە گرنگی بە بڵاوبونەوەی هونەری پەیکەرسازی بدات لەنێو شارەکاندا وە کارەساتە میژوویەکان لە بەردو ئاسندا بپارێزێت. بەرد کە کەرەستەیەکی مردووە بەڵام لەلای هونەرمەند کامەران دارتاش بابەتێکی زیندووە بە حەزو ویستەکانی یەوە چونکە لەگەل دارشتنی ئەم بەردەدا خۆشەویتی یەکی ئێجگار زۆر دروست دەبێت تا ئەو بابەتەی هونەرمەند خەونی پێوە دەبینێت و لەدایک دەبێت و لە سەر کەرەستەیەکی بێ گیان دونیایەك دەربڕین و ڕوون کردنەوە دەداتە بینەران واتە بەرد بەتایبەتی مەڕمەڕ حەزێکی گرنگی ئەم هونەرمەندەیە، زۆرێك لەکارەساتەکانی ئەنفال و مرۆڤە بێ سەروشوێنەکانی کوردی کردۆتە ناو ئەو بەردانەی کە هەموو بینەران سەرسامی هونەری پەیکەرە داتاشینەکەی هونەرمەند کامەرانن دارتاشن.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاراس حمە حسین

ئاراس حمە حسین هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی باشووری کوردستانە لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە سالانی ١٩٨٧ تەواو کردوە بە شی شێوەکاری، بێگومان ئەو قوتابخانە کاریگەرەی تەواو کردوە کە مامۆستایانی هونەری فێری کردوون لە پەیمانگا ئەویش ئەکادیمیەت کە بنچینەی هونەرو دارشتنی هونەرە بۆ تێکەڵ بوون و شارەزایی پەیدا کردن لە سەر ژیان و مێژووی هونەر لە کوردستان و جیهاندا، پۆرترێتە ئەکادیمیەتەکانی بوون بەو هەنگاوەی کە




لەشی مرۆڤ و کەرەستە بێ گیانەکانەکان بکاتەوە بەگیانی ژیان و چاو، وە سروشتە جوانەکەی کوردستان بە چیاو دەشت و دارو بەفرو کوێستان و گەرمیانەوە بگوازێتەوە بۆ نێو تابلۆکانی، خاوەنی چەندین بەرهەمی جوان و لێهاتووە بەتایبەتی لە ساڵانی کۆتایی هەشتاکان بەشداریەکی بە هێزی هەبوو لە پێشانگای هونەرمەندانی کوردو سلێمانی و دەرەوەی وولاتدا، لە ساڵانی ١٩٩٨ وە کە گیرسایەوە لە هۆڵەندا پێگەی خۆی زیاتر داسەپاندو هاوبەشی هەموو پێشانگا پەنابەری و رێکخراوە هونەریەکانی دەکرد، ئێستاش لە شارۆچکەی زایست نزیك شاری ئوترێخت نیشتەجێیە وە توانی ئەکادیمیایی هونەری تەواو بکات لە هۆڵەندا، خاوەنی رێبازو تەکنیك و جۆرێکی تایبەتی کاری خۆیەتی کە لە قوتابخانەکانی ڕیالیستی و بەرەو سورریالیزمی دەڕوات، هەندێك جاریش کەلتووری کوردی کوردەواری خستۆتە خزمەتی کارە هونەریەکانی بە ڕێبازی ڕیالیستی، بەڵام لە پێوانەیەکی گەورەو پانتایەکی فراواندا کارە هونەرەیەکانی ئەنجام دەدات، بە کەرەستەی ئەکریلیك و ڕۆنی و گواش و ئاوی، هونەرمەند ئاراس حمە حسین ناسراوە لەنێو هونەرمەندانی کوردا وە ناسراویشە لە نێو رێکخراو دەزگاکانی هۆڵەندیدا بەو کارانەی کە نمونەی رەنگ دانەوەی هونەری کوردین، بۆ نمونە لە نێو کارە هونەریەکانیدا شێوەی جل و بەرگی کوردی وە چیاکانی کوردستان وە پۆشاکی کوردی سەدەکانی پێشوو دوبارە دەبێتەوە، لەلایەکی ترەوە جیهانی مۆدرنی هاوچەرخی ئەوروپاش بەشێکن لەو تابلۆیانەی کە سەرەنجی بینەرەکانی راکێشاون، بەو مۆدیلانەی کە

نمونەیەکن بۆ بەهێز بوونی تەشریح وە نمونەیەکن لە جوانی لەشی ئافرەت و پیاو لەنێو خەونێکی قووڵدا کە خەون بن یان راستی بن، ئەوەی جێگای سەرەنجی منە لەکارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندەدا ئەو ڕەنگە گەرم و پۆشاکە کوردەواری یانەیە یان ئەو ئاڵا کوردستانەیە کە هەردەم لەهەموو پێشانگا تایبەتی و گشتی یەکانیدا بەرچاو دەکەون، وە زۆر لەکارەکانی گەڕاوەتەوە بۆ دەموو چاوە کوردیەکان کە لەسەدەکانی پێشوودا مرۆڤی کورد لەکوردستاندا ژیاوە وە جلوبەرگی کوردی داپۆشیوە،



ئەمە نمونەیەکی زیندوە بۆ بە کورد بوونی ئەو هونەرمەندەی کە خەون و خەیاڵی لە وولاتەکەیەتی وە دەیەوێت بەو هێمایانەوە ناسنامەکەی بپارێزێت. هونەرمەند ئاراس حمە حسین ئەندامە لە چەندین ڕێکخراوی هونەری و دام و دەزگای هۆڵەندی و ئەوروپی بۆ ئەوەی نمایش و پێگەی هونەرو ناسنامەی میللەتەکەی بناسێنێت، وە خوێندنگای ئەکادیمی لە شارەکانی ئوتریخت وە ئەنیشخدە تەواو کردووە.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ناسر فیزواللە بەگی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسر فیزواللە بەگی لە ساڵی ١٩٧٢ لەدایك بووی شاری سەقزی کوردستانە، ماوەی ٣٠ ساڵە سەرقاڵی هونەرو شێوەکاری کوردی یە، بەو ڕێبازە هونەری یە ڕیالستی یەی کە چاوی مرۆڤی کوردی لێ ڕا هاتووە. ناسراویەتیەکی گرنگی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو پێشانگاو چالاکی یە هونەریانەی کە پێش کەشی کردوون لە شارەکانی وەکو سنە و سەقزو کرمانشا و شارەکانی تری کوردستان بەو تابلۆیانەی کە گوزارشت لە جوانی سروشت و گوندو چیاکانی کوردستان دەکەن

بەتایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی وە جل و بەرگی کوردەواری و کەرەستەو ماڵداری لەکوردستاندا، ئەم قوتابخانە هونەریە کە ڕیالیستی یە بەشێکی گرنگی لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتدا گرتۆتەوە بەو بنەمایەی کە ئەکادیمەت و قوتابخانەکانی هونەر لەو ناوچەیەدا پتر گرنگی دەدەن بە سروشتی ڕیالیستی وە ئەم هەڵبژاردەیەش مێژوویەکی کۆنی هەیە لە کوردستان و وولاتی ئێراندا، بەتایبەتی کێشانی وێنەو تابلۆی پۆرترێتی کەسایەتیە ناسراوەکانی گەلی کورد وەکو شاعیران و نوسەران و پیاو ماقوولان و کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری ئەو ناوچەیە، لەلایەکی ترەوە گرنی دان بە سروشت و گوندو ئاسەواری مێژووی و چیرۆك و بەسەرهاتی کوردەواری، ئەم چیرۆکانە ئەمڕۆ هونەرمەندان زۆر بە گرنگی یەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکاری دەهێنن و لەنێو تابلۆکانیاندا نمایشی دەکەن. هونەرمەند ناسر فەیزوالله بەو کەسایەتی یە هونەری یە ناسراوە کە نمونەیەکی جوانی سورشتی کوردستانی نەخشاندوە بەو مێژووە کۆنەی کوردستان لەنێو تابلۆکانیدا، وە بۆ بەکار هێنانی کەرەستەکانی ئەو کەڤاڵەو ڕەنگانەیە کە ڕەنگ دانەوەی جلو بەرگ و جۆری ڕەنگەکانە کەلە نێو کۆمەڵگاکەیدا بەکاری دەهێنن، وە بە ڕەنگی ڕۆنی و ئەکریلیك تابلۆکانی نەخشاندوە، ناسراوێتی ئەم هونەرمەندە زۆرە لەو ناوچەیەدا بەو کارە شاکارانە کە خەڵك تام و چێژی لێ دەبینن وە بەو وێنە سادەیەی کە مرۆڤ دیدەیی لێ دەکات. قۆناغەکانی هونەری لەلای هونەرمەند ناسر فیزوالله بەگی








دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی هونەری لە هێڵکاری یەوە بۆ ڕەنگی ئاوی و دواتر بۆ کاری ڕۆنی کە لە سروشتەوە دەستی پی کردووە و دواتر چووەتە ناو بیرۆکەی مرۆڤ و دەوروبەرەوە یان کێشانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵک، لەو پێشانگا هاوبەشیانەی کە ئەنجامی داوە لە شاری ارومیە پێشانگایەکی هاوبەشی بوە لەگەڵ هونەرمەندان فەردین ڕەجەب پوور و تەها فەرهاد و ڕەزا اللە دادایان وە لە شاری سنەش لەگەڵ هونەرمەندان مجید عقیلی و ابرج دانشگری و فردین رجب پورو هونەرمەندانی تر. لە شارەکانی وەکو مهاباد و بوکانیش نمایشی کارە هونەریەکانی کردووە، بۆ یادە نەتەوەیەکانیش تابلۆی تایبەتی کێشاوە بەتایبەتی ساڵ یادی هەڵەبجەی شەهید و کارەساتەکانی کوردستان، وە بەشدارێکی چالاک بووە لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێراندا.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد فواد کەمۆ

هونەرمەندی شێوەکاری کوردی ڕۆژئاوای کوردستان فواد کەمۆ لە ساڵی ١٩٥٠ لە جەزیرە لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایک بووە، هونەرمەندێکی شێوەکاری ئەکادیمی زانستی یە لەبوارەکانی نوسین و ڕۆژنامەگەریشدا کار دەکات و لە زۆر ڕۆژنامەو گۆڤاردا بابەتی هونەری شێوەکاری بڵاو دەکاتەوە بەتایبەتی گۆڤاری(الصوت الاخر) کە لە باشووری کوردستان بەچاپ دەگەیەنرێت، وە لە گۆڤاری (هەڤگرتن) بابەتی جیاجیا لە سەر جوڵەی هونەری شێوەکاری تاوتوێ دەکات. هونەرمەند فواد کەمۆ هونەرمەندیکی کوردی جەزیرەی کوردستانی


سـوریایە وە دامەزرێنـەری بزوتنـەوەی هونـەری شـێوەکاری کـوردی یـە لـە رۆژئـاوای کوردسـتان، لەسـاڵی ١٩٧٢ خەڵاتـی لاوانـی وەرگرتـوە لەسـەر تابلۆیەکـی بەنـاوی رەشـەکان، وە کۆمەڵـە خەڵاتێکـی تـری لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا وەرگرتـوە، بەتایبەتـی لەسـەر کارەسـاتی هەڵەبجـە کـە ئێسـتا پەرتوکیکـی هەیـە بـە زمانـی ئەڵمانـی لـەو وڵاتـەدا بـڵاو کراوەتـەوە بەنـاوی داهێنـان لـە غوربەتـدا. ئەگـەر دیدەیـەك لـەکارو چالاکیەکانـی هونەرمەنـدی کـورد فـواد گەمـۆ بدەیـن ئـەوا لـە ڕووی قوتابخانـە هونەرییەکـەی و ڕێبـازی کار کردنیـەوە ئـەو بنەمایـە بـەدی دەکەیـت کـە سـەرەتایەکی ئەکادیمـی و توێژینـەوەی هەیـە بـۆ رەنگـەکان و رێکخسـتنی ڕەنگـەکان لـەکارە هونەریەکانیـدا وە لـە تـەواوی کارەکەیـدا ئـەو تابلـۆ ریالیسـتی دەربریـن خـوازی یـە دەبینیـت کـە بابەتـەکان لـە رەنـگ و تێکـەڵ بوونـی ڕەنگـدا خۆیـان دەبیننـەوە، کارتێکـراوی قوتابخانـەی چاپکـراوەکان هۆیەکـی تـرن لـە داڕشـتنی تابلۆکانـی، بێگومـان ئـەو رەنگانـەی بـە کەرەسـتەی رۆنـی دەربڕیـوە کـە هونەرمەندانـی جیهانـی لەسـەدەکانی دوای ڕێنسانسـدا کاریـان تێـدا کـردوە، کاریگـەری کەلتـوورو دەوروبـەری ژیانـدای هونەرمەنـد لـە جەزیـرەدا هۆیەکـی تـرن بـۆ بـەکار هێنانـی فـۆرم و بابەتـی هونـەری لـە تابلۆکانیـدا، هەربۆیـە کارتێکـراوی ڕەنگـە گەرمـەکان کـە پەیوەسـتە بـە کـەش وهـەوای جەزیـرەوە لـە نێـو ئـەو ڕەنـگ دانەوەیـەدا بـەدی دەکەیـت، ڕۆشـنبیری و فۆلکلـۆرو کەلتـوور لـە لای هونەرمەنـد بناغەیەکـی سـەرەکی یـە بـۆ کارە هونەریەکانـی لـە زۆر





کارەکانی ئەو بنەمایەی بەرجەستە کردوە وە پیشانی داوە کە هەڵگری ناسنامەی ناوچەکەیەتی، شێوەکاری لەلای هونەرمەند فواد ڕۆشنبیری و کەلتوورێکی گرنگە وە ڕێگایەکی گرنگە بۆ خستە ڕووی کێشەو ئازاری میللەتەکەی لەو ناوچەیەدا. لە بەکارهێنانی ڕەنگدا بەو ڕێبازە ئەکادیمی وەدەربڕین خوازی یە بناغەو دیوارێکی گرنگی بۆ تابلۆ و تازەگەریەکانی پێك هێناوە بەتایبەتی ئەو تابلۆیانەی کە کاریگەری ناوچەکەی پێوە دیارە چ لە سروشت وە چ لە بابەتی کۆمەڵایەتی وە چ لە لاسایی کردنەوەی هونەرمەندە جیهانییەکان، هونەرمەندو نوسەرو ڕۆژنامەنووس فواد گەمۆ لە دیدارێکی گۆڤاری الصوت الاخر باسی ئەوەی کردوە کە تەنها کەلتوورو هونەرو ڕۆشنبیریەت دەتوانێت کێشەی نەتەوەیەك چارەسەر بکات وە ئەو باوەڕی بەو جوڵە ڕۆشنبیری یە هەیە، بۆیە خزمەتی هونەری و بابەتی ڕۆشنبیری دوو ڕێگای تایبەتین کە مرۆڤ دەتوانێت خزمەتی گشتی وڵاتەکەی بکات.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد دارا محمد عەلی لە فەلسەفەی ئاوێنەکانەوە.. بەرەو فەلسەفەی ژیان و تابلۆکان


هونەرمەندو مامۆستاو شێوەکاری کورد دارا محمد عەلی هاوڕێ یەکی بەئەمەکدارم، پتر لە ٣٦ ساڵی تەمەن شارەزایی و ئاشنا بوونم لەگەڵیدا، کەهەردەم باس و دیدەکان و تێڕوانینمان وە پەرۆشیمان بۆ هونەری شێوەکاری کوردی و کەلتوورو فۆلکلۆری کوردەواری بووە، مامۆستایەکی هەمان هەنگاوهەڵگری پەیامی خۆشەویستی و ئاشتی و جوانیەکانی ژیان بووە، ئەو مرۆڤەی کەخاوەن ئەزموون و بارگەیەك

لە کەلتوورو بیرەوەری و هونەری کوردەواری و خامە ڕەنگینەکان و بەسەرهاتەکان و گیڕاوەی چەندەها چیرۆکی مێژووی وە بەسەرهاتی ئەو پێ دەشتەی کەخاوەن گەنجینەیەکی زیندووی سەردەمەکانە، گوندی ”عەوێنە“ کە خاوەن کۆمەڵێك لە پیاوی ماقوڵ و ناسراوو شۆڕشگێڕ و ئەفسانەیین لە ڕابردوو وە لە ئێستادا، لەساڵی ١٩٥٠ لەو گوندە لەدایك بووە وە بە هەوڵی باوکی وە خانەوادەیەکی شارەزا هەنگاوی بەرەو خوێندن و زمان و هونەر ناوە، ئەو سەردەمە چوون بۆ بەغداو خوێندن بوون بە مامۆستا ناسراوێتی و بەهای تایبەتی خۆی هەبوو، زۆر کەڵە پیاوی ناسراو وەکو مامۆستایان ”یەحیا مەرجان و مامۆستا سعد عبدالله و فواد ئەحمەد....“. هەر لەو گوندەوە لەدایك بوون وە بوون بەکەسایەتی جوانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری.

سەردەمی ساڵانی حەفتاکان وەکو سەردەمێکی زێڕین لە هونەرو کەلتووری کوردیدا قوتابخانەی ئەکادیمی و ڕیالیستی بوون بەتایبەتی لەکاتێك پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدای تەواو کردوە، وە ڕۆڵی مامۆستایەکی هونەری هەبووە لە پێگەیاندنی چەندین قوتابی و کەسایەتی کە ئێستا ناسراون وە لێهاتوون وە ئێستا ئەوان مامۆستای ئەمڕۆی هونەرن.

ڕەنگدانەوەی دەورووبەر واتە کەلتوورو فۆلکلۆری ناوچەکە کە دەکاتە بناری چیای قەرەچووخ تادەگاتە پێ دەشتی هەولێر و نێو بازاڕو کوچەکان و قەڵای هەولێر کە پیر تەمەنێکە لەهەڵگرو کۆ کردنەوەی





هەموو بەسەرهات و چیرۆك و ئەفسانە جیاجیاكان لە ژێر دەسەڵاتی جۆراوجۆری حوكمڕانیدا، ئەو گەنجینەو هەگبەیە ڕەنگدانەوەیەكی ڕاستەوخۆی هەبووە لە نێو كارە هونەریەكانی هونەرمەندا، چ لە پۆشاك چ لە كارە دەستی یەكان كەبە قووڕی سووری كا پێ كراوەیی یان خشتە سەرەتاییەكان و ئامێرە كۆنەكانی ئەو سەردەمە لەگەڵ جلوگەرگی كوردەواری و خشڵە مسەكان و زیوەكان و دانە ئاڵتوونیەكان و خەنجەری بەر پشتێنە ڕەنگالەكان و ئاوێنەی ژیان و سنووقە كوردەواری یە كە كەبیرەوەو تایبەتمەندێتی هونەرمەندی تێدا بەدی دەكەیت، ئەمانە خامەو فۆرمەلەی زادەی كارە هونەریەكانی هونەرمەندن كەلە ڕابردوو وە لە ئێستاشدا دەیانبینین لە سەر ڕووبەرێكی بەرفراوانی كارە قوماشی و كەنفاسی و كارتۆنەكان وە بە كەرەستەكانی هونەر وەكو ڕەنگی ئاوی و ڕۆنی و ئەكریلیك و قەڵەمی فەحم و ڕەش و سپی و بەرگە قوماشی و لەتە ئاوێنە شووشەییەكان.

بەشێكی ژیان و كارە هونەریەكانی مامۆستا دارا محمد عەلی لە فەلسەفەی ئاوێنەكانەوە دەست پێ دەكات، ئەو ئاوێنانەی كە چەندین شی كردنەوە و ناوو پێناسەی هونەری و ئەدەبی و ئەفسانەی و سایكلۆجی و ڕوانگەیی لەخۆ گرتووە، ئاوێنە زۆر ماناو واتایی جیاجیای هەیە لەلای هونەرمەند، بە شێوەیەك ووردبونەوەی بۆكردووە كە پەرتووك و توێژینەوەی زانستی هونەری تێدا بەكارهێناوە تا دەگاتە ئەو وێستگەیەی كە ئاوێنە كەرەستەیەكی بەكارهاتووی ڕۆژگارە و



لەهەموو كاتێكدا و نوێ بوونەوە بەخۆیەوە دەبینێت ! لە پەرتووكی ئاوێنە لای من چی دەگەیەنێت وەكو ڕویایەكی هونەری ! ئەو دەلێت : ئەزموونی ئاوێنەكان چڕو پڕن و لەهەموو كردارو چەمكەكانی ڕۆژگاردا خۆی دەدۆزێتەوە، زۆر گرنگە بتوانیت لە ئاوێنەی حەقیقەتدا خۆتی تێدا بخوێنیتەوە، وە مامۆستا دەڵێت : حەق وایە لەبەردەم هەر گرتووخانەیەك ئاوێنەیەكی زەبەلاح هەڵبواسرێت بۆ ئەوەی بەند كراوەكە لە دەرچوونیدا ئاوڕێك لە ئاوێنەكە بداتەوە و وانەیەكی لێ وەربگرێت و جارێكی تر گرتووخانە هەڵنەبژێرێتەوە، لەدیدارە تیڤیەكانیدا ئەو ووتانەی دووبات كردۆتەوە كە دەڵێت : تایبەتمەندیەكانی ئاوێنە زۆرن لە شوانێك و لەماڵێكی قوڕینەدا، لە ماڵی گەورەو بچووك دەبێتە عەشقی مرۆڤ. هەردەم گەڕیدەی ئەو نهێنیانەیە كە لای مرۆڤەكان شاراوەن سەبارەت بە ئاوێنە، وە هەر بۆ خۆی ئەو پرسیارو وەڵامانەی ئاراستەی زۆر خەڵكانی شارەزا كردوە وە هەندێك جار وەڵامەكانی خستۆتە دوو توێی ی چاپكراوەكان وە هەندێك پرسیاری تر ماونەتەوە بۆ داهاتوو، ئەمە بێجگە لەوەی كە چەند پەرتووكێكی بە چاپ گەیاندووە كە ڕەنگدانەوەی ئاوێنەی تیادا بەدەردەكەوێت، وە لە چەندین پێشانگای تایبەتیدا كە تاوەكو ئێستا هونەرمەند ٢٠ پێشانگای تایبەتی كردۆتەوە كە ئاوێنە و ناونیشانی ئاوێنە بەشێك بوون لە ئایدلۆجیایی كارە هونەریەكانی، وە لە زۆر كاری شانۆیی كوردیدا وەكو دیكۆریست و دیزاینەرێك بۆ جلوبەرگ و پۆشاكەكان وە كەرەستەكان

ئەو ئاوێنانەی زیندووکردۆتەوە وە دیزاینەرێکی شێوەکار بووە بەتایبەتی لە بەرهەمەکانی (بەزۆر کراوە بە دکتۆرو قەڵای دمدم و بووکی بەفر ومەم و زین) بەشداری کردووە.

خۆ دۆزینەوە لە ڕووبەری ئاوێنەکانەوە بۆ تابلۆکان کاریگەری زۆری هەبووە لە ژیان و چالاکی هونەرمەندا بەتایبەتی ڕەنگ دانەوەی سروشت و گوندو ئاژەڵەکان و ئەفسانە جیاجیاکان، قەلای هەولێرو بازاڕو شێخ اللە و تەیراوا و گڵکەند، ئەمانە ئەو ئاوێنەیەن کە لە دووربینی چاوی مامۆستا دارا وە دیدەی لێ کراوە و ڕەنگ دانەوەی هەبووە لەنێو کارە هونەریەکانیدا.

من دەمەوێت لێرەوە بچمە نێو دونیای هونەری هونەرمەند دارا محمد عەلی کە وێڕای حەزرو ئارەزوو وە خۆ دۆزینەوەی لە نێو هونەری شێوەکاری و مێژوو وە بەسەرهاتی دەووروبەر وە هەڵبژاردەی ئەو قوتابخانە هونەریەیی کەلە ئەکادیمیا هەوڵی بۆ داوە، خودی خۆی تونیوێتی گۆڕانکاری وە تازەگەری وە تایبەتمەندێتی خۆی لە نێو هونەرەکەیدا بخاتە ڕوو بەتایبەتی لەو تابلۆیانەی کە گوزارشت لە ماڵی کوردەواری دەکەن، یان باس و بەسەرهاتی پاڵەوانەکانی ئەو سەردەمەی کە ئێستا وەکو چیرۆك و ئەفسانەیەك وان بۆ نەوەی نوێ، قوتابخانەی ئەکادیمی ئەو بناغە سەرەکی و هەنگاوەیە کە سەرەتاکەی لە هێڵکاری یەکانەوە واتە پلان و بیرۆکەکان لە خۆ دەگرێت، ستیلایف وە سروشت و مۆدێلەکان و ئاسمان و زەوی، یان تاشە بەردەکان و





سروشتی کوردستان، لەلایەکی ترەوە هونەرمەند وەکو دیرۆکی مێژووی نەتەوەیەك گەڕیدەی هەموو بابەتی فۆلکلۆری کوردەواری بووە بۆ بەرجەستەو زیندوو کردنەوەی ئەو ڕووداو چیرۆکە کوردیانەی وەکو فۆلکلۆر و زیندووکردنەوەیان و نەخشاندنیان لە نێو کەڤاڵەکانی، لە زۆر کاردا پەی بۆ قوتابخانە دەربڕینخوازی یەکان بردووە لەهەندێك کاری تردا ڕیالیستی ڕیالیزمی کە قوتابخانەیەکی بنەڕەتی وانەی هونەرو زانستە هونەریەکانە بۆ گەیشتن بە ترۆپکی قوتابخانە هونەریەکانی تر، هێڵکاری بەشێکی گرنگی ژیانی هونەرمەندی شێوەکار دارا محمد عەلی بووە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە دەیەوێت پلان و تابلۆیەکی پڕ بەها و کوردەواری یان چیرۆکە کورییەکانی ئەودیوی چیاکان دروست بکات، وە کاتێك قوتابییەکانی فێری وانەی هونەر دەکات ئەوکاتیش هەر هێڵکارییەکان سەرقاڵیان دەکات، لەپشت ئەو هێڵکاری یە ئەکادیمیانەوە ئەو تابلۆیانە لەدایك دەبن کە باس لە ستایل و تایبەتمەندێتی هونەرمەندە کە دەکات.

لەگەڵ فۆرمەکان و بیرۆکە پانۆراماکاندا هونەرمەند دارا محمد عەلی ژیاوی ئەو ڕۆژگارو باروودۆخە سیاسی و کارەساتانەیە کە بەسەر کوردستاندا هاتووە وە هەموو ئەو زوڵم و ڕووداوە مێژوویانەی لە نێو کێشانی تابلۆکانیدا بەدی دەکەیت، تا دەگاتە چیرۆك و خەونەکانی بناری چیاکان، گێڕانەوەی سەرگوزشتەو چیرۆکە نەبڕاوە درێژەکانی نێو دێوەخان بەشێکن لە وفۆرمانە، تایبەتمەندێتی لە پۆشاك و سروشتی



کوردەواری ئەوانیش بەشێکن لە تەواوکەری ئەو تابلۆیانە، تێك دانی خەونی خۆشەویستی لە نێو چەوانی ئەژدەهاکەکانەوە کە درێژەیان هەیە تادەگاتە پەتای کۆرۆنا، لە و وێنانەو کارە هونەریانەدا بەدیار دەکەوێت، بیرۆکەو فۆرم تەنها لە ڕووداوەکاندا خۆیان نادۆزنەوە بەڵکو چەندین بابەتی پەروەردەیی بۆتە بابەت و پێشخستنی قوتابیان و کەلتووری کوردستان، ئەو ڕێنمایی و وێنە کاریکاتیوری یان پۆستەرانە هۆیەکی ترن لەدەوڵەمەند کردن و خزمەت کردنی هونەری شێوەکاری کوردی، بەشێکی تری هەڵبژاردەکان ئەو ڕێبازەیە کە فۆرمەکان پێویستیان پێیەتی و لە قوتابخانەیەکی تردا خۆیان دەدۆزنەوە، لەگەڵ وەرچەرخانی ڕووداوەکان لە کوردستان و جیهاندا بیرۆکەو بابەتی نوێ پانتایی تابلۆکانی هونەرمەندی شێوەکار دارا حمە عەلی دەگرێتەوە.

ئەندامێتی مامۆستا دارا محمد عەلی:

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، کۆمەڵەی وێنەکێشانی عێراقی، نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی وکۆمەڵەی پەیکەرسازانی عێراقی و سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان و ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری هەولێرو سەنتەری کاری دەستی هەولێر.

**جیهانی منداڵان و پەپولەکانی ژیان..**

مامۆستا دارا محمد عەلی لە مێژەوە ناسراوە بە کار کردن بۆ منداڵان وە کێشانی وێنەو بەرگ و کاریکاتیوری جیهانی منداڵان هەر


لەسەرەتایی ساڵانی ١٩٧٠ کانەوە بەتایبەتی لە گۆڤارو بڵاوکراوەکانی "ئاسۆی منداڵان و هینغ و ئەستێرە لە ساڵانی ١٩٧١ تاوەکو ٢٠٠٥، وە کارە هونەری یەکان بۆ جیهانی منداڵان لە بڵاوکراوەکانی هاوکاری و خەبات و کوردستان و کاروانی وەرزش و گەپ و مەلای مەشهوورە وە ئاسۆی فۆلکلۆر و هەنگ.. هتد، بڵاو کردۆتەوە" بێگومان سەردەمانێك لە ساڵانی ١٩٩٢ پاشکۆیەکی هونەریمان ئامادە دەکرد لە ڕۆژنامەی برایەتی بۆ منداڵان و هونەری شێوەکاری لەگەڵ خاتوو سەیران سەلاح، مامۆستا دارا ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو چ لە نووسین سەبارەت بە جیهانی منداڵان وە چ بە کاری هونەری منداڵان وەکو مۆنتیڤ و سکێچ و ووتە جیهانی یەکان بۆ جیهانی منداڵان کەلە لایەن هونەرمەند زادە وە دیزاین دەکرا بەدەست بۆ چاپ کردن.

مامۆستا بووە لە بنکەی کاری دەستی و پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلیژی هونەرو کۆلیژی ئاداب و قوتابخانەی عیشق ولانە و بڕیار، ئەندامێکی کارا بووە لە گەلەری ئەربیلا و سلێمانی، زۆر بابەت و بڵاوکراوەی لە سەر هونەری منداڵان و هونەری شێوەکاری کوردی و جیهانی هەیە لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە. وەکو پەیوەندییەکانی هونەرمەند دارا محمد عەلی لەگەڵ چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا لەمێژەوە دۆستایەتی و ئاشنایەتی و هاوڕێی جیاجیای هەبووە وە هونەرمەندیکی ناسراوی کوردستانە چ لەئاستی هونەری وە چ لە ئاستی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی دا، بەشدار بویەکی چالاکە لە هەموو



چالاکیەکانی هونەری وە ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی کوردستان لە ووڵاتانی دەرەوەی کوردستان بەتایبەتی بەشداریەکی زۆری هەبووە پتر لە ٥٠ پێشانگا لە پێشانگا گشتی و جیهانییەکان و ناوخۆییەکان و بۆنە تایبەتی یەکاندا لە (هەولێرو سلێمانی و دهۆك و بەغدا وە لە ووڵاتانی وەکو ئوردن و جورجیا و پۆلۆنیا و ئەڵمانیا وژاپۆن و کۆریای باشوور و یونان).

فەلسەفەی ئاوێنەکان لەلای مامۆستا دارا محمد عەلی لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە دیاریەکی دەستی دایکی بەڕەحمەت بێت وە ڕەنگ دانەوەی لەنێو کۆمەڵگاو کاریگەری ئاوێنە لەژیان و فەلسەفەی ژیاندا، بەتایبەتی لە پەرتووکە چاپکراوەکەی بەناوی (ئاوێنە لەلای من چی دەگەینێ) ئەو ووردەکاری و پێناسەو کەسایەتی و پێگەو ژیانی ڕۆژانە و دیدەو تێڕوانینەکنی کۆ کردۆتەوە وە ڕێکی خستوون تاوەکو بە ووردی لەو گرێ کوێرەیە ئاشنا بێت بۆ چی ئاویە ؟ ئەمەش لە زۆر کاری شێوەکاری وکاری هونەری منداڵان وە مۆنتیڤ و هێڵکاریەکان ڕەنگی داوەتەوە، بۆیە تایبەتمەندێتی هونەرمەند لەو هونەرەدایە کە سیمبولیکی تایبەتمەندێتی هێمایی ناسینەوەی کارە هونەریەکانێتی لە ماوەی ئەزموونی ژیان و هونەریدا.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەهمی باڵایی

شێوەکاری کورد فەهمی باڵایی لە ساڵی ١٩٦٣ لە پاریزگای دهۆك لە کوردستانی باشوور لە دایک بووە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو کردوە، بۆ خوێندنی هونەرو هونەرە جوانەکان هەوڵێکی زۆری دا تا بتوانێت ئەکادیمیایەکی هونەری تەواو بکات لەساڵی ١٩٨٦، و بەشداریەکی ئێجگار زۆری هەیە لە سنووری پاریزگای دهۆك وە یەکێکە لە هونەرمەندە ناسراوەکانی ئەو هەرێمە وە تەنانەت لە دەرەوەی وولاتیش، نوێنەری هونەرمەندانی کوردستانە لە شاری بەرلینی ئەڵمانیا وە ئێستاش هەر لەوێ نیشتەجێ یە، بێگومان



زۆر پێشانگای هونەری ئەنجام داوە لە نێوان ئەوروپا و کوردستاندا بەتایبەتی نوێنەرایەتیەکی تۆکمە بۆ پەیوەندیەکانی هونەرمەندانی کوردستان لە نێوان پارێزگای دهۆك و شاری بەرلین، هەر بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی ئیداری دروست کردوە لەنێوان پاریزگاری دهۆك و شاری بەرلیندا، چەندین پرۆژەی هونەری لە پارێزگای دهۆك بەسەرپەرشتی هونەرمەند فەهمی باڵایی ئەنجام دراوە. ئەگەر دیدەیەك لە کارە هونەریەکانی هونەرمەند فەهمی باڵایی بدەین ئەوا نمونەیەکی هونەری ئەکادیمی بەدی دەکەیت وەکو بناغەیەکی هونەری دواتر هەنگاو نان بەرەو فۆرمە جیاوزەکان وەکو قوتابخانەی هونەری دەربڕین خوازی و سورسیالیزمی، ئەمەش لەوکارە هونەریانەدا بەدی دەکرێت، وە پەنا بردن بۆ قوتابخانەی هونەری هاوچەرخ کە لە کۆمەڵە کارێکی هونەریدا بەدی دەکرێت، ئەوەش کارتێکراوی ئەو دەوروبەرەیە کە هونەرمەند تێیدا دەژیت، وەکو ژیان و مامەڵە کردن لەگەڵ ئەوروپادا وە تەوژمی هونەری ئەوروپی کاری کردۆتە سەر کارە هونەریەکانی. لەڕووی ناوەڕوەکی کارەکانی هونەرمەندەوە ئەو بابەتانە بەدی دەکرێت کە میللەتی کورد تیدا ژیاوە وە کەلتوور بناغەیەکی سەرەکی کارە هونەریەکانێتی، واتە بەکار هێنانی جل و بەرگ و پۆشاکی کوردی وە سروشت و دەوروبەری کوردستان نمونەیەکی زیندوون لەکارەکانیدا، وە ئازارەکانی میللەتی کورد بەو قۆناغەی کە تێیدا تێ پەڕیوە، ئەمانەش فۆرمی دارشتنی ناوەروەکی تابلۆ کانن، زۆر





جار هونەرمەند فەهمی باڵایی پەنای بردوە بۆ بابەتە ئەڤینداریەکانی کوردستان بەتایبەتی ڕۆمان و چیرۆك و بەسەرهاتی کوردی کەلە مێژوو وەوە بۆمان ماونەتەوە، ئەمەش بە شێوەیەکی ڕەنگاو ڕەنگ کە پتر ڕەنگەکانیش گەرمن وەسەرەنج ڕاکێشن لەنیو تابلۆکانیدا بەرجەستەی کردوە، ڕەنگی گەرم واتە سوورو زەردو سەوزو شین و پرتەقاڵی جلو بەرگی ئەو خەڵکەن کەلە بۆنەکان و ژیانی ڕۆژانەدا مرۆڤی کورد بەکاری دەهێنێت، هەربۆیە ئەم رەنگانە لە جیهانی دەرەوەدا سەیرن وە جێگای سەرەنجی خەڵکی ئەوروپان، لەتەکنیك و ئاستی هونەریدا هونەرێکی پێ گەیشتوە وە دەتوانێت ناسنامەی ناوو میللەتەکەی بخاتە بەر چاوی گەلان. هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەهمی باڵایی بە جموجوڵی هونەری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوروپا بەتایبەتی شاری بەرلینی ئەڵمانیا گەلێك زیندووە وە بەردەوامە بۆ گەشە پێدانی هونەری کوردی بەتایبەتی ئەو پێشانگا تایبەتی و گشتی یانەی کە سازیان دەدات.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد لالە عەبدە

هونەمەندێکی شێوەکاری کوردی باشووری کوردستان ناسراوە بە لالە عەبدە کەلە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، یەکێکە لە هونەرمەندە شێوەکارە ناسراوەکانی کوردستان وە لە سەر ئاستی ئەوروپادا ناسراوێتی هەیە بەو هونەرو وێنەنانەی کەلەمێژووی ژیانیدا کێشاوێتی، سەرەتاکانی ژیانی وە خوێندنی لە شاری سلێمانی یەوە دەست پێ کردوە، پێشانگاکان و کارە هونەریەکان لە کەلتووری شاری سلێمانی یەوە دەستی پێ کردوە، بێگومان سەرەتایی ئەکادیمی هۆکاری هەنگاوی یەکەم بووە دواتر هەلبژاردەی بابەتەکان وە ژیانی رۆژانەی خەڵکی شار ئەو فۆرمانەن کە



هونەرمەند کێشاویەتی وە بوە بە بابەتی سەرەکی کارە هونەریەکانی، ڕەنگی ئاوی ئەو سروشتە جوانەی پێ نەخشاندوە کە گوڵ و چیاو دەشت و گوندو جلو بەرگی کوردی تێدا بەدی دەکرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەو سروشت و ژیانەی کە گەلی کوردی تێدا دەژێت چونکە هونەرمەند سەرچاوەی بابەتەکانی ئەو ژیان و گوزەرانەیە کە لە دەوروبەریدا مامەڵەی تێدا دەکات، بەغداو سلیمانی وێستگەی ئەم هونەرمەندە ناسراوە بووە بۆ نمایش و چالاکی هونەری، لە ساڵانی حەفتاکان ڕووی لە ووڵاتی ئیتاڵیا کردوە وە خوێندنی لە ئەکادیمیای فلورەنسا دەست پێ کردووە حەزو ئاواتێك بووە بۆ بەدی هێنانی خەونە گەورەکانی لە هونەردا بەتایبەتی ناسینی کوردستان بە ووڵاتی ئیتاڵیاو ئەوروپا لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە ئەمەش بە کردنەوەی پێشانگا یەك لەدوای یەکەکانی بەو کەلتوورە کۆنەی کە کوردستان هەیەتی لە ناسینی وە تایبەتمەندێتی دەموو چاوو کەرەستەی کەلتووری کوردی لەکوردستاندا، ئەمانە هەموو فۆرمی ئەو تابلۆیانەن بە ڕەنگە جیاوازەکانەوە بە کەرەستەی ڕۆنی و ئاوی بە پێوانەی گەورە لە گەلەریەکانی ووڵاتی ئیتاڵیاو ئەوروپادا نمایشیان کردوە، هونەرمەند لالە عەبدە ئەزموونیکی پڕ لە تەکنیکی و جوانی سروشتی هەیە لەکارە هونەریەکانیدا وە تایبەت لەدەست نیشان کردنی قوتابخانەی ئەکادیمیەت بە شێوەی ڕیالیستی وە تاقی کردنەوەی ڕیالیستەیەت بە شێوەیەکی تەندروست و خستنە ڕووی فۆرمەکان بەو شێوەیەی کە بینەر چێژی لێ دەبینێت، ئەم قوتابخانەیە بوو هۆی سەرکەوتنی کارەکانی هونەرمەند لالە عەبدە وە توانایی بەرزی



هونەری لەکارە هونەری یەکانیدا، لەکاتێکدا سالانی حەفتاکان بە ساڵانی ئاڵتوونی هەژمار دەکرێت لە ڕۆشنبیری و کەلتووری و هونەری لە کوردستانی باشووردا، هەربۆیە گرنگی دان بە هونەرو خوێندنی بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەی هونەری وەکو کوردێك لەدەرەوەی وڵات گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو لەو ساڵانەی غوربەتدا، پیشانگای هونەرمەندانی کورد لە ئەوروپا وە لە ڕۆما یەکێکە لەو پێشانگا دەگمەنانەی کە لە ئەرشیفی هونەری کوردیدا دەمێنێتەوە، وە پسپۆڕی و شارەزایی لە نێو هونەردا بۆ کورد ئەو سەرچاوە یەیە کە هەرکات قوتابیان و مامۆستایان سوودی لێ دەبینن. لالە عەبدەی هونەرمەند ناوێکی ناسراوی کوردستانەو هەرگیز لە هونەری شێوەکاریدا لەبیر ناکرێت.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عومەر ڕەسوڵ

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عومەر ڕەسول لە ساڵی ١٩٥٧ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، هونەرمەندێکی ناسراوی گەلی کوردە بەتایبەتی لە شاری سلێمانی کە ساڵانێکی دوورو درێژە بە داهێنانی هونەرەکەی وە چالاکی یە هونەریەکانی لە دەرەوەی وڵات ناسنامەی گەلی کوردی ناساندوە بە جیهانی دەرەوە، یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی گۆیژە لەشاری سلێمانی ساڵی ١٩٧٩ کردۆتەوە وەدووەم پێشانگای لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی ساڵی ١٩٨١ کردۆتەوە. بەشداری چەندین پێشانگای نێودەوڵەتی لە وڵاتانی جیهانی وەکو ئیتاڵیا سوئیدو یابان

و هۆڵەندا و فەرەنسا کردوە، ئەمە لەکاتێکدا پسپۆڕیەکی تەواوی هەیە لەبواری هونەرو شی کردنەوەی هونەری و ناسینی بارە دەروونیەکان وەکو ئۆتیزم و چارەسەری بەڕێگای هونەری و توێژینەوەی تایبەتی بەو بابەتە، وە کارە هونەریەکانی بەشێك بوونە لە هەموو پێشانگاکانی کوردستان بەتایبەتی پێشانگای هونەرمەندانی کوردستان لە شارەکانی وەکو هەولێرو سلێمانی و دهۆك و دەرەوەی کوردستان. ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند عومەر ڕەسوڵ بگرین ئەوا قۆناغ بە قۆناغ زۆر گۆڕان کاری جیا جیای بڕیوە لە ڕووی بابەت و قوتابخانەو تەکنیك و جۆرە هونەریەکانەوە، لەسەرەتاوە قۆناغی ئەکادیمی واتە قوتابخانەی هونەری ئەکادیمی دەست نیشان کردوە وە کاری تێدا کردوە بەتایبەتی (تشریح) کەدەکاتە پارچەکانی لەشی مرۆڤ و شی کاریەکانی کەئەمە هاوکاری هونەرمەند دەکات بۆ فێربوون لە هەیکەلی لەشی مرۆڤ، بۆیە قوتابخانەی ئەکادیمی توێژینەوە زانستێکەیە بۆ هونەری شێوەکاری، لەدوای ئەوە قوتابخانەی سوریالیزم و دەربڕین خوازی تێکەڵ بەیەك کرد لەو هێڵکاریانەی کەلەساڵانی هەشتاکاندا نمایشی کرد لە شاری سلێمانی و بەغدا، ئەم کارانەی دوایی هونەرمەند شێوازو تایبەتمەندێتی یەکی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ژیان لەدەرەوەی وولات و تێکەڵ بوون بە کەش و هەوایەکی نوێ ی هونەرو کەلتووری جیهان وە چاو گرتن لەو هونەرە هاوچەرخەی کە ئەوروپا پێ ی دەڵێن هونەری مۆدرن، دانەبڕاوی هونەرمەند لە چالاکی




و بەرهەمە هونەریەکان وە کردنەوەی پێشانگاکانی ئەزموونێکی نوێ ی داوەتە ژیانی هونەرمەند عومەر رەسوڵ. پرۆژەی هاوبەشی کردن واتە پێشانگا نمایش کردن لەگەڵ هاوسەرەکەی هونەرمەند پەیمان عبدالقادر بە درێژای ساڵانی رابردوو ئەو راستی یە دەسەلمێنێت کە هونەرو ژیان بەردەوامیان هەبووە لە ژیانی هونەرمەند عومەر ڕەسوڵدا وە نزیکی کارە هونەریەکانیان وای کردوە کە بەردەوام بن لەو جۆرە پرۆژە هاوبەشانە، بەتایبەتی لە شارەکانی ئەمستردام و ڕۆتردام و دەنهاغ و شارەکانی تری وولاتی هۆڵەندا،



شاری ماسلاوس ئەو شارەیە کە بە دەیان پرۆژەی هونەری تێدا نمایش کردوە، وەلەگەڵ هونەرمەندانی کورد لەئەوروپا بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە، لە ڕووی کەرەرەستەی بەکار

هێنانی تابلۆ هونەریەکانەوە هونەرمەند پەنای بۆ ئەکریلیك وە گواش بردوە لە ڕابردووشدا کاری رەش و سپی بەتایبەتی لەسالانی حەفتاکان و هەشتاکاندا بە قەڵەمی ڕەش و فەحم و مەرەکبی چینی نمونەیەکی بەرچاوی هونەرەکەی هونەرمەندعومەر رەسوڵ بووە، دونیایەك لە تۆمار کردنی ئازارەکانی گەلی کورد بە ڕابردوو وە ئێستاوە ناوەڕوەکی ئەو تابلۆیانانەن کە لەخەون و خەیاڵی هونەرمەندی کورد عومەر رەسوڵ ی تێدایە.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەباس زەهاوی

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد عەباس زەهاوی لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٦ لە باشووری کوردستان لە خانقین لە دایك بووە، ژیانی سەرەتایی وناوەندی لەو گەرمەسێرە کە ناوچەیەکی گەرم و پڕ لە کەلتووری جیاوازە بەسەر بردووە، بەهۆی نزیکی شاری بەغدا کە پایتەختی وولاتی عێراقە ژیانی هونەری لەو شارەوە دەست پێ دەکات وە هەر لەو شارەش دەناسرێت بەکارە جیاوازەکانی کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە سروشت و کەلتووری گەرمیانێکی پڕ لە ڕەنگ و فۆرم و بابەتی هونەری، هونەرمەند عەباس زەهاوی کاریگەری کەلتووری

کوردی لەسەر ژیان و کارە هونەریەکانی داناوە بەتایبەتی ئەو کەلتوورەی کە تێیدا ژیاوە وە ساڵانێکی زۆر بیرو هزری ناسنامەی کوردی فۆرمی هەموو کارەکانێتی، هەر بۆیە تابلۆکانی لە نیو گەلەریەکانی بەغدا و دەرەوەی وولات ئەو ناسنامەیەیان هەڵگرتوە، بەتایبەتی ئەو تابلۆیانەی کە هەڵپەڕکێ ی کوردی و جلو بەرگی کوردی و گەڕەکە سەرەتاییەکان و دەموچاوە کوردیەکان ئەمانە هەموو ئەو شێوانانەن کە تابلۆکانی هونەرمەند عەباس زەهاویان پێ دەناسرێتەوە، لە خانەقینەوە تا دەگاتە بەغداو هەولێر و سلێمانی وکەرکووك وێستگەی ئەم هونەرمەندە شیوەکارە بوون، وە کێشانی تابلۆی شەناشیل واتە کۆڵانە تەنگەکانی شاری بەغداو سەرەنجی گەشتیاران لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا هۆیەك بوون بۆ ناسینی هەموو ئەرشیفی هونەری ئەم هونەرمەندە کوردە کە تەنانەت ژیانی رۆژانەی خەڵکی کوردستانی بە ڕەنگی گەرم هێناوەتە نێو تابلۆکانی، ئەکادیمەیەت وە ڕیالیستی تابلۆکان ئەو قوتابخانەیەن کە زۆر لە حەزەکانی نێو دڵ و دەروونی هونەرمەند عەباس زەهاوی رەواندۆتەوە، هەڵبژاردەی ئەو تابلۆیانەی کە بۆ کوردستانن نمونەیەکی جیاوزە لەو تابلۆیانەی کە کێشاویەتی بۆ ژیانداری لەو شوێن و شارەی کە هونەرمەند تیایدا مامەڵە دەکات، چونکە باکگراونی هونەرمەند ئەو خاك و خۆڵەیە کە ژیانی خۆی تێدا بەسەر بردوە، هەربۆیە کێشانی تابلۆی ژیانی گوندو سروشتی کوردستان بە کەرەستە جیاوزەکان وەکو رۆنی و ئەکریلیك و ئاوی ئەو قوتابخانە ڕیالیستی یەیە







کـە جوانـی بەخشـیوەتە تابلۆکانـی. بەشـداری هونەرمەنـد لـە پێشـانگاکاندا هــەردەم نمونــەی کاری نــوێ ی داوەتــە پێشــانگاکان وە بــە پێوانەیەکــی گــەورە و مــام ناوەنــدی ڕوماڵــی هەســتەکانی کــردوە بەتایبەتــی خانقیــن ی گەرمەسـێری ئـەو جیـاوزی یـە هونەریـە کـە هونەرمەنـد جیـا دەکاتـەوە لـە هونەمەندەکانـی تـر، زەهـاوی هونەرمەندیکـی نـاسراوی شـاری بەغدایـە وە نـاسراوە لەنێـو هونەرمەنـدە عێراقـی یـەکان و جێـگای دەسـتی دیـارە لـە چالاکـی و هونـەری تایبەتـی لـە شـاری بەغـدا، هەربۆیـە نمونـەی چیاکانـی کوردسـتان و بەفـری سـەر چیـاکان و دارو داسـتانی ئـەو گوندانـە و کێڵانـی زەوی یــە جوتیــارەکان و جلــو بەرگــی کــوردی فۆرمــە هونەریەکــە بــوون کــە هونەرمەنــد عەبــاس زەهــاوی خــۆی ناســاند بەهونەرمەندانــی بەغــداو کوردســـتان و دەرەوەی وواڵت.




## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەبدوالله ڕەسول

مامۆســـتاو هونەرمەندێکـــی تـــری هونـــەری شـــێوەکاری کـــورد کـــە مێژوویەکـی گەورەیـی هەیـە لـە کاروانـی هونـەری شـێوەکاری کوردیـدا وە هــەردەم خەمخــۆری داهاتــووی کەلتــووری کــوردی و زمــان و ناســنامەی ئـەو میللەتـە بـووە، مامۆسـتا عبداللـە رەسـول کەلـە سـاڵی ١٩٥٢ لـە شــاری هەولێــر لەدایــك بــووە وە لــە ســاڵی ١٩٧٥ تــا ١٩٧٩ ئەکادیــمای هونــەرە جوانەکانــی بەغــدای تــەواو کــردوە بەشــی شــێوەکاری وە پلــەی یەکەمــی بەدەســت هێنــاوە، مامۆســتا بــوە لــە شــەقڵاو لــە ســاڵانی ١٩٧٩ تــا ١٩٨٠. یەکێــك بــوە لــەو مامۆســتایانەی کــە دامەزرێنــەری پەیمانــگای


هونەرە جوانەکانی شاری سلیمانی بوە لە ساڵی ۱۹۸۰. هونەرمەند عەبدوالله ڕەسول تایبەتمەندێتی یەکی زۆری هەیە لە داڕشتن و ڕەنگ و دەست نیشان کردنی ڕەنگەکان وە مامۆستایەکی زۆر پرۆفیشیناڵە لە ڕێبازی ئەکادیمەیەت و پۆرترێت و مۆدێل بەتایبەتی ڕەنگ دانان کە کارێکی ئەوەندە ئاسان نی یە لەهونەری شێوەکاریدا، ئەو مۆدێلانەی هونەرمەند دای دەڕێژێت لەهەندێك کاردا دەبێتە فۆرمێکی پڕ مانو بەهای گرنگی هەیە، هەر بۆیە دانانی فڵچەی هونەری بەڕەنگ بەتایبەتی لەکارە ئاویەکانی مامۆستادا زۆر پلە بەرزی تێدا بەدی دەکەیت، لەبەر ئەو هۆیەش بوە مامۆستایەك بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وە توانی ئاستی پلەی هونەری لەو پەیمانگایەدا زۆر بەرز بکاتەوە، پێشانگایەکی هونەرمەند عبدالله ڕەسول لەگەڵ مامۆستا بەختیار قەفتان لەساڵی ۱۹۸۱ لە قوتابخانەی سورکێو لە سلێمانی سەرەنجێکی زۆر قوتابیان و ڕۆشنبیرانی ڕاکێشا وە بەشداری کردنی مامۆستا لەهەموو پێشانگاکانی کوردستان ودەرەوەی وولآت جێگە پەنجەی تایبەتی خۆی کردەوە. پسپۆرێك لەبواری شێوەکاری خاوەن ئەزموون و وانە ووتنەوەی هونەری زۆر قوتابی پێ گەیاند کە ئێستا بەڕاستی هونەرمەندی لێهاتوون وە مامۆستان لە پەیمانگاکان وە قوتابخانەکان وە هەندێکی تریان لە ئەوروپا دەژین، ئەگەر جارێکی تر سەرەنج لەکارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە بدەین ئەوا دەست نیشان کردنی ڕەنگەکان وە فۆرمەکان وە تایبەتمەندێتی خۆی پێوە






دیاره، زۆر هونەرمەند پەنا دەباتە بەر سروشت و کەلتوور بەڵام مامۆستا عبداللە پەنای بردۆتە بەر مانەوەی کەسایەتیەکان کە بە مۆدێل و پۆرترێت و دەموچاوەکان دەربڕین لەناخی خۆی دەکات، زۆر جار هونەرمەند بەو ڕەنگانە یان بەو فۆرمانە ناخی خۆی دەکاتەوە بۆ خەڵك وە ئازارەلكانیش کەهەموو هاوبەشین تێیدا لەو تابلۆیەدا دەردەکەوێت، هەربۆیە سروشتی کارەکانی مامۆستا شێوازێکی تایبەتین وە تام و چێژێکی خۆی هەیە لە دەربڕیندا، بەشداری کردنی لە جهانی هونەریدا زۆرن بەتایبەتی بەشدار بوە لەهەموو ئەو پێشانگایانەی کە هەموو هونەرمەندانی کوردی تێدا بەشدار بووە، وە لەدەرەوەی وڵاتیش کۆڵی نەداوە بەڵکو پاش زمان و تێکەڵ بوون لەگەڵ ژیانی بەریتانیادا توانی لە ڕووی ڕەنگ و فلچەوە ناسراوێتی خۆی وە کوردستان بگەیەنێتە ناو خەڵکی ئەوروپا. قوتابخانەی دەربڕین خوازی ئەو ڕێبازەیە کەلە کارە هونەریەکانی مامۆستا عبداللە ڕەسوڵدا بەدەردەکەوێت وە ئازارەکانی کوردستانی تێدا بەدی دەکەیت.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد گوهدار سەلاحەدیین

هونەرمەندی شێوەکاری کورد گوهدار سەلاحەدیین لەدایك بووی ساڵی ١٩٦٩ لە پارێزگای دهۆك، لەساڵی ١٩٨٢ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی وەرگیرا لەبەشی شێوەکاری، لەو کاتەدا تەنها چەند قوتابیەك لە پارێزگای دهۆکەوە هاتبوون بۆ شاری سلێمانی بۆ خوێندنی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، ماوەی ٥ ساڵ بەکاری هونەری و ماندوو بوون، بوون بەو هونەرمەندانەی کە ئێستا زۆربەیان ناسراون لە پارێزگای دهۆك، هونەرمەند گوهدار بەو کارە ناسك و جوان و فێنکانە ناسراوە کە هەردەم ڕووە مرۆڤایەتی یەکە زاڵە بەسەر دروشمی کارەکانیدا وە ئەزموونێکی پڕ لە تاقی کردنەوەی





قوتابخانە هونەریەکانی هەیە، لەسەرەتایی دەست پێ کردنی کارە هونەریەکانی یەوە قوتابخانە ئەکادیمی یە سەرەتایی یەکەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو بە ئەزمونێکی پڕ لە بناغەیی بۆ گوهدار سەلاحەدین، دواتر ئەزموونی بابەتە ناوەڕوەکی یەکان و ئازاری کوردستان و کەلتووری کوردستان بوون بەو تابلۆیانەی کەلە چەندین پێشانگای تایبەتی و هاوبەشیدا نمایشیان کرد، دهۆك وێستگەیەکی پڕ لە چالاکی هونەری بوو بۆ هونەرمەند بەڵام هیواو ئاواتەکانی هونەرمەند گوهدار لە سنووری کوردستان زیاتر بوو بەتایبەتی کۆچ کردنی بۆ دەرەوەی کوردستان و نیشتە جێ بوونیا لە پایتەختی ئەڵمانیا بەرلین، ئەو ئەزموونە تازەیە



بوو کە ستایل وشێوەو ڕەنگەکانی هەموو گۆڕانکاری بەسەردا بێت وە تێکەڵ بە جیهانی ئەوروپا و ناسینی کەلتووری کوردی بە ئەوروپا گۆڕان کاریەکی گەورەیی هێنانە ناو ژیان و کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندەوە، نمایشی کارەکانی لەگەلەری یە جیا جیاکانی ئەڵمانیا و هۆڵەندا و وولاتانی ئەسکەندەناڤی نمونەیەکی هونەری کوردی بوو بۆ ناسینی خەڵکی ئەوروپی بە کەلتوورو ڕۆشنبیری میللەتی کورد، ئەمەش بەواتایەکی تر نمونەی هونەری کوردی ناسنامەی گەلی کوردی بەرز کردۆتەوە، لەگەڕانەوەی هونەرمەند گوهدار سەلاحەدین بۆ کوردستان بەتایبەتی پارێزگای دهۆك و دەست بەکار بوونی وەکو مامۆستاو پسپۆڕێك لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان گۆڕان کاریەکی گرنگی هێنانە کایەوە بۆ قوتابیان و ئاستی هونەری لەو شارەدا، وە ڕێکخەری زۆر لە پێشانگاکان و چالاکی یە هونەریەکان بووە لەو پارێزگایەدا، ئەگەر دیدەیەکیش لەو کارانە بگرین ئەوا کاری گرافیکی وە دیزاینی نمونەیەکی تایبەتمەندێتی ئەو هونەرمەندەیە، وە کارە ئەکریلیك و بابەتە رەنگی یەکان تایبەتمەندێتی ئەم هونەرمەندەی دەرخستەوە بەتایبەتی پێوانەی کاری گەورو بچوک وە هەڵگرتنی فۆرمی گەورەیی کوردستان لەنێو تابلۆکانیدا. گوهدار سەلاحەدین هونەرمەندێکی وورد بین و ناسراوە لەنێو هونەرمەندانی شێوەکاری کوردستاندا وەبەتایبەت لەپارێزگای دهۆك بەو چالاکی و ئامادەبوونیەوە لە بۆنەو چالاکی یە ڕۆشنبیری و هونەریەکانی پارێزگادا.

## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی کەریم

کاتێك باس لە هونەرمەندانی شێوەکارانی کورد دەکەین وە کە لاپەرەکانی ئەرشیفی ئەو بابەتە هەڵ دەدەینەوە هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی باشووری کوردستان، شاری سلێمانی مامۆستا عەلی کەریم لەبەرچاو دەگرین کەلە ساڵی ١٩٤٨ لەدایك بووە لە شاری سلێمانی وە لە ساڵی ١٩٧٢ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدای تەواو کردووە، یەکێکە لە ناسراوەکانی هونەرمەندانی کورد کە ڕەنگ و شێوەو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە نێو هونەری شیوەکاری کوردیدا، وە ئەندامێکی کارا بووە لەنێو گروپ و قوتابخانەو



دەستە هونەریەکاندا، لەساڵی١٩٧٩ یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی فریشتە لە شاری سلێمانی کردۆتەوە، لەساڵی ١٩٨٢ دووەم پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی شاری سلێمانی کردۆتەوە،وە لەساڵی ١٩٩٣ سێ هەم پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی شاری سلێمانی کردۆتەوە، لەساڵانی هەشتاکان مامۆستایەکی ئەکادیمی توێژینەوەری بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی، زۆر لە قوتابی یە هونەریەکانی پێ گەیاندووە وە ئێستا مامۆستاو هونەرمەندی ناسراوی کوردن، هونەرمەند عەلی کەریم تایبەتمەندێتی لە کارە هونەریەکان و ڕەنگەکان و بابەتەکان و جیهانێکی سوریالیزمی وە دەربڕین خوازی وە هاوچەرخی ئەم سێ چوار قوتابخانەیە هونەری یە هەیە وە ئەزموونێکی قووڵ و پڕ چڕی لە تاقی کردنەوەی هونەری بە خۆیەوە بینیوە بەتایبەت کارەکانی پتر لە ڕووبەری پان و پۆڕدا دەبینرێت وە فۆرمەکان بەباشی وورد بونەوەی بۆ دەکرێت، لەکاتێکدا ئازارە کوردیەکان بە شێکن لەو فۆرمانەی کە مامۆستا ووردە کاری بۆ کردوە لەنێو تابلۆکانیداو زۆر جار خەونە جیا جیاکان بوون بەو ناوەڕوەك و بابەتەی کە تابلۆیەك لەلای هونەرمەند درێژەو ماوەو هەناسە درێژی هەبێت، تا ئەوکاتەی بابەتەکان لەدایك دەبن وە یەك دەگرن و ئەفسانەیەك لە ئەفسانەکان دەگێڕنەوە بەو ڕێبازەی کە پێویست دەکات فۆرم و کارەکە لەخۆ بگرێت، کارتێکراوی ئەکادیمیەت بە ڕەنگەکان وە بە جێگای فرچەکان وە دانانی ڕەنگ لەکارە







ئەکادیمیەتیەکانیـدا جێـگای سـەرەنج و وورده کاری بـووه. هونەرمەنـد عەلـی کەریـم بەشـدار بـووه لەهەمـوو پێشـانگاکانی هونەرمەندانـی کـورد لـە شـارەکانی کوردسـتان بـە کارە نـوێ یەکانـی واتـە لەهـەر پێشـانگایەکدا دوو کاری نـوێ ی نمایـش کـردوه. کەرەسـتەی ڕۆنـی وە ئـاوی وە هێڵـکاری ئـەو کەرەسـتانەن کـە هونەرمەنـد بـەکاری دەهێنێـت، بـەو ڕێبـازە هونەریـەی کـە بـەکاری هێنـاوە لـەکارە هونەریەکانیـدا زۆر لەکارەکانـی لـە وولاتانـی دەرەوەی کوردسـتان نمایـش کـردوە ئـەوەش پـترە لـە ١٠٠ پێشـانگای گشـتی لـە وولاتانـی جیهانـی وەکـو ئەڵمانیـا و ژاپـۆن و ئیتالیـاو ئەمەریـکاو سـوئید. بێجگـە لـەوەی کـە لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتان هەولێـرو سـلیمانی و دهـۆك و بەغـدا بەشـداری لـە پێشـانگا گشـتی و هاوبەشـیەکاندا کـردوە. هونەرمەنـد عەلـی کەریـم بێجگـە لـەکاری هونـەری زۆر جـار بابەتـی توێژینـەوەی هونـەری لـە گۆڤـارو بڵاوکـراوە هونەریەکانـدا بـلاو کردۆتـەوە وە سـەرەنج و تایبەتمەندێتـی خـۆی لـە سـەر هونـەری کـوردی خسـتۆتە ڕوو، ئەفسـانەی کارە هونەریەکانـی هونەرمەنـد عەلـی کەریـم جیهانێکـی پـڕ لـە ئارامـی و لەسـەر خـۆی دەداتـە مـرۆڤ کاتێـك مـرۆڤ بەرانبـەر بـە یەکێـك لەتابلۆکانیـدا دەوەسـتێت و تێیـدا قـووڵ دەبێتـەوە وە بـەو سـەرەنجە وای کردوەکـە جوانـی و بەهـای هونـەری تابلۆکانـی هونەرمەنـد عەلـی کەریـم جێـگای سـەرەنجمان بێـت.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو خۆشی شەوقی

خانمە هونەرمەندێکی شیوەکاری کورد خاتوو خۆشی رزگار شەوقی لە شاری سلێمانی لەدایك بووە وە لە خانەوادەیەکی هونەری پەروەردە بووە، ساڵی ١٩٨٨ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردوە بەشی دیزاین و گرافیك، وە لەساڵی ١٩٨٨ تا ساڵی ١٩٩٠ مامۆستا بووە لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری سلێمانی. هونەرمەندە خانمێك ژیانی خۆی تەرخان کردووە بۆ هونەرو جیهانی هونەر کە دەریایەکی قووڵ و بێ کۆتایی یە لەبوارەکانی دیزاین و گرافیك و هەڵبژاردەی ڕەنگەکان و بابەتی کەلتووری وولاتەکەی کە کوردستانە، وە لە وولاتی ئەڵمانیا بە




چالاکی یە هونەریەکانی دونیایەك ئەزموونی هونەری بەدەست هێناوە چ لە خول و وانە ووتنەوەی هونەری و پێشانگاو ۆرك شۆپ لە وولاتی ئەڵمانیا بەتایبەتی لە شارە جیا جیاکان وەکو بۆن و شتوت گارت و بەرلین و شارەکانی تر وە ئەزموونەکانی هونەری لە گەلەریەکانی کوردستان بەتایبەتی هەولێرو سلێمانی و دهۆك، ئەو نمونە هونەریەمان پێ دەبەخشێت کە کارە وهونەریەکانی هونەرمەند خۆشی بەهایەکی بەرز دەدەنە هونەری شێوەکاری کوردی وە دەوڵەمەند کردنی هونەرمەندو کەلتووری وولاتەکەی لەبواری هونەری شێوەکاریدا، ئەگەر سەرەنج بدەینە چوار چێوەی کارە هونەریەکانی هونەرمەند ئەوا قۆناغی جیا جیا بەدی دەکەین لە بەرەو پێش چونی هونەرەکەی بەتایبەتی لەسەرەتادا بە قۆناغی ئەکادیمی و بناغەی هونەری ئەکادیمی دواتر گواستنەوە بۆ تایبەتمەندێتی وە پسپۆری لەوبوارەدا بەتایبەتی هونەری گرافیکی وە پۆستەری وە هەڵبژاردەی ڕەنگەکان کەئەوەش تایبەتمەندیەکی ئێجگار زۆر داوە بەو چوارچیوە هونەریە کە خاتوو خۆشی بیری لێ کردۆتەوە وە دەست نیشانی ئەو ڕەنگانەی کردوە، ئەمە گرنگی یەکی زۆری داوە بە هونەرو ئەزموونەکەی، لەبابەتی ناوەڕوەک و هەڵبژاردەی فۆرمەکان هەر لەسەرەتاوە هونەرمەند خەونی کۆمەڵگای کوردەواری بیرۆکەو بابەتێك بووە بۆ خستە ڕووی فۆرمەکانی بە تەکنیك و شێوازی جیاجیا، گوندو شار جلوبەرگی کوردی کەرەستەی ڕۆژانەی میللەتەکەمان لەو ناوچەیەدا ئەمانە وە دەموو چاوە کوردیەکان کە تایبەتمەندێتی تایبەتی خۆی هەیە، سروشتی کوردستان بە دارو چیاو

بەفرو باران و بەهار کە ڕەنگی زۆر هەڵدەگرن لە مێشك و دەرووندا، داڕشتنیان بە تەکنیك و شێوازێکی تایبەتی وە پیشان دان و خستەڕوویان لە گەلەری یە تایبەتیەکاندا بەتایبەتی لە ئەوروپا ناسینەوەیەکی یان تایبەتمەندێتی یەکی جۆراوجۆری دروست کردوە بۆ خاتوو خۆشی شەوقی کە پسپۆڕەکانی ئەوروپی وە کوردی بەو جۆرە کارانە بیناسنەوە، سەرکەوتنی هونەرمەند بەو تەکنیك و جۆرە داڕشتنانە هۆکارێکە بۆ سەرکەوتنی لە بوارەکەی خۆیدا، بەردەوامی هونەرمەند گرنگی یەکی زۆری هەبوە بۆ بەرەو چوونی بیرۆکەو پلانەکانی هونەرمەند، هەربۆیە لە پێشانگایەکەوە بۆ پێشانگایەکی تر وە بەشدار بوونی یان ئامادە بوونی ئەم خاتوو هونەرمەندە لە گۆڕەپانی هونەری جیهانیدا ئەو گرنگی یەی داوە کە ناسنامەو هونەری کوردی بناسێنێت بە گەلانی جیهان.







## هونەرمەندی شێوەکاری کورد بژار حەمدی

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد کە سوود لە سروشت و باخچەو گوڵ و گوڵزار وەر دەگرێت وە سوودی لە چیاکانی کوردستان و کەلتووری کوردەواری وەرگرتووە بە وێنەو دیدەو ووردە کاری جوانی چیاکان و سەوزایی، ووشەی سەوزایی گرنگی یەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هونەرمەند چونکە ڕەنگی سەوز ڕەنگێکی فێنکە وە هەستی جەماوەریش دەروژێنێت، هونەرمەند بژار حەمدی لەساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە وە قوتابخانەکانی سەرەتای و ناوەندی لەو شارە تەواو کردوە، ماستەری هەیە لەبواری باخچەسازی و پلان دانان

بۆ دروست کردنی سەوزایی لەسەر خاك، هەر لەم کارەوە چەندین کاری باخچەسازی لە وولاتی هۆڵەندا ئەنجام داوە، بەڵام هونەرمەند بژار حەمدی هونەری شێوەکاری هەڵبژاردوە وەکو کارێکی حەزو دیدەیی خۆی بۆ ژیان، هەربۆیە کارە هونەریەکانی جوانی و سروشتێکی تایبەتی تێدا بەدی دەکەیت بە ڕێبازێکی ڕیالیستی هونەری ئەکادیمی ئەو کارانەی ئەنجام داوە، لەهونەری شێوەکاریشدا پێویستی یەکی زۆر گرنگ هەیە کە ڕێبازی ڕیالیستی نمونەی وێنەی کەلتووری وولاتێك بخاتە ڕوو هەروەك چۆن لەسەدەی ناوەڕاستدا تەوژمی هونەری هەموو جیهانی گرتەوە بۆ ئەو خۆ ناساندنە، وەکو فۆرم و ناوەڕوەکی کارەکانی هونەرمەند بژار حەمدی ئەو سروشتە جوانەی کوردستان بەدی دەکەیت کە بریتین لە گوندو چیاو






ئاوو ئاژەڵ و ژیانی کوردەواری لە کوردستاندا، وە هەڵبژاردەی کەرەستە کوردەواری یەکان هەست کردنە بە خۆشەویستی هونەرمەند بۆ وولاتەکەی. تابلۆی کارەساتی کوبانێ وە شەنگال نمونەیەکی تری کارە هونەریەکانی هونەرمەند بژار حەمدی یە کە کارەساتی ئەو ڕووداوانە گرنگی و سەرەنج ڕاکێشەری تایبەتی خۆی هەیە لەلای هونەرمەندان، هەربۆیە کێشان و خستنە ڕووی ئەم فۆرمانە دەربڕینە لە ئازارەکانی میللەتی کورد بۆ دەرەوەی کوردستان وە داڕشتنی بە شێوەیەکی ڕیالیستی نمونەیەکی ترە لە ناسینی زیاتری کارەساتی میللەتی کورد لەم سەدەیەدا. ڕەنگ و سروشت گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی هونەرمەندا، دیارە بەهۆی کارەکەی خۆی کە باخچەسازی یە وەپلان دانانە بۆ سروشت ئەو



ڕەنگ دانەوەیە بە شێوەیەکی هونەری لەکارە هونەریەکانی هونەرمەندا بەدەر دەکەوێت، بەتایبەتی هەڵبژادنی قوتابخانە هونەری یەکە کە راستە و ڕاست پەیوەندی بە جۆری دیدەکەیەوەیەتی وە پەیوەندی بە ئاسان کاری ڕێبازە هونەری یەکەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بەئاسانی ئەو هونەرە نمایش بکات وە خواستەکانی لە ڕێگای ئەو ڕێبازەوە بخاتە ڕوو، ئەمانە بنەمان بۆ دروست کردنی فۆرم و شێوازی ئەو کارەی کەدەیەوێت ئەنجامی بدات، بەڵام گرنگی یەکی تری کولتووری کوردی ئەوەیە کە هونەرمەند بتوانێت وە توانیوێتی ناسنامەی خۆی لە ڕێگای هونەرەکەیەوە بخاتە ڕوو لە کوردستان و ئەوروپادا. هونەرمەند بژار حەمدی بە شداری کردوە لە زۆر پێشانگای تایبەتی کەلتووری کوردی لە وولاتی هۆڵەندا لەساڵەکانی ٢٠١٢ وە ٢٠١٣ وە لەساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی پێشانگایەکی تایبەتی کردۆتەوە.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەختیار قەفتان

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد لە کوردستانی باشوور کەلە شاری سلێمانی لەدایك بووە وە لە ساڵانی حەفتاکانەوە قوتابی بووە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغداد، لەساڵی ١٩٨٠ بە شی شێوەکاری تەواو کردووە، دواتر هەر لەساڵی ١٩٨٠ بوە بە مامۆستا لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی. مامۆستا بەختیار مستەفا تایبەتمەندیەکی ووردی هەبوو لە هونەردا ئەویش سەرسوڕمانی بە ڕەنگ و چیاکان وە بە سروشتی کوردستان. لەو ساڵانەی کە مامۆستا بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، قوتابیەکانی بە ڕێبازێکی

ئەکادیمی فێری هونەر دەکرد وە لەساڵی ١٩٨١ پێشانگایەکی هاوبەشی لە هۆڵی سورکێو لە شاری سلێمانی کردەوە لەگەڵ هونەرمەند عبداللە ڕەسول، من یەکێك بووم لەو قوتابیانەی کە سەردانی ئەو پێشانگایەم کرد وە کارە هونەریەکانی زۆر سەرەنجیان ڕاکێشام بەو ووردە کاری یە هونەریەیەی کەلە کارە هێڵکاریەکانیدا ئەنجامی دابوو وە بەو ڕەنگانەی کە بۆ چاوی من نوێ بوون، لەساڵانی ١٩٧٨ وە یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ لە هۆڵی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری بەغداد کردۆتەوە، بەردەوام بوە لەکاری هونەری بە شێوەیەك کە لەساڵانی نەوەتەکاندا گروپ و هاوبەشی زیاد کردوە، وە بەشدار بووە لە پێشانگاکانی دەرەوەی ووڵات بەتایبەتی لە ووڵاتی ئیتاڵیا و تورکیا و ئەڵمانیا و کەنەدا و بەغدا و هۆڵەندا و لەندەن. ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەرەیەکانی هونەرمەند بدەین ئەوا ڕێبازێکی ڕیالیستی دەربڕین خوازیمان بەرچاو دەکەوێت لە دەربڕینی کارە هونەریەکانیدا دواتر هەنگاوی ناوە بەرەو ڕیالیستی وە هاوچەرخێتی هونەر بە ڕەنگەکان و شێوازەکان، لەڕووی فۆرمیشەوە هەردەم چیاکانی کوردستان و دەموو چاوە کوردیەکان و کەلتووری کوردستانی کردۆتە بابەتی کارە هونەریەکانی وە دەیەوێت باس لە ئاسمانێکی پڕ لە ڕەنگ و جەنجاڵی بکات لەهەمان کاتدا زۆر گرنگی داوە بە پۆرترێت و کەسایەتی ناوداری کوردی، هونەرمەند بەختیار قەفتان یەکێکە لە هونەرمەندە ناسراوەکانی کوردستان بەتایبەتی لە شاری سلیمانی وە




بەشدار بویەکی کارا بووە لە هەموو پێشانگا هاوبەشەکانی هونەرمەندانی کوردستان و سلێمانی، کارە هونەریەکانی بە کەرەستە جیاوازەکان کێشاوە بەتایبەتی ساڵانی هەشتاکان بە ڕەش و سپی کە هێڵکاری بە مەرەکەبی چینی وە بەکاری ئاوی و ڕۆنی، وورد بونەوەیەکی یەکجار ووردت بەدی دەکرد لە فۆرمی کارە هونەریەکانی هونەرمەندا وە دەبوایە بە میکرۆسکۆپ بەدوای لاشەی مرۆڤەکاندا بگەڕێیت، ئەمەش ووردە کاری ئەم هونەرمەندە بووە، لە کارە هونەریەکانی ساڵانی ٢٠٠٠ بەدواوە بەڕاستی جیهانێکی تر هاتۆتە نێو کارە هونەریەکانی هونەرمەند بەختیار مستەفاوە



ئەویش بەرەو قوتابخانەی سوریالیزم وە خەونەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، ئەزموونی هونەرمەند گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە خۆی لەو جیهانەدا بدۆزێتەوە بەڵام هەموو خەونەکانیش هەر لە کوردستانەوە هەڵقولاوە وە ئەو خەونانەی کێشاوە کە مرۆڤ لە خەونەکاندا دەیانبینێت.







## هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەیسەڵ عوسمان

لە کوردستانی باشوور هونەرمەندی شێوەکاری کورد فەیسەڵ عوسمان لەدایك بووی شاری هەولێرە، مامۆستایەکی چالاکی هونەری ئەم پارێزگایەیە، لەساڵانی هەشتاکانەوە چالاکی یەکی بەردەوامی هەیە لەنێو هونەرمەندان و دامو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وە لەساڵانی ١٩٩٢ وە مامۆستای هونەری شیوەکاری بووە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری هەولیر کە ئەوکات یەکێك بوو لەمامۆستا دامەزرێنەرەکانی پەیمانگا، بێگومان خاوەن چەندین پێشانگای هونەری شێوەکاری یە لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و کەرکووك و دهۆك


و دەرەوەی وولات. ستایلی هونەرمەند زۆر ئاشکراو ناسراوە لەنێو هونەرمەندان و رۆشنبیرانی کوردستاندا، کە باران نمونەی فۆرمێکی زیندووە بۆ کارە هونەرییەکانی بەتایبەتی لەو تابلۆیانەی کەباسی ژیانی رۆژانە دەکات، ئەوەش پرۆژەیەکی بەردەوامی هونەرمەند فەیسەڵ عوسمانە، بەشداری و هاوبەشی بووە لەگەڵ هونەرمەندانی کورد لە شارەکانی کوردستان، وە دانەبڕاوە لەهەموو چالاکیەکانی پارێزگای هەولێر، فۆرمەکانی هونەرمەند قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەر هاتووە، ئەوەش بەپێ ی ئەو ئەزموونەی کە ساڵانی رابردوو بەکاری هێناوە، لەسەرەتادا وەکو هونەرمەندێکی ئەکادیمی کارەکانی لە پۆرترێت و ستیلایف دەستی پێ کرد دواتر بەرەو سروشت هەنگاوی نا، قووڵ بونەوەکەی هونەرمەند فەیسەڵ تەنها ئەکادیمی نەبوو، بەڵکو وێنەی کوردستانی وەکو فۆلکلۆرو کەلتووری ئەم وولا نمایش دەکرد، وێنەی کۆڵان و سەرشەقام و باران و گوڵ و باخچەو فۆلکلۆرو قەلای هەولێر نمونەیەکی زیندوون لەکارەکانی هونەرمەندا. وەکو کەرەستەو ماتریاڵ هونەرمەند لەسەرەتادا کاری ئاوی نچینەیی بوو وە کاری هێڵکارو دواتر بەرەو کاری رۆنی دەستی بەوکارانە کرد لە پێوانەیەکی گەورەیان هەیە لە ٢ مەترو ٣ مەتردا، گوستنەوەی بۆ کاری ئەکریلیك نمونەیەکی تری کارەکانی بوون بەتایبەتی لەری گوڵەکاندا لە زنجیرە کارێك بوون لەکوردستان و ئەوروپا نمایشیانی کرد بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندانی ئەوروپا لە وولاتی هۆلەندا لە شاری زیڤن بێرخن کەلەلایەن



کۆمەڵەی کەلتووری مۆردایك ئەو پێشانگایە ساز کرا، کاری ئاوی جارێکی تر بوو بە پرۆژەیەکی نوێ ی هونەرمەند فەیسەڵ عوسمان بەتایبەتی لەگەشتەکانی بۆ رۆمانیاو بولغاریا و فەرەنسا، لەو سەردانانەدا چەندین کاری هونەری بەئەنجام گەیاند، بابەتی کۆمەڵایەتی و ئازارەکانی کوردستان بەشکن لە تراجیدیای تابلۆکانی وە بە رێبازی دەربڕین خوازی و ئەکادیمی هەردەم کاری بۆ کردووە، بۆیە هونەرمەند فەیسەڵ عوسمان بەشێك بووە لە کارەساتەکانی کوردستان کە تابلۆی بۆ کێشاوە وە لەنزیکەوە ئاگای لەئازارەکانی کوردستان هەیە، بێگومان هەموو هونەرمەندێك کارتێکراوێکی جیهانی یان ناوخۆی لکەسەر



هەیە وەکو ئەوەی خۆی بە قوتابی هونەرمەندێکی دێرین یان ناسراو بناسێنێت، کارتێکراوی کارەکانی هونەرمەندی خوالێخۆشبوو مامۆستا محمد عارف ی لەسەر دیارە بەتایبەتی کێشانی تابلۆی گوندەکانی کوردستان و هەڵپەڕکێ و ژیان لەلادێکانی کوردستان و چیاکان، ئەمانە نمونەی زیندوون بۆ ناسنامەی گەلی کورد کە هونەرمەند فەیسەڵ عوسمان پیشانی دەدات.








## هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە رۆژئاوای کوردستان هەیسەم کوردی

دیمەشق ناسراوە بە شام کە وێستگەیەکی هونەری و کەلتووری بووە بۆ هونەرمەندانی کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانی تر لە ڕابردوودا بۆ هونەرمەندە کوردەکانیش جێگایەك بووە کە کارو چالاکی خۆیان پیشان بدەن وە پەرە بە هونەرەکەیان بدەن بەتایبەتی هونەرمەندانی کورد لە سوریا. هونەرمەندی شێوەکاری کوردی رۆژئاوای کوردستان هەیسەم کوردی کە لەشاری دیمەشق نیشتەجێ یە وە لەساڵی ١٩٧٧ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی دیمەشقی تەواو کردوە، بەردەوام

بووە لەکارو چالاکی هونەری وە زۆربەی گەلەریەکان نمایشی تایبەتی کارەکانی کردووە، وە مامۆستایەك بوە لە پرۆفیشینالّی هونەر بە ڕێبازێکی تایبەتی هونەری وە قوتابخانەیەکی ڕەنگی هەڵبژاردوە بۆ کارە هونەریەکانی، وە چەندین قوتابی پێگەیاندوە لە شام لەبواری هونەرو شێوەکاریدا، ناسنامەی نەتەوایەتی ئەم هونەرمەندە بەو ناوەوەیە کە هەیسەم کوردی لەخۆی ناوە، بۆیە جەماوەرێکی تایبەتی خۆی هەیە بەتایبەتی لەکاتی نمایشی کارە هونەریەکانی دۆستان و هونەرمەندانی کورد ئامادەیی پێشانگاکانی هونەرمەند دەبن. ئەگەر وێنەیەك لە کارە هونەریەکانی هونەرمەند هەیسەم کوردی وەربگرین ئەوا قوتابخانەیەکی تایبەتی بەدی دەکەین لە ڕێبازو تەکنیکی کارە هونەریەکانیدا ئەویش زۆر جار بە مۆدرنی یان هاوچەرخی هونەری وە تەختاییەك لە ڕەنگ و کۆنتراسی ڕەنگین کە گەرمن، ڕەنگە گەرمەکان ئەوە دەگەیەنێت کە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبژاردەی کردوە چونکە لەئەوروپا رەنگە فێنکەکان هەڵدەبژێرن کە ناوچەکەیان ساردن بەمەش جیاوازی تەکنیکی هونەری زۆر بەئاشکرای بەدی دەکەیت، ئەم ڕەنگانەی هونەرمەند هەیسەمیش ئەو کارتێکراوەیە کەخۆی لەناو کەلتوورێکی ڕۆژهەڵاتیدا دەژیت وە کارتێکراوی ئەو ناوچەیە ڕەنگ دانەوەی هەیە لەنێو کارە هونەریەکانیدا، لەبارەی فۆرمەوە هەڵبەتە هەندێك بابەتی مرۆڤایەتی وە کۆمەڵایەتی لەجۆری دەمووچاوەکاندا بەدی دەکەیت ئەمەش ڕەنگ دانەوەی ژیانی رۆژانەیە، وە هونەرمەند







دەیەوێت لەنێو کەڤاڵەکەیدا پانتایی ئەو ئاسمانە بکێشێت کە هەوری ڕەش و سپی وە زۆر جار ئاسمانێکی سووری تێدا بەدی دەکەیت، لە جۆری کەرەستەی بەکارێنراودا هونەرمەند بە ڕەنگ ڕۆنی زۆربەی کارەکانی ئەنجام داوە وە هەندێک جاریش ڕەنگ ئەکریلیکی بەکار هێناوە بۆ دارشتنی کارە هونەریەکانی، بەڵام ستایلی هونەرمەند زۆر بە ئاشکرای دەناسرێتەوە بەو ڕێبازو تەکنیکەی کە بەکاری هێناوە، چاوی هونەرمەند ئەو وێنەیەی گرتووە کە وەکو لەئاسمانەوە زەوی بگرێت یان چیاکان یان لەنێو پەڵە هەورێکدا وێنەی ڕیالیستی تۆمار بکات، هەر بەو شێوەیە وێنە فۆتۆگرافەکانی گواستۆتەوە بۆ ناو تابلۆ شێوەکاریەکان، پەیامی هونەرمەند هەیسەم کوردی ئەوەیە کەدەیەوێت لە ڕێگای هونەرەکەیەوە خۆی و ناسنامەی کوردستانی بناسێنێت بە جیهانی عەرەبی و کوردی و جیهانی.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەمیر دەلی

هونەرمەندێکی لاوی شێوەکاری کورد لە باشووری کوردستان ئەمیر دەلی کەلەشاری هەولێر لەدایک بووە، پسپۆڕیەکی تایبەتی هونەری هەیە لەبواری هونەری شێوەکاریدا وە سەرقاڵە بەو هونەرەوە لەکاتی خوێندنی لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە شاری هەولێر ئەزموونێکی چڕو پڕی بەدەست هێناوە وەلەماوەی ئەو ساڵانەدا چەندین کاری هونەری ئەنجام داوە وە چەندین جاریش کارەکانی نمایش کردوە لەنێو پەیمانگاو کۆلیژو گەلەریەکاندا، هونەرمەندێک دیارە بەتواناو دەرکەوتنی توانا هونەریەکانی لەنێو

تابلۆو پێشانگاکاندا بەو تەکنیکە هونەریەی کە ئاستێکی بەرزو جوانی هەیە وە بێگومان لەسەرەتاوە کاری ئەکادیمی بناغەی ئەو هەنگاوە بووە بۆ بەدەست هێنانی ئاستی هونەری وە دواتر بەرەو ئەزموونی ئەو قوتابخانانە هەنگاوی ناوە کە توانیویەتی ئاستێك بۆ هونەرەکەی بەدەست بهێنێت، بەتایبەتی لە کێشانی ئەو تابلۆیانەی کە ڕەنگ بڕیاری لەسەر دەدات وە هەر ڕەنگ چاوی بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت وە دواتریش مامۆستایانی هونەرو ڕەخنەگران بڕیاری یەکجارەکی دەدەن بۆ کارە هونەریەکانی، ئەگەر چی هونەر ڕێگایەکە بۆ نمایش کردنی وە دەرخستنی کەلتووری ئەو نەتەوەیە، هونەرمەند ئەمیر دەلی ش ئەو ڕێبازەی هەڵبژاردەوە کە لەڕێگای هونەرەکەیەوە ناسنامەی وە کەلتووری وڵاتەکەی پێشانی ئێمەو جیهان بدەن. هەڵبژاردەی بابەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ کەلتووری شاری هەلێر بەتایبەتی وێنەی وە سیمای قەڵای هەولێر کە چەندین بابەت لەخۆ دەگرێت وەکو بەڕەو زەغرەفەی جۆراو جۆر کەلە سوجادەو بەڕەدا بەکاردێت وە هەڵبژاردەی ڕەنگە گەرمەکان کە خۆی لەجلو بەرگ و پۆشاکی کوردیدا بەدی دەکرێت، وە کێشانی تابلۆی سروشتی کوردستان وە چیاکان وە فۆرمەکان ئەو بابەتانەن،وێنەی ئەو دەموو چاوانەی کەلەدوای ڕەنگ و شارەوە دەردەکەوێت ئەمانە ئەو مانایانەن کە هونەرمەند دەربڕینی تێدا کردوە، بێگومان هەڵبژاردەی هێما کەلتووریەکان وەکو دەرگاو پەنجەرەی کۆنی قەڵا بەوڕەنگە جوان و جیاوازانەوە نمونەیەکی



زیندوون لەکارە هونەریەکانی وهونەرمەند ئەمیر. بەشداری کردنی لە پێشانگا گشتی و هاوبەشیەکان ساڵانە چالاکیەکی هونەرین کە هونەرمەند ئەمیر دەلی توانیویەتی پیشانی بدات وە بەشداری تێدا بکات، لەگەل ئەوەی کە ساڵانە پێشانگای تایبەتی خۆی دەکاتەوە. بەردەوامی هونەرمەند بە کارە هونەریەکانی بە پێوانەی جیاواز هۆکارێکە بۆ بەدەست هێنانی نمونەیی لە کاری هونەریدا، هەر بۆیە هونەرمەند ئەم ڕێگایەی. هەڵبژاردوەتاوەکو خزمەتی کەلتوورو هونەری کوردی پێ بکات








## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئیحسان محمد

هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی شاری کەرکووك کە لە ساڵانی نەوەتەکانەوە ئاوارەی وولاتی هۆڵەند بووە لەشاری ئەمستردام نیشتەجێ بووە، هونەرمەند ئیحسان محمد لەساڵی ١٩٦٥ لەشاری کەرکووك لەدایك بووە وە دەرچووی پەیمانگای ستودیوی دەرهێنەری بەناوی (ئاو) ی تەلەفزیونی هلڤرسیوم وولاتی هۆڵەندایە، ئەم حەزو ئارەزووە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی هەشتاکان کاتێك لەکەرکوك نمایشی هونەری ساز دەکرد لە هۆڵە هونەری یەکان، وە کەسێك بوو لەوانەی کە کاری هونەری شێوەکاری ئەنجام دەدا بەبێ ئەوەی نمایشیان بکات



وە بەشدار بوەیەك بوو لە تێڕوانینی هونەری و دیدەیی تایبەتی هونەری کەهەردەم جێگای گفتوو گۆ بوو لەگەڵ هونەرمەندان، لەدوای ساڵانێکی دوور وە ڕەخساندنی کەشوو هەوای هونەری لە ئەوروپا بەگەرمی دەستی دایە وەبەرهەم هێنای کارە هونەریەکانی وە نمایش کردنی لە هۆڵە هونەریەکانی شارەکانی ئەمستردام وە دەنهاخ وە رۆتردام و هاوبەشی لەهەڵ هونەرمەندە هۆڵەندیەکان لەگەلەری یە جیاوەزەکان وە هاوبەشی کردنی لەگەڵ هونەرمەندانی عێراقی لەساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵێ شارەوانی شاری دەنهاخ لەهەڵ کۆمەڵێك لە هونەرمەندانی عێراقی و کوردستانی، وە کارەکانی لەهۆڵەکانی وەکو گەلەری (kunst west) نمایش کردوە وە لە ساڵی ٢٠٠١ لە گەلەری (Voorbeeld/Amsterdam) هاوبەشی کردووە، وە لەساڵی ٢٠٠٣ لەهۆڵی (kunst west /Amsterdam) بەشداری کاری بەکۆمەڵی لەگەڵ ١٧٦ نەتەوە ئەنجام داوە، لەساڵی ٢٠٠٤ پێشانگای تایبەتی خۆی لە گە لە ریBrakel groend بە کۆمەڵە کارێکی هونەری هاوچەرخ کارەکانی نمایش کرد. ئەگەر دیدەیەك بەکارەکانی هونەرمەند ئیحسان محمد دا بگرین ئەوا نمونەیەکی هاوچەخی هونەری شێوەکاری تێدا بەدی دەکەیت بەتایبەتی هونەرمەند پەنای بۆ ئەو کارانە بردووە کە مۆدرینی هاوچەرخی سەردەمین وە لەپاڵ هەر کارێکەوە بابەت و فۆرمێکی تایبەتی هەیە، بەتایبەتی لە وێنەو سیمای ئەو جێگە کەلتووریانەی کە رۆژهەلاتی ناوەراست تێدا بەدی دەکەیت بەتایبەتی شاری کەرکوك جیگەی لەدایك







بوویی هونەرمەندە ئەو وێنەو شێوازەی تێدا بەرجەستە دەکەیت کە باگراونی فۆرمە جیاوازەکانی ئەم هونەرمەندەیە، وە لەڕووی ڕەنگەکانەوە ئەو ڕەنگە گەش و کراوانەی هەڵبژاردوە کە دەربڕین لەگەشبینی ژیان و بەردەوامی ژیان دەکات، ئەوەندەی هونەرمەند ئیحسان محمد لە تێڕوانینی هونەری دەگەڕێت کە کەمتر کاری هونەری ساز بکات مانای بەوە دێت کە دەیەوێت کە کارێك ئەنجام بدات هەموو بەها هونەریەکان لەخۆ بگرێت وە کارێکی پڕ ماناو پڕ هونەری بێت، لەم قۆناغەی دوایدا کۆمەڵە کارێکی بە پێوانەی گەورە ئەنجام داوە وە سەرقاڵی تەواو کردنی ئەو پلانەیە کەلە داهاتوودا لەگەڵەریەك ئەم کارە گەورانە نمایش بکات، کوردستانیەتی هونەرمەند ئیحسان محمد بێجگە لەناسنامەکەی تابلۆکانی بەو فۆرمە کەلتوورو شێوازە کوردیانە گوزاریشت لە وڵاتەکەی دەکات. مامەڵە کردن لەگەڵ ڕەنگدا کارێکی ئەوەندە ئاسان نی یە وە ڕێك خستنی ڕەنگەکان و چاو لێ گرتنیان بیرو هزرێکی گەلێك هەستیاری دەوێت، ئەم ڕەنگ دانەوەیە لە کارەکانیدا بەدی دەکەیت وە هەڵبژاردی پێوانەی بچووك یان گەورە بەو ستایلە هونەریە کە زۆر جار ئابستراکە وە زۆر جار مۆدرنە ئەمەش زەمینەیەکی تایبەتی دەوێت تا مرۆڤ بگاتە ئەو ئاستەی کە کارەکانی بەو جۆرە هونەریە ڕێك بخات.



## عەلی دەروێش لە وێستگەی شێوەکارو کاریکاتیوریدا

شێوەکاروکاریکاتێریستی کورد هونەرمەند عەلی دەروێش، ناسراو بە(بەمۆ) هاوڕێ یەکی دێرین و هونەرمەندێکی سەردەمی زێڕینی هونەری و کەلتووری و ڕۆشنبیری لە شاری کەرکووك لە ساڵی ۱۹٦٦ لە دایك بووە، هەردەم ئامادەیی هەبووە لەنێو چالاکی هونەری و ڕۆشنبیری شاری کەرکووك وە سلێمانی و هەولێر، وە ئەندامێکی کارا بووە لەنێو هونەرمەندان و سەندیکاکان و ڕێکخراوە هونەرییەکان و ڕۆژنامە کوردییەکان.

لە وێستگەی ساڵانی هەشتاکانەوە هونەرمەند عەلی دەروێش



لەگەڵ هەموو چالاکی و بەشداریەکی کارێکی نوێ و داهێنانێکی نوێ ی بەبێ دەنگی هێناوەتەوە نێو گەلەری و پێشانگاکانەوە، لەگەڵ هەنگاوەکانی کاری شێوەکاریدا هەنگاوی هونەری کاریکاتۆریش بەشێك بووە لەژیانی و پەرە پێدانی کە لە هەڵقووڵاوی نێو جەماوەرو خەڵکەوەگوێ ی لە ئازارو مەینەتیەکان و کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و دەرکەوتەکانی نێو کۆمەڵگا واتە تاکە سەیرە سەمەرەکان و گواستنەوەیان بۆ سەر کەڤاڵ و ڕەنگەکان.

هونەری کاریکاتێری هونەرێکی کاریگەرە لە هونەرەکانی وێنەکێشان، وێنەیەکە گۆڕانکاری و لادانە لە ڕواڵەتە سروشتی یەکان وە تایبەتمەندێتی تاکە کەسایەتی و لەش و لارەکانی تێدایە، مەبەست لێ ی گاڵتەجاری یان ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی یە، هونەری کاریکاتیوری هەندێك جار توانای ڕەخنەیەکی بەهێزتری هەیە لە سەرووی هەموو ئەو ڕاپۆرت و نوسینە ڕەخنەییەکان وبەیاننامە سیاسی یەکان، ووشەی کاریکاتیور جیابونەوەیەکە واتە کاریکیر کە لە ووشەیەکی ئیتاڵی یەوە هاتووە بە واتای (موبالەغەکردن)، یەکەم کەس کە بەکاری هێنا ساڵی ۱٦٤٦ لەلایەن (موسینی گیەن) لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەکار هاتووە، وە جیان لورینزو برنینی کە وێنەکێش و کاریکاتیرستێکی لێهاتوو بوو یەکە کەساەێك بوو کە کارە هونەرە کارتێرەکانی پێشکەشی کۆمەڵگای فەرەنسی کرد ئەو کاتەی کە چوو بۆ فەرەنسا لە ساڵی ۱٦٦٥. هونەری کاریکاتیور هونەرێکی کۆنە وە ناسراوە لەلایەن مسری یە پێشەواکان و ئاشووریەکان و یونانییەکان،

کۆنترین وێنەو نمایشی کاریکاتیوری کە لە مێژوودا هەڵگیرابێت وە ئاگایان لێ بوبێت هونەری مسری کۆن بووە، لەسەر کاری گۆزەگەری و تاشەبەردینەکان کە وێنەی ئاژەڵە جیاوازەکانی تێدا بووە، بە شێوەیەکی گاڵتەجاری،ئەوەش لەسەردەمی پادشایەکان وە لەسەدەی ڕەعامیسە، کە مێژووکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٢٥٠ پێش میلادی.

هونەرمەندی شێوەکارو کاریکاتیوریست عەلی دەروێش گوێ ی لەهەموو چێرۆك و بەسەرهاتەکان و ڕۆمانەکان وئازارەکانی سەردەمی ڕابردوو ڕاگرت وە توانی هونەرێکی شێوەکاری جوان بە ستایلێکی تایبەتی بخاتە ڕوو، ئەو لەتابلۆو پێشانگاکانیدا باسی لەو بارودۆخەدەکرد کە مرۆڤەکان ئازاد نین وە دیوارەکان بەرگەی ئازاری خۆیان ناگرن، زیندانیەکان وە دەمووچاوە ماندووەکان و لاشە پارچەپارچە کراوەکان ئەو بیرۆکەو فۆرمەلانە بوون لە ڕابردوودا هونەرمەند عەلی دەروێش توانی لە پێشانگاکاندا بیخاتە ڕوو، وەکو قوتابخانە هونەریەکان لەهەر قۆناغێك قوتابخانەو جۆرە تایبەتمەندێتیەکی بەکار هێناوە، ڕیالیستی دەربرین خوازی وە هەندێك جار بەرەو هێما خوازی و ئابستراك و لەکارە نوێیەکانیش هونەری هاوچەرخ و مۆدێرن، ئەگەر ڕەنگەکان مات و تاریك بوون لەهەندێکی لایەنی تری تابلۆکانەوە ڕووناکیەکی بچووك، ئەوە خواستەکانی بوون کە لە چاوێلکەکەیەوە دەیانبینێت وە سەرەنجی خۆی لەو ڕۆژگارە داوە.

عەلی دەروێش ووشەو گۆرانی هەموو تاکەکان دەخوێنێتەوە وەکو





لەسەر ماڵپەڕە ئەلکترونیەکەی بەدەر دەکەوێت کە هونەرمەندێکی لەسەرخۆو جەربەزەو یە بەرانبەر بە ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ڕووداوانەی کە لە ڕێگای کارە هونەریەکانی یەوە دەیخاتە ڕوو، وە ئەو بەرانبەر ئەو وێنانەش دەوەستێت وەکو کارئەکتەرە جیهانی و ناودارەکان لەوانە ئەنتوینی کوین وئەکتەری مسری کە لە بنەڕەتدا کوردەو خەڵکی دیاربەکرە مەحموود ملێجی و یەلماز گونای، کەلەم دوایەدا وێنەو پۆرترێتی ئەو ناودارەی کێشاوە، من ئەگەر بچمە نێو کۆمەڵە کارێکی تری هونەرمەندەوە وەکو ئەو کارانەی کەلە وولاتی فەرەنسا لە شاری پاریس کێشاویەتی بەڕاستی گوڕانکاریەکی جۆری ترە لەو قوتابخانەوە

ڕێبازە تایبەتمەندەی کە بە ستایل و شێوازێکی مۆدێرن لەسەر کەڤاڵەکانی نەخشاندویەتی بەتایبەتی ئەو وەکو هەموو ئەزموونەکانی لە گۆشە نیگای تایبەتی خۆیەوە سروشتەکەی ئاوێتە کردوە، وە بەو شێوازە تایبەتی یە بەرخامەی کردوە وەکو زنجیرە کارێکی بەیەك بەستراوە وان، چ لە پۆرترێت وە چ لە سروشت و زیندەوەرەکان وئاژەڵ و شەقام و ژیانداری لە نێو ماڵدا، بەستنەوەی دوو جۆری کار شێوەکاری و کاریکاتۆری هەنگاوێکی قورس وگرنگە وە هەریەکەن جیهان و تێکەڵبوونێکی هزری دەوێت بۆ دەرخستەی بیرۆکەو فۆرمەکان، ئەمانە خەمی ئەو هونەرمەندە دەروێشەیە کە ڕۆژانە لەجیهانە پڕ و چڕەکەیدا قووڵ دەبێتەوە و نازانێت سبەیی چی روو دەدات تاوەکو ڕووداوەکان بگوزێتەوە نێو کۆمەڵگاوە.

عەلی دەروێش لەدایك بووی ئەو ڕۆژگارەیە کە هونەرو ڕۆشنبیریەت نان وئاو بوون بۆ ئەو، هەنگاوی بەرەو کاری کاریکاتیوری تەواوکەری ئەو هەموو ئاخ وداخەیە کە ڕۆژانە بەسەری مرۆڤدا دەهاتن، زۆربەی ڕۆژنامەکانی کوردستان دەست وپەنجەی هونەرمەند عەلی دەرویش ناسراو بە بەمۆی تێدا بوو بەتایبەتی لە بڵاوکراوەی گەپ و ڕۆژنامەی خەبات و چەندین ڕۆژنامەی تری کوردستان بە بێ جیاوازی، ڕۆژانە چەندین کەسایەتی دەهێنایە پێکەنین، وە دڵی خەڵکی خۆش دەکرد بەو کارە هونەریەی کە بەژان و ئازار لەدایك دەبوون لەلای هونەرمەند، قۆناغەکانی هونەری لە لای هونەرمەند عەلی دەروێش جیاجیان وە زنجیرەیی یە، لەهەر سەردەمێك و بابەت و فۆرمەلەیەکی جیاواز سەریان هەڵداوە وە



لەهەر ڕووداوێکی ناوچەکە ئەو کێشەو ڕەنگدانەوەیەیی لە چوا چێوەی تابلۆ شێوەکاری یەکاندا بێت یان لە کارە کاریکاتیوریەکانیدا بێت نەخشاندوێتی وە دەربڕینی تێدا کردوە، ئەگەر چی ژیانی ئاسایی هونەرمەند ژیانێکی شایستە نەبووە لە ڕابردوودا کە دڵنەوایی و پاڵپشتی هەبێت، بەڵام خۆی وەکو هونەرمەندێکی سەرسەخت بەرەنگاری ئەو هەموو بارە نالەبارانە بۆتەوە وە هەردەم دەووروبەریش ترس بوە بۆ ژایانی کە وێنەی ئەو هەموو کەم و کوڕیانەی کێشاوە.



وێنەی سەرکردەکان یان کەسایەتیەکان و هونەرمەندەکان و نواندنەکەسایەتیەکان و خەڵکانی ئاسایی و کێشەو گیرۆدەیی ڕۆژانە ئەمانە کەشکۆڵی ئەو هونەرمەندەن کە بە ئێستاشەوە لە غوربەت لە پاریس ی وولاتی فەرەنسا دەیەوێت خەندەیەك وهزرێك ببخەشێتە دەووروبەرەکەی.




## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەزیز پیر داود

هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی کوردستانی باشوور مامۆستا عەزیز پیرداود ساڵی ١٩٦١ لە شاری هەولێر ناوچەی پیرداود لەدایك بووە کە پسپۆڕە لە بواری هونەری شێوەکاری و وورك شۆپ و دیزاینەرێکی هونەری یە کە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری بەغدای تەواو کردووە، وە لەساڵانی هەشتاکان رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەبەشداری کردن و چالاکی هونەری شێوەکاری لە شاری هەولێر وە ئەندامی دەستەی کارگێڕی یە لە سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی یە وە هاوبەشی هەموو پێشانگاکانی



هونەرمەندانی کوردستانی کردوە لە شارەکانی کوردستانی باشوور. هونەرمەند عەزیز پیر داود خاوەن ئەزموونێکی قووڵ و وورده کاره لە جۆری کاری هونەری وە دەستێکی جوانی هەیە لەداڕشتنی تابلۆو فۆرم و کاره هونەریەکاندا، بەتایبەتی کاری هێڵکاری کە گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لەلای هونەرمەند وە بە بناغەیەکی ئەکادیمی دەزانێت، هەر بۆیە پۆرترێت نمونەیەکی زیندووە بۆ کارەکانی بەتایبەتی لەم دوایەدا دەگەرێت بۆ ئەو کەسایەتی یە رۆشنبیرانەی کە خزمەتی رۆشنبیری و کەلتووری کوردستانیان کردوە وە ئەو مرۆڤانەی لە ژیاندا نەماون، بە شێوازێکی تایبەتی کاره هونەریە هێڵکارییەکان دادەرێژێت وە هەر کەس ئەو کارانە ببینێت زۆر بەئاسانی دەیانناسێتەوە، بێجگە لەوەی کە هونەرمەند دەیان پرۆژەی کاری هونەری تایبەتی هەیە بەکاری رەنگاو رەنگ واتە بەکاری رۆنی وەبە پێوانەی گەورە، تابلۆکانی هونەرمەند مامۆستا عەزیز دەربرین لەو ژیان و سروشتە دەکات کە کوردستانی تێدا تێپەڕ دەبێت وە هەردەم جوانی کوردستان و فۆلکلۆرو کەلتووری کوردی بابەتی سەرەکی ئەم هونەرمەندە بووە، وە کاره سوریالیزمەکانیش بەشێکن لەمێژووی ئەم هونەرمەندە کە ژیانی کوردستان هەندێك جار لە قوتابخانەکانی سوریالیزمدا دەبینێتەوە، هەر بۆیە دەربرین کردنی هونەرمەند عەزیز پیر داود لەو جیهانە سوریالیزمەوە هەڵقولاوە کە ئەزموونی هونەری ئەوەی سەلماندوە وە نمایشی کارەکانی گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە تابلۆ رەنگاو رەنگەکان بەشێک بن لەئەزموونە





هونەریەکانی، لەساڵی ١٩٨٧ یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە قوتابخانەی سەیدئاوای شاری هەولێر کردۆتەوە وە بەشداری ئەو پێشانگایانەی کردوە کە هونەرمەندانی کوردستان سازیان داوە لەیادەکانی هەڵەبجەو گەلەری یە جیاوەزەکان وەکو گەلەری سەردەم لە ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ وە لەساڵی ١٩٩٩ تا ٢٠٠٢ بەشداری وورک شۆپی هونەری کردوە لە گەلەری زاموا لەشاری سلێمانی.
ئەو پۆترێتانەی دوایی هونەرمەند عەزیز پیر داود بێجگە لە بەها هونەریەکەی وەفایەکی گرنگە بۆ نوسەران و هونەرمەندان و سیاسەت مەدارانی کوردستان لەم دوایەدا ئەنجامی داوە.



## هونەرمەندی شێوەکاری کوردستانی رۆژئاوا سلێمان چیکۆ

هونەرمەند سلێمان چیکۆ لەساڵی ١٩٥٩ لەشاری عامودا لەکوردستانی رۆژئاوا ووڵاتی سوریا لەدایك بووە، ژیانی سەرەتایی و ناوەندی لەو شارە تەواو کردوە، ژیانی هونەری بە شێوەکاری دەست پێ کردووە بە کێشانی تابلۆ و کاری هونەری لە شێوەی چاپ و گرافیکیدا، وە بەشداری لە زۆر پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی لە ناو ووڵاتی سوریادا کردوە، خۆی بە هونەرمەندێکی کوردی ناوچەی جەزیرە ناساندووە، ناسراوترین پێشانگا ئەو پێشانگا هونەری یە بوو کە لەشاری دیابەکری








کوردســتانی باکــوور ئەنجــام درا لــە مارتــی ٢٠١٥، بــە کارو تابلۆکانــی وە هاوبەشـی کردنـی بـەکاری وورك شـۆپ، هەسـتی نەتەوایەتـی وە کوردسـتانی بەتەواوەتـی لـە کارو تابلۆکانـی هونەرمەنـد سـلێمان چکـۆدا بـەدی دەکەیـت بەتایبەتـی کێشـانی فۆرمـی فۆلکلـۆری ناوچەکـە وە هەڵبـژاردەی ڕەنـگ کـە کـورد پـتر بـەکاری دەهێنێـت ئەویـش ڕەنگـە گەرمەکانـە کـە زۆر جـار بـە ڕەنگـی چیـاکان نـاو دەبرێـن، لـەڕووی چالاکـی هونـەری یـەوە زۆر جـار هونەرمەنـد لـە وولاتەکـەی خۆیـدا زەمینەیەکـی هونـەری چالاکـی بـۆ نارەخسـێت کـە بتوانێـت دەربڕیـن لـە ئـازارو ئەشـکەنجەی میللەتەکـەی بـکات وە زۆر جـار سیاسـەتی وولاتەکـەی ڕێـگا نـادات ئـەو ئـازادی یـە هونــەری و کەلتــووری یــە بەئاســانی مــرۆڤ پیــادەی بــکات، هەربۆیــە هونـەرو کەلتـوور زۆر بـە سسـتی بەڕێـوە دەڕوات وە هونەرمەنـدی کوردیـش لــە وولاتــی ســوریا پــڕ ئــازارو پــڕ ئەشــکەنجەن، ئــەوەش لەنێــو فۆرمــی تابلۆکانــدا بــەدی دەکەیــت. تایبەتمەندێتــی هونــەری لــەلای هونەرمەنــد سـلێمان چکـۆ ئەوەیـە کـە ڕێبـازو دیدەیەکـی تایبەتـی هەڵبـژاردوە بـۆ کارە هونەریەکانـی ئەویـش کار بـە شـێوەی چـاپ و گرافیکـی وە هەڵبـژاردەی فۆرمـی کـوردی و دارشـتنیان لەنێـو تابلۆکانیـدا، لای کـورد شـایی و دیـلان و جـل و بەرگـی کـوردی هێمایەکـی نەتەوایەتـی یـە وە زۆر لـە هونەرمەندانیـش ئـەم فۆرمـە لـەکارە کانیانـدا بـەکار دەهێنـن، تەمەنێکـی پـڕ لەئەزمـوون ئـەو بابەتانـە دێنێتـە کایـەوە کـە تابلـۆکان پـڕ مانـاو پـڕ ئەزمـوون بـن، ئــەو دیاردەیــەش لەکارەکانــی هونەرمەنــدا بــەدی دەکەیــت، لەهەندێـك

لەکارەکانیدا وێنەی تابلۆکان بە شێوەی فەرشی کوردی دەبینیت وە دیزاینی ئەو کارانە وا کێشراوە کە فەرشێکەو مرۆڤ دەیەوێت لە ماڵەکانیاندا هەڵی واسن، وە خەڵکی کوردیش ئەوەندەی چاو لەکاری فۆلکلۆری کوردی دەگرێت چاو لەکاری ئارابسکی هونەری ناگرێت. ناسنامەی هونەری لەلای هونەرمەندی شێوەکاری کورد سلێمان چیکۆ ئەو بابەتانەیە کە هەڵقوڵاوی پێ دەشتی جەزیرەن واتە عاموودا و قامشلی و دیرك و حەسەکەو گوندەکانی ئەو ناوچەیە وە هەڵبژاردەی جلو بەرگی کوردیش نمونەیەکی زیندوە لەکارە هونەریەکانیدا.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد سەردار سنجاوی

هونەرمەندێکی گەنج لە هونەرو جەستەو مامەڵەی هونەریدا وە مرۆڤێکی سەرقاڵ بە ژیانی هونەری و پرۆژەی هونەری یەوە کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ئەویش هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە کوردستانی باشوور سەردار سنجاوی لە هەولێری پایتەخت ژیانی هونەری و بنکەی هونەری تێدا بەسەر بردووە، وە لەساڵانی نەوەتەکاندا جموجوڵێکی زۆرو پڕ لەکارو چالاکی هونەری بەدەست هێناوە، ئێستاش لە شاری سیدنی وڵاتی ئوسترالیا ژیان بەسەر دەبات، لەو ساڵانەی کە لە هەولیر بوو لەساڵانی نەوەتەکاندا بێجگە لەوەی پێشانگای

تایبەتی خۆی دەکردەوە بە جۆرە کارێك کە تایبەتمەندێتی خۆی هەبوو بەشدار دەبوو لە هەموو ئەو پێشانگا هونەریانەی کە هاوبەشن لە شارەکانی کوردستان وە لە گەلەری یەکان، لەگەل ئەوەشدا ڕەخنەگرێکی هونەری شێوەکاری بوو وە ئەندامێك بوو لەو کۆمەڵە ڕەخنەگرانەی کە دەستەیەکیان پێك هێنابوو بۆ تاوتویێ ی هونەری شێوەکاری کوردی. هونەرمەند سەردار سنجاوی لەڕووی کارە هونەریەکانی یەوە فۆرم و بابەتی هاوچەرخی دەروژاند وە دەبووە بیرۆکەی داڕشتنی هونەرێکی هاوچەرخ بە کوالیتی یەکی تایبەت و شێوازێکی تایبەتی، چ بە کاری شێوازی گرافیکی یان بە کاری ڕۆنی و جار جار هونەری پەیکەسازی هاوچەرخ، بیرو باوەڕی وابوو کە هونەری مۆدرن تەکان بەهونەری شێوەکاری کوردی دەدات، وە هەر ئەو هونەرەیە جێگەیەکی تایبەتی دەبێت لەنێو هونەری شێوەکاری کوردیدا، هەردەم سەرچاوەی کارەکانی دەگەڕایەوە بۆ هونەری هاوچەرخی ئەوروپی یان جیهانی، لەدوایی سەفەر کردنی بۆ وڵاتی ئوسترالیا گۆڕان کاریەکی تەواو بەسەر ژیانی ئەم هونەرمەندە دا هات چ لەڕووی شێوازی کارەکانەوە وە چ لەڕووی جۆری بیرکردنەوەی بۆ هونەری شێوەکاری، هەربۆیە بەشداری کردوە لە زۆربەی گەلەریەکان و هۆڵە تایبەتەکان بەتایبەتی لە گەڵ ڕێکخراوە مرۆیەکان وەکو نەتەوەیەکگرتوەکان وە ڕێکخراوە هونەریەکان لەشاری لیڤەرپۆلی ئوسترالی وە کردنەوەی پێشانگا لە نەخۆشخانە گەورەکان و دەزگا تایبەتە مرۆیەکان، هونەرمەند سەردار



سەنجاوی مرۆڤێکی ئەکتیڤ لەبواری هونەری شێوەکاریدا ئەگەر سەرەنج لەکارە هونەریەکانی بدەین لە ڕووی فۆرمەوە ئەوا فۆرمێکی ڕەش و سپی لەخۆدەگرێت دیارە کارتێکراوی ڕەش و سپی و ئازارەکانی لەو چوار چێویەدا جێگایان دەبێتەوە وە هەوڵی داوە لەو ناوەڕوەکەوە بابەتەکانی دەربخات، مامەڵە کردنیش لەگەڵ کارە ڕۆنی یەکان کە لە دیزاینی چاپدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش بەشێکن لەئەزموونی ئەم هونەرمەندە، هاوبەشی و بەشداری کردنی لە پێشانگاکانی وڵاتی ئوستراليا ئەو ئەزموونەیە کە تەواوکەری ئەزموونەکانی ڕابردووی ئەم هونەرمەندەیە.

## هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو لیدا عبدالهی

خانمێکی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان هونەرمەندی شێوەکار خاتوو لیدا عبدالهی دەست ڕەنگینە لە هونەری شێوەکاریدا وە قوتابیەکی لێهاتووی مامۆستای هونەری شێوەکاری کوردی مهدی ضیاالدینی یە، وە لەسەر ڕێبازێکی ئەکادیمی هاوچەرخی پلەیەکی بەرزی هونەری بەدەست هێناوە، گرنگی دان بە پۆرترێت و مۆدێلی مرۆڤ و ڕەنگەکان و جلوبەرگ ئەو دارشتنە هونەری یەیە کە گرنگی یەکی تایبەتی خۆی هەیە لە لای هونەرمەند، وە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو جۆرە مۆدێلانە وورد بینی و گرنگی تایبەتی هونەری خۆی هەیە، هەربۆیە نمونەی



ناسینەوەی کارە هونەریەکانی هونەرمەند لیدا لەو جۆرەیە کە بە شێوازو ئەکادیمیەتی کارەکانی دەناسرێتەوە، لەیەکەمین پێشانگای هونەریدا لە شاری بانوان بووە لە رۆژئاوای هەرێمی سەرکەوتوویەکی زۆر گەورەی بەدەست هێنا وە جەماوەرێکی زۆر هەبوو، دووەم پێشانگای خاتوو لیدا لە شاری مەریوانی کوردستانی رۆژهەڵات کراوەتەوە لەساڵی ١٩٨٢، وە لەساڵی ١٩٨٣ پێشانگایەکی تایبەتی لە شاری سنەی کوردستان کردۆتەوە وە لەساڵی ١٩٨٣ بەشداری کردوە لە پێشانگای هونەرمەندانی شێوەکاران لەپایتەختی وولاتی ئێران تەهران. ئەگەر ووردبینی یەك بکەین بۆ کارە هونەریەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو لیدا ئەوا توانایەکی یەکجار گەورە لەکارە هونەریەکانیدا بەدی دەکەیت لەڕووی تەکینیك و تازەگەری و توانای سەلیقەی شێوەکاری یەوە بەو کارانەی کە نزیکە لە فۆلکلۆری کوردی ئەوەش لەو جل وبەرگ و ڕەنگانەی کە هونەرمەند کارتێکراوی ناوچەکەی پێگەیاندووە، وە لە ڕووی قوتابخانە هونەریەکەوە لەسەرەتاوە دەستی کردوە بە هێڵکاری ئەکادیمی وە بەکار هێنانی تواناکانی لە هێڵکاری یەوە تا دەگاتە ئەوەی لەش و دەمو چاوی مرۆڤ بە شێوەیەکی ئەکادیمی بتوانێت بکێشێت، بێگومان سەرەتای هونەری شێوەکاری لە کاری هونەری هێڵکاری یەوە دەست پێ دەکات وە هەر بنەمایەیە کە مرۆڤ دەتوانێت قوتابخانەکانی تر ببڕێت و بگاتە ئەوەی کە ڕەنگەکان تاقی بکاتەوە وە لە قۆناغەکانی تردا بگات بەو ئامانجەی کە هونەری شێوەکاری پێویستی پێ یەتی. هونەرمەند





خاتوو لیدا ئەو ئەزموونەی بڕی وە توانی چەندین پێشانگا بکاتەوە لە شارەکانی کوردستانی رۆژهەڵات و شارەکانی تری وولاتی ئێران وە توانیوتی پەیوەندیەکی زۆر گرنگ دروست بکات لەگەڵ هونەرمەندان و شارەزایانی هونەری شاری تاران کە پێگەیەکی گرنگیان هەیە لەڕووی ئەزموون و شارەزایی یەوە، هەر بۆیە خاتوو لیدا بەردەوام نمونەی کاری هونەری نوێ لە پێوانەی گەورەو جیاوازدا وە بە ڕەنگی ڕۆنی وئاوی بەدەستی دهێنێت.





## هونەرمەندی شیوەکاری کورد خاتوو هیڤی پێڵ

کچە هونەرمەندێکی کورد لەدەڤەری بەهدینان کە دەکەویتە باکووری کوردستانی باشوور پارێزگای دهۆك دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە لەو شارە لەساڵی ۲۰۰۸ بە پلەی نایاب بەشی پەیکەر سازی تەواو کردووە، کۆمەڵە کارێکی جوانی پەیکەرسازی لەشێوەی هاوچەرخی وەکاری مودرینی نوێ بەرهەمەکانێتی وە بەردەوامە لە دروست کردنی بیرۆکەو کاری نوێ بەو شێوازەی کە پەیمانگا بنکەیەکی ئەکادیمی و توێژینەوەی بووە بۆ ئەو، هونەرمەند خاتوو هیڤی پێڵ وەکو کچە هونەرمەندێك لەو پارێزگایە وە لەلایەن

خانەوادەکەیەوە پشتگیری لێ دەکرێت وە هەوڵی تەواوی لەگەڵدا دەدرێت کە بەردەوام بێت لەکارە هونەریەکانی بەتایبەتی لە نێو گۆڕەپانی کەلتووری کوردی چونکە لەم ڕۆژە لە کۆی چەندین کچە قوتابی لەپەیمانگاکاندا کەم هونەرمەندی کچ هەیە بەردەوام بێت وە بتوانێت کاری پەیکەرسازی ئەنجام بدات، لەبەر ئەوەی کاری پەیکەرو کەرەستەکانی گەچ و قوڕ کارێکی ئەوەندە ئاسان نی یە وە هەموو مرۆڤێك ناتوانێت بەردەوام بێت لەبەر بێ جێگای وە قورسی کارەکە، هەربۆیە خاتوو هیڤی ئەم کارە قورسەی هەڵبژاردوە وە بەشدارە لە هەموو پێشانگاکانی پەیمانگاو پارێزگاو گرووپەکان، بەتایبەتی گرووپی نۆکا کە کۆمەڵە کچە هونەرێکی کوردستانی باشووری لە خۆ گرتووە و بەردەوام کارو چالاکی هونەری نمایش دەکەن، لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك. وەکو کچە هونەرمەندێك بەردەوام سەرقاڵە بە فۆرم و بیرۆکەی کاری هونەری نوێ وە بەشدارە لە چالاکی یە هونەریەکانی نیو هونەرمەندانی شاری دهۆك، چەندین پێشانگای تایبەتی خۆی لەگەلەریەکانی شاری دهۆك کردۆتەوەو بڕوانامەی ڕێزلێنانی لەلایەن پارێزگاو گەلەریەکانەوە بەدەست هێناوە. ئەگەر دیدەیەك لەو کارانە بگرین سەرەتا کاری ئەکادیمی هۆکاری یەکەمە بۆ هەڵسەنگانی وە کاری هاوچەرخی نمویەکە لەوکارانەی کە خاتوو هیڤی بەدەستی هێناوە، بێگومان کارتێکراوی هونەرمەندە جیهانی یەکان هۆکارێکە بۆ وەرگرتنی ڕێبازی هونەری، هەربۆیە فۆرم بۆ دروست کردنی پەیکەر





شێوەیەکی جیاوازو تایبەتە ئەمەش لەکاری ئەم کچە هونەرمەندەدا بەدی دەکەیت. پۆرترێت بە شێوەیەکی ئەکادیمی نمونەیەکی زیندووە لەکاری هونەری پەیکەر سازیدا وە کاری پەیکەری ڕیلیڤ و مەدەوەر نمویەکی ترن لەکارە هونەریەکانی، چارەسەری فۆرمی کاری پەیکەر لە دروست کردنی بابەتدا شێوازێکی ئاسان نی یە بێگومان پێویستی بە ئەزموون وتاقی کردنەوە هەیە، هەربۆیە لەو کارانەی کە هونەرمەند خاتوو هیڤی پێڵ ئەنجامی داوە ئەو چارەسەری یە هونەریە دەبینیت، وە لە بەکار هێنانی کەرەستەکاندا هەموو قوتابی یە هونەرمەندێك لەوێ وە دەست پێ دەکات کە هێڵکاری وە ئەزموونەکانی ڕەنگ سەرەتایەکن دواتر قوڕ سەرەتایەکە بۆ دروست کردنی دەموو چاوو لەش و باڵای مرۆڤ، واتە لەشی مرۆڤ بە هەموو بەشەکانی یەوە لەکاری هێڵکای پێویستە نمونەیی بێت، هەر واش دەکات لەکاری قوڕو داڕشتنیدا ئاسان بێتە دەستی یەوە، وە ئەزموونی قاڵب و داڕشتن بە کەرەستەکانی وەکو گەچ و بۆرەك چیمەنتۆ و ئەزموونەکانی تر نمونەیەکی تری سەرکەوتووی هونەرمەندە، منیش ئەو هیوایە لە خاتوو هیڤی بەدی دەکەم وە بەشدار بوونی لەنێو هونەرمەندانی کوردا وە بەشداریەکانی نمونەیەکی زیندوون لە ئەزموونی هونەریدا.!





## خاتوو ئاشنا عەبدوڵا هونەرمەندی شێوەکاری کورد

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد خاتوو ئاشنا عەبدوڵا وەکو ئافرەتێك لە ئەزمونێکی پڕو چڕەوە دەستی بەو هونەرە کردوە کە بنچ و بنەوانی نی یە وە دەریایەکی قووڵە لە ماناو دەربڕین و جوانکاری ژیان، دونیایەك پڕ لەکارەسات و ڕووداو لەکوردستانی باشوور، پارێزگای هەڵەبجە کە ئەم شارە پڕ لەئەندێشەو زام و جەرگ بڕاو بووە، لەساڵی ١٩٧٥ لەو پارێزگایە لە دایك بووە، قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردوە، لەساڵی ١٩٩٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی تەواو کردوە بەشی شێوەکاری (نیگار







کێشان). یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لەساڵی ١٩٩٨ لە هۆڵی میدیا لە پارێزگای هەولێر کردۆتەوە وە ئەزموونێکی تایبەتی هونەری ڕەنگ و ئەکادیمیەتی هەیە بەتایبەتی لە دەست نیشان کردنی ڕەنگەکاندا وە بیرۆکەکاندا، ئافرەتی کورد وەکو هەموو خاتووەکانی جیهان دەیەوێت لە کوردستاندا خاوەن ئەزموون ئازادی و سەربەخۆی کارەکانی بێت، هەربۆیە هونەرمەند ئاشناش لە پرۆژەکانیدا کە مامۆستا بووە لە قوتابخانەکان وە وەکو فەرمانبەرێك لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەشی شێوەکاری لە شاری سلێمانی ئەو خزمەتەی لەبەر چاو گرتووە کە دیاردەیەکی تایبەتی بخاتە ڕوو، لەساڵاکانی ١٩٩٣ تاساڵی ١٩٩٩ بەشداری پێشانگای خانمانی کردووە لە هۆڵی ڕۆشنبیری شاری سلێمانی وە بەشداری پێشانگاکانی دەرەوەی وولاتی کردووە هەریەك لە ئەڵمانیا و فەرەنسا و سوئیدو کەنەدا، بێجگە لەوەی بەشداری چەندین پێشانگای گشتی کردوە لە هۆڵەکانی کوردستان و دەرەوەی وولات. هونەرمەندی شێوەکار ئاشنا عەبدوالله ئەگەر دیدەیەك بە نێو تابلۆکانیدا بکەیت ئەوا زۆر وورده کاری تێدا دەبینیت لە هەڵبژاردەی رەنگەکان کە گەشبینی هونەری تێدا بەدی دەکەیت وە ڕەنگە گەشەکان بۆتە سومبڵی کارە هونەریەکانی بەتایبەتی ڕێکخستنی ئەو ڕەنگانە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و هونەری، زاڵ بوون بەسەر دونیای ڕەنگدا بەردەوام گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، وە لەڕووی فۆرمەکانەوە بێگومان بناغەی ئەکادیمی بناغەی هونەری شێوەکاری یە، هونەرمەند ئاشنا

ئەو قوتابخانەو بناغەیەی ڕەچاو کردوە لەکارە وهونەریەکانیدا بەتایبەتی شێوازی دەربڕین خوازی وە ڕیالیستی وە کۆ کردنەوەی ڕەنگەکان لە چوارچێوەی قەبارەیەکی گەورەدا، ئەمانە هەموو بۆ زاڵ بوونێکی هونەری گەورە دەگێڕێتەوە لەهونەری شێوەکاریدا، خاتوو ئاشنا وەکو خانمێك بەشدارە لە کۆڕو کۆبونەوەی پێشانگاکانی خانمان لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، بەتایبەتی لە وولاتانی دەروەی کوردستاندا، ژیاندارێتی لە وولاتی ئەڵمانیا ژینگەی چالاکیەکانی هونەری زیاتر بۆ ڕەخساندووە بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لەکاری هونەریدا وە چالاک تر بێت لە کارە هونەریەکانیدا. کاری پۆستەری نزیك بونەوەیەکمان بۆ دیار دەخات لە نێوان کارە شێوەکاریەکانی وە کارە پۆستەرەکانی بەتایبەتی لە زۆربەی بۆنەکانی کوردستاندا بە کاری پۆستەری هاوبەشی کردووە، وە توانیویەتی ناسنامەو سیماو شێوەی گەلی کورد لە چوار چێوەی پۆستەرەکانیدا نمایش بکات.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەونی سامی

هونەرمەندی شیوەکاری کورد لە کوردستانی باشوور عەونی سامی کەلەساڵی ١٩٦٥ لە شاری زاخۆ سەر بە پارێزگای دهۆك لەدایك بووە، زاخۆ دوا شاری کوردستانی باشووره لەسەر سنوری تورکیا وە ئاو هەوایەکی فێنک و سروشتێکی جوان بە شاخ و گوندو کەلتووری هەیە، زاخۆ خاوەن مێژوویەکی کۆن و ئاسەواری مێژووی لێ کەوتۆتەوە، هەربۆیە ڕەنگ دانەوەی کەلتووری لەم شارە زۆر دیارو ئاشکرایە وە زۆر کەڵە هونەرمەندی بەتوانا لەم شارەدا سەریان هەڵداوە. هونەرمەند عەونی سامی مامۆستایەکی پرۆفیشیناڵی هونەری شێوەکاری یە وە ئەزموون





و وورد بونەوەیەکی زۆر هەیە لەو بوارەدا، بەتایبەتی هونەرمەندێك بووە لە ساڵانی هەشتاکان کە بەشدار بوە لەهەموو پێشانگاکانی کوردستاندا، بە تایبەتی پێشانگای هونەرمەندانی کورد لە شارەکانی سلێمانی و هەولیرو دهۆك وە بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لە شاری بەغدا لە هەموو ڤیستیڤاڵ و ڕۆژە هونەریەکان، بەتایبەتی ڕۆژی هونەری جیهانی. لە نێو پارێزگای دهۆك پێگەو ناسراوێتی یەکی زۆر گرنگی هەیە لە ڕووی بە ئەکتیڤ بوونی کارو چالاکی یەکانی لەو سنوورە. لەساڵی ١٩٩٨ یەکەمین پێشانگای تایبەتی خۆی لە زانکۆی لیواردن کردۆتەوە، وە لەساڵی ١٩٩٩ بەشدار بووە لە چالاکی یەکانی هۆڵی کایك زال لە هۆڵەندا، ئەندامێتی لە زۆر




ڕێکخراوە هونەریەکان وەرگرتوە لە وولاتی هۆڵەندا، لە ساڵی ٢٠٠٠ بەشداری کردوە لە پێشانگای هونەرمەندانی عێراقی لە هۆڵی ستاد هاوس لە شاری دەنهاخ بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی بابیلۆن. لە چالاکی یە هونەریەکانیدا ساڵانە پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵ و گەلەری و شارەکانی هۆڵەندادا کردۆتەوە وە بەشدار بوە لە چالاکی یە هونەریەکانی کوردستان بەتایبەتی لەهۆڵی مێرگ ساڵی ٢٠٠٥ کە پێشانگایەکی گشتی هونەرمەندانی کورد کرایەوە. کارەکانی هونەرمەند عەونی سامی ئەو تاقی کردنەوە پڕ ئەزموونەیە کەلە بناغەیەکی هونەری ئەکادیمی هاوچەرخی مۆدرینی سەردەمی یەوە سەرچاوەی گرتووە، وە ڕەنگەکانی بە پێ ی ساڵ و ژیان و جێگە گۆڕان کاریان بەسەردا هاتووە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ کارتێکراوی ئاوو هەوای ئەو جێگایە، بەڵام لە بناغە هونەری کەدا ئەو بەسەرکەوتوانە کارەکانی ئەنجام داوە. کاری گرافیکی ئەویش بەشێکن لەو پرۆژە کارانەی کە هونەرمەند عەونی سامی ئەنجامی داوە وە بە ڕەنگی رەش و سپی وقاوەی گرافیکی کە کاری لەسەر کردوە. هونەری هاوچەرخی مۆدرن لەهەندێك شوێن ئارابسك نمونەی کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندەن، بێگومان لەگەڵ بەرەو پێش چوونی دونیای هاوچەرخێتی هونەری شیوەکاری کەرەستەو بیروۆکەو ئەزموونەکانیش بەرەو پێش دەڕۆن، لەگەڵ هەموو کارکردن و بەبەرهەم هێنانی وەلەدایک بوونی تابلۆکان هونەرمەند عەونی سامی جێگەیەکی داناوە بۆ نمایش کردنیان چ لە



دهۆك یان زاخۆ یان هەولێر یان سلێمانی یان ئەوروپا کەئەوەش هەڵگری یەك بابەتە ناسنامەی هونەری کوردی بەو ئازارانەی کە هونەرمەند دەربڕیوە لە کارە هونەریەکانیدا.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد سوعاد ستار

مامۆستا سوعاد ستار لەدایك بووی شاری کەرکووك لە ساڵی ١٩٥٣، هونەرمەندیکی شێوەکاری کارای ئەو شارەیە، ئەندامێکی هەموو چالاکی یە هونەریەکانی ساڵانی شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکان بووە، بیگومان بەردەوامە لەکاری هونەری شێوەکاری و پەیکەرسازی، لەساڵی ١٩٧٣ تا ساڵی ١٩٧٧ ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردوە، لەساڵانی هەشتاکان مامۆستایەکی هونەری پەیکەرسازی وە چالاك بوو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی وە هاوبەشی وە گشتی یە لە کوردستان وە





بەغداد وئەوروپا. هونەرمەندیکی چالاک بووە لە شاری کەرکووك بۆ کۆکردنەوەی هونەرو کەلتوورو فۆلکلۆری ئەو شارە وە پیشان دانی هونەریکی رەسەنی کوردی لەناو شاری کەرکووک بەتایبەتی لەهۆڵی هونەری نوێ لەناو سەنتەری شاری کەرکووك وە کار کردنی لەگەڵ هونەرمەندانی ئەو شارەو پرۆژە هاوبەشەکانی هونەرمەندانی کەرکووك لە ناو شاری کەرکووك و شارەکانی تری کوردستان. هونەرمەند سوعاد ستار خاوەن ستایل و ڕێبازێکی تایبەتی بووە هەر لەسەرەتای کار کردنییەوە بەو جۆرە کارانەی کە هاوچەرخێتی هونەر لە خۆ بگرێت چ لە کارە ڕەنگی یەکاندا وە چ لە کارە پەیکەرەکانیدا، هونەری نوێ کاری وە کاریگەری تەوژمی هونەری لە ئەوروپا ئەو ڕەنگ دانەوەیەی دروست کردبوو کەلە ساڵاکانی حەفتاکانی هونەر بە گشتی لەلای هونەرمەندانی عێراقی وە مامۆستاکانی هونەر بەرەو ئەو شێوازە بڕوات و کاریگەری تایبەتی خۆی هەبێت لەسەری، ئەمەش بە پێ ی ساڵەکان و کات و ڕووداوەکان لە شێوازێکەوە دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی تر بەتایبەتی هونەرمەند سوعاد ستار لەکارە هونەریەکانیدا زۆر گۆران کاری شێوەیی بەسەردا هاتووە.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد حوسێن کاکەیی

شێوەکاری کورد کاکەیی نمونەیەکی زیندووە لە ئەرشیف و دیدەیی ئەمڕۆی هونەری شێوەکاری کوردیدا، لەساڵی ١٩٥٢ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، بە هونەرێکی خۆڕسکی یەوە دەستی پێ کرد بەو ئازارو ئەندێشانەی کە بەرۆکی شارەکەی گرتبوو، بەو ئازارارەی کە تاکی کورد لەناو شاری کەکووك و دەوروبەری لە مێژوودا باجی بەکورد بوون دەدەن، هەربۆیە کاکەیی شۆرشی هونەری شێوەکاری کرد بە چەکێک و بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی رژێمی ئەوکاتی سەدام حوسین، یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە هۆڵی هونەری نوێ لە



شاری کەرکووك لەساڵی ١٩٨٢ کردەوە کە جەماوەرێکی تینوی هونەری لەخۆ گرتبوو، لەساڵی ١٩٨٣ لە شاری کەرکووك و سلێمانی دووەم پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە،هەڵبژاردنی ئەزموونێکی نوێ ئەویش ژیان لە شاخ لە ساڵی ١٩٨٤ کاکەیی لەگەڵ هونەرمەندان (گارا و بێستون عبدالقادر) پێشانگایەکی لە کۆتەڵ نزیك سورداش کردەوە، کە ئەوکات هونەرمەندێکی پێشمەرگە بوو لە شاخەکانی کوردستان، لەساڵی ١٩٨٨ کۆچی کرد بۆ بەلجیکا تاوەکو ئێستاش کاکەیی خۆیی و خێزانە هونەرمەندەکەیی ئەڤین کاکەیی و منداڵەکانی لەوێ ژیان بەسەر دەبەن. تاقی کردنەوەو کارو تابلۆو فەلسەفەی هونەرمەندی شێوەکاری کورد (حوسێن کاکەیی) کە لە ئەوروپا ناسراوە بە حسین کاکەیی وە کاکەیی بەتایبەتی تێڕوانین و ووردکردنەوەیەکی زۆر گەورەیی دەوێت وە پڕە لەو مێژووە دوورو درێژو پڕ ئەزمونەی کە هاتووە لەمێژوودا، ژیانێك بە بێ وەستاندن وەکو میترۆکانی جیهان تابلۆ لەگەڵ تابلۆ، بابەت لەگەڵ بابەت ریزیان گرتوە بۆ ئەنجام دانی، کەرکووك قەلاو چایخانەو عەلی سەرای گوندو جووت قاوەی بازارو گەراجی حەویجە و موسەڵای گەڕەك کە ژیانی تێدا بردۆتە سەر، هەموو ئەمانە ئەو خەونە کۆن و جوانەیە کە کاکەیی بە فلچەی دەستی لەم تەمەنەدا لە وولاتی بەلجیکا رۆژانە وێنەیان دەکێشێت، کوردستان بە گشتی بابەتی فۆرمی تابلۆکانی کاکەیین، پێشانگاکانی لەهەموو ئەوروپا ئەو گرد بونەوەیەیە کە هەزارەها نوسەرو





هونەرمەندو خەڵکی رۆشنبیری ئەوروپی لەخۆ دەگرێت، شەنگال و کەوتنە خوارەوەی هەلی کۆپتەرەکە و کۆچ ڕەوی خەڵکی شەنگال و شمشێرە ڕەشەکەی داعش کە هەموو مرۆڤایەتی دەکوژێت ئەو تابلۆیانەن کە کاکەیی لەگەڵ کارەساتە هەنوکەیەکاندا ئازارەکانیان نمایش دەکات. رێبازو کەرەستەی ئەم هونەرمەندە گەلێك گۆڕان کاری و جۆراو جۆری بەسەردا هاتووە بەتایبەتی خوێندنی ئەکادیمیای هونەری لە بەلجیکا و قووڵ بونەوە لەناو قوتابخانەی گرافیکیدا، ئەو ڕێبازەی لەخۆ گرتوە کە دەربڕین خوازی و ڕیالیستی و زۆر جار بۆ ئابستراك و هونەری گرافیکی تێڕامانی ئەم هونەرمەندەیە، کاری هێڵکاری و ئاوی و پۆستەرو ڕۆنی و گواش و کەرەستەی جیاجیا، نمونەی کارەکانی ئەم هونەرمەندەن. خاوەن چەندین بڕوانامەو ڕێزلێنان و کەتەلۆکی هونەریە لە کوردستان و جیهاندا، سەرقاڵی هونەرمەندی کورد کاکەیی لەناو ئەفسانەی کارەکانیدا شۆرشێکی هونەری هاوچەرخی تۆمار کردوە چ لە ناو کوردەکاندا وە چ لە ناو ئەوروپی یەکاندا، بێگومان تاقی کردنەوەی هونەری رۆژانە لەتەکنیك و کەرەستەی جۆراو جۆر هۆیەکی تری سەرکەوتووی ئەم هونەرمەندەیە، بیرو باوەڕی هونەرمەند حوسێن کاکەیی ئەو کوردستانەیە کەخەون و ئاواتی پێوە دەبینێت، هەربۆیە چەندین تابلۆی دارشتوە وەنمایش کردوە بۆ سەربەخۆی کوردستان.

## هونەرمەندی شێوەکاری کوردی ڕۆژئاوا بەهرام حاجۆ

کورد لەکوردستانی ڕۆژئاوا خاوەن کەلتوورو مێژوویەکی دێرینن وە زۆر کەسایەتی ناسراویان تێدایە بەتایبەتی لە جەزیرە و قامشلو وە خانەوادەی حاجۆ یەکێکن لەو خانەوادانەی کە هونەرمەندی دەنگ خۆش و شێوەکار و شانۆ و نوسەریان تێدا هەڵکەوتوە، هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەهرام حاجۆ لەساڵی ١٩٥٢ لە کوردستانی سوریا لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٧٨ تا ١٩٨٤ لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی شاری مینستەری ئەڵمانیای خوێندوە وە تائێستا هەر لەو شارە دەژیت و کار دەکات، هونەرمەند بەهرام ئەو هونەرەی بەکار هێناوە یان ئەو ڕێگایەی گرتوە کە هەمموو دەمووچاوەکانی




مرۆڤ بەو شیکردنەوەیەدا بیات کە دووره لە ڕاستییەکانی خۆیەوە، یان بە پێچەوانەوە خوێندنەوەی ناو مێشکی مرۆڤ و ڕاستی مرۆڤەکان لەو دەموچاو فۆرمانەدا یە کەهەمموو لە شێوەیەکی نادروستی دەیانبینیت، بێگومان قوتابخانەیەکی هونەری ئەکادیمی کە شێوازی دەربڕین خوازی لە خۆ گرتوە وە زۆر ماناش هەڵدەگرێت، من پێم وایە ئازارەکانی دیجلەو فورات کە ئەم هونەرمەندەی تێدا ژیاوە ئەو ئازارانە هەڵدەگرن کە هونەرمەند پەی بۆ بردوە. بەهۆی تەنیایی مرۆڤەوە لە غوربەتدا زۆر جار کارتێکراوی تایبەتی دەبێت لەسەر فۆرمی تابلۆکان. بەڵام لەهەمموو لایەکەوە مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی کورد وە لەرۆژئاوای کوردستان ئەو ئازارو مەینەتییە سەدەیی یە دەبینێت وە رۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، هەربۆیە کۆی تابلۆکان ئەو هەمموو ئازارو بیرەوەری و گۆڕانکاریانەی بەخۆیەوە بینیوە، لەسەر ئاستی هونەری هونەرمەند بەهرام حاجۆ توانایەکی جوان و بەرزی بەکار هێناوە بۆ داڕشتنی کارە هونەریەکانی وە ئەم کارانەش لەزۆری پێشانگا تایبەتی و بەشداریەکانی دا لەئەوروپا نمایش کردوە وە بێگومان سەروەری یەکی زۆر بەرزی بەدەست هێناوە، دکتۆر کرستیوفی ئەڵمانی لە نوسراوێکیدا بۆ هونەرمەندی کورد بەهرام حاجۆ دەڵێت ”داهێنەرێکی سەردەمیانەیە بۆ داڕشتنی ئەو هەمموو ئازارو بارە دەرونیانەی کە مرۆڤ لەناوچەکەدا بەسەری هاتوە، بۆیە بەهرام دروست کەری ئەو جیهانەیە بە وێنەکانی“. کەرەستە بەکارهێنراوەکانی هونەرمەند حاجۆ ئەو ماتریاڵەیە کە بە ڕەنگی رۆنی و پێوانەیەکی بەرفراوان تابلۆکانی نەخشاندوە وە زۆرجار





پەنا بۆ کارە ئاوییەکان و کەرەستەی گواش بۆتە دروست کەری کارەکان، زۆر کاریش لە پێوانەی دیواربەندیدا دەبینرێت واتە بە پێوانەیەکی گەورە، باس لە مرۆڤایەتی کردن و بەسەرهاتی و ژیانداری لەناوچەکەدا بێگومنان بەهەزاران فۆرم و دەموچاوو لەش و باڵای مرۆڤی تێدا دەبینرێتەوە ئەو فۆرمانەش بەو دەمووچاوە بە ئازارانەوە نمونەی تابلۆکانی هونەرمەند بەهرامن، بەتایبەتی سەدەیی ژیانی مرۆڤ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، زۆر جار هونەرمەند ستایلێك هەڵدەبژێرێت بۆ کارەکانی تاوەکو جیهان بە ستایلە بیناسنەوە وە ناسنامەکەی هەڵبگرێت، هونەرمەند بەهرامیش ئەو ستایلەی هەڵگرتوە کە دەموو چاوەکان هەموو لەیەك ناکەن.






## هونەرمەندی پەیکەرسازو شێوەکاری کورد ڕەشید عەلی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ڕەشید عەلی کەلە شاری دهۆك لەدایك بووە وە قوتابخانەکانی سەرەتای و ناوەندی لەو شارە تەواو کردوە لەساڵی ۱۹۸۲ تا ۱۹۸۷ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی تەواوکردوە بەشی پەیکەرسازی، وە یەکێکە لەهونەرمەندە چالاکەکانی پارێزگای دهۆك وە سەرپەرشتی زۆرێك لە پێشانگاو چالاکی یە هونەریەکانی ئەو پارێزگایە دەکات، وە بە شدار بوە لە زۆرترین پێشانگاکانی کوردستانی باشوور لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆک، وە بە شداری لەچەندین پێشانگا گروپی یەکان کردوە وە ئەندامە لەکۆمەڵەو ئەو گروپانەی کە لە شاری

دهۆكدا چالاكی هونەری ساز دەكەن، هونەرەكەی هونەرمەند ڕەشید عەلی سەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ چالاكی هونەریەكانی لەپەیمانگای هونەرە جوانەكان و بەردەوام بوونی لەبوارەكانی پەیكەر سازیدا وە لەو كاتەدا لە نەبوونی یان كەمی پەیكەرساز لە شارەكەدا بوە هۆی زیندووكردنەوەو دەوڵەمەند كردنی ئەو شارە لە كاری پەیمانگای هونەرەجوانەكانی شاری دهۆك كە بناغەیەكی هونەری بۆ ئەو شارە دانا، كارە هونەریەكانی هونەرمەند ڕەشید عەلی سەرچاوەی لەو ئەكادیمی یەت و توێژینەوەیە وە گرتوە كە بناغەی هونەر لە سەرەتای توێژینەوەكانەوە دەست پێ دەكات وە بەرنامەیەكی هونەری، كەرەستەی بەكارهێنراوی كارەكان بێگومان لەسەرەتای كاری ڕیلیڤ و پەیكەری مەدەوەر هەر لە قوڕەوە دەست پێ دەكات و بەبۆرەك دادەڕێژرێت وە بەنسبەت ڕیلیڤیشەوە هەمان شێوە بەڵام لەكاتی پەیمانگادا كاری پۆرترێت و مەدالیاو دارشتن واتە بابەتی ناوەڕوەكی لاسایی كردنەوە





ڕێچكەی كارە بۆ پێش كەوتن و بەرەو پێش بردنی هێزی هونەری، دوای دەرچوون لەپەیمانگا هونەرمەند ئازادە لەدەست نیشان كردنی بابەتەكان و فۆرمەكان، ئەوەش لەپرۆسە كارە هونەریەكانی هونەرمەند ڕەشید عەلیدا بەدی دەكەیت، هەربۆیە دوای دەرچوون چەندین ڕیلیڤ و مەدالیاو پەیكەری مەدەوەر بوون بە كاری هونەرمەند، بێجگە لەكاری پەیكەرسازی هونەرمەند ڕەشید عەلی ناسراوە بەكارە شێوەكاریەكانی بەتایبەتی هەڵبژاردەی قوتابخانە ڕیالیستی بە دەربڕین خوازییەكەی وە بەشداری كردنی لە پێشانگا گشتی یەكاندا. ئەوەی كە جێگای باسە داڕشتی دەموچاوی پۆرترێتی كوردی لەكارە هونەریەكانیدا بەتایبەتی لەكاری پەیكەرسازیدا ئەمە بوە هۆی ئەوە كە هونەر دەیەوێت ڕەسەنایەتی هونەری كوردی لەكارە هونەریەكانیدا دەربڕێت، وە دەست نیشان كردنی بابەتی كارەساتی كورد لە ناوچەكەدا بەكاری ڕیلیڤی وە كەلتووری كوردی لەناو كاری هونەری پەیكەرسازیدا، هەولێكی تری هونەرمەند ڕەشید عەلی ئەو كارەیە كە بەرێگای بەریوەبەرایەتی هونەری شێوەكاری لقی دهۆكەوە پێشكەشی دەكات ئەویش ڕێكخستنی پێشانگاو چالاكی هونەرییە لەسنوری پارێزگای دهۆك وە ڕازاندنەوەی شاری دهۆك بەكاری هونەری و دەوڵەمەند كردنی ئەو شارە بە پەیكەرو شێوەكاری و كەلتووری كوردی.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو تریفە ئەنوەر

لە کوردستان بێجگە لەوەی کە پیاوان هونەر بۆتە پیشەو حەزو ئارەزوەکانیان، ئافرەتانیش بە شێکن لەو کەلتوورو هونەرو رۆشنبیری یە، خاتوو تریفە ئەنوەر هونەرمەندێکی ئافرەتی ناسراو لەبواری هونەری شێوەکاری کوردیدا رۆڵ و ناسراوێتی و کاریگەری تایبەتی خۆی هەبوە لەساڵی ۱۹۷۰ لە شاری سلێمانی کوردستانی باشوور لەدایك بووە، ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی لە شاری بابل لەناوەڕاستی عێراق تەواو کردوە، بێگومان ساڵانە بەشداری هەموو پێشانگاکانی هونەرمەندانی کورد و عێراقی کردوە چ لە بەغدا و چ لە کوردستاندا،



۱۹۸۹ تا ۱۹۹٤ بەشداری لە ڤیستیڤاڵەکانی زانکۆی حلە کردووە، وەلەساڵی ۱۹۹۱ دا بە شداری پێشانگایەکی تایبەتی کردوە لە بەشداری رۆژی ئافرتانی کردوە لە هۆڵی سورکێو لە شاری سلێمانی، بەشداری کۆمەڵە پێشانگایەکی کردوە وە بەتایبەتی لە وولاتانی ئیتالیاو ئەڵمانیاو بەریتانیا، بێگومان لە ساڵانی ۱۹۹۱ وە پێشانگا تایبەتیەکانی لە شاری حلە لەناوەڕاستی عێراق کردۆتەوە. من لێرەدا دێمە سەر ئەو تەکنیك و قوتابخانە هونەریەی خاتوو تریفە کە پشتی پێ بەستوە وە بناغەی هونەری لەسەر داناوە، ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان ئەو سەرەتا هونەری یە کە مرۆڤ بناغەی هێڵ و بیرۆکەو ڕەنگ و دەرکەوتەکانی تێدا دادەنێت،چڕ بونەوە بەناو دونیای هونەرو قوتابخانەکانیدا ئەو فۆرم و ئەزموونە دەبەخشێت کە هونەرمەند زیاتر پەی بۆ بابەتە شاراوەکان بات وە بتوانێت تایبەتمەندێتی یەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە، هونەرمەند خاتوو تریفەش ئەو ئەزموون و تایبەتمەندێتی یەی لەکارە هونەریەکانیدا کەبە کوالیتی یەکی بەرز بە کەرەستەی ڕۆنی دۆزیوەتەوە وە بێگومان کاریگەری هونەرمەندە جیهانی یەکانیش لایەنگیریەك دەبێت بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی، بەتایبەتی قوتابخانەکانی دوای سەدەی ڕێنسانس وە ئەو تەوژمە هونەری یەی کە رووی لە ئەوروپا کرد، هەر بۆیە ڕێبازی هونەری گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە ڕێڕەوی هونەریدا، کێشانی تابلۆی چیاکانی کوردستان و فۆلکۆری ئەو ناوچەیەش بە شێکن لە ناسنامەی نەتەوەی هونەرمەند ئەوەش لە کۆمەڵە تابلۆیەکی هونەرمەند تریفەدا





بەدی دەکەیت. پێکەوە لکاندنی ڕەنگەکان وە مرۆڤەکان ئەو تابلۆیەیە کە بە شێوازێکی تەکنیکی بەرز هونەرمەند خستویەتە بەرچاوی بینەرەکانی وە ئەو مرۆڤەی کە کەمانچەی ژیان لێ دەدات و هەموو شتەکانی تریش بەرەو ڕووخاندن دەڕوات، ووردەیلەکانی ئەو کارە ئەو وورده کاری یە باس دەکات کە هونەرمەند بە چاوێکی مکرۆسکۆبی یەوە مامەڵە لەگەڵ بابەتەکە دەکات، وە ئەم ئەزموونەش لە ووڵاتی سوئیدا خستویەتە ڕوو بەتایبەتی لە پێشانگانی شاری یتیبۆردا، هونەرمەند خاتوو تریفە ئەنوەر غوربەت و خەم و حەز و هیوا هێمای ئەو فلچەو هێڵانەیە کە هەرماوەیەك دەبنە کۆمەڵە تابلۆیەك و لە ووڵاتی سوئیدەوە دەیگەڕێنێتەوە کوردستان و لەگەڵەری یەکانی ئەم ووڵاتە نمایشیان دەکات. ئافرەتێك کە درێژەی بە هونەرەکەی خۆی داوە وە بەردەوامە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ پترە ئەو ئەزموونە هونەری یە پرۆفیشیناڵەی وەرگرتوە کە بتوانێت داهاتوویەکی ڕەنگین بۆ خۆی و ووڵاتەی دروست بکات.




## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی جۆڵا

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی جۆڵا لە ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سلێمانی باشووری کوردستان لەدایك بووە، قوتابخانەکانی هونەری و ئەکادیمی لە بەغداد تەوا کردوە، یەکێکە لەو هونەرمەندە پێشەوایەی گەلی کورد کە مێژوویەکی هەیە لەنێو ئەرشیف و بیبلۆگرافیای هونەری شێوەکاری کوردی، وە هەردەم ئامادەی چالاکی هونەری بووە لە پێشانگاکانی کوردستاندا، بێگومان مامۆستایەکی لێهاتوو و سەرەنج ڕاکێشەر بووە لە تەمەنی خۆیدا کە من و چەندینی وەکو منی پێگەیاندوە لەم وڵاتەدا، لەکاتێکدا ئەو سەرقاڵی دامەزراندنی



پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بوو لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٨١ دا کۆمەڵەمامۆستایەك یەکیان گرت و بیرۆکەی ئاسۆیەکی نوییان بۆ وڵاتەمان بەدی بهێنن، ئەویش دامەزراندنی یەکەم پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری سلێمانی لە هەوارە بەرزە، مامۆستا عەلی جۆڵا بوو بە عمیدی ئەو پەیمانگایە و درێژەی بەکاروانی هونەری دا. ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەریەکانی وە چالاکیەکانی ئەم کەڵە هونەرمەندە گەورەیە بدەین ئەوا ساڵانی شەستەکان تاوەکو ئەمڕۆ جێگە پەنجەی ئەم هونەرمەندە دیارە لە چالاکی یە هونەری یەکان بەتایبەتی پێشانگای گشتی هونەرمەندانی کورد لە سەرانسەری کوردستاندا و گەلەری یەکاندا، بەشداری زۆری پێشانگا کوردستانی و عێراقی و جیهانی یەکانی کردوە وە خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی یە، وە تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەیە لەکارە هونەری یەکانیدا بە شێوازێکی کەلتووری کوردی وە داڕشتنێکی فۆلکلۆری کە تایبەتە بە ڕووداوەکانی کوردستانەوە، ناسینەوەی تابلۆکانی هونەرمەند عەلی جۆڵا ئەوەندە تایبەتمەندە لەزۆر پێشانگادا بەدی دەکەیت، وە هەڵبژاردەی فۆرمەکانی ئەو کەلتوورە کوردی یەیە کە هەرزوو هەستی پێ دەکەیت، بێگومان مامۆستا عەلی جۆڵا بەکاری ئاوی و ڕۆنی و گرافیکی ناسراوێتی یەکی گرنگی هەیە لەکوردستاندا، وە سۆفی گەری بابەتەکانی ئەوەندە قووڵ و دیدەیین زۆر بە تێڕوانینێکی قووڵەوە مرۆڤ لەناوەڕەکی بابەتەکانی دەڕوانێت، وە تەکنیکی هونەری مامۆستا ئەو قوتابخانە ڕیالیستی





دەربڕین خوازی یەیە کە لەلای ڕۆشنبیران ئاشنایەتی یەکی تایبەتی هەیە، هونەرمەند دەیەوێت لە ژێر ڕۆشنایی تابلۆکانی یەوە باس لەو نەهامەتیانە بکات کەبەسەر گەلی کوردا هاتووە بەتایبەتی کارەساتی وێران کردنی کەلتووری کوردی و سڕینەوەی ناسنامەی گەلی کوردو وێران کردنی گوندەکان و هەڵەبجەی شەهید و ئەنفالەکان، بێجگە لەوەی کە چەندین تابلۆی کێشاوە بۆ ئاوارە بوون و چیرۆک و ئەفسانەی کورد لە چیاکاندا، بێگومان ئەمەش ئەرشیفێکی قورس و دیکومێنتاری هونەری شێوەکاری یە لە مێژوودا، وە لە پێشانگاکانی دەرەوەی کوردستانیشدا بە شداریەکی گرنگی هەبووە بەتایبەت لە وڵاتانی وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا و نەمساو سوئیدو زۆری تریش، وە لەساڵانی هەشتاکاندا بەردەوام لە ڤیستڤاڵە جیهانی یەکانی شاری بەغدادا بەشدار بووە، مامۆستا عەلی جۆلا هەزارەها قوتابی هونەری پێگەیاندوە لە کوردستاندا وە ئێستا هونەرمەندی زۆر گەورەو لێهاتوون وە خۆیان بە قوتابی ئەو کەڵە هونەرمەندە ناسراوە دەزانن.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە کوردستانی رۆژئاوا یەحیا سلۆ

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد لە باکووری شاری حەلەب لەدایك بووە وە خۆی بەکوردێکی شۆرشگێر دەزانێت لە هونەرەکەیدا، هونەرمەند یەحیا سلۆ کەلە خانەوادەی ماڵی سلۆ یە کەناسراوە لە ناو کوردانی ڕۆژئاوادا وە زانکۆی هونەرە جوانەکانی لە شاری حەلەب تەواو کردوە، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی و هاوبەشە لە سوریاو دەرەوەی سوریا، ئێستا لە شاری دسلدۆرف وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێ یە وە بەردەوامە لەکاری هونەری و جەندین پێشانگای تایبەتی لەو



وڵاتە کردۆتەوە کە دوا پێشانگاش لەمانگی ئەپریل ی ٢٠١٥ کردوێتی یەوە بەکۆمەڵە کارێکی هونەری شێوەکاری ڕیالیستی دەربڕین خوازی. نوسەرێکی کورد بە زمانی عەرەبی لە رۆژنامەی لەمستقبل سەبارەت بە هونەرمەند یەحیا سلۆوە دەنوسێت و دەڵێت ”یەحیا سلۆ ئەو گەنجەیە کەلە باوەشی چیاکانی کوردستانەوە هەڵهاتووە بۆ باوەشی ئەوروپا یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە بیرو باوەڕی سیاسی کوردی خۆی نەگۆڕیوە تا بە کەڤاڵ و دەستە ڕەنگینەکانی تابلۆی ئازارەکانی کورد بکێشێت“. هونەرمەند ئەحیا سلۆ دەتوانین بە هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردو کاریکاتۆرێکی هاوچەرخی بناسین چونکە لەکارە هونەریەکانید بەتایبەتی لە هونەری کاری کاتێریدا ئەو بیرۆکانەی خستۆتە ڕوو کە ڕەنگ دانەوەی ژیانی ڕۆژانەیە وە کارەساتە سیاسیەکانی ڕۆژانەیە، هەربۆیە لە تەکنیکی هونەری یەوە ئاستێکی دیارو چاکی بەدەست هێناوە وە توانیوێتی سەرەنجی خەڵکی هونەری بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، لەڕووی کارە هونەری یە شێوەکاریەکانەوە هونەرمەند ئەو جیهانەی وێنە کێشاوە کە دوورە لەهاوتا هونەری یەکەی کە ئەویش کاری کاتێرە، جیهانێکی سروشت و جوانی سروشت وە جیهانێك پڕ لەکەلتووری کوردستانەکەی ئەو ڕووبەرەیە کە هونەرمەند سلۆ بەخامەی دەستی وێنەی کێشاوە، بەتایبەتی ژیانی ئێستای کەلە ئەوروپایە وە دوورە لە ژیانی کارەساتەکانی کوردستان بەتایبەتی ئەو ڕۆژگارەی کەلە سوریا دەقەومێت، هەڵبەتە هونەرمەند لە ڕێگای تابلۆکانی یەوە




دەیەوێت ناسراوێتی کوردو میللەتەکەی بناسێت بە جیهانی دەرەوە وە باس لەو کارەساتانە بکات کە رۆژانە لەگوندە کوردیەکان دەقەومێت، لەبارەی جۆری ماتریالەکانەوە هونەرمەند یەحیا سلۆ لەسەرەتای کارەکانی یەوە بێگومان لەو ڕەنگانەوە دەست پێ دەکەن کە ئاویین وە رۆنین دواتر هێڵکاری کە بنەڕەتی کاری هونەری یە پاشان بەرەو ئەکریلیك وە گواش کە ئەمانە لەکارە دوایەکاندا بەدی دەکرێت. دوا چالاکی هونەرمەند ئەو پێشانگا هونەری یەیە کەلە شاری دسلدۆرف ئەنجامی دەدات لە ٣٠ ئەپریلی ٢٠١٥ بە کۆمەڵە کارێکی هونەری کە باس لە سروشتی گوندە کوردیەکانی باکووری کوردستانی سوریا و دونیای هونەری شێوەکاری دەکات.






## هونەرمەندی شێوەکاری کوردستانی ڕۆژهەڵات سەیوان سەعدیان

هونەرمەندێکی کورد کەلەبوارەکانی شێوەکاری و دیزاین و فلیم کاری و پەیکەرسازی و سینەما دا کاردەکات وە لەهەرێمی کوردستان ژیان بەسەردابات،هونەرمەند (سەیوان سەعدیان) کەلەشاری مەهابادی کوردستانی ئێران لەدایك بووە وە قوتابخانەکانی سەرەتای و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو کردوە، بڕوانامەی دیپلۆمی هونەری لە تاران وەدەست هێناوە، سێو نمونەی تەندرستی و ژیان و جوانی و دونیای بەهەشتە کە لە کارە هونەری یەکانی ئەم هونەرمەندەدا بەدەر دەکەوێت وە

بۆتە پلانێکی هونەری کە ساڵانە لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا کۆمەڵە قوتابی و خوێندکارێك کۆ دەکاتەوە وە مەشق لەسەر مێخەك و سێو بەئەنجام دەگەینن، بێجگە لەوەی کە مامۆستایەکی ناسراوە لە دیزاین کردنی چەندین پەرتووکی کوردی وە داهێنەرانەیە لە بواری سینەما و دەرهێنەری، ئەمە دەقی ئەو پەیامەیە کە هونەرمەند سەعدیان دەیەوێت لە ڕێگای هونەرەکەیەوە بیگەیەنێتە خەڵك و جیهان کە هونەرەکەی ئەم هونەرمەندە جیاوازە وە دەتوانێت زۆرترین هاوچەخێتی وە نوێ بونەوە لەهونەردا بهێنێتە کایەوە، بەشداریەکانی ئەم هونەرمەندە کوردستانی یە زۆرن بەتایبەتی وا بۆماوەی ١٠ ساڵ دەبێت لە کوردستانی







عێراق ژیان بەسەردەبات وە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك چەندین پرۆژەی هونەری ئەنجام داوە لە بوارەکانی وورك شۆپ بۆ گەنجان و خانمان و قوتابخانەکان. کارە هونەریەکانی زۆر نزیکن لە کارە هونەری یەکانی هونەرمەندی فەرەنسی جیاکۆمیتی کە لە شارەکانی کوردستانی عێراق دانراون، بەتایبەتی لە هۆتێل چوار چرا لەناوەندێکی چەقی پایتەختی کوردستانە لەهەولێر، وە ڕۆژانە خەڵك گوزەری پێدا دەکات وە کارە هونەری یەکەی دەبینێت. دوا کاری هونەری هونەرمەند سەعدیان ئەو کارە هونەری یەیە کە لە شاری ئامەد پیشانی داوە بە کۆمەڵە کارێکی پەیکەرسازی کەلە دار دروست کراوە بەڵام بە نەخش و جیاوازیەکی گەلێك زۆر نوێ بونەوەیەکی تایبەت لەهونەری پەیکەرسازیدا، هەربۆیە ئەم تازەگەری یە جێگای سەرەنجە لەهونەردا وە بۆ ئارەزوومەندانی هونەر، هونەرمەند ئەگەر چی لە وڵاتی خۆیدا ئازاد نی یە وە ناتوانێت لەژێر ماڵێکدا بەئازادی تابلۆکانی بکێشێت، ئەوا کوردستانی عێراق بۆتە وێستگەیەك بۆ ئەم هونەرمەندە و هەزارانی تر، بەڵام بەداخەوە زۆر بە زەحمەت دەشکێتەوە بۆ هونەرمەندەکە کە دەبێت لە ڕێگای هونەرکەیەوە خۆی پێ بژێنێت وە ژیانداری پێ بکات، ئەمەش لە جیهانی هونەردا کارەساتە چونکە داهێنانەکان بەو جۆرە لەدایك نابن وە ناتوانن هەنگاوی گەورەتر بنێن لەکاتیکدا ئەگەر هونەرمەند هەموو ژیانی دابین نەکرابێت وە خۆش گوزەران نەبێت.. بەڵام خەم و ئازارەکانی هونەرمەندیش زۆر جار ئەو داهێنانە




دەخاتەوە کە کۆڵەکەیەکە لەملی مرۆڤ نابێتەوە، بەتایبەتی ئاوارە بوون وە غوربەتی ژیان وای لێ دەکات بیرۆکەکان وە داهێنانەکان گەلێك زیاتر بن. بەردەوامی هونەرمەند سەیوان سەعیدیان پەیامێکی هونەرو مرۆڤایەتی یە وە دیارە بەدوای ئازادیەکاندا دەگەڕێت لەڕێگەی کارە هونەریەکانی یەوە کە کوردستانین.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد قەرەنی جەمیل

هونەرمەندێکی کورد لە کوردستانی باشوور لە شاری هەولێر بەناوی قەرەنی جەمیل کەلە ساڵی ١٩٥٤ لەدایک بووە، وە زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئەم شارە ئەم هونەرمەندە دەناسن بە شێوەش بە دەروێشێکی هونەری دەکات، بێگومان هەردەم مات و بێ دەنگ بەڵام لەناو بیرۆکەکانی مێشکدا سەرقاڵ بە ڕەنگ و کەڤاڵ و شێوەو داهێنان وە لەلایەکی ترەوە بەردەوام بیر لە پلان و چالاکی هونەری نوێ دەکاتەوە، قەڵای هەولێر، چایخانەکەی مچکۆ، شێخ اللە، تەیراوا ئەمانە وێستگەی ئەو هونەرمەندەن کە تێکەڵە بە فۆلکلۆرو جیهانی کەلتووری کوردستانەوە،










مامۆستا قەرەنی بڕوانامەی دبلۆمی هەیە لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری بەغدا وە لەساڵانی حەفتاکان لە وولاتی ئیسپانیا گیرساوەتەوە وە چەندین پێشانگای تایبەتی و بەشداربوونی ئەنجام داوە، بەشداری زۆری هەبووە لە کۆرسەکانی وولاتی ئیسپانیا بەتایبەتی کۆرسی یەك ساڵەی لینۆگراف لە شاری بەرشلۆنە، بەشداری لە ٣٠ پێشانگای هاوبەشی کردوە لە وولاتانی وەکو ئیسپانیا وە هۆڵەندا وە دانیمارك و ئیتالیا و عێراق و کوردستان. ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند قەرەنی جەمیل بگرین ئەوا دونیایەکی تری هونەریمان بە چنگ دەکەوێت بە ئابستراک کە هەڵقوڵاوی ئەو هونەرە جیهانی یەیە کە هەموو ئارەزوومەندان و هونەرمەندانی جیهانی لە خۆ گرتووە، لەو قوتابخانەیەدا زۆر چارەسەری هونەری شێوەکاری هەیە دەخرێتە ڕوو وە زۆر بیرۆکەی ناو مێشکی مرۆڤ هەیە لەنێویدا جێگای تیادا دەکرێتەوە، تابلۆکانی مامۆستا قەرەنی جەمیل لەو جیهانەیە کە هاوچەرخێتی وە داهێنانی هونەری نوێ ی تێدا بەدی دەکەیت بەو ماتریاڵەی کە ڕەنگ بنەماکانێتی وە لە پێوانەی بچووك و گەورەدا ئەو کارانە بەدی دەکەیت، چالاکییەکانی هونەرمەند لە هەولێری پایتەختی کوردستان بوونی خۆیەتی کەلە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەکو مامۆستایەکی ئەکتیڤ بوون و چالاکی و پێگەیاندنی قوتابی هونەری هەڵبژاردە کردووە وە ساڵانە چەندین قوتابی لە ژێر دەستی ئەو هونەرمەندە پێدەگات و دەبێتە مامۆستای هونەر، وە بەشداربویەکیشە



لەهونەرمەندانی شاری هەولێر وە توانی لەم ساڵانەی دوایدا گەلەری مێرگی هونەری شێوەکاری بە ڕێوە ببات لەگەڵ گۆڤاری شێوەکاری، لەهەمان کاتدا چەندین جار دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێزگرتنیان لەو هونەرمەندە کوردە ناوە. بۆیە بەردەوام بوونی هونەرمەند بە کاری هونەری شێوەرکاری یەوە بۆ زیندوو کردنەوەی کەلتوورو ناسنامەی ئەم کوردستانەیە.



## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ڕێبوار سەعید

ئەو مرۆڤە هونەرمەندە سەقاڵەی کەهەردەم کار دەکات و خەم خۆری هونەرو کەڤاڵ و کەلتوورەکەیەتی وە هەردەم لەخەمی وولات و تاکی ئەم کوردستانەیە هونەرمەند ڕێبوار سەعید لەساڵی ١٩٦٢لە تەوێڵە، سنووری پارێزگای هەڵەبجە لەدایك بووە، کۆلیژی هونەری لە ساڵی ١٩٩٧ لەلەندەن تەواو کردوە و خاوەن چەندین بڕوانامەی ماستەرو دیبلۆم و سیرتیڤی کات و خەڵاتی هونەری یە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان وە ئێستاش عەمیدی کۆلیژی هونەرە جوانەکانە لە پارێزگای سلێمانی لە کوردستانی باشوور. ئەگەر تێڕوانێك بکەین بۆ



کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە ئەوا تایبەتمەندێتی یەکی زۆر بەدی دەکەیت بەو کارانەی کە هەردەم پۆرترێتی دەمووچاوی مرۆڤی کورد بیرۆکەو فۆرمی تابلۆکانی هونەرمەند ڕێبوار سەعیدە کە بە شێوەیەکی پرۆفیشیناڵی کاری تێدا کردوە، چیاکان و گوندەکان وە پێ دەشتی کوردستان یەکێکن لەو ڕەنگە جوانانەی کە تابلۆکانی هونەرمەندی پێ ناساندەوە وە کارەساتەکانی کوردستان چ ژیانی پێشمەرگەیاتی و ڕۆژانی ئەنفال و کیمیایی باران کردنی هەڵەبجە ٥٠٠٠ تابلۆی هونەرمەندی شێوەکاری کورد ڕێبوار سەعدی هێنایە دونیاوە کە ئەم تابلۆیانە لە زۆر گەلەری و ڤیستیڤاڵی جیهانیدا پیشان دراون بەتایبەتی لە وولاتانی وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیاو هۆڵەنداو بەریتانیا وە هەر ئەمەش بووە هۆی ناساندنی ناوی گەلی کورد لە جیهاندا. وە نمایش کردنی هەزار تابلۆی دەموچاوە تێك چووەکان لە مینومێنتی هەڵەنبجە کە بریتی یە لەو مرۆڤانەی کەلە ڕۆژانی کیمایی باراندا بوون بە قوربانی هونەرمەند بە شێوەیەکی هونەری دەربڕین خوازی ئەو هەموو ئازارنەی لەناو ٥ هەزار تابلۆدا جێگە گیر کردوە وە لە کەرەستەی کارەکانیدا بە گواش و ئەکرلیک ئەو تابلۆیانەی دروست کردوە، ئەوە دوا کارەسات نەبوە لە ناو تابلۆکانی هونەرمەندە بەڵکو شەڕی ئێستای داعشیش چەندین تابلۆی جیا جیای بە ڕەنگی ڕەش و سپی و ڕەنگاو ڕەنگ بە شێوەی پۆستەری دروست کردوە کە دەربڕین لە دەگێر کردن و لەناو بردنی مرۆڤایەتی دەکات. هونەرمەند ڕێبوار سەعید ئەندامی دەستەی


نوسەرانی گۆڤاری کلتور بووە لە شاخ، سێ دیوانی هۆنراوەو وێنەی بڵاوکردۆتەوە لە ساڵەکانی ١٩٨٦، ١٩٩٨،١٩٩٨ بەناوی(ئاوا بون، ئاژێر. پالێت)، هەروەها بەشێك لە هۆنراوەو یاداشتەکانی بە فەرەنسی لە پاریس ساڵی ١٩٩٦ بڵاوبۆتەوە، ساڵی ١٩٩٩ کتێبی وشەو ڕەنگی بە ئینگلیزی لە بەریتانیا بڵاوکردۆتەوە. سەرۆکی ڕێکخراوی هونەری ئارت ئین کۆمۆنە لە لەندەن، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی باڵندە بارانە لە فەرەنسا، ئەندامی هەمیشەیی ڕێکخراوی کلتوری میلیونیم ئەوەردە. خاوەنی خەڵاتی باشترین پڕۆژەی هونەری ماستەرە لە دانیشگای میدل سیکس لە لەندەن ساڵی ١٩٩٩ خاوەنی بڕوانامەی باشترین پڕۆژە سەرکەوتوەکانی میلیۆنیم ئەوەردە ساڵی ٢٠٠٣ لە بەریتانیا خاوەنی ٢١ پیشانگەی تایبەتییە لە هەولێر، سەقز، وەترلۆ فەرەنسا، وازێم لیل فەرەنسا، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن، گەلەری ودگرین لەندەن، دۆڤران فەرەنسا، فیستیڤاڵی جیهانی شیعر بیوڤری فەرەنسا،. گەلەری فیبەیتی ئەمستردام هۆڵندا، گەلەری پیتسانگا لەندەن و گەلەری کویك کویك سلڤەر لەندەن، مۆنەمینتی هەڵەبجە، گەلەری هاکس بەربەگن هۆڵندا، گەلەری کۆمپۆیلان هۆڵندا، مەڵبەندی کلتوری بیوڤری فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری میریکورد فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری بیوڤری فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری میریکورد فەرەنسا، مەڵبەندی کلتوری مێری مادلین فەرەنسا، ماڵی شیعر شاری بیوڤری فەرەنسا، کتێبخانەی گشتی دوهینین بیومۆنت فەرەنسا، گەلەری کوفە





لەندەن، گەلەری مەدبۆر گەرهاوسیت کۆبنهاگن، هەمەریسمس لەندەن، دولەلین فەرەنسا، گەلەری (ودگرین)لەلەندەن و بەشداری دووەمین فیستیڤاڵی فیلمی کوردی لەلەندەن، ١٩٨٣-٢٠١٠ بەشداری زیاتر لە (٥٠)پیشانگەی هاوبەشدا کردووە لە (سلێمانی، هەولێر، تاران، پاریس، ئیسپانیا، لەندەن، کەنەدا، ئەمریکا، تۆکیۆ، پۆڵۆنیا.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عبدالرحمن وحید گلحو

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عبدالرحمن وەحید گلحو لەساڵی ١٩٥٤ لە پارێزگای دهۆك باشووری کوردستان لەدایك بووە، پسپۆریکی هونەری شێوەکاری یە وە لە ساڵانی ١٩٧٠ کانەوە کارە هونەریەکانی ئاشنا بووە بە رۆشنبیران و هونەر دۆستانی کوردستان وە مامۆستایەکی لێهاتوو بوە لەبواری هونەرەکەیدا و چەندین قوتابی پێ گەیاندوە وە ناسنامەیەکی ناسراوێتی هونەری هەبوە لە پارێزگای دهۆکدا، بێگومان هەردەم ئامادە بوە لە هەموو ئەو پێشانگایانەی کەلە دهۆك و هەولێرو سلێمانی و بەغدا نمایش کراوە وە هەردەم پێشانگا

تایبەتیەکانی وێنەو نمونەیەکی زیندوو بوە لەناو ئەو کەلتوورو هونەری یە کوردی یەدا کە کورد هەردەم تایبەتمەندیەکانی خۆی پێ پاراستوە، وە ئەو یانانەی کەلەدهۆکدا هەیە، مامۆستا عبدالرحمن ئامادە باشی خۆی تێدا نواندوە بەکارو پیشەو سیمینارو چالاکی هونەری یەکانی. ئەگەر نیگایەك لە کارە هونەریەکانی مامۆستا گەلحۆ بدەین لەبواری زنجیرە کارە هونەریەکانی ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەکادیمەیەت یەکەم پەیژە هونەری ئەم هونەرمەندە بوە وە دواتر هەنگاوی ناوە بەرەو قوتابخانە جیهانی یەکانی سەردەمەکانی هونەر لە هەموو جیهاندا بەتایبەتی سەدەی زێرینی هونەر لە ئەوروپادا، هەر بۆیە ئەو باگراوندەی کەلەکارە هونەریەکانیدا بەکاری هێناوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ووردو درشتی ئەم هونەرەی تاقی کرۆتەوە وە توانیوێتی پلەیەکی باش ببڕێت بۆ دەربڕینی ڕەنگەکان وە فۆرمەکان وە مرۆڤەکان وە تەکنیکەکان، بیرۆکەی ئەو کارانە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، کوردستانیش دەگەڕێتەوە بۆ کەلتوورو چاندو ئەفسانەو ڕۆمان و چیرووکی ژیانی ئەو چیایانەی کە کوردی تێدا ژیاون، بێگومان کورد تایبەتمەندێتی ئەوەی پاراستوە کە کەرەستەکانی فۆلکلۆرو کەلتووری دەگەڕێتەوە بۆ پاراستنی خۆی لەناو چوار چێوەی تایبەتمەندێتی ئەو کەلتوورەدا، هونەرمەندی عبدالرحمن لە تابلۆکانیدا ئەو شێوازە هونەرە کوردی یەی دارشتوە بەو شێوەیەی کە هونەری کوردی تێدا ببینرێت. لە ڕووی ماتریاڵەوە یان کەرەستەکانی بێگومان




مامۆستا عبدالرحمن لە سەرەتای دەستپێکی کارە هونەریەکانی یەوە بە کاری هێڵکاری ئەکادیمی وە دواتر بە ڕەنگە ئاوی یەکان و دواتریش بە ڕەنگە ئەکریلکیك و ڕۆنی یەکان ئەو تابلۆیانەی وەبەرهەم هێناوە کە کەلە ژیانیدا سەرەنجیان ڕاکێشاوە، وە بەکارهێنانی ڕەنگە جیاوازەکان یان گەرمەکان بەتایبەتی ڕەنگی زەردو سورو سەوزو و شین و پرتەقاڵی



وێنەیەکی جل و بەرگی ژیانی تاکی کوردە کە ڕۆژانە ئەو ڕەنگانە دەپۆشن وە بەکاریان دەهێنن، ئەمەش جیاوازیەکی زۆرە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکانی تر لەم دەورو بەرەدا، بەکارهێنانی گوندو سەرچاوەو وێنەی سروشتی کوردستان بەو ڕەنگانە سروشتی ڕاستی کوردستانە. ئازارو ئەندێشەکان کە ڕەنگ دانەوەی هەیە لەناو تابلۆکانی هونەرمەند

مامۆستا عبدالرحمن گەلحۆدا ئەوە دەگەیەنێت کە بێ بەش نەبوە لە کارەساتەکانی کوردستان چ لە ڕابردوو وە چ لە داهاتوودا، هەربۆیە فۆرمەکانی نزیك لە ئازارەکانی کوردستان ئەوانی بەتایبەت بەسەر ناوچەی بادیناندا هاتووە، وە وێران کردنی گوندەکان و ڕاگواستنەوەی مرۆڤەکان. هونەرمەند عبدالرحمن وەحید گەلحۆ نمونەو ئەرشیف و ناسنامەیەکی زیندوە لە ئەرشیفی هونەری شێوەکاری کوردیدا.





## ئاری بابان.. لە کۆتایی سەدەیەکدا (١٩٥٣ - ٢٠٢٠)

شێوەکاری کورد هونەرمەند ئاری بابان.. لە خەونە سوریالیزمی یەکانی یەوە بەرەو کۆتایی هێنان بە ئازارەکانی..

کەرکووك.. وێستەگەی لەدەستدانی ڕۆڵەیەکی تری هونەرمەندو ڕۆشنبیری شارەکەی.. مرۆڤێك پڕ لە ناسکی و جوانی و شۆڕشگێڕی و خاوەن هەڵوێست و هونەرمەندی شێوەکار و سەرێك کە پڕو چڕ لە ئەندێشەو ئەرشیف و بیرەوەری و خەمخۆری شارەکەی و کۆڵەکەیەك لە بەڵگەنامەو بەسەرهاتی جیا جیا لە سەردەم و کاتی جیاوازدا.. ئاری بابان.. کۆتایی بەهەموو ئەو ئازارانە هێنا کە چەندین ساڵە لە هزرو


مێشك و جەستیدا هەڵدەقوڵێت و هەندێك لە ئازارەكانی لە نێو كەڤاڵە سوریالیزمی یەكانی و هەندێكی تر لە كونجە جیاجیاكان..و هەندێكی تر لەو دەردە خەمە كۆتایی نەهاتوەكەی كەوەكو ئاستی دەریاكان دەچوە سەری و دیدەی لێ دەگرت.

هونەرمەند عومەر عوبێد ناسراو بە ئاری بابان لەساڵی ١٩٥٣ لە شاری كەركوك لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتای و ناوەندی هەر لەو شارە تەواو كردوە، لەساڵی ١٩٧٦ كۆلیژی ئاداب بەشی زانستی كتێبخانەكان لە زانكۆی موستەنسریەی شاری بەغدا تەواو كردووە،یەكەمین پێشانگای لە ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هونەرمەندان (گارا- ئەیوب شەریف) لەهۆڵی ئیمام قاسم لەكەركوك كردووەتەوە، یانزە پێشانگای تایبەتی خۆی هەبووە و زیاتر لەسەد پێشانگای هاوبەشی كردووەتەوە لەكوردستان و دەرەوەی وولات وەك لەندەن و فینلەندا و ئەڵمانیا و هۆڵەندا وە چەند ولاتێكی تر.

لە رۆژی ٤-٣-٢٠٠٨ بەداخەوە ئاگر لەماڵەكەی كەوتەوە بوو بە هۆی سووتاندنی ئەرشیفی هونەری و تابلۆكانی كە بەهەمی ٢٦ ساڵ و پتر بوون لەگەڵ كتێبخانەكەی بوون بە خۆراكی ئاگر، بەڵام هونەرمەند بەبێ ووچان لەكاردا بوو بۆ بەردەوام بوون لەو پێناوەدا.

من كاتێك چاووم كردەوە بەهونەر لە رێگای مامی خۆشەویستم خوالێخۆشبوو غازی محمد ئەمین شێوەكار، كاك ئاری بابانم ناسی وە لە رێگای هونەرمەندانی شاری كەركوك لە ساڵانی ١٩٨٣ بەدواوە، وە





لە نێو شاری کەرووك لەگەڵ نووسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ئامادەیی هەبوو وە هەردەم قوتابخانەی سوود وەرگرتن بوو بۆ داهاتووی ڕۆشنبیریەت و هونەرو بیرو هزر، وە هەر ئەو هونەرمەندە بوو لەهەنگاوی نا بۆ سازدانی پێشانگای یەکەمی هونەرمەندانی کەرکووك لە شاری کەرکووك و لە شاری سلێمانی، ئێوارەکانی شەقامی کۆماری و بەدەستە برایی بەدەم گفتووگۆیەکی گەرم و چڕو پڕ لەلای چایخانەکەی ئەبو عاسی یەوە بۆ سەر پردی خەبات و هەر لە پشتەوە بەئاو هەوای خاسە تا دەگەیشتینە فولکەکەی ئیمام قاسم و زێوێ و مەعمەل بەفرەکەی یادگار بۆ نێو بازاڕی ئازادی دوا وێسگەکەمان بوو، بەڵام گفتوو گۆ هەر تەواو نەبوو.. زۆر سوودمان لە مامۆستاو هونەرمەندی کۆچکردوو ئاری بابان وەرگرت.

کارە هونەریەکانی وە ڕێچکەو قوتابخانە هونەری یەکەی هونەرمەند لە هزرێکی پڕو چڕەوە سەری هەڵدابوو وە لەئەزموونێکی جوان و پڕ ڕەنگەوە، لەوانەیە وەزع و ڕەوشی نالەباری ڕۆژانی کەرکووك وای لێ کردبێت پەنای بۆ قوتابخانەی سوریالیزمی بردبێت وە دواتر سەرکەوتوویی بەدەست هێنا لە کێشانی ئەو تابلۆیانە، لەپاڵ ئەوەشدا کارە هێڵکاری یە ئەکادیمی یەکانی وە ڕەنگاو ڕەنگی ئاوی و ئەکریلیك هەموو ئەمانە بوون بە تایبەتمەندیەکی قووڵ و بەئەزموون بۆ بیرەوەری وە بۆ مێژووی هونەرەکەی، لەهەموو شوێنێك بۆن وبەرامی ئاری بابان هەبوو، سەردانی زۆر لە نوسەران و ڕۆشنبیران و هونەرمەندان



و ڕێکخراوە هونەریەکانی دەکرد وەلەگەڵ کەسایەتی یە ناسراوەکاندا پەیوەندیەکی تووندو تۆڵێ هەبوو.

هونەرمەند ئاری بابان لە پەراوێکی نوسینەکانیدا سەبارەت بە کارو چالاکی و هونەرکەی دەڵێت : مرۆڤ هەردەم خولیامەو هەموو تابلۆکانم لە ساتەکانی ژیانی مرۆڤ دەردەبڕن، لەکاتی ئامێزگرتن وماچدا لەکەوتن و هەڵساندنەوەو چەوساندنەوە و کوشتنیدا لە مەزنی وگەورەیی ئەو مرۆڤەی لە وێنەی خواوەند بەجوانی دروست کراوەو هەوڵی ناشرینی دەدرێت ئەو ژنانەی عەشقی سەمای سەرسێوێکن وەدەرگاکانیان بەڕویاندا داخراوە، ئەمانە هەمووی خولیای بیرو ئەندێشەمە و بابەتی تابلۆکانمن..

هونەرمەند ئاری بابان لە پەراوێکی تری نوسینەکانیدا دەڵێت :

هەرچەندە ستایل وڕێبازی خۆم بدۆزمەوەو کاری پێ بکەم ئەوەندەی دیکە زیاتر هوست دەکەم وون دەبم و مەحاڵە پەی بە قووڵای هونەردا ببرێت.. بەڵام من تەنها دەنگێك و ڕەنگێکم هەوڵی بێووچانی خۆم دەدەم و بەردەوامم.. بەردەوامم.


نووسەرو ڕۆژنامەنووس تاریق کارێزی لە پەیڤێکدا دەڵێت :

ڕامانێك لە هونەری ئاری بابان.. لەنێو هونەرمەندانی شاری کەرکووکدا ئاری بابان شوێن وپێگەیەکی تایبەتی هەیە، ئەگەر لە ڕونگەی ستایل ودیگای هونەری یەوە بڕوانیتە تایبلۆکانی دەبێت تەنانەت لە نێو ڕەوتی هونەری شێوەکاری کوردیدا، بەرخودێکی

تایبەتـی لەگەڵـدا بکرێـت ئەمـەش لـە سـۆنگەی ئـەوەوە یـە کەئـەم هونەرمەنـدە لـە ئەنجامـی ئەزموونێکـی دەوڵەمەنـدو پـڕ لـە متمانـەوە توانیوێتـی سـتایلێکی تایبـەت بەخـۆی گەڵاڵـە بـکات.

مامۆسـتا و نووسـەر (ئـازاد عەبـدول واحیـد) لـە نوسـینێکدا سـەبارەت بەکۆچـی دوایـی هونەرمەنـدی شـێوەکار ئـاری بابـان دەڵێـت : ئـاری بابـان کـە خەڵکـی کەرکـووک بـوو، یەکێـک لـە هونەرمەنـدە بەرچاوەکانـی کـورد بـوو، کـە بەشـدارییەکی چالانـەی لـەو بزاڤـە هونەرییـەدا هەبـوو، لـە سـاڵانی حەفتـاوە تێکـەڵاوی بزاڤـی هونـەری شـێوەکاری کـوردی بـوو، سـاڵی ١٩٧٢ لەگـەڵ هونەرمەنـد گارا لـە هۆڵـی ئـیمام قاسـم یەکەمیـن پێشـانگەیان کـردەوە، بەهـۆی چالاکـی و کاری هونەریـی بەردەوامـەوە لـە دەیـان پێشـانگەی هاوبـەش لـە نـاوەوە و دەرەوەی وڵات بەشـدار بـووە ئـەم نـاوە درەوشـاوەیە بێجگـە لـەوەی هونەرمەندێکـی شـێوەکاریی بـە سـەلیقە و خـاوەن ئەزمـوون بـوو، خۆشـی چەنـدی بلێـی پیاوێکـی خـاوەن هەڵوێسـت و کوردپـەروەر بـوو. ئـەم ئینسـانە زەریایـەک بـوو لـە ئارامـی و هێمنـی و ددان بەخۆداگرتـن، لـە هەشـتاکان کـە فیـرار و بێئۆقـرە و قـەرار و دڵتەنـگ بوویـن، مـن بـۆ خـۆم کـەم شـەو و ڕۆژ هەبـوو پێکـەوە نەبیـن و دەردەدڵ و سـکاڵای حاڵـی خۆمـان لـەلای یەکـتر نەکەیـن، تەنانـەت کـە دەمـدی یەکسـەر هێـور دەبوومـەوە و خـەم و خەفەتـم دەڕەوییـەوە، ئـاری بابـان بـە هـۆی ئـەوەی لـە خێزانێکـی کوردپـەروەر و شۆڕشـگێڕ بـوون، بۆیـە ڕێگەیـان نـەدا لـە شـاری کەرکـووک دابمـەزرێ، لـە هەشـتاکان





برایەکەی مولازم سیروان لە ڕیزەکانی حزبی شیوعیدا شەهید بوو، فوئادی زاوای لە سێدارە درا و (ژیان)ی خوشکی گیرا و زیندانی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنرا، ئەوە بوو خۆشی لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندە کەرکووکییەکانی : فازڵ جاف و جیهاد دڵپاک و جەلیل زەنگەنە و حەمەکەریم عارف و عەلی کەریم و حەمەزیاد حەمەزیاد تەها کەوتە شاری سلێمانی و لە کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی لەگەڵ سەباح غالب و د. یووسف حەمەساڵح و سەروەر محەمەدئەمین (د.کوردۆ عەلی) و ئەوانی دی دەستبەکار بوو، کە ئەو کاتە د.فازڵ قەفتانئەمینداری کتێبخانەکە بوو.

ساڵانەی دوایی ماڵەکەی بە هەموو تابلۆ و کتێبخانە وئەرشیفەکەیەوە کە کاری پتر لە چارەکە سەدەیەکی بوون سووتان، ئەوە مایەی خەفەتێکی زۆر گەورە بوون بۆی، بەڵام وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی، بە هێمنی و زەردەخەنە هەمیشەییەکەی سەر لێوانی، کە ئێمەی لەسەر ڕاهێنابوو، پێشوازی لەو ڕووداوە کرد و بە ئیرادەیەکی بە هێز و کۆڵنەدەرانەوە لەسەر کاری خۆی بەردەوام بوو.

من لە سەرەتاوە ئاری (بابان)م چۆن دیتبوو و چۆنم ناسیبوو، دوا جاریش کە لە ١٩/٩/٢٠٢٠ دیم و بە یەکەوە لەگەڵ هونەرمەند حەمەڕەئووف کەرکووکی دانیشتین، هەر ئەو ئینسانە بوو کە یەکەم جار ناسیبووم، سادە و ساکار، سەرڕاست، دڵپاک، بێرتووش مابوویەوە. چەند ساڵێک بوو نەخۆش بوو، بەهۆی ئەو گرێیەی لەناو



مێشکی هاتبوو بێحەواس بووبوو، جارێک لە ئێران نەشتەرگەری بۆ کرا، جارێکی دی سەردانی هیندوستانی کرد، زۆرم پێ دەگوت کە بۆ بەدواداچوونی نەخۆشییەکەی بێباک و کەمتەرخەم نەبێ و ئاگای لە خۆی بێ، بەڵام دیار بوو ڕۆژ دوای ڕۆژ بارودۆخی بەرەو خراپی دەچوو، زۆر شتی لە بیر دەچووەوە، لەم دواییە هەر بە تەواوی زاکیرەی بەرەو لاوازی دەڕۆیشت.. هەزار نەفرەت لە کۆرۆنا کە نەیهێشت جارێکی دی ببینمەوە و لەگەڵی دابنیشمەوە و هەندێ ڕاز و سکاڵای دڵی خۆمان لەلای یەکتر بکەین هاوڕێم.. هەواڵی مەرگی بێ خواحافیزیت برینێکی قووڵی وای لە ناخمدا هەڵکۆڵی کە تا من لە ژیاندا بم پێیەوە دەتلێمەوە و پێم وانییە بەو زووانە سارێژ بێت.

زۆرێک لە هاوڕێیان و نووسەران و ڕۆشنبیران لە تۆڕەکانی فیسبووك وە لاپەڕە تایبەتیەکان و سوشیال میدیایەکان بەداخ و بەژارەیەکی زۆرەوە لەسەر کۆچی دوایی ئەم کەڵە هونەرمەندە کشێوەکارە کار تایبەتە هاوخەمی خۆیان نوسیبوو لەوانە هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە وولاتی بەلژیکا (حوسین کاکەیی) کە ماڵپەڕێکی ئەلکترونی بۆ هونەرمەندی ڕەوان شاد دروست کردبوو دەڵێت : هاوڕێی هونە رمەندم شێوەکار ئاری بابان گەیشتە کاروانی نەمران، ڕەوانت، شادو ئارام


هونەرمەند محمد ساڵەیی لە وولاتی کەنەدە نوسیوێتی : ماڵئاوا هاورێی خۆشەویست کاک ئاری بابانی دەم بە خەندە. زوو جێت هێشتین

و بارخانەتان گواستەوە بۆ دونیای پڕ لە جوانی و ناسکیی،هونەری شێوەکاری کەرکووکت بێناز کرد.

هیوا ڕەش لە ئەکاونتی خوالێخۆشبوو هونەرمەند ئاری بابان نوسیویێتی.. وەرەوە کاکە، تۆ هەر تابلۆکێش نەبوی، لە سەرەمەرگیشدا داوای چاویلکەت بۆ چاوە کز بوەکانت دەکرد و ئاماژەت بۆ کتێب دەکرد و دەتویست پێش ئەوەی ماڵئاواییان لێ بکەی دو دێڕی کتێبێکی فەلسەفی و دو پەرەگرافی ڕۆمانێ زێتر بخوێنیتەوە، بە دڵ خۆشت دەویستن و پێت ستەم بو کتێبەکانت لاپەڕەکانی هەڵپڕوکێن و وەرگێڕانەکانت بێ ناز بنکەون، ئەدی ئەم بڕیارە ناوەختە چی بو لە کتوپڕێکدا دڵی هەموانت پڕ ئازار کرد... ؟ !

جێگە پەنجەکانی هونەرمەند ئاری بابان لە ئەرشیف و بنکەڕۆشنبیری و کەلتووری کوردی و تابلۆ هونەریەکانی و کتێبخانەو گەلەریەکاندا وەکو ئەستێرەیەکی درەوشاوە دەمێنێتەوە وە هەردەم ناوێك دەبێت بۆ نەوەکانی داهاتوو و وە بۆ مێژووی هونەری شێوەکاری لەکوردستاندا.





## شێوەکاری کورد ڕۆستەم زادە
## لە نێو ئەزموونێکی هاوچەرخیدا

هونەرمەندێك لەکوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بە ئەزمونێکی پڕ لە داهێنان و تازەگەری هونەری شێوەکاری وە هونەرمەند (محمد ساڵح ڕۆستەم زادە) ناسراوە بە نامۆ ڕۆستەم ئێستا پسپۆڕێکی شارەزای هونەری شێوەکاری یە لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر لەساڵی ١٩٦٤ لە شاری بۆکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدایك بووە، نامۆ زادە بەکالۆریوسی لەبەشی وێنەکێشان لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی شاری تاران پایتەختی جمهوری ئیسلامی ئێران ساڵی ١٩٨٨ تا ١٩٩٣ بەدەست

هێناوە، ماستەری لە هونەری وێنەکێشان لەبەشی شێوەکاری بە پلەی نایاب وەرگرتووە، چەندین ئەندامێتی بەدەست هێناوە چ لە کوردستانی باشوور وەچ لە وولاتی ئێران ئەندمی فەخری ئەنجومەنی هونەرمەندانی شێوەکارانی شاری تارانە. هونەرمەندانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەکو هەموو هونەرمەندانی جیهان دەیاونەوێت وە توانیویانە ئاستی هونەرو دەستکردەکانیان بگەیەننە ئاستێکی بەرزو لە شارەکانی خۆیاندا وە لەو وولاتەدا ناسراوێتی بەدەست بهێنن، وە بۆ ئەو مەبەستە کاری زۆریان کردوە، هونەرەکەی هونەرمەند رۆستەم زادە لەگەڵ ئەوەی کە پرۆفیشینالیستی پێوە دیارە، هاوچەرخێتی هونەری جیهانیشی تیادا بەدی دەکەوێت، ئەوەش بەو هەوڵانەیە کە هونەرەکەی گواستنەوەی تەکنیکی تێدایە وە لەو گۆڕانکاریەدا دیدەی فەلسەفی وە قووڵ بونەوە لە هونەرێکی مۆدرنی تێدا بەدی دەکەوێت، وە نەبێت ئەم هونەرمەندە کوردە مۆرکی کەلتوورو هونەری کوردی بەرجەستە نەکردبێت، خۆی خودی هونەرمەندەکە هەڵقولاوی کوردستانە بۆیە کارتێکراوی دەوروبەر وە هەڵبژاردەی ڕەنگ هۆیەکە لەو نمونەیە، بەو هۆکارەوە تازەگەری و داهێنان گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ هونەرمەند روستەم زادە، ئەمەش لە بواری تەکنیک و شارەزایی پتر لەهونەری شێوەکاریدا. لەهەر پێشانگایەك کۆمەڵە کارێکی نوێ واتە کۆمەڵە فۆرم و شێوازێکی نوێ دەخاتەوە یان پێشانی دەدات، بۆ ئەم پێشانگایانە هونەرمەند روستەم لە شارەکانی سنە و بۆکان و سەقز وە شوێنەکانی تر بێگومان نەرێتی



کوردەواری لەکارەکانیادا پاراستوە وە فۆرمەکانیش بە شێوەیەك لە شێوەکانی خستۆتە ڕوو، وە تاقی کردنەوەیەکی هونەرمەندە لە نێوان کارەکانی وە جەماوەری کوردیدا لەگەڵ ئەوەی کە تاقی کردنەوەی پیشاندانی هونەرەکەی لە شارەکانی سلێمانی وهەولێر جۆرێکی تری ئەزموونی هونەری هونەرمەندی کورد روستەم زادەیە لە باشووری کوردستان، لەهەمان کاتدا بوون بە مامۆستا لەکۆلیژی هونەرە جوانەکانی شاری هەولێر وە پەروەردە کردنی قوتابیان بەو ئەزموونەی کە هونەرمەند کەڵکی لێ وەرگرتوە ئەمە خۆی بۆ خۆی خزمەتێکی چڕی هونەری کوردی یە وە دەتوانێت کۆمەڵە مامۆستاو هونەرمەندێکی داهاتوویی بۆ کوردستان پەروەردە بکات وە



خزمەتێکـی بەردەوامـی کوردسـتانە.

ئەگـەر ووردبونەوەیەکـی وورد بـۆ کارو چۆنیەتـی کارەکانـی مامۆسـتا نامـۆ بکەیـن لـە ڕووی قوتابخانـە هونـەری یەکانـەوە ئـەوا لـەو دەسـت پێکـەوە دیـدەی لـێ دەگـرم کـە بنەمـای ئەکادیمیـەت و قوتابخانـە فێرخوازییـەکان ئـەو بناغەیـە بـوە کەلەسـەری ڕیشـەی داکوتـاوە و لەسـەر ئـەو بناغەیـە پـەرەی بـە خـۆی و ئەزموونـی هونـەری داوە، ئـەوەش لـە کۆمەڵـە کارێکـی پۆرترێتیـدا ئـەو ئاسـتە هونـەری یـە دەبینرێـت، دواتـر هەنـگاو نـان بـەرەو قوتابخانەکانـی تـر لـە فۆرمـی کارە هونەریەکانیـدا وەکـو کۆلاجـی هاوچـەرخ واتـە کۆکردنـەوەی ڕەنـگ و گونجاندنیـان لەگـەڵ ئـەو فۆرمانـەی کـە یـەك دەگرنـەوە لـە نێـو کارێکـی هونەریـدا وە هەنگاوێکـی تـر لەگـەڵ کارە کۆلاجەکـەدا قوتابخانـەی ئاپسـتراکە کـە تێکەڵکێشـی کـردوە بـۆ نێـو ئـەو فۆرمانـەی کـە پێویسـتیان بـە کاری ئاپسـتراکی یـە دیـارە ئەزموونێکـی تـری مامۆسـتا لـەم جـۆرە کارانـەدا خـۆی دەدۆزێتـەوە وە لـەو جـۆرە کارانـەی کـە بـە پێوانـەی بەرزایـی دروسـتیانی کـردوە وە لـە چەنـد پێشـانگایەکدا نمایشـیان کـردووە، گـرد بونـەوەی هونەرمەندانـی کـوردو گەنجـان لـە پێشـانگاکانیدا ئـەو دیدەیـەم لا دروسـت بـوو کـە هونەرمەنـدان و لاوان و گەنجـان بـە تێڕوانێکـی ووردەوە لـە بەرهـەم و گەنجینـەو ئەزموونەکانـی هونەرمەنـد دەڕوانـن وە بەجـۆش خرۆشـەوە دیمانـەو شـی کاری دەکـەن بـۆ ئەزموونەکانـی.

لـە ڕووی فـۆرم و بابـەت و خەونەکانـی هونەرمەنـدو ئەزموونـی ژیانـی هونەرمەنـد ڕۆسـتەم زادە ڕەنـگ دانـەوەی ژیـان و ژیانـداری لـە کوردسـتانی





ڕۆژهەڵات و دیدەی لەگەڵ سروشتی ناوچەکە بە گشتی وە زادە وەکو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە بێگومان ئەویش بێ خەم بێ ئازار نی یە، ئەو زوڵم و ستەم و دژواری یەی گەلەکەی وە ڕوداوە جیاوازەکان لە کوردستان هۆیەك و خەمیکن کە هونەرمەند لە نێو کەڤاڵەکانیدا دەیانخاتە روو وە قووڵ بۆتەوە لە نێو ئەو خەون و خەمانەدا، هەر بۆیە لەگەڵ هەر کارئەکتەرێك دونیایەك ئازارو مەینەتی و دەردەسەری باس دەکات وە لەگەڵ هەر نمونەیەکی ئەو کەڤاڵەدا باس لە پانۆڕامایەك و مێژوویەك دەکات کەبەسەر میللەت و ناوچەکەدا هاتووە، زۆر پرسیار هەن لە دیدەو مێشکی بینەردا دروست دەبێت وەکو ئەوەی ئایا دەمووچاوەکان ڕەنگ دانەوەی کاری کارئەکتەرەکانە وە یان کاری کاتێرەکان چ ڕەنگ دانەوەیەکی واتەیی دەبێت ! گەڕان بەدوای ئازادی و ڕزگاری لە بازووی ئافرەتێکی شۆڕشگێڕدا یان گەڕان بەدوای هەتاوو هێزو سنوور بەزاندن و تەلبەندەکان، ئەوەش چ لە ڕێگای پۆرترێت و فۆرمی نێو کارەکانەوە بێت یان چ لە حەسرەتی ئەو خەون و ئاواتانەی کەلەنێو تابلۆکاندا دەیانەوێت بەدی بێن، یان ئەو ژانانەی کە لە دایك نەبوون و دەیانەوێت لە داهاتوودا لەدایك بن، یان ئەو ڕۆژانەی کە کارەسات و مەینەتیەکان لە خۆ دەگرن، فۆرمەکان ئەوەندە بەئازار بەخشن زۆر جار هونەرمەندو مرۆڤی ئاسایی ناتوانن ڕووبە ڕوویان ببنەوە، هەربۆیە سەرێکی پڕ لە ئەندێشەو کوڵاو لەنێو وولاتێکی پڕ لەژانە سەر کە هەموو ئەمانە گرێ دەدات بەخۆیەوە وە لەنێو ئەوکارە هونەریانەدا جێگایان دەکاتەوە،



ووتەیەکی مامۆستا نامۆ دەڵێت "کورد گەورەترین قوربانی بیرۆکەی قوربانی کردنە" لەژێر ئەم ووتەیەدا وە لە ناوەڕوەکی ئەم ووتەیەدا زۆر فۆرم و بابەت و بیرۆکە لەدایك بوون و لەدایك بوون، هونەرمەند نامۆ پشتی داوە بە پشتی تابلۆکانی یەوە و حەوانەوەیەك بۆ هەناسەدان و هەناسە هەڵکێشانێك بیر دەکاتەوە، ئەو هەموو تێڕامان و ووردە بونانەوە لەهەموو چێرۆکێکی نێو فۆرمەلەی کارە هونەریەکان دەبینرێت و بووە بە فاکتەری هەموو تابلۆکان و پاڵەوانی کارە هونەریەکان.

کۆنتراس و هەڵبژاردەی ڕەنگەکان فێنك و سادەن وە هێڵەکانیش نەرمن و بە مۆدرن نمایشەکانیان ڕوون و دیارن، واتە هێزو توانای هونەرمەند ڕۆستەم زادە لەو ئەزموونەوە هاتووە کە توانیوێتی ڕەنگەکان بگونجێت لەگەڵ یەکتردا وە کۆنتراسێکی دوور بینی جوانی بەخشیوە بە نێوەندی تابلۆکان، هەر ئەوەش وای کردوە کە سەرکەوتوانە بتوانێت ئەو ئەزموونە جوانە ببەخشێت بە کۆنتراسی دووری تابلۆکان. زۆری وەگەڕ خستنی قوتابخانە هونەریەکان لە کۆی کارە هونەریەکانی هونەرمەندا ئەو دەوڵەمەندییەمان دەداتێ کە چەند هونەرمەند سەرکەوتوو دەبێت لە ئەنجامی وورد بونەوەکان و تێڕوانینەکانی لەنێو ئەو کەڤاڵانەی کە خەونەکان دوورن و مرۆڤ بەئاسانی ناتوانێت پێیان بگات، خەونی من و تۆو ئەوانی تریش لە پشت چیاکانەوە هەموویان لە چاوەڕوانی ئەو بیرۆکانەن کە هونەرمەند زادە خۆی بۆ ئامادە کردووە لە چاوەڕوانی تابلۆو حەزو ئارەزووەکانی داهاتوودا.



## هونەرمەندی پەیکەر تاشی کورد پشکۆ گورجی

هەڵەبجە سومبڵی شەهیدان ئەو هێما کوردی یەیە کە هەموو هونەرمەندان هەریەك بە شێوەیەك تابلۆیەکی بۆ دەکێشێت وە پەیکەرێکی بۆ دادەرێژێت، هونەرمەندی پەیکەرتاشی کورد پشکۆ عەباس گورجی لە ساڵی ١٩٦٦ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە وە دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی یە بەشی پەیکەرتاشین، بیرۆکەی وێنەی عومەری خاوەر ی گەیاندە ووڵاتی هۆڵەندا وە بە شێوەی پەیکەرێك لە گۆڕەپانێکی ناسراوی شاری دەنهاخ کە بە لاهای ناسراوە، ئەم پەیکەرەی کرد بە سومبڵی شاری






هەڵەبجە کە لە ساڵی ١٩٨٨ رژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسین بە گازی کیمیاوی قەدەغەکراو پێنج هەزار کەسی لەورۆژەدا شەهید کرد، ئەم هونەرمەندەش سومبڵێ ئەو ئازارانەی بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی شەهیدانەوە پەیکەری عومەری خاوەری لە ووڵاتی گوڵ و مرۆڤایەتیدا بەرز کردەوە. لە ١١ ئادار ی ئەمساڵدا ٢٠١٥ لە هەولێری پایتەخت پەردە لەسەر کارێکی تری هونەرمەند پشکۆ لادرا کە بریتی بوو لە سومبڵ و پەیکەری پێشمەرگە کە دەربڕین لەئازایەتی و نەبەردی پێشمەرگە دەکات وە بەکەرەستەی جیاواز ئەم کارەی دروست کردوە بە شێوەیەکی مۆدرینی سەردەمانە، چالاکیەکانی هونەرمەند پشکۆ بەردەوامە وە لە سالانی ١٩٨١ وە بەردەوامە لەکاری

هونەری کەئەو کات قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو، بەتایبەتی بەشداری کردنی لە ٢٠٠ ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی و پێشانگای دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و پێشانگاکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، تاقی کردنەوەکانی دەرەوەی وواڵت بەتایبەتی لە وواڵتی هۆڵەندا نمونەیەکی تری هونەری کوردی یە کە وەکو پەیامێکی سیاسی لەناو کۆمەڵگای ئەوروپیدا هونەرمەند پشکۆ ئەو بەشدار بوە بوە کەهەردەم کاری هونەری نوێ ی نمایش کردوە، وە خاوەن چەندین کاری هونەری یە لە شارەکانی وواڵتی هۆڵەندا.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاکۆ غەریب


هونەرمەندانی کورد لەهەر جێگایەك بن هەردەم داهێنان و پاراستنی ئازارەکانی گەلی کوردو شاخەکان و کۆچ و کۆچبەرێتی و مێژووی گەلی کورد بە کەلتوورو فۆلکلۆریەوە دەگێڕنەوە بە نەخشاندنی ئەو تابلۆیانەی کە تەنها شایەتحاڵ دەبن بۆ دیکومێنتی گەلێك کە پڕە لەکەلتوورو ئەفسانەو چیرۆکی زۆر درێژ خایەن.. هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاکۆ غەریب لەساڵی ١٩٦٢ لە شاری سلێمانی، باشووری کوردستان لەدایك بوە، لەساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی بەشی شێوەکاری تەواو کردوە. کۆمەڵە



کارێکی هونەری لەسەردەمی قوناغەکانی خوێندن بریتی بوون لە کاری ئەکادیمەت وە بابەتی سروشتی کوردستان بەتایبەت شاری سلێمانی، بەڵام لەدوای پەیمانگاوە کە بەشداری چەندین پێشانگای شێوەکاری کرد لەگەڵ هونەرمەندانی شاری سلێمانی، تاقی کردنەوەیەکی تری هونەرمەند ئاکۆ غەریب بوو. ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە بگرین ئەوا قوتابخانەیەکی ڕیالیستی ئیشتیراکی زۆر وورد بەدی دەکەیت بەتایبەتی کارتێکراوی هونەری ڕووسی وە لەلایەکی ترەوە کارە هونەریەکانی هونەرمەندانی جیهانی وەکو دیلاکروا وە ماتیس وە زۆر هونەرمەندی تری جیهانی کە بەسەر هاتی وولاتەکەی خۆی



بەو شێوە ڕۆمانسی یە کێشاوە، هونەرمەند ئاکۆ غەریبیش سروشتی کوردستان و بەسەرهاتەکانی شۆرش ی کردۆتە هەوێنی کارەکانی بەتایبەتی شاری سلێمانی لەبەفربارینـدا یان گوندەکانی کوردستان بەو سروشتەوە دیمەنی کارە هونەریەکانێتی، بەکار هێنانی فۆرمی کەلتووری لەو کارانەدا خۆی دەبینێتەوە کە جل و بەرگی کوردی وە دەفی دەروێشێکی کورد ئەمانە فۆرمی بیرۆکەی ئەو هونەرمەندەن، لەجۆری ڕەنگەکانیشیدا بێگومان ئەو ڕەنگانە دەبین کە گەرمن وە پڕن لەوڕەنگانەی کە کورد دەست نیشانیان دەکات بەتایبەتی لەجل و بەرگی کوردیدا، هەربۆیە ڕەنگەکان تێرو گەرمن وە سەرەنج ڕاکێشن لەناو چوار چێوەی کارە هونەریەکاندا.



## هونەرمەندی شێوەکار وەلید ئاغا

لە شام مرۆڤێکی پرۆفیشیناڵ وە وورد بین بۆ هەموو بابەتەکان بەتایبەتی ئەو شێوازانەی کەلەناو تابلۆکاندا دەتیانکێشێت وە سەرقاڵیانە، بێگومان لە جیهانێکی تایبەتی کە دووره لە چیاکان وە دووره لە دار زەیتون و گەرمایی جەزیره کە کوردی تێدا ناسراوە، وێستگەی حەسەکە ناوی ئەو شارەیە کە کوردی تێدایە دیارە وەلید ئاغای هونەرمەند و جیهان ئاغا خێزانی کە مەدالیای کوردیان لە شانی خۆیان داوە لەوێ وە دەستاین پێ کردوە وە هەر لەوێ وە هەنگاویان ناوە بەرەو شام و ئیدی بۆ دەرەوەی ووڵات ئەمە تابلۆی ئەو هونەرمەندەیە کە سەر




گوزشتەیەکی زۆر درێژو پڕ مانا دەگێڕیتەوە، بەتایبەتی بەسەر هاتی فۆلکلۆری کوردی وە ناوەڕوەکی کوردی لە پێ دەشتی جەزیرەوە تادەگاتە سەر چیاکانی چیایی کورداغا کە بەناوی عەفرین یان ئافەرین ناسراوە. هونەرمەندێکی لێهاتوو کە مامۆستایەکی ئەکتیڤە لە زانکۆتی دیمەشق وەلید ئاغا لەدایك بووی ساڵی ١٩٥٣ ل٣ دیمەشق وە ناسراوترین هونەرمەندی نێو شاری دیمەشق ه وە مامۆستایەکی زۆر تایبەتە لەبوارەکانی هونەری شێوەکاری وە چاپ و بڵاوکردنەوە، هەربۆیە ستایلێکی تایبەتئی خۆی هەیە بەکارەکانی، بێگومان ئاوهەوای جێگای ژیانداری دەگۆرێت لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر، ئەم ڕەنگ دانەیەوەیەش لەنێو کارە هونەریەکانیدا بەرجەستە دەکرێت بەتایبەت لەفۆرمەکاندا، کارتێکراوی هونەری ئیسلامی کە کۆنترین وە مێژوویەکی درێژی هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بەتایبەتی لە ووڵاتی سوریادا ئەم دیاردە هونەری یە لەدێر زەمانەوە لەتابلۆکاندا ڕوو دەدات وە ڕوی داوە کە ووشە عەرەبی یەکان واتە پیتی عەرەبی بێتە ناو هونەری شێوەکاری یەوە، لەبواری ووردە کاری هونەری شێوەکاریدا خاوەن ئەزموونێکی گەلێکی زۆری هەیە بەتایبەتی قاڵ بونەوە لەهونەرو فێر کردنی قوتابیەکانی لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان لە زانکۆی دیمەشق هەر ئەمەش لەلای زۆر هونەرمەندانی کوردو عێراقی و عەرەبی دا دەبینرێت. چالاکی یەکانی ئەم هونەرمەندە گەلێك زۆرن بەتایبەتی لە سوریاو لوبنان و ئەوروپا و ووڵاتانی تر، دوا چالاکی هونەری ئەم



هونەرمەندە لەگەڵ هونەرمەندە کوردەکان بوو لە شاری ئامەد کە وورك شۆپێکی هونەری بوو پشتگیری لە دۆزی گەلی کورد. وە بێگومان ئەو خاوەن ئامادەیی یەکی زۆرە لەگەلەری و هۆڵەکان وەکو پرۆفشینالێکی هونەری شێوەکاری لەسەر ئاستێکی بەرز وە بەردەوامە لەداڕشتنی هونەرێکی هاوچەرخ و مۆدرن.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەدنان شینۆ

یەکێک لەو گەنجانەی کەلەدایك بووی ساڵی ١٩٦٣ یە لە شارۆچکەی ئامێدی سەر بە پارێزگای دهۆك، کوردستانی باشوور هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەدنان شینۆ کە لە دوای خوێندنی ناوەندی لە شاری دهۆك ڕووی لە شاری سلێمانی کرد بۆ خوێندنی پەیمانگای هونەرەجوانەکان، ماوەی پێنج ساڵ من ئەم هونەرمەندم ناسی لە نزیکەوە وە توانایەکی زۆر جوان و بەهرەمەندی هەبوو لە کاری شێوەکاری بەتایبەتی تێکەڵ بوون بە ڕەنگەکان وە مرۆڤێك سەرقاڵی کاری هونەری وە خۆپێگەیاندن و ئەزموون وەرگرتن لە هونەری ئەکادیمی

شێوەکاری. لە کوردستان چالاکی یەکی پڕو چڕ وە بە شداریەکی گەلێك زۆر لە پێشانگا گشتی و تایبەتیەکاندا. بوونی خەون و خەیاڵی شینۆ زۆر بەرفراوانە بەتایبەتی پەنا بۆ ئەفسانەو چیرۆك و رۆمانە کوردییەکان وە ڕەنگ دانەوەی کەلتووری کوردی لەنێو تابلۆکانیدا، ئەم دیاردەیە نمونەیەکی تایبەتمەندێتی هونەرمەندە لەکارە هونەریەکانیدا، وە هەردەم پۆرترێت و دەموو چاوە مانادارەکان بەو ڕێبازە تایبەتەی کە عدنان شینۆ لەکارە هونەری یەکانیدا دەریانی بڕیوە، حەزەکانی شینۆ تەنها لە کوردستان خۆی نەگرتەوە بەڵکو لە ساڵی ١٩٩٥ وە لە ووڵاتی ئەڵمانیا خۆی دۆزیەوە بەتایبەتی لە شاری بەرلین بوو.. بەرلین بوو بەو گۆڕەپانە هونەری یەی کە بەردەوام هونەرمەند عەدنان شینۆ پێشانگا لە دوای پێشانگا لە بەرلین و شارەکانی تری ئەڵمانیا بکاتەوە. لەڕووی ڕێبازی هونەری هونەرمەندەوە هەردەم وەکو ووتمان پەنای بردوە بۆ بەسەرهات و فۆرم و ناوەڕوەکانی گەلی کورد کە پڕە لەکارەسات و ڕووداو وە پەنا بردن بۆ ئەفسانە شاراوەکانی وە بەکارهێنانی کەلتووری کوردی بەتایبەتی جل و بەرگ، ئەمە سیمای تابلۆکانی هونەرمەندی وەدەرخستووە، بۆ زیاتر پیشاندانی هونەرەکەی ڕووی لە ووڵاتە ئەسکەندەناڤیاکان کردوە بەتایبەتی ووڵاتی دانیمارك و فیلەندا و سوئیدو بەریتانیا و نەمساو پۆڵەندا و ووڵاتانی تری ئەورووپی، ئەمەش ناسراوێتی هونەرمەندی زیاتر ناساند بەگەلانی ئەورووپا. لەساڵی ٢٠٠٤ بەسەردانێك پێشانگایەکی یان بڵێن دوا تاقی کردنەوەی





خۆی هێنایەوە بۆ کوردستان لە شارەکانی سلێمانی و هەولێرو دهۆك نمایشی کارەکانی کرد وە توانی لە شاری دهۆك زۆر پرۆژەی هونەری و چالاکی هونەری نمایش بکات.. ئەمەش سەرکەوتنێکی زۆر بەهێز بوو بۆ هونەرمەند عەدنان شینۆ، خۆشەویستی بە زمانی هونەر لە لای هونەرمەند شینۆ جیهانێکی زۆر گەورەو پڕ مانایە هەر بۆیە خەون و خۆشەویستی ئەو مانایەی لە هزریدا داناوەو لە ناو چوار چێوەی تابلۆیەکی نەمردا تۆماریان دەکات.

## شوان عبدالرحمن پەیکەر سازێکی گەنجی کوردستانی باشوور

ئەگەر گوزەرێك بەناو شاری هەولێری پایتەختی کوردستانی باشووردا بکەیت، ئەوا زۆر پەیکەری باڵا بەرزی جوان و ڕازاوە دەبیت چ لە پەیکەرەکەی مەلییك مەحموودی نەمر تا دەگاتە دوا کار فرۆکەوانەکەی سەر چیای شنگال کە دوا کارە لە پارکی سامی عبدالرحمن دا دانراوە، شوان عبدالرحمن لەساڵی ١٩٨٧ لە شاری هەولێر لەدایك بووە وە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێری ساڵی ٢٠٠١ تەواو کردوە بەشی پەیکەر سازی وە پێشانگایەکی تایبەتی کردۆتەوە، تا ئێستاش ١١ کاری



هونەری پەیکەرسازی لە گۆڕەپانەکانی شاری هەولێردا دانراوە وە بەردەوام سەرقاڵی قوتابی فێرکردن و کاری داهێنەرانەی نوێ ی هونەری پەیکەر سازی یە، ئەگەر چاو لە کارە هونەریەکانی ئەم هونەرمەندە گەنجە بگرین ئەوا دەتوانین بڵێن توانایەکی زۆر بەهێز لە کاری داتاشین و کەرەستە جیاجیاکانی هونەردا بەدی دەکەیت بەتایبەتی دۆزینەوەی کەرەستەی بەردی مەڕ مەڕو ئاسن و پلاستیك و ڤایبەرکلاس و چیمەنتۆ و بابەتی تر، بێگومان ئەم جۆرە کەرەستانە لەکاری هونەردا دەبێتە سەرکەوتووی کاری هونەری هونەرمەندەکە وە لەناوەڕوەکی کارەکانیدا پەنای بۆ پۆرترێتە ناودارەکانی کورد بردوە، بەتایبەتی کارە هونەریەکەی شێخ مەحموودی نەمر وە پەیکەرێك بۆ شێرکۆ بێکەسی شاعیر کە نمونەیەکن لە کارەکانی، هێزو توانای هونەری پەیکەرسازی بێگومان جێگاو توانا و سەلیقەی گەورەی دەوێت وە هونەرمەند دەبێت زاڵ بێت بەسەر فۆرم و شێوەو کەرەستەو داڕشتنی کارە هونەرەکەیدا، هەربۆیە ئەم بنەمایانە لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند شوان عبدالرحمن دا دەبینرێتەوە، لەکاتێکدا کوردستان پێویستی یەکی زۆر گەورەیی هەیە بۆ پڕ کردنەوەی ناو شارو پارك و گۆڕەپانەکاندا وە هونەرێکی هاوچەرخ و مۆدرینی سەردەمی یە بۆ پێش کەوتنی شارستانیەتی خەڵك و وڵات، بوونی هونەری پەیکەر دوو مانای گرنگی هەیە یەکەمیان پاراستنی کەلتووری ئەو نەتەوەیە وە دوەمیان جوانکاری و ئاوەدان کردنەوەی شارو شارۆچکەکان، بێجگە لەوەی کە مێژوویەك دروست دەکات بۆ ئەو وڵاتە، هەربۆیە ڕێبازو بەکار



هێنانی ئەو فۆرمانەی هونەرمەند شوان ئەو داوایەیە کە ئەمڕۆ کوردستانی باشوور لەهەمووکات زیاتر پێویستی پێ یەتی بۆ ئاوەدان کردنەوەو بەرەو پێش خستنی هونەری پەیکەرسازی لەم وولاتەدا، ئەوەشمان لەبیر نەچێت مامۆستا شوان رۆژانە گەنج ولاوان و قوتابی نوێ فێری ئەو هونەرە دەکات کە ئەو سەرچاوەکەیەتی بەو شێوازە ئەکادیمیایەی کە هەموو جیهان دەیخوێنن وە پەیڕەوی دەکەن، هەر وەك چۆن ئیتالیا و فەرنسا و جیهان شانازی بە دیواربەندی و پەیکەرەکانیانەوە دەکەن، ئاوهاش کوردستان لەداهاتوودا لە ڕێگای هونەرمەندی گەنج شوان عبدالرحمن و قوتابی یەکانی یەوە داهاتوویەکی گەش بۆ ئەم وولاتە بنیاد دەنێن.






## هونەرمەندی شێوەکاری کورد عومەر ماڵڤا

لەهونەرمەندە هاوچەرخەکانە مرۆڤێکی کورد لە گوندە قوڕینەکانەوە بەرەو جیهانی سروشتی جوانی ئەو دەشت و چیا هەڵکەوتوانەی کە پڕن لە داری زەیتوون، ساتێك پاڵ دانەوە لەبن دار زەیتوونەکانی عەفرین، ئەوە ئەو ووتەیەیە کە من لە ساڵی ١٩٩٢ لە عەفرین بوم و باسی ئەو کەڵە هونەرمەندە کوردەیان دەکرد کە بەسەردان دەهاتە نێو گوندو دەشتەکانەوە تا وێنەی ئەو چیاو خۆرو گوڵانە بکێشیت کە حەزەکانی هونەرمەند تەنها لەوێدا کۆتایی نەهاتوە وە لەوێش کۆتایی نایەت، لەساڵی ١٩٥١ لە گوندی تەل ئەزافر لەو گوندە بچوکەی کە

بـە گڵ دروسـت کرابـوو لـە سـوریا هونەرمەنـدی شـێوەکاری کـورد عومـەر مالڤـا لەدایـك بـوە، ئـەو ڕێبـازە هونەریەیـەی مالڤـا هەڵقـوڵاوی جیهانێکـی تایبەتـی هونـەری شـێوەکاری یـە کـە ئەویـش ڕیالیسـتیەکی پـڕ لـە ڕەنـگ و ڕێبازێکـی پێـش برکێکانـی سـەدەی دوای ڕێنسـانس بـوو وە ئـەو شـەڕە هونـەرەی کـە بـە هەزارەهـا داهێنانـی هونـەری لـە جیهانـدا سـەریان هەڵـدا، تابلۆکانـی مالڤـاش ئـەو دەم و چـاو سروشـتانەیە کـە لـە کوردسـتانی سـوریا دا بـەو تابلۆیانـەی کـە هـەردەم لـە گەلـەری و پێشـانگاکاندا نمایشـی گرنگـی لـێ دەکرێـت وە ناسراوتریـن هونەرمەنـدی شـێوەکاری یـە لـە نـاو هونەرمەندەکانـی سـوریاو وڵاتانـی عەرەبـی و جیهانیـدا وە هـەر بـە مالڤـا دەناسرێـت. بـەکار هێنانـی ڕەنگەکانـی ئـاوی و ڕۆنـی وئەکریلیـك ئـەو کەرەسـتانەیە کـە هونەرمەنـد دونیایـەك جوانـی بـۆ ئێمـە بەجـێ هێشـتوە وە بەردەوامـە لـەکاری هونـەری، چیـاکان و گوڵـەکان وەکـو یاسـمین و لاولاو و وەنەوشـە لای هونەرمەنـد مالڤـا تـام و جێژێکـی تایبەتـی هەیـە وە بۆیـە گرنگـی تایبەتـی بـەو فۆرمـە داوە، وە زۆر کارتێکـراوی کارەکانـی هونەرمەنـدە جیهانـی یەکانـی لەسـەرە لـەو کارانـەی کـە دەربڕینـی لـە سروشـت کـردوە، بێگومـان هونەرمەنـدی کـورد ماڵڤـا کاری ڕیالیسـتی و دەربڕیـن خوازیشـی گەلێـك زۆرە وە توانیویەتـی هۆڵـە هونەریـەکان پـڕ بکاتـەوە بـەو کارە هونەریانـە، بـەڵام لەهەمـووی گرنگـتر ئەوەیـە کـە دەڵێـت مـن کوردێکـی ڕەسـەنی کوردسـتانی سـوریام .





## هونەرمەند متحت کاکەیی لە نێوان ژاپۆن و سوئید دا

ئـەو هونەرمەنـدەی کەلـە کەرکـووك لەسـاڵی ١٩٥٤ لەدایـك بـوە لـە کوردسـتانی باشـوور وە بـە هونەرمەنـدە چـالاك و ئەرابیسـکەکان نـاسراوە لەهونـەری شـێوەکاری کوردیـدا وە هونەرمەندێکـە لەسـاڵانی هەشـتاکانەوە ڕووی لـە دەوڵەتەکانـی ئەسـکەندەناڤیا کـردوە واتـە وڵاتـی سـوئید، سـەرەتا لەکەرکووکـەوە دەسـتی پـێ کـرد لەنـاو شـارێکی پـڕ لـە یاخـی بـوون و پـڕ کەلتـوورو هونەرێکـی گەرمیانـی و کەلەپـووری تێکـەڵاو، متحـت کاکەیـی ڕەگـی ژیانـی دەگەڕێتـەوە بـۆ گوندەکـەی عەلـی سـەرایی لەنـاو دەرویشـانی کاکەیـی یـەکان بـە کەلتـوورو هونـەرو داهێنـان، لـە دوای

چەندین پێشانگا لەکەرکووك دواتر بۆ هەڵەدن و یاخسەمەرو بەرگەڵوو، خەون لەگەڵ هەڵۆ سورەکان واتە پێشمەرگە، دواتر بۆ ئیسپانیا لەوێ خوێندی هونەری تەواو کرد وە خاوەن چەندین پێشانگای هونەری یە لە مەدریدو پەیتەختەکانی جیهاندا، دواتر ویستگەی هونەرمەند بەرەو سوئید، دونیایەك لەڕەنگ و هونەرو تاقی کردنەوە وە هەڵگری ناسنامەی کورد وە کوردستانی لە پێشانگا تایبەتیەکانیدا، پردی نێوان ستوکهوڵم و تۆکیو بوو بە بەرنامەیەکی هونەری وە خاوەن چەندین پێشانگای هونەری بوو لە دوو پایتەختەدا. هونەرەکەی متحت کاکەیی لەسەرەتایەکی ئەکادیمی یەوە دەستی پێکردوە بە شێوەیەك کە کارتێکراوی هونەرمەندە ناسراوەکانی شاری بەغدا بووە بەتایبەتی ڕێبازەکەی هونەرمەند شاکر حسن السعید دواتر واتە دوای دەرچوونی لە پەیمانگای هونەری لە بەغدا بەرەو جیهانی ئابستراك و تێکەڵی هونەری هاوچەرخ بووە، بۆیە قوتابخانەکەی مەتحەت کاکەیی لە هونەری گرافیکیدا خۆی دۆزی یەوە بەتایبەتی کاری ڕەش و سپی وە بەکار هێنانی کەرەستەی تێکەڵاو، لەو کاتەدا هونەرمەند نەگەڕایەوە بۆ ئەکادیمیەت بەڵکو خۆی لە هونەرێکی ڕەنگ و زەخرەفەو هەندێك ووردەکاری فۆلکلۆری کوردیدا بینی یەوە، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی کە دەموو چاو سەرچاوەیەکی گرنگ بێت لە کارە هونەریەکانیدا، وێستگەی کارەکانی لە سوئید لەسەر هەمان ڕێبازی هونەری بەردەوام بوو بەڵام ڕەنگەکان گۆڕان بۆ ڕەش و خۆڵەمێشی وە قاوەی لە کۆمەڵە کارێکی






تری هونەرمەندا ڕەنگی سپی وە خۆڵەمێشی بوو بە بناغەیەك ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاو هەوای ئەو وولاتە کە ساردە وە هەموو شتەکان بەرەو ساری دەڕوات. هونەرمەند مەتحەت کاکەیی بە هونەرمەندە چالاك و بیورەکە ناسراوە وە لەناو دونیایەکی تایبەتی خۆیدا کە سۆفی گەرێتی هونەرەکەیەتی بێجگە لەوەی کە چالاکیشە لەبواری خوێندن و پەرە پێدانی هونەری وە نمایش کردنی کارە هونەریەکانی بەتایبەتی لە مەدریدو پاریس و ستوکۆلهم و تۆیوکیو. بێجگە لەوەی کەلەکوردستانیش نمایشی تایبەتی ئەنجام داوە بەتایبەتی لە ساڵی ٢٠١٢ لەبەر بێ گەلەری

وە جێگای هونەری لە کەرکووك کارە هونەریەکانی لە گوندەکەی خۆیان عەلی سەرایی نمایش کرد لە پاڵ دیوارە قوڕینەکانی ئەو گوندە، ئەوەش لەکاتێکدا ڕەخنەی توندی لە بەرپرسە ڕۆشنبریەکان گرت کە لەم شارەدا خۆیان ناکەنە خاوەنی مۆزەخانەیەکی هونەری هاوچەرخ. هونەرمەند مەتحەت کاکەیی کە خۆی بە کوردێکی ڕەسەن دەزانێت وە لە تۆکیو پایتەختی ژاپۆن چەندین پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە وە پەیوەندیەکی گرنگی لەگەڵ هونەرمەندەکانی ئەو وڵاتەدا هەیە، هەربۆیە بەردەوام پردێکی هونەری دروست کردوە لەنێوان کوردستان و سوئیدو ژاپۆندا.







## هونەرمەندی شێوەکاری کورد سمکۆ توفیق


هونەرمەندی گەورەی کورد کە ناسراوە لە ناو کۆمەڵگای کوردەواریدا وە لەناو هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی کوردا کە خاوەن خامەیەکی ڕەنگین و داهێنەرانەیە لەسەر ئاستێکی بەرزی هونەری شێوەکاری کوردی کە هەردەم کارەکانی شایەت حاڵی واقیعی گەلی کوردن وە بەسەدان تابلۆی نەخشاندوە بە چیرۆك ئەفسانەو بەسەرهات و رۆمان و کەلتوورو کەلەپووری کوردی کە دەربڕین لە کۆمەڵگای کوردی دەکات. هونەرمەند سمکۆ توفیق لە شاری سلێمانی لەدایك بووە وە لە وڵاتی ئیتالیا گیرساوەتەوە وە یەکێکە لە کارتێکراوەکانی سەدەی ڕێنسانس











کە شۆڕشێکی گەورەی بەرپاکردوە لە داهێنانی هونەردا، هەر بۆیە هونەرمەند سمکۆ پەنای بۆ هەموو وورده کاریەکانی فۆرمی کەلتووری کوردی بردوه بەتایبەتی ئەو کەلووپەلانەی کەلە کەلەپووری کوردیدا بەکاردێت وه بەکاریان هێناوه لە مێژوودا، ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان نمونەیەکی زیندووی کاره هونەریەکانی هونەرمەنده، وه ناسراوێتی لەسەر ئاستی کوردستان و وولاتە بیانی یەکان بەتایبەتی وولاتی ئیتاڵیا پلەیەکی زۆر بەرزی بەدەست هێناوه. دەر بارەی فۆرم و داڕشتنی بابەتەکان هونەرمەند سمکۆ لەبەر ئەوەی کە لە کوردستاندا ژیاوه وه توانیویەتی زۆر قاڵ بێتەوه لەناو دەم و چاوو فۆرم و ژیانداری کوردستان بۆیە لەکاتی داڕشتنی کاره هونەریەکان زۆر بە ئاسانی ئەو دەمو چاوو شێوازانە دەدۆزێتەوه تا بتوانێت ڕوخساری هونەری کوردی لە کەڤاڵەکانی یەوه بخاتە ڕوو، هەر بۆیە لەهەر جێگایەك لەهەر گەلەری و نماشگایەك ئەم کارانە ببینیت، بێگومان بە تایبەتمەدێتی هونەرەکەی مامۆستا سمکۆ دەناسرێتەوه. ئەمە بێجگە لەوەی کە خزمەتێکی گەورەی کەلتوورو مێژووی گەلی کورد دەکات بەتایبەت پاراستنی کارەسات و بەسەرهات و نمونەی چیرۆکە کوردییەکانی کوردستان، پتر لەوه هونەرمەند پەنای بۆ پۆرترێت و سروشتی کوردستان بردوه وه کارەکانی لە پێوانەیەکی گەورەو فراواندا داڕشتوه تاوەکو وەکو دیوار بەندییەك کارەکان ببینیت ئەمەش هۆکارێکی سەرکەوتنی هونەرمەنده. سەبارەت بە قوتابخانە هونەری یەکەی ئەو ڕیالیستی یە کلاسیکی



یەیە کە سەدەکانی ناوەڕاست و ڕێنسانسمان بۆ دەهێنێتەوە یاد، وه نمونەی ئەوین و خۆشەویستی و ژیانێکی سادەو ساکاری گەلی کورد لە کوردستاندا دەخاتە ڕوو، بۆیە هونەرەکەی مامۆستا سمکۆ توفیق بەهایەکی گەورەو گرانی هەیە بۆ مێژوو وەبۆ ئەرشیفی هونەری کوردی وه بۆ ناسینی کەلتووری کوردی بە جیهان.

## هونەرمەندی شێوەکاری کورد دلاوەر عومەر

یەکێك لەو هونەرمەندانەی کە پەرەی بە پۆرترێت و دەموو چاوی مرۆڤ داوە لەکاری وێنەکێشی و چاپ کردن و گواش و شێوەکاری ڕەنگدا، هونەرمەند دلاوەر عومەرە کە وورك شۆپێکی هونەری هەیە و کاری هونەری بۆ کۆمپانیاو دەزگاو کارگەکان دەکات، ئەوکاتەی هونەرمەند دلاوەر دەستی بەکاری هونەری کرد لە هێڵکاری و بناغە سەرەتاییەکانەوە دەستی پێ کرد، وە بە شێوەیەك قووڵ بۆتەوە لەناو هونەرەکەیدا کە پەنای بۆ هەموو تەکنیك و داهێنانە هاوچەرخیەکانی ئەم هونەرە بردوە، بەداخەوە زۆر گەڕام بۆ پرۆفایلی ژیاننامەی




ئەم هونەرمەندە کوردە کە خەڵکی کوردستانەو کارەکانی ڕەنگ و کەلتووری کوردی پێوە دیار بەڵام لەهیچ سایدو لینکەکانیدا باسی لە ژیاننامەی خۆی نەکردوە، لەهەمان کاتدا بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەگەریم نەبینی، دیارە هونەرمەند ئەوەندە گرنگی بە کارو داهێنانەکانی دەکات، گرنگی نەداوە بە سیڤی و ژیانی، بەڵام بەپێ ی کۆمێنتەکان لەسەر کارە هونەریەکانی بەوە دەچێت کە خەڵکی کوردستانی ڕۆژئاوا بێت وە وورد بونەوەم بۆ کارە هونەریەکانی ڕەنگ و شێوەو بابەتەکانی لە کەلتووری ووردی کوردستانی سوریا دەکات، بەڵام ئەوەی کە گرنگی هەیە لەلای ئێمە ئەو داهێنانەیە کەلە کارەکانیدا بەدی دەکرێت. تابلۆی جەنراڵ بارزانی کە سومبڵی هەموو کوردستانە لە کوردستان و جیهاندا ئەو تابلۆ شاکارەیە کە دونیای ناساندوە بە کەلتوورو سیاسەت و هونەری کوردی لە ڕوانگەی ئەو کەسایەتیە نەمرەوە کە لە کارەکەیدا بەدی دەکەوێت. ئەگەر چی هونەرمەند دلاوەر عومەر زۆر گرنگی بە پیشەکەی داوە لە پۆرترێت و چاپ کاری هونەر لە سەر کەرەستە جیاجیاکان، بەڵام کەلتووری کوردی لەبیر نەکردوە بەتایبەتی تابلۆی هەڵپەرکێ ی کوردی بە ڕەنگە گەرمەکانەوە، کاتێك باسی ڕەنگ دەکەیت لە نێو هونەری شێوەکاریدا، دەبێت باسی جێگا و ڕێگاو کەش و هەواو ناوچەکە بکرێت، بۆ نمونە ژیان لە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیا لەبەر ساردی وە کەش و هەوایەکی تەماوی و سارد تابلۆی هونەرمەندەکانیش ڕەنگی ساردیان پێوە دەردەکەوێت. وە







هونەرمەندێکیـش لـە عەرەبسـتانی سـعوودیە یـان ئیـمارات بـە هـۆی کـەش و هـەوای گەرمـەوە ڕەنگەکانیـان پـتر قاوەیـی وە زەردی گەرمایـی تیـادا بـەدی دەکەیـت، بۆیـە هونەرمەنـد دلاوەریـش ڕەنـگ دانـەوەی فۆلکلـۆری کـوردی یـان کەڵچـەری کـوردی لـە ڕەنگەکانـدا بـەدی دەکرێـت. پۆرترێـت بابەتـی سـەرەکی هونەرمەنـد دلاوەرە وە تێکـەڵ بوونـی ڕەنگـەکان لەتابلۆکانــدا واتـە هەڵبـژاردەی ڕەنگـەکان کارێکـی پسـپۆڕی هونـەری شـێوەکاری یـە بـۆ دەسـت نیشـان کردنـی داهاتـووی ڕێبـازە هونەرییەکانـی. لـە کارە هونـەری یـە بابەتیەکانیـدا واتـە لـە ڕووی فۆرمـەوە زۆر جـار پەنـای بـردوە بـۆ قوتابخانـەی هونەرمەنـدە هاوچەرخـەکان وەکـو لـە تابلـۆی ژووانـدا بـەدی دەکەوێـت بـە ڕێبـازی مۆنیـە و ماتیـس و ڕێنـواری هونەرمەندانـی جیهانـی بـەکار هێنـاوە بـەو ڕێبـازەی کـە ئـەوان پەیڕەویـان کـردوە لـە قوتابخانـە هونـەری یەکانـدا، واتـە دوو شـێوازی جیـا لـەکارە هونەریەکانـی دلاوەر عومـەردا ئەمـەش دەوڵەمەنـدی کارو هونـەرەی دەخاتـە ڕوو.




## هونەرمەندی شێوەکاری کورد سلێمان شاکر

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سلێمان شاکر ساڵی ١٩٣٧ لە ناحیەی گوێر سەر بە پارێزگای هەولێر ی کوردستانی باشوور لەدایك بووە، یەکێکە لە هونەرمەندە پێشەواکانی هونەری شێوەکاری کوردی لە کوردستانی باشوور وە بەهۆی تایبەتمەدێتی کارە هونەری یەکانی وە ناسراوێتی یەکی گرنگ و گەورەی بەدەست هێناوە لە زۆر پێشانگاو چالاکی یە هونەریەکانیدا، گرنگی هونەرەکەی مامۆستا سلێمان شاکر لەوەدایە کە نومنەیەکی زیندووی سروشتی کوردستانی پێش کەش بە هونەری شێوەکاری و کەلتووری کوردی کردوە لەماوەی سەدەی



ڕابردوو وە ئێستادا، هەردەم کە مرۆڤ باس لە ئەرشیفی هونەری شێوەکاری دەکات دەبێت مامۆستا سلێمان شاکر سەرکردەی ئەو پێشرەوەی یە هونەری یە بێت چونکە تەمەنێکی دورو درێژی لەگەڵ ڕەنگ و سروشت و جوانی کوردستاندا پێش کەشی چاوی بینەرو ڕۆشنبیرو خەڵکی کوردستانی کردوە، ئەگەر تەماشای ئەرشیفی چالاکی ئەم هونەرمەندە مەزنە بکەین ئەوا زۆر قوتابی و هەوادارانی هونەری پێ گەیاندوە وەکو مامۆستایەکی پرۆفیشناڵ لە بوارەکەی خۆیدا، وە لەساڵی ١٩٥٧ بە پلەی ئیمتیاز بە شی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە شاری بەغداد تەواو کردوە، وەکو مامۆستایەکی ئەکادیمی ڕێچکەکانی هونەری شێوەکاری ڕەچاو کردوە بۆ بەرەو پێش خستنی هونەر لەسەر بناغەیەکی ڕاست و دروست وە هەر لەسەر ئەو ڕێبازو شێوەیە توانیوێتی ڕەنگ دانەوەی قوتابخانە شێوەکاری یە جیهانی یەکان لە کارە هونەری یەکانیدا بخاتە ڕوو. ئەگەر ئێمە تەماشای وردە کاری کارەکانی مامۆستا سلێمان شاکرد بکەین یان مێژووی ئەم مرۆڤە هونەرمەندە ئەوا دەبین لە کارەکانیدا هەوڵی داوە کەلتووری کوردی بە شێوەیەکی فۆتۆگرافیکی ئەکادیمی وە توێژەری بە ڕەنگە کراوەکانی بەرجەستەی بکات وە بێگومان بەکاری ڕەنگی ڕۆنی وە ڕەنگی ئاوی زۆر تابلۆ بڕەنگێنێت، دەست نیشان کردنی شوێنەکان دەگەڕێتەوە بۆ چیاکانی کوردستان وە شارو شارۆچکەو پێ دەشتی کوردستان لە چوار وەرزی لە خۆ گرتوە، مەبەست لەو چوار وەرزە ئەوەیە کە لە





کوردستان چوار وەرزی ساڵانە هەیە، هەر یەك لەو وەرزانە بەڕەنگێك دێتەوە بۆمان لەهەمان کاتدا کارەساتی میللەت کورد وە مەینەتیەکانی بەشێکن لەو هێڵکاری و کارە ئاویانەی هونەرمەند، بۆیە هونەرمەند بە هەموو ڕەنگە سەرەکی یەکانەوە مامەڵەی لەگەڵ سروشتدا کردوە. مامۆستا سلێمان شاکر بەشداری زۆر پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی کردوە لە کوردستان وە لە دەرەوەی ووڵات بەتایبەتی شارەکانی وەکو کەرکووك و سلێمانی و دهۆك و کۆیە و ناسریە و بەغداد وە لەدەرەوەی ووڵاتیش وەکو پۆلۆنیا وە یابان. گەلەری هونەرمەندی شێوەکاری کورد مامۆستا سلێمان شاکرد لە ١٨ / ٦ / ٢٠٠٧ وە بە شێك لە ماڵەکەی خۆی کردۆتە گەلەری یەك بۆ نمایش کردنی وە پارێزگاری کردنی کارە هونەری یەکانی..

## هونەرمەندی شێوەکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەرنووش سعیدی

خانمە هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان فەرنووش سعیدی کە پسپۆرە لەبواری هونەری شێوەکاری وەلە شاری سنە ی کوردستانی ئێران لە دایك بووە، هەر لەمنداڵی یەوە گرنگی داوە بەو هونەرە تا ڕادەیەك سوودی لە قوتابخانە جیهانی و ئەکادیمیاکان وەرگرتوە بەتایبەت هەروەك لە کارە هونەری یەکانیدا بەدەر دەکەوێت کە قوتابخانە جیهانی یەکان بەتایبەتی سەدەی زێڕین واتە هونەری هاوچەرخ بۆتە بنەمایەك لەکارە هونەریەکانی



هونەرمەند، لەسەر ئەو بناغەیە فۆرم و ڕەنگ و ستایل لەتابلۆکانیدا بەدی دەکەیت، خاتووی هونەرمەند فەرنووش کارتێکراوی هونەرمەندی ناسراوی کوردی شێوەکار هادی و مەهدی زەیادینی یە وە خاوەن کۆمەڵە پێشانگایەکی شێوەکاری یە بەتایبەت لە شارەکانی وەکو سنە و مەریوان و شهر تاران و دیواندەرە ولە وولاتانی دەرەوەش وەکو کەنەدا. بێگومان قوتابی لە سەرەتایی دەست پێکی هونەرەوە لەو هەنگاوەوە دەست پێ دەکات کە بنەماکانی هونەری شێوەکارین بەتایبەتی کارکردن لەگەڵ ستیلایف وە مۆدێل وە سروشت وە کاری هێڵکاری کە بناغەی کاری ڕەنگاو ڕەنگە، ئەم بنەمایە بناغەی سەرەتایین بۆ دروست کردنی پرۆژەیەك یان کارێکی گەورە، خاتوو فرنوش بەو قۆناغەدا تێپەڕیوە وە توانیویەتی لەم کاتەدا کۆمەڵە کارێك بەرهەم بهێنێت کە هەندێك جار لاسایی کردنەوەی هونەرمەندە جیهانی یەکانە بەتایبەت لە سەردەمی زێڕینی ڕێنسانس کە دەکاتە سەدەی وەرچەرخاندن لەئەورووپا و جیهاندا، وە توانیوێتی کارەکانی لەهۆڵ و گەلەری یە جیاجیاکانی وولاتی ئێراندا نمایش بکات وە هاوبەشیشی هەبێت لەدەرەوەی ئێراندا بەتایبەت لە کەنەدا، ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە خاتوو فرنووش ی سەعیدی کەسایەتی یەکی کوردە وەلە شاری سنە پەروەردە بووە، هەربۆیە کۆمەڵە تایبەتمەندێتی یەك لە خۆ دەگرێت ئەویش کەلتووری کوردی یە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو پێوەرەکانی یەوە. قوتابخانە هونەریەکان کە خاتوو فەرنووش بەکاری




هێناوە تێکەڵن بەتایبەتی قوتابخانەی ڕیالیستی و تەکعیبی وئارابسك و ئەکادیمی ئەمەش ئەوەدەگەنێت کە هونەرمەند یەشتان نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە خۆی تێدا بدۆزێتەوە بەڵام مانای ئەوەش نی یە کە هونەرمەند بەردەوام لە ڕێچکە قوتابخانەیەکدا لەنگەر بگرێت و هەر لەو چوار چێوەیەدا بمێنێتەوە، هونەر هەروەك دەڵێن وەکو دەریایەکی بێ بن وایە، ئەو فەرهەنگە هونەریەش وەکو دەریایەکی بێ بن وایە ! هەربۆیە مرۆڤ لە دونیای هونەردا پەل بۆ هەموو لایەك دەکێشێت تا بەرهەمێکی بەپێز تۆمار بکات لە ناو کەشکۆڵی هونەرەکەیدا، دەوڵەمەندی هونەریش لەوەدایە کە کارەکانت پڕو چڕ






بن وە پڕ بن لە ڕێبازو تەکنیکی نوێ بەتایبەتی فرە دەوڵەمەندی کار، فرە دەوڵەمەندی هونەرمەندەکەیە، لەگەڵ ئەوەی کەلتووری کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ئازاد نییە بۆ دەربڕین کردن لە مانای ئازادی مرۆڤایەتی ئەوەش بەپێ ی ئەو ووتانەیە کە هونەرمەندی شێوەکاری کورد لە پەیجی تایبەتی خۆیدا باسی لێوە کردوە، بەڵام بەردەوامی کارە هونەریەکانی وە پێشانگا هونەریەکانی ئەوە دەسەڵمێنێت کە هونەر بەردەوامی هەیە سەرەڕای سەختی و دژواری و زەحمەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.




## هونەرمەندی شێوەکاری کورد
## ئازاد شەوقی ١٩٢٩... ٢٠٠٢

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئازاد شەوقی لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری هەولێر لەدایك بووە، وە لەساڵی ١٩٥٥ هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردوە، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی یە لە عێراق و کوردستان و دەرەوەی ووڵات بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٦٥ لە بەیروت پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە. سروشتی کوردستان بە چیاو ئاو گوندو باڵندەو دەشتی پانوپۆر بەتایبەتی دارستان و گوڵ و جوانی سروشتی کوردستانی کردۆتە بابەتی سەرەکی کارەکانی خۆی، بەڵام











بە تەکنیك و ڕیالیستی یەکی تایبەتمەندێتی کە لەسەر قوتابخانەکانی جیهانی کاری تێدا کردووە، سالآنی ئالتوونی ئەوروپا ئەو بیرۆکەیەیە کە هونەرمەند ی کۆچ کردوو ئازاد شەوقی تیایدا قووڵ بۆتەوە وە خاوەن ئەزموونێکی پڕی ئەو کارانەیە، سلێمانی وێستگەیەکی تری ئەم هونەرمەندە بوو بەتایبەتی بۆ ماوەی چەندین ساڵ پیشەی مامۆستای هونەری هەڵبژاردوە وە کەسایەتیەکی دیاری شاری سلێمانی بوو، بەتایبەت لەناو هونەرمەندەکانی ئەو شارەدا، زیاتر لە ٣٠ پێشانگای نمایش کردوە هەریەك لە سلێمانی وە هەولێر وە ئەڵمانیا وە بەیروت وە سعودی عەرەبی. ڕەنگەکانی ئەو هونەرمەندە لەکارە هونەریەکانیدا بریتین لە رەنگی سروشت بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی کە ڕەنگە گەرمەکان پتر تێیدا دەردەکەوێت ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کوردستان، مرۆڤی کورد هەردەم حەزو هیوای سروشتی هەیە، هەربۆیە ئەو جوانی یە وەکو هونەرمەندێکی ڕیالیستی هاوچەرخی سەردەمیانە کارەکانی بە کەرەستەی ئەکریلیك دروست دەکرد وە بەردەوام کاری زۆرو پێشانگای دەگمەنی جوانی هەبوو، ڕۆژنامەکانی ئەوکات هەردەم باسی چالاکی یە هونەریەکانی هونەرمەند ئازاد شەوقیان دەکرد.




## پێشانگایەکی شێوەکاری بۆ ٣٣ هونەرمەندی وولاتانی جیاواز لە بەلجیکا


.. پێشانگایەکی هونەری شێوەکاری بۆ ٣٣ هونەرمەندی شێوەکاری ناسراوی جیهانی واتە لە وولاتانی جیاواز لە شاری melseleکە دەکەوێتە خۆرئاوای شاری ئەنتڤێرپن (Antwerpen)گەورە شاری وولاتی بەلجیکا وە بە دەوڵەمەندترین شاری جیهانی دەناسرێت لە رووی ترانسپۆرتی دەریایی وە دەوڵەمەندی ئەڵماس کە بە زمانی فلامی هۆڵەندی قسە دەکەن،Melsele شارۆچکەیەك کە لەتەختایەکی پان و پۆڕی سەوزدا یە لە ١ تا ١٦ نۆمبەری ٢٠١٤ لە هۆڵی "OC Boeren poort بە ئامادە



بوونی هونەرمەندان و کەلتووردۆستان پێشانگاکە کرایەوە، لێرەدا ئەوەی کە جێگای سەرەنجی منە چۆن لە کوردستان پێشمەرگە لە پێشڕەوی چالاکی یە سەربازییەکاندایە وە ناوی کوردستانیان بەرز ڕاگرت بۆ هەموو جیهان ئاوهاش هونەرمەندانی کورد لە دونیادا بە هاوبەشی یەکی بەرفراوان هونەرو کەلچەری کوردستانیان بەرز ڕاگرتووە بۆ پیشان دانی هونەرو کەلتووری کوردی بە دونیا، لەم پێشانگایەدا سێ هونەرمەندی ناسراوی کورد لە کوردستانی باشوور کە کاکەیین (حسین کاکەیی و ئەڤین عزەالدین و خالید کاکی) بەشدار بوونە وە کۆڵەکەی ئەو پێشانگا بوون، ئەم هونەرمەندانە لەساڵانی هەشتاکانەوە کەوتونەتە ناو ئەزموونی پڕ و چڕی کەلتووری ئەوروپی وە تا ئێستا توانیویانە هونەرێکی کوردی وە ناسنامەیەکی کوردی پێشکەش بە جیهان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرانی ئەوروپا بکەن،هونەرمەند حسین کاکەیی کە ناسراوە لەکوردستانی باشوور بە خەلیل کاکەیی لە ساڵانی شەستەکانەوە لە شاری کەرکووك بەردەوامە لەکاری هونەری وە ئێستان پاش ئەو هەموو ساڵە بەردەوامە لە ناو دڵی ئەوروپادا.. بەلجیکا بۆ نمایشی ناسنامەی هونەری کوردی وە پیشان دانی مەینەتیەکانی گەلی کورد کە تابلۆکانی دوایی بریتی بوون لە مەینەتی شەنگال و کۆبانێ. هونەرمەند خالید کاکی وەکو شاعیرو نوسەرو هونەرمەندێك لە مەدرید.. ئیسپانیا.. درێژەی بە خوێندن و کارو چالاکی هونەری داوە و بەشداری چەندین پێشانگای نێو دەوڵەتی کردوە وە خاوەن


چاپکراوی دیوانە شیعره.خانمە هونەرمەندی کوردیش (ئەڤین کاکی) کە ناسراوە بە ئەڤین عزەالدین وە خەڵکی شاری کەرکووکە وە لە خێزانێکی هونەرمەندن کە چەندین ساڵە لەئەروپا و کوردستان کاری هونەری وە چالاکی هونەری ئەنجام داوە، بەشدارە لکەم پێشانگایەدا وە نمایشی کارە هونەریەکانی خۆی کردوە. کۆ کردنەوەی یان دیالۆکی ئەم هونەرمەندانە ئەوەیە کە پەیامێکی هونەری و کەلتووری بگەیەنن بەوەی کە هونەر زمان و وەرگێڕانی ناوێت بەڵکو خۆی بۆ خۆی زمان حاڵێکی جیهانی یەو هەموو دونیا لێ ی تێ دەگات بەڵام هەریەك بە ناسنامەیەکی ووڵاتەکەی خۆیەوە، لەم پێشانگایەدا ئەم هونەرمەندانە بەشدار بوون.







## هونەرمەندی کۆچ کردوی کورد..
## غازی محمد ئەمین..١٩٥٤....٢٠٠٦

هونەرمەندی شێوەکاری کورد غازی مەحەمەد ئەمین لە سالئ١٩٥٤ لە گوندی قەشقە ی سەر بە ناحیەی قادرکەرەم ی پارێزگای کەرکووک لە دایک بوە،قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری کەرکووک تەواو کردوە.سالانی هەفتاکان کۆلیژی ئابووری زانکۆی سلێمانی تەواو کروە.. -١٩٧٣-١٩٧٧ چالاکی هونەریەکانی زانکۆی ساصمانی ١٩٧٨- ١٩٧٩ پێشانگای هاوبەشی دیالە -١٩٨٩ هاوبەشی لەطەل هونەرمەندان فەلاح ئۆمەرو عەدنان شینۆ لە هەولصر -١٩٩٣ هاوبەشی پێشانگای












هونەرمەنـدان ئاشـتی طەرمیانـی و فـەلاح ئۆمـەر لـە دسـووریا -١٩٩٤ هاوبەشـی پێشـانگای هونەرمەندانـی کەرکـووک لـە سـلصمانی -١٩٩٦ ظیسـتظالی هونـەری کەرکـووک لـە شـارۆضکەی ضەمضەمـال -١٩٩٧ هاوبەشـی پێشـانگای هونەرمەندانـی سلصمانی -١٩٩٨ هاوبەشـی پێشـانگای ئەنفـال لـە سـلصمانی -١٩٩٩پێشـانگای تایبەتـی یـادی بۆردوومانـی شـاری قـەلادزص لـە قـەلادزص هونەرمەندێـك كـە تایبەتمەندێتـی خـۆی هەیـە لەکوردسـتانی باشـووردا ئەویـش بـە دەمووچـاوە گەرمیانـی یـەکان کـە پێـش ئەنفـال ژیـان وە ئەنفـال کـران وە دواتـر ئازارەکانیـان لـە کەتابلۆکانـی هونەرمەنـدی کـۆچ کـروو غـازی محمـد وە مایـەوە بـۆ مێـژووی ئـەم وولاتـە، ئازارێـك کـەم کـەس لـێ ی تێگەیشـیت وە ئازارێـك بـەردەوام لەتابلۆکانیـدا بەرجەسـتە دەبـن وە سـیماو تایبەتمەدێتـی خـۆی هەیـە کەئەویـش شـێوازی وە کەلتـووری ئـەو ناوچەیـە کـە گەرمیانـە وە چیـرۆك و بەسـەرهاتی ئـەو مرۆڤانـەی کـە لەگەرمانـدا دەژیـن گەلێـك زۆرە، بۆیـە هونەرمەنـد غـازی محمـد تـا لـە ژیانـدا بـوو ئـەو چیـرۆك و بەسـەرهاتانەی دەکێشـا کـە روویـان داوە لـە ڕابـردوودا، وە لەنزیکـەوە لەگـەڵ ئـەو خەڵکـەدا دەژیا کـە ئـەو کارەسـاتانەیان بینیـوە، هونەرێـك نەخشـەی ئـەو ئازارانـە دەکێشـێت کـە دەربڕیـن لەکەلتـووری وولاتێـك دەکات.



## شێوەکاری کورد عەلی لەتیف (١٩٤٤... ٢٠٠٩)

هونەرمەندی شێوەکاری کورد عەلی لەتیف یەکێك بوو لە گەورەترین وێنەکێش و وەرزش وانانی گەلی کورد کەلە ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی چوارباغ ی شاری سلێمانی لەدایك بووە، هونەرمەندێکی خۆڕسك بووە و یەکەم پێشانگای شێوەکاری لە ساڵی ١٩٦٤ لە پەیمانگای مامۆستایانی شاری سلێمانی کردۆتەوە وە کۆتا پێشانگای لە شاری دارمشتات لە ئەڵمانیا لەساڵی ٢٠٠٨ کردەوە، کاتێک هونەرمەند عەلی لەتیف لە ناوەڕاستی ساڵی نەوەتەکانەوە لە غوربەت دەژیا، لە وڵاتی ئەڵمانیا، هەرکات هزرو بیری لای ئەوە بوو کە بگەڕێتەوە



بۆ نیشتیمان و بەهونەرەکەی خزمەتی هونەرو کەلتووری کوردی و لاوانی نوێ بکات، لە ساڵی ٢٠٠٨ بەو هیوایەوە گەڕایەوە شاری سلێمانی و بۆ ماوەی ١٨ مانگ مایەوە کە خزمەتی هونەرو کەلتووری کوردی و لاوانی شارەکەی بکات، کاتێك بۆ برادەرێکی باس کردبوو لەماوەی ئەو ماوەیەی کە ماوەتەوە کەس پێشوازی لێ نەکردبوو وەکو هونەرمەندێك لە بیەوێت خزمەتی هونەری کوردی و گەنجانی شارەکەی بکات، دواتر گەڕایەوە بۆ غوربەت بە دڵێکی شکاوەوە، لەساڵی ٢٠٠٩ لەئاکامی نەشتەرگەریەکی سەرنەکەوتوو بۆ دڵ لەماڵی دووەمی لە دارمشتات ی ئەڵمانیا لە ١٨ یولیو ٢٠٠٩ کۆچی دوایی کرد.

لەیادی ٤٠ ڕۆژەی کۆچی دوایی هونەرمەند عەلی لەتیف دکتۆر کەمال میراودەلی لە هۆڵی تاوەر لە سلێمانی لە ٢٥ / ٨ / ٢٠٠٩ پارچەیەك پەخشانی نوسیبوو کە بیخوێنێتەوە وەکو ڕێزێك بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو، بەڵام پیاوەکانی حزب نەیان هێشت بیخوێنێتەوە بۆ جەماوەر و فرمێسکی غوربەت و خۆشەویستی بۆ بڕێژن لەکاتێکدا ئەو هونەرمەندێکی ناسراوی شاری سلێمانی بوو.

جون جوردان کەڵە پیاوو نوسەرو شاعیری ئەڵمانی کە ناسراوە بە نوسینی گۆڕانیەکان لەسەر هونەرمەندی شێوەکار عەلی لەتیف نوسیوویەتی (کەسێك ڕا ئەکات لە ژیانێکی تاڵ و نایەوێت گیانی خۆی بسپێرێت بەو ڕۆژگارە تاڵە، ئەویش نمونەی کارە هونەریەکانی هونەرمەندی شێوەکار عەلی لەتیف ە).



مامۆستای کۆچکردوو عەلی لەتیف لە ساڵانی پەنجاکان وە لە شاری سلێمانی ناسراوە بە گیان و جەستەی وەرزش و هونەر، ئەو دۆست و برادەری هەموو کەسێك بوو، بەتایبەتی لە یانە وەرزشیەکان، ئەو کاتەشی هەبوو کە کارە هونەریەکانی لە ماڵەوە، لە جێگایەکی ئارام دا بکێشێت، کاری هونەری سەرەنج ڕاکێشەر هونەری دەربڕین خوازی و سەرکێشیەکی گەورە بۆ قوتابخانەی سورسیالیزمی لە دووربینی چاوی مامۆستا عەلی لەتیفەوە ڕۆژگاری ئەو سەردەمەی لە سوریالیەتە پڕ ژان و زەحمەتیەدا بینیوە، هەربۆیە تابلۆکانی زادەی





ئەو ئازارانەن کە ڕۆژگارێك میللەتی کوردی تێدا تێ پەڕیوە، نمونەی کارە هونەریەکانی لە زۆر جێگادا نمایش کرا وەکو بەغدا و سلێمانی و هەولێر و دەرەوەی کوردستان، نمونەی کارو هونەرێکی بەرزی پێشکەش بە مێژووی هونەری شێوەکاری کوردی کرد، لە ساڵانی هەشتاکان من مامۆستا عەلی لەتیفم ناسی بەو هونەرە بەرزەی کەلە پێشانگا تایبەتیەکانیدا نمایشی کردبوو، بەتایبەتی ئەو کاری ڕۆنی وە ئاوی لە پێوانەی گەورەو پان پۆڕدا ئازارەکانی ئەو هەڵۆو ئافرەتانەی کە بەرز دەفرن لەسەر کەڤاڵێك دەخستە ڕوو. مرۆڤ گرنگەیەکی گەورەیی هەبوو

لە کارە هونەریەکانیدا، وە گرنگی بەو قوتابخانە ئەکادیمی یە هونەریە دەربڕین خوازی یە دەدا کە دەیویست کارە وهونەریەکانی تێدا بخاتە ڕوو، سەرکەوتوویی مامۆستا عەلی لەتیف لەو ڕووح و گیانەدا بوو کە وەرزش و هونەری بەیەکەوە گرێ دابوو، هەموو مرۆڤێك دۆستی مامۆستای کۆچکردوو عەلی لەتیف بوو، ئەوەی بۆ مێژوو دەمێنێتەوە تەنها ئەو کارو هونەرەیە کە قوتبخانەیەکی هونەری بەرز لە نێو ئەرشیفی هونەری کوردیدا وەکو بەڵگە نامەیەك دەمێنێتەوە.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەحمەد ئەغرووت

شێوەکاری کورد ئەحمەد ئوغرووت لەساڵی ١٩٨١ لە شاری دیاربەکر لە کوردستانی تورکیا لەدایك بووە، لە شارەکانی ئەستەنبووڵ و ئەمستردام و بەرلین و هلسنکی کار دەکات و دەژیت، بە میوانداری مامۆستایە لە زانکۆی کوفاتیداکیاتیا ی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی فیلەندا، وە لەساڵانی ١٩٩٩ تاوەکو ٢٠٠٣ بەکالوریوسی هونەری بەدەست هێناوە، ماجستێری بەشی فۆتۆگرافی لە زانکۆی یەلدز تەکنیکی لەساڵی ٢٠٠٧ لە تورکیا بەدەست هێناوە، بەشداریەکی کارای هەیە لە کارو پرۆژەو نمایشەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی هۆڵەندی لە

ئەمستردام، لە پوختەی کارەکانی دا سێ کاری هونەری هەیە کە باس لە چیرۆکێکی کورت دەکات کە هەموو کەسێك دەتوانێت ئەنجامی بدات کە هونەرمەندێك چارەسەر بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵە سەگێك دەدات، بە شێوەیەکی هەڵچوون و سوریالیزمی کە بەتەواوی سەگەکە هەست بەئارامی دەکات لە ڕزگار کردنیدا، وە گرنگی دان بەوەی کە ئاژەڵێك لە بری مرۆڤ زیندوو وەرەکان ڕزگار بکات و جێ شوێن گرتنەوەی خاچی سووری نێو دەوڵەتی بگرێت، لەکاتێکدا بەهاکانی مرۆڤ کۆتایان بە مرۆڤایەتی هێناوە، ئەمە نمونەیەکی زیندووی کارە هونەریەکانی هونەرمەند ئەحمەد ئورغووتە کە جێگای گرنگی و سەرەنج دانی زانکۆ جیهانی یەکان بووە، بێجگە لەوەی کە سەرەتا ئەکادیمیەت و دواتر بەرەو قوتابخانە مەزنەکەی سوریالیەت، ئەو هەنگاوانە بوون کە هونەرمەند کاری لەسەر کردووە وە هەوڵی زۆری داوە تا بگاتە ئەو ئاستەی لە پایتەختە گرنگەکان نمایشی کارە هونەریەکانی بکات وە توێژینەوە لە بیرو هزرو بەهای هونەری بدرێت، قۆناغێکی تری هونەرەکەی هونەرمەندێکی کورد وەکو ئەحمەت ئوغرووت ئەوەیە کە چۆن جێگای خۆی لەنێو ئەو هونەرە شێوەکاری یەدا دەکاتەوە کە کاتێك بە هەزاران هونەرمەندی جیهانی و ناسراو هەیە بەتایبەت لە کۆلیژەکاندا، ئەوەش ئەو ئەزموونەیە کە ئەمڕۆ چی سەرەنجی چاوی بینەرو گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری دەدات، لە کۆی پێشانگاکانیدا لە تورکیا و ئەوروپا ئەو ڕێبازە هێماخوازی وسوریالیزمەی بەکار هێناوە



کە لە جیهانێکی پڕ جەنجاڵی یەوە مرۆڤ دیدە دەداتە هەموو سروشتەکان، بەتایبەتی لەکارە هێماخوازیەکانی دا کەبە قەبارەی ستونی لە نمایشەکانی ئەمستردام و بەرلین دا دایانی ڕشتووە، وە هێناوەی هونەری هاوچەرخ لەئەمڕۆی هونەری جیهانیدا، مرۆڤێکی سەرقاڵ و پڕ لە پلان، وە لە وێستگەیەکەوە بۆ وێستگەیەکی تر ئەمانە هەموو ئەو ژیانەیە کە هونەرمەند هەڵبژاردەی کردوە بۆ داهاتوویەکی ڕوناکترو پێشکەوتوو بۆ ناسینی هونەرەکەی وە ناسنامەکەی لە جیهانی دەرەوەی هونەری شێوەکاریدا.

## شێوەکاری کورد بەهادیین لە زەوی یەوە بۆ ئاسمان

هونەرمەندی شێوەکاری کورد بەهادیین کە بە بەهادیین ناسراوە لە ئەوروپا و کوردستان لە ساڵانی هەشتاکانەوە وام ناسیوە کە چالاك و پر لە پرۆژەو بیرو هزری جیاجیا بۆ کۆ کردنەوەی هەموو ئەو خەونانەی کە دەیویست بێتە دی، هەندێک لە خەمەکانی ئەو ساڵانەی وەکو فەرشە کوردەواری یەکان کۆ کردبوە بۆ تاراوگە، یان بۆ داهاتوویەکی دوور، یان لە ووردو درشتی هونەرە دەستکردەکان دەگەڕا و لە مینەی ئەو کارانەدا بوون کە هەموو حەزەکان جێگای تێدا ببێتەوە، ئەو هونەرمەندە گەنجەی کە هەنگاوەکانی لە دوو سێ و چوارەوە بەرەو



ڕاکەیەکی بەردەوام هەڵ دەنا، تۆماری هەموو ئەو ڕۆژە سەختانەی ئەمڕۆ لە هۆڵ و گەلەریەکان و بینالەی ئەتەلیەی ئاڤێستادا دۆزی یەوە، مرۆڤ چەند وێڵ دەبێت بەدوای ئەو کەنارەی کە دەیەوێت بە ئارامی تێیدا لەنگەر بگرێت و هەموو ڕەنگەکان و هەڵکۆڵینەکان لەباوەش بگرێت، زۆر ئاسان نی یە لە ژیان هونەرو تێکەڵ بوون بە دونیای داهێنان و تازەگەری بە زوویی بگەیت بەو لوتکەیەی کە هونەری جیهانی بەدەستی هێناوە، بەڵکو هەنگاوەکان وا دەستی پی کردوە کە لە قوتابخانە ئەکادیمی و توێژینەوەکانەوە دەست پێ بکات تادەگاتە ئەو ئەزموونانەی کە تاقی دەکەیتەوە و دەگەیتە ئەو ئاستەی کە جێگای خۆت بکەیتەوە لەنێو ئەو هەموو هونەرەی کە جیهانی گرتۆتەوە، هونەرمەند بەهادیین هەر لەسەرەتایی دەستپێکی پرۆژەو کارە هونەریەکانی یەوە ئەو هەوڵەی دەدا کە کارەکانی جێگای سەرەنج و نامۆ تر بێت لە کارە هونەریەکانی تری هونەرمەندان، هەربۆیە ئەو ماندوو بوون و ووردەکاریانە لەو کارانەی هونەرمەندا بەدی دەکرێت کە چ گرنگی داوە بە ئەزموونە پڕ لە توێژینەوەکانی، پرۆژەو کارەکانی هونەرمەند بەهادیین گەلێک دەوڵەمەندن هەروەك لەساڵانی هەشتاکانەوە ئەو هەنگاوەی ناوە لە خوێندنی فەلسەفەو هونەرەکانی وولاتی چین و ئیسپانیاو ئیسلامی و ڕۆمانسی و ئەوروپی و مێژووی هونەری کۆن و هاوچەرخ و ئەوروپا و

لەساڵی١٩٩٩ ئەتەلێ ی ئاڤێستای لە شاری مانهایم ی ئەڵمانیا

دامەزراندوە و لەساڵێکدا چەندین پێشانگاو سیمینارو چالاکی هونەری تێدا ئەنجام دەدرێت وە هەر لەو جێگایەشدا زۆر جار هونەرمەند بەهادیین هونەرمەندانی کوردی داوەت کردوە بۆ بەشداری کردن لە پرۆژەکانی و چالاکی هونەری هەروەك بەڕێزیان لە نامەیەکدا ئەمەی نوسیووە...خەڵاتی ئاڤێستا خەڵاتێکی هونەری شێوەکاریە کە ٣ بۆ ٤ساڵ جارێک ئەبەخشرێت بە هونەرمەندێکی شێوەکار کە ژیاندا بێت نەک پاش مردنی خەڵات بکرێت، گرنگی ئەم خەڵاتە لەوەدایە کە تەنها تەماشای تەمەنی و ڕەگەز ناکرێت،لەبەر ئەوەی هونەر سنووری نیەو ئەم خەڵاتەش شایستەی کاروبەردەوام بوونی هونەرمەند ستایش دەکات؛لەدەرەوەی دامودەزگای دەوڵەت و لەدەرەوەی بازنەی کەسایەتییەوەیە، بۆیە بە ناوی ئاڤێستاوەیە...لە ساڵی٢٠١٠ بۆ یەکەمین جار ئەم خەڵاتە بەخشرا بە هونەرمەندی کورد لالە عەبدە ئەم خەڵاتە خۆی مۆڵەتی تایبەتی لە دەزگای خەملێنراوی کاری هونەری لە شاری بۆن لە وڵاتی ئەڵمانیا لە ساڵی ٢٠١٠ وەرگرتوە بە بڕی (٥٠) هەزار یۆرو..ئەم خەڵاتە ئەفراندنوو بیرۆکە خۆمە،لەبەر ئەوەی هونەری شێوەکاری کوردی تائێستا خاوەنی هیچ خەڵات و هیچ ئاکامێکی بەنرخ نەبووە نە بۆهونەری شێوەکاری و نە بۆ هونەرمەندانی خاوەن ئەزموون، بۆیە گرنگە بۆ هونەری شێوەکاری خەڵاتێکی بێلایەنی هەبێت،بۆ مەبەستی هەمیشە بەردەوام بوون و مێژوویەکی بەنرخ..

ئەم خەڵاتە تەنها کەسێک بڕیاری نەداوە لەسەر هەڵبژاردنی ئەم




هونەرمەندەی ئەمساڵ.ژووریەک هەبووە بۆ هەڵبژراردن و دەست نیشان کردنی هونەرمەندی شیاوی ئەمساڵ لە هەموو بوارەکانیەووە کە دەبێت پێ ببەخشرێت.لەبەر نەبوونی هاوکاری و نەتوانینی هاتنی هونەرمەند بۆ وڵاتی ئەڵمانیا،ئەم ئەرکە ئەخەمە ئەستۆی خۆم و خۆم دەگەڕێمەوە بۆ کوردستان و ئەم ڤڵچە زندوە ئەبەخشم بەو هونەرمەندە بەڕێزی ساڵی٢٠١٤ کەشیاووی ئەم خەڵاتەیە....ئەم خەڵاتە کە پێکهاتووە لە ڤڵچەیەکی برۆنز و بەرزی ٤٠ سم و قوورسای٥،٩ ئەبێت.....

ئەمەش بەشێکە لەو وەفایەی کە لە مەرسەمەکەمەوە دێت و بەناووی ئاڤێستاوەیە، ئەندامی هونەرمەندانی ئەڵمانیاو یونسکۆ و زۆرێك لە بڕوانامەی جیاجیای لە وڵاتانی ئەوروپی و عەرەبی بەدەست هێناوە، ئەگەر دیدەو چاو بە بیبلۆگرافیای هونەرمەند بگریت زۆر چالاکی و کاری گرنگ و بەها ی تێدایە کە بە ماندوێتی و شەو نخوونیەکی زۆر لەدایك بونە وە لە پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر ئەو هەموو داهێنان و کارە جوانانەی کە هۆڵ و گەلەریەکانی پڕ کردۆتەوە.

ئەوەی کە مەبەست و دیدەی منە دیدەو تێڕوانینە ووردەکانە سەبارەت بەو پرۆژە کارانەی کەهەر یەك لە سات و ساڵ و تاقی کردنەوەیەکدا دروست کراون و داهێنانی هاوچەرخی تێدا دەبینم ئەگەر باس لە کارە هەڵکۆڵینەکان بکەم ئەوا لەسەر ڕووبەری پانتایەك

هەر بە پەنجەکان ئەو دیوارانەی هەڵکۆڵیوە کە نهێنیەکانی ژیان و هونەری تێدا شاراوەن، ئەو ڕەنگانەی کە لەمێشکدا تێکەڵەو لە کەڤاڵەکەدا نەخشێنراوێکی جوان و کۆنتراسی تێدا بەدی دەکەیت، لە پێوانەی یەك شێوەیدا کە بۆ یەکەم جار هونەرمەند بەهادیینی تێدا دەناسیت، بەڵام لە کۆمەڵە پرۆسە کارێکی تردا هەمان هونەرمەندە وە هەمان دەست و پەنجەی داهێنەرانەیە بەڵام لە جیهان و سروشتێکی ترو تایبەتدا ئەو هونەرمەندە دەناسیتەوە، بەتایبەتی نزیك بونەوە لە جیهانی گرافیکی کە هونەرمەند بێجگە لە خوێندن و شارەزایی تەواو لەسەر ئەو هونەرە چاپخانەیەکی دامەزراندو تاوەکو بگاتە ترۆپکی ئەو هونەرە وە بە دیدەی من لەو کارەنەدا گەیشتۆتە ئەو ترۆپکە هونەری یە، دواتر چوون بەرەو هونەرە چینی یەکان و ناسینی مێژووی و دواتر کێشانی ئەو ڕووبەرەی کە هونەری چینی و یابانی تێدا ناسراو بووە، لەوەشدا سەرقافڵەی ئەو مێژووە هونەری یە بووە، ئەگەر دیدە لە کۆی بەرهەمەکان بگریت ئەوا من پێم وایە وەکو سۆفیەکی هونەر قووڵ بونەوەو شەیدای مرۆڤایەتی تێدا دەبینیت، لەهەر سەردەمێك وساڵێک جیهانێکی پڕ لە داهێنان و هاوچەرخێتی تۆمار کردوە، تا ئەو ڕادەیەی کە خۆی بگەیەنێتە وولاتە عەرەبیەکان و هونەری ڕۆژهەڵاتی و ئەو سەری کۆتایی زەوی لەمیژووی هونەرە ڕەسەنەکان، ماتریاڵەکان وەکو قوڕە نەرمەکان یاری دەکەن بەدەستی هونەرمەندەوە بە شێوەیەك کە بیرۆکەیەك دەیان بیرۆکەی تر بۆ






خۆی ڕادەکێشێت و ئیدی هەموو سروشتی مرۆڤایەتی ئەو گۆی زەوی یە لە خۆ دەگرێت.

من بگەڕێمەوە بۆ بینیالی کارە باڵا بەرزەکان کە زەوی بەئاسمانەوە گرێ دەدات، ئەو بیرۆکە هونەری یە نوێیانەیە ئێستا لە جیهاندا هونەرمەندان دەیانەوێت کاری بۆ بکەن، بەڵام هونەرمەند بەهادیین ئەو ئاسمان بەرزەشی تاقی کردەوە کە گەلەری یان ئەتەلیەی ئاڤێستا لە خۆی گرتوە بەو کارانەی کە هەر ڕەنگە چاوەکان بۆ خۆیان ڕادەکێش و بە بەرزایی زەوی بەرەو ئاسمان دەبەن، هونەری باڵابەرزەکان جوانی و سروشتێکی جوانی بەخشیوە بە بینیالەی تەلارە هونەرییەکان، بەڕاستی سەرسامی ئەو هەموو پرۆژانەم کە ناتوانم لەم بابەتەدا هەموویان بخەمە ڕوو چونکە کارەکانی هونەرمەند بەهادیین لەم تێڕانینەی من گەورەترو ماندووترو جوانتروو بەهێز ترن، هەر کارێك جێگای ماندێتی زۆری پێوە دیارە، وە لەهەر قۆناغێکی هونەریدا کە سازی کردوە ئەجینداو وورد بوونەوە وتوێژینەوەی زانستی هونەری بۆ کردوە، زۆر شت هەن مرۆڤ ناتوانێت گوزارشتی لێوە بکات ئەویش ئەو درێژە پێدان و بەردەوامی یە سەرکەوتوەیە کە کۆتایی نی یە، لەهەموو کۆمەڵە کارێك سەرسامی و تێڕامانێك، چالاکی یە هونەریەکانی تەنها لە وڵاتی ئەڵمانیادا نی یە بەڵکو هەموو ئەوروپا دواتر بەرەو وڵاتانی عەرەبی و ئاسیایی، ئەگەر دیدە بدەن لە فۆڵدەرو بیبلۆگرافیای هونەرمەند ئەو چالاکیان جوانترو وورد تر



دەبینن، مۆزەخانەکانیش بەشێکی تری پرۆسەی کارەکانی هونەرمەندە کە زۆرێک لەکارە هونەریەکانی هەڵواسراوی ئەو مۆزەخانانەن، خەونەکان و مێخەك و گوڵاڵەکان و ڕەنگالەکانی بەهادین چیمان پێ دەڵێن، پانتایی ئەو تابلۆیانەی کە هاوچەرخی ئەمڕۆی جیهانی هونەری شێوەکارین، وە نوێ بونەوە لەهونەری هاوچەرخ و مۆدرن بۆ جیهانێکی تری هاوچەجێتی، خەونەکان زۆر قووڵ و پر مانان لە نێو کارە هونەریەکانی هونەرمەندا وە جیهانی پەیوەندیە نێتەکانی هونەرمەندیش زۆرو پڕو چڕن بە شێوەیەك کە زۆرترین گەلەری و دەزگای کەلتووری ئەوروپی و عەرەبی و خۆجەیی و نیوەندی ئەڵمانییەکان لەپەیوەندی ڕۆژانەو پرۆگارمی جیایان داڕشتوە بۆ چالاکی یە هونەریەکانی داهاتوو.

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد بەهادین خەونەکانی لە شاری سلێمانی یەوە هێنایە نێو جیهانێکی پڕ لە هاوچەرخی یەوە، کە ئێستا جیهان لە بەر دەستی ئەو هونەرمەندە گەنجەدایە کە کارەکانی لە زەوی یەوە بەرەو ئاسمانن.




## دەنگەکان و ووشەکانی شێوەکاری کورد فواد عەلی

هونەرمەندێکی پەیکەرسازو شێوەکاری کورد فواد عەلی کە ناسراوە بە فواد عەزیز لە وولاتانی ئەوروپا.. زۆر لەمێژە سالانێکی دوورە بارگەو خەمەکانی لە کوردستانەوە گواستۆتەوە بۆ وولاتانی ئەوروپا تا ئەو کاتەی کەلە شاری فلۆرەنسای ئیتالیا گیرساوەتەوە و نیشتەجێ بووە و ئیدی تاڵە قژە ڕەشەکانی هەموو سپی کردن بەدەم بای بێ هەتاوو کزەبای غوربەتی و قووڵ بونەوە لەنێو ژیان و ووردبونەوە لەو کەلتوورەی کە جێگای هەموو ئازارو مەینەتیەکانی وولاتی تێدا دەبێتەوە، بێگومان مامۆستا فواد لە شاری هەولێر لەدایك بووە و



هەر لەو شارەدا مێژوویەک و کەشکۆڵێکی کەلتووری و ڕۆشنبیری و هونەری و هزری نەتەوەیی لەگەڵ تەمەنیدا گەورە کردوە، جیهانی هونەرەکەشی بەشێکە لەو ژین و ژیانە، لەسالانی حەفتاکانەوە ڕێگای وولاتی ئیتالیا ئەو ڕێگایە بوو کە خوێندن و پلە بەرزی ئەکادیمیەت سەرەنجی هونەرمەندانی کوردی ڕاکێشابوو، هەربۆیە مامۆستا فوادیش یەکێکە لەو کاروانە پڕ هونەریەی کەلە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەشی پەیکەرسازی لە فلۆرەسا تەواو کردووە، وەکو مامۆستایەك کار لەبواری جیهانی وەرگێڕاوەی منداڵان دەکات، لەگەڵ ئەوەی خۆی هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە لەو وولاتەدا کە لە ڕێگای کارو چالاکی پێشانگاو کۆڕو کۆبونەوەو سیمینارەکانی و پلانەکانی بۆ داهاتووی کارەکانی لە داهاتوودا ناسراوە و ناسراوێتی پەیدا کردوە، سەرەنجەکانی مامۆستا فواد زۆر ووردو هەستیارین، ئەو مامەڵەی لەگەڵ ووردەکاریەکانی ژیاندا کردوە بەتایبەتی ئەو کەلتوورەی کە تێیدا پەروەردە بووە و تیژی چاوی لێ گرتووە لە ماڵە کۆنە بە کەلتوورەکەی کوردستانەوە کە دونیایەك ڕەنگ و نەخش و هێڵکاری و پیشەیی دەستی و جل و بەرگ و پۆشاکی ئەو مرۆڤانەی کە تێ پەڕ بوون لە ڕابردوودا وە تێ دەپڕن و بارگەیەك لە کەلتووری وولاتیان بە شان و پشتەوەیە، ئەو جیهانەی کە ڕابردوو بوو ئێستا ئەوەتا لەنێو یەك بەیەکی کارو پەیکەرو دەم و چاووی فۆرمەکانی هونەرمەند فوادا دەبیرێتەوە و سەرەنجی هەموومانی ڕاکێشاوە کە کەلتووری

وولاتێکی پڕ لە میهرەبانی نەکاڵ بۆتەوە وە نە قژەکانیان سپی بوون وەکو پۆرترێتی مامۆستا فواد، ئەو لە هونەرێکی وولاتی ڕۆژهەڵاتی یەوە کۆچی کردوە بۆ جیهانێکی تری ژیانی هونەری کە ئەوروپی یەو زمانەکان نامۆن بەرانبەر بەیەکتری، بەڵام هونەرێکی زیندووی ڕۆژانە ئاخاوتن دەکات لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا کە ئەویش ئەو هونەرە ڕەسەنەیە کە لە هزری مامۆستای هونەرمەندەوە لەدایك دەبن و ئیدی هەموو خەڵکیش ئەو هەموو ئازارو مێژووەی تێدا دەخوێنێتەوە، زۆر لەهونەرمەندانی کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەخۆ سوودیان لە تەکتنیك و شیوازی کارە هونەریەکانی هونەرمەند وەرگرتووە، من بۆ خۆم ناوەندی ئەمساڵ لەهەولێر سەردانی پێشانگایەکی هونەرمەندێکی ناسراوم کرد لە کردنەوەی پێشانگاکەیدا زۆر بە ووردی سەرەنج دا لە شێوازی کارە هونەریەکانی لەو سادەتەدا فۆرمی بیرکردنەوەم گەڕایەوە بۆ کارە کانی هونەرمەند فواد کە ئەم کارانە نامۆ نین بە دیدەی من چ لە داڕشتن و چ لەبەکارهێنانی شێوازی کارەکاندا، هەربۆیە سوود وەرگرتن بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕەنگ دانەوەیەکی بارە دەروونیە هەستیارەکانی مرۆڤە کە سەرسامی بۆ کارێکی تری هونەرمەند ڕەنگ دانەوەی دەبێت بۆ لاسایی کردنەوەیەکی بێ ئامادەکاری.

هونەرمەند فواد عەزیز کە هەربەو شێوەیە ناسراوە لە پێشانگاو فۆلدەرو سیمینارو نازناوی فامیلی یەکەی مامۆستایەک و هونەرمەندێکی پێشەوای کوردە و دەیان ساڵە لەنێو چین و توێژەکانی وولاتی ئیتالیا





سەرقاڵی کارە وهونەریەکانێتی بە کاری هێڵکاری ئەکادیمی و ئاوی و قورو پەیکەرسازی پۆرترێتەکان و دەست و پەنجە ماندووەکان و ڕەشەبا غوربەتیەکان کەئەم فۆرمانە لە کارە هونەری یە پەیکەرسازییەکاندا بەجوانی دەبینرێت، بێگومان مامۆستا فواد بناغەی کارەکانی ئەکادیمیین لە چوارچیوەی هونەرێکی هاوچەرخدا، زۆربەی پرۆژەکانی واتە بیرکردنەوە بۆکارێکی هونەری ئەو هێڵکاری یە جیاواز جیاوانەیە کە ڕەنگی ئاویش دروستی دەکات دواتر هەر ئەو فۆرمە دەبێتە کارێکی ٢ مەتری پەیکەرسازی و بە کەرەستەی برۆنز دای دەڕێژێت و زۆر کاری هونەریشی هەیە لە دام و دەزگاو پارك و قوتابخانەکانی وولاتی ئیتالیادا نمایش کراون.

وولاتی ئیتالیا ناسراوە بە هونەرە زێڕین و ڕێنسانسەکەی سەدەی ناوەڕاست و دواتر وە ناسراویشە بە وولاتی هونەرو مرۆڤایەتی و پەیکەرسازی لەتەلارو هۆڵ و کەڵێساکان، بۆیە کەش هەوایەکی زۆر لەبارو گونجاوە بۆ پێگەیان و پێش کەوتنی هونەرمەند لەو بوارەدا بەتایبەتی شارەکانی وەکو فلۆڕەنساو ڕۆماو ڤینسیاو تۆرینۆ و زۆر شاری تریش، ئەوەی مامۆستا فواد پێ ی گەیشتووە نمونەی هونەرێکی بێگەردو جوانن کە ئاوێتەی ئەو ڕەنگ دانەوە ژیانەیە هونەرمەند پێیدا تێ پەڕیوە، پەیکەرە گەورەکان و میناتۆرو ووردیلە دەست و پەنجەکان، ئەو کەلتوورەی کەلە هزی هونەرمەندایە چۆن لە پۆرترێتێکدا ڕەنگی داوەتەوە، بێگومان مامۆستا هەوڵی داوە لە بچووکترین پارچە لەشی



مرۆڤدا ئەو تایبەتمەندێتی یە بخاتە ڕوو کە سیمایەك دەگەڕێتەوە بۆ وولات، نمونەی سوود وەرگرتن لە نەخشەکانی کڵاوێکی کوردی یان جل وبەرگی کوردی و یان ڕەنگ دانەوەی ڕەنگی پۆشاکی کوردی ئافرەتان و هێنانەوە بۆ نێو پرۆسەی هونەرو داڕشتنیان بە شێوازێکی مۆردن، خاڵێکی تری گرنگ کە من سەرەنج لێداوە ئەو بابەتەیە چۆن لە دوای ئەزموونی ٤٠ ساڵێك دەگەڕێیتەوە بۆ هونەری هزرو بیری منداڵ، واتە لە ئێستادا هێڵەکان و جوڵەی مامەڵەکردنی تەمەنی ٥ یان ٦ ساڵی چۆن حەزەکانیان کۆ دەکەیتەوە، ئەو کارانەی کەبە کارتۆن و ڕەنگ لەدەستی منداڵێك دەردەچێت یان دەیان نەخشێنێت چۆن ئەو پلانە دەبێتەوە فورمێکی گەورەو هونەرمنەندێك مامەڵەی لەگەڵدا دەکات ! بێگومان ئەو ئەزموونە قووڵایەکی درێژی هەیە لە پرۆسەی هونەری مامۆستادا بۆ گەیشتن بەو خەونانە وە مێشکی خۆی بگەیەنێتە خانەی مێشکی ئەو مندالانەو بتوانێت حەزەکانی ئەوان لە کارەکانی خۆیدا کۆ بکاتەوە، لەهەندێك کاری تری هونەرمەند فواد عەزیزدا دەموو چاوە جیاجیاکان مانای شاراوەی تێدا هەن، وەکو غوربەت و نامۆیی وەکو کۆچ و ئازارە بێ کۆتایی یەکان و بێ سەرو شوێن بوونی مرۆڤەکان و باڵندەکانیش بەشێکن لەو پەیکەرانەی کە دروست کراون، یان نمایشی ژنە باڵابەرزەکان بە کەلتوورێکی جوانەوە، هەڵکۆڵینی ووشەکان کەناخی پەیکەرو ڕیلیفەکاندا، ئەمانە ئەو تایبەتمەندێتی یە هونەری یەیە کە هونەرمەند دەیان ساڵە سەرقاڵێتی





وە لەکـۆی ئەزموونـی کارەکانیـدا گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـت و ناسـینەی، پێشـانگایەکی بەنـاوی (دەنگـەکان و ووشـەکانی فـواد) و چەندیـن پێشـانگای تایبەتـی و بەشـداری کـردن لـە ڤیسـتیڤاڵ و چالاکـی نێودەوڵەتـی هونـەری و کاری هونـەری لـە نێـو گەلـەری و مۆزەخانـەو تـەلارەکان و کۆمپانیاکانـدا نمونەیەکـی زینـدووی هونەرکـەی هونەرمەنـدە.

لـە ٩٣ یەمیـن ڤیسـتیڤاڵی تـرێ دا لـە ڕۆژنامەیەکـی ئیتالیـدا بـە زمانـی ئیتاڵـی ئـەوەی نووسـیوە(کە هونـەر سـودی بۆمـان دەبێـت وە وامـان لـێ دەکات هەسـت بـە هەسـتەکان بکەیـن و دەریـان ببڕین)،ئـەم ووشـانەی فـواد عەزیـزی هونەرمەنـدن، ئـەم ڤیسـتیڤاڵەی تـرێ کـە ٩٣ یەمیـن یـادە زۆر سەرسـام بـووم بـە تایبەتـی مـرۆڤ دەتوانێـت سـەدەکان بسـڕێتەوە و کێشـەو شـەڕو کاوکاری دروسـت بـکات، بـەڵام هەرگیـز هونـەرو جوانیەکانـی ناوەسـتن لـە دروسـت کردنـی هونـەر، هونـەر ئـەو دای نامۆیەیـە کـە بەردەوامـە بـە شـێوەیەکی بـەردەوام لـە هـزرو گیانمانـدا، پێشـانگای تایبەتـی هونەرمەنـد فـواد لـەو یـادەو ڤیسـتیڤاڵەدا کرایـەوە لـە ئمپرۆنیتـا کـە لـە کەنیسـیەکدا بـوو و تابلۆیەکـی هونەرمەنـد لـە سـەر شوشـەیەکی شـەرابی سـوور لـە تـرێ، گرنگـی یەکـی تایبەتـی دا بـە هونەرەکەیـی و ڤیسـتیڤاڵەکە.

زۆر لایـەن و لاپـەڕەی زۆرو چـڕو پـڕی تـری هونەرمەنـد ی نـاسراوی کـورد فـواد عەزیـز هـەن کـە مـرۆڤ دەبێـت بـە ووردی یـەوە تەماشـایان بکـەن وە وورد ببنـەوە لـە فـۆرم و بیرۆکـەو مۆکێـت و ووردەکاریەکانـی

کە ئەو گەیشتۆتە چ ئاست و لێکدانەوەیەك بۆ هونەرو چوارچێوەی هونەر کە مرۆڤایەتی یە ! وە زۆر ووردەکاری هەن کە چۆن هونەرمەند دەتوانێت لەو جیهانە پڕ جەنجاڵەدا تایبەتمەندێتی خۆی بپارێزێت و دەست ببات بۆ ئەو تەکنیك و فۆرمانەی کە تایبەتین و سەرەنجی مرۆڤی لێ بەدەست دەهێنێت ! ئەو هەستانە چین کە مرۆڤ لە دونیای دووری لە وولات و تێکەڵ بوون بەو کەلتووره پڕو چڕەوە خۆی و هونەرەکەی و ڕێبازەکەی تێدا بدۆزێتەوە، ئەو هەنگاوانەی داهاتوو چین بۆ ئەوەی هونەر لە پەرتووکی ژیانی هونەرمەندا بە سەر ساغی بمێنێتەوە ؟ مامۆستا و هونەرمەند فواد عەلی کە من ناسیومە لە ڕابردوودا ئەو هونەرمەندە کوردەیە کە قوتابخانەیەکی پڕ لە ئەزموون و جوان و داهێنانی سەردەمیانەی لە ڕێگای کارە هونەریەکانی یەوە نمایشی ئێمەو جیهانی دەکات بۆ کەم کردنەوەی ئازارەکان و بۆ دەوڵەمەند کردنی کەلتوورو هونەری کوردی لە جیهاندا.



## ناز عەوڵا و خەونە پەپولەییەکان

خاتوونێکی هونەرمەندی شێوەکاری کورد ناز عەوڵا لەنێو هزرو خەیاڵ و سروشتێکی پڕ لە گوڵ و باخچەو پێ دەشتێکی ڕۆمانسی لە سەمای گوڵەکان و لاولاوەکان و لار بونەوەی پەڕەی درەختەکان و خەونی پەپولەکان و جیهانی خەونە منداڵییەکان ئەو فۆرم و ناوەڕوەك و هەستانەیە کە مرۆڤ لەهەموو جیهاندا وێڵێتی و بەدوایدا دەگەڕێت، جیهانی ئارامی و بێدەنگی و سروشتی ڕیالیستی ڕۆمانسی ئەو وێنە جوانەیە کە چ لە سروشت و چ لە تابلۆداو چ لەنێو مێشك و دەروندا گەڕیدەیەتی و وێڵە بەدوایدا، خاتوو نازیش وەکو هونەرمەندێکی

ناسکی دڵ و دەروون لەسەرەتایی عاشق بوونی بەهونەرو جیهانی ڕەنگەکانەوە ئەو ڕێگا هونەری یەی دەست نیشان کرد کە ببێتە هاوڕێ ی گوڵ و سروشت و باخچەو لاولاوەکان و پەپولەکانی نێو هزری، هەندێك جاریش گەڵا توڵپەکان کە هەردەم ئاورنگیان لێ نابێتەوە، کارە هونەریەکانی هونەرمەند نمونەیەکی زیندووی ئەم سەردەمەن کە هەستی مرۆڤ لەو هەموو جوانیەدا دەدۆزێتەوە، وێنەی ئەو پۆرترێت و کەڤاڵە بالییە و سەما کەرنەڤاڵیەکان وا دەکات بیرو هزرمان بباتەوە بۆ لای مۆدیلیانی و میرۆ چ لە ڕەنگ وە چ لە لەش و لاری ئەو گوڵانەی کەلە شەواندا سەما دەکەن یان ئەو درەختانەی کە بۆنی ئاوازی سەماکەرەکانی نێوە شەوانی بەر مانگەشەویان لێ دێت.

هونەرمەند خاتوو ناز عەوڵا لەدایك بووی شاری دێرینی کوردستان هەولێرە وە کۆلیژی ئەندازیاری لە شاری کۆیە تەواوکردوە، بەشداری لە زۆر پێشانگاکانی کوردستان کردوە لە سلێمانی و هەولێرو کۆیە و شارەکانی تر، وە هەنگاوەکانی زۆر سەرکەوتوانە بڕیوە بە شێوەیەك کە لەزۆری کارە هونەریەکانیدا پێوانەی کارەکانی گەورەن لە فۆرم و هەڵبژاردەی ڕەنگەکانیدا، قۆناغی ڕیالیستی و جوانی ئەو قوتابخانە هونەری یەی کردوە بە سمبولی کارەکانی، لەزۆر کاری تردا کاری ڕیالیستی دەربڕین خوازی، بۆچی دەمووچاوە نامۆییەکان لەگەڵ گوڵەسوورەکان دەبنە هاوڕێ ی یەکتر، بۆچی مرۆڤەکان وێڵن وە بەدەوری گوڵەکاندا دەورە دەدەن، ئایا مرۆڤەکان دەیانەوێت گوڵەکان لەباوەش بگرن، یان





گوڵەکان دەیانەوێت باوەش بە مرۆڤدا بکەن ! بێگومان مرۆڤ و سروشت یان مرۆڤ و گووڵ دوو مانای پڕ لە فۆرمداری هەیە لەو زەمەنەی کە ئەندێشە بووە بە فۆرمەکان لەنێو تابلۆکانیاندا، ئەوەی جێگای سەرەنجی کارە هونەریەکانن لە لای خاتوو نازدا ئەو دابەش کردن و بیرۆکانەیە کە دەیانەوێت مانای مرۆڤایەتی دەربڕن وە ئەو گوڵانەیە کە بەبێ ناز کەوتوون و کەسیش بە خەمەکانیان نازانێت، لەکارە هونەریەکی تردا لە ڕێگای گوڵە لاولاوەکانەوە کە بریتی یە لە سەمایەکی سەمفۆنی پڕ لە سەماو بێ دەنگی و خەونی غوربەتی ئەو گوڵانەی کە بێ نازو نامۆن کز کز بەلایەکی تردان و لار بونەتەوە بەرانبەر بە خەمەکانیان.. بەڵام هەندێکی تری گوڵ و گەڵاکان بەژن و باڵایان چاوەڕوانی هەواڵی خۆشی هەڵهاتنی هەتاوێکی نوێ دەکەن.

بۆچی ڕەنگی شین، بۆچی ڕەنگە فێنکەکان، بەپێ ی توێژینەوە هونەریەکان و بارە دەروونیەکان ڕەنگی شین ئەو مرۆڤانەن کە بیر لە ئارامی و دڵخۆشگەری و ڕۆمانیستەی ژیان دەکەن، وە زۆربەی هونەرمەندانی جیهانیش زۆر جار لەکارە شاکارەکانیاندا ئەو ڕەنگانەی کە ساردو فێنکن بەکاریان هێناوە، بۆیە خاتوو ناز خاوەن ئەو هەست و تێڕوانینەیە کە ڕەنگە فێنکەکانی بەربژێر کردوە بۆ جوانکاری تابلۆو کارە هونەریەکانی، زۆر جاریش ئەو هەڵبژاردەیە ئەو کەش و هەوایەیە کە لە نێو ماڵ و خانەوەدەیدا ڕۆژانە ڕەنگ بداتەوە، ئەگەر دیدەیەك لە کەرەستە هونەریەکانی هونەرمەند ناز بدەین هەروەك لە تیتڵی



تابلۆکانیدا نوسیوێتی زۆربەی کارەکانی لەسەر کەنفاس لە پێوانەی جیاجیادا دایانی ڕشتووە بە ڕەنگی ڕۆنی وە ئەکریلیك، لەگەڵ ئەوەی کە هێڵکاری بۆ هەموو کارەکان بناغەی هونەرە ئەکادیمی و ڕیالیستی یەکانێتی، بۆیە گونجاندنی رەنگەکان و کۆنتراسیان ئەو جوانی و تیشك دانەوەیە دەداتەوە بەر چاوی بینەران.

تێڕامان لەبەردەم ئینجانەکانی دایکم.. ناوی ئەو تابلۆیە کەلەدایك بووی ساڵی ٢٠١٨ یەو کۆمەڵە گوڵێکی سووری لێ گەشاوەتەوە و هەموو لەدەوری کۆبونەتەوە، گوڵەکانی دایکم وەکو پەپولەکان هەڵدەفڕن و ماڵەکەیان پڕ کردوە لە بۆن و بەرام و خۆشەویستی دایك، کە هیچ سنورێکی نی یە بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی. ئەگەرچی بیروەریەکانی دایك وەکو خەون خەیاڵە گوڵاڵەیەکان وان، بەڵام هەموو یادگاریەکانی وەکو ڕێبازە ڕیالیستی یە دەربڕین خوازیەکان هاتۆتە نێو ئەو کەڤاڵەوە کە خەونێکی قووڵی تێدا بەدی دەکرێت، ئەگەر دیدەیەکی تر لەتابۆکانی پەپولەکان و لاولاوەکان بدەینەوە جارێکی تر دەمانگرێنێتەوە بۆ ئەو خەون خەیاڵەی کە هونەرمەند بەدیدەیەکی زۆر هزری یەوە تێکەڵی بووە، ئاکام لە پیشانگاکاندا خۆیان دەبیننەوە کە جێگای سەرەنجی بینەرانی هونەری شێوەکاریین.

لەکارێکی تری هونەرمەند خاتوو ناز عەولا دا وێنەی لاش لاری سەما بالییەکان لەنێو دارستانی پەپولەکاندا ئەو هونەرمەندە گەورەیەم وەبیر دێنێتەوە (کۆستاف کلیمینت) کاتێك دەستەو پەنجەکان باریکترو





وورد ترو نەخش و زەخرەفەکانیش لە پۆشاکەکانیدا وە دەموو چاوە باریکەکانی منی هێنایەوە نێو تابلۆکانی خاتوونە کوردەکەی کوردستانم، هەربۆیە ئاوازو مۆسیقای تابلۆکەی لەگوێم دایە، هەروەك لەوێ بم و وێنەیانی کێشابێت، لە سێ کەسایەتی بالییەدا هەموو کەنارەکانی سەر دەریامان وە بیر دەهێنێتەوە، ئەوەی کە جیامان دەکاتەوە ئەو پەپولانەیە کە تایبەتمەندێتی هونەرمەندەکەی تێدا بەدی دەکرێت، وە ئەوەش مانا گەورەکەیە کە مرۆڤ و دەوروبەر دەتوانن گوڕانکاری لەهەموو بیرۆکەو بابەتی نێو کەڤاڵەکاندا بکات، بە کلاسیکیەتی وە فەنتازیای کارە هونەریەکانی.. هونەرمەند خاتوو ناز بەشداربوویەکی چالاکە لە پێشانگا و گەلەری و مۆزەخانەو نمایشە هونەریەکانی کوردستاندا بەو کارە هونەریانەی کە تایبەتمەندێتی هونەرەکەی خاتوو نازیان لە خۆ گرتووە....... ئەزموونێکی پڕو چڕ پڕن لەو خەونە جوانانانەی کە گوڵ و پەپولەو تولّپە تەڕەکانی پیرەمەگرون و هەیبەت سوڵتانیان لە خۆ گرتوون.

## سیروان باران.. پانۆڕامای ئاگرو ئاسن لە کارە هونەریەکانیدا

بۆ مرۆڤی کورد لە کوردستانی باشوور ساڵانی هەشتاکان ژیانێکی پر لە حەسرەت و مەینەتی و بەندکراو بە تەل و سیم دەورە دراو بوو، وەکو بەندیخانەیەکی ئەبەدی لە ژێر دەستی حوکمڕانیەکی دیکتاتۆری سەدەی بیستەم، ڕێك دەبێت لەگەڵ هەموو ئەو ژیانەدا کە بە هەموو کاول کارییەك و شەڕو دوور لە ئاشتی و مافی مرۆڤایەتی قبووڵ بکەین. ئەو ژیانەی کە بە هەزارەها پیاو و ژن و منداڵ وپیرو پەک کەوتەی کردە قوربانی شەڕ لەدەوای شەڕ، ئەو بەندیخانەیەی کە تەنها تاریکی



و دەمووچاوە مرۆڤ تۆقێنەرەکانی تێدا دەبینرا، ئەو ووڵاتەی کە بۆ هێڵ و تابلۆ و ووشەیەك سەدان لێکدانەوەو بیرو بۆچوونی جیاوزی بۆ دەکراو بەسەدان ساڵ لەسەری بەند دەکرایت، کوردستانیش بەشێك لەو پانۆڕاما سەرەنج ڕاکێشەرە بوو کە هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی تێدا نەمابووەوە، تەنانەت هونەری شێوەکاریش بوو بە بەشێك لە شەڕو وێرانکاری، قوتابخانە هونەریەکان بۆ خزمەتی ڕژێم و دەسەڵات داران بوون، ئەوکات دەبێ هونەر باسی ئازایەتی ووڵات و سەرکردەو پیاوە خوێن ڕێژەکان بکات، باسی شەڕو مرۆڤ کوشتن بکات بەڵام بەشێوەی سەرکەوتن. بۆچی مرۆڤ دەست دەبات بۆ ئەو فۆرمانەی کە باس لە ڕابردوویەکی تاڵ دەکەن ! بۆچی هونەرمەند بەو هەموو توندو تیژی یەوە دەیەوێت وێنەی ئەو پانۆڕامایە بکێشێت کە خۆی لەناویدا ژیاوە ! هونەرمەند سیروان باران دەیەوێت چی بە خەڵکان و هونەرمەندان و توێژەرەکان و بینەری سادە بڵێت، کاتێك تابلۆکان لە جێگایەك ئارامی بە مرۆڤ دەبەخشێت و جارێکی تریش ڕووداوە سەرەنج ڕاکێشەرەکان دەکاتە خاڵی تێڕاوانین و دیدەیی مرۆڤ !

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سیروان باران کەلە ساڵی ١٩٦٨ لە شاری بەغدا لەدایك بووە، بەڵام ژیانی لەساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٠ باس لە هەموو ئەو ڕووداوە سەیرو تراژیدیانە دەکاتەوە کەبەسەر میللەت و ووڵاتەکەیدا هاتووە، هونەرو ڕەنگ و هێڵ تاکە ڕێگا بووە بۆ ئەوەی ئازارو دەربڕینە خەونە تاریکەکانی لێوە باس بکات، ئەگەرچی هەموو







مرۆڤێك لەو سەردەمەدا وەكو كۆیلەو ژێر دەستەی دەسەڵات ژیانی بەسەر دەبرد بەڵام هونەرو چالاكی هونەری زۆر جار جێگای خۆی كردۆتەوە وەكو نمونەیەكی دانپێنراوی ئەو ڕۆژە سەختانە.

هونەرمەندی شێوەكار سیروان باران كاتێك قوتابخانە ئەكادیمی و ڕیالیستی و توێژینەوە ئەكادیمەیەكانی خوێند لەكۆلیژی هونەرە جوانەكان لە شاری بابل ئەو بناغە هونەری یە ڕیالیستی ڕۆمانتیكی یەی هەڵبژارد كە دەربڕین لە ڕواڵەت و ڕاستی و سروشتی ئەو وڵاتە دەكات كە بەئاگرو ئاسن دروست كراوە وە هەر بەو دەربڕینانە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیان و ژیان و خەڵك دەكات، بۆیە گواستنەوەی تراژیدیەكان وە پۆرترێتەكان و جل و بەرگ و ڕواڵەتی مرۆڤە ئاسنینەكان و ژانی ئەو گەلە لە زۆر كەڤاڵی جیاجیادا خستۆتە ڕوو، بێگومان لە ڕیالیستی ڕۆمانتیكی یەوە بەرەو هاوچەرخی مۆدرن و هونەری ٣ دی و ئاپستراك و ڕێالیستی دەربڕین خوازی لەسەر بناغەی دیدەو چاووی بینراوی و هەندێك جاریش بەرەو هێماخوازی ئەمانە ئەو قوتابخانە هونەریانەن كە لە زۆر پێشانگاو فیستیڤاڵ و گەلەری نێو عێراق وكوردستان و دەرەوەی كوردستان وەكو چەخماخەیەكی دڵ و هەست بزوێن سەرەنجی بینەرو شێوەكاران و توێژەرانی هونەری شێوەكاری ڕاكێشاوە، بە شێوەیەك كەلە وڵاتانی ئەوروپی جێگای سەرەنج و گفتووگۆ بوە، هەربۆیە سەركەوتنێكی بەرزی بەدەست هێناوە لە گواستنەوەی دەموو چاو پۆرترێتی ئەو جەنراڵانەی كە واتای سەركەوتن



و دەسەڵات و ئەو مرۆڤانەی كە پلەبەرزی میلیتێری ڕێژێمیكی دیكتاتۆرن، وەلەهەمان كاتدا هونەرمەند باران پەی بۆ ئەو ڕووداوانە بردوە كە دەربڕین لە ڕووبەڕوو بونەوە دەكەن وەكو دوو گامێش یان دوو ئاژەڵ یان دوو جەمسەر بەرانبەر بەیەك و شەڕی ستەمكاری یەكتر بكەن یان ئەو سەگانەی كە كەڵپەكانیان دیژن و ڕاو دەكەن بۆ نێچیر گرتن، ئەمانە نمونەی ڕۆژان و حاڵێكە كە مێژووی هەیە، وە بیرەوەی و مامەڵە كردن جێگای سەرەنجی هەموو خەڵكانێكە كاتێك بیانەوێت لە ڕابردووی وڵاتێكی پڕ لەكارەسات بخوێننەوە لە ڕێگای كەڤاڵ و هونەری شێوەكاری یەوە. هونەرمەند سیراون باران ئەزموون و گەڕان و چالاكی هونەری لە وڵاتە عەرەبیەكان و جیهاندا خستۆتە ئەو متمانە هونەریەی كە سەركەوتنی تێدا بەدی دەكرێت وەكو ئەزموونەكانی لە بەغدا و سلێمانی و هەولێرو دهۆك و لوبنان و مەغریب و ئیتاڵیاو چەندین وڵاتانی تری عەرەبی وئەوروپی.

وەكو كەرەستەو ماتریاڵەكان بێگومان هونەرمەند لە هێڵكاری و سروشتی هونەری شێوەكاری كە هەموو وانەكان لە خۆ دەگرێت دەست پێ دەكات، ئەویش بەكاری ئاوی و ڕۆنی و پەیكەرسازی و سیرامیك و گرافیك و كارلەسەر ئاسن و تەنەكە، بەڵام لە قۆناغی دوای ئەكادیمیا هونەرمەند باران پەنای بۆ ئەكریلیك بە شێوەیەكی گشتی بردووە لەگەڵ كاری ڕۆنی كە مانەوەی بۆ ساڵانێكی درێژ دەمێنێتەوە، هەرچەندە كەرەستە زیندووەكان وەكو جل وبەرگ و ماتریالی زیندووی

بەکار هێناوە لەهەندێك لەکارەکانیدا، ئەوەش سەرپشکی هونەرمەندە کەهەردەم بگەڕێت بەدوای کەرەستەی نوێ و تاقی کردنەوەی نوێ لەبواری کارە هونەریەکانیدا.


بۆ هەڵمژینی هەناسەیەکی پڕ لە نەوروزی و هەستکردن بەخاك و نیشتیمان هونەرمەند سیروان باران روو لە گوندو شارو چیاکانی کوردستان دەکات و بەجلو بەرگی کوردی یەوە دەیەوێت لەو ئازادی ڕووح و بیر کردنەوەیەدا بابەت و فۆرم و بیرۆکەیەکی تری سەرەنج ڕاکێش بهێنێتە نێو کەڤاڵەکانی یەوە، کەلتووری کوردی وە ڕەنگ و ڕواڵەتی کوردی بەڕەنگە گەرمەکانەوە نمونەیەکی زیندوون لە بینراوی تابلۆکانیدا، باران هونەرمەندێکی ناسراوی کوردە لەنێو هونەرمەندانی عەرەبی و کوردی و ئەوروپیدا وە پەیوەندیەکی دۆستانەی پتەوی هەیە بۆ ناسینی خۆی و هونەرەکەی، نمونەی ئەو چالاکیانە زۆرن کە هونەرمەند سەرکەوتووی تابلۆکانی ئەویان گەیاندوە





بەو ئاستە وەکو لە پێشانگاکانی لە سلێمانی وهەولێرو دهۆك وەلە پەنجاو هەشتەمین بینیالی ڤینیسیا و نیورك و گەلەری یە ناسراوەکانی وولاتی لوبنان بەتایبەتی لەبیروت، وە زۆر لە توێژەرە هونەری یە شێوەکارە عەرەبی و ئەروپی یەکان دیدەو بۆچوونی تایبەتیان داوە لەسەر هزرو بیرو ناوەڕوەکی هونەرێکی هاوچەرخ و مۆدرن لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند سیروان باراندا.

گێڕانەوەی مێژووی وولاتێکی ئاگرو ئاسنی ڕابردوو لەژێر دەستی دڕندەترین دکتاتۆری سەردەمی عێراقدا کە هاوشێوەکەی گەلێك زۆرن لە ڕابردووی جیهاندا، ئەو تایبەتمەندیەی داوە بە هونەرو کەسایەتی هونەرمەند باران کە بتوانێت پەیامەکەی لە پێوانەو قەبارەی تابلۆکانیدا زۆر گەورەترو زۆر کاریگەرتربن لەئەمرۆی مرۆڤ و مرۆڤایەتیدا.



## هونەرمەندی شێوەکار
## عبدول سەلام عەبدوڵا و گووڵە گوڵستانیەکان

.. زۆر کەس تابلۆی گوڵ دروست دەکەن، بەڵام وەکو گووڵەکانی من نین.... ووڵاتی ئێمە. ووڵاتی نێرگزی گوڵە.. گوڵیش زمانێکی جوان و بێدەنگە.

هونەرمەندێکی شێوەکاری ڕۆژئاوای کوردستان عەبدول سەلام عەبدوڵا کەلە ڕۆژهەڵاتی شاری قامشلو (ڕومیلان) لەساڵی ١٩٦١ لەدایك بووە، دەشتێکی ووشك و گردو هەردەو هەڵەت لە پانتایەک دەکات تا چاو بڕ بدات بەخۆی نە دارو نەگوڵ و نە سەوزایەکی پان




و پۆڕ بەدی ناکەیت، بەڵام حەزەکانی ژیان و گووڵ ئەوەندە زۆرن، لەهەر حەزێك باخچەیەك و گوڵێک و جۆرێك و بەهارێکی دڵگیری تێدا جێگر بووە، لەسەرەنج دانم بۆکارو چالاکی و بەرهەمە هونەریەکانی هونەرمەند عەبدول سەلام کەوتمەوە نێو خەیاڵ و مێژووی ڕێنناسی هونەری جیهانی، چومەوە بۆ لای هونەرمەندانی وەکو میللە وسیزان وە ئەو هونەرمەندانەی کە ئێستاش لەئەوروپا سەرقاڵی تێکەڵ بوونن بە سروشت و دەیانەوێت گووڵ و جوانی و سروشت بناسن، ئەو گوڵەی کە گوڵی هەموو کەسێك نی یە، وە ئەو گوڵەی کە چاوی مرۆڤی بەستۆتەوە، بێگومان لەم سەردەمە تەکنەلۆجیاو پێش کەوتن و گۆران کاری یە هاوچەرخانەدا هونەری مۆدرن و تۆپ هونەرو فەنتازیای هونەر هاتۆتە دونیاوە، بەڵام هونەری ڕۆمانتیکی و ڕیالیستی جوانی سروشت گرنگی خۆی هەیە وە بەردەوامە وە زۆرێک لە لاوان و هونەرمەندانی لاو پەیدا بوون دەیانەوێت بەکەڤاڵەکانیان پێش برکێ ی فۆتۆگراف و سروشت بکەن، لەم کاتەشدا هونەرمەندێکی کورد عبدالسلام عبداللە وویستی ئەو پێشبرکێیەیەتی لەگەڵ گوڵ و جیهانی گوڵ و سروشتەکەیدا، ئەو لە جێگایەکی گەرم لەدایك بووە بەڵام دڵ ورووح و جیهانی ئەو هەر بەهارە، چ بەهارێك وە یان چ گوڵزارێک کە بۆنی کوردستان و چیاکانی کوردستانی لێوە دێت، ئەگەر بچیتە عەفرین و چیا گردەڵەکانی عەفرین، مەملەکەتی ماڵڤای هونەرمەند.. ئەو هەموو جوانی یە گوڵانە دەبینیت، هونەرمەندیش لەوێ وە تەمەشای ڕواڵەتی

سروشتەکەی دەکات، بۆ گوڵەسوورەکان و سپی و ئەرخەوانی و مۆرو زەردو سەوزەکان شاهێدی تابلۆکانن.

هونەرمەند عبدالسلام عبدالله لە دیدارەکانیدا دەڵێت ”وولاتی ئێمە وولاتی نێرگز و گوڵە. گوڵیش زمانێکی جوان و بێ دەنگە، چاوە چاوێتی بێتە دەنگ، گوڵەکانی وولاتی من وەکو کراسەکەی دایکمە و ئەکەونە ناو ناوەختی گوڵەکانەوە و ئەکەونە نێو گوڵەکانی خەڵکەوە، خەڵك نانێك دەفرۆشێت بۆ ئەوەی گوڵێك بکڕێت“. هونەرمەند دەڵێت : ژیانی رەش بینی و کارەساتە ناخۆشەکان لایەنی سۆزداری مرۆڤ بەرەو ناخۆشی دەبات، کاتێك تابلۆکانی من دەبینیت دڵ خۆش دەبیت و کارەساتەکان کۆتاییان دێت. زۆر کەس گوڵ دروست دەکەن بەڵام وەکو گوڵی من نی یە، ئەوانی من لە وولاتی خۆمدا دەبینم و تەماشایان دەکەم من شتی دووبارە دروست ناکەم..

هونەرمەند عبدالسلام بە شێوەیەك تواوەتەوە لەنێو گوڵ و رەنگ و باخچەکاندا تەنها بۆنی گووڵ دەکات و لە نێو کاریزمای گوڵدا دەژیت، هەربۆیە کارە هونەریەکانی لە رێچکەی خۆی دەرچوون و بوون بە نێو دەوڵەتی ماڵان لەهەموو جیهاندا، بەتایبەتی کاتێك گەشت دەکات بۆ ئیتالیا و سویسرا ئەو جوانیانە دەخاتە نێو گەلەری و هۆڵەکانەوە، دەیەوێت لەوێوە بڵێت من لە کوردستانەوە هاتووم و گوڵ و رەنگم هێناوە بۆتان، وولاتی ئەو رۆژئاواو سوریایە، هەر بۆیە جوانیەکانی ئەو وولاتە دەگوازێتەوە بۆ چاوی بینەرەکانی، هەرلەو سەرکەوتنانەدا





چەندی رێزلینان و سەرکەوتنی بەدەست هێناوە تا ئەو رادەیەی کە کارەکانی بوون بە پوول و لە وولاتی سوریادا چاپ کراون، ئەو حەز لە گووڵ و سروشت دەکات، مرۆڤیش حەزی لەو گولانەیە، گوڵی ئەو تۆ و کەسانی ترن، گووڵ پێکەنینە، گوڵ جوانی جیهانی هەیە وە زمانێکی جیهانی یە بەتایبەت لە نەخشاندنی ئەو تابلۆیانەی کە پێوانەیەکی بێ سنووری هەیە، ئەوەش لەکارەکانی هونەرمەند عبدالسلام عبدالله دا دەبینرێت.



## کاره هونەریەکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد هوشیار سەعید لە ئەمستردام کۆتایی نایەت

هونەرمەندی شێوەکاری کورد هوشیار سەعید ناسراوە بە هوشیار ڕەشید، لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٩٣ وە نیشتەجێ ی وولاتی هۆڵەندایە و لەساڵی ١٩٩٤ لە ئەکادیمیای هونەری(ئای کەی ئی) لەشاری ئەنیشخیدە وەرگیراو لەپاش ئەزموونێکی گرنگ و چڕو پڕ بەسەرکەوتووی بڕوانامەی ئەکادیمیای بەدەست هێناوە، لەداوی ئەزموونی کاری ئەکادیمی و قوتابخانە هونەریەکان و قووڵ بونەوە بۆ جیهانی هاوچەرخێتی لە هێڵکاری و ڕەنگ و ڕیلیڤ و



پەیکەرە هاوچەرخییەکانی ئەمڕۆی مۆدرن بەسەرکەوتوانە بڕوانامەکەی بەدەست هێناوە.

بەپێ ی وورد بونەوەو بەدواچوون بۆ ژیان و کارو بڵاوکراوەکانی لە لینك و ڕۆژنامەکاندا، وە بە پێ ی هەواڵە هونەریەکانی لە ڕۆژنامەو بڵاوکراوە هۆڵەندییەکاندا، خوولیای ئەوە بووم کە بگەڕێم بەدوای ئەو تواناو ئەزموون ووردەکاریەی کە هونەرمەندی شێوەکاری کورد هوشیار چۆن گرەوی بەخۆی دا و خۆی و کارە هونەریەکانی لە نێو گۆڕپان و پارك و گەلەری و هۆڵە هونەریەکاندا بدۆزێتەوە ؟ وە ئەو کارانە چین وە بە چ شێوەیەك دایان دەڕێژێت و چۆن بیر لە بیرۆکەی سەرەنج ڕاکێشەر دەکاتەوە کە بتوانێت بینەری هۆڵەندی وە ئەوروپی وە کورد وە جیهانی بەلای کارە هونەریەکانیدا بڕوانن و تام و چێژ لەوکارنە وەربگرن ! وە ئەو هۆکارە چی یە کە هزرو حەزەکانی هونەرمەندی شێوەکار هوشیار سەعید دەوری داوە، تابتوانێت لەکارە هونەرەکەیدا سەرکەوتووبێت وە بتوانێت ئەو هونەرە مۆدرنە بکات بە فیگەرێك و تازەگەری یان داهێنانی سەردەمیانەی لەگەڵدا بکات ! لەهەمان کاتدا مرۆڤێکی سەرقاڵ و پڕ لە پرۆژەو خاوەن بیرۆکەی جیاجیایە بۆ هەموو وەرزەکان وە بۆ هەموو شوێنە تایبەتەکان، ئەو ڕووداوانە یان ئەو بەرهەمە هونەریە بە دیدەی من هەروا بە ئاسانی و بێ ئەندازەیی نەهاتوونەتە کایەوە، لەکاتێکدا بۆ هەرکارێکی پەیکەرسازی ئێش وئازارو زەحمەتی و قورسایەکی گەورەیی تێدایە، ئەوەش بەهەموو

هونەرمەندێك ساز ناکرێت و نمایش ناکرێت، بێگومان هونەرمەند گەڕاوی ئەو بیرۆکانەن کە نوێن لە دونیای هونەری شێوەکاریدا وە نوێن بۆ دیدەی بینەرەکانی، ئەو توێژینەوەیەش کات و ماندوێتی و ئەزموونی باشی دەوێت بۆ ئەوەی نزیك بێتەوە لەو هەستەی کە بینەر دەیەوێت چێژی لێوە ببینێت، لە وێنەیەکی تایبەتی خۆیدا کە ڕاکشاوە لەسەر ئەو هەموو دیزاینە هونەری یە کە هەریەکەیان خەونێکەو هەریەکەیان بابەت و بیرۆکەیەکی خۆش و ناخۆش و شیرین و تاڵە، یان بیرۆکەیەکی ڕابردووی ژیانەو لەسەری پاڵ کەوتووە و هزرو خەیاڵی یەشتان هەر لەلای کۆمەڵە کارو ناوەڕوەکێکی ترن کە لە جووڵەو و لەدایك بووندایە، بەو هەموو بیرۆکەیەوە دەیەوێت پێ دەشتەکانی هۆڵەندا بڕازێنێتەوە بەو پەیکەرانەی کە بەرگەی سەرماو گەرمای دەشتە بێ دەنگەکان دەگرن، دەیەوێت سێوێك هێمای ژیان و بەردەوامی ژیان بێت، تەنها سێوێك لەو دەشتە پان پۆڕەدا هەموومان بەدەوریدا کۆ بکاتەوە، بۆچی ؟ بۆ ئەوەی ووردەکاری ئەو سێوەو باس و بەسەرهاتی ئەو سێوە بزانین و کە دوور کەوتینەوە لەو کارە هونەریە لێکدانەوەیەکمان بۆ دروست بێت و بەدوای کارە هونەریەکانی تردا بڕۆیین.

کارێکی تری هونەری کە دارێکەو لە شێوەی پەیکەرە لا تەختەکاندایە و ڕەشەبایەکی توند ڕای دەوەشێنێ لە نێو دارستان پارکە سروشتی یەکاندا دانراوە، واتای ئەوەمان پێ دەگەیەنێت کە




هونەری پەیکەر سازی دەتوانێت دوور لەنێو بازاڕو خەڵك و کۆڵان و شەقامەکاندا بژێت و جێگای خۆی بکاتەوە، لەو پێ دەشتە دوور لە جەنجاڵیش مرۆڤ دەتوانێت تام و چێژ لەهونەریکی زیندوو وەر بگرن، لەهەمان کاتدا بە دیزاینێکی تایبەتی و مۆدێلێکی سەردەمیانە، هونەرمەند هوشیار سەعید مرۆڤێکی چالاك و سەرقاڵ و پڕ لە دیزاینە دەیەوێت بگاتە نێو هەموو جێگاو پارك و گۆڕەپانەکان، بەتایبەتی زۆر جاریش سەرقاڵی کاری هونەری یە لەگەڵ منداڵ و گەورە و کەسایەتی جیاجیا، مامۆستایەکی دەم بە پێکەنین و هیوا بەخشە بۆ هاوەڵەکانی وە ئەو منداڵانەی کە فێری ڕەنگ و هونەریان دەکات، دەیەوێت هیوایەك ببەخشێت بەداهاتوویەکی جوان لەنێو شارەکانی ووڵاتی هۆڵەندادا، هەموو کەسێك لە زمانی ئەم هونەرمەندە تێ دەگەن چ ئازارەکانی وە چ هیواکانی کە پڕن لەداهاتووی جوان، هەر ئەوەش وای کردوە نمونەی زیندەیی و وورك شۆپی پڕ لە ئەزموون نمایش بکات بۆ داهاتوویەکی جوان، لە ئەزموونی ژیانی هونەرمەندا ئەو کارانە دەبینیت کە هەموو قوتابخانە هونەریەکانی لەنێو کارە هونەریەکانیدا کۆ کرۆتەوە، چ لە نەورەسەکان و باڵیان بۆ دروست بوون کە لەخەونە سوریالیزمی یەکان دەچێت وە چ لەو دەموو چاوانەی کە لە قەوارەیەکی گەورەدا هەڵدەقولێن و مرۆڤ بە حەزو هیواکانی خۆی بۆیەیان دەکات.

ئەگەر دیدەیەك لە قەوارەی کارە هونەریەکانی هونەرمەند هوشیار سەعید بدەم لەدوای قۆناغی کوردستان و پەڕینەوە بۆ دونیایەکی نوێ







و مۆردن و پێشکەوتووی هونەرو ڕۆشنبیریەتی هونەرو خوێندنەوەی هونەری بۆ هونەری شێوەکاری، ئەزموونەکانی هونەرمەند زۆر بە سەلیقەیی هاتۆتە گۆڕەپانی هونەرەکەیەوە، بەتایبەتی قوتابخانە ئەکادیمی یە دووبارە بونەوەکانی گواستۆتەوە بۆ قوتابخانەیەکی ئازادو سەربەخۆ، لە ئێستای ئەکادیمیاکانی ئەوروپاشدا هەر ئەوە پیادە دەکرێت، ئەو دیزاینە بێ دووبارە بونەوانە هۆیەکن بۆ بەرەو پێش چوونی هەموو بیرۆکەو دیزاینەکانی، هەر ئەوەشە کە کارە هونەریەکانی هەرجارەو بە شێوازێک هاتۆتە نێو بیبلۆگرافیای هونەری یەوە کە دوورە لە باڵ بەست کردن یان بەستنەوەی مێشك و هزر بە قوتابخانەیەکی دیاری کراوەوە، من دەتوانم بڵێم هونەری پەیکەرسازی لەو کارە هونەریانەی هونەرنەند هوشیارەوە دەمێکە ڕزگاری بوەو ئازاد بوە بۆ کارە بەربڵاوەکان بۆ سادەو ساکاری لە داڕشتن و دامەزراوەیان، چۆن ژیان سادەو ساکارە لەو کەش وهەوایەی کە هونەرمەند تێدا دەژیت، ئەو ڕەنگ دانەوەیەش نمونەیەکی زیندوە لە کارە هونەریەکانیدا، سروشت هۆیەکە کە مامەڵە لەگەڵ زیندەوەرو باڵندوە دەوروو بەردا بکات، لەکۆتاشدا هەرئەوەیە وای کردوە کارە هونەریەکانی بە بۆچونێکی نمونەیی یەوە تەماشا بکرێت، لە زۆر کاتدا هونەرمەند دەیەوێت قوتابخانە جیاجیاکان تەنانەت لەکاری شێوەکاریدا بگوازێتەوە بۆ پەیکەرە هونەریەکانی وەکو دەربڕین خوازی یان هێما خوازی یان لەهەموو پرۆژەکەدا ڕیالیستی و دەربڕین خوازی بەشێکی



گرنگی ئەو کارانە بن، لە پرۆژە کارە هونەریەکانی ئەم دواییەیدا پەی بردوە بۆ کارێکی هونەری کە وەکو سیرامیکی شوشەیی بەرجەستە کراوە، بێگومان وردەکاریەکی زۆر تێدا هەیە، بەڵام دیسانەوە وەکو باسم کرد دوور نەکەوتۆتەوە لە بیرۆکەی باڵندو ئاژەڵ، کە ئەمەش تەواوکەری ئەو سروشتە جوانەیە کە هونەرمەند تێیدا دەژیت.

هونەرمەندی شێوەکارو پەیکەرسازی کورد هوشیار سەعید کارو پرۆژەکانی نمونەیەکی زیندوو بەهایەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت لەنێو کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئەوروپیدا، ئەوە بەیاد بهێنمەوە هونەرمەند بەشدارێکی چالاکە لە پێشانگا نێو دەوڵەتیەکان و تایبەتیەکانی و بەشداری لەگەڵ زۆربەی ڕێکخراو ئەنستیوت و ئەکادیمی و گەلەریەکاندا، خاوەن چەندین پێشانگای تایبەتی یە لە وولاتانی دەرەوەی هۆڵەند بەتایبەتی لە کوردستان و پاریس و لەندەن و ئەڵمانیاو هەنگاریا، وە زۆر لەکارە هونەریەکانی لە پارکەکانی ئەمستردام و شارەکانی تری هۆڵەندا دانراون، کارە هونەریەکانی هونەرمەند هوشیار سەعید و هیواو خەونەکانی تەنها لە ئەمستردام و شارەکانی هۆڵەند کۆتاییان نەهاتووە وە کۆتاییان نایەت بەڵکو بەو هێزو تواناو دیزاینە جیاجیانەوە دەیەوێت سنوورەکان هەموو ببڕێت.




## هونەرمەندی شێوەکار خاتوو شارا ڕەشید لە نێو گەردوون و بوونەوەردا

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد لە باشووری کوردستانی عێراق خاتوو شارا ڕەشید لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٤ لەشاری سلێمانی لەدایک بووە، لەساڵی ١٩٩١ بەشی هونەری لە پەیمانگای مامۆستایان تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٩٥ دەستی کردوە بەکارو چالاکی هونەری و یەکەمین پێشانگای تایبەتی خۆی لە شارۆچکەی ڕانیە کردۆتەوە، لەساڵی ٢٠٠٠ بڕوانامەی بەکلیوریوسی لەسەر زانستە مرۆییەکان بەدەست هێناوە، لەساڵی ٢٠١٥ پێشانگای هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند



ماهر ستار لە بەغدا کردۆتەوە، بەشدار بووە لە چەندین پێشانگای تایبەتی و گشتی نێودەوڵەتی و خاوەن سێ پەرتووکی چاپ کراوە کە وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و ئێستاش بەردەوامە لە سەر بابەت نوسین لە گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی و عەرەبییەکان، دوا چالاکی هونەری شێوەکاری هونەرمەند شارا ڕەشید ناوەندی ٧ ڕەنگە لە شاری سلێمانی پێشانگایەکی تایبەتی بۆ ساز کرد لە ٣٠ / ٢٠١٨/١٠ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ.

خاتوو شارا ڕەشید دەیەوێت چی بە مرۆڤەکان بڵێت ؟ ئەوانی یادگاریان لە سەر دیوارو پەرتووك و لاپەڕەی مێژوو و سروشت و گەردوون هەیە و تۆماری دەکەن، ئایا چۆڕاندنی ڕەنگەکان، چۆڕاندنی فرمێسك وەدەروون و ڕووح نی یە ! زەوی و سروشت و بەردو درەخت و کەش و هەواو قەوارەی زەوی کە داپۆشراوە بەتەم و مژێکی تەم داگرتوو واتایەك بە بەهاکانی مرۆڤ ناگەیەنێت ! ئایا پەپوولە و گوڵە ڕەنگاڵەکان لەکوێ ی هزرە نادیارەکانەوە دیاردەیەك بوون لەلای هونەرمەند ! لەدوای هەموو ئەو ئەزموونانەی هونەرمەند لە ڕابردوودا بۆچی هونەری ئارابسك وە هەندێك جار هێماخوازی و ڕیالیستی دەربڕین خوازی خۆی لەنێو فۆرمەکانی هونەرمەندا دۆزیوەتەوە، کە هونەری ئارابسك هەڵقوولاوی هەموو ئەو ئازارو تەنگ وچەڵمانانەن یان جەنجاڵی ژیان و پڕ لە ئەندێشەیی هۆیەکی ترن مرۆڤ خۆی لەو تابلۆیانەدا بدۆزێتەوە، زۆر دیدەیی و خەونە قووڵەکانی تری





مرۆڤ و دەورووبەر هەن هونەرمەند بە ئایدیای خۆی لەدایك بووی خەونەکانێتی، ژیان و گوزەران و دەوروبەری ڕۆژانەو خەونە بێ کۆتایەکان و سروشتە ناتەندروستەکان ئەو هۆیانەن مرۆڤ پەنا دەباتە بەر ڕیالیستی و ئارابسك و هێماخوازی یان دەربڕین خوازی، لەکۆی هەموو دیدەو هزرەکان ئەو هونەرە ڕەسەنەیە کەلە دایك بووی مێشك و ئادای هونەرمەند خاتوو شارایە، بۆیە ئەزموون و قۆناغ هۆی گرنگی تابلۆکانن وە دووربینی چاوەکانی لەدووری گۆی زەوی یەوە کە چی دەبینێت وە چۆن دەیبینێت، ئەمانەش بەشێك لە و نوێ خوازیەیەی سەردەم کە تابلۆکانی یان حەزەکانی تێدا دەبینێتەوە، هونەری بوون و دەوروبەر ئەو فەلسەفە زانستی یەیە کە مرۆڤ لە درەنگ و زوودا پێ ی دەگات بەڵام زۆر مرۆڤ پێی ناگات، ئەو دیاردە هونەری یە شێوەکاری یە لەکارەکانی شارادا بەرجەستەو بەدیدەیی یە دەکەیت کە پانای بۆ تەمە سپی یەکان بردووە، ئەو تەمانەی کە ئازارەکان دادەپۆشێت وە دای پۆشیوە لە دوورەوە پەپوولەکان و ئازارەکان و دەریاکان و زەریاکان و دووکەڵەکان و چۆڕاندنی ڕەنگەکان دەبینێت، هەروەك دووربینەکەی ئیڤڵ، هەروەك دووربینە ماکرۆسیوپەکەی کەناری دەریای باکوور، ئەو دیدەیە وە تێڕوانینە کەم جار مرۆڤ دەیانبینێت، بەڵام هونەرمەندی شێوەکار خاتوو شارا ئەوەی بە دیدە کردووە، هەربۆیە کارە وهونەریەکانی جوانیەکی هونەری هاوسەردەمی و هاوچەرخی تێدا دەبینرێت.

ئەزموونەکانی هونەرمەندی شێوەکار خاتوو شارا ڕەشید نمونەیەکی زیندووی هونەری شیوەکاری سەردەمانەیە لەئەمڕۆی ڕەوتی هونەری شێوەکاری جیهانی، بێگومان ئەو کارە هونەریانە لەدوای ئەو تاقی کردنەوەو سەرقاڵ بونانەیە کەلە پێشوودا هونەرمەند بەئەنجامی گەیاندوون چ لەکاری بناغەی هونەری ئەکادیمی و چ لە تاقی کردنەوەی ڕەنگەکان کە ئاوی بن یان ئەکریلکی یان ڕۆنی، یان پەی بردن بۆ کەرەستە جیاجیاکان کە لە نێو هونەری ئارابسکدا دەبینێرتەوە، بۆ فەلسەفەی کارە هونەریەکان ئەوە دەخەنە ڕوو لەدوا کارەکاندا مرۆڤ و گەردوون یان مرۆڤ و دەوروبەر کە مانایەکی پڕو چی هەیە لە سەردەمە جەنجاڵەدا، ئێمە نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هونەرمەند لەدایك بووی کوردستانە واتە سروشتی کوردستان و چیاو دەشت و دۆڵ و کەلتووری کوردەواری بەشێك دەبن لەتێکەڵاوی فۆرم و کارە هونەریەکان، بێجگە لەوەی دیوارە کۆنەکان واتە گڵ و بەرد، ئەو نوسراوە لا بەلایانەش نمونەیەکی سروشتی زیندووی دیدەیی یە، ئەو کۆنتراسە ڕەنگانە یان هەڵتۆقاوی بیرۆکەکان ئەو ڕێکخستنە هونەری یەیە کە بۆتە جێگای سەرەنجی مرۆڤەکان، بۆیە ئەندازیاری لەداڕشتن کارێکی گرنگی بەئەنجام دانی پرۆژە هونەریەکەیە، کە مرۆڤ چۆن لە ئاسمانەوە بۆشایی زەوی و ئاسمان و ڕووبەرەکان دەبینێت، خاتوو شارا ویستویەتی بەکامیراکەی دەست و چاوی وێنەی هەموو بەردو خۆڵ و خاشاك وورده کاریەکانی سەرگۆی زەوی یان دیوارەکان بگریت و



بیەوێت بڵێت وەکو گۆگڵێکی زەوی ناسی ووردەکاریەکانی زەوی دەناسم و جارێکی دیکە دەیخەمە بەر چاوی بینەران، لەهەندێك کاری تری هونەریدا دەیەوێت باسی مێژوو بکات ئەو مێژووەی کە پڕە لەژانە سەرو وێران کاری و پاشماوەی کاولکاری کەلە مشتە خۆڵێکدا یەکتری دەبیننەوە، ڕابردوو ئەو وێنە گرافیکەیە کە بۆتە بیرو هزو بابەت بەو ڕەنگانەی کە بۆنی ڕابردووی لێ دێت، نمایشی کارە هونەریەکانی لەم کاتەدا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆیە بەردەوامی خاتوو شاراو بەردەوامی ڕووداوەکانیش دوو بابەتی زیندووی ئەم سەردەمەن.

## خاتوو نەسرین فەتاح کاکە برا..
## جوانی ڕیالیستی پێشینەی کارە هونەری یەکانێتی

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو (نەسرین فەتاح کاکە برا) هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردستانی باشوورە لە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندنی ئارەزووی هونەری شێوەکاری لە دڵ و دەروونیدا چەسپاوە، بەو خولیایەوە لەساڵی ١٩٩٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، هونەرمەندێکی ووردە کارو شەیدای هونەری ڕیالیستی یە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بناغەی کاری هونەری کە ئەکادیمیەت و



ڕیالیستی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەو بناغەیەیان پێ داناوە، هەر ئەو جوانیەش لە هونەری ئەکادیمیەتی پەیمانگادا وای کردوە کە زیاتر قووڵ بێتەوە بەنێو ئەو قوتابخانەیەدا و هەموو ڕەنگەکان تاقی بکاتەوەو بیکات بە ئەزموونێکی پڕ لە توێژینەوەیی بۆ داهاتوویەکی ڕووناك لە هونەری شێوەکاری کوردیدا. هونەرمەند خاتوو نەسرین فەتاح مرۆڤێك و هونەرمەندێکی چالاکی کوردە لە شاری سلێمانی بەردەوام سەرقاڵی پڕۆژەو کاری نوێ ی ئەو جیهانە سروشتیانەیە کە جوانی دارستانەکان و گوڵەکان و پێ دەشتەکان و میوەکانی کوردستان بەتایبەتی هەنارو دەنکە هەنار ببێتە خاڵی تێروانین لە چەقی کارە هونەرییەکانی دا.

بۆچی سروشت ! وە بۆچی دەنکە هەنار ! وە بۆچی ئەو دارو سروشتەی کە بێ نازن لە سروشدا ! لە دیدەم بۆ کارە هونەریەکانی خاتوو نەسرین دا ئەو پرسیارانەم لا دروست بوو، کە بۆچی ئەوەندە ووردەکارو بەتامەزرۆ و سەلیقەیی تابلۆکانی نەخشاندوە. من وەڵامەکانم ئاو بەو شێوەیە لێك دایەوە کە سروشتی کوردستان وێنەیەکی جوانی ڕووحی مرۆڤە وە دیمەنە جوانەکان سەرەنج ڕاکێشەرن بۆ هونەرمەندێك کە بتوانێك ئەو ڕەنگە جوانانە بەدەستی خۆی بنەخشێنێت و بەرهەمی جوانیەکەی ببینێت، لەگەڵ ئەوەی کە هونەری ڕیالیستی لە مێژوودا ڕۆڵ و گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە بەتایبەتی لە سەدەی زێڕیندا، وە تاوەکو ئێستا لەهەموو پێشانگا و کۆڕو کۆبونەوە و ڤیستیڤاڵەکانی


ئەوروپی و جیهانیدا هونەرمەندان بەردەوامن لەسەر ئەو کارە هونەری یە وە پێشکەوتووی گرنگیان بەدەست هێناوە، هەربۆیە من ئەو کارانەی خاتوو نەسرین فەتاح کاکەبرا کەمتر نابینیم لەو کارە هونەریانەی کە ئەمڕۆ لەگەلەری و مۆزەخانەو هۆڵ و سەنتەرە هونەریەکاندا دانراوە لەئەوروپا، من بۆخۆم ئامادە بوومە لە چەندین نمایش و مۆزەخانەی جیهانیدا، قەد کارەکانی هونەرمەند بەکەمتر نازانم لەو کارانەی کەلە جیهاندان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە کارەکانی هونەرمەند نەسرین جێگای سەرەنج و تێڕوانین، لە ڕووی خۆ ماندوو کردن لەو بەرهەمە کارە هونەری یە کە جوانی سروشتی تۆمار کردووە تێدا.

زۆر هونەرمەندی شێوەکاری هەیە لە جیهاندا ناسراوە بە شێوازێک یان هێمایەك یان ڕێبازێک لە جۆری کارە هونەریەکانیدا، هەنارو دەنکە هەناریش من وای دەبینیم گێڕانەوەی ڕۆمان و چیرۆکی سەرگوزشتەیەکی جوان وتاڵی خاتوو نەسرین بێت وە نمونەیەکی زیندوو بێت بۆ چاوی بینەرانی لەکارەکانیدا، ئەوەندەی ڕەچاووی بیرۆکەکانی کردبێت ئەوەندەش ڕەچاوی قوتابخانە هونەریەکەو ڕیالیستیەتی هونەرەکەی کردوە، وەکو باسم کرد بەرهەمەکانی هونەرمەند نەسرین ئەکادیمیەتی هونەرەکەی بەرزە لە دانانی فرشەو دابەش کردنی فۆرمەکان و بیرۆکەکان، وە زۆر بە وورد بینی مامەڵەی کردووە لەگەڵ ڕەنگەکان وە نزیك بوونەوە لە سروشتی ڕیالیستی ڕەنگەکان، ئەمە واتای ئەوەیە کە توانیوێتی جیهانی سروشتی بە شێوەیەکی جوان



وڕەنگین بگوازێتەوە بۆ مێشك و دەروونی و دواتر لەسەر کەڤاڵەکان دایان بڕێژێتەوە، سروشتێکی مات و بێ دەنگ بەبێ مرۆڤ و ئاژەڵ، واتایەکی گرنگ دەداتە بینەران، ئەگەر چی تەنها سروشت دەدوێت وەکو خووڕەی ئاووی سازگارو لەرانەوەی دارو گەڵاو میوەی سروشت و کەوتنی دەنکەکان بە بێ دەنگی.. ئەمە گەڕانی خەڵکە بۆ ئەو بێ دەنگی یە کە پێویستی پێ یەتی.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خاتوو نەسرین فەتاح کاکە برا بەشداریەکی چالاکی هەیە لە پێشانگا هونەریەکانی کوردستاندا بەتایبەتی بەشدار بووە لە زۆربەی پێشانگاکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و هونەرمەندانی کورد لە کوردستان و خاوەنی ٣ پێشانگای تایبەتی خۆیەتی وە بە شدار بووە لە ٢٠ پێشانگای هاووبەش، بەردەوامی هونەرمەند گرنگترین کارە کە هونەرمەندەکە ئەنجامی دەدات وە لەهەر پرۆژەیەك و کۆمەڵە کارێکدا کۆمەڵێك تایبەتمەندێتی و شێوازی تایبەتی تر دێتە کایەوە وە دێتەوە نێو کەڤاڵەکانەوە، خاتوو نەسرینیش ئەو هەنگاوەی ناوە وە دەیەوێت ئەو هەنگاوە بنێت کە سروشت لە چاوی خۆیەوە بکاتە وولاتێکی جوانتر و سەرسوڕهێنەر تر وە دەیەوێت هونەری ڕیالیستی لەئاستی بەرزی خۆیدا لە کوردستان و دونیادا بهێڵێتەوە بەو کارانەی کە ئەمڕۆ لە گەلەری و نمایشەکانیدا دەیان بینین.



## هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس سەڵاح حەمە ئەمین

هونەرمەندو ڕۆژنامەنووس سەڵاح حەمە ئەمین کەسایەتی و هونەرمەندێکی ناسراوی شاری کەرکووك کە پتر لە ٣٠ ساڵە دەیناسم وە پێکەوە کاری هونەری و ڕۆشنبیری هەمە جۆرمان ئەنجام داوە بەتایبەتی لە ساڵانی هەشتاکان کە هەموو کۆڕو کۆبونەوەیەك قەدەغە کراو بوو، بەڵام شەقامی کۆماری و چاپخانەکەی ئەبو عاسی و هۆڵی هونەری نوێ سەر بە سەنتەری ڕۆشنبیری ناوخۆی عێراق، وێستگەی هەموو ئەو دیدارو بەیەک گەیشتنانە بوون کە لەگەڵ ڕۆشنبیران و هونەرمەندانی شاری کەرکووك دا کە کێ زیاترو چۆن بتوانین



پەیوەندیەکانمان و کاری هونەری بخەینە خزمەتی خەڵکی شارەکە، کە میللەتی کوردی تێدا دەچەوسایەوە.

سەڵاح الدین محمد ئەمین ناسراو بە سەلاح حەمە ئەمین لەساڵی ١٩٥٨ لە گەڕەکی بەگلەر لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، لە سەرەتایی هەشتاکانەوە لەگەڕەکی ئازادی دادەنیشێت لە قۆناغەکانی خویندنی سەرەتایی و ناوەندی بەشداری لە چەندین پێشانگەی هاوبەشی قوتابیان و خویندکارانی شاری کەرکوک کردووەو چەندین خەڵات کراوە.

ئەو ساڵانەی کەمن هونەرمەند و ڕۆژنامەنووس سەلاح حەمە ئەمینم ناسی هەستم کرد کە مرۆڤێکی خاوەن ئەزموون و شارەزای بیبلۆگرافیا و کەسایەتی یە ناسراوەکانی شاری کەرکووکە وە پەیوەندییەکی باشی هەبوو لەگەڵ هەموو ڕۆشنبیرانی شارەکە بەتایبەتی شاعیران و نوسەران و هونەرمەندان و تەنانەت کەسایەتی یە سیاسی یەکان، وە مرۆڤێکی چالاك وبەرهەمداری ئەدەبی و ڕۆشنبیری بوو لەو کاتەی وەکو باسم کرد حکومەتی بەعس هێمای سەرسووڕمانی لەسەر هەموو کەسێك دانابوو، زمانەوانێکی عەرەبی باش بوو بەتایبەتی نوسین و بڵاوکراوەکانی بە زمانی عەرەبی جێگای سەرەنجی نووسەرە عەرەبەکانیش بوو، بناغەیەکی باشی هەبوو لەگەڵ کاری فۆگرافی وە کار کردن لەنێو کاری فۆتۆگرافی شێوەکاریدا، بەتایبەتی ستودیویەکی هونەری هەبوو بۆکاری چاپ و وێنەگرتن و شۆرینەوەی فۆتۆکان و کارکردن بە مەرەکەبی





چینـی و جارێکـی تـر چـاپ کردنیـان، لـەو کاتـەدا ئـەو کارانـە کـەم بـوون وە کـەم هونەرمەنـد کاری لـەو بـوارەدا دەکـرد، بـەڵام هونەرمەنـد سـەڵاح بـە شـێوەیەکی زۆر وورد بینیانـە کاری میناتـۆری ئەنجـام دەدا لـە پێوانـەی بچـووك و گـەورەدا، هـەروەك باسـم کـرد ئەزموونێکـی گرنـگ و باشـی هەبـوو لەگـەڵ کاری شـێوەکاری وە بەشـداری هەبـووە لەسـاڵانی ١٩٧٧ بەتایبەتـی لـە پێشـانگای هونەرمەندەانـی کەرکـووک لـە سـاڵی ١٩٧٧ دا، مـن دەمەوێـت سـەرەنج بخەمـە سـەر ساڵانی هەشـتاکان کـە سـەردەمی زێڕینـی هونـەرو ڕۆشـنبیریەتی کـوردی بـوو لـە بـواری چـاپ و پەرتـووك و جۆرێتـی نوسـین و بـڵاو کـراوە، وە لـە ڕووی هونەریشـەوە ئـەو سـەردەمە هــەر بــە زێڕیــن بەنــاو دەبــەم چونکــە هونەرمەندانــی ئــەو ســەردەمە گرنگـی یەکـی زۆریـان دەدا بـە وهـزرو گـەڕان بـەدوای تازەگـەری و توانـاسـازی نـوێ، تێکـەڵ کردنـی سـەلیقەیی فۆتۆگرافـی لەگـەڵ هونـەری شـێوەکاری ئـەو کارانـە بـوون کـە لـە ئەزموونـی هونەرمەنـد سـەڵاح محمـد ئەمینـدا دەبیـنرا، بـەو کەرەسـەتە سـەرەتایانەی کەلـە جیهانـدا زۆر پێشـکەوتوو بـوو، بـەڵام لـەو سـەردەمەدا ئـەو جـۆرە کارانـە گرنگـی و جێـگای سـەرەنج بـوو، ئەگەریـش لـە ناوەڕوەکـی کارەکان وەکـو فـۆرم تەماشـا بکەیـن ئـەوا جەنجاڵـی سـەرەدەمی ئـەو سـەردەمە هونەرمەنـد خـاوەن بیرۆکـەو بابەتـی زۆر بـوون، بـەو قوتابخانـە هونەریـەی کـە زۆریـان ئابسـتراك و هێـما خـوازی هـزرو وورەکاریەکانـی دەردەبـڕی.

هونەرمەنـد سـەڵاح حەمـە ئەمیـن لـە ئەزموونـی ژیانـی هونـەری و





ڕۆشنبیریدا هیچ کات دانەبڕاوو بوو بۆ چالاکی و بەشداری لە گۆڕەپانی ڕۆشنبیری و هونەریدا، ناسراوە لە بواری نوسین و شیعرو ووتارەکانی وە بەشداریش بووە لە هەموو پێشانگاکانی شاری کەرکووك، لەگەڵ ئەوەی چەندین پەرتووکی بە چاپ گەیاندوە لە بواری هونەرمەندانی شاری کەرکووك وە شیعرو توێژینەوەو کاری وەرگێڕان.

هونەرمەند سەڵاح محمد ئەمین

ساڵی ١٩٧٧ بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووکی کردووە.

ساڵی ١٩٨٥ یەکەمین پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی هونەری نوێ لەکەرکووك کردۆتەوە.

ساڵی ١٩٨٦ بەشداری پێشانگای دووەمی هونەرمەندانی شاری کەرکووك کردوە لە هۆڵی هونەری نوێ.

لەسەرەتای ئازادکردنی شاری کەرکوک لەساڵی (٢٠٠٣) دا ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەکردنەوەی (ناوەندی کەرکوکی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان).

بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرۆکی ناوەندی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان بووە.

لە ساڵی (٢٠٠٨) دا کتێبێکی بەناونیشانی (ڕاستکردنەوەی مێژووی هونەری شێوەکاری لەشاری کەرکوکدا) بەچاپ گەیاند.

لە ساڵی (٢٠١١) دا ڕۆڵی یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی زنجیرە درامای (کەرکووک ٤) ی بینی کە لە چەند کەناڵێکی ئاسمانی پەخش

کرا. ئـەم زنجیـرە درامایـە لـە دەرهێنانـی هونەرمەنـد (ناسرحەسـەن) بـوو.

لەسـاڵی ٢٠١٨ بەهـاوکاری دەزگای داودی بـۆ گەشـەپێدان یەکەمیـن دیوانـە شـیعری بەناونیشـانی (موگـیء حلـم) بەچاپـی گەیانـد.

لەکۆتایـی سـاڵی ٢٠١٩ دا دووەمیـن دیوانـە شـیعری بەناونیشـانی (مرایـا مهشـمە) بەزمانـی عەرەبـی بەچاپـی گەیانـد.

لـە دووەمیـن پـرۆژەی کتێبـی شـێوەکاریدا ماوەیەکـە کار لـە نووسـینەوەی مێـژووی هونـەری شـێوەکاری شـاری کەرکـوک بەزمانـی عەرەبـی دەکات.

ئەندامی (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان - لقی کە رکوک)


ئەندامی (یەکێتی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک)

ئەندامـی (یەکێتـی گشـتی نووسـەران و ئەدیبانـی عیـراق - لقـی کەرکـوک)

ئەندامی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان)

ئەندامی (بنکەی ئەدەبی و روناکبیری گەلاوێژە)





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد خالید ستار

هونەرمەنـدی شـیوەکاری کـورد خالیـد سـتار لەسـاڵی ١٩٥٤ لـە شـاری کەرکـووك لەدایـك بـووە، قوتابخانـەی سـەرەتایی هـەر لـە کەرکـووك تـەواو کـردوە تـا پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی، لەبـەر بارودۆخـی کەرکـووك و هەڵوێسـتەی کوردایەتـی لـە تەمەنـی شـانزە سـاڵی یـەوە پەیوەنـدی بـە شۆرشـی کوردسـتانەوە کـردوە تاوەکـو سـاڵی ١٩٧١.

لەسـاڵی ١٩٨٥ لەگـەڵ خێزانەکەیـدا ڕوویـان لـە وولاتـی سـوئید کـردووە، پـاش گیرسـانەوەی لـە وولاتـی سـوئیدو تێکەڵـی لەگـەڵ زمـان و کەلتـوورو ژیـان و ڕۆشـنبیری درێـژەی بـە هونـەری شـێوەکاری داوە، لەسـاڵی

١٩٨٧ تاوەکو ١٩٨٩ بۆ دوو ساڵ هونەری کاری سیرامیکی خوێندووە، لەگەڵ ئەوەی بناغەکانی هونەری شێوەکاری ئەکادیمی خوێندوە چ لە هێڵکاری یەوە تا دەگاتە تاقی کردنەوەی ڕەنگەکان و شۆڕ بونەوە بەنێو تایبەتمەندێتی هونەری سیرامیکی کە بەشێکی گرنگە لە هونەری شێوەکاری، بە تایبەتی دەموو چاوەکان و لەش ولاری مرۆڤ و سروشت، وە تاقی کردنەوەی کارە ئاوی یەکان و پاشان تێکەڵ بوون لەگەڵ کەرەستەی جۆراو جۆر وەکو ئەکریلیك وگواش و ڕۆنی، بێگومان کاری هێڵکاری و پلان دانان سەرەتاو بناغەی ئەو هونەرەیە، هەربۆیە بۆ هەرکارێك ئەو بناغەیە هێڵکاریی یەی دارشتوە وە لەسەر ئەو بناغەیە توانیوێتی ٧ پیشانگای تایبەتی بکاتەوە بە کۆمەڵێك لە ئەزموونی جیاجیا، کە دەربڕین لە ئازارەکانی مرۆڤ و یادو بیرەوەری ڕابردوو و دەموو چاوەکانی نیشتیمان و ئازارو مەینەتیەکان و کۆچ کردن و زیندانییەکانیان و تاراوگەو غوربەت ودووری وولات و کەلتووری کوردەواری و کارکردن بۆ ژیانە سەرەتاییەکان دەکات، ئەمانەو چەندین بیرۆکەی تری هونەری کە پۆشاکی کوردەواری بۆتە تایبەتمەندێتی بۆ کەڤاڵی کوردی ئەمەش هزری هونەرمەند خالید ستارە لە وورد بونەوە لەنێوەڕوەکی کارە هونەریەکانیدا.

سەرەتایی گەیشتن بە وولاتانی ئەسکەندەنافیا لە وولاتێکی پڕ لە کێشەو ململانی وە ئازار بەخش بۆ وولاتێکی ساردو هێدی کەرەوە، بە دوو سێ قۆناغ کارە هونەریەکان شی کردنەوەی بۆ دەکرێت،





قۆناغی کەرکووك و یادەوەرییەکان وە قۆناغی شەڕو ململانێ وە قۆناغی کۆچکردن بەرەو هەندەران، دواتر نیشتە جێ بوون لە وولاتی هێدی کەرەوەی هزری ماندووی هونەرمەندێک، ئەمانە هەموو ئەزموون و دەست کەوتی بیرۆکەی ئەو هونەرمەندەن کە مرۆڤ کاتێك بەرانبەر بە تابلۆکانی دەوەستێت وە نیگا دەکات مێشك و هزر دەتباتەوە بۆ سەردەمی دروست بوونی ژیانداری لە بەسەرهات و کەلتووری ئەو جێگایەی کە تێیدا ژیاوە، ئەمەش لە کارە هونەریەکانی و پێشانگا جیاجیاکاندا نمایش دەکات و هەریەك باسی بەسەرهات و کێشەیەك دەکات بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی.

ئەگەر دیدەیەك لە چوار چیوەی کەڤاڵەکان بدەیت ئەوا ڕەنگەکان گەرمن وە لەدایك بووی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە بەتایبەتی چیاکان،

کەلتووری چیاکان و ڕۆژهەڵاتی بەشێکی گرنگی کارە هونەریەکانن، وەکو باسم کرد وولاتی سوئید و هێدی بوونەوە کار دەکاتە سەر بیرو هزرو ڕەنگەکانیش لەدوای مانەوە بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن بێگومان گۆڕانکاری دێت بەسەر هەموو ئەو پرۆسانەدا کە هونەرمەند پێیدا تێ دەپەڕێت، وەکو کاڵ بوونەوەی ڕەنگەکان وە کەم بوونەوەی فۆرمەکان و جیهانی میوزیکێکی هێدی کەرەوە دەبنە دیوارەکانی ئەو کارە هونەریانە، بەڵام هەر لە کۆتادا ئێش و ئازارە بنچینەییەکان کارتێکراوی تایبەتی خۆی دەمێنێتەوە لە سەر ڕووبەری کەڤاڵەکان.

ستایلی کاری هونەری گرنگی یەکی تایبەتی خۆی هەیە، هەروەك دیارە لەکارەکاندا ڕیالیستی وە ئەکادیمی بناغەی ئەو کارە هونەریان، لەزۆر فۆرمدا پەنا بۆ ڕیالیستی دەربڕین خوازی وە جارێکی تر گەڕانەوە بۆ ڕیالیستی سروشتی کە وێنەو سیمای ئەو سروشتە دەبەخشێت کە مرۆڤ چۆن تێیدا دەژیت، واتە دەووروبەر کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە بۆ گواستنەوەی لە دووربینی چاوی یەوە بۆ فۆرمەکان، ئەوەی من بەدی دەکەم لەکارە هونەریەکاندا سوود وەرگرتن بووە لە کارو ئەزموونی هونەرمەندانی جیهانی وە مێژووی هونەر لە جیهاندا، بەڵام گرنگی کارە هونەریەکانی هونەرمەند خالید ستار ئەو کەشە تایبەتی یەیە کە خۆی داهێنان و تازەگەری تێدا دروست کردوە و، هەرجارەی بە شێوەو فۆرمێك.

هونەرمەند خالید ستار لەگەڵ کاری سیرامیکی کە پسپۆڕی تێدا



هەیە و تێکەڵی قوتابخانە هونەریەکانی ئەکادیمی بووە، کاری هونەری کاریکاتیوری کردوە وە کۆمەڵێك بەرهەمی جوانی هەیە بەتایبەتی بەشداری کردوە لە یەکەمین دیداری نێودەوڵەتی کاریکاتێر وە بە کارێك بەشداری کردوە. بێجگە لەوەی لە ڕۆژنامە و بڵاو کراوەکاندا کاریکاتیورەکانی بڵاو کراوەتەوە.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد خالید ستار بەشداری کردوە لە نزیکەی ٨٠ پێشانگای گشتی لە وولاتی سوئیدو ئەوروپا.

ئەندامی هونەرمەندانی ڕۆژئاوای سوئیدە

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە



## هونەرمەندی شێوەکار خاتوو(موژدە ڕازی) لە پێشانگای گفتوو گۆی ژیاندا

هونەرمەند خاتوو موژدە ڕازی محمد لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، لەساڵی ٢٠٠٥ وە ٢٠٠٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواو کردوە بە شی پەیکەرسازی.

بەشداری لە چەندین پێشانگای هاوبەشی کردوە لە پارێزگاکانی کوردستان.

سەرەڕایی سەردەمی کۆرۆنا و پەککەوتنی زۆر چالاکی هونەری لە هەموو جیهاندا، هونەرمەندی شێوەکار خاتوو موژدە ڕازی ئەو ئامادەیەی



هەبوو لە پێشانگایەکی شێوەکاری لە ٣٠ کاری هونەریدا ڕێکی بخات و پیشانی بینەرانی هونەری بدات کە بریتین لە شێوەکاری ڕەنگاو ڕەنگ و ڕیلیف و کارە کۆلاجەکان و فۆرمە جیاوازەکان کە دەربڕینن لە ئازارو مەینەتی مرۆڤ لەم سەردەمەدا، وە کاری ئەکادیمی کە ئامادەیەکی دیارو بەرچاوی هەبوو لەو پۆرترێت و دەموو چاوانەی کەبە ڕەنگ کیشاوێتی یان بە ڕیلیف دای ڕشتووە، ئەزموونی هونەرمەند ووردو چڕن وە بیرو هزری بەرفراوانن لە هەڵبژاردەی بابەتەکان وە گەڕانەوە بۆ رابردوو، لە فۆرمی کۆمەڵایەتی وەکو خێزان و کۆکردنەوەیان وە ئازاری تاکە کەسایەتییەکان و سروشتی گیان لەبەرو ماسییەکانی بن دەریاکان ئەمانەو چەندین بیرۆکەی تری جیاجیا کۆکراوەی تابلۆکانی هونەرمەند خاتوو موژدەن، وە بێگومان توانیوێتی ئەو سەرکەوتن و جوانکاری یە بەکار بهێنێت کە لە پانتایەکدا بیرو بۆچوون ڕاکان کۆبکاتەوە و لەئەزموونێکدا دایان بڕێژێت.

ڕێبازی ئەکادیمی و ڕیالیستی و دەربڕین خوازی ئەو قوتابخانە هونەری یەیە کە فۆرمەڵەی کارەکانی تێدا کۆکردۆتەوە وە قۆناغێکی تری کارە هونەریەکان ئەو شێوازەیە کە تایبەتمەندێتی هونەرمەندی تیادا بەدی دەکرێت ئەویش بە بەکارهێنانی کەرەستە جیاوازەکان و ڕەنگ کردنیان و دروستکردنی پاڵپشتی هونەری بۆ ئەو ڕێبازە هونەری یە، ئەمەش بێگومان بە قۆناغێکی پڕ لە ئەزموونـدا تێدەپەڕێت وە خۆی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی کە فۆرمەکان لەو چوارچیوەیەدا دایانبڕێژێت.

هونەرمەندی شێوەکار خاتوو موژدە رازی وەکو خانمێك بێگومان



تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ دەست نیشانکردنی لە بابەتەکان وە جیاکاری لەکارێکی تر، ئەوەش لەو ووردەکاریانەدا دەبینرێت کە کەسایەتی پەیوەندی تایبەتی هەیە بە کارو پیشەکەیەوە، وەکو مامۆستایەکی هونەر بێگومان قوتابیان پێ دەگەیەنێت و حەزو ئارەزوەکانیان لە ڕێگای کاری دەستی و تیوری وپەرەکتایکەوە بۆ چوونە پەیمانگای هونەرە جوانەکان و دروست کردنی حەزو خۆشەویستیان بۆ مرۆڤ و نیشتیمان و هونەرو کەلتووری وولاتەکەیان. وەکو ئافرەتێکیش توانیوێتی نەهامەتی کۆمەڵگا لە ڕێگای تابلۆکانی یەوە دەخاتە ڕوو، هەر بۆیە لەم پێشانگایەدا ئەو هەموو ئەزموون و حەزو ڕووداوانە دەبینرێت.



## شێوەکاری کورد حوسێن عەبدول کەریم

کەڤاڵەکان.. ڕەنگ دانەوەی سروشتی ڕووداوەکان و ئەزموونی هونەرەکەیەتی

کۆتایی ساڵانی شەستەکان وە سەرەتایی ساڵانی حەفتاکان ئەو دەسپێکە هونەری یە بوو کە هونەرمەندی شێوەکاری کورد حوسێن عەبدول کەریم هەنگاوی نا بەرەو پرۆژەی قووڵ بونەوە لەنێو هونەری شێوەکاری جیهانی و ناوچەیی و دەوروبەر بە تایبەتی.

هونەرمەندی شێوەکار حوسێن عەبدول کەریم لەساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی ئەخی حوسێن لە کەرکووک لەدایك بووە، لە قۆناغی سەرەتایی

ناوەڕاستی ساڵانی شەستەکان لە قوتابخانەی الغزالی مامۆستای هونەری فەخری وەلی یەکەم هەنگاوی هونەری فێرکردوە بەکاری جواننوسی و هەڵکۆڵینی نوسین لەسەر ڕووبەری تەختەکان، بێگومان ئەوەش حەزو ئارەزوویەکی گرنگی لەلای هونەرمەند دروست کردوە بۆ زیاتر پەرە بە کارە وهونەریەکانی بدات تا کۆتایی قۆناغی ناوەندی، دواتر لە قۆناغی ئامادەیی ئیمام قاسم لەکەرکووك بەسەرپەرشتی مامۆستا (فەخری جەلال) وانەو پێگەیانی هونەری وەرگرتوە وە زۆر لە هونەرمەندانی ناسراوی ئەو شارە قوتابی مامۆستا فەخری بوون وەکو (خوالێخۆشبوو غازی مەحەمەد و ئاری بابان و مەتحەت کاکەیی و خالید ستار...هتد).

هونەرمەندی شێوەکار حوسێن عەبدول کەریم سەبارەت بەو قۆناغە دەڵێت "من زۆر جار دەچووم بۆ ستیودیو هونەری یەکەی مامۆستا فەخری جەلال وە فێری کاری ئەکادیمی و ڕەنگ و ئەکریلیك وە کاری ڕۆنی و پەیکەرسازی دەکردم، وە زۆر جار دەبووم بە مۆدێل و سوودم لە بەهای وانەکانی وەردەگرت، وە وانەی تێروانینی لاکان و ئەزموونی ڕەنگەکانی فێردەکردین).. زۆر جار ئازارەکان ئەوەندە زۆرو هەڵقوڵاون تەنگ بە کەڤاڵ و زنجیرە پرۆژەکان دەهێنێت، بە شێوەیەك هەڵچوونی دەروون دەگاتە ئەوپەڕی پشوو خواردنەوە، هەروەك لە ووتەیەکی خۆیدا باسی لێوە دەکات "وێنەکانم زۆریان گوزاریشتە لە ناخۆشیەکان و ئازارەکانی مرۆڤ، بزر بوونی دوو برام لە شەڕی عێراقی و ئیرانی و لەناوچوونی خزمانم لە پرۆسەی ئەنفال ساڵی ١٩٨٨ و ڕووداوەکانی



شاری کەرکووك بە درێژای مێژوو، وای کردوە کە کارە وهونەریەکانم ڕەنگ دانەوەی ئەو ئازارو مەینەتیانەیە".

هونەرمەند کەلەدایك بووی ئەو سەردەمەیە بێگومان هەر دەربڕین لەو بەیەکدانی هێڵ و ڕەنگانە دەکات، یان ئەو کاتەی هونەرمەند لەو سەری ترۆپکی خەمەکانی یەوە دەوەستێت ئاوڕ لە مێژووی ژیان و ووڵات و نیشتیمان دەداتەوە، ئیدی ئەو هەموو ئازارانە یەک دەگرن و ڕێڕەی خۆیان شۆڕ دەکەنەوە بۆ نێو ئەو کارو کەڤاڵانە کە بێ دەنگ و بێ زمانن.. ئەو پەیکەرەی کە تەنها زمان ناگرێت و نایەتە وەڵام دەردە سەریەکان و بیرۆکە وفۆرمەکان هەمان ئەو خەمانەن بەسەریدا گوزەر دەکات ولە ڕووح و جەستەدا گرمۆڵە دەبێت، خەونی سەر هەورەکانیش هەروەك ئێستای ژیان ساردو سڕن، هەر بۆیە پێویستیان بە ئامێز گرتن و دڵنەوایی هەیە لەژێر دەستی ئەو هونەرمەندەی کە تەمەن و تاڵە قژەکانیشی بۆ سپی کردووە.

ئەگەر دیدەیەك بەنێو ئەزموون و تەمەنی هونەری هونەرمەندی شێوەکار حوسێن عەبدول کەریم بدەین دەتوانین چەندین قۆناغی جیاجیای بۆ دابنێین لەوانە قۆناغی ئەکادیمی و توێژنەوەیی بۆ پۆرترێت و ستیلایڤ و ڕێبازی ڕیالیستی کە هونەرمەند لەدوای نیوسەدە زیاتریش وەکو ڕێبازێك بەکارە هونەریەکانی یەوە دەبینرێن، وە کاری خۆشنونوسی یان جواننوسی کە تێکەڵی جیهانی هونەری شێوەکاری کردوە کە پاڵپشتی کارەکان ئەو ڕەنگانەن کە دەگونجێن لەگەڵ جۆری





ووشەکان یان ئەو ووتەیەی کە هونەرمەند مەبەستێتی بۆ جوانکردنی کارە هونەرێکەی، لەگەڵ ئەوەی کە باسمان کرد هەر لەسەرەتاوە دەستی بەو کارە کردوە کە ووشەکان و جواننوسی لەسەر تەختەو فایبەر ببڕیتەوە، قۆناغیکی تر ئەو قوتابخانە هونەریەیەی کە پێ ی دەڵێن ڕیالیستی دەربڕیخوازی و هەڵبژاردەی ڕەنگە ماتەکان و لاوازی لاشەکان ئەوەش تایبەتمەندێتی یەکە بۆ هونەرمەند کە بە شێوازێکی تایبەتی هەڵبژاردەی کردوە.

گەڕەکە کۆنەکانی کەرکووك چ لە ئیمام قاسم وە ئەخی حوسێن یان جووت قاوە تا شۆڕ دەبیتەوە بۆ خان خوورما، ئەمانەو چەندین چێگای تر وەکو قەیسەری کەرکووك و قشڵە و قەڵا لەهەر چوار لاوە، بابەت و فۆرم و جوانی و مێژووی و ناسنامەیەکی زیندووە بۆ هونەرمەندو کارەکانی کە بەڕەنگی سروشتی خۆی کێشاوێتی وە نمایشی پێشانگاکانی کردووە، گرنگی دان بە کەلتوورو کەلەپووری کوردی لە ڕێگای هونەری شیوەکاری یەوە، ئەو مانایانەن کە گەلێك زیندووە وە هونەرمەند حوسێن توانیوێتی زیندوێتی ئەو ڕۆژگارانە بپارێزێت لەنێو کەڤاڵە هونەریەکانیدا.

جۆری کارکردن لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند حوسێن دا کاری ڕۆنی و ئاوی وە ئەکریلیك بە چەقۆ وە بە فلچە توانیوێتی ئەو پەیامە هونەری یە بگەیەنێت کە بینەر بەرانبەر بەکارە هونەریەکان دەوەستن و دیدەی لێ دەکەن، وە بەکارهێنانی کەرەستە جیاجیاکان ئەویش قۆناغ



و ئەزموونێکی درێژە لە لاپەڕەکانی هونەرمەندا، بەتایبەتی دروست کردنی بەرزی و نزمی وە مەودای ٣ دی بۆ کارەکان هەنگاوێکی ترە بۆ فرە جۆری ڕێبازە هونەرییەکەی، بەتایبەتی لەو کارە هونەریانەی کە سروشت و چیاکان بە ڕەنگالە و بەکەرەستەی جیاجیا و هەست کردن بە دەرکەوتەی ئەو بابەت و فۆرمانە... ئازارەکان و دیسان ئازارەکان هەوێنی ئەو ڕۆژگارانەن کە مرۆڤ بەسەریدا تێ دەپەڕێت وە لەکۆتادا دەبێتە ئەو بیرۆکەو فۆرمانەی کەلەسەر ڕووبەری تابۆکەیدا دەینەخشێنێت.

هونەرمەند حوسێن عەبدول کەریم لە سەرەتایی ساڵی ٢٠٢٠ وە وەکو هونەرمەندێکی شێوەکار مامەڵەی لەگەڵ بارودۆخی ئەمڕۆی کۆڤید ١٩ کردوە کە هەموو هونەرمەندانی جیهان ئەوانیش کاریان بۆ



ئەو پەتایە کردوە، بەتایبەتی زۆر پێشانگا کراوەتەوە کەدەربڕین لەو ڕووداوی کۆڤید ١٩ دەکات، هەربۆیە لە چەندین تابلۆی هونەرمەندا ئەو فۆرمانە دەبینین لە ڕووخساریاندا کە هەموو هونەرمەندانی جیهان خاڵێکی فۆرمەڵەی هاوبەشیان هەیە ئەویش وێنە کێشان و داتاشینی دەمووچاوی ئەو مرۆڤانەن کە تووشی کۆڤید ١٩ دەبن.

هونەرمەند لە ساڵی ٢٠٠٥ وە هاوبەشی لە چەندین پێشانگادا کردوە لەگەڵ زۆر لە دەزگاو سەنتەرو گەلەرییەکان وە بەشدار بووە لە زۆر بۆنەو یادو پێشانگا هاوبەشە هونەرییەکان تاوەکو ٢٠٢٠. بێگومان لە ساڵانی حەفتاکان وهەشتاکان چەندین چالاکی هونەری هەبوە وە بەردەوام نمایشی کارە هونەریەکانی کردوە، وە بەشدار بووە لە ڤیستڤاڵە جیاجیاکان چ لە کەرکووك و بەغدا و سلێمانی و دهۆك وە بەشدار بوە لە پێشانگای ١١ هونەرمەندی کەرکووك لە هۆڵەندا وە لە ئەڵمانیا.

وەکو کاری خۆشنوسیش بە شداریەکی زۆر کردوە لە پێشانگا هونەریەکان چ لە کەرکووك و بەغداو وڵاتانی عەرەبی وە لە سەنتەرە کەلتووری و هونەریەکان.

ئەندامێتی هونەرمەند حوسێن عەبدول کەریم

١٩٧٨-١٩٧٩ بەکالیوروسی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.

ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی کوردستانە لە لقی کەرکووك.

ئەندامی شێوەکارانی عێراقە لقی کەرکووك.

ئەندامی ڕێکخراوی خۆشنوسانی عێراقە لقی کەرکووك.



## شێوەکاری کورد حەمە هاشم لەنێوان مێژووی هونەرو هاوچەرخیدا

هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد هاشم ناسراوە بە حمە هاشم ناسینی من دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ١٩٩٢ وە ١٩٩٣ کاتێک مامۆستای بەشی پەیکەرسازی بووم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر، قوتابیەکی لەسەر خۆ وە وورد بینین بۆ ئەکادیمیاو زانستی هونەرە جوانەکان، ئێستاش مامۆستایەکی پڕ لە زانستی هونەری و ئەزمونێکی چڕو پڕ لە مێژووی هونەری شێوەکاری کە وانەی مێژوو وە هێڵکاری و وانەکانی تریش بە قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەداتەوە



لەهەولێر..

حمە هاشم لەساڵی ١٩٧٣ لە شارۆچکەی کۆیە لەدایك بووە، دە پیشانگای تایبەتی کردۆتەوە وە زیاتر لە ١٠٠ پیشانگای هاوبەش بەشدار بووە. لە ووڵاتانی (فەرەنسا - ئەلمانیا - بریتانیا - هندستان- میسر- رۆمانیا- تورکیا- ئێران- - ئەمریکا) و زۆر لە وڵاتانی دیکە پیشانگای تایبەت و هاوبەشی هەبووە، سێ پەرتووکی هونەری نوسیوە بەناوی(ڤانکوخ و ڕودان و هونەری پێرۆز) لەگەڵ ئەوەی کە ووتاری شێوەکاری و رەخنەی هونەری لە زۆربەی بڵاوکراوەکانی کوردستاندا پەخش کردووە..

دووربینی چاوی هونەرمەند چۆن ڕووداوەکان وە چۆن ڕەنگەکان و تەلاری داتاشراوەکان و لا پەیکەرەکان و پاشماوەی مێژووی نیشتیمانێکی سەدان سەدە دەبینێت، وە بۆچی ئەو ئاوڕ لەو مێژووە کۆن و بەردینە و لادیوارە کۆنەکان و قەڵای هەولێرو هەموو پاشماوە مێژوویەکان دەکاتەوە،لەکاتێکدا کەم کەس هەیە ئاوڕێکی هەستیارانە بداتەوە بۆ مانەوەو پاراستیان لە ترسی کۆن بوون ڕوخاندنیان کە باس لە مێژوویەکی مرۆڤایەتی جیهانی دەکات.. هەنگاوەکانی هونەرمەند حەمە هاشم چی بوون وە فەلسەفەی ئەو هونەرمەندە چی یە بۆ خۆ دۆزینەوە لە نێو ئەو جیهانە پڕو بەرینە هونەریەدا کە ئاسان نییە!

بەپێ ی ئەزموونی هونەری وە ماندوو بوون لە نێو توێژەکان و مێژوو وە ئەزموونەکانی هونەری جیهانی وە هونەری کۆن وە تاقی





کردنەوەی پراکتیکی ئەو فۆرم و کەرەستانەی کە دەیانگونجێنێت لەگەڵ هێڵی پشتەوەی کارە هونەریەکان، وە خوێندنەوەی بۆ هونەری هاوچەرخ و دیدەی هونەر لە ئاستی جیهانیدا ئەو ئەزموونەمان بۆ ڕاست دەکاتەوە کە هەنگاوی چالاکترو پێشەکەوتر لە کارو پیشەکەیدا ببینرێت وە دەست ببات بۆ ئەو فۆرمانەی کە مێژوو خۆی تۆمار کردوە لە ڕابردوودا، کاتێك سەرەنج لە کارە هونەریەکانی دەدەیت ئەو قۆناغ بە قۆناغە زۆر بە ووردی لە نێو کەڤاڵە هونەرکەیدا دەبینیت وە دەتوانیت پشت ڕاستی بکەیتەوە وە دیدەیەکی تایبەتیت هەبێت بۆ هزرو بیرۆکەی کارەکانی، لەگەڵ ئەوەی قوتابخانە ئەکادیمی و جیهانی یەکان هەر یەك بە شێوەیەك لە زنجیرە کارەکانیدا بەدی دەکرێت، وەکو ئەوەی هەرجارەی هونەرمەند حەمە هاشم بە ستایل و شێوازێکی تایبەتی یەوە ببینیت وە لە جیهانێکی نوێ هونەریدا، ئەگەر بچیت بۆ ئەبستراك بێجگە لەوەی کە کاری پراکتیکی ئەنجام داوە لەپاڵ ئەوەشەوە چەندین نوسراو و توێژینەوەی لەسەر ئەو قوتابخانە هونەری یە بڵاو کردۆتەوە، سەبارەت بە فەلسەفەی ئەبستراك هونەرمەند دەڵێت :

**فەلسەفەی ئەبستراکت**

زۆرێك لە هونەرمەندانی ئەبستراکت خوازی جیهان باوەڕیان وایە کە فەلسەفەی ئەبستراکت پەیوەستە بە چەمکی ئەو پەیوەندییانەی لە نێوان حەقیقەت و ماترِیاڵ و بەرهەم درووست دەبێت، کە هاوکاریانە لە دامەزراندنی ئەو کەش و ساوە تایبەتانەی کە لە پانتایی

فۆڕمێك دەردەكەوێت و هێزێك لە گوزارشتی ناواخنی هونەرمەندەكە دەردەبڕێت لە میانەی هاوسەنگ بوونی هێڵ و پانتایی و ڕەنگەوە، كە لەوێڕا دەرهاویشتەی هەستە ناواخنییەكان شیتەڵ دەبن لە پانتاییەكی فۆڕمی سادەكراوە، كە بەهێزێكەوە دەرژێنە سەر مەساحەی كارەكە و ڕوانین داگیردەكات و باوەڕی پێدێنێت كە كارێكی ئیستاتیكی و پڕ چێژە.




چالاكیەكانی هونەرمەند حەمە هاشم وە جموجوڵەكانی پڕو چڕو لێكدەرەوانەن بۆ كار كردن لە بابەت و فۆرم و كەڤاڵ و ڕەنگەكاندا، واتە بۆ هەر بابەتێك وورد بینی خۆی هەیە وە دەیەوێت لاسایی كەرەوەی هونەری نەبێت وە كارێكی هاوچەرخی نوێ و سەردەمی بێت بۆ بینەرەكانی وە گۆڕانكاریەكی شێوەی ئەنجام بدات لەنێو كۆی هونەری شێوەكاری كوردیدا، ئەوەش بەو هەنگاوانەی دوایی لە دوو پرۆژەدا من دیدەیم تێدا كردوە چ لە پرۆژەیەكی زنجیرەیی لەكارە سوریالیزمی یەكان كە خۆشی ڕوون كردنەوەو توێژینەوەی هەیەو بڵاوی كردۆتەوە، واتە تێڕوانینێكی تایبەتی هەیە بۆ قوتابخانە هونەریەكەو كاركردن لەو بوارەدا، وە خوێندنەوەی فەلسەفەی ئەو





جیهانەی کە وا پیویست دەکات هونەرمەند سەرکێشی بۆ بکات و لەو زینجیرەیەدا کۆمەڵە کارێك بخاتە بەرچاوی بینەران، هەر لەو بوارەشەوە نیهاد جامی سەبارەت بەکارەکانی دەڵێت :

ئەم نووسینە قسەکردنە لەڕوانگەی زنجیرەیەک تابلۆی سریالیانەی هونەرمەندی شێوەکارحەمە هاشم"

هونەر رووبەری خەیاڵی مرۆڤی بیرکەرەوەیە، مرۆڤێک بیرکردنەوە لەناو زماندا دەگۆڕێتە سەر وێنەی زهنی، بۆیە ئەوە تووشی سەرسووڕمانیمان ناکات، کاتێک کارێکی هونەری لەدەرەوەی تێگەیشتنی باو وێنای دنیایەکیتر دەکات، ساتەوەختە ترسناکەکانی ژیان، گۆڕینی ترس لە مەرگ بۆ کاری هونەریە، مردن ڕووبەرێکە تەنیا کاری هونەریە دەتوانێت لەدەرەوەی ئەو ڕووبەرەوە وێنای جوانی بکات، مێژووی داهێنان لەهونەردا وێنای خەیاڵی گۆڕینی مەرگە، ئێمە لەو سەرەتایەوە نامانەوێت ڕووبەرێک بۆ دۆکۆمێنتێکی مێژوویی بخەینە ڕوو، کە چۆن هونەر لەناو ساتەوەختی مەرگ و جەنگە ترسناکەکاندا هاتووە و نەمریی بە زەمەن بەخشیووە، هەڵبەت ئەوە کاری پسپۆڕانی ئەو بوارەیە کە توێژینەوەی تیا ئەنجام دەدەن، ئەوەی ئێمە دەمانەوێت کاری لەسەر بکەین، زیندوویەتی کاری هونەریە لەساتەوەختێکی هەنووکەییدا.

سەبارەت بە قۆناغ وزینجیرەیەکی تری کارە هونەریەکان کە لە مانگی سێپتێمبەری ٢٠٢٠و پێشتر پلانی بۆ داناو دایانی ڕشتووە ئەو کۆمەڵە کارەن کە بە ناو نیشانی (مانگاکانی مەکتەبی سیاسی



بۆ فرۆشتن) کۆمەڵە کارێکە بە کەرەستەی ئەکریلیك وە کەرەستەی جۆراوجۆر دایانی ڕشتوە وە زۆر بە شێوازێکی ئەکادیمی و دابەش بوونێکی هونەریانەی بە خۆیەوە گرتووە، من لەو سەرە مانگاو گا زەبەلاحانەدا دەمگێڕیتەوە بۆ سەردەمی خۆم کە مێژووی هونەری شێوەکاریم دەخوێند بەتایبەتی سەردەمی سەرەتاکان واتە بەردین ئەو هێماو کەلە سەرو وێنانەم بەرچاو دەکەوتن بەتایبەتی لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان، وە گرنگی مانگا لە وولاتی هیندیستان وە کارە هونەریەکانی مامۆستا دارا حەمە سەعید کەلە ساڵانی ١٩٨٣ مامۆستای پەیکەرسازیم بوو، هەروەها کێشانی ئەو فۆرمانە لەلایەن هونەرمەندانی جیهانی یەوە لەسەدەکانی ڕابردوو یان ئێستادا، بەڵام هەر هونەرمەندێك تێڕوانین و بیرۆکەو دیدەیی خۆی هەیە بۆ ئەو جۆرە کارانە، ئەوەتا حەمە هاشم بە شێوازێکی تر دەیەوێت شتێکمان پێ بڵێت، ئەو کارانە لە پێوانەی ٣٠ سانتیم بە ٣٠ سانتیم کێشاوێتی، مانگان بۆ فرۆشتن ؟

بە هەولێری نامەکت لۆ دەنووسم

کاک دکتۆر فرسەتی پارێزگار

حەمە هاشم

ئەمن درم دێشی، ئەمن جەرگم دەسوتێن، هەر ئەمن نا، هەموو هەولێری یە ڕەسەنەکان، بە کورد و تورکمانەوە، پیاوە ئیختیارەکان دریان دێشی، رۆشنبیرەکان جەرگیان دەسوتێ وەختەک دەبینن هەرچی

ئاسەوار و خانیی جوانی قەدیمی شاری هەولێرییە وەکی ددانی باپیرم هەردەوەرێن....

سەرەتایی نامەیەکی حەمە هاشم بۆ پارێزگاری هەولێر ئەو پرۆژە هونەریە وە خەمخواردنە بوو کە دەیەوێت وەکو هەموو جیهان ئێمەش گرنگی بە ئاسەوارو ماڵە کۆنەکان و کەلتوورومێژووی قەڵای سەدان سەدەی هەولێرو کۆڵان و منارەو دیوارە کۆنەکان بدەین وە بە شێوەیەکی نوێ و هاوچەرخیانە پلانی چاککردنەوەو دیزاینی نوێ ی تێدا زیندوو بکەینەوە، بە شێوەیەك کە سەرەنجی هەموو گەشتیارو جیهان و خەڵکی کوردستان ڕابکێشێت، ئەمە ئەو هەنگاوە گرنگەیە کە هونەرمەند بەتەنها هەنگاوی بۆ ناوە وە خەمخۆری شارو کەلتوورو هونەرو ئاسەواری مێژینەکەیەتی.





## سەنگەر قوباد توێژەری شێوەکاری لە هونەری هاوچەرخ دا

هونەرمەندی شێوەکاری کورد سەنگەر قوباد ئەو مرۆڤەی کە دەم بەهەناسەی بەرزە چیاکانی گۆران پێ دەشتی ناوچەی جەباری.. پشتی زنجیرە چیای سوڵباتوو لە ڕۆژئاواشەوە بانی موقان.. تا چاو بڕ دەکات هەردەو هەڵەتێکی خاوەن مێژوو.. مێژوویەك پڕ لە ئازایەتی و نەبەردی و دیرۆکی مرۆڤی کورد لەو ناوچەیەدا تۆمار کراوە.. گوندی گۆران ئەو هەوارەی کە مامۆستا سەنگەر بەڕەچەڵەك ناسنامەکەیەتی.. لەساڵی ١٩٨٣ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەشی

شێوەکاری تەواو کردوە.. ئێستاش مامۆستایە لەبەشێ شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکووک.

گەرمیان.. ئەو ناوچەیەی کە خاوەن مێژووی دەستپێکی مرۆڤایەتی و هونەرو کەلتوورێکی جیاوز لە ناوچەکانی تر.. کەڵچەری کوردی گەرمیانی جیا تر لەناوچەکانی تر خوێندنەوە و تێڕوانین و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە بۆ کەرەستەو ژیانداری و دیالێکت و پەیوەندییەکانی ژیانی مرۆڤ.. وێستگەی کەرکووك ئەو مێژووە کۆن و دێرینەیە کە سەدان مامۆستا و ڕۆشنبیرو لێکۆڵینەوەرو شاعیرو چیرۆك نووس و ڕۆمان نووس و سیاسەتمەداری تێدا دروست بووە.. وێنەی کەلاوەکان یان شەقامەکان یان کوچە باریکەکان و دیوارە کەچینەیەکان و هونەری ئاراییسك لە نێو قەیسەری کەرکووك و قەڵاو قشڵە.. ئەمانە سەرچاوە زیندووەکانن کاتێك مرۆڤ ڕێگای هونەر و زانستی هونەر دەگرێتە بەر، ئیدی ڕەچەڵەکێکی فۆلکلۆرو مێژووی دەبێتە هزرو هەستیاریەك بۆ داهاتووی هونەرمەندەکان، لەوێشەوە هەنگاو نان بەرەو جیهانی هاوچەرخێتی کە هونەرمەند سەنگەر قوباد خۆی تێدا دۆزیوەتەوە و هەنگاوی لەسەر ناوە، ساتێك بۆ توێژینەوە و ساتێکیش لەگەڵ جیهانی ڕەنگەکان.. کەلەسەر بناغەیەکی ئەکادیمی و زانستی پەرەی بە هونەرەکەی داوە و گەشەی کردوە بە جۆرێك هونەرێکی مۆدرێن و هاوچەخ هاتۆتە کایەوە وە ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵ دەکات، لەپاش ئەوەی کە بە چەندین ئەزموونی تایبەتیدا تێ پەڕیوە وەکو نمایشی کارە هونەریەکانی لە گەلەری و پێشانگا تایبەتی یەکاندا، سەرقاڵی



وورد بوونەوە لە نوسین و زانستی هونەری شێوەکاری بۆ داهاتوویەکی پڕ لە ئاکار، ئەو هەنگاوانەی هونەرمەند سەنگەر قوباد هاوو تەریبە لەگەڵ شەپۆڵی هونەری نوێ و هاوچەرخی لە سەردەمی ئەمڕۆدا، هەرچەندە هەروەك خۆی دەڵێت "هونەر لە هەنگاو بەرەو دەرەوەی واقیعی واتە لە ڕیالیزمی یەوە بەرەو بابەتی تایبەتی و ناوەڕوەکی" هەروەها لە چەند دیدەیەکی تایبەتیدا دەڵێت "لەگەنجەکاندا هونەری مۆدرن ڕۆڵی تایبەتی خۆی دەبینێت وهەنگاوی نوێیان داناوە بۆ بەرەو هاوچەرخێتی، ناوەندە ئەکادیمی یەکان تەنها لە جۆری ئەکادیمی ماوەتەوە" ئەو دیدانەی هونەرمەند بێگومان لە ئەزموون و تاقی کردنەوەو توێژینەوە هاتووە، بۆیە باوەڕی بە ئەزموونی گەنجەکان و هەنگاونانیان هەیە لە هونەری مۆدێرنی ئەمڕۆی کوردی، کاتێك باس لە قوتابخانە ئەکادیمی یەکان دەکات، وورد بونەوەیە لە مانەوەی ئەکادیمەیەت لە چوارچێوەیەکدا وەکو خۆی دەبینێتەوە چونکە هەر ئەو بناغەیەیە لە قوتابی یەکان وە مرۆڤە هونەرمەندەکان لە سەر ئە بناغەیە هەنگاوی بۆ دادەنێن.

لە ووتەیەکی تری هونەرمەند سەنگەر قوباد لە سوسیال میدیاکاندا دەڵێت "هونەرمەندانی کۆن بە ڕواڵەتێکی کۆن کاریان کردووە وە بایەخ نادەن بە هونەری نوێ و بەربەست دەدانێن بۆ هەنگاو نان" بێگومان هەروا بووە هونەرمەندانی سەر بە قوتابخانەیەکی هونەری لە جیهاندا پارێزگاری لە قوتابخانەو ڕێبازو ڕێگا هونەری یەکەیان دەکەن، وە نایانەوێت ئەو مێژووە هونەری یە یان هەنگاوەکانیان بسڕێتەوە لە

مێژوودا، بەڵام ئەگەر مەبەستەکە لەوە بێت قوتابخانەیەکی هونەری قۆرخ بکرێت و نەیانەوێت شەپۆلی هونەری هاوچەرخ و مۆدرێن بێتە گۆڕەپانی هونەرەوە لە کوردستان یان لە عێراق، بێگومان ئەوە سنووردار کردنی بۆ بەرەو پێش چوونی هونەرە لەو ناوچەیەدا.

من دەمەوێت بچمە نێو جیهانە پڕ لە چالاکی یەکان و هونەریەکانی هونەرمەند سەنگەر قوبادەوە کاتێك هزرو دیدەو پرۆژەکانی پڕ و چڕن.. ساتێك بۆ قوتابیەکانی... وە ساتێکیش لە گەڵ جیهانی هونەرە هاوچەرخەکەیدا.. واتە دوو جەمسەری جیاواز لەهونەردا، بەڵام بەسەرکەوتوانە توانیوێتی ئەو پارسەنگی یە ڕابگرێت. ئەکادیمیەت وە ئاپستراك. ئەکادیمەیەت کاتێك وەکو قوتابخانەیەکی هونەری قوتابیەکان و بەرنامەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لەسەر دادەڕێژێت.. وە جیهانە پڕ جەنجاڵەکەی خۆی کە هونەرێکی هاوچەرخی وە ئاپستراکی ناوەڕوەکی تێدا بەرجەستە دەکرێت، وەکو کارو داڕشتنەکانیش هاو دەنگە لەگەڵ هونەری گرافیکی، بەڵام بە فۆرمەلەو ڕووبەرێکی مۆدێرن، کە ئەمە خۆی بۆ خۆی نوێ بونەوەی هونەری تێدا بەدی دەکرێت، لە هەڵبژاردەی ڕەنگەکانەوە من دەگەڕێمەوە بۆ دوو کارگەری، یەکەمیان.. ڕەنگ دانەوەی سروشتە گەرمیانی کەی خۆی کەلە ناوچەکەماندا بەدی دەکرێت لە هەڵبژاردەی ڕەنگەکان وەکو پێشانگایەکی بەناوی (تەون).. من دەڵێم بەن و تەون.. واتە دەستە ڕەنگینەکانی ئافرەتانی گەرمیانم لە دروست کردنی بەڕەو ڕاخەرو کارە دەستی یەکان کە ئەو کات بە ڕەنگ دەگیرایەوە وە





گەرمی ناوچەی گەرمیان لە ڕووی کەش هەواو هەڵکەوتەکەیەوە، بێگومان ڕەنگەکانە ئەو تایبەتمەندێتی یەی بەخشیوە.. ئەمە خۆی بۆ خۆی ڕەنگ دانەوەی هزرەکانە بۆ نێو کارە هونەریەکان.. لایەکی تر ئەو قوتابخانە مۆدێرن وهاوچەرخێتی یەیە کە هونەرمەند هەوڵی داوە گۆڕانکاری لە ناوەڕوەك و شێوەدا بەرپا بکات.

ئەگەر شەووکوێری و تاریکی ڕووبەری کارە هونەریەکان بێت ئەوا جەنجاڵی و سەردەمیانەش بەشێکن لە ژیان و ڕەنگ دانەوەی سروشت.. ئەگەر هاوچەرخێتی و سەردەمی ئەمڕۆی جیهانی و تێگەیشتن لەو جیهانە

نوێ یەدا هەڵگەڕاوەی سروشتەکان بێت.. ئەوا دیسانەوە فۆرمەلەکانی هونەرمەند بەشێکن لەو ڕاستیانە.. وورد بونەوە لەو جیهانە بێگومان لە ئەزموون و دیدەی جیاجیاوە لەنگەر دەگرێت.. وە بڵاو بونەوەی ئەو ڕێبازەش بێگومان ڕۆژانێك دەبێتە دیدەیەکی بینراو ئاسایی بۆ هونەری هاوچەرخ.. گەشە پێدانی ئەو قوتابخانەو ڕەوتە هونەری یە لەداوی ئەو هەنگاوانە دێت کە قوتابخانەکانی تر زۆر جار بەرەو پاشەکشە یان کاڵ بوونەوە هەنگاو دەنێن..

دەرکەووتنی هونەرمەند سەنگەر قوباد لە چالاکی و پرۆژە هونەریەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و بەشداری و کردنەوەی پێشانگا تایبەتی یەکانی بەتایبەتی لە ساڵانی ٢٠٠٧ وە کاتێك کۆمەڵە کارێکی نمایش کردوە لە گەلەرییەکانی ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان لە شاری کەرکووك وە لەگەلەری مۆزەخانەی نیشتیمانی شاری سلێمانی و هەر لەو ساڵەدا بەشداری لە پێشانگایەکی هاوبەشدا لە قشڵەی شاری کەرکووك، کارە هونەریەکانی بە شێوازی پەینتینگ و ئەکریال و ڕەنگەکانی تر و نمایش کردنیان لە هۆڵ وگەلەری یە جیاوازەکاندا چ لە شارۆچکەی چەمچەماڵ وە کەرکووك و سلێمانی و هەولێر و شارەکانی تر، ئامادەیی هونەرمەندە لە گۆڕەپان و نێوەندی هونەری شێوەکاری کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا سەنگەر قوباد خاوەن دیدەو هزرێکی توێژینەوەری هونەری شێوەکاری یە بۆ دانانی بەرنامەو چالاکی و پرۆگرامی کارکردن لە هونەری شێوەکاری و بە جیهانگیرکردنی



هونەری شێوەکاری هاوچەرخ وخوێندنەوە بۆ سەرەتاکانی هونەری شێوەکاری لە کوردستانی باشووردا یان دابەش بوون و کۆکردنەوەی وهونەرەکان و زۆر بابەتی ئەکادیمی و توێژینەوەیی بەرهەمی زیندوون کە لە زۆربەی ڕۆژنامە کوردیەکان وتۆڕە هونەریەکان و سۆسیال میدیاکاندا بڵا وکراونەتەوە، بێگومان وەکو پەڕاوێکی ئەکادیمی دراوە بە قوتابییەکان و نوسەران و ڕۆشنبیران.

من دەگەڕێمە بۆ کۆمەڵە کارێکی تری هونەرمەندی شێوەکاری کورد سەنگەر قوباد کاتێك سەرقاڵە لەگەڵ جیهانی ئەکادیمیەت و بنچینەو بناغەکانی ئەکادیمەت لە کارە ستیلایڤەکان بە کاری ئاوی یان هێڵکاری.. ئەو کات مرۆڤ ڕێگای هونەرو زانستی هونەر دەگەڕێتە بەر دەست و پەی بۆ قوتابخانە ئەکادیمییەتەکە دەبات وە لەسەر ئەو ڕێچکەیە شۆڕ دەبێتەوە بۆ ئەو پێوانەو بەهایانەی کە هونەری لەسەر دامەزراوە، لەو کارانەدا ئەوەم بەدی کرد کە گرنگێتی وە شەفافیەتی کارەکان بە تۆنە جیاوەزانی دیدەیی بۆ من، لەهەمان کاتدا ڕەنگەکان و شایستەی جێگاکانیان جوانیەکی تری ئەو کارانەیە، بۆیە بەردەوام بوونی هونەرمەند لە نێو قوتابخانەیەدا زیندوو بونەوەیەکە بۆ خۆی و هونەرەکەی، بەتایبەتی ئەو وەکو مامۆستایەك ڕۆژانە پەیوەندی بە قوتابی یەکانی یەوە هەیە چ لە وانە ووتنەوە وە چ لە توێژینەوە هونەریەکانی، لەلایەکی تر.. دوای کاری پەیمانگا دیارە سەرقاڵە بە کارە جیاجیاکانی کەئەویش توێژینەوەی وهونەری مۆدێرن وە بەئەنجام دانی ئەو کارانای کە خۆی گەیاندۆتە نێو

دونیای هاوچەرخێتی و مۆدێرنی شەپۆلی جیهانی، واتە تاقی کردنەوەی کەرەستە جیاوزەکان چ لە ئاوی و ڕۆنی و هێڵکاری و گرافیکی، بەشێکی تری سەرقاڵیەکانی هونەرمەند سەنگەر لە جیهانی خوێندنەوەی ئێستای هونەرو هەنگاوە جیهانییەکان بەرەو پۆپ ئارت یان لوتکەی ئاکارەکان.

لەبەشێکی تری هەنگاوەکانی هونەرمەندا ئەوەم بەدی کردوە کە کۆڕو کۆبونەوەو سیمینارو چالاکی هونەری لە سەر پانۆڕامای ووتووێژو دیالۆك و ئاڵوگۆڕی ی بیرو هزری هونەری لە داماڵینی نوێ کاری هونەری شێوەکاری بەرنامەو هەنگاوی هونەرمەند بووە لە سەنتەرو گەلەری و هۆڵە جیاجیاکاندا بەتایبەتی لە شاری کەرکووك و شارەکانی تری کوردستان، وە هەردەم لە ڕێگای سوسیال میدیاوە گرنگی داوە بەو دیدارو جڤین و ئەو ووتووێژانانەی کەباس لە هەنگاوە داهاتووەکان دەکات وە ڕەوشی هونەری شێوەکاری کوردی وە لەمپەڕەکانی بەردەم هونەری شێوەکاری بەتایبەتی لە شاری کەرکووك، وە گرنگی دان بەزانستی هونەری شێوەکاری.. لەلای مامۆستا سەنگەر گرنگە داهاتوویەکی باش لە سەر بناغەیەکی ئەکادیمی دەستەبەر بکات بۆ قوتابیان و نێوەندی هونەرمەندان لەم دۆخەی ئێستادا، ئەمە دیدەیەکی ڕاست ودروستە بۆ تێگەیشتن لە هەنگاوەکانی وە پرۆژەو دیدەکانی لەداهاتووی هونەری شێوەکاری دا.



## ڕەنگدانەوەی چەرخی دیگیتاڵ(دیجیتاڵ) لە نێو کەڤاڵە هونەریەکانی شێوەکاری کورد جاسم غەفوور

لە پاش تێپەڕبوونی ٣٤ ساڵی تەمەن، ئەو کاتەی کە لە دوا وێستگەی ژیانی خوێندنی هونەریم لە پەیمانگای هونەرەجوانەکانی شاری سلێمانی، لاوێکی خوێن گەرم ناسی کە ڕۆژانە باسی هونەرو کاری هونەری ئەکادیمی و ڕەنگەکانمان دەکرد، ئەو کاتەی کە ژیان سادەو ساکار بوو وە نەمان دەزانی سبەینێ چی ڕوو دەدات وە داهاتوومان بەرەو کوێ دەڕوات، لەگەڵ هونەرمەند جاسم غەفوور وێستگەیەکمان هەبوو، ئەویش بەشی ناوخۆیی بوو کە نەك تەنها پەیمانگا کۆمانی


دەکردەوە بەڵکو ژیانی پێکەوەیی ڕۆژانەشی تێدا بوو، من سەردەمی زێڕینی دەناسێنم کە کۆمەڵە مامۆستاو هونەرمەندی ناسراوو لێهاتوو وە خاوەن ئەزموون وانەی هونەریان پێ دەدایەنەوە بۆ فێر بوونی هونەرو مانای هونەر.

لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ و دەرچوون لە نەهامەتیەکانی ساڵی ٢٠٢٠ جارێکی تر لە ڕێگای نوسین و بابەتە هونەریەکانەوە گوێ و دیدەی هونەرمەندی شێوەکاری کورد وە هاوڕێ ی دێرینم جاسم غەفوور هاتەوە نێو ڕووبەری لێکدانەوەکانم، بەتایبەتی ئەو کارو چالاکی و کەڤاڵ و هێڵکاری و سروشتە جوانەی کە ساڵانێکی دوورو درێژە ماندوو بوە لە پێناویدا. لەدوای ئەزموونی جۆراو جۆری قوتابخانە هونەریەکان وە تاقی کردنەوەو نمایش کردن و وورد بونەوەیەکی قووڵ لەئەزموونی ژیانی هونەری، ئەو هەنگاوانەم بینی کە هونەرمەند خاوەن ستایل و دیدەو ڕێچکەی هونەر تایبەتە وە بێگومان هونەروکوی چێژو بەهای تایبەتی خۆی هەیە. ئەو بیروهزر فراوانیەی کە دەرئەنجامی ساڵانێکە لە خوێندنی ماستەرو ئەزموونی ئەکادیمی، دەرئەنجامی تێکەڵ بوون لەگەڵ هونەری مۆدێرن و ڕەهەندە هاوچەرخەکانی و لەنگەر گرتن لەکەناری شێواز و تایبەتمەندێتییەك کە خۆی بە پشتبەستن بەو ئەزموونە چڕو پڕە پێیگەیشتووە، هەڵبژاردەیەکی کەمترو بەدەگمەنتر کە مرۆڤ لەگەڵ هەنگاوی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیادا دەبێت هەنگاوی بۆ بنێت و خۆی ئاشنا بکات بە لایەنە تاك و گشتیەکانی.



هونەرمەندی شێوەکاری کورد جاسم غەفوور لە ساڵی ١٩٧١ لە شارۆچکەی تەوێڵە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی هەورامان لە تەویڵە تەواوکردوە، خوێندنی ناوەندی لە ناوەندی شارەزوور پاشان گۆران لە هەڵەبجە تەواوکردوە، دەرچووی بەشی شێوەکارییە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی سلێمانی ساڵی ١٩٨٩. هەنگاو ودەستپێکی کارو پیشەیی هونەری وەک قوتابیەکی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەو هێڵکاری یە ئەکادیمیە بوو کەلە ستیلایف و قوماش و کەرەستە مردووەکانەوە بۆ دەموو چاوو مۆدێل و لەش و لاری مرۆڤ وە دواتر بۆ سروشت و دارو سەرچاوە سروشتی یەکانی لەخۆدەگرت.





هونەرمەند جاسم غەفوور خۆی بۆ خۆی لە شارۆچکەیەکی زۆر جوانی کوردستانەوە چاوی هەڵهێناوە، واتە لە نێو ڕەزو باغ و چیاو بەفرو ئاوو کانی یەوە، لە سروشتی ڕەنگ و گووڵ، ئەوەش مانای ئەوەیە کە ئەو ئاشنایە بەو سروشتە جوانە، هەر بۆیە تاقیکردنەوەی ڕەنگە ئاوییەکان و تابلۆ سروشتی یەکان بناغەیەکی پتەوی دا بە هونەرمەند بۆ ئەوەی هەنگاوی گەورەتر بنێت، ڕۆژانەی سکێچ واتە هێڵکاری پەلەی لەنێو بازاڕو کوچەو دانیشتنەکان بۆ ڕاهێنان و گواستنەوەی دەمووچاوەکان ئەنجام دەدا، ئەمانە هەموو ئەو قۆناغی دروست بوونە بوو کە ئاکامی دوای پەیمانگا بیرو هزری بەرەو هونەرو قوتابخانە جیهانی یەکان بڕوات، بەتایبەتی ئەو قوتابخانانەی کە پێشتر پەی بۆ نەبردوە، لەو ماوەیەی کە مامۆستای هونەریش بووە بێگومان هەر قوتابخانە ئەکادیمییەکە وە کارە سەرەتاییەکان بۆ هونەر کەتەلۆکی بەرنامە دانان بووە بۆ فێرگە، وە فێر کردنی قوتابیان لە بوارو هونەرو جهانی هونەردا.

وەک مامۆستای هونەر لە قوتابخانەی سەرەتایی ئەحمەدموختار لە ساڵی ١٩٩٤لە خورمال دامەزراوە، پاشان لە هە ریەک لە قوتابخانەکانی سەرەتایی دێکۆن، ئامادەیی خورماڵ، ناوەندی هەڵوان، نەوجەوانانی کارێزەوشک، قوتابخانەی ئەزمڕی سەرەتایی درێژەی بە ڕشتەی مامۆستایی داوە و لە زۆربەی پێشبڕکێ و نمایشە هونەریەکانی قوتابیان پلەی ئیمتیازی بۆ قوتابخانەکان بەدەستهێناوە. شانبەشانی پیشەی



مامۆستایەتی، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی مامۆستایان و سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵانی کوردستان بووە و پاشان بووەتە بەڕێوەبەری نووسین لە بڵاوکراوەی مامۆستای ئەمڕۆ و سەرنووسەری دونیای منداڵان و پۆستی جێگری سکرتێری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منداڵانی وەرگرتووە تاوەکو ساڵی ٢٠٠٠ پێش دەرچوونی لە کوردستان.

لە ٢٠٠٣ تاوەکو ٢٠١٨ وەک ڕێنوێنیکەر بۆ کاری نیشتەجێکردن و بیمەکان لە یانەی پەنابەرانی نۆتینگهام فەرمانبەربووە. لە ساڵی ٢٠٠٦ تاوەکو ٢٠٠٧سەرپەرشتیاری گروپی هونەری لۆنگ جۆرنی هۆم بووە لە نۆتینگام، لە ساڵی ٢٠٠١ وە تاوەکو ٢٠١٠ لە چەندین قوتابخانە و ڕێکخراوی مەدەنیدا و وەک خۆکارێکی هونەری، وۆرکشۆپ وکۆرسی هونەری بۆ منداڵان و گەورەساڵان سەرپەرشتی و ئەنجامداوە، دواجار لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەندی دانیشتووی نۆتینگهام گروپی هونەری بلانک ئەتلەس دادەمەزرێنن و لەماوەی دووساڵدا دووپێشانگای گەورەو کاریگەر دەکەنەوە.

من دەمەوێت ڕوو بکەمە نێو ئەتەلیەو گەلەری کارە هونەریەکانی یەوە، کە بۆچی ئەو هەموو ڕەنگ و فۆرم و قەبارانە، بۆچی مرۆڤەکان دەموو چاویان گۆڕا بۆ قوتابخانەیەکی تر، ئەی چۆن چووە نێو جیهانی هونەری دیجیتاڵ و هاوچەرخی سەردەمی ئێستای تەکنەلۆجی؟ چی بەخشیوە لەو پێناوەدا، وە دەوری بینەر و هونەرمەند لەو جیهانە

پڕ لە هونەری و دیجیتاڵیەدا چۆن لێکگرێدەدرێن.

هەنگاوەکانی هونەرمەند جاسم غەفوور بێجگە لەوەی کە بە شێوەیەکی ئەکادیمی وە فرەڕەنگی و کەرەستە و هێما کورداوەریەکان وە پۆشاکی کوردەواری و بابەتی فۆلکلۆری کوردی کێشاوە، لەگەڵ ئەوەشدا بیرو هزری فۆرمەکانی باڵی کێشاوە بۆ ڕەهەندی گشتی مرۆڤایەتی، وە نزیك بوونەوە لە پرسە جیهانەکان و خەون و ئازارە تاکەکەسیەکانی تری مرۆڤایەتی کە بوونەتە بەشێکی دانەبڕاوی پانۆرامای ڕووداوەکان، بەڵام بە ئاوێزانکردنی ئەزموونی قوتابخانەگەلێکی هونەری. زۆر جار دادایزم وە سوریالیزمی هاوچەرخی هێناوەتە نێو کارە هونەری یەکانەوە بەڵام بە شێوازو ڕەنگ وبەرگێکی تر کە لە هێڵکاری یەوە دەستی پێکردوە تا دەگاتە ئەزموون و هەنگاوەکانی هونەری ئینستالەیشن، واتە کێشەی مرۆڤەکان لە نێو ئەو قوتانخانە هونەریانەدا خۆیان دەدۆزێنەوە.

قوتابخانەی دادایزم بزووتنەوەیەکی ڕۆشنبیری بوو لە شاری زیورخ وولاتی سویسرا پەیدا بوو بە زمانی ئینگلیزی دادا، لەکاتی شەڕی جیهانی یەکەم دەرکەوت و جۆرێك بوو لە نمایشی ناڕەزایەتی دژ بە شەڕی جیهانی یەکەم و لە ڕێگای کەڤاڵەکانەوە و دوور لە بواری سیاسی، دژایەتی شەڕو هونەرە بێ سەرو بەرەکانی دەکرد و ئەو دیاریدە ئەدەبی هونەریەشیان ناونا دادایزم. لەساڵانی ١٩١٦ تاوەکو ١٩٢١ بەدەرکەوت و ئەو جۆرە قوتابخانەیە بڵاوبویەوە وە ڕەنگ دانەوەی



هەبوو لەسەر هونەرەکانی تر وەکو دیدەیی و فۆتۆگرافی و تێڕوانینەکانی هونەرو شانۆ و هونەری دیزاین. یەکێك لە دروشمەکانیان ئەوە بوو کە بڵێن نەخێر بۆ هونەر. واتە دەرچوون لە هەموو ڕێچکەکان وە هەنگاو بەرەو ناڕێگایی وە ئەو دەیوست بڵێ نەخێر بۆ جوانی نەخێر بۆ مانا بەخشی و هەنگاو بەرەو هێمایی و شکانەوە بەرەو سوریالیزمی و خەونەکان. دادایی دەیوست بڵێ نەخێر بۆ هونەری ئاسایی، بەڵکو هەنگاوی بۆ هونەرێکی هاوچەخ و نوێ دەنا.

لەتێڕوانینێك بۆ ئەو بزووتنەوە هونەری یە نووسەر تریستان تزارا دەڵێت "من خواوەندو فرچەی ددانەکانم دادایی یە، فەلسەفەی ئەو بزووتنەوەیە بۆی هەیە دەربڕین لە مێشك و بیرێکی نەخۆش بکات."

زۆر لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند جاسم لە قۆناغێکدا هەنگاوی بەرەو ڕواڵەت و دەموو چاوە نائاسایەکان ناوە، ئەوەش بێگومان بەو هۆیەی کە ڕەنگدانەوەی ژیانی وولاتی خۆمان و ژیان بە گشتی لە جیهاندا بێت، ئەگەر هونەر ڕەنگدانەوەی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بێت، ئەوا هونەرمەندی شێوەکار هەڵقوولاوی ئەو ڕۆژگارەیە کە پێیدا تێ دەپەڕین، لەکۆمەڵە کارێکدا ئەو خەون و مرۆڤە نائاساییانە دەبینیت وە هونەرمەند مامەڵەیەکی ئەکادیمی کردوە لەگەڵیدا، بۆ ڕەنگەکانیش بێگومان تایبەتمەندێتی ئەو فۆرم و شێوازەی گرتووەتە بەر، وەدەیەوێت لەو جیهانەدا ستایڵ و تایبەتمەندێتی بۆخۆی لەنگەرگیر بکات، گێڕانەوەی ئازارەکانی میللەتی کورد لەژێر

سێبەری ئەو ڕەنگە تایبەتیانەدا وە بە شێوازێکی تایبەتی لە ڕیالیزم یان دەربڕینخوازی زنجیرە کارێکی تری هونەرمەندە لە یەکێك لە قۆناغەکاندا، هونەرمەند جاسم تەنها لەو چوارچێوەیەدا نەماوەتەوە بەڵکو هەنگاوی نا بەرەو سکێچە جوڵاوەکان ئەوەش لە مەودایەکی زۆردا بەرجەستەکران بەتایبەتی کاری ڕۆژانەی هێڵکاری وە لکاندن و بەستنی بەیەکەوە تابگاتە کۆمەڵە کارێکی جووڵاو، لەبەشێکی تری ژیان و کارەکانی هونەرمەند هەنگاو بەرەو هونەری دیجیتاڵ کە وێنەو دەمووچاوەکان بە شێوازێکی تایبەت کە مۆرکی ئەو هونەرەی پێوە دیارە دەنێت، هەڵبەتە ئەم هەنگاوانەی هونەرمەند لەم ساڵانەی دوایدا هەروا بە ئاسانی نەهاتوونەتە نێو هزروبیرو کاری پراکتیکییەوە بەڵکو توێژینەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن بۆ هونەری دیجیتاڵی وە بەکاری پراکتیکی و کۆرس، ئەو هەنگاوەی ناوە تاوەکو ئەو شێوە تایبەتە کەدەربڕین لەئاستی هونەرێکی مۆدێرندا دەکات هەنگاوی بۆ بنێت وە بە پسپۆڕی نمونەی فۆرمەڵەکان لەیەك جیا بکاتەوە.

تابلۆ دیجیتاڵیەکان لەلای هونەرمەند جاسم غەفوور سەرچاوەی قاڵبوونە لە کارو پیشەو کۆرس و ماجستەری هونەری وە سەرقاڵی لە هونەری فۆتۆشۆپ دا ڕێچکەی گرتووە وە بنەمایەکی پڕ لە زانستی هەڵگرتووە، هەربۆیە ئەم شێوە تایبەتە هونەری یە کەلە کارەکانیدا دەبینرێن سەرچاوەو هەڵقووڵاوی ئەو ئەزموونە پڕ لە توێژینەوەیەیە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە چەندین پۆرترێتی کوردەواری بەکار



هێناوە بۆ ئەو مەبەستە وە هەوڵ دانێکە بۆ کارە سێ ڕووبەرەکان و هێنانە ناوەوەی هەندێك تەکنیکی جیا کە پێشتر نەمانبینیوە لە گۆڕەپانی هونەری شێوەکاری کوردیدا، لە کۆمەڵە کارێکی تردا ڕووبەرە ڕەنگدارەکان وەکو دیواری بەندی ڕەنگ وە ڕێکخستنی تاکەکان وە فۆرمەڵەکان و کۆکردنەوەیان لەیەك نێوەند گیریدا، ئەوەش تێڕوانین و دیدەیەکی تری هونەری یە لە ئەرشیف و ئەزموونەکانی هونەرمەند.

هونەرمەند جاسم غەفوور لە ژیانی ووڵاتی بەریتانیا بەشداری و چالاکی زۆری هەیە وە لەسەر ئاستی زانکۆکان بەشدار بووە، لەگەڵ ئەوەی هونەرەمەندێکی چالاك و بەشدار بووە لە ڤیستیڤاڵ و بۆنە تایبەتی یەکان وە گەلەری و هۆڵ ونمایشگا هونەریەکان لە سەرانسەری ووڵاتی بەریتانیا.

لە ساڵی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨بڕوانامەی دیپلۆم و لە وێب دیزاین و فۆتۆشۆپی لە نۆتینگام بە دەستهێناوە.ساڵی ٢٠٠٨ بڕوانامەی بەکالۆریوسی لە هونەرە جوانەکان لە زانکۆی دێربی لە بەریتانیا بەدەستهێناوە.ساڵی ٢٠١١ بڕوانامەی ماستەری لە هونەرە جوانەکان لە زانکۆی نۆتینگهام ترێنت لە بەریتانیا بەدەستهێناوە.


پێشانگا تایبەتییەکان

ساڵی ٢٠٠٨ پێشانگای سەفەرێک لە ئازار، زانکۆی دیربی، بەریتانیا

ساڵی ٢٠١١ پێشانگای تاراوگە و بیرەوەریەکان لە کاتدا، دوو ئینستالەیشنی فیدیۆیی، زانکۆی نۆتینگهام ترێنت، بەریتانیا

ساڵی ٢٠١٢ پێشانگای تابلۆ شینپۆشەکان لە هۆڵی کۆمەڵەی هونەرمەندانی نۆتینگهام و دوا پێشانگای بە ناوی بەردەوامی لە کتێبخانەی گشتی نۆتینگهام کردەوەتەوە. لە دەیان پێشنگای و فیستیڤاڵی هونەری بە تابلۆ و ئینستالەیشن و هونەری جووڵا و پرۆفۆرمانسی وێنەکێشانی زیندوو لە بەریتانیا و یابان و ئەمریکا بەشداری کردووە.





## لە حەمامۆکێ وە بۆ مۆنتیلیمیا
## هونەرمەندی شێوەکاری کورد
## مەحەمەد حەمە سەعید (١٩٣٨-٢٠٢٠)

هونەرمەندو مامۆستایەکی پڕ لە زانستی هونەری گۆزەگەری یان کیرامیك یان میناتۆری سیرامیکی، هونەرمەندی شێوەکاری کورد (مەحەمەد حەمە سەعید) کە بەڕاستی مامۆستاو هونەرمەندێکی ماندووی سەدەیی یە، وە هونەرمەندێکی شێوەکاری ناسراوە لە کوردستان و لە دەرەوەی کوردستان، باشتر وایە بڵێم لە ساڵانی١٩٣٨ لە لە هەڵەبجەی شەهید لەدایك بووە،خوێندنی سەرەتایی وناوەندی

هەر لەوێ تەواو کردووە،

١٩٥٧-١٩٦٠ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە.

مامۆستاو هونەرمەندی سیرامیکی مەحەمەد حەمە سەعید وەکو پسپۆڕێکی هونەری شارەزایەکی باشی هەیە لە وانە ووتنەوەی وانەی هونەری، هەر وەك خۆی مامۆستا بووە لە ساڵەکانی ١٩٦٠ لە پارێزگای هەڵەبجە وە لە شاری باعقووبە لەساڵی ١٩٦٦ وە شارەزایەکی دیزاینەر بووە لە ساڵی ١٩٦٨ لە دەزگای چاپی پەرتووکی پەروەردەیی لەبەغدا،دواتریش لە ساڵانی ١٩٧٢ سەرپەرشتیاری بەشی سیرامیکی بوو بۆ کاری دەستی لە پارێزگای سلێمانی، لەساڵانی ١٩٩٣ وەکو وانە بێژ لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی وانەی هونەری سیرامیکی وتۆتەوەمن لەساڵی ١٩٨٨ لەهۆڵی ڕەشید بووم کاتێك مامۆستا پێشانگایەکی تایبەتی سیرامیکی وەکو کارە میناتۆرەکان کردەوە، وە هەر یەك لە بینەرەکان دەبوایە بە عەدەسەیەك تەماشای ئەو کارە ووردیلانە بکات کە لەسەر نووکی دەرزی لە شێوەی گۆزەیەکی بچووکدا دروستی کردبوو، هەر ئەو کات من ڕاپۆرتێکی هونەریم لەسەر مامۆستا لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا نووسی سەبارەت بەو هێزو توانایەی کە مرۆڤ دەبێت لە کونی دەرزی یەوە نیگا بۆ دونیای هونەری سیرامیکی مامۆستا مەحمەد بکات، وە هەر ئەوکات زۆربەی ڕۆژنامە کوردی و عەرەبی و بیانییەکان لەسەریان نووسی بوو، وە بەڕاستی دیاردەیەکی پڕ لە جێگای سەیرو تێڕانیین بوو بۆ هونەرمەندانی کوردی و عێراقی



وە عەرەبی، کە ئێمە هونەرمەندێکی لێهاتوومان هەیە لەو سەردەمە جەنجاڵەدا وە بتوانێت داهێنانێکی ڕاستەقینە بخاتە بەر چاوو دیدەیی بینەران، کارە هونەری یەکانی بێجگە لە ڕواڵەتی کەرەستە نوێیەکانەوە وەکو شووشە یان ئاسن وە ڕاگرتنی کاری گۆزەیی لەسەر ماتریالێکی تر مامۆستا توانیبووی شێوەو فۆرمی گۆزە وەکو هونەر نوێ بکاتەوە بۆ دیدەی بینەرەکانی، ئەو قوڕە خامەی کەهەرکات دەمانووت لە عەکاشاتەوە دێت وخۆڵ و قوڕێکی سپی و باش و بەکەڵکە بۆ هونەری سیرامیکی و پەیکەرسازی، بەڵام مامۆستا بە قوڕی سوور دیسان توانیبووی چەندە کاری گۆزەیی ساردیش دروست بکات، واتە بە بێ سوور کردنەوە وفڕن و بۆیەکاری. هەوڵ و تواناکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد مامۆستا مەحەمەد حە سەعید تەنها لەکارە پیشەیی و ئەکادیمیەکانیدا نەوەستا بەڵکو هەردەم توێژینەوەی پراکتیکی هەبوە بۆ پێشخستنی هونەری سیرامیکی و گەڕی پێشکەوتنەکان لە سەدەکانی ڕابردوو وە داهاتوی ئەو هونەرە، پشت بەستن بە مێژووی ئەو هونەرە، وە توێژینەوەکانی لەسەر هونەری گۆزەگەری لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەتایبەتی کارە چینی یەکان و سوود وەرگرتن لەو کارانەی کە جێگای سەرەنجی جیهان و بازاڕەکانی نێو ڕۆژهەڵاتی بوون.هونەری گۆزەگەری هونەرێکی دروستکراوی گۆزەیی یەو لە خامەی قوڕ دروست دەکرێت، شێوەکانی هونەری گۆزەیی ئەو ڕوبەرو جەستە کەوانەیی و پەیکەری و کۆتەڵیانە دەگرێتەوەو خۆی دادەشکێنێت بەرەو لای هونەری داتاشین،

هونـەری گۆزەگـەری یەکێکـە لـە هونـەرە هـەرە کۆنەکانـی سـەدەی مـرۆڤ و مرۆڤایەتـی لـە گـۆی زەویـدا و دیدەیـی و پارچـەی سیرامیکی و نەخـش و جوانـکاری و دروسـتکەری ژیانـداری مرۆڤـە، لـە زۆر وێسـتگەی مرۆڤایەتیـدا بـە هونەرێکـی شـاهانە و بەرچـاوو سـیمبولی دەسـتپێکی مرۆڤایەتـی دادەنرێت،هونـەری گۆزەگـەری بـە یەکێـك لـە پارچـە شـوێنەواری یـە بەبەهـاکان لـە زانستی شـوێنەوار ناسیدا دەناسرێـت، هونـەری گۆزەگـەری لەوانەیـە بـە کەسـێك یـان کۆمەڵێـك کـەس دروسـت بکرێـت وە لـە زۆر جێـگای جیهانیـدا بـە هونـەری سـیرامیکی دەناسرێـت یـان دروسـتکەری گۆزەگەرییـەکان و وەسـتای گۆزەییـەکان.

کاری هونـــەری گۆزەگـــەری کارێکـــی پـــڕ لـــە ئـــەرك و دژوارە وە وا بەئاسـانی نایەتـە دەسـت لـە بەکارهێنـان و ئامادەکردنیـدا، بۆیـە هێنانـی خۆڵـی تایبـەت و گرتنـەوەی و شـێلانی وە ئامادەکردنـی وە سـاخ کردنـەوەی تاوەکـو بەکاربێـت بـۆ ئـەوەی ئـەو کارە شـەق ببـات یـان درزی تـێ بکەوێـت یـان لەکاتـی بەسـوور کردنـەوە لەپلەیەکـی بـەرزی گەرمـادا وە داپۆشـینی بـە ڕەنگـە شوشـەیی یـەکان یـان ڕەنگەکانـی تـر و ووردەکاری لـە پـاك کرنـەوەی، ئەمانـە هەمـوو ئـەو پرۆسـەیەن کـە هونەرمەنـد پێیـدا تێدەپەڕێـت تـا دەگاتـە ئـەو کاتـەی دەبێـت توێژینـەوە لـەوەش بـکات مـاوەی مانـەوەی چەنـدە، هونەرمەنـد مەحمـەد حەمـە سـەعید بەهەمـوو ئـەو قۆناغانـەدا تێپەڕیـوە وە ئەزموونـی گرنگـی هـە بـووە لـەو بـوارەدا، ئەوەنـــدەی بـــاوەڕی بـــە کاری پراکتیکـــی و تیـــووری هەبـــوە، ئەوەنـــدە





باوەڕی بە بە نمایش کردن نەبووە، هەر بۆیە لەساڵی ١٩٨٨ دا پێشانگا تایبەتەکەی لەبەغدا لەهۆڵی ڕەشید بوە جێگای سەرەنجی هەموو هونەرمەندان و نوسەران و ڕۆشنیران، دواتر لە هۆڵی ڕەواق لەساڵی ١٩٨٩ وە بەناسینی کارەکانی لە ڕۆژنامە عەرەبیەکان وەکو (تەزامن و دەنگی عەرەبی خەلیجی وڕۆژنامە فەرەنسی یەکان و کوردییەکان) و بەشداری کردنی لە پێشانگا ساڵانەکانی مونیلیماری فەرەنسی لەساڵانی ١٩٨٨ وە ١٩٨٩ بەدواوە بوە هۆی گۆڕانکاریەکی گرنگ لە مێژووی هونەرکەیدا، هونەرمەند مەحەمەد حەمە سەعید زۆر بەباشی دەیزانی کە ووشەی گۆزەگەری لە یونانی لە (کیرمیکوس) وە هاتوە وە واتای قوڕی گۆزە یان کیرامۆس وەهەموو بەرهەمەکانی سیرامیکی یە ئاسایی یەکان لە کەرەستە تێکەڵەکان وە دروست بوون وە لە بواری ئەندازیاری گۆزەگەری و بیناکەیدا بەکارهێنراوە، هەر بۆیە لە زۆرێك لەکارە هونەریەکانی گرنگی بە کاری هونەری سیرامیکی دیواربەندی داوە وە کارێکی زۆری لەو بوارەدە هەیە وە کاری کردوە، بەتایبەتی تایبەتمەندێتی خۆشی هەبووە وەکو بەکارهێنانی هێمای کوردەواری لە پۆشینی جل و بەرگی کوردی لە فۆرمەکانیدا.

زۆر لە نوسەرەکان و مامۆستاکان و دۆستەکانی هونەرمەند بۆچوونی خۆیان لەسەر پرۆسەی کارە هونەریەکانی و ڕابردووی ژیانیان باس کردوە لەوانە مامۆستاو هونەرمەندی سیرامیکی (قادر میرخان) دەڵێت : مامۆستا محمەمەد حەمە سەعید خاوەنی مەنزوری تایبەتی خۆیەتی ئەزموونێکی پراکتیکی دوورو درێژی هەیە،ئەو دەمەی ئەو لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا هونەری خوێندوە پرۆگرامەکان وەکو ئەمڕۆ نەبوون، هونەری شێوەکاری بە گشتی خوێنراوە، واتە لقەکانی بوونی نەبووە،بۆیە کەکاری سیرامیکی هەڵبژاردووە ئەو دەرفەتی کاری وەزیفی بووە بەڵام ئارەزوو و حەزوتواناشی لە پاڵدا بووە،کارە گڵجۆشەکانی مامۆستا مەحمەدبەگشتی پلەی گەرمی برژاندیان لە ژێر ١٠٠٠ هەزار پلەی سەدی یە بە شوشەکانیشیانەوە واتە (ئیرسن وێرن)، ئەوانەی لە سلێمانی کردونین سەرەتا بە گڵی دورووپشتی سلێمانی دواتر بە گڵی عەکاشات، کارەکانی ئەوروپای بە قوڕی ئامادەکراو ئەنجام داوە، قووڕکاری چێژ بە خشتە بۆ ئەوانەی لە بواری گڵجۆشیدا کار دەکەن.

لە حەمامۆکێ وە بۆ مۆنتیلیمیا

مامۆستا مەحمەد حمە سەعید لە دوا فۆڵدەری کارە هونەریەکانیدا چەند پەراوێکی بڵاوکردۆتەوە لەگەڵ وێنەی کارە هونەریەکانی لە وولاتی ئەڵمانیا کە خۆی ووتەیەکی نوسیوە دەڵێت ”لەسەردەمی منداڵیمدا لەبەر دەرگای ماڵەکەمان،خولیایەکی سەیرم بۆ دروستکردنی حەمامۆکێ هەبوو،هەروەها بۆ وێنەکێشان، ساڵ بە ساڵ هەنگاوەکان لە قوتابخانە گەشەی دەکرد تا ئەو کاتەی پۆلی سێ ی ناوەندیم تەواو کرد ڕووم کردە بەغداو پەیمانگای هونەرە جوانەکان دوای سێ ساڵ خوێندنم تەواو کرد بووم بە مامۆستا، دەستم بە چالاکیە هونەریەکانم کرد، کۆمەڵێك کاری بچووکم لە پێشانگایەك لە هۆڵی

ڕەشید لە بەغدا پیشان دا، ڕۆژنامەو گۆڤارەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی وفەرەنسی لەسەریان نووسی ئەمە بوە کردنەوەی دەروازەی بەشداری لە ڤیستیڤاڵی ساڵانەی مونتیلیمیا لە وولاتی فەرەنسا، بە پەسەند کردنی ئیشەکانم بووم بە بەشداری ساڵانە ی ١٩٨٨ و ١٩٨٩ و١٩٩٠ وە بەردەوام بووم".

من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو کارە میناتۆرانەی کەلە سەر دەرزیەك دروستی کردبوو وەکو ووتم خەڵك بە عەدەسەیەکەوە تەماشای کارەکانی دەکرد، هەر ئەوەش بوە جێگای سەرەنجی بینەرە عێراقی و کوردی و بیانییەکان، بێگومان ئەو جۆرە کارانە هێزو تواناو وورد بینی هونەرمەندی دەوێت بۆ زاڵ بوون وە کۆنترۆڵکردنی ئاستی هونەری ئەو هونەرمەندە، لە ژیانی ئەوروپای بەتایبەتی لە ئەڵمانیا، مامۆستا بەردەوامی هەبوە وە نمایشی کارەکانی لە هۆڵ و گەلەریەکانی ئەوروپا کردوە لەگەڵ بەشداری کردنی لە ڤیستیڤاڵ و چالاکییە هونەریەکانی وولاتان.

هونەری سیرامیکی هەڵکەوتەو بوونێکی تایبەتە، لەبەر تایبەتمەندێتی وە جوانی وە مانەوەیەکی بەردەوامی گرنگی خۆی هەبووە وە داواکار بوە لە جیهاندا و لەبەر هێزو توانای مانەوەی لە کەش و هەواو کاردانەوەی کەرەستە کیمیایی و بەرکەوتەکانیان و خاڵی بوون لە کەرەستەی ژەهراوی بەرانبەر بە دەوروبەر و تەمەن درێژی مانەوەی بەبێ چاك کردنەوە، ئەو ئاستە هونەرە بەرزەی تۆمار کردوە لە جیهاندا، هەربۆیە ئەو



گرنگی و جوانی و پەرە پێدانە لەلای هونەرمەندانی سیرامیکی لێ تێ گەیشتنێکی باشی هەیە وە بەردەوامی هەیە.

چەندە لە سەر کارو پیشەو ماندوو بونی مامۆستا مەحمەد حەمە سەعید بدوێم بەڕاستی زۆر کەمە بەرانبەر بە هەموو ژیانی وە تەمەنی کەلە خزمەتی هونەری کوردی و چێژی هونەری وە خزمەتی قوتابیان و پێگەیاندنی قوتابیان لە قوتابخانەکان وە لە پەیمانگاکان وە لە سەندیکاو ڕێکخراوەکان و نەقابەو دەستە هونەرمەندەکان خزمەتی گەیاندوە وە یادەوەریەکنای لە لای ئەو کەسایەتیانە بە زیندووی ماونەتەوە، زۆر بەداخەوەم ڕۆژی دووشەممە ١٤ / ١٢ / ٢٠٢٠ کەسایەتی جوان و مامۆستاو هونەرمەندی سیرامیك

(محەمەد حەمەسەعید) لەولاتی ئەڵمانیا دوا ماڵئاویی لێمان کرد ڕوحی شادو ئارام.. مێژوویەکی جوان و ئەرشیفێکی پڕ لە هونەریت بۆمان بەجێ هێشت بۆ ئێمەو بۆ نەوەکانی داهاتوو.



## شێوەکاری کورد مەحەمەد فەتاح
## ئەفسانەکانی ئەو دیوی چیاکان..
## تا دەگاتە کەنارەکانی ئارامی..

وێستگەکانی ژیان زۆر جوان و کورت و چڕو پڕن لە خۆشەویستی و بیرەوەری.. لەساڵانی ١٩٨١ لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە هەوارەبەرزەی شاری سلێمانی.. لە قۆناغەکانی خوێندن و هەنگاو نان بەرەو نێو جیهانی هونەرو مرۆڤایەتی و ناسینی کەلچەرو ڕۆشنبیری.. هاوڕێیەکی بەئەمەکم هونەرمەند (مەحمەد فەتاح) یەکێك بوو لەو قوتابیانەی کە بە کەڤاڵ و ڕەنگ و هێڵکاری و پەرتووکە هونەریەکانەوە




هەنگاومان دەنا بۆ قووڵ بونەوە لە نێو ئەو جیهانەدا.. سوود وەرگرتن لە ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی مامۆستایانی هونەریمان لە سەر بناغەیەکی ئەکادیمی وڕیالیزمی هۆیەک و ماندوونی هونەرمەند لەو سەردەمەدا لەبواری هونەری شێوەکاریدا بەتایبەتی بەشی نیگارکێشان هۆیەکی تر بوو بۆ داکۆکی کردن و قووڵ بونەوە لەنێو قوتابخانە هونەریەکاندا. بەشداری کردن لە چالاکیەکانی نێو پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و دروست کردنی بناغەیەکی هونەری ئەکادیمی ئەو داهاتووە چاوەڕوان کراوە بوو کە هونەرمەندی شێوەکاری کورد مەحمەد فەتاح لەئێستاو ڕابردوودا کارو کەڤاڵە هونەریەکانی بخاتە بەرچاوومان.

هونەرمەند مەحمەد فەتاح لەساڵی ١٩٦٥ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٨٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە سلێمانی تەواو کردوە، لە دوای قۆناغی خوێندنی ئەکادیمی هەنگاوەکان و کارە هونەریەکانی هونەرمەند لە چوارچێوەی قوتابخانە هونەری یە جیهانیەکاندا گۆڕانکاریەکی گەورەی بەخۆیەوە بینی، وە توانی ئەزموونێکی قووڵ تاقی بکاتەوە لە ڕیالیستی و ڕیالیزمیدا، ئەوەشمان لەبیر نەچێت کوردستان سروشتێکی جوان و دڵڕفێنی هەیە بۆ هونەرمەند کاتێك بیەوێت وێنەی سروشت بکێشێت یان ڕەنگاڵەی بکات، لەگەڵ ڕێڕەوی سەرقاڵ بوون بە دروست کردنی چەندین کاری هونەری بەشداریەکی زۆری هەبوە لە پێشانگا هونەریەکاندا، بەتایبەتی لەگەڵ هونەرمەندانی کوردستان و ئامادە بوونی لە گۆڕەپانی هونەریدا،

هونەرمەند مەحمەد فەتاح لە گۆڤارە کوردیەکانیشدا کاری هونەری ئەنجام داوە وەکو گۆڤاری (سیخورمە) و دیزاین کردن و مامەڵە لەگەڵ فۆرمەڵەی کەسایەتیەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژ.

ئەگەر ئێمە تێڕوانێك بۆ کارە هونەریەکانی هونەرمەند بدەین و ئەودیووی کەڤاڵەکان لە فۆرمەڵە و ناوەڕوەکی بابەتەکان بخوێنینەوە، ئەوا زۆرێك لە کارەسات و ڕووداو کەلتووری کوردی و ژیانی تاکەکان و کۆمەڵگای کوردەواری و سروشتی کوردستان ئەو وێنانەن کە هونەرمەند بەخشیوێتی لە ڕێگای کارە هونەریەکانی یەوە، وە کاتێک لە پاڵەوانەکانی نێو کەڤاڵەکانی وورد دەبیتەوە ئەو ئەفسانەو ڕۆمان و بەسەرهاتانەیە کەلە سروشدا ڕوویان داوە و ئێستاش هونەرمەند لە چوارچێوەی تابلۆکانیدا خستۆتە بەرچاوو، یان کارەساتەکانی ئەودیوی چیاکان و پانۆڕاما جیاوزەکانی مرۆڤایەتی کە هیچ کۆتایەکی بۆ نی یە لە گێڕانەوەی، وە ئازایەتی تاکە کەسایەتیەکان یان خەونە درێژەکان کە مرۆڤ دەیەوێت هەرگیز خەبەری نەبێتەوە، ئیدی ئەگەر خۆشەویستی بێت یان سۆزداری خاك و نیشتمان یان وێران کردنی ماڵ و لانکەی دایکانی وولات، یان گێڕانەوەی ئەو شەڕو ماڵ ووێرانی و تێك چوونەی کەلە ڕابردوودا ڕووی داوە، ئەمانەو چەندین بابەت وفۆرمی تر کە هێڵەکانیان وە ڕەنگەکانیان خۆیان دەگونجێنن لەگەڵ پشتگەشی تابلۆو پانۆڕاما بەیەکەوە گرێ دراوەکە و هونەرمەند پەی بۆ بردوە وە توانیویەتی بەسەرکەوتووی ئەنجامی بدات لە نێو





کەڤاڵە جیاجیاکانیدا کە کاری هونەری زۆر جار لە ٢ مەترو ٣ مەتردا خۆی دەدۆزێتەوە وە زۆر جاریش لە پێوانەیەکی بچووکدا دەبینرێت بەو قوتابخانەو ستایلانەی کە زنجیرە کارەکان پێویستیان بووە، واتە لەهەر قۆناغێک هونەرمەند زنجیرە کارێکی هاوچەرخی و مۆدێرنی بە ڕەنگە جیاوەزەکان کە کۆنتراسێک یان خۆگونجاندن و ڕەنگدانەوەی بۆ چاووی بینەری تێدا بخاتە ڕوو، ئەوەش لە ئەزموونی تێکەڵ کردنی ڕەنگەکان و تاقی کردنەوە سەرەتایەکان و بنەڕەتیەکانی هونەرمەند تا دەگاتە ئەو ئاکامەی کە بتوانێت زاڵ بێت بەسەر هێزی دەربڕیندا.

ئەو ئەزموون و شەپۆلە گۆڕانکاری و جۆری یە، لەکوێ وە سەری هەڵداوە ؟ بێگومان هونەرمەند مەحەمەد فەتاح پەیوەندیەکی دۆستانەی بەرفراوانی هەیە لەگەڵ هونەرمەندان و ڕێکخراوو نەقابەو بەڕێوەبەرایەتیەکان و کەساتی یە هونەریەکان و گەلەری و دەزگا هونەریەکان، وە پەیوەندیەکانی لە سنووری کوردستان گواستراوەتەوە بۆ شاری بەغداو دەرەوەی کوردستان، وولاتانی ئەوروپی، ئەوەش تەنها پەیوەندی نی یە بەڵکو ئاڵوگۆڕی هونەری و دیدەو تێڕوانین و ئاستی هووشیاری هونەری بووە، وە هەر بۆخۆشی ئەوەندەی کاری هونەری بەئەنجام دەگەیەنێت ئەوەندەش سەرقاڵی توێژینەوە و خوێندنەوە و گەڕانە بەدوای جۆرە هونەرە هاوچەرخی و هەنگاوەکانی هونەرە لە جیهاندا، هەر ئەو شارەزایی و بەدواچوونە وای کردوە کە هونەرمەند سەرکەوتوو بێت وە کارەکانی ڕەنگانەوەیەکی جوانی هەبیت لە نێو ئەزموون و ڕەنکاریەکانیدا، ناتوانین باسی ئەو ئەزمونانەش نەکەین لە هونەرمەند لەگەڵ سروشت وچوار وەرزەدا کۆمەڵێك کاری سروشت ڕفێنی ئەنجام داوە، لە سروشتەوە بۆ ئەفسانەکان وە بۆ پرۆژە چڕوپڕەکانی ئارامی ڕەنگ و هزر و بنارەکانی چیاو سروشتی جوانی گەڵا و درەختەکان.

لەش و لاری مرۆڤەکان بە جوانی و بەداڕماووی و بە پارچەپارچە بوون و بە داخوازی بۆ ئارامی وئاشتی و ژیان و ژیانداری، ژینگەو مرۆڤ و کۆمەڵگایەك بۆ ڕووبەڕوو بونەوەو سەرسەختی لە پارێزرگاری



کردن و کۆبونەوەیان لە دەووری یەکتر، ئەو هیواو خەونانەی کە مرۆڤ چاوەڕوانی دەکات و باڵندەیەك لەسەر کەلەسەری دەوەستێت، یان ئەوەتا باڵندەو ئاژەڵەکانیش دەیانەوێت لە نێو قوڕگی دەریادا ماچی یەکتر بکەن و بگەنەوە بەیەك.. چیاکان و دیسانەوە چیاکان تاوەکو بنارەکانی ئارامی.. ئەمانەو چەندین فۆرمەلەو ناوەروەکی هزری لەلای هونەرمەند مەحمەد فەتاح وێسگەی کارە هونەریەکانێتی، وەکو کەرەستەی هونەریش هەر لە هێڵکاری یەوە تا دەگاتە ڕەنگە ڕۆنی یەکان وئاوی یەکان و ئەکریلیك و گواش و هێڵەکان هیچ سنوورێکیان بۆ هونەرمەند نەهێشتۆتەوە، ئەو هەمیشە وێڵە وە گەڕۆڵە بۆ هەموو ئەوکەرەستانەی کە نامۆن و دەیەوێت تاقیان بکاتەوە لە ئەزموونی هونەری ژیانیدا.

هونەرمەند مەحمەد فەتاح زیاتر لە ٤٠٠ بەشدار بوونی هەیە لە نێو پێشانگا هونەریەکان کە ئەمجام دراوە لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان وە لە چەندین پێشانگای هونەریدا بڕوانامەی ڕێزلێنان و پاداشتی کارو چالاکیەکانی کراوە، وە نوێنەرایەتیەکی گرنگی هونەری کوردی دەکات لە پێشانگا جیهانی وعەرەبی یەکاندا، لەساڵی ٢٠٠٩ بەکلیورۆسی هونەرە جوانەکانی بەدەست هێناوە وە١٩٥ پێشانگای تایبەتی لە شاری سلێمانی و هەولێرو بەغداو ئەوروپا و ئەمەریکا کردۆتەوە، لە ڕووی قوتابخانە هونەریەکانەوە لە قۆناغێکی کارەکانیدا دەربڕین خوازی و هەندێك جار پەنا بۆ هێما خوازی دەبات وەکو

ئەفسانە جیاوازەکان وەکو گەلگامێش یان سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و ئاشووریەکان، لە ڕابردووشدا هونەرمەندانی عێراقی ئەم کارانەیان کردوە وە نموونەی کارەکانیان لە ڤیستیڤاڵە جیاوازەکاندا بینیومانە وەکو واسطی و ڕۆژی هونەرو پێشانگای ڤیستیڤاڵی جیهانی لە بەغدا ساڵانی ١٩٨٧ وە پێشتریش بەڵام مامەڵەی هونەرمەند جیاواز ترو تایبەتمەند ترە وەك هونەرمەندانی عێراقی، چونکە تایبەتمەندێتی پەیوەندی بە سروشت و ژیان و دەورووبەری ئەو نیشتەجێ بونەیە کە هونەرمەند تێیدا ژیاوە، بێجگە لە پەرتووك و کەتەلۆکی هونەرمەندانی عێراقی لە سەدەکانی ڕابردوودا چاپ کراوە و دەوروبەر ڕەنگدانەوەی خۆی هەیە بەتایبەتی مێژووی خۆیان و ئەفسانە و ڕۆمان و چیرۆکە جیاجیاکانیان، ئەو بیرۆکەو تاشە فۆرمانەش زادەی ئەو ڕیالیستی و بەسەرهاتانەیە کە هونەرمەندی تێدا دەدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەی کە قوتابخانە هونەریەکان پشتکراوەن بۆ ئەوەی هونەرمەند بیرۆکەو بابەتەی تێدا بدۆزێتەوە.

ئەزموونەکەی مەحمەد فەتاح و زنجیرە کارێک بەو ستایل و قوتابخانەیە وە کۆمەڵە کارێکی ترن لە ئابستراك و هێماخوازی لە هێڵەکاندا هەنگاوە بەرەو پۆپ ئارت و هاوچەرخێتی و مۆدێرنی نوێ ی جیهانی یان بەرەو ٣ دی و چاوەهەستیارەکان ئەم هەنگاوانەش هەر لە چوارچێوەی پرۆژەکانی هونەرمەندایە وە گونجاندنی ڕەنگەکان وەکو سوور لەگەڵ قاوەی یان مۆر و کۆنتراسی ڕەنگە گەرمەکان یان هێناوەی ڕەنگە ناوبژیوانەکان لەنێوان دوو جەمسەری ڕەنگدا.



هونەرمەند لەبوارەکانی نوسین وتوێژینەوەی هونەریش سەرقاڵێتی هەبووە، وە لە دیزاین و بەرگ و نەخشەکاری بۆ پەرتووك ڕۆژنامەکان و فۆڵدەرەکان، یان پۆستەرەکان ئەوانی لە یادە تایبەتیەکاندا ئامادە دەکرێت و چەندین پرۆژەی تری هونەری، هەمووی گرێ دراوی ئەزموون و هەنگاوەکانی هونەرمەندنن لە مێژووی کارە هونەریەکانیدا..

## تەیب عەبدولڕەحمان دا.... گوولە ڕەنگاڵەکان لە ژووانی کەڤاڵەکانی شێوەکار

هونەرمەندی شێوەکاری کورد تەیب عەبدولڕەحمان یەکێکە لەهونەرمەندە شێوەکارەکانی شاری کەرکووك لەساڵی ١٩٧٦ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە و شێوەکارێکی خۆڕسکە واتە بە حەزو ئارەزووەکانی تێکەڵی جیهانی ڕەنگ و شێوەکار بووە، کاتەکانی لەنێو ئەو جیهانەدا بەسەر بردوە تاوەکو دەهاتە ئەو ئاستەی لە نێو کاری ستیلایف و گووڵ و سروشت و چیاکان و گەڵاکان و لقەدارەکاندا بدۆزێتەوە، وە گرنگی بەو بەشەی هونەری شێوەکاری بدات و ئەزموونەکانی لەسەر بنەمایەك کۆ



بکاتەوە بەتایبەتی بە ڕێبازێکی ڕیالیزمی کە جێگای سەرەنجی خەڵک و بینەرانی هونەرن وە توانیوێتی ئەو حەزو ئارەزووانەی یان چاوی بینەر لەو ڕەنگانەدا کۆ بکاتەوە کە سەرسامی دەردەبڕن بۆ کارە هونەریەکانی، کاری ستیلایڤ هەرچەندە لە ووشەی هونەریدا ئێمەومانان پێ ی دەڵێین ژیانە مردووەکان، واتە جیا کردنەوەی لە مرۆڤ و ئاژەڵ و زیندەوەرەکان، کەبەشێکی گرنگی هونەری شێوەکاری یە بۆ بناغەدانان و بەرەو پێش چوونی ئەکادیمی، هەروەك لە سەرەتایی خوێندنی هونەر ئەو ستیلایڤانە بە گۆزەو گووڵدان و قووماش کە دەورەی داوەو بە هەڵبژاردەی ڕەنگەکان ناسراوە، ئەو هەنگاوەیە کە ئارەزوومەندی هونەر پێیدا تێدەپەڕن و لەوێوە دەچنە نێو دونیای هونەر بەگشتی تا دوا هەنگاوی خوێندنە هونەریەکان، دواتر هونەرمەندی بە ئەزموون لە سەر ڕێچکەیەك لەنگەر دەگرێت و ئیدی ڕێبازو تایبەتمەندێتیەك بۆ خۆی هەڵبژاردە دەکات.

شێوەکار تەیب عەبدولڕەحمان لەپاش کۆ کردنەوەی ئەو ئەزموونانەی لەسەر ئەو ستایلەکارانە ناسراوە کە گوولە ڕەنگاڵەکان و جۆرەکانی گووڵی لە نێو گووڵدانەداکاندا داناوە و هەریەك بە شێوەیەك خۆی نمایش دەکات، زۆر لەمێژە هونەری گوڵ و سروشت پیشەی هونەرمەندە تایبەتەکان بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپاو جیهاندا، بەڵام بەپێ ی جوگرافی کیشوەرەکە وە ئاوو هەوای ووڵاتەکان تایبەتمەندێتی یەکی خۆی هەبووە، وەکو هونەری چینی یان کۆرییەکان یان ئەوروپی یەکان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا گەرمی ڕەنگەکان و ڕەنگ دانەوەی سروشتی

ناوچەکە هونەرمەندی بردوە لەو لایەدا کە بە دووربینی چاوی نیگای لێ دەکات.

یەکەم ئەزموونی ساڵی ١٩٩٥ بەشداری پێشانگای هاوبەش بوە، لە شاری سلێمانی لەشارەکانی زاخۆ کەرکوک سلێمانی و شارەزوور و چەمچەماڵ و بازیان لەسەر داخوازی ناوەندەکانی ئەو شارە پێشانگای تایبەتی کردۆتەوە، یەک ئەزمونی دەرەوەی وڵاتی هەیە لە شاری ئەدلاید باشوری ئوستورالیا وە خاوەنی ٢١ پێشانگای تایبەتە،لە ٦پێشانگای هاوبەش بەشداری کردوە.

جگە لەهونەر لەساڵی ١٩٩٨ لەرۆژنامەکان وەک نوسەری ووتار لەبوارەکانی فکر و سۆسیۆلۆجیا کاری کردوە لەوانە رۆژنامەی بلاغ و رۆژنامەی طریق شعب و چەندین رۆژنامەی کوردی تاکو ئیستا بەردەوامە لە کاری نوسین بۆ رۆژنامە ئەلکترۆنیەکان و گۆڤاری بابان، شایەنی باسە تاکو ئیستا لەکاری هونەری بەردەوامە وسەرقاڵی پرۆژەیەکی نوێیە. فۆرمی ئیشکردنی لەنێوان واقعی و مۆدێرن دایە،

لەگەڵ ئەوەی کە هونەرمەند سەرسامە بە سروشتی کوردستان، بە چیاو ئاسمان و دارو درەخت و چەم و کانیاو سەرلوتکەی چیابەرزەکان وە تاڤگەی سەرسوڕهێنەری نێو تاشە بەردەکانی کوردستان و کێشانی ئەو تابلۆیانە وە ڕەنگ کردنی کەڤاڵەکانی بە گووڵ و گوڵزاری وەرزە بەهارییەکان، یان سروشتی چوار وەرزە، چ بەفرو تەمی سەر زنجیرە چیاکان، یان گەڵا وەریووەکانی پایز، ئەمانە ئەو فۆرمانەن کە هونەرمەند لە بیرو



هزریدا دیدەی دەکات و لەگەڵیدا دەژیت، وەکو باسمان کرد دروست کردنی کۆمەڵە کارو کەڤاڵێك لە جۆری گوڵدانەکان یان گووڵە ڕەنگاڵەکان یان ستیلایڤ، نمونەیەکی تری زیندوون لە بەردەوامی هونەرو بەشداری پێ کردنیان لە پێشانگاکان یان لەگەلەری یەکان یان بەهەڵواسراوەیی بۆ جوان کردنی هۆڵ و ساڵۆن و نێو ماڵەکان.. کاتێك هونەر دەکەوێتە نێو ماڵەکانەوە وە مرۆڤ گرنگی پێ دەدات، ئەوکاتە کە جوانی ییەکی سەرمامی دەداتە حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤ بۆ ڕازاندنەوەو جوان کردنی ماڵەکانیان، بەو شێویە هونەرێکی مۆدرن و ڕیالیستی ڕیالیزمی جارێکی تر خۆی دووبارە دەکاتەوە.

هونەرێکی مۆدێرن و وەشاندنی ئەو ڕەنگانەی کە دەیانەوێت کۆنتراسێك دروست بکەن و جوانییەك ببەخشن، هێنانی گوڵە نیسانەکان و لاولاوەکان و توخمەییەکان هەریەك بە ڕەنگێك و ڕێکخستنەوەیان ئەوە هەستاریەکانی هونەرمەندە بەو دەستنیشان کردنە، هەر ئەوەشە دەبێتە هۆی جێگای سەرەنج، دارڕشتنی بابەت و فۆرمەکە لەژێر دەستی هونەرمەند تەیب عەبدولڕەحمان وای کردوە کە مرۆڤ هەست بە کەش وهەواو دەوروبەری ئەو جیهانە دڵگیرە بکات وە مرۆڤ بچێتە نێو دونیای وەرزێك لە بەهارو گووڵ ڕێزی یەوە، بە ڕێبازەی یان خۆدۆزینەوە لەو قوتابخانە هونەری یە مۆدێرنەی کە جیهان پەیڕەوی دەکات و چەندین هونەرمەندی جیهانی کاریان پێ کردوە وە کاریان هەبووە لەسەری، لەلایەکی تر زیندوو کردنەوەی هەندێك لە کەلتووری ڕۆژهەڵاتی وەکو


Tayeb.Baban





Tayeb.Baban

دانانی قۆری شوشە یان گۆزەی ڕۆژهەڵاتی ئەمانەش بابەتێکن کە جێگەی هەڵوێستە و تێڕوانینە، لە چەند کارێکی سروشتی تری هونەرمەندا ڕێبازە کلاسیکی و بێ دەنگییەکەی هەڵبژاردە کردووە، بەو سروشتەی کە خۆی هەیە، بەڵام بە شێوازی هونەرێکی هاوچەرخ کە مانایەکی تر بگەیەنێت.


هونەرمەند تەیب عەبدولڕەحمان بێگومان ئاگاو شارەزایەکی ووردە لە جیهان و قوتابخانە هونەریەکانی سەردەم وە بە زۆر قۆناغی جیاجیادا تێپەڕی کردوە بەهۆی ئەو ئەزموون و کارانەی کە ئەنجامی داون، وە شارەزایەکی باشی هەیە لە مێژوو وە تیوری هونەرە جیاکان و قووڵ بونەوە بە نێویدا، هەر ئەم بناغانەیە هونەرمەندی گەیاندوۆتە ئەو پلەو ئاستە هونەری یە وە باوەڕی بەو ستایل و دەست نیشان کردنە قوتابخانەیەیە کە ئێستا سەرقاڵێتی وە تێیدا وورد بۆتەوە، وە دەیەوێت ئەو ئاستە هونەری یە بە شێوازێکی زۆر جوان و مۆدێرن بخاتە پێش چاووی هونەر دۆستان، هەروەك لە کۆمەڵە کارە هونەریەکانیدا دەیانبینیت وە بەرجەستەی دەکەیت.. گەڵاو گوڵەکان هێمایەکی پیرۆزو جوانن بۆ هۆڵ و سەرمیزەکەی هونەرمەند تەیب.. لەو جوانتر ئەو ڕاستگۆیی و خەمەیە کەدەیەوێت دڵی هەمووومانی پێ خۆش وجۆش بکات.. ئیدی یەو مرۆڤایەنەی کە عاشقی دەستە گوڵەکانن لە ژووانە چاوەڕوانکراوەکان.





## هونەرمەندی ڕەوان شاد سەروەت سەوز ١٩٥٤ - ٢٠٠٤

مرۆڤێکی ناسك و جوان لە ڕووح و دەرووندا، لەهەڵس و کەووت و گفتوو گۆدا، شەرمنانە بەچاوێك پڕ لە فرمێسکەوە لەهەواڵ و ئازارەکانی هاوڕێکانی دەپرسی، ئەو هونەرمەندەی کەهەرگیز لەبیر ناکرێت بۆ ساتێکیش کە چۆن ڕووح و هونەرەکەی لەیەکتر جیا نەدەکرانەوە.. هونەرمەندی کۆچ کردوو سەروەت سەوز لەساڵی ١٩٥٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردوە، لەساڵی ١٩٧٠ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا وەرگیراوە وە بەشی گرافیکی تەواو کردوە، لەتەمەنی قۆناغی ناوەندی یەوە بەشداری چەندین





پێشانگای هونەری شێوەکاری کردووە، وە لە قۆناغەکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان قوتابیەکی چالاک و پڕ لەکارو هونەری بووە، پاشان بۆ ماوەی دوو ساڵ دەچێتە ئەورووپا و دیسان دەگەڕێتەوە کوردستان. یەکەمین پێشانگەی لە زانکۆی سلێمانی بەهاوبەشی ساڵی ١٩٧٦ کردۆتەوە. دوای ئەوە چەندین پێشانگەی لەشارەکانی سلێمانی، هەولێر، دهۆک، بەغدا و شارەکانی دیکەی عیراق کردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٩٣ لەسەر بانگهێشتنی فرانسوا میتەران پیشانگەیەکی هاوبەشی بووە لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی کورد. هەروەها لەووڵاتانی دیکەی وەک بەریتانیا، ئەڵمانیا و ئیتالیا پێشانگەی کردۆتەوە. چەندین پێشانگەی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند سامان کەریم دارتاش بووە. لە نەوەدەکاندا بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەڕێخراوی ماگ MAG کاری مین هەڵگرتنەوەی کردووە. دوایەمین پێشانگەی هاوبەشی ١٠ / ٣ / ٢٠٠٤ بوو بۆ یادی ساڵڕۆژی شازدەی مانگی مارت. هەر لەو ڕۆژەشدا ئۆتۆمۆبیلێک لێی دەدات و بەسەختی بریندار دەبێت. لە٢٨ / ٣ / ٢٠٠٤ لە نەخۆشخانەی الجادریەی شاری بەغدا، سەعات پێنجی ئێوارەگیانی لەدەست دەدا.

هەموو هونەرمەندانی کوردستان و هاوڕێ و دۆست و کەسایەتی، ئەوەی ڕۆژێك ئەم هونەرمەندەی ناسی بێت بەداخەوەن بۆ کۆچی دوایی وە هەردەم لەهەر وێستگەیەك کۆمەڵێك بیرەوەری و باس و خواست و ووتووێژی هونەری بەجێ هێشتووە، لەگەڵ ئەوەی لەکارە هونەریەکانیدا هەردەم هێڵکاری و پلان و بیرۆکەکانی لە چوارچێوەی هونەری گرافیکی

دا بوون، وە هێڵکاریە پەلەکانیشی تایبەتمەندێتی ئەو هونەرەی دەدا، حەزو ئارەزووەکانی لە ووردەکاریدا بوە.. من لە وێنەگری جوان سەرەتای شەقامی سابونکەرانەوە لەساڵانی ١٩٨١ وە ناسیوومە، هەر کەرەستەیەکی فۆتۆگرافی و بە چاپ دانی سلاید و نیگەتیڤ و وێنەی پۆرترێتی، هەر لە ڕێگای ئەوەوە دەستمان دەکەوت، بۆیە کارە هونەریەکانی سەرچاوەی لەو ووردەکاری و ڕتووش یان باگراونی ڕەنگە قاوەیەکان و ڕەش و سپی یەکان بووە، لەکارە هونەریەکانیش ئەو جوانکاریەی ڕەنگی داوەتەوە.

دەستەو هونەرمەندانی ساڵانی حەفتاکان هەردەم لە لوتکەی خەمخۆری بۆ هونەرو کوردستان و جوڵەی هونەریدا بوون، بەتایبەتی خوێندن یان دیدە گرتن لە ووڵاتی ئیتاڵیا کە سەرچاوەی بیرو هزرو ورووژێنەی بووە بۆ بەرهەم هێنای کارە هونەریەکانیان.

تایبەتمەندێتی کارە هونەریەکانی ئەوەبوون کە پێوانەی کارەکانی بە شێوەیەکی درێژو چوارگۆشەیی وە هەردەم دەموو چاو لەش و لاری فۆرمەکانی زادەی هەڵقوولاوی کوردستان وەکو دیارە لە پۆشاکەکان ئەو نەخش کارییە جل و بەرگانە دیاردەو بەرچاوون.هونەرێکی مۆدێرن و هاوچەرخ کەلە ڕیالیستی دەربڕینخوازی یەوە بەرەو ئابستراك، هێڵەکان گرنگی تایبەتی هەبوو بۆ هونەرمەند سەروەت، نمونەی تایبەتمەندێتی ئەو هونەرمەندە لە هزرو بیرو دیدەمان بۆ هەتا هەتایە هەر دەمێنێتەوە.





## کوێستان جەمال شێوەکاری کورد..
## خەونەکان درێژەیان هەیە

خاتوو کوێستان جەمال هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد لە قۆناغی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٨٢ بەدواوە ناسیومە لە دوورو نزیکەوە، ئێستا لە ووڵاتی نەرویج لە شاری بیرگن دەژیت، چونکە هەمان پەیام و ئارەزوو و هیواو ڕێچکەی هونەریمان هەبووە، بێگومان لە پەیمانگا مامۆستاکانی هونەری شێوەکاری وەکو عەلی جۆڵا کە عەمیدی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بوو وە مامۆستا کوردۆ حمە عەلی بەرپرسی بەشی شێوەکاری بوو، لەگەڵ مامۆستایان

عەبدولا ڕەسووڵ و بەختیار قەفتان و حیکمت هندی و هاوڕێ و هیوا عەبدواللە و زۆری تری مامۆستایان...... ! لە سێبەرو ڕێنمایی ئە وامامۆستایانەدا قۆناغی هونەری ئەکادیمی و شێوەکاری بەگشتی خوێندوە.. هەر لەو کاتەوە وەکو خوێندکارێکی چالاك سەرقاڵی ئەو کارو ئەزموونە بوو کە قۆناغەکانی ئەکادیمیەت بەشێوەیەکی بەرچاو بە تیوری و ئەزموونی بەدەست بهێنێت وە ئەوکات کۆمەڵە کارێکی هونەریم دەبینی کە زۆر بەووردبینی و ئەکادیمی چ لە پۆرترێت وە چ فۆرمەڵەیی و دەست نیشان کردنی ڕەنگەکان کە جێگای سەرەنج ڕاکێشان بوو، هەندێك جار هەنگاو بەرەو ڕیالیزمی ڕیالیستی و هەڵبژاردەی ئەو فۆرمانەی کە لە کوردەواریدا یان بابەت و ناوەڕۆکی ژیانی ڕۆژانەی کوردەواری چ لە نێو بازاڕو شاردا وەیان لە گوندەکان، کۆ کراوەی ئەم کارانە لە نمایشی پێشانگای ساڵانەی پەیمانگای هونەرە جوانەکان دەبینران بەتایبەتی لە نێو هۆڵ و گەلەری پەیمانگادا.

کوێستان جەمال لەساڵی ١٩٦٥لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، لەساڵی١٩٨٢ یەکەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کردۆتەوە،١٩٩٣ دووەمین پیشانگەی تایبەت لە هەولێر، دهۆک، زاخۆ کردۆتەوە، لەگەڵ ئەو چالاکیانەی کە لە سیڤی خاتوو کوێستاندا هاتووە، بەڵام ئەوەی من دەمەوێت باسی بکەم دوا چالاکی هونەری یە کەلە وولاتی نەرویج لە شاری سورنا کە دەکەوێتە نێوەندی ئەو وولاتەوە وە بە سروشتێکی جوان و پڕ لە



چیاو کەناڵی ئاو خوڵقاوە، لە ٢٣ بۆ ٢٥ مانگی ٤ ی ٢٠٢١ لە گەلەری سورنادال سورنا پێشانگایەکی هاوبەشی ئەنجام داوە لەگەڵ هونەرمەند کارل مارتین.

من کارە هونەریەکانی خاتوو کوێستان جەمال بە چەند قۆناغێك دەخوێنمەوە قۆناغی ئەکادیمی و توێژینەوەیی وە ڕیالیستی و هەنگاو نان بەرەو ئابستراك و دەربڕین خوازی و هێما خوازی، لەگەڵ ئەوەی ئەزموونەکانی تری وۆرك شۆپ و گروپ و پێکەوە کار کردن تا دەگاتە خوێندنەوەی ئەو ئەزموونە هونەری یە جیهانیانەی کە ئەمڕۆ و دوێنێ توانویانە تۆماری بکەن لە نێو هونەری شێوەکاری جیهانیدا، پشت بەستن بەو ئەزموونانە هونەر دەگاتە خوێندنەوەی ڕەشەباکانی سروشت ئەو فۆرمانەش لە نێو کۆمەڵە کارێکی نوێ ی هونەرمەندا دەبینم بە ئازادی فرچەکان و ڕەنگەکان، واتە سنوورەکانی هونەر پانتایەکی ئێجگار قووڵی هەیە بۆ گەیشتن بەو هەڵچوون و بیرۆکەو هزرانەی کە دەخولێتەوە لە نێو ڕووح و گیانی هونەرمەندا. من هەردەم ئەوەم ووتوە کە سروشتی وولات و نیشەجێ بوون کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کارو دەروونی هونەرمەندەکان، بۆ نمونە لە وولاتی گەرمدا هەردەم ڕەنگە گەرمەکان دەبن بە باگراون و فۆرمەڵەی کارە وهونەریەکان وە ژیان لە وولاتە ساردەکان مرۆڤ هەڵدەکێشێ بۆ ڕەنگە ساردەکان و پێوانە خاڵی یەکان، ئەو ئەزموونانەش لەوەوە سەرچاوە دەگرن لە مرۆڤ تێیدا دەژیت و ڕۆژانە چاوەکانی لە نێو

ئەو کەش وهەوایەدا دێتە دیتەیی یەوە، قۆناغەکان پڕ و چڕن وە بیرۆکەو فۆرمەکانیش جیاوزن بە شێوەیەك کە هەریەکەیەك بۆ کات و شوێنێك دەگەڕێتەوە.. ئەو کارە هاو بەشانەش نمونەیەکی زیندوون بۆ پێکەوە کار کردن و تێکەڵ بوون بە جیهانێکی نوێ ی هاوچەرخێتی.

لە چالاکی یەکدا هونەرمەندی شێوەکار دەڵێت :

زۆر خۆشحاڵم کە لە لایە ن کوراتور بانگێش کراوم کە بە شدار بم لە م پێشانگەیەدا لە گە ل چە ند هونە ر مە ندێکی تری نە رویجی کە لە وولاتی یونان لە شاری أثینا لە ناوە راستی مانگی چواردا دە کریتە وە. من بە پیرڤورمانس و چە ند تابلۆی هێڵکاری گە ورە بە شدار دە بم.

بێگومان بەشداری خاتوو کوێستان زۆرە لە پێشانگا تایبەتی یەکان وە جیهانیەکان بە کاری قەبارە گەورە چ هێڵکاری بێت یان کاری ڕۆنی و ئەکریلیك یان هەر کەرەستەیەکی تر بێت کە لە وولاتانی وەکو (ئەڵمانیا و نەریج وکەنەدا و یابان و یونان و ئەمەریکا) بەشداری لە پێشانگاکاندا کردووە، وە هەردەم هونەرمەند خاوەن ئایدلۆژیاو بیرو هزرێکی تایبەتی یە لە فۆرم و ناوەڕووەکەکاندا، لەگەڵ ئەوەی کە ئەزموونی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ناوەڕەکەکان، لە زۆر کاتدا ڕیالیستی دەربڕین خوازی بەکار دەهێنێت وە هەردەم دەموو چاوەکان خاڵێکی دیارو بەرچاوە بۆ دەست خستنە سەر ئازارو کرۆکی بابەتەکان یان کۆمەڵە چێرۆك و خەون و سروشتە جیاوازەکان. لەهەمان کاتدا





هونەرمەند کوێستان جەمال لەو کارانەی دواییدا پەنا بۆ بۆشایی دەوورو بەر دەبات واتە پێوانەیەکی گەورە بەکار دەهێنێت بۆ دابەش کردنی فۆرمەکان وە جێگای ئەو بابەتانە دەکاتەوە کە ناوەڕوەکن، وە ئەندێشەکانن، لەهەمان کاتدا دەیەوێت پێوانەیەك بۆ بینەر دروست بکات کەلە دوورەوە نیگا لەکارە هونەریەکان بگرێت، بۆ ئەوەی بیسکۆپی کارەکان دوورو نزیکی یەك ببەخشیت بە چاوی بینەر.

وەکو کاری تەکنیك و قوتابخانەی هونەری و دەست بردن بۆ تایبەتمەندێتی لە کارە هونەریەکانیدا من وا دەبینینم کە هونەرمەند سوودی لە هونەری چینی و ژاپۆنی وەرگرتووە بەڵام بە ئاکارو


تازەگەری خۆی وە قوتابخانە هونەریەکانی جیهانی کەلە سەدەکانی زێڕین و ڕێنسسانس و وهاوچەخیدا دەست و پەنجەی هونەرمەند دیارە بۆ وەبەرهەم هێنانی ئەو کارانەی کە تایبەتمەندێتی لە فۆرم و بابەت و ناوەڕەکەکانێتی. وە ئازارەکانی میللەتەکەی خستۆتە نێو ئەو بابەتانەوە کە زۆر جار ئەستەمە لەبیر بکرێت، جێگای سەرەنجە کە هونەرمەند کوێستان مامەڵە لەگەڵ پێوانەو پانتایەکی گەورەدا دەکات بە شێوەیەك کە خۆی خستۆتە نێو ئەو تابلۆیانەوە زۆر بە سەرکەوتوانە یان باڵا دەستانە دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ وردە کاریەکانی ئەو پانتایە دەکات، ئەمەش لە ئەزموونێکی گرنگەوە سەری هەڵداوە، واتە پێشتر کاری لەسەر ئەو وردەکاریانە کردوە کە خۆی لە قەبارە و پێوانەیەکی گەورەدا خۆی بدۆزێتەوە.

لێرەوە من دەگەڕێمەوە بۆ ئەو چالاکیانەی کە وەکو هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد کوێستان جەمال لە وڵاتی نەرویژ ئەنجامی داوە لە نێو ڕێکخراو دەستەو کۆمەڵە جیاجیاکاندا کەبە کاری وورك شۆپ و کۆبونەوەو ڕێکخستنی چالاکی هونەری یان کۆمەڵایەتی جێگا پەنجەی لەو کارانەدا بەرچاو دەکەوێت. وەکو کارەکان بەرەو سروشت و لە گۆڕەپانەکاندا نمایش بکرێت، وە هووشیار کردنەوە یان ئاڵووگۆڕی هونەری و ڕۆشنبیری لە شوێنیك وە دروست کردنی نێت و کاری سۆسیالی لەنێو کۆمەڵگادا، ئەمەش ئەو دەرئەنجامەیە کە هونەرمەند دەیەوێت ئازارو مەینەتی گەلەکەی بگەیەنێتە نێو دونیایی دەرەوە و



ئەزموونێکە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەرشیف و ژیانی هونەری خۆی.

لەو کارە هونەریانەی دوایی کە نمایش کراوە لە هۆڵی سۆرنا لەگەڵ هونەرمەند کارل مارتین ئەو تایبەتمەندێتی یەی تێدایە کە فۆرمەکان بە شێوازێکی تایبەتی داڕێژراوە وە ڕەنگەکانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و پەی بۆ هونەرێکی مودێرنی هاوچەرخ بردووە، ئەزموونێکی ووردو چڕ بونەوەیە لە کۆمەڵەکارێك کە هەندێك جار تەنکی وە بلووری ڕەنگەکان وا دەکات فۆرمەکان بە شێوازێکی جیاوز تر دیدەیی لی بکرێت. شەپۆلەکان بەڕەش و سپی وە هێڵە دەزوولەیەکان بە ڕەنگاڵەیی وە دووکەڵ و تەمە باریکەکان بە باگراونێکی تاریك و هاوچەرخی و چوار کار لە نێوان یەك چوارچێوەدا ئەمانە هەموو ئەو هەزرو بیرەن کە خەونەکان درێژەی هەیەو کۆتاییان نایەت.



## هونەرمەندی شێوەکار نیاز بەیاتی لە ژیانی هونەری سیرامیک دا

هونەرێك تەمەنی مرۆڤایەتی و دەستپێکی ژیان لە سەر گۆی زەوی.. هونەری سیرامیك سەرەتایی ژیان و مامەڵە لەگەڵ قووڕی سوور وووشك بونەوە وبەکارهێنانی بۆ ژیانی ڕۆژانەو دابین کردنی کەرەستە جیاجیاکان بۆ کردنەوەی ئاگرێك کەبەردەوامی بە مرۆڤ بدات و هەموو حەزو ئاوات و پێداویستی یەکانی تێدا کۆ بکاتەوە.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد نیاز بەیاتی.. تەمەنێك لە هونەرو ڕۆشنبیری و گەڕان بەدوای وورده کاریەکانی ژیاندا.. بەتایبەتی لە



نێو هونەری شێوەکاری و بەتایبەتی دەست بردن بۆ قۆڕی سوور یان سپی وشوێن کەوتووی هونەرێکی جیهانی کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. لەساڵی ١٩٦١ لە خانقین لەدایك بووە. لەساڵی ١٩٨٢ لە کۆلیژی هونەر دەرکراوە، پاشان چۆتە دەرەوەی وولات.. لەساڵی ١٩٨٧ بەدیزاینی پەرتووك دەستی بەکارە هونەریەکان کردووە، لەساڵی ١٩٩١ لەزانکۆی کۆڵدین دیسنگن وولاتی دانیمارك بەشی سیرامیک وبرۆنزی تەواو کردووە، بێگومان مامۆستا نیاز بەیاتی لە زۆر بواری هونەریدا بڕوانامەو سەرکەوتووی کاری هونەری بەدەست هێناوە، وە شارەزایەکی تەواوی هەیە لە هونەری شێوەکاری و دیزاین و پلان دانان و هونەری دیزاینی جل وبەرگ و کەرەستەکان، لەهەر کارێکی هونەریدا چ بە خوێندن چ بە ئەزموون و کار کردن لەگەڵ کۆمپانیا جیهانی یەکاندا بایەخی تەواوی بە هونەرو بیرو هزر و فۆرمی ئەو بابەتانە داون کە ویستوێتی وەکو سومبڵێك وە بۆ یەکەم جار بکەوێتە بەردەستی بینەران و شارەزایانی هونەر، ئەمە خۆی بۆ خۆی لێهاتوویەکی گرنگە لە جیهانی داهێنانی تاکی، وە مامۆستا دروست کردنی فۆرمەکان.

دەست بردن بۆ هونەری سیرامیك لە زانکۆی کۆڵدین دیسنگن ئەو هەنگاوە هونەری یە بوو کە خۆی خستە نێو جیهانی مێژووی هونەری سیرامیکی یەوە کە مێژوویەکی پڕ لە مرۆڤایەتی هەیە لە جیهاندا، بەڵام مامۆستا نیاز توانیوێتی لە کارە هونەریەکانیدا ئەو تایبەتمەندێتی یە بخاتە ڕوو کە هونەرێکی هاوچەرخی بە شێوەیەکی

ڕیالیستی کاری تێدا بکات و ئەو فۆرمانە بدۆزێتەوە کە جێگای بایەخی بینەرانی هونەرن.. هونەری سیرامیك کە باڵێکی گرنگی هونەری شێوەکاری جیهانی یە وە ئەرك و کارو ئامادەکردنی زۆر گران وزەحمەتە، بەتایبەتی قۆناغی ئامادەکردن و دروست کردنی فۆرمەکان و سوورکردنەوەی لەنێو فرنی تایبەتی و ڕەنگ کردن لە شارەزایەتی تەواوی دەوێت بۆ جیاکردنەوەی کۆنتراسەکانی وە هەندێك کاری تر وەکو شوشەیی خۆی پیشان بدات، ئەمانە هەموو لە چوارچێوەی ئەو کارانەن کە هونەرمەندی شێوەکار نیاز بەیاتی لە ڕووبەری کارەکانیدا دەبینرێت، لەگەڵ ئەوەی مامۆستایەکی سارەزایە بۆ دارشتنی کارەستەی برۆزو خاوەکان، وە سومبڵی ئەو فۆرمە تایبەتیانەی کە دەبێتە نمونەیەکی زیندوو بۆ هێما جیهانی یەکان، ئەمانە ووردەکاری ژیانی ئەو مامۆستایەن.

هونەری سیرامیکی لە ووشەی کیزامیکوس کە ووشەیەکی ئەگریقی یە واتە دروستکەری گۆزەگەری، هونەری سیرامیکی هونەرێکە لە هونەرەکانی شێوەکاری ئیسلامی کۆن، کە کۆنترین کاری دەستی یە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، بە شێوەیەك لە چەند پێکهاتەیەك پێك هاتووە کە هەندێکیان دەستین وە هەندێکیان ئامادە کراون کە لە کەرەستەی کانزاکان پێك هاتووە، کە سەرچاوەکەی گەرمایی یە لە زۆر کاتدا ڕەنگەکەی سپی یە بەلام بە دەکرێت ڕەنگیشی بکەیت بە ڕەنگە جیاجیاکان، جۆرەکانی سیرامیك دەکرێت بە دوو بەشەوە کە یەکەمیان





بریتی یە لە تێکەڵەی قوور لە نێوان ٢٠ بۆ ١٠٠ لە سەدا، کە بە گۆزەگەری چینی و بەردین دەناسرێت، وە سیرامیکی هەندەسی جۆرێکە کە پێشکەوتووە و ناشرینی وە درزو شەقەکانی سیرامیك دەشارێتەوە کە بە سیرامیکی پێشکەوتوو ناسراوە.

بەوشێوە مامۆستا نیاز بەیاتی لە ڕووی زانیاری گرنگ و توێژینەوەی ئەکادیمی هونەری سیرامیکی قووڵ بۆتەوە بۆ نێو ووردەکاریەکانی سیرامیك و داڕشتنیان بە کەرەستەی برۆزو شوشەیی، لە زۆر کاریشدا هونەری سیرامیکی هەندەسی بەشێك بووە لە پلان و کارە هونەریەکانی،

لە ساڵانی ١٩٩١ وە پرۆفیشیونالی وە تایبەتمەندێتی وەر گرتوە لە دیزان کردنی کەوچك یان پاسكیل، وە لە ساڵی ١٩٩٢ دا دیزاینەری بۆ چەند کۆمپانیایەکی ناسراوی ئەوروپی کردوە، ئەوە بێجگە لەوەی کە چەندین کاری هونەری بەئەنجام گەیاندووە، من دەمەوێت بچمە سەر بەشێك لە کارە هونەرییەکانی بە تایبەتی دەموو چاوەکان کە بە شێوەیەکی زۆر ئەکادیمی دای ڕشتوە وە ڕەنگ کردن و گۆڕانکاری لە



نێو فۆرمەکەدا جوانیەکی تایبەتی بەخشیوە بەو کاری ئەو هونەرمەندە، کۆپی کردنی دەموو چاوەکان بە شێوەی سیرامیکی یان ڕیلیف، بەڵام تێکەڵ کردنی بە هونەرێکی مۆدێرن و هاوچەرخ، بەو ئاکارو شێوازانەی کە جیاوازترن لە دەموو چاوەکانی تر، یان ادروست کردنی کارە گۆزەیی یەکان کە ڕەنگە سوور و سپی یەکانی تێدا بەرچاو دەکەویت. لەهەمان کاتدا چەندین کاری وەکو جوانکاری نێو ماڵان



مۆکێتی مۆدێلەکان بەڵام لە شێوەی رازاندنەوەی نێو ماڵەکان بە برۆنز یان بە شوشە. هونەرمەند نیاز بەیاتی شارەزایەتیەکی تەواوی هەیە لە بوارەکانی دیزاین کردنی چ بۆ ستیودیوی جل و بەرگ یان ستیدیوکانی تر وەکو ئەندازیارێکی هەندەسی ئەو پلانانەی هەبووە وە بەشدار بووە لە چەندین پێشانگای تایبەتی لەو بوارەدا.

لە فۆرمەکانی هونەرمەندا چەندین بیرۆکەو فۆرمی جیاجیا دەبینیت وەکو باڵندەو ئاژەڵ و مرۆڤ و ئەسپەکان کەهەریەکەیان هێزو توانایەکی داوە بەو شێوازە هونەری یەی لە چوار چێوەی کارە هونەری کەیدا، وە دەست نیشان کردنی ئەو کەرەستەیەیی کە پێ ی دارشتووە، سەرسامی هونەرمەند بۆ هونەری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا یان مێژووی هونەرو مرۆڤایەتی بەشێکی تری هزرو نمونەی ئەو کارانەن کە فرمەلەیانی کردوە لە چوار چێوەی پلانەکانیدا، مەدالیاو ڕیلیڤی پەیکەرسازی بە شێوەیەکی ئەکادیمی لە ڕوبەری کارە قوڕینەکاندا وە هێڵکاری ئەکادیمی کە بناغەی هەموو دیزانەکانە ئەو کەشکۆڵە هونەری یە پڕ لە ئەزموونەیە هونەرمەند نیاز تیایدا قووڵ بۆتەوە وە هەردەم بەکاریان دەهێنێت، لە بەشێکی تری پرۆسەی کارە هونەریەکانی یان خوێندن و توێژینەوەی پێوانەکان و دوورو نزیکی بە شێوازی ٣ سی، بێگومان لە ساڵی ٢٠٠٠ خوێندنی باڵای ئاڤانسێر لە زانکۆی تیم ڤیسیون. ٣دی تەواو کردووە، هەربۆیە شارەزایەکی نوێ ی تەکنەلۆژیای سەردەمی هونەری سیرامیکی لە چوار چێوەی هونەری هاوچەرخدا ئەو

هەنگاوەیە کە هونەرمەند نیاز بەیاتی هەنگاوی بۆ ناوە لە چەندین کاردا کوری سیرامیکت گۆزەیەکی کردۆتەوە دوو بەشووە کە شوشەیەك جیایان دەکاتەوە یان تێکەڵ کردنی کەرەستەکانی تر بۆ نێو هونەری سیرامی کەلە هەندەسەی سیرامیکی دا دەبینرێت ئەو هەنگاوانەن کە ئەمرۆ سەردەمی هاوچەرخ گرنگی پێ دەدات و هونەر لەو ناوەندەدا خۆی دۆزیوەتەوە، بەڵام هێماو تایبەتمەندێتی کەلتوورەکانی جیهان چ لە ڕەنگەکان وە چ لە نوسین و نەخشەکان بەشێکی زیندوون لەو کارە هونەریانە کە مرۆڤ سەرسامن پێ ی، وە میللەتی ئەوروپی وجیهانیش گرنگی پێ دەدەن، لەزۆر کاتیشدا گەڕانەوەمان بۆ سەردەمە مێژوویەکان وەکو کاری سیرامیکی لە قوورِ و هێڵ و نەخش وێنەی مێژووی لەنێو کارێکی هونەریدا، ئەو دەوڵەمەندیەی هونەرمەند لە هەمو وڕوانگەکانەوە خزمەتێکی بەرچاوی هونەری شێوەکاری کوردی و جیهانی یە. خەونەکان و خولیاکان هێندە زۆرن وەکو شەپۆلی دەریاکان دێن وەدچن و مامستا نیازیش لەو گڕو تینەدا هونەرێکی هاوچەرخمان پیشان دەدات لە ڕێگای کارە هونەریەکانی یەوە بەتایبەتی هونەری سیرامیکی پێشکەوتوو.



**نیاز بەیاتی**

ساڵی ١٩٦١ لە خانەقین لەدایک بووە، ساڵی ١٩٨٢ لە کۆلێژی هونەر دەر کراوە، پاشان چۆتە دەرەوەی وڵات

١٩٨٧بە دیزانی کتێب دەستی بەکارەکانی خۆی کردوەتەوە

لە زانکۆی (Kolding Design)١٩٩١بەشی سیرامیک و بڕۆنزی لە زان تەواو کردووە

١٩٩١ لە شەریکەی (Scanintra) دیزاینێری کەوچک بووە.

١٩٩١ لە ئینگلیس دیزاینێری پاسکیل بووە.

١٩٩٢ بەشی (تصمیم صناعی) ی لە کۆلێژی (Kolding Design) تەواو کردووە.

١٩٩٢ بۆ شەریکەی (Bando) دیزاینی تەلەفوونی کردووە.

١٩٩٣ لە زانکۆی (Kolding Design) بۆتە مامۆستا و هەر ئەو ساڵە لە زانکۆی Danimark Design School KBH)، هەروەها هاوکات لە زانکۆی مەلەکی لە KBH و کۆلێژی هونەرە جوانەکان لە ئاهوس ئودنس HBK یش، محازر (وانەبێژ) بووە.

لە ساڵی١٩٩٣ بەولاوە، لە بەشی هەندەسە و دیزاین، لە سوئێد بە ناوی Nordic Ligt، لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی دا، نوێنەری دانیمارکە.

١٩٩٤ لە شەریکەی (Scandinavian Leathes) دیزاینێری کورسی بووە.

١٩٩٥ لە مۆزەخانەی (Darids samling) محازر بووە.

١٩٩٥ لە بەشی ئەندازیاری (میعماری ژوورەوە) لە زانکۆی (Brev

(Schoole) کاری کردووە.

١٩٩٧ لە KBH، دیزاینێری دیکۆڕاتی دووکانی جل و بەرگ بووە.

١٩٩٨ لە کۆلێژی مەلەکی Gis ی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە

Danske Kunstakademi) (Deb Kongelige

١٩٩٨ لەم ساڵە بەدواوە، لە وڵاتانی دانیمارک، فەرەنسا و ئیتالیا بۆ شەریکەی:

(Blae Horizan) دیزاینێری جلووبەرگ بووە.

١٩٩٩ بۆ هەندەسەو دیزاین، دیزاینی ستۆدیۆی کردووە.

٢٠٠٠ خوێندنی باڵای (Avancere) لە زانکۆی (Team Vision) و خۆێندنی 3D Studio تەواو کردووە.

٢٠٠٢ لە زانکۆی (Andebolle Hoiskoley)مامۆستای هونەر و دیزاینی قوتابیانی بێگانە بووە.

٢٠٠٤ بۆ کەڵەی چیکی لای خوێندوویەتی

(Antonin muller Michaela Bartonova)

هونەرمەند نیاز بەیاتی، لە زۆربەی وڵاتانی ئورووپا و یابان، پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی کردۆتەوە و ئێستاش لە وڵاتانی: دانیمارک، چیک، سوید، ئێران، بریتانیا، تورکیا، ئەڵمانیا، پۆلونیا، هەنگاریا و کوردستان، مامۆستایەتیی هونەری کردووە و بەردەوامە.





## ئاڤان فەتاح لە نێو سەمفۆنیای پەیکەرەکاندا

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد لەبەشی پەیکەرسازیدا خاتوو ئاڤان فەتاح جیهانێك لە سەمفۆنیاو ئاوازو سروشتی ژیان و گواستنەوەی لە ڕێگای هونەرو دەست و پەنجەکانی یەوە، قووڵ بونەوە بۆ ئەو دەریا هونەری یەی کە پڕ لە مرۆڤایەتی ئەو ئێش وئازارو جوانیانەیە کەهەرگیز ناتوانێت تێ ی بپەڕێت بەسەریدا و پشت گوێیان بخەیت، ئەو هونەرەی کە دەبێت دیدەی لێ بکەیت و گوێ لە ووردەکاریەکانی بگریت، لەگەڵ ئەوەی هەموو ڕووداوەکانی ژیانی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەر دێت و هەر جارە لە سوچێك و لایەکی ئەم کیشوەرانەوە چاوی لێ دەگرێت و ئیدی

دەبێـت بـە بابـەت و ناوەڕوەكێـك تاوەكـو لایەكـی تـری هونـەرو مرۆڤایەتـی لـە خـۆ بگریـت.

هونەرمەنـدی پەیكەرسـاز ئاڤـان فەتـاح كـە خێزانـی مامۆسـتای هونەرمەندی نـاسراو نیـاز بەیاتـی یـە.. گومانـم لـەوە نـی یـە كـە لـە كـەش و هەوایەكـی پـر لـە هونـەری و ڕۆشـنبیری یـە و سـەرقاڵ و خـاوەن بەرنامـەو پـرۆژەو پرۆگـرام و هونەرێكـی چالاكـن لەنێـو هونـەری ئەمـرۆی جیهانیـدا، دیـدە گرتـن لـە كارو نمایـش و چالاكییەكانـی وە كارە هونەریەكانـی ئەوانـەی كـە ئەنجامـی داون لـە چـوار لاوە دیـدەی لـێ دەكریـت، وەكـو پـەی بـردن بـۆ فۆرمەلـەو بابەتـی زینـدووی ڕۆژانـە، لەگـەڵ ئـەوەی ئـاوڕ دانـەوەی لـە كەلتـوورو كەلەجـەری كـوردی و پـەل كێـش كردنیـان بـۆ نێـو كۆتـەڵ و هێڵكاریەكانـی، بەتایبەتـی ئـەو فۆرمانـەی كـە نایـەوێ لەدەسـت بچـن و لەبیـرو هزرمانـدا بسـڕێنەوە، ئـەوە ئـەو خاتوونـە هونەرمەندیـە كـە لـە نێـو كۆمەڵگایەكـی بیانـی و هاوچەرخـدا جێگـەو بۆشـایەكی گەورەیـی پـڕ كردۆتـەوە بـۆ ناسـینی هونـەرو كەلتـووری نیشـتیمانەكەی.

ئەگـەر دیدەیـەك لـەكارو چالاكـی یەكانـی هونەرمەنـد ئاڤـان فەتـاح بگریـن ئـەوا لـە ساڵانی ٢٠٠٥ تاوەكـو ٢٠٠٩ مامۆسـتای هونـەری بـووە لـە بەشـەكانی وێنەكێشـان و پەیكەرتاشـین و سـیرامیك و ڕەنگـەكان وە كاری لـە سـتیودیوی هونـەری شـاری سـلێمانی كـردووە. لەسـاڵی ٢٠٠٣ بەشـداری پێشـانگایەكی هاوبەشـیان كـردووە لەگـەڵ كۆمەڵێـك هونەرمەنـدی شـێوەكار لەشـاری سلێمانی، لەسالی ٢٠٠٥ بەشداری چالاكی پەیكەرسازی كردوە لـە ڤیسـتیڤاڵی



هونـەری پەیكەرسـازی، لەگـەڵ ئـەوەی چەندیـن پـرۆژەی هونـەری تـەلاری پەیكەرسـازی هەبـووە بـۆ یـادی كارەسـاتی هەڵەبجە لەساڵانی ٢٠٠٧ وە لەسـاڵی ٢٠٠٨ كارێكـی هونـەری ئەنجـام داوە بـە بـەرزی ٣ مەتـر، لەگـەڵ ئـەوەی چەنـدی كاری تـری هونـەری ئەنجـام داوە لـە بـواری پەیكەرسازیدا بـە بـەرزی ٩ مەتـرو كاری ڕێلیـف.



لـە ئەزموونـی ژیانـی هونەرمەنـد ئاڤـان فەتـاح دا كۆمەڵـە گۆڕانـكاری هونـەری و ئەكادیمی بەدی دەكەین بەتایبەتـی كار لـە بـواری سـیرامیك یـان پەیكەرسـازیدا كـە كارێكـی ئەوەنـدە ئاسـان و سـادە نـی یـە لـە دارشـتن و دانـان و دەسـت بـردن بـۆ ئـەو كەرەسـتانە كـە خـۆی بـۆ خـۆی كاتێكـی زۆری دەوێـت وە قورسـە لـە ڕووی بارسـتایی یـەوە، بـەڵام



توانیوێتی وەکو نمونەیەکی پێشەیی ئەو داهێنان و ووردەکاری و جوانکاریانە لە ڕووبەری کارەکاندا بخاتە ڕوو چ وەکو بابەت وە چ وەکو تەکنیکی کاری هونەری، کە هەردوو بەشە هونەری یەکە زەحمەتی و قورسایی خۆی هەیە لە نێو هونەری شێوەکاریدا وەکو خاتوونێك مامەڵە لەگەڵ گەچ و قووڕو چیمەنتۆ و بەردو گیراوەیی ئەو کەرەستانە ڕۆژانێک لە گەڵ قوتابیانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیایی هونەرە جوانەکان کە پێکەوە بەشدارن لەکارێکی قەبارە گەورەو قوورس لەبارستایی دا وە مامەڵە لەگەڵ هێڵکاری و مۆدێل وستیلایڤ و ژیانە مردووەکان و وەستاوەکان و گۆڕینیان بۆ ژیانداری و مانا بەخشی. لەپاش گیرساندنەوەی لە وولاتی دانیمارك لە ساڵانی ٢٠٠٩ وە ڕوو کردنە نێو جیهانی زمان و کەلتوورو تێکەڵ بوون بە هونەرێکی هاوچەرخ و مۆدێرن لاپەڕەو هەنگاوێکی تری هونەرمەندە بەتایبەتی دورست کردنی پردێکی ناسین و تێکەڵ بوون و کۆنتاکتی هونەری و نمایشی کارە هونەریەکانی لەگەڵ شارەزایان و پسپۆڕانی هونەری لە و وولاتە و کارکردن وەکو مامۆستایەکی پرۆفیشیونالی و ناسینی کەلتووره جیاوازەکان و خوێندن و زانیاری هونەری لەسەر هونەرەکانی جیهان و ناسین و شارەزایی لەگەڵ مێژوو وە جۆری کار کردن و مۆزەخانەکان و پەرتووکەکانی هونەر لەسەردەمەکانی ڕابردوو وە سەدەکانی پێشیندا و دیدە گرتن لە تەکنیك و داهێنان، ئەمانە هۆکارن بۆ ڕەخساندنی کاری پیشەیی و هونەرێکی ڕوون لە ژیان و ئەزموونی هونەرمەند خاتوو ئاڤاندا.

تێڕوانینم بۆ کارە هونەریەکانی هونەرمەند لە دوو بەشدا خۆی



دەدۆزێتەوە، یەکەمیان : ئەو کارە هونەری یە پەیکەرسازی یەیە کە سەمفونیای سەماکردن و جوڵەی تاکەکان و مرۆڤەکان چۆن دەیانەوێت لە نێو ئەو ئاوازەدا باڵ بگرن وە هەستەکانی سەماو ڕۆمانسیەتی مرۆڤ بخەنە ڕوو، لەلایەکی ترەوە لەش و لارو ماسوولکەو جوانی لەش بە شێوەیەکی ئەکادیمی دایان بڕێژێت، مۆسیقا سەمفونیەکانی جیهانی



کاریگەرو هۆکارن بۆ نزیك بوونەوەی مرۆڤەکان وە هەستەکان وە ژووانەکان، وە داڕشتنی کارەکان لە شێوەی مۆکێت و نموونەیی، وە داڕشتنی کارە داتاشراوەکان بەکەرەستە جیاجیاکان، لەو شێوازە کارانە کە دەکەونە بۆشایەکی زۆرەوە بێگومان ئاستی کار کردن و داڕشتنیان ئەوەندە ئاسان

نابێت بۆ پەیکەرسازێك کە کارەکە بەئاسانی بتوانێت خۆی بگرێت لە ترسی شکاندن و تێك چوون، لەهەمان کاتدا هونەرمەند ئاڤان دەستی بردوە بۆ کۆمەڵە کارێکی تریش کە کوردەواری و مۆرکی مرۆڤی کورد و داڕشتنیان لە قووڕی سوور یان سیرامیکی یان کارێکی ووردی نمایشی بێت، ئەوەش تەواو کەری کەلتوورو ناسنامەی ئەو هونەرمەندەیە کەلە گەلەری و زانکۆ و هۆڵەکاندا نمایشی دەکات و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە. دووەمیان : قوتابخانە ئەکادیمی و ڕیالیستی یەکەیە لەسەر ئەو بناغە هونەری یە زانستی یە کار دەکات و هێزو توانای هونەرەکەی بەرەو پێش بردووە، لەکاتێکدا خۆی مامۆستای هونەرە وە لە ڕابردووشدا، ئەو ڕێبازو قوتابخایە هۆکارێکن کە جەماوەرێکی تایبەتی خۆی هەبێت وە قووتابیان پێ دەگەیەنێت بەو ئەزموون و شارەزایەیی وداڕشتنی پۆرترێت و ڕیلیف و کاری جولاوەیی کەهەیەتی. هەڵبژاردەی ڕەنگەکان بۆ پەیکەرەکان یان بۆ کارە سیرامیکی یەکان گەڕانەوەیە بۆ شارەزایی لە تێکەڵ کردنی ڕەنگ و کۆنتراس و گونجاندن بۆ بابەت و داتاشراوەکان، لەگەڵ ئەوەی لەساڵانی ٢٠١٤ دا مامۆستای هونەری بووە لە وڵاتی دانیمارك وە پرۆژەی و کاری زۆری هەبووە کە دەستی بردوە بۆ کانزاو کەرەستە جیاوازەکان وەکو برۆنز و پۆلستەر و گلاس ڤایبەرو قووڕە سووربووەکان و ساردەکان و کارە بەرزەکان کەلە ٣ مەترو زیاتردا خۆی دەبینێتەوە، کارو هونەری برۆنز ئەوەندە ئاسان و لێتێگەیشتی سادە نی یە مرۆڤ بەهەنگاوێك مامەڵەی لەگەڵدا بکات، بەڵکو کۆمەڵە قۆناغێکی هونەری هەیە لەگەڵ گووزەی کات و مامەڵەدا



فێری وورده کاریەکانی دەبێت، لەساڵی ٢٠١٩ پێشانگایەکی هونەری لە برۆنزی لە شاری هینیف لەئەڵمانیا کردۆتەوە، وەلەهەمان ساڵدا لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانی کارە برۆنزەکانی نمایش کردوە.

وەکو ناوەڕوەك و فۆرمی کارە هونەریەکانی هونەرمەند ئاڤان فەتاح لە زۆربەی کارەکانی ئەو تایبەتمەندێتی یە دەبینین کە پەناو هەوڵەکانی لە کەلتووری کوردی وە ئازارو ئێشی کوردەواری وە ڕووداوەکانی سەدەی بیست و یەکەمدا دیارو ئاشکران چ خەمەکانی ڕۆئاوای کوردستان یان ڕۆژهەڵات و باکوور یان مرۆڤایەتی لەهەر جێگایەك بێت وە بیر کردنەوە لە ئازادیەکانی مرۆڤ ئەو فۆرمانەن کە هونەرمەند هەردەم بە دواوەوەین لە شۆرشگێڕە ئەسپەکان و هێزو توانایی ئەسپەکان کە دەربڕین لە شۆرش و هەڵساندنەوە دەکەن، لەگەڵ پەنا بردن بۆ هەموو ووردەکاریەکانی کەلچەری کوردی، بەردەوامی وە گەڕان بەدوای هاوچەرخێتی و مۆدێرنی کارەکان خەم و بیرۆکەو دیدەی ئەو هونەرمەندەیە کە کاتەکانی کەمن وە هەردەم بیری بۆ کەرەستە نوێیەکانی هونەری شێوەکاری بەتایبەتی پەیکەرسازی دەڕوات.

هونەرمەند ئاڤان فەتاح لەساڵی ١٩٨٠ لە شاری سلێمانی - کوردستانی عێراق لەدایك بووە وە لەساڵی ٢٠٠٦ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری ڕانیە دا خوێندویەتی، لەساڵی٢٠٠٩ وە نیشتەجێی وڵاتی دانیمارکە لەشاری ئودێنسە.



## ویژدان دێرکی شێوەکاری کورد...<br>لە نێو هونەرێکی هاوچەرخدا

شێوەکارێکی کوردی ڕۆژئاوا خاتوو ویژدان دێرکی، من هەردەم لەساڵانی ١٩٩٣ وە لە زۆربەی ڕاپۆرتەڕۆژنامەنوسی یەکانم کاتێك لە سوریا بووم نوسیوومە کوردستانی سوریا، وە زۆر جار لەو کاتەدا بە شارۆچکەی دێرك دا تێ پەڕیووم، هەستم بە کوردو بوونی کورد بوون لەو شارەدا کردووە، بێگومان مێژوویەکی دێرینی هەیە، خاتوو ویژدان دێرکی وەکو قوتابیەکی هونەر لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی دیمەشق وەرگیراوە وە بەسەرکەوتوویی بڕوانامەی کۆلیژی وەرگرتووە، ئێستاش لە



ووڵاتی سوئید نیشتەجێ یە لە شاری سوندس ڤاڵ کە ٣٧٧ کم لە ستوکوڵم وە دووره، واتە بە ٤ کاتژمێر لە پایتەختی سوئیدەوە دەگەیتە شاری سوندس ڤاڵ، بێگومان شارێکی دڵگیرو دوور لە قەڵەباڵگی و سروشتێکی دڵڕفێن و سەر دەریایی بەلتیق و هاوسنووی دەریایی یە لەگەڵ فینلاندە.

ئەگەر دیدەیەك لەکارە هونەریەکانی هونەرمەند خاتوو ویژدان بگرین ئەوا دەبێت لە شێوەو ناوەڕۆکی کارە هونەریەکانەوە دەست پێ بکەین، لەگەڵ ئەوەی کە ئەزموون و تاقی کردنەوەو بناغەیەکی ووردو درێژی هەیە لەو بوارەدا وە سەرەتاو قۆناغی ئەکادیمیا ئەو هەنگاوانە بوون کە دەرئەنجامی ئەمڕۆی لێوە دیارە، بۆیە دەبێت هەنگاو بەهەنگاو دیدە لەو کارە هونەریانە بگرین وە دەبێت قۆناغ و گۆڕانکاریەکان بە ووردی دیدە بکەیت، چونکە بەهۆی کۆچ کردنەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ووڵاتانی ئەسکەندەنافیا گۆڕان کاری بە ژیان و ڕەنگ و هزرو چالاکیەکانیش هێناوە.

لە کارەکاندا بێگومان هەنگاوی ئەکادیمیەت وە ڕیالیستی و ڕیالیزمی ئەو سەرەتاو هەنگاوە بووە کەلە دێرك و ناوچەی کوردانەوە حەزو ئارەزووی بووە و چۆتە نێو وێنە سروشتی و دەوروبەرەکەیەوە، دواتر لە ژیانی دیمەشق و کۆلیژی هونەرە جوانەکان و تێکەڵ بوون بە گەلەری و مۆزەخانەو گروپە جیاوازەکان، وە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی مامۆستایانی هونەر لە شام، ئەو هەنگاوانەی بڕیوە کە هونەر لە چوار

چێوەی ئەکادیمیەت هەنگاو بنێت بەرەو قوتابخانە هونەریەکانی تر، وە ڕیالیستی دەربڕین خوازی و دۆزینەوەی و ڕێکخستنەوەی ڕەنگەکان لە چوار چێوەیەکدا هەنگاوێکی تری ئەزموونەکانە لە ژیانی هونەرمەندا، لەگەڵ ئەوەی کە بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لە کۆلیژو ژیان لە دیمەشق، زۆر هونەرمەندی کورد لە کوردستانی سوریا کە بە ڕۆژئاوا ناو دەبردرێت لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان خوێندویانە و دواتریش وەکو مامۆستا کاری هونەریان کردووە، کردنەوەی پێشانگا لە شام بە دوو ڕێگا ئەنجام دەدرا، شێوەیەك بە ئاشکراو شێوەیەك بە نهێنی واتە لە گەڕەکی روکنەدین یان مەساکن بەرزە لەماڵێکدا کارە هونەریەکان نمایش دەکرا و دۆست و برادەران دەچوون بۆ دیدەی ئەو کارانە، جۆرێکی تریش بە فەرمی لە گەلەری و هۆڵەکاندا نمایش دەکرا و کاری هاوبەشیش دەکرا.

جۆری کارە هونەریەکانی هونەرمەند ویژدان دێرکی لەو تەکنیك و قوتابخانە هونەریانەوە لەنگەری گرتوە کە ئەزموون و کاری هونەری تێدا کردووە، ئەو ستایلانەش یان ڕێبازەش بە ڕەنگە گەرمەکان بەرچاومان دەکەوێت، ئەگەر لە سروشت بێت یان فۆرمەلەی کارە هونەریەکان، وە بەکار هێنانی تەکنیکەکان هونەری ئارابسك و بەرەو هێما خوزی تێدا بەرچاو دەکەویت، وورك شۆپ بۆ منداڵەکان یان لاوان و گەورەکان نمونەیەکی زیندووی ئەو هونەرمەندەیە، چونکە ئەزموونەکان لەو هەنگاوانەوە دەستی پێ کردووە، بۆیە دەست



بردن بۆ ئەو ڕەنگە گەرمانە وەکو سوورو زەردو پرتەقاڵی و شین بە شێویەکی ڕاستەوخۆ ڕەنگ دانەوەی باگراونی ڕابردووی ژیانی هونەرمەندە، لەگەڵ سەردەم و کات و ئەزمووندا ئەو ڕەنگانە لەدوای ١٠ یان ١٥ ساڵی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت و هەموو ژیان بەرەو هێدی کەرەوە دەچن ! ئەوەش دەرئەنجامی سروشت و کەش و هەواو کۆمەڵگای نوێ ی ئەسکەندەنافیایی یە، وەکو ئەوەی کە کەش و هەوا سارد بێت، ئاوهاش ڕەنگەکان بەرەو فێنکی دەچێت، لە ئێستا دا تازەگەری و جوانکاری تێدا بەدی دەکرێت، کارەکان بە ئەزموون و بیرو هزرێکی پڕو چڕدا تێپەڕ دەکەن وە سوود وەرگرتن لە هونەرمەندە جیهانی یەکان و ڕەوتی هونەری ئەمڕۆی پێوە دیارە، بەتایبەتی ئەو کارانەی کە وردەکاری زۆری بۆ کردوون، لە چوارچێوەی فۆرمەکاندا.

ژیانی تێکەڵاو بوون و بەستنەوەی سۆشیالی ژیان لایەکی تری ئەو ڕەنگدانەوەیە کە دەبینین لەگەڵ پرۆژە هونەریەکاندا، تێکەڵی رووح و جەستە وەکو هێمایەك ڕەنگ دانەوەی هەیە بەتایبەتی کاری بە کۆمەڵ و دەستەیی، بۆ ئەنجام دانی پرۆژەیەك یان کارێکی هونەری پێکەوەیی. سروشت لە دیدەی هونەرمەند خاتوو ویژدان ئەو گۆڕانکاری یە ئەکادیمی هونەرە هاوچەرخەیە کەبە شێوەیەکی مۆدێرن سەرەنجی لە تابلۆکان گرتووە، بەو تەکنیك و شێوازەی کە ڕەنگەکان جوانیەکی سەرەنج ڕاکێش دەگێڕنەوە بۆ دیدەی بینەران، زۆر جاریش کارەکان لە چوارچێوەی پێوانەیەکی بچووکدا ئەنجام دەدرێت

وە زۆر جاریش لە پانتایەکی بەرفراوان وەکو لا دیوارو کەنفاسی چەند مەترێك کۆمەڵە کارێکی ئەبستراکی هێناوەتە نێو پەنجەو دەستەکانی یەوە، واتە ڕووبەر سنووری نامێنێت لە هزری هونەرمەندا وە هەموو سنوورەکان دەبڕن بە بێ کۆتایی.

تەکنیك بۆ ئەوکارانەی کە دەیانەوێت فۆرمە جیاوازەکان لە خۆ بگرن، یان خۆ دۆزینەوە لە نێو ڕێبازو قوتابخانەیەکی بە دیاری کراودا، لە زۆر کاری هونەری هونەرمەندا ئەوە دەبینیت، وە هەر وەکو



وورده کارێك ڕیالیستی دەربڕین خوازی بەکار هێناوە لەلایەکی تر ئابستراك و ڕەنگە تێکەڵ بووەکان وەکو دەستەکانی خۆی وە هەندێك جار وەکو قوتابخانەی هێماخوازی و لێك حاڵی نەبوون، بەڵام هەموو ئەم هزرانە گرێ ی داوە بەو سروشتەی کە تێیدا دەژیت وە سەرچاوەی بیرو هزرێتی، سروشت بە چاوێکی ترەوە یان بە دیدەیەکی ترەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو کەڤاڵەکان بەو تەکنیکەی کە خۆی هەنگاو



ئامانجی لێ گرتووە، ئەمانە بەشێکن لە ژیان و کارو چالاکی هونەرمەند خاتوو ویژدان دێرکی.

لە پرۆژەی کار لەگەڵ منداڵەکان ئەو توانیوێتی بێجگە لە فێرکردنی منداڵان لە جیهانی تایبەتی خۆیان قوتابخانە ئەکادیمی یەکە بەکار بهێنن و لەسەر ئەو بناغەیە فێری هونەریان بکات، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئازادی تاکەکانی خستۆتە بەردەستی خۆیان وەکو بە سپرای هەموو تابلۆکە بنەخشێن و لە پانتایەکی کراوەدا کار بکەن، ئەوەش بۆ ئازادی منداڵەکان و حەزەکانیان زیاترو فراوانتر دەکات، وە لەلایەکی ترەوە کاری دەستی و ووردەکاری بەشێکی تری پرۆژەکانی هونەرمەند خاتوو ویژدانە، بەتایبەتی ووردەکاری بەکاری دەستی و سەرەنج دان و کۆلاژ و لایم و هێنانی منداڵ بۆ نێو کاررو پرۆژەی تەمەنە گەورەکان. واتە هەست کردن بە هونەر لەنێو ئازادی تەمەندا. ئەم تاقی کردنەوانە هۆکارێکن بۆ سەرکەوتووی وە بەرەو پێش بردنی پرۆژە هونەریەکانی.

بەکارهێنانی کەرەستە جیاوازەکان هەر لە سکێچ کردن بە قەڵەمە ڕەشەکان و کاری ئاوی و ڕۆنی و ئەکریلیك و گواش و کەرەستەی کۆلاژ کردن لە ڕووبەرە جیاوازەکاندا وە بەکارهێنای جل و بەرگ و لادیوار و تەختەو سروشتی دەورووبەر وە کار لە سەر کەڤاڵ و کارتۆن و لاپەڕەی ئاوی، ئەمانە هەموو ئەو ڕێگایانەن کە هونەرمەند ئەزموونی تایبەتی هەیە وە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات، بێگومان ئەو ڕەچاوی ئەو قوتابخانە

هونەریانـە دەكات كـە كاری تێـدا دەكات و دەیوێـت بیرۆكـە هونەریەكـەی بگەیەنێـت لـەو چوارچێوەیـەدا، بـە پێوانـە جیـاوازەكان، ئابسراكـی ڕەنگـەكان و دورسـت كردنـی كۆنتراسـەكان لەپانتایەكـی بەرفراوانـدا تێڕوانیـن و چاولـێ گرتنی زیاترو بەرفراونتر دەبێت، وە بەدیاركەوتنی ڕەنگە زەقـەكان وەكـو سـوور یـان شـین یـان هێڵـە سـەوزەكان ئەمـان لـە دوورەوە گروپێكـی ئابسـتراكی هێـدی كـەرەوە بـۆ چـاو پێـك دەهێنـن، چـۆن دیـدە لـە سروشـت دەكەیـت و لـە ڕێبازێكـی ڕیالیزمـی یـەوە بـەرەو ئابسـتراكی، چـۆن هەمـوو سروشـت دەخەیتـە نێـو چوارچێەیەكـی دیـاری كـراو، ئەمانـە هەمـوو ئـەو تاقـی كردنەوانـە وە ئەزموونانـەن كـە هونەرمەنـد هەنـگاوی بـۆ نـاون وە بـە كردەیـی كاری لەسـەر كـردوون. بۆیـە لەنێـو هونەرێكـی هاوچـەرخ ومۆدێرنـدا پەنجەكانی هونەرمەنـد خاتـوو ویـژدان دێركـی دیـارو نـاسراون.. خـەم و هیـواو چێرۆكەكانـی بـێ كۆتاییـن لـە ڕووبـەری كەڤـاڵ و ڕەنگەكانـدا.





## هونەرمەندی شێوەكار كاوە كافرۆشی.. ئابسراك و ڕەنگەكان لە دوو هەنگاوی بەرچاودا

حـەزو خەونەكانـی مـن بـە تەنهـا نیـن وە هـەر مـن ئـەو قۆنـاغ و بەسـەرهاتەم نەبینیـوە كەلـە كەركـوك تێـدا تـێ پەڕیـوم.. ڕۆژگارە تـاڵ و بـە ئـازار بەخشـەكان تەنهـا مـن وێنەیانـم نەگرتـووە.. هونەرمەنـدی شـێوەكاری كـورد كاوە كافرۆشـی خـاوەن ئـەو بیـرەوەری و وێنـەو ئەزموونانەیـە كـە لـە سـاڵانی هەشـتاكان لـە شـاری كەركـوك ڕووی داوە وە بینیـمان، چ لـە چالاكـی هونـەری و سـەردەمی زێڕینـی هونـەرو كەلتـوور لەسـاڵانی هەشـتاكان وە چ لـە ئازاربەخـش و تۆمـاری ڕۆژگارە تاڵـەكان كـە چـۆن زمـان و هونـەرو

کەلتووری شارێکی پڕ لە مێژوو لە ژێر زەبرو ئاستەنگیدا هەنگاو دەنێت،

لەدایك بوون لە شاری کەرکووك سەربەرزی و شکۆدارێتی مرۆڤە بەڵام ئازارەکانی و ڕەگ و ڕیشەیی وە ژیانداری ئەوەندە ئاسان نی یە وە ئاسان نەبووە، هونەرمەند کاوە کافرۆشی لەساڵی ١٩٧٠ لەشاری کەرکووك لەدایك بووە، ١٩٩٢ پەیمانگای تەکنیکیلەکەرکووك - سلێمانی تەواو کردوە.

لەو سەردەمە زێڕینەدا حەزەکانی لە نێو کەلتوورو هونەردا گەشەی کردوە بە شێوەیەك کە تێکەڵی بیرو هزری بوون، بۆیە هەوڵی دا بچێتە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی بەغدا بەڵام لەبەر ئەوەی نەچووە ڕێزی حزبی بەعسی ئەو سەردەمە کارە هونەریەکانی لەماڵ و لە ژێر سەرابە تاریکەکاندا ئەنجام دەدا لە وێنەکێشانی کارەساتەکانی میللەتی کورد وەکو ئەنفال کردن و بەکار هێنانی گازی کیمیایی لەلایەن ڕژێمی بەغداوە دژی کوردستان، لەساڵی١٩٩٣ ڕوی لە وولاتی نەمسا کرد وە لەوێ گیرسایەوە، بەڵام لەگەڵ تێکەڵ بوونی بە جیهان و کەلتوورو هونەری ئەوروپا لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی هالاین لە ڤێنا لە خولی هاوینەدا توانی ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ توێژینەوەو قووڵ بونەوە و خوێندنی هونەرێکی نوێ و هاوچەرخ، هەر بۆیە لەساڵانی ٢٠٠٢ بەشداری پێشانگای هاوینەی ئەکادیمیای هاوینەی هالاینی لە سالسبۆرگ کردووە وە لەساڵی ٢٠٠٤ یش پێشانگای لە و کۆلیژە هونەری



یە کردۆتەوە، وە بەشداری کردووە لە پێشانگای قوتابخانەکان لە شاری ڤێنا لەساڵانی ٢٠٠٥ وە ٢٠٠٦، دواتر هەنگاوی ناوە بۆ پێشانگا تایبەتی یەکان کە ئەزموون و ووردە کاری هونەرەکەی لە کەڤاڵەکاندا بخاتە ڕوو، ڕەنگ دانەوەی ژیانی ڕابردوو لە نێو تابلۆکاندا هۆیەکی گرنگ بوون بۆ ئەوەی درێژە بە بیرۆکەو فۆرمەلەکانی بدات بەتایبەتی ئەو ئازارو ڕووداو کارەساتانەی کە هونەرمەند کاوە کافرۆشی تێیدا ژیاوە، وە گرنگیشە هونەرمەندێکی کورد بەهەموو ئازارەوە واتە هەڵگری ئازارو خەمەکانی کوردستان بە شێوەیەکی هونەری هاوچەرخی لەکارە هونەریەکاندا نمایشی بینەران و دیدەی خەڵکانی ئەوروپا بکات بەتایبەتی لە شارێکی وەکو ڤێنا.



بێگومان ڕەنگ گرنگی یەکی تایبەتی هەیە لە پرۆسەو کارە هونەریەکانی هونەرمەند کاوە کافرۆشیدا، ئەوەش لەو ئەزموونەوە هاتووە کە ساڵانێکی زۆر سەرقاڵی ئەو هەنگاوانەیە، بۆیە لەپانتایی کەڤاڵەکاندا ئەو ئەزموونە ڕەنگانە دەبینیت کە بە شێوەیەکی هاوچەرخ و مۆدێرن کۆنتراسێکی بۆ ڕێکخستوون بە شێوەیەك کە ڕنگە ساردەکان وە گەرمەکان بتوانن خۆیان بگونجێنن لەگەڵ فۆرمەڵەی کارە هونەریەکان وە چونکە زۆر جار دوو ڕەنگ هاوتەریب نابن وە ناگونجێن بەڵام سەلیقەیی هونەرمەند ئەوەیە کە بتوانێت ئەو باگراونە وە دارشتنە ڕێك بخاتەوە و ئاسمانێك و پانتایەکی بۆ بەرجەستە بکات، لە دیدارێکی ڕۆژناوانیدا هونەرمەند کاوە کاوەکافرۆشی سەبارەت بە ڕەنگەکان ئەو پرسیارەی لێ کراوە کە (ڕەنگ یەکێکی ترە لە بەها گرینگەکانی هونەری شێوەکاری، لای تۆش بەوردی کار لەسەر رەنگ کراوە، وەزیفەی رەنگ لە تابلۆ و لە کارەکانتدا لە چ ئاستێکدایە؟

کاوە کافرۆشی: رەنگ یەکێکە لە ناسنامە و چەکە گرینگەکانی هونەرمەند لە مامەڵەکردن لە تەک تابلۆ و ئەو کەرەستە هونەرییانەی کاریان پێ دەکات، رەنگ لەلایەک و فیگەر لەلایەکی ترەوە ئەم دوو لایەنە (فیگەر و رەنگ) بەتایبەتی فیگەر بەهای ئەوەیە لە تابلۆدا شیکاری حاڵەتە نەستییەکانی تابلۆ دەکات لە نێوان فۆرم و رەنگدا، لەو حاڵەتەشدا لای هونەرمەند فۆڕم زمانێکی تایبەتی دەدات بەهونەرمەند کە رەنگە ئەو زمانە پێناس و جیاکاریی نێوان بەرهەمی هونەرمەندان



دەربخات و کار و تابلۆی هونەریی هونەرمەندێک لە یەکێکی تر بەپێی ستایل و شێواز جیا بکاتەوە و پێناسەی بکات.

ئەگەر رەنگیش وەک یەکەیەکی تایبەتی لە کاری هونەری و تابلۆدا سەیر بکەین ئەو مانایەی هەیە کە پێناس و ناسنامەیەک دەدات بەتابلۆکە، بۆ نموونە رەنگە رۆژانە ئێمە چەندان رەنگی جۆراو جۆر ببینین کە زۆر سەرنجمان رانەکێشێت، بەڵام هەر رەنگێک لەو رەنگانە لە ناو تابلۆی هونەرمەندێکدا هەبن زۆر سەرنجڕاکێش و پڕ کاریگەر دەبن بۆ سەر چاوی بینەر.



نوسینێك سەبارەت بەکارو چالاکی هونەری هونەرمەند کاوە کافرۆشی لە ڕۆژنامەی لیموند کوردی نێت لەلایەن نوسەر حسن

حسێن دیڤجی نوسراوە وە وەرگێڕانی لە تورکی یەوە نەدیم باران تێیدا دەڵێت.

کاوە کافرۆشی بەرهەمەکانی خۆی لە نەمسا لە پێشانگایەکی کەلتووریدا نمایشی کارە هونەریەکانی خۆی کرد، لەبەرهەمەکان و وێنەسازی یەکانی کاوە کافرۆشیدا تایبەتمەندێتی خۆی تێدا بەدیار کرد بوو لەبەکارهێنانی رووناکی و سێبەری پێکهێنانی فۆرمە ئابستراکەخوازی یەکان، لە هوشیاری ئەم تەکنیکەدا تەقەلای فۆرمە ڕووناکی یەکانی ڕوو بە دووری دەڕوانن، لە سێبەرو ڕووناکیدا، دێمە سەر (مێریڤ) کە تەماشای وێنەکانی کاوە دەکات کە ڕێکخستنەکانی لەسەرەتاوە بەرچاوتان دەکەوێت، دوو ڕێگا لە نێوەندی ڕووناکی یەکان و سێبەرەکان دەگۆڕدرێت، بەلانس ڕاگرێکی ڕێکخستەیی یە کەلە سەرەتاوە دەبینرێت لە ڕەنگی تاریکەوە بەرەو ڕوناکی لە سروشتی خۆیدا، وێنەکە بەرەو مێژوویی هەنگاو دەنێت چ لە نیگارو چ لە فۆرمدا گۆڕانکاری بە خۆیەوە دەبینێت لە سوریالی یەوە بەرەو ئابستراك شێوەی گرتووە، لەگەڵ شی کردنەوەکان و ڕوانگەی خۆی گرتووە لە ڕێنسانسی فۆرمی ریالیستی دا.

ڕێکخستنی ڕەنگەکان گرنگن وە دابەش کردنی فۆرمەکان، لەو گرنگتر لەگەڵ ئەوانەدا بە شێوازێکی هاوچەرخی تابلۆکان خۆی بەرچاو خستوون، ئەو دابەشکاری و کۆنتراسانە بوون بە شێوەیەك کە مرۆڤ دووربینیەکی زیاتر بۆ فۆرمەلەی کارە هونەریەکان بکات، ئەوەش



بەسەرەنج دان لە ڕێبازەکان کە ئابستراک وە هێما خوازی لە ڕێگای ئەو دەست وەشانە ڕەنگانەی کە هێزی بەخشیوە بە کەڤاڵە هونەریەکان، وە دەمموو چاوەکان و لەش و لاری مرۆڤەکان وەکو کۆتەڵ و پارچە پارچە بوونی ڕووبەرێکی بەرز دەداتە ئەو تابلۆیانەی کە مرۆڤ دیدەی تێدا دەکات، زۆر جار گەڕانەوە بۆ هێڵە سەرەتاییەکان واتە سەرەتای مرۆڤ و هێڵ کێشان لە بەردو تاشەکان و ڕەنگاندن وەکو تازە زمان گرتووە، یان بڵاو بونەوەی دڵۆپێك ڕەنگ لەنێو دەریایەکی ئاوو، ئەو پەرت و بڵاو بونەوەی ئەو شێوەو فۆرمانەت دەداتێ کە چۆن وە لە چ ڕوانگەیەکەوە دەیانبینیت، لەگەڵ ئەوەی هونەرمەند توێژینەوە یان وورد بونەوەیەکی ووردی هەیە لە سەر قوتابخانە هونەریەکان، ئەو قۆناغەی کە پێ ی گەیشتووە بە درێژای ئەزموونە هونەریەکانی وە بەشداری کردن لە پێشانگاو تێکەڵ بوونی لەگەڵ هونەرمەندانی نەمساوی یان ئەوروپی، هەڵگری فۆرمەڵەی پڕ لە ئازارەکانی وولات ناوەڕوەکن بەڵام داڕشتن و نەخشاندنیان بەو ڕێبازە هونەری یە هاوچەرخە هەنگاوێکی نوێ و پانتایەکی نوێ دەبەخشێتە چاوی بینەرانی هونەری شێوەکاری.

**کاوە کافرۆشی**

http://www.myspace.com/kafruschy

٢٠٠٢پێشانگەی (ئەکادیمی هاوین /هەلاین سا لسبورگ)

٢٠٠٤پێشانگەی (ئەکادیمی هاوین /هەلاین سا لسبورگ)

٢٠٠٥-٢٠٠٦(قوتابخانەی هونەری ڤینا)

٢٠٠٦پێشانگەی قوتابخانەی هونەری ڤینا

٢٠٠٧پێشانگەی تایبەتی لە گالیری راگنێرهۆف لەڤینا

٢٠٠٨پێشانگەی تایبەتی لەهۆلی البیرت شفایتیس هاوس لە ڤینا

٢٠٠٩پێشانگەی(بەچاویکی کراوە) ئونیکا فیلا لە ڤێنا

٢٠١٠پێشانگای روخساری هاورێیەتی بەشی یەکەم لە هۆلی

Projekt Raum Wuk

٢٠١١Sagyaپێشانگای تایبەتی لە هۆلی

٢٠١٢پێشانگای روخساری هاورێیەتی بەشی دوولە هۆلی

Projekt Raum Wuk

Atelie Rundgang ٢٠١٨ پێشانگای تایبەتیم لە هۆلی ئەتەلیەی

٢٠١٩پێشانگای ٤٠ هونەرمەند دەربارەی من

Atelier Moldovan

دەربارەی من لە Atelier Moldovan لە سالی ٢٠١٩ بەشداریم کرد لەگەڵ ٧٠ هونەرمەند لر ئارت گەلێری ڤێنا.

لە سالی٢٠١٩پێشانگای تابەتیم لە هۆلی خانەی کولتوری سلۆڤینیا



بە ئامادەی د. فریاد فازڵ بۆ خۆیندەوەی پەرتوکی تازەی مەم و زین.

پێشانگای هونەری شێوەکاری (دیگیتاڵ) ساڵی ٢٠٢٠بەشداریم لە سویس ئارت ئێکسپۆ لە شاری زویرخ لە سویسرا کە-Swiss Art Expo

هەموو ساڵێك ئەنجام ئەدرێ بە بەشداری هونەرمەندانی انترناشونال.

لە مانگی ٢٢/٧/٢٠٢١پێشانگای داهاتوو لە هۆڵی لأكاديميه الدبلوماسيه فی فيينا.

لە ٢٣/٧/٢٠٢١پێشانگای مانگی داهاتوولەگەلێری دۆمێنگ لەگەڵ ٣ هونەرمەندی نەمساوی

Domenig Galerie in der Ankerbrot

/http://kulturverband-favoriten.at



## شێوەکار سامان ڕەش.. ئەزموونەکان هەروا ئاسن نین

پەنجەکان ئەوەندە سارد بوون قەڵەمی سکێچە پەلەکانی سەر شەقامەکانی مەولەوی و سابونکەران و کاوەو چایخانەکەی شەعبی لە سلێمانی نەدەگرت وفریای هەموو جوڵەکان نەدەکەوت.. هاوڕێیەکی هونەرمەندی سەردەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم لە شاری سلێمانی لە ساڵانی ١٩٨٢ بەدواوە سامان ڕەش کڵاوێکی ڕەشتاڵەی خوێن گەرم و قژ لوولی بیکاسۆ ئاسا کڵاوێکی ڕۆمانسی جوانی لەسەر بوو، جێگای سەرەنج و تێڕامان بوو بەو هەموو حەزوو ئارەزووەوە لە جیهانە پڕ جەنجاڵ و سەرقاڵی هونەری ئەکادیمی و توێژینەوەیی بوو، کاتەکانی




کەم بوون بۆ گفتوو گۆ ئەوەندەی لە ڕوانگەی شەقام و پۆرترێت و جوڵەی کەسایەتیەکان بوو، ئەوەندەی کە فایل بۆکس و کۆمەڵێك لە کارو سکێچ و قەڵەم و ڕەنگی ئاوی پێ بوو.. لە ڕۆژانی بەشی ناوخۆیش هەردەم لە گەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەکی ئەو سەردەمەی بەشەکانی تری پەیمانگا دا هونەر کۆمانی کردبۆوە کە هەموومان لە ژوورو ماڵێکدا خۆمان بەکەس و ئازاری یەکتر بزانین، هەموو خەمی ئەو جیهانەمان لەسەر سینگ و هزرمان دانابوو کە دەبێت پەلە بکەین بۆ گەیشتن بە کۆتایی ئەو هەموو کارو هێڵکاری و ڕەنگ کردن و دەموو چاوەکان.. بەڵام دواتر زانیمان کە هونەری شێوەکاری دەریایەکی بێ بن و بێ کۆتایی یەو هەرگیز پێ ی ڕاناگەین.. ئەوەندە دەموو چاوی مرۆڤەکانی بە هێڵکاری کردبوو بەئاستێك کەسایەتیەکانی دەناسیەوە، ئەوانە بوون بەهۆی ئەوەی کە چمکی هونەری شێوەکاری بوو بە بەشێك لە ژیان و نان و هەناسە دانی مرۆڤ لەو چوار چێوەیەدا.

سامان ڕەش کەسایەتیەکی جوان و پڕ لە ووشەی جوان و ئەکادیمەیەت، وە پڕ تر لە نەتەوایەتی و خۆشەویستی بۆ چیاکانی ئەزمەڕو پیرەمەگروون و قەندیل.. ئەو ڕەنگانەی کە لە کەلتووری کوردەواری یەوە بەدەر دەکەون ڕەنگدانەوەیەکی قووڵی بەجێ هێشتووە لەهەست و ڕووحی ئەو برا هونەرمەندەدا، بێگوومان بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لە قۆناغی پەیمانگا و دوای پەیمانگادا بۆ هاوبەشی کردن لە پێشانگا هونەریەکاندا، لە قۆناغێکی تری کاری


هونەریدا ڕۆژنامەی هەرێم و بەڕێوەبردنی بەتایبەتی لەگەڵ نوسەری کۆچکردوو مەحەمەد موکری گۆڕینەوەی ووشەکان و جوانیەکانی مرۆڤ سەردەمێکی زێڕینە لە ئەرشیف و بیبلۆگرافیای هونەرمەندا.. گەڕانەوە بۆ وێستگەی پەیوەندیەکان.. چایخانەی شەعب.. لە شاری سلێمانی ئەو وێستگەیە بووە کە زۆربەی نوسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران لەوێدا گفتوو گۆو چوونە نێو ئایدلۆجیا جیاجیاکانەوە وە توانیان لاپەڕەیەکی پڕ لە ئاکار پێشکەش بکەن، هونەرمەند سامان یش وەکو کەسایەتی هونەرمەندو ڕۆشنبیر تێکەڵاویەکی بەرفراوانی هونەری و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی هەبوو لەگەڵ زۆربەی نوسەران و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران وە هەر لە و ڕوانگەیەوە ئاڵو گۆڕی هونەری تێدا لەنگەری دەگرت.


ئەگەر دیدە لە پرۆژەو کارو تابلۆو مۆنتیڤ و چالاکیەکانی هونەرمەند بگرین بێگومان زۆر گۆڕانکاری و ئەزموونی هونەری جیاجیای تێدا دەبینین، بەتایبەتی چ لە قۆناغی پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەکو ئەکادیمی یەك پەی بۆ ئەو قوتابخانە هونەری یە بردووە، یان لەدوای پەیمانگای هونەرە جوانەکان هەنگاوی بەرەو ڕیالیستی دەربڕین خوازی بردوە، وە نمایشی کارەکانی لەو قۆناغانەدا گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە، لە ساڵانی نەوەتەکان کاتێك لە ڕۆژنامەی هەرێم کاری کردووە وەکو سەرپەرشتیاری هونەری لە شاری هەولێر پەیوەندیەکی تۆکمەو ئامادەیەکی ڕاستەو خۆی هەبووە لە نێو هونەرمەندان و چالاکی هونەری ئەو شارەدا بەتایبەتی لە











قەڵای هەولێر کاتێک مۆزەخانەو گەلەری سەردەم هەبوو، وە نمایشی کارە وهونەریەکانی لە وگەلەری یە یان لە هۆڵی میدیا لە ڕووبەری ڕۆژنامە کوردستانی یەکاندا، لەهەمان کاتدا ڕوانگەی تایبەتی وهونەری جیاجیای هەبووە بۆ هونەرەکەی وەکو فەلسەفەیەک، نەک تەنها ڕووبەرێک لە هونەر بگرێتە خۆی بەڵکو قووڵ بونەوەیەکی هزری تایبەتی هەبووە وە هەر لەو ڕوانگەیەشەوە هەنگاوی بەرچاوی ناوە بۆ هونەری شێوەکاری، لە تایبەتمەندێتی یان گرنگی دان بە هونەرەکەی پۆرترێت و ڕووبەر چەمکی ئەو کارانەن کە سەرقاڵی بوون لە ڕابردوودا، ئەزموونەکان ئەوەندە ئاسان نین کەلە شەو و ڕۆژێکدا لەدایک ببن و ئیدی مرۆڤ بگاتە ترۆپلی هەموو قوتابخانەو جێگە هونەریەکان، بەڵکو هەر ئەزمونێک بە کۆمەڵێک تاقی کردنەوەو گەڕان بەدوای نهێنیەکانیدا دەوێت تاوەکو مرۆڤ بگاتە ئەو هەنگاوە کە تابلۆکانی تیادا بەرجەستە بکات.

کارە هونەریەکان لە ئەکادیمەیەت و دەموو چاو لەش ولارەکانەوە بەرەو ئابستراک یان هێما خوازی یان هونەرێکی هاوچەرخ وە دواتر خۆ دیتنەوە لە نێو ئەکادیمیەتیەکی پڕ لە هاوچەرخی، ئەمانە هەوڵ و تەقەلاکانی ئەو هونەرمەدەن کە هەموو جوڵەکان دەگوازێتەوە نێو کەڤاڵە هونەریەکانی، لەگەڵ ئەوەی هونەرمەند سامان ئەزموونێکی زۆر پتەوی هەیە لە ناسینەوەی ڕەنگ و دانانی لەسەر ڕووبەری کارە هونەریەکانی، لەش لاری مرۆڤەکان هەردەم بە جوڵەی جیاوازەوە



چەقی تێڕوانین و دیتگەیەکانێتی، وەکو هونەرێکی هاوچەرخ ستیلایڤ مانایەکی تر دەدات بە هونەرمەند لەکارە هونەری یەکانی وەکو ئەوەی کە کەرەستە بێ گیانەکان ئەوانیش لەکاتێکدا دەیانەوێت بکەونە جوڵەو باس کردنی خۆیان، ئاوها هونەرمەند سامان رەش باس لە کارە هونەریەکانی دەکات، دەووروبەر گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەست نیشان کردن و داڕشتنیان کە نێو ئەزموونی هونەرەکەیدا، دەسکێک لە گوڵە جوانەکانی هۆڵەندا بە چەندین شێوە دەبێتە مۆدێلی لەبەرچاوی هونەرمەند، هەر ئەو گوڵانە جارێک بە سروشتی وە جارێکی تر بە مۆدێرنی چاوەکان خۆی دەگوازێتەوە نێو کەڤاڵەکان.

سەرەنجێک لەو جیهانە تەم و مژە دەدەم کاتێک لە شەودا یان لە دیسکۆو تاریکە سەماکاندا چۆن پۆرترێتەکان دەبینیت وە چۆن ڕوخساریان لە کارێکی هونەریدا بەدەر دەکەوێت، ئەوە ئەو هزرو تێڕوانینەیە کە ڕوناکیەکانی نێو هۆڵە تاریکەکان ڕەنگ دانەوەیەکی ڕاستەو خۆی هەیە بۆ هونەرمەند، وە توانیوێتی ئەو جیهانە بەشێوەیەکی هونەری دابڕێژێت و دەربڕینێکی سەرەنج ڕاکێشەری لێ دروست بکات، دەست نیشانکردنی ڕەنگەکان و دانایان کەسەر کەڤاڵەکان زۆر بە ڕۆمانسیەتەوە ڕەنگ دانەوەی هەیە لە نێو کارە هونەریەکانی هونەرمەندا.

هونەرمەند سامان ڕەش کەلە هۆڵەندا لە شارۆچکەی ئاڵتن دەژیت ناسراوە بە لیون ڕەش زۆر پێشانگای تایبەتی و هاوبەشی کردۆتەوە لە

هۆڵەندا وە ئەڵمانیا وە کوردستان و وولاتانی تر، سروشت و پۆرترێت و جوڵەی مرۆڤەکان و ستیلایف و ئەفسانەو چیرۆك و کەسایەتیەکان و ڕۆمانەکان بیرو هزری قوڵی ئەو هونەرمەندەن کە لەو دەرگایەوە خەیاڵ و فۆرمەکانی سەرچاوە دەگرن و تێیدا قووڵ دەبێتەوە تاوەکو لە تابلۆیەك و چەندین سکێچدا لەنگەر دەگرێت، هونەر بوونی لە جەستەو ڕووحدا بۆتە پێویستیەکی ڕۆژانەی ئەو هونەرمەندە وە هەنگاوەکانی زۆر بە ووردی وە زۆر جاریش زۆر شێتانەی ڕووح دەنێت تاوەکو هەموو دەووروبەرەکەی ئاسوودە بکات.

ئەزموونەکانی هونەرمەند گرنگی و تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە پرۆسەی کارە هونەریەکانی و ژیاندا





## شێوەکاری کورد ستار قادر..
## لە خەم و خەونی مانگ وئەستێرەکانەوە

هەر هونەرمەندێکی شێوەکاری لەم جیهانەدا سەرسامە بە هێماو سیمبوڵ و وێنەیەکی سروشتی، وە سەرسامە بە کەسایەتی یان دەموو چاو یان تایبەتمەندێتی یەك.. هەر ئەو هێماو تایبەتمەندێتی و سیمبولەیە ڕەنگ دانەوەیەکی قووڵ و درێژی هەیە لە نێو چیرۆك و ژیانی هونەرمەندەکە، لە هەندێك قۆناغدا دەبێتە خەونێکی دووبارە بۆ کاردانەوەکانی ژیانی.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ستار قادر کە لەیەك ماڵ هاتووین و دیدەی ژیانمان کردوە ئەویش پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی

بووە، هەمان مامۆستا وە هەمان دیدە وە هەمان کەرەستەی هونەری وە هەمان هۆڵ و گەلەری، بۆیە ئەو نزیك بونەوەیەمان هەیە لە دیدەو تێڕوانینەکان، و چوونی بۆ کۆلیژی هونەرە جوانەکان و وورد بونەوە بۆ دونیای هونەری شێوەکاری و هەنگاو بەرەو شی کردنەوە و لێکدانەوەی ڕێبازە جیاجیاکان، ئەو بناغە هونەری یەی بونیاد ناوە کەلەسەر بناغەیەکی ئەکادیمی و ڕیالیزمی و ڕیالیستی بیرۆکەی هونەرەکەی خۆی تاو بدات بەشێوەیەك کە لەهەر تابلۆو کارو چالاکیەك ماناو سیبولێك لەدەوری خۆی بەجێ بهێڵێت، بناغە هونەری یە ئەکادیمی یەکە ئەو قۆناغە پێنج ساڵەیە کە قوتابی دەتوانێت هەنگاوی گرنگ گرنگ بەدەست بهێنێت لە دونیای هونەری شێوەکاری وەکو پراکتیکی، وە لە ڕووی زانستی هونەریشەوە بێگومان سەرکێشی دەکات بۆ بەنێو لاپەڕەکانی مێژوو لە هونەرمەندانی جیهانی وە کەلتووری جیهان بەگشتی، ئەو توێژینەوانە و هەنگاوە تاکە کەسی یەکان دەبێتە هەنگاوێك لە ئەرشیف و ببیلۆگرافیای هونەرمەندەکە، بێگومان لەدوای پەیمانگای هونەرە جوانەکانەوە هونەرمەند ستار قادر هزری هونەی و ئایدیای خۆی بە شێوەیەکی تایبەتی لە نێو کارو تابلۆو بەرهەمەکانیدا خستۆتە ڕوو، ڕەنگ دانەوەی کارە توێژینەوەکانی ئەکادیمی وە سکێچەکانی ڕۆژانەی لە شەقام و چایخانەو بازاڕو لاکۆڵانەکان و سروشتدا هۆیەك بوون بۆ بەرەو پێش چوونی هەنگاوەکانی تر.

قۆناغی کارە هونەریەکانی هونەرمەند جیاوازن وە لە هەر قۆناغێك وورد بونەوەو فۆرم و ووردەکاری تایبەتی کردوە بۆ هەنگاوەکانی تر،





وە لە هەر پێشانگایەکدا بێگومان تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە لە کارە هونەریەکانیدا، ڕەنگ دانەوەی هونەرمەندە جیهانی یەکان کەسایەتیەك یان کارە هونەریەکانی ڤان کوخ یان ڕامبراند لە ڕەنگ و تەکنیکدا، واتە سەرسامی هونەرمەندە بە کارو تەکنیك و داڕشتن و جیهانە سەرسامەکانیان. هەمووومان ڕەنگ دانەوەی هونەرمەندە ناسراوەکانی جیهانمان لەسەرە وە سەرسام بووین بەکارو بەرهەمەکانیان، هەر بۆیە ئەو ڕێچکەیە وە دووبارە کردنەوەی کارەکانیان بەشێکن لە پرۆسەی کارو هونەری هونەرمەندەکە، بەڵام ماندوو بوون و دروست کردنی کارو تابلۆ و هەنگاو بەرەو ئاکامەکانی ئەو ماندوو بونەیە کە هونەرمەند هەنگاوی بۆ ناوە وە کاری کردوە وە خوێندنەوەی هەبووە بۆ هەموو قوتابخانە هونەریانەی کە کارە هونەریەکانی

تێدا دارشتووە.

تایبەتمەندێتی کارە هونەریەکانی هونەرمەند ستار قادر لەو سیمبوڵەیە کە مانگ هێمایەکی پیرۆزە بۆ کارەکانی، لەوانەیە لەژێر چەتری ئەو هێمایە خەون و حەزو ئارەزووەکان بە شێوەیەکی ڕۆمانسی ئاسمان و مانگە شەودا جوانی هزرو بیر بگاتە ئەوەی کە فۆرمەکان لە خۆ بگرێت ! لەهەمان کاتدا تابلۆ شەوگارەکان تایبەتمەندێتی یەکی تری هونەرمەندە کە بتوانێت لەو شەوە زەنگەدا تروسکایەك ببینێت کە ئەویش مانگە، لەو ڕوانگەیەوە خۆشی وئاهەنگ و ناخۆشیەکانی ژیان بەرجەستە دەبن، لە فۆرمی کارە هونەریەکانی تردا هونەرمەند توانیوتێتی هەنگاو بەهەنگاو ئەو دیدەو تێڕوانیانەی بخاتە ڕوو بە شێویەکی ڕیالیستی دەربڕین خوازی یان بە شێوازی هونەرێکی هاوچەرخ لەنێو کەڤاڵە هونەریەکانیدا، زۆر جاریش سروشت و کاردانەوەی سروشت ڕەنگ دانەوەیەکی هزری دروست دەکات بۆ هونەرمەند بەتایبەتی دەریاکان و ئاوا بوونی هەتاو یان مانگ، بەرفراوانی ئاسمان لەگەڵ زەوی یان ئاو، هەورەکان یان کۆچ کردنەکان وەکو ئاوا بوون، یان هەڵهاتن، کە مانای ژیان و بونەوەی ژیان و کۆتای هاتن بەژیان.


لە ڕوانگەیەکی تری کارە هونەریەکانی هونەرمەندەوە ئەو وورد بینی یە دەخوێنمەوە کە جیهانی شیعر و ووشەو ڕۆمانسیەتی ووشەکان وورد بکاتەوە وە دایانبڕێژێت لە چوار چێوەی تابکۆکاندا، وەبۆ هەر ڕستەو ووشەیەك خوێندنەوەیەکی تایبەتی بۆ ئەنجام بدات، هەروەك هونەرمەند



ستار قادر لە ڕوون کردنەویەکیدا بۆ کارە هونەری یەکانی دەڵێت “گەر تابلۆ شیعرێکی بێدەنگ بێ و شیعریش نیگارێکی دەنگدار، ئەوا لەم ئەزموونە هونەریانەمدا کە خستومەتە بەرچاو، کارێکی نەتوانست و نەکردە بووە بەبێ ئاوێتە بوونی هەردووکیان کارە هونەریەکان بێنە بەرهەم، بۆیە ئەوەی لە زۆربەی تابلۆکانمدا خراونەتە ڕوو هەم شیعرە هەم نیگار، هەم نیاگایەکی ڕوونترو پاراوتری ووشەیە بەهۆی ڕەنگ و هێڵەوە و بەکردەی دەربڕیندا گوزەری کردوە“.

هونەرمەندی شێوەکاری کورد ستار قادر لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، وە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی تەواو کردوە، دواتر کۆلیژی هونەرە جوانەکانی تەواو کردوە، ١٠ پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە وە بەشداری لە چەندین پێشانگای هاوبەشی کردوە لە گەڵ هونەرمەندانی کورد، خاوەن چەندین پرۆژەو کاری بووە و هونەرمەندێکی ئەکتیڤە لە بواری شێوەکاری کوردیدا، مامۆستایەکی چالاکە لە خول و پرۆژەو وورك شۆپی هونەریدا، ئێستاش فەرمانبەرە لە بەشی شێوەکاری شاری سلێمانی.

لە ١٢ / ٦ / ٢٠٢١ لە هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی بە ئامادە بوونی سەرۆکی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان بەڕێز نیاز نووری وە کۆمەڵێك لە هونەرمەندان و ئامادەبوانی شاری سلێمانی دوا پێشانگای تایبەتی خۆی کردەوە کە تیایدا کۆمەڵێك لە ئەزموون تابلۆ هونەریەکانی خۆی نمایش کردبوو.. هەر لەو پێشانگایەدا بەڕێز قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەی پێشانگاکە بوو.



## شێوەکاری پێشەوای کورد
## فایەق نوری سەعید (١٩٣٤ - ٢٠١٣)

مامۆستاو هونەرمەندی کۆچ کردوو و پێشەوای شێوەکاری کورد فایەق نوری سەعید لەساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە، کەسایەتی یەکی ناسراو و هونەرمەندێکی چالاکی هونەری شێوەکاری بووە لە نیو سەدەی ڕابردوو، و ە پتریش، ڕوحی شاد بێت لە ٢٨ /٢ / ٢٠١٣ کۆچی دوایی کردووە لە شاری ئاخن، ووڵاتی ئەڵمانیا، مامۆستای سەردەمێکی زێڕین و پڕ بەهاو قیمەتی کەسایەتی بووە لە تێگەیشتن و ڕۆشنبیری و مێژووی هونەرو کەلتوور، هەردەم کەسایەتیەك



بووە خەمی ووڵات و نیشتمان و خاکەکەی بووە، وەکو مامۆستایەك چەندین قوتابی لەسەردەمی زێڕینی خۆیدا پێ گەیاندووە، وە ئێستا زۆر لەو قووتابیانە مامۆستاو دکتۆرو ئەندازیارو ناسراون لە کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا، بێگومان هونەرمەندێکی شێوەکاری چالاك بووە وە توانیوێتی لەو سەردەمەدا کە ئاستی هوشیاری میللەتی ئێمە لە ئاستێکی دیاری کراودا بووە، بەڵام ئەو وەکو مامۆستایەك وە هونەرمەندێك کۆڵی نەداوە بۆ پێگەیاندنی گەنج ولاوان و قوتابیان و گرنگی دان بە هونەرو ڕەسەنایەتی هونەرو کەلتوور بە شێوەیەکی چالاك لە نێو قوتابخانەکان و چالاکی یە هونەریەکاندا.

ئەگەر دیدەیەك لە ئەرشیف و کارە هونەریەکانی هونەرمەند مامۆستا فایەق نوری بدەین لە ڕابردوودا لە ڕووی فۆرم وناوەڕۆکەوە زۆر بابەتی جیاجیای تێدا دەبینین وەکو هەستی کوردایەتی وە ئازادی بۆ میللەتەکەی واتە کوردستان، چونکە بەپێ ی ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی یەکان کورد لە ژێر دەستەو ژیانێکی زەحمەتدا بووە بەتایبەتی مامۆستا فایەق لەساڵانی ١٩٥٧ خانەی مامۆستایی بەشی وەرزشی لە بەعقووبە تەواو کردوە، بۆیە وەکو حەزو هیوایەك هونەری شێوەکاری لەو سەردەمەدا کاریگەری لێ کردوە کە لە پاڵ هونەری وەرزشی ئەو هیواو ئارەزووەی هەبوە بۆ دەربڕینی ئازارو حەزو خۆشی یەکانی لە ڕێگای تابلۆکانەوە، بەتایبەتی گرنگی بە هۆنەرێکی ئەکادیمی داوە، ئەو کارە هونەریان وەکو تاك تاکی نیگای

لێ بگریت ئەوا بۆت دەردەکەوێت کە مرۆڤ بەداوی ئازادی یەکان و سەربەستیدا ووێڵە، وە کۆشش دەکات بۆ دەست هێنانی ئەو ئازادی یە، لەبەرانبەر ئەمەدا دەربڕینی لەو ئەشکنجەو لە سێدارە دان و تێك دانی باری دەروونی مرۆڤەکان کردوە، وەکو ئەوەی هەموو کۆمەڵگا لە بەندکراوێکی چواگۆشەیدا بێت، لەلایەکی تر بە ڕێبازێکی تری هونەری واتە چ ئاپستراك یان قوتابخانەی ڕیالیزمی دەربڕین خوازی ئەو کارە هونەریانەی ئەنجام داوە کە دەربڕین لە ڕۆژگارو ئەو سەردەمەی سالانی پەنجاکان وە شەستەکان دەکات.

زۆر فۆرمەڵەی جیاجیای لەو سەردەمەدا خستۆتە ڕوو لە ڕێگای کۆمەڵە کارێکی پەیکەرسازی کەوا دیارە مامۆستا فایەق حەزو ئارەزوویەکی زۆری هەبوە بۆ هونەری داتاشین بە کەرەستەی جیاجیا، وەکو بابەتی کاوەی ئاسنگەرو زووحاك یان مۆسیقاری جیهانی بتهۆڤن و ئاواز لێدەرەکان یان گێڕانەوەی ئەفسانەو چیرۆکەکانی شیرین وفەرهاد یان مەم و زین یان سروشتیش داوای ئازادی دەکات، ئەم کارانە لەو سەردەمەدا جێگای بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە، واتە خەڵکی ئێمە لە ڕێگای ئەو کارانەوە کە ڕیالیزمی بوون جێگای سەرەنجیان بووە، خەونەکان بە شێوەیەك بوون کە شۆرش و خەباتکردنی پیاوە ئازاکان لەنێو کەڤاڵ وکۆتەڵەکاندا خۆیان دەبیننەوە، زیندانە تاریکەکان کارێکی تری ڕێلیفی پەیکەرسازی یە کە گرنگی ئەو ڕۆژگارە تاریکانە داوە کە تاك و مرۆڤە کوردەکان بەتایبەتی دایکان لە بەندیخانە تاکەکاندا بەند



کراون وە داوای ئازادیان بۆ میللەتەکەیان کردوە، وە ئازار دانی ئەو بەند کراوانە لەو سەردەمەدا کە ڕژێمەکان ئاگرو ئاسنیان بەرانبەر میللەتی کورد بەکارهێناوە.


من دەمەوێت بگەڕێمەوە بۆ دەست ڕەنگینی مامۆستای هونەرمەندی کۆچ کردوو فایەق نوری کە زۆر بە گرنگی یەوە خوێندن و ئەزموونی زۆری هەبووە لە بواری هونەری شێوەکاری بەتایبەتی کاری هێڵکاری وە پەیکەرسازی وە شێوەکاری، واتە لە کۆی هونەری شێوەکاری ئەزموونێکی جوانی تۆمار کردووە لە ڕابردوودا، وە هەردەم خاوەن بیرۆکەی جیاجیا بووە بۆ داڕشتنی فۆرمەکانی بە کەرەستەی جیاواز، وەکو دارو قووڕی ساردو گەچ و چیمەنتۆ بۆ کارە پەیەکەرسازی یەکان و کەرەستەی نوحاسی بەکار هێناوە بۆ کارە ڕیلیفی یەکان وە لە هەمان کاتدا کاری لە قوتابخانە هونەری یە جیاوازەکاندا کردووە وەکو سوریالیزمی هێماخازی ڕیالیزمی ڕیالیستی وە تەنانەت ئابستراکیش بەشێك بووە لە کارە هونەریەکانی. هەروەك ووتم خاوەن بیرۆکەی جیاجیا بووە بۆ خزمەتی هونەری شێوەکاری لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی کە مامۆستایەکی لێهاتوو بوە بۆ ووتنەوەی وانەی هونەرو وەرزش، بەڵام ئەو هونەرمەندە خاوەن بیرۆکەی مینومێنتی بورجی نەورۆزە کە هەر لەسەرەتاوە هێڵکاری وە بیرۆکەی بۆ داناوە، وە هەوڵی ئەوەی دا ئەو بیرۆکەیە بە شێوەیەکی وهونەری لە ئاستی٦٠ مەتر بەرز دەبێت. هەروەك لە ئەرشیفی مامۆستادا هاتووە کە نامەیەکی دەستوو خەتی

خۆی پێشنیارو سەرەنجەکانی خستۆتە ڕوو کە تێیدا دەڵێت "بۆ بەرێز سەرۆکی شارەوانی سلێمانی، بابەت دروست کردنی بورجی نەورۆز کە پرۆژەیەکی هونەری و کەلتووری یە بۆ شاری سلێمانی کە بریتی یە لەمەشخەڵێك لە سەر سەری بورجەکە، وە بورجەکەش یانەیەکی خێزانی لە ژێردایتە کە کافتریاو قاوە خانە لە خۆ دەگرێت، وە لەسەر ئەو بورجە مەنجەڵێکی گەورەی تێدایە بۆ دار سوتاندن کە ئاگرێکی ٢٤ کاتژێری دادەگرسێنرێت کە دەربڕین لە نەورۆز دەکات وە دوور بن لە تایە سووتاندن و ژینگە پیس کردن، نەۆمی یەکەم لە سەر زەوی سێ شۆڕە سواری کورد بورجەکە هەڵدەگرن کە باس لە شۆڕشی سێ ڕاپەڕینی کوردستانە وەکو ڕاپەڕینی مەهاباد و شێخ مەحموود و ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کارە هونەریەکەش بەرزی یەکەی کە ٦٠ مەترە".

ماملۆستا زۆر هەوڵی ئەو پرۆژەیەی داوە بەتایبەتی نامە فەرمی یەکان دەری دەخەن کە بەشی هونەری وەزارەتی شارەوانی تۆماری کردووە وە هەروەها گەیاندویتی یە ئەو ڕادەیەی کە ئەو پرۆژەیە کاری لەسەر بکەن لە ٦ / ٨ / ساڵی ٢٠٠٠ تەنانەت بریکاری وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار پاڵپشتی بۆ ئەوکارە کردووە بەنامەیەك، بەڵام بەداخەوە ئەو پرۆژەیە لەدایك نەبوو لەبەر هۆکاری ئەوەی کە تێ نەگەیشتن لەهونەر لەلایەن دەسەڵاتی کارگێری حکومەتەوە لاوازە، وە کەمتر لەکارو پرۆژەی هونەری تێگەیشتنیان بۆی هەیە..

لەساڵی ٢٠٠٦ بەسەردانێك چووم بۆ لای مامۆستاو هونەرمەند فایەق





نوری لە شاری ئاخن، لە ئەڵمانیا دیدارێکم لەگەڵیدا ساز کرد بۆ ڕۆژنامەی پەیامی کورد، وە ئەو ڕۆژە پێکەوە بووین باسی زۆرمان لە هونەری شێوەکاری وە مێژووی ئەو هونەرە کرد بەتایبەتی لە سەدەمی پەنجاکان وە شەستەکان، هەر لەو دیدارەدا زۆر دەستنووس و هێڵکاری وە بەڵگەنامەی هونەریم بینی، ئەو ڕۆژانە بەرانبەر بە چیای فاڵس کە سێ کوچکەی سێ وولاتە (ئەڵمانیا و هۆڵەندا وە بەلجیکا) چاوی لە سروشتی ئەو ناوچەیە دەگرت وە ئیدی ئیلهامی کاری هونەری و سروشتی جوانی ئەو ناوچەیەی دەکرد بە تابلۆیەك و کاری لەسەر دەکرد. لە چالاکی هونەری و بەشداری کردنی لە پیشانگاکاندا ساڵی ١٩٦٨ پێشانگای یەکەمی شێوەکاری لە کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی کردۆتەوە، دواتر هەر بەردەوام بووە لە وانە ووتنەوەو فێرکردنی قوتابیانی لە هونەرو زانستی هونەری وە هاوبەشی زۆربەی چالاکی قوتابخانەکان و پێشانگا گشتی یەکان کردووە لەو ساڵانەی دواییدا، بێگومان تێکەڵاوبوونێکی فراوانی هەبووە لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکان و دۆستایەتیەکی زۆری هەبووە لەگەڵ ڕۆشنبیران و نوسەران و هونەرمەندان وە ئامادەیی هەبووە لە چالاکی هونەری لەو شارەدا وە بەشداریان لە بەغداو شارەکانی تری کوردستان، لەساڵی ١٩٨٢ دووەم پێشانگای هونەری لە قوتابخانەی ئامادەیی خانزادی کچان لە شاری سلێمانی کردۆتەوە، واتە ئامادەیی مامۆستا فایەق نوری لە نێو گۆڕەپانی هونەری و کەلتووریدا بەردەوامی بوە بەکارە هونەریەکانی.



من لەبەر گرنگی بابەتەکە پێم خۆش بوو کە ووتەی خاتوو نوسەرو ڕۆژنامەنووس ڤینۆس فایەق کە کچی مامۆستای لێ خۆش بوو وەر بگرم سەبارەت بە چالاکی و کارە هونەریەکانی مامۆستا کە تێیدا دەڵێت "....".

وە سەبارەت بە گرنگی دان بە ژیان و ئەزموونی مامۆستا فایەق نووری ئایا وەزارەتی ڕۆشنبیری یان دەزگا هونەریەکان چۆن لە بەرهەم و ئەزموونی مامۆستا دەپرسنەوە.. خاتوو ڤینۆس فایەق دەڵێت "....".

کەمجار لەم سەردەمەدا ئێمە توانیومانە ئاوڕێکی ووردو پڕ شایستە لە پێشەواکانی خۆمان بدەینەوە کەلەکاتێکدا ئەوان خاوەن ئەزموون و قوتابخانەیەکی پڕو چڕن لەمێژووی هونەری شێوەکاری کوردی وە لە فێر بوونی زانسە هونەریەکان، بەتایبەتی کەسایەتیەك وەکو مامۆستا فایەق نووری کە دوا تەمەنی بەرەدوام دانەڕا وە سەرقاڵی پڕۆژەو هونەری شێوەکاری بوو بەتایبەتی لە وولاتی ئەڵمانیا، ئەو خەون و حەزو ئاواتانەی هونەرمەندی پێشەوای کورد مامۆستا فایەق نووری هەیبوو، توانی تا کۆتا ژیانی بەردەوام بێت و هەر لەخەمی وولات و نیشتیماندا بوو.. ڕووحی مامۆستا شاد بێت..

**فایەق نوری سەعید**

١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لەدایك بووە.

١٩٥٧ خانەی مامۆستایی بەشی وەرزش لە شاری بەعقووبە تەواو کردووە.

١٩٦٨ پێشانگای یەکەمی شێوەکاری لە کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی کردۆتەوە.

١٩٨٢ دووەم پێشانگای تایبەتی هونەری لە هۆڵی قوتابخانەی ئامادەی خانزادی کچان لە شاری سلێمانی کردۆتەوە.

١٩٨٤ سێ یەم پێشانگای تایبەتی پەیکەرسازی لە کتێبخانەی گشتی شاری سلێمانی کردۆتەوە.

١٩٩٥ چوارەم پێشانگای تایبەتی لەسەر نوحاس لەشاری سلێمانی کردۆتەوە.

١٩٨٢ - ١٩٨٣ لە شاری هەولێر بەشداری ڤیستیڤاڵی هونەری کردووە، وە لە بەغداش بەشداری زۆرێك لە پێشانگا هاوبەشەکان کردووە.

لە ٢٨ / ٢ / ٢٠١٣ لە شاری ئاخن بۆ دوا جار کۆچی دوایی کرد.





## شێوەکاری کورد ئەحمەد فایەق لە ئابستراکێکی هاوچەرخیدا

.. خەم و ئازارەکانی کوردستان.. بەرەو میلبۆرن ڕۆژئاوای ئوستراليا

ئەو کاتەی کە حەزە هونەریەکانمان چرۆی دەکرد و بەرەو گەشە چوون دەچوو، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانی هەموو وێستگە هونەری و دۆستایەتیەکانمان بوون.. هاوڕێ ی دێرینم هونەرمەند ئەحمەد فایەق ناسراو بە ئەحمەد نامۆ کەلە ساڵی ١٩٦٤ لەگەڕەکی ئەڵماس لەدایك بووە. ئەو گەڕەکەی کە دەوڵەمەندە بە کەلتوورو ناسراوێتی کەسایەتی یەکانی کەرکووك. بۆماوەی ٥ ساڵ قۆناغی پەیمانگای

هونەرەکانی شاری سلێمانی تەواو کرد لە بەشی نیگارکێشان.. لەو سەردەمەدا لەساڵی ١٩٨١ بەدواوە لە قۆناغی فێربوونی جیهانی هونەری شێوەکاری هەموومان یەك خەم و یەك ئاوات و یەك ڕێگای سەرکەوتنمان هەڵبژارد، ئەوەش بوون بە کاریزمایەك یان بوون بە کەسایەتیەکی پڕو چڕ لە ڕووی ئەکادیمیەت و توێژینەوەی زانستی هونەرە جوانەکان، بێگومان لەو سەردەمەدا خەم خۆرێکی گرنگ بووین بۆ شارەزایی و فێربوون و ماندوو بوون لە خوێندن و رۆشنبیری و جیهانێکی نوێ کە ژیان لە شارێکی جوان و ناسك و پڕ لە چالاکی هونەری.

لە ساڵانی ١٩٨١ بەدواوە ساڵانە بەشداریەکی ڕاستەوخۆی دەکرد لە چالاکیەکانی نێو پەیمانگای هونەرە جوانەکان وە لەهەمان کاتدا لە شاری کەرکوك بەشداریەکی تەواوی هەبوو لە کۆڕو سیمینارو بەشداری پێشانگاکان و کۆبونەوەی نوسەران و ڕۆشنبیران لە شەقامی کۆماری و چاپخانەکەی ئەبو عاسی نزیك سینەما سەلاحەددین لەساڵی ١٩٨٥ پێشانگایەکی تایبەتی سۆلۆ لە هۆڵی هونەری نوێ لە شاری کەرکووك کردەوە لەساڵی ١٩٨٦ بەشداری پێشانگای دووەمی هونەرمەندانی شاری کەرکووکی کرد.. وە لە شاری سلێمانیش هەمان هاوبەشی دووبارە دەبووە، لە ماوەی ئەو ٥ ساڵەدا وە دواتریش بەکارە هونەریەکانی بەشداری پێشانگای هاوبەشی دەرچووانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و پێشانگای هاوینەی هونەرمەندانی دەکرد وە لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداری یادی ٢٠٠ ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی کردوە.



کارە هونەریەکانی هونەرمەندا ئەحمەد فایەق لە قۆناغەکانی ڕابردوودا بەتایبەتی لەدوای دەرچوونی وە بەدەستهێنای دیبلۆمی لە پەیمانگا ئەو کارە هونەریانە بوون کە توێژینەوەی ئەکادیمەیەت ومۆدیل و ستیلایف و سروشت و فۆرمە تایبەتەکانی لە چوارچێوەی ئەو ڕیبازە ڕیالیستی ئەکادیمیەتەدا کۆ دەکردەوە. وە تاقی کردنەوەی ڕەنگەکان و دەرکەوتەی ڕەنگەکان نمونەی ئەو تایبەتمەندێتی یە بوو کەهەردەم لە چوار چێوەیەکی جیاوازدا بەر چاومان دەکەوت، هەر زوو توانی هەنگاوێکی تر ببڕێت لە جیهانی هونەری شێوەکاریدا ئەویش کار لەسەر پێوانەیەکی گەورەتر و دەست نیشانکردنی بابەتی فۆرمە جیاجیاکان کە بریتی بوون لە ئازاری مرۆڤەکان وە ڕووی کۆمەڵایەتی شاری کەرکووك و دەست بردن بۆ کەلتووری ئەو شارە کە وێنەی کۆڵانەکان و دەرگاکان و قەڵای شاری کەرکووك و جووت قاوە یان ئەحمەد ئاغا و سروشتی شاری کەرکووك.

لەساڵانی هەشتاکان بەهۆی زووڵم و زۆری ڕژێمی ئەو سەردەمە بابەتەکان پتر سیاسی و هزری تاکەکان بوون، بەڵام بە ڕێبازێکی هاوچەرخ و قوتابخانەیەکی گونجاوەوە لەگەڵ ئەو سەردەمەدا مامەڵەی دەکرد، بەکارهێنانی تەکنیك و داهێنان و تازەگەری بەشێکی تری ئەو بەرهەم هێنانە بوون.

هونەرمەندی شێوەکار ئەحمەد فایەق ئێستا لە شاری میلبۆرن ی وولاتی ئوستراليا دەژیت وە لەساڵانی سەرەتای نەوەتەکانەوە

کۆچیکردوە بۆ ئەو وولاّتە، لەو سالاّنەدا گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی و شێوەی گەورە بەسەر کارو بەرهەمە هونەریەکانیدا هاتوون وە جیهانێکی تری شێوەکاری لەخۆ گرتووە، چۆن پێشتر چالاك بوو لەبواری هونەری و بەشدار بوونیدا هەر ئاوها بەو شێوەیە توانی شێوەکارێکی کوردی چالاك بێت لە پێشانگاو بۆنە فەرمی یەکان و تێکەڵ بوونی لەگەڵ کەلتووری وولاّتی ئوستراليا.. کێشوەری ئوستراليا بەتایبەتی شاری مایلبۆرن پایتەختی وولایەتی فیکتوریای ئوستراليا یە، لەساڵی ١٨٣٥ لەلایەن کۆمەڵێك نیشتەجێ بوەکانەوە دامەزراوە، کە دووەم شاری وولاّتی ئوسترالیایە لە ڕووی دانیشتوانەوە وە دووەم شاری کیشوەری یە لەدوای شاری سیدنی، شاری میلبورن کەوتۆتە ئەوسەری ڕۆژئاوای جیهانەوە و ژمارەی دانیشتوانەکەی پترە لە مليونێك کەس. لەبەر ئەوەی کە میلبورن پایتەختی هونەری و ڕۆشنبیری یە لە ئوستراليا لەبەر ئەو هۆکارە لە نێو شەقام و بازاڕو کۆلانەکان وێنەی دیواربەندی زۆر گەورەو سەرەنج ڕاکێش دەبینیت.

لەو جیهانە هونەریەدا هونەرمەندی شێوەکار ئەحمەد فایەق لەماوەیەکی کورتدا توانی جێگای خۆی بکاتەوە لەگەڵ فیدراسیونی کوردی و سەنتەری هونەری و گەلەری یەکان و سەنتەرە ئەکادیمی توێژینەوەکان و هەنگاوەکانی هونەری شێوەکاری توندترو تۆکمەدار تر بکات، بەو تەکنیك و ڕێبازو شێوزە هاوچەرخیانەی کە سەردەمی داهێنانی تێیدا بەرجەستە کراوە، بەتایبەت کارە هونەریەکانی لە



ڕیالیستی دەربڕین خوازی یەوە بەرەو ئەزموونی ئابسراکێکی هونەری هاوچەرخ کە ئەمەش وێڕای فۆرمە جیاجیاکان گرنگی دانە بەو قووڵ بونەوەیەی لەنێو جیهانی بەرەو پێشچوونی هونەری نوێ ی ئەم سەردەمە، دەورووبەر گرنگی تایبەتی خۆی هەیە چونکە مرۆڤ لەگەڵ بارە هەستیارەکاندا مامەڵە دەکات، ئەوەش لە پێك دادان و تێکەڵی ئەو کەش و هەوایەوە بنەماکانی ئەو ڕێبازە دروست دەبن و شۆڕ دەبێتەوە بۆ نێو جیهانی هونەرە مۆدێرنەکان.

لەڕووی ڕەنگەکانەوە یان دابەش بوون لە ڕەنگدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لە ماوەی ئەزموونی ڕابردوودا وە بۆ ئەم کارە نوێیانەی کە کاری تێدا کردوون، ئەگەر لە ڕابردوودا ڕەنگەکان بە شێوەی جیاجیا وە هەر کۆتەڵەیەك شێوەیەکی وەرگرتوە وە فێنک تر بن، ئەوا لە ئێستا ڕەنگەکان گەرمی و تێکەلاویەکی زۆر لە خۆ دەگرن، بەلاّم لە ڕووی فۆرمەوە هەندێك جار بۆ یادە فەرمی یەکان وەکو ئەنفال و هەڵەبجەو جینیوسایدی گەلی کورد لە شێوازی دەربڕین خوازی دایە بەلاّم بە باگراونێکی ئابستراکی ڕێبازە نوێیەکەی کارە هونەریەکانی داڕشتووە، جوانی لەدابەش بوون و کۆنتراسی ڕەنگەکان تایبەتمەندێتی یەکی تر دەدات بەو کارانەی کە هەڵقوولاّوی ئەزموونێکی دوورو درێژە، بێگومان ڕەنگ دانەوەی شاری میلبۆرن وەکو شارێکی کەلتووری وە هونەرێکی هاوچەرخ گرنگی وتایبەتمەندێتی خۆی هەیە.

لە چالاکیە هونەریەکانیدا هونەرمەند ئەحمەد فایەق لەگەڵ نیشتەجێ

بوونی لە شاری میلبۆرنی وولاتی ئوسترالیا توانی هاوبەشیەکی کارا بێت لە نمایشی کارە هونەریەکانی چ لە ئەنستیتوتی کورد لە میلبۆرن وە چ لەگەڵ گەلەری و گروپە جیاوازە ئوسترالیی یەکان و کۆبونەوەیان لە چوار چیوەی هونەرێکی هاوچەرخ و تایبەتدا، هاوبەشی کردنی لەگەڵ دەزگای پەنابەران و ڕەوەندی کورد لەو وولاتە و نمایشی کارە هونەریەکان وە پێشانگا تایبەتیەکان، ئەزموون و قۆناغێکی گرنگی ئەو کاتە بوون، بەردەوامی هونەرمەند لەو چالاکیانەدا بەرەو پێشچوونێکی تایبەت بۆ کارو پیشەیی هونەرمەند ئەحمەد فایەق دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی لەنێو جیهانی هونەرێکی هاوچەرخ و مۆدێرنی ئەم سەردەمەدا. لە دەفتەری یاداشتەکاندا بینەرێك ئەوەی تۆمار کردووە کە دەڵێت ”چەندە تۆ گەورەی بە وێنەو کارە هونەریەکانت، چەند سەرەنج ڕاکێشەر بوو بۆ من ئەو بەرجەستە هونەریانەت، خۆشەویستم ئەحمەد تۆ هەست و گیانێکی ناسك و پڕ لە هونەریت هەیە، وە فرچەکانت ناسراون لە داهێنان و تازەگەری هونەریدا“.



**ئەحمەد فایەق (نامۆ)**

- ساڵی ١٩٦٤ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە.

- ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بە شی نیگار کێشانی تەواو کردووە.

-١٩٨٥ یەکەم پێشانگای سۆلۆ لە شاری کەرکووك کردۆتەوە.

-١٩٨٦ بەشداری لە پێشانگای دووەمی هونەرمەندانی شاری کەرکووك کردوە.

-١٩٨٨بەشداری لە پێشانگای نیشتیمانی شاری بەغدا کردووە.

-١٩٨٨ بەشداری لە ٢٠٠ ساڵەی یادکردنەوەی دامەزراندنی شاری سلێمانیدا کردووە.

-١٩٩٢ بەشداری لە پێشانگایەکی هاوبەشی لەکەرکووك کردوە.

-١٩٩٣ بەشداری لە پێشانگای وەزارەتی ڕۆشنبیر لە شاری سلێمانی کردوە.

-١٩٩٦ بەشداری لە وێشنگایەکی هاوبەشی شاری ئەستنەبول کردوە لە تورکیا.

-١٩٩٧ بەشداری لە پێشانگای سەنتەری داریبن بۆ هونەر لە شاری میلبۆرن کردوە.

-١٩٩٨ پێشانگای تایبەتی سۆلۆ لە شاری میلبۆرن کردۆتەوە.

-٢٠٠٣ بەشداری پێشانگای بۆ لێکۆڵینەوە لە ئینستیتوتی کورد لە شاری میلبۆرن.

-٢٠٠٤ بەشداری پێشانگای بۆ لێکۆڵینەوە لە ئینستیوتی کورد لە ڤیستیڤاڵی کوردی لە شاری میلبۆرن کردوە.

-٢٠٠٥بەشداری لە پیشانگای هەفتەی پەنابەران لە ئێم ئار سی لە میلبۆرن کردوە.

-٢٠٠٨ بەشداری لە پێشانگای ئەی دی ئی سی لە مەیدانی فیدرالی لە میلبۆرن کردوە.

-٢٠٠٨ بە شداری لە پێشانگایەکدا بەناوی لە شوێنێکەوە بۆ ئێرە لە زانکۆی میلبۆرن کردوە.

-٢٠١٠ بەشداری لە پێشانگایەك لە داربین ئارت شو لە میلبۆرن کردوە

-٢٠١١بەشداری لە پێشانگایەك لە داربین ئارت شو لە میلبۆرن کردوە.

-٢٠١٣ بەشداری لە پێشانگای خەوبینین لە شاری میلبۆرن کردوە.

-ساڵانە بەشدار دەبێت لە هەموو پێشانگا ساڵانەکانی شاری میلبۆرن، وە لەگەلەری یە جیاجیاکاندا.





## شێوەکاری کورد خاتوو شیلان ڕەشید..
## لەئەزمونێکی هونەری مۆدێرن و کاری شێوەکاریدا

خاتوونە هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد شیلان ڕەشید لە خانەوادەیەکی کورد پەروەرو هونەر دۆستە،کە لە شاری سلێمانی لە باشووری کوردستان لەدایك بووە لەئەزموونیکی ژیانی پڕو چڕەوە هەنگاوی ناوە بەرەو هەموو پانتایەکانی هونەرو مرۆڤایەتی، ئەو مرۆڤەی کە حەسرەت و خەمەکانی براکەی کە شەهید (ڕێبوارە سوورە) لەدڵدا هەڵگرتوە و هیواکانی ئەو دەهێنێتە دی کە هونەرو مرۆڤایەتی و ئەزموون بکات بەو پیشەیەی کە پشتیوانی کردن بێت

لە ژیان و ماف و ڕووبەڕوو بونەوە لە ژیانی ئافرەتان و کوردستان، وە ئازارەکانی میللەتی کورد و ناساندنیان لە ڕێگای کارە هونەریەکان و چالاکی یە هونەریەکان لە کوردستان و دەرەوەی وولات، زۆر بەداخەوە لەساڵی ١٩٩١ لە پێناو شاری کەرکووك ڕێبوار شەهید دەبێت، ئیدی نەیتوانی هیواو ئاواتەکانی کە پاڵپشتی کردن بووە لە خاتوو شیلان بە چاوی خۆی ببینێت. خاتوو شیلان لەساڵی ١٩٩٦ - ١٩٩٧ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی بەشی شێوەکاری تەواو کردووە، دواتر هەنگاوی نا بەرەو کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەڵام نەیتوانی درێژە بە کۆلیژ بدات، لەبەر ڕەشی تایبەتی خۆی لە کوردستان و دواتر ڕووی لە وولاتی ئەڵمانیا کردووە وە لە شاری بەرلین نیشتەجێ یە. وەکو ئەو خانمانەی کەلە بواری هونەردا بەردەوامیان هەبووە وە لە نێو کۆمەڵانی کوردستانی و جیهاندا جێگەو ڕێگای خۆیان بکەنەوە، چونکە کارو پیشەی هونەر کارێکی ئەوەندە ئاسان نی یە کە مرۆڤ بتوانێت خۆی تێدا بدۆزێتەوە، وە ئەوەندە ئاسانیش نی یە کە هەموو کێشەو ئازارەکانی میللەتەکەی بەجۆرێکی تایبەتی وە ستایلێکی جیاوز بخاتە ڕوو لە ڕێگای کەڤاڵە هونەریەکانی یەوە، ئەگەر ئەو کێشانەش هاتبێتە ڕێگای زۆر بە سەرکەوتووی توانیوێتی هەنگاوی بۆ بنێت و داهێنان و تازەگەری لە کارە هونەریەکان و ئەزموونی ژیانیدا وە کو کار ئەکتەرە کاریزماکان ڕەنگ دانەوەی تایبەتی خۆی هەبێت، ژیان لە هەنگاوەکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکان ئەو هیواو ئاواتەیە




کە مرۆڤ بتوانێت حەزو خۆشەویستی و خەونەکانی لە ڕێگای جیهانی هونەرەوە بگەیەنێت بەتایبەتی ئەو ئازارو مەینەتیانەی کەهەرگیز لە بیرو هزری خاتوو شیلان ناسڕێنەوە وە ناتوانین ڕابردوو بگەڕێنینەوە بۆ حەزو ئاواتەکانمان.. دایك و خۆشەویستی جیهانێکی لە ئامێز گرتن و گیانە قوربانیەکانە بەداخەوەم کە هونەرمەند لەمنداڵی یەوە بێ دایك واتە بێ ناز و خۆشەویستی گەورەی ئازارەکان بووە وە دایك لە چاوی ئەو هەتاوەیەیە کە هەردەم دیدەی لێ دەگرێت بەڵام هەموو ئەو ئازارانە کە سنووری بۆ نی یە لە کۆی سەدات تابلۆشدا بە پێوانەی گەورەی خۆی جێگایان نابێتەوە، خاتوو شیلان لە ڕێگای خوێندن و پراکتیزە کردنی قوتابخانەی ئەکادیمی یەوە هەموو ئەو هەنگاوانەی ناوە لەپەیمانگای هونەرە جوانەکان، وە بەشداریەکی بەرچاوی هەبووە لە قۆناغی پەیمانگادا بە کارو نمونەی بەرهەمەکانی، وە بەشدار بوونی لە نێو پەیمانگای هونەرە جوانەکان و هونەرمەندانی کورد لە شاری سلێمانی. بەشداریەکی بەرفراوانی کردوە لە پێشانگاکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان کە پتر لە ٣٠ پێشانگایە وە چەندین بروانامەی ڕێزلێنان و کارو بەرهەمی هونەری بەدەست هێناوە وە زۆربەی پێشانگاکان و تابلۆکان بە ناوی ڕێبوارەوە نمایش دەکات.

ئەگەر دیدەیەك لە ژیان و هەنگاوە هونەریەکانی خاتوو شێلان بگرین بۆ بەرەو جیهانی هونەر ئەو ڕاستیەمان دەست دەکەوێت کە شەهید ڕێبواری برای ئەو پاڵپشت و خەونانەن بوون بۆ بەدی

هێنانی ئاواتەکانی، هەر ئەو حەزو ڕاوێژو بیر کردنەوە هونەریانە بوون کە خاتوو شیلانی گەیاندە ئەو ئاستە هونەری یەی ئەمڕۆ لە نێوەندی هونەری شێوەکاریدا دەناسرێتەوە چ بە فۆرم و ناوەڕۆك و بیرو هزرەکانی چ بە توانای هونەری شێوەکاری لە نێو کەڤاڵەکانیدا، ئەو خەونانە لەلای هونەرمەند بوون بە پەنجەرە چوار لایەکان کە باس لە ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دەکات، وە ئازادیەکانی ئافرەت لە نێو کۆمەڵگای خۆماندا ڕوویەکی گرنگ وفۆرمی کارە هونەریەکانە، بەو شێوەیەی کە ئافرەت لە سەدەی بیست ویەکەمدا دەچەوسێتەوە وە هیرش و بچووك کردنەوە و گرنگی پێ نەدانی بیرۆکەو پەیامی هونەری خاتوو شێلانە بۆ ناسینی ئەو ئازارانەی کە هەرگیز کۆتاییان نایەت لەئەمڕۆ دا، کە ڕوویەکی ئەو کارە هونەریانە بەشێکن لە ئەزموونی ژیانی وە لە نێو کارەکاندا نەخشاندویەتی، بێگومان گرنگی دان بە ئاستی هونەری شێوەکاری وە بەشە مەینەتیەکەی میللەتی کورد لەهەموو بوارەکانیدا.

لە ڕووی تەکنیك و داڕشتن و قوتابخانە زانستی یەکانەوە هەموو ئەو ڕێگایانەی بڕیوە بەتایبەتی سەرەتای کاری هونەری کە قوتابخانەی ئەکادییمی ڕێڕەوی ژیان و هونەرەکەی بوون، یان دەتوانین بڵێین توێژینەوە و وورد بونەوە لە نێو بناغەی قوتابخانەی ڕیالیستی و ڕیالیزمی ئەکادیمیدا، لەدوای وەرگرتنی بڕوانامەی دیبلۆم وە خوێندن لە کۆلیژی هونەرە جوانەکان بە خەستتر و وورد تر هونەرمەند وورد





دەبێتەوە لە زانستی هونەر جوانەکان، بەڵام دواتر ئازادی قوتابخانەکان و ڕێبازەکانیش دەبنە هۆیەکی تایبەتی بۆ دەست بردنە نێو ئەو فۆرمانەی لە پێویستن لەو کارە هونەریەدا بەکار بهێنرێت. ئەوەش لەهەر بەشە شێوەکاریەکدا بێت وەکو نیگارکێشان یان پەیکەر سازی یان گرافیکی و سیرامیک بەشەکانی تر. خاتوو شێلان وەکو خانمە کوردێك توانیویێتی بەکارە هونەریەکانی خۆی بناسێنێت بە جیهانی کوردستان و دەرەوە بەو تەکنیکە هاوچەرخانەی کە ڕێزی پێشەوەی مۆدیرنە، لە زۆر جێگا ئەبستراك وە ڕیالیستی دەربڕین خوازی وە لە چەند کارێکی تری هونەری ڕیالیستی ڕیالیزمی، ئەمانە نمونەیەکی دەوڵەمەندی کارە هونەریەکانن، ڕەنگ دانەوەی کاری شێوەکاری ئەو ئەزموونەیە کە بۆ ماوەی ٥ ساڵ سەرقاڵی بوە، بۆیە ڕەنگ دانەوەی دیاردەیەکی هونەری بەرجەستەیی یە، وە دوور بینیەکی دریژ خانە بۆ پتەو کردنی فۆرمەڵەی کارەکانی، جیهانە پڕو چڕەکەی هونەرمەند پڕن لەو تەکنیکانەی کەهەرجارەو بە شێوەو شێوایێك خۆی نمایش دەکات لە چوار چێوەی کارەکانی، ڕەنگ هەڵبژاردەیەکی زیندووی نێو فۆرمەکانە کە خۆیان دەگونجێنن بۆ دەرخستە هونەریەکان و بابەتە شاراوەکان، چاوی هونەری خاتوو شێلان پڕن لەو دیدەیە کە هونەر مەودایەکی دووری هەیە وە ئاکامەکان دوورترن، ئەوە پلان و ستراتیژی هونەرمەندە بۆ چڕ بونەوە وە تێگەیشتن لە فەلسەفەی هونەری ئەو سەردەمە، پەنا بردن بۆ کەلتوورو کەڵچەری کوردی و وە تێکەڵ بونیان بە هونەری



شێوەکار ی و ڕەنگەکان هەنگاوێکی تری ئەو کارانەن کە ئەنجامیانی داوە، بەتایبەتی ئاوڕ دانەوە لە ڕابردوو وە هێنانەوەی ئەو چیرۆکانەی کە بە جێ ماون لە ڕابردوودا وە سەرگوزشتەی ئەو چیرۆکانەی کە هەرگیز لەبیر ناکرێن بۆ مێژوو، ئەوەش بوونی قارەمانێتی ژنانە لە نێو کۆمەڵگای کوردەواریدا.


گێڕانەوەی ئەزموون و چیرۆکی بەسەرهاتەکان ئەگەر شیعر بێت یان چیرۆك یان بەسەرهات یان ڕووداو، لەگەڵ خەونەکانی سەرچیاکان وە بوونی مافەکانی ئافرەت ئەو فۆرم و ناوەڕوەکانەن کەهەردەم خاتوو شێلان رەشید جەختی لێ دەکاتەوە وە دەیانناسێنیت بە جیهانی دەرەوەی کوردستان،، مرۆڤەکان لە ژێر چەتری زوڵمداری.. وە مرۆڤە دڕندەکان نمونەیەکی تری ئەو بیرۆکانەن کە لە نێو تابلۆو چوار چێوەی کەڤاڵەکاندا کۆتاییان نایەت، بەڵام گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانە لە فرچەی هونەری هونەرمەند دونیایەك لە ئاکارو داهێنان دەهێنێتە ژیانەوە.. هەر بۆیە هونەرمەند خاوەن کەشکۆڵ و بیرەوەری و پەرتوکخانەیەکی گەورەیە لە خەرمانی کارە هونەریەکانی.

هاوبەش بوون و بەشداریەکانی خاتوو شیلان ڕەشید لە گۆڕەپانی هونەری وولاتی ئەوروپا بەردەوامن سەرەڕای سەختی ژیان و سەرقاڵی بە ژیانداری و کار کردنەوە، بەڵام کاتێکیش هەر بووە بۆ هاوبەشی لە ڤیستیڤاڵ و پێشانگای تایبەتی و بەشداری کردن لەگەڵ هونەرمەندانی کورد بەتایبەتی لە بەرلین وە گەلەری یە جیاجیاکانی

ئەو وولاٌتە،چالاکیەکی هونەری فراوان لە بەرواری ٢٠٢١/٠٧/٠٩ تا بە رواری ٢٠٢١/٠٨/٠١ لە شاری کریفێلد ی وولاٌتی ئەڵمانیا بۆماوەی سێ هەفتە، کە پتر لە ٣٠ هونەرمەندی شێوەکاری بەشداریان تێدا کرد، وە بەشداری لە وورك شۆپەکان کردووە کە کاری هەرەوەزی یە لەگەڵ هونەرمەندانی ئەڵمانی وکورد و دواتر پیشاندانی ئەو پرۆژە هونەریان لە هۆڵ و گەلەریەکان، لە چالاکیەکی تری هونەرمەندا لە ٢٩ / ٧ / ٣٠٣٢ تاوەکو ٢ / ٨ / ٢٠٢١ سەمپۆزیومێك بوو بە شێوەی لایف کە کار هونەری شێوەکاریان دەکرد بە شێوەیەکی زیندوو، بێجگە لە پرۆژەی پێشانگای تایبەتی و بەشداری تری هونەری لە داهاتوودا.

خەونی پەنجەرەکان.. زۆر قووڵ و کویرن.. جارێک بە تەماوی وە جارێك بە ئارابسکی و دەربڕین خوازی جارێکی تریش دەبێتەوە سوریالیزمی.. بەو ڕەنگانەی کەهەرجارە ئێش و ئازارێک دەبەخشێتە هزری مرۆڤەکان.





## ئەزموون و تێڕوانین لە ژیانی شێوەکاری کورد ئەحمەد کاکە سوور

لە ساڵی ١٩٨٥ پێش ٣٦ ساڵ لە شاری کەرکووك شەقامی کۆماری لەگەڵ هونەرمەندانی هاوڕێم سەدرەدین و نورەدین کاکەیی مامۆستا ی هونەرمەندم ئەحمەد کاکە سوورم ناسی وە کەوتینە گفتۆی هونەری شێوەکاری جیهانی و کوردی، هەر ئەوکاتیش زانیم کە مامۆستا نزیکی ماڵی ئێمە کە من لە ئازادی وئەو لە ئیسکان بوو، لە ڕووی دەرەوەی ماڵەکەیان دوو پایەی کۆنکریتی کە وێنەو نەخشی هونەری لەسەر بوو ڕووەو شەقامی سەرەکی، هەر کات لەوێ وە سەر بکەوتنایە بەرەو

ماڵ ئیدی ئەو پایەو کارە هونەریەمان دەبینی و سەرسوڕمانمان هەبوو بۆی، لەساڵی ١٩٨٦ کاتێك پڕۆژەی پێشانگای دووەمی هونەرمەندانی شاری کەرکووکمان ئامادە دەکرد لەگەڵ هونەرمەندان محمد ساڵەیی وە سەلاح حەمە ئەمین و فەلاح شوان و چەند هونەرمەندێکی تر، مامۆستا ئەحمەد کاکە سوور یەکێك بوو لەو هونەرمەندانەی کە بەشداری کرد وە دوو سێ کاری نایابی نمایش کرد، بێگومان مامۆستا و بەرپرسی یەکەی کارە دەستییەکان بوو لەکەرکووك، لەدوای پێشانگاکەوە پەیوەندییەکی دۆستایەتی و هونەریمان دورست کرد کە مامۆستا شارەزایەکی تەواوی هەبوو لەکاری دەستی و هەڵکۆڵین لەسەر زینك و گراف و مس و کەرەستەکانی تر کارێکی بێ وێنەیی بوو، بەتایبەتی پۆرترێت و سروشتی کەلەپووری بە شێوازێك خەڵکانێکی زۆر سەرسامی ئەو ڕێبازو تەکنیکە بوون، لەساڵی ١٩٧١ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردوە بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی، وە بەشداری هەموو پێشانگاکانی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کردووە بەو کارە هونەریانەی کەلەسەر بنەمای ئەکادیمی و ڕێبازی ڕیالیستی ڕیالیزمی وورد بوونەوەی بۆ کردووە وە کاری تێدا کردووە و دەستی بۆ هەموو لایەکی ئەو هونەرە بردوە، ساڵانی ١٩٧١ کە بە سەدەیەکی زێڕینی هونەرو کەلتوور دادەنرێت چەندین مامۆستاو هونەرمەندی ناسراو لەبەغدا ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە دروست کردنی ئەو بناغەیە وە کردنەوەی پێشانگاکان و فیلتەری بەرهەمی باش هۆیەکی سەرەکی



بووە لە ڕابردوودا کە هونەرمەندی باش وسەرکەوتوو دروست ببن و ڕۆڵێ گەورەیان هەبووە بۆ بەرەو پێش خستنی هونەری هاوچەرخی عێراقی، لێرەدا مامۆستا ئەحمەد کاکە سوور لەو نێوەندە هونەریەدا بووە، وە لەنێو ئەو وەرچەرخانە هونەریەدا بووە کە ئاستی خۆی و هونەرەکەی بگاتە ئەو ئاستەی کەلە ئاستێکی بەرزدا دیدەی لێ دەکرێت وە پەیوەندیەکی گرنگی هەبووە لەگەڵ هونەرمەندانی کوردو عێراقی، هەر لەساڵی ١٩٧١ یەکەم پێشانگای تایبەتی خۆی لە کەرکووك کردۆتەوە، وە لە کەش و دەووروبەرێکی کەلتووری، کەلتووری بەمانای ئەوەی کە شاری کەرکووك ناسراوە بە پاشماوە و مێژوویەکی دێرینی ژیان لەو شارە وە دەست و پەنجەی وەستاکانی ئەو سەردەمە لە دروست کردنی خانوو وە دیوارو پەنجەرەو قەیسەریەکان و زۆر شێوەی هونەری ئارابسکی لە دیوارو دەرگادا وە مزگەوتەکان و حەوشەو باڵەخانە تایبەتییەکان و بوونی پیاوە ئایینی یەکان لەسەر قەڵا یان لە کۆڵان و بازاڕەکاندا، پردی پەڕینەوەی شاری کەرکووك یان قشڵەی کەرکووك، لەگەڵ ئەوەی کاری دەستی کەلەپووری جێگای سەرەنجێکی دیارە، ئەمانە دەوورو بەرێکی زیندوو بوون بۆ مامۆستا ئەحمە کاکە سوور کە فۆرمەلەی کارە هونەریەکانی ڕێك بخاتەوە وە زیندوویان بکاتەوە.

کارە هونەریەکانی هونەرمەند هەر لە سەرەتاوە وورد بینی یەکی جوانی تێدا بەدی دەکرێت بە هەڵبژاردەی بابەتەکە وە سروشتەکە، ئەو فۆرمەلەیەی هونەرمەند هەڵی دەبژێرێت بێجگە لە خوێندنەوەی

مێژوویەکەی وە گرنگی جێگاکە، دەستی بۆ دەبات و وێنەی دەکێشێت، دواتر هەر ئەوە دەمێنێتەوە بۆ مێژووی کەلتووری ئەو پاشماوە دێرینە کە مێژوویەکی هەیە، وە دەست بردن بۆ کارە خۆماڵی یەکان وە کەسایەتی یەکان لەو سەردەمەدا، کە جووت قاوە یان خان خورما یان ئەحمەد ئاغا یان حەسیرەکە و جنگڵاوە و ڕەشید ئاوا یان ڕەحیم ئاوا و جێگاکانی تر ئەمان پڕو چڕن لە کەلەپووری کوردەواری یان کەرکووکی.. ئەم هەڵبژاردانەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە وە مانەوەیان وەکو مێژوویەك بەدیکۆمێنتی هونەری یە وە، لەپاڵ ئەمانەدا مامۆستا ئەحمەد کاکە سوور لە زۆر کاری هونەریدا کاری دەربڕین خوازی خستۆتە ڕوو وەکو تەواو کەری کارەکانی تر لە بەشە مرۆڤایەتی و کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکان ئەو ئازارو مەینەتی و ژیانداری مرۆڤەکانی لەنێو کەڤاڵەکانیدا خستۆتە ڕوو بە شێوەیەکی ئەکادیمی ئەگەر هێڵکاری بێت یان بە کەرەستەکانی تری ڕۆنی و ئاوی.دارماندنی ماڵە کوردیەکان وە ئاوارە بوون و بزر بوونی مرۆڤەکان، ئەو تابلۆیانەن کە مامۆستا دەربڕینی تێدا کردوە بە قەڵەمی ڕەش و چینی و ڕەنگەکان.

ئەگەر دیدەیەك لە کارە ئاوی یەکان بگرین ئەوا مامۆستا ئەحمەد کاکە سوور زۆر بە ئەزموونێکی چڕو پڕدا گوزەری کردوە کە کێشانی ئەو سروشت و ئاسمان و زەوی و درەختەکان وتاکەکان بەو چینە باگراونە ڕەنگە کاڵەکان وە دەرپەڕینی فۆرمەلەی کارە هونەریەکە یان





چاو کز کردن وە دۆزینەوەی ڕەنگە بناغەیەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی و ڕیالیستی ڕیالیزمی کە ناسراوە لە مێژووی هونەری شێوەکاریدا، ئەگەر لەسەرەتادا کارەکانی هونەرمەند دەبینیت لە تۆنی ڕەنگدا تۆخ و بەرچاو بووە، بەڵام دواتر کاڵ بۆتەوە بە شێوەیەك کاریگەری زۆر دروست کردوە، ئایا جێگاو ژیانداری مرۆڤ کاریگەری لەسەر ڕەنگەکان دەبێت ؟ ئایا سروشت کاریگەری لە مرۆڤ دەبێت و گێڕاوەی بۆ سەر کەڤاڵەکانی ؟ بێگومان ژیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یان لە سروشتی کوردستان جۆرە ڕەنگ دانەوەیەکی تایبەتی خۆی یە، چ لە کەش و هەوا وە چ لە جل و بەرگ و کەرەستەکان، لە جیهانی دەوڵەتی ئەسکەندەناڤی کە مامۆستا ئەحمە کاکە سوور ساڵانێکی درێژە لەوێ

نیشتەجێ یە وە ساردی کەش وەهەواو سروشتەکە ئەو کاریگەری یە سروشتی و هونەری یەی هەیە کە ڕەنگ دانەوەی دیدەیی دەبینرێت، گۆڕینی ڕەنگەکان وە هەڵبژاردەش کاریگەری خۆی هەیە !

ڕەش و سپی لە سروشدا یان نەگەتیفی وێنەکان و ڕەنگ دانەوەی لە تۆڕی چاوی مرۆڤدا، ئەمادە دیدەیەکن کە مرۆڤ هەڵوێستەی تێدا دەکات و دەیەوێت لە ڕوانگەیەکەوە نیگای لێ بکات، ئەو کارە مێژوویانەی کە کۆنن و بەسەرچوون و وێران وخاپوور کراون، یان ئەو یادەوەریانەی کە مرۆڤ ڕۆژانێك پێیدا تێ پەڕیوە وە ئێستا لە هزرو بیروەریدا وێنەیان دەکێشێت ئەوەش ئەو وێنە ڕەش وسپی یەیە کە دەتەوێت بیانکێشیت و بە گرنگی یەوە لێیان وورد بیتەوە، بەڵام هەنگاو بەرەو سروشتی ڕەنگاو ڕەنگ وێنەیەکی تری ژیانە کە مرۆڤ تێیدا دەژیت وە دەیبینێت وە بە ڕیالیستی لە تۆڕی چاوەوە بەرجەستەیی تێدا دەکرێت، ئەو تابلۆیانەی مامۆستا کاتێك بە سروشتی خۆی لە دەوورو بەردا دیدەیان دەکات و دەیگوازێتەوە بۆ نێو کەڤاڵەکان ئەو هەستەیە کە هەموو تاکێك چاوی لێ دەکات، بەڵام ئاکارو داهێنانی وە ئەفراندن لەوەدایە کە ناسکترو جوانترو فێنکی ڕەنگەکان وامان لێ دەکات مرۆڤ هەڵوێستەی زیاتر بێت بەرانبەر بەو سروشتە، بەتایبەتی لە سروشتێکی نهێنی و چاوەڕوان نەکراودا.

بێجگە لەوەی مامۆستا ئەحمەد کاکە سوور بەبەردەوامی مێژووی هونەری شێوەکاری خۆی هەنگاوو کاری هونەری ئەنجام داوە، لەپاڵ



ئەوەدا مامۆستایەکی ئەکادیمی و پەروەردەیی بووە، هەروەك چۆن لە شاری کەرکووك وانەی هونەری و وورك شۆپ و کاری دەستەیی ئەنجام داوە لە وولاتی سوئیدیش لە شاری (هاودیکس ڤاڵ) هەمان هەنگاوی بۆ منداڵەکانی ئەو وولاتە فەراهەم کردوە وە دەیەوێت هونەر درێژەی هەبێت لە چاوانی منداڵانەوە.

هونەرمەندێکی شێوەکاری پێشەوای شاری کەرکووك بەهەموو قۆناغەکانی یەوە تۆماری ئەو خەون و بیرەوەری و قوتابخانە هونەری یە دەکات کە ئەزموونێکی چڕو پڕی تۆمار کردوە لەماوەی ئەو ٥٤ ساڵەو زیاتریش و بەردەوام بوونی واتای درێژە دانە بەهونەرو مرۆڤایەتی لەم سەردەمەی ئێستادا.

**ئەحمەد کاکە سوور :**

١٩٤٧ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە.

١٩٧١ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواو کردووە.

١٩٧١ یەکەم پێشانگای شێوەکاری لە هۆڵی یەکێتی لاوانی کوردستان لە کەرکووك کردۆتەوە.

١٩٧٢ دووەم پێشانگای لە هەڵەبجەی شەهید کردۆتەوە.

١٩٧٣ سێ یەم پێشانگای لە هۆڵی ماڵی ڕشنبیری و جەماوەری لە شاری کەرکووك کردۆتەوە.

١٩٨٨ چوارەم پێشانگای شێوەکاری لە ماڵی ڕۆشنبیری و جەماوەری

کردۆتــەوە.

٢٠٠٣ پێنجـەم پێشـانگای تایبەتـی لـە هۆڵـی کتێبخانـەی گشـتی سـوئید کردۆتـەوە.

٢٠٠٥ شەشـــەم پێشـــانگای تایبەتـــی لـــە هۆڵـــی ئاکیـــن لـــە ســـوئید کردۆتـــەوە.

١٩٨٦ بەشـداری دووەم پێشـانگای هونەرمەندانـی کەرکووکـی کـردوە لـە هۆڵـی هونـەری نـوێ. کەرکـووك.

بەشـداری لـە پێشـانگای هونەرمەندانـی کەرکـووك کـردوە لـە هۆڵـی یەکێتـی هونەرمەندانـی کەرکـووك.

هاوبەشـی لـە چەندیـن پێشـانگای گشـتی کـردووە لـە کوردسـتان و ئەوروپـا.





## شێوەکاری کورد کیڤان بارزانی لە گەڵ پۆرترێتی کەسایەتی یە ناودارەکانی کورد


مـاوەی چەندیـن سـاڵە لـە دوور و نزیکـەوە چـاو لـەکارو چالاکیەکانـی شـێوەکاری کـورد کیڤـان بارزانـی دەگـرم وە دەمویسـت وورد ببمـەوە لـەو هەنگاوانـەی کـە لـەم سـاڵانەی دوایـدا ناویّتـی لەنێوەنـدی شـێوەکاری و دونیـای مێـژوو لـە بەسـەرهات و خوێندنـەوەی بـۆ کەسـایەتی یـە نـاودارەکان، لەلایەکـی تـرەوە دیـدە لـەو کارانـە دەدەم کـە لـە قۆناغـە جیاوازەکانـدا کاریـان تێـدا کـردوە، بەتایبەتـی پێشـانگاو چالاکـی یـە هونەریەکانـی کەلـەم دوایـەدا ئەنجامـی داون..لەسـاڵی ١٩٧١ لەبـارزان لەدایـك بـووە، دەرچـوی

کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەڵاحەددین لە هەولێر، لەماوەی ساڵانی ١٩٩٢ تاوەکو ٢٠٠٤ لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەری کاری کردوە لە بوارەکانی کاریکاتێر و مونتیڤ و دیکۆرو میکیاجی سینەمایی، لەساڵی ١٩٩٢ کاتێك لە ڕۆژنامەی برایەتی بووم زۆر بابەتی کاری کاریکاتیوری بڵاو دەبووەوە لە دوا لاپەڕە وەکو کاری هونەری، وە لە ڕۆژنامەی موتەمەر دیسان زۆرێك لە کارە هونەریەکانی کاك کیڤانم دەبینی.. زۆر تامەزرۆ بووم لە نزیکەوە دیدەو چاو لەو کارانە بگرم، چونکە کاری هونەری ئەگەر بە وێنە ببینی وەکو ئەوە نی یە کە ڕاستەو خۆ چاوی لێ بگریت، ئەو هەلە دەمێك بوو بۆ چاوەڕوانم دەکرد بەڵام لەبەر ئەوەی کە من لە ئەوروپا بووم ئەو هەلەم بۆ نەدەڕەخسا بەڵام ئیدی ئەو خەونە هاتە دی کە سەردانی ستۆدیو کەی بکەم لە پیرمام. مەسیف سەلاحەددین وە لە نزیکەوە پرۆژەکانی وە کارو ووردەکاری و قۆناغە هونەریەکانی هونەرمەند کیڤان ببینم.. کە چۆن ئەو هەموو کاتەی تەرخان کردوە بۆ بە ئەنجام دانی بەرهەمە هونەریەکان، هەر لەو دیدارو باس وتەوەرانە دا وێنەو کارە کۆنەکانی ڕابردوومان هەڵدایەوە. من لە سەرەتاوە کاتێك گەیشتمە ستیودیوکەی چاوم لە کۆمەڵە کارێك گرت کە ئەویش پۆرترێتی کەسایەتی یە ناودارەکانی کورد بوون، بە یەك شێوە وە بەیەك ستایل لەسەر ڕووبەری تەختە و ئامادەکاری بۆی و دواتر بە شێوەی "تنقید" خاڵ خاڵ بە مەرەکەبی ئەڵمانی وورد وورد کاری لەسەر کردوە، ئەو مرۆڤایەی کە ڕۆژگارێك لە




مێژووی گەلی کوردا خزمەتیان بە مەیللەت و گەلەکەی کردووە، ئەو کەسایەتی و سەرکردە ناودارانەی کە سیاسی و بیرمەندو ڕۆشنبیرو پسپۆڕو گۆڕانی بێژو شێرە ژنانی نەتەوەکەی من بوون لەهەر چوا پارچەی کوردستان.. هونەرمەند زۆر بە ووردی وێنەو شێوازی ئەو کەسایەتیانەی نەخشاندو بە ڕێبازێکی ریالیزمی ڕیالیستی ئەکادیمی، کە جێگای سەرەنج و ڕێز لێنانە لەو کەڵە پیاوانە.پێش ئەوەی بچمە سەر کارە هونەریەکان و لێکدانەوەیان یان پرۆژەو بەکار هێنانی کەرەستەکان و ماتریاڵەکان من دەمەوێت سەرەنج بۆ ژیانی ئەو هونەرمەندە شێوەکارە کوردە ڕابکێشم.

کیڤان مەحۆ سمایڵ کە لە بارزان لەدایك بووە بیگومان لە بناری چیاکانی بارزان کە سروشتێکی دڵرفێن و مێژووی کوردایەتی و خەبات و بەرخودان بووە. ئەو گوندەی کە وەکو هەموو گوندەکانی کوردستان زوڵم و ستەمی لێ کراوە بەدرێژای مێژوو،









کوڕی پیاوێکی ناسراو بووە لە بارزان بەداخەوەم ڕوحی شاد بێت کە لەژێر دەستی ڕژێمی فاشی بەعسدا ئەنفال کراوە، هەر بۆیە درێژە پێ دان بە زانست وهونەرو ڕۆشنبیری پلان و هزری بیری کردنەوەی هونەرمەند بووە کەلە ساڵانی ١٩٩٣ وە لەنێو ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن کاری هونەری ئەنجام داوە، لەکاتێکدا خۆی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی لە شاری هەولێر تەواو کردوە.. لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەدا دەستێکی ڕەنگینی هەبووە لە کاری دیکۆرو پۆرترێت و میکیاژی سینەمایی، لەهەمان کاتدا کاری هێڵکاری و ڕەنگ ئەزموونێکی پتەو زۆری هەیە بۆ پۆرترێتەکان و کارە هونەریەکانی، لە زۆر جێگا کاری کردوە وەکو هونەرمەندێك لە ڕۆژنامەکانی خەبات و برایەتی و موتەمەر و گوڵان و ڕامان، هەروەها لە دەزگای سەتەلایتی کوردستان تیڤی وەکو دیکۆرست، لەگەڵ ئەمانەدا بەرووەوام سەرقاڵی پلانی هونەری یە کەوا دیارە زۆربەی کاتەکانی لەو ستودیو هونەری یەدا سەرقاڵ کردوە و دەیەوێت خزمەتی بەشێکی زۆری مێژووی میللەتی کورد بکات، بەو کارە پۆرترێتیانەی کە کەسایەتی ناوداری گەلی کورد لە مێژووی خەبات و ڕۆشنبیریدا هەیبووە.

لە کۆی کارە هونەریەکانی هونەرمەند کیڤان بارزانی دوو تا سێ شێوەو قوتابخانەی هونەری بەدی دەکرێت، وەلەسەر ئاستی ئەو قوتابخانە کۆمەڵێك پرۆژەو کاری هونەری وە بەرهەم هێناوە، لەدوای پرۆژەی پۆرترێتی کەسایەتی یە ناودارەکان، لەسەر عاج چەند کارێکی



ووری دورست کردوە کە من دەگەڕێنێتەوە بۆکاری هونەرمەندە چینی یەکان بەڵام بە فۆرمەڵەیەکی کوردی واتە فۆرم و بابەتی کوردی. لە ڕێبازی کارە هونەریەکانی ڕیالیزمی ڕیالیستی وە دەربڕین خوازی و سوریالیزمی و ئاپستراك دەبینیت. لە پرۆژەیەکی تر سوودی لە قەوقەعەکانی سەر دەریا وەرگرتوە کە بەشی دەرەوەی قەقەکان ئامادە بکات و بینەخشێنێ بە کەلتووری کوردی وە بە فۆرمە جیاجیاکان ئەوەش لە ١٥ بۆ ٢٠ کارێك لە پێوانەی ٣٠ سانتیم بە ٢٥ سانتیم.

شێوەیەکی تری کارە هونەریەکان ئەو مافوورانەیە لە شێوەیەکی بچووکدا واتە لە پێوانەی ٥٠ سانتیمێك بەڵام لێرەدا هونەرمەند گرنگی داوە بە بابەتە سیاسی یەکان وە کەلتووری و کارەساتەکان بە ڕەنگی گەرم و سەرەنج ڕاکێشەر بە کاری نەخش و زەخرەفەیی لە چوار چێوەی فەرشەکان وە هونەری ناوەوەی شێوازە چاپکراوەیی یەکان، جێگا کردنەوەی ڕەنگەکان لە تەنیشت یەکتری وە هەڵبژاردەی فۆرمەکانیش واتە چیرۆکە جیاجیاکان لە نێو کوردەواری خۆماندا. تواناکان بە شێوەیەکن ئیدی هونەرمەند سڵ ناکاتەوە لەکەرەستەکان وە خامەکان، بە شێوەیەك پراکتیك ئاسان و ساکار بووە دەست ببەیت بۆ هەر ماتریاڵێك بە شێویەکی خۆڕسکی کارەکان وە شێوەکان جێگای خۆیان بکەنەوە، لە کۆمەڵە کارێکی تری هونەری شێوەکاری کورد کیڤان دەستی بردوە ئەو قوتابخانانەی کە بابەتەکان وە فۆرمەکان پیویستیان بەو ڕێبازو شێوازە هەیە، چ ئابستراك کە قوتابخانەیەکی

زیندووی جیهانی یە بۆ دەربڕین و خستنە ڕووی پانێڵە بۆشایەکانی ٣ دی یان وەکو باگراونێك دێتە بەرچاوی بینەران، لەو ڕوویەکی ترەوە قوتابخانە سوریالیزمی یەکان، ئەمەش ڕەنگ دانەوەیکی راستەو خۆی هەیە لە داڕشتنی ئەو کارانەی کە فۆرمەکان پێویستیان پێ یەتی، بۆچی ئەو قوتابخانە هونەریانە، هونەرمەند لە ژیان و ژیانداری کارەساتێکی تراژیدیاییدا ژیاوە وەکو هەموو کارەساتەکانی کوردستان چ لە جینوسائیدو ژێر خاک کردنی میللەتی کورد بە زیندووی کە زیندوو بەچاڵەکان ناسراوە وە چ لەئەنفاڵ و کیماباران کردنی میللەتی کورد یان دەربەدەری و ڕەوو کردنی میللەتەکەی. ئەویش بەشێکە لە و مۆراڵ و بەسەرهاتانە.

کاتێك سەرەنج لە فۆرم و ناوەکی بابەتەکان دەدەیتەوە بێگومان ئەو مێژووەمان بۆ بەرجەستە دەبێت کە ئەوە قەدەرو ڕووداوی میللەتی کوردە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆیە هونەرمەند کیڤان هاتووە بە شێوەیەکی زانستی وە هونەری ئەو فۆرمانەی سەر لەنوێ زیندوو کردۆتەوە لە ڕووبەری ئەو کارە هونەریانە، چ وەکو پۆرترێت دەیەوێت ناوبانگ و ناسراوێتیان نەفەوتێت، چ وەکو ڕێزو وەفایەك بۆ سەرکردەکان بەتایبەتی بارزانی نەمر و شۆڕشگێرە سەرکردەکان وە چ وەکو کەسایەتی ناسراو یان ئەو قارەمانانەی کە شۆڕشی کوردستانیان بەرپا کردووە لە سەدەکانی رابردوودا لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەتایبەتی لە دروست کردنی پۆرترێتی سەرکردەو شاعیران ونوسەرانی



میللەتی کورد ئاوڕی لە مێژووی ئەو نوسەرو شاعیرو توێژەرو پسپۆڕە کوردانە داوەتەوە بە کیشانی پۆرترێتیان بە شێوەیەکی جوان و ئەندازە کە مێژوویەك خزمەتی زمان و ئەدەب و دیرۆکی کوردیان کردووە.

خوێندنەوەی مێژووی بەسەرهات و ڕووداوە تاڵەکان بەشێکن لە پرۆژەکانی هونەرمەند کیڤان، چ وەکو جینوسائیدو چ وەکو سڕینەوەی گەلیك وە یان چ دەست بردن بۆ کەلتوورو کەڵچەری کوردی لە ژیانی کۆمەڵاتی و ژیانداری لەو جێگایەی کە پێ ی دەڵێن کوردستان. لەهەمان کاتدا ئەو چیرۆکە شاراوەکنی کردۆتە تابلۆیەك و هەزران کارئەکتەرو مرۆڤی پڕ لە سەنگەری لە خۆ گرتووە. ناوەڕوەك و فۆرمەکان کاریگەری خۆی هەیە لە شی کردوەیان وە گێڕانەوەیان وەکو مێژوو، ئەمانە وهەزاران فۆرمەڵەی تر هزرو بیری ئەو هونەرمەندەن کە دەیەوێت بە هونەرەکەی ئێش و ئازاری نەتەوەیەك بگەیەنێتە دیدو چاوی هەموو کەسێك لە هەر جێگایەك بن.

هونەرمەند کیڤان بارزانی لەساڵی ١٩٨٥ یەکەم پێشانگای تایبەتی لە قۆناغی سەرەتایی کردۆتەوە. کۆی پێشانگا تایبەتیەکانی کە ئەنجامی داوە لە شارەکانی کوردستان وە لە گەلەری یە جیاجیاکان ٩ پێشانگای تایبەتی خۆی کردۆتەوە، وە بەشداری لە چەندین پێشانگای گشتی کردوە لە بۆنە تایبەتی یەکان و گشتی یەکان وە لە زانکۆ و کۆلیژەکان و سروشتی کوردستان.



## شێوەکاری کورد محمد عەلی حاجی لە نێوان پروشەی پایزو ڕیالیستی سروشت

هونەرمەندێکی سروشت و جوانی. شێوەکارێکی کوردی شەیدای جوانی سروشتەکانی کوردستان محمد عەلی حاجی کەلە شاری سەردەشت لەساڵی ١٩٩١ لەدایك بووە، ژیانی لە قەڵادزێ بەسەر بردوە، ئێستاش لە شاری هەولێر دەژیت. مرۆڤ کاتێك سەرسامە بە وێنەی سروشت و چیاکان و بۆشایی ئاسمان، هەر ئەو جوانی یەیە دەیگەێنێتە ووردەکاریەکانی دیدەیی وە سەرسامی و هۆگری ئەو جوانیانە، لەو تایبەتمەندێتی یانەوە دەست و پەنجەکان لەنگەری وێنە



کێشان دەگرن و خەون و خەیاڵەکان ڕێگەیان بەرەو ئەو جیهانە دەگرنە بەر، هەر بۆیە لە ساڵانی٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥ کۆلیژی هونەرە جوانەکانی شاری سلێمانی تەواوکردوە بەشی شێوەکاری، لەو قۆناغەدا هونەرمەند وەکو بناغەیەکی هونەری شێوەکاری ئەکادیمیەتی هەموو ووردەکاریەکان لە سروشت و کەرەستە مردووەکان و ستیلایڤ و لەش و لاری مرۆڤ و پۆرترێت و مۆدێل دەبێتە هەوێنی ئەو هەنگاوانەی کە شەیدایەتی زیاترو باشتر هەنگاوی بۆ دەنێت، خۆ دۆزینەوە لە نێو ئاسمانی هونەری شێوەکاریدا ئەو هەست و بیرو حەزەیە کە بناغەو سەرەتایی هەیە، قووڵ بونەوە لەنێویدا مرۆڤ زۆر جار دەگەیەنێتە نێو جیهانێکی پڕ لە سەرسامی و ئەفراندن، ئەو کارە هونەریانەی کە من لە کەڤاڵەکانی هونەرمەند محمد عەلی حاجی دا دەیانبینم، ئەو هەنگاوانەی تێدا دەبینم کە بەڕاستی زۆری قووڵ بونەوەی تێدایە، وە زانستی هونەری لە هەموو لایەوە بەرجەستە دەکات. ئەوە لەکاتێکدا زانستی و ڕۆشنبیری لە سەر هونەرمەندانی جیهانی ئەو ئەرشیفەیە کە هونەرمەند لە بواری تیوریدا سوودمەند بووە لە قۆناغەکانی خوێندن و مامەڵە لەگەڵ سروشتی ئەو سەدانەدا کە بەسەدان و زیاتر هونەرمەندانی جیهانی کاریان لکە سەر ئەو ڕێبازە هونەری یە کردوە.

کاتێك چاو لە کارە هونەریەکانی شێوەکار محمد عەلی دەگرم، ئەو باگراوەنم دەهێنێتە پێش چاو کە خۆی لە سروشتێکی جوانی کوردستاندا ژیاوە، وە ئەو چیاو دارو پێدەشتانە و باخچەو ئاسمانی

ڕۆژهەڵات بۆتە خەیاڵێک وەکو تارمایی دەهێنێتە نێو تۆڕی چاوانی یەوە، لەگەڵ ئەوەی کە دەورووبەری هونەرمەند هەر ئەو سروشتە جوانە بووە کە چوار وەرزەی تێدا تۆمار کردوە، هەر ئەو کارتێکردنەیە کە شەیداکان زۆرترو زیاتر بن بۆ هەنگاوی گەورەترو زیاتر بۆ بەڕەنگ کردن و داڕشتنی ئەو تابلۆو کارە هونەریانەی کە ڕیالیزمین وە ڕیالیستین، لە جۆری کارە هونەریەکاندا قوتابخانەیەك هەڵگری پەیامەکانێتی، ڕەنگەکانی پایزو وەرینەوەی گەڵاکان و پۆشینی سروشت بەو ڕەنگانەی کە تایبەتمەنێتی ئەو وەرزە دەبەخشێت، تاشە بەردەکان و تەختایی و تاوێرە ووردەکان لە نێو سروشتی پایزدا، ووردە کاریەکی ووردی تێدایە وەکو ڕێبازێکی ئەکادیمی و ڕیالیستی، زۆر سەرەنج ڕاکێشن ئەو کارانەی کە هونەرمەند کاری تێدا کردوون، وە زۆر قووڵن ئەو سروشتەی کە زۆر بەئاسنی مرۆڤ چاویان لێ دەگرێت.

لە کەرەستەی بەکارهاتووی کارەکاندا بێگومان ئەکریلیک بەهەموو ڕەنگەکانەوە جێگە دەستی هونەرمەندی دیارە بە شێوەیەکی جوان و تیوری مامەڵەی لەگەڵ ئەو ڕەنگانەدا کردووە، وە هەوڵی داوە بە شێوەو تەکنیکێکی پێشکەوتووانە کە مۆدێرن جێ گرەوە بێت بۆ داڕشتنیان لە ڕووبەری تابلۆکاندا، لەهەندێك جێگا پایزو لە هەندێك جێگای تر زستان یان بەهار، بەهۆی ناسینەوەی دارو گژو گیاکان یان گەڵاکان و ئاسمانی سروشتی جوانی ئەو پێ دەشتانەی کە کوردستانن، ئەو چەمانەی کە خوڕەی ئاوی تێدا گوزەر دەکات، یان قەرسیل و







زەل و چرۆی دارەکان وەکو تەمەن دەست نیشانی کردوون، زۆربەی کارەکان لە ڕووبەرێکی دیاری کراودا هونەرمەند محمد عەلی مامەڵەی لەگەڵدا کردوون، جارێك لە پانتایەکی بەرین و درێژ پێوانەدا وە زرجار لە پێوانەیەکی مام ناوەند، فرچەی ڕەنگەکانی بە شێوەیەکی هونەری مۆدێرن وەشاندویەتی.

شێوەکار محمد عەلی حاجی بەشداری چەندین پێشانگای تایبەتی و گشتی کردوە لە گەلەری یە جیاجیاکان بەتایبەتی بە شداری چالاکییەکانی کۆلیژی هونەرە جوانەکانی هونەری کردوە، لەگەڵ ئەوەی بەشداری پتر لە ١٠ پێشانگای هاوبەشی کردوە، پێشانگایەکی تایبەتی لەگەلەری میدیا لە شاری هەولێر کردۆتەوە، ئێستاش سەرقاڵی پرۆژەی پێشانگای پرۆشەی پایزە لە شاری هەولێر و سلێمانی، مامۆستای هونەرە لە قوتابخانەی لیزانی ئینگلیزی.



خەم و حەزو بیرو هزرەکانی هونەرمەندی شێوەکار محمد عەلی حاجی تەنها لەو ڕووبەرەدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو مەودایەکی درێژو جوانکاری سروشت و حەسانەوەی چاو هەست، هۆکارێکی قووڵن بۆ تێگەیشتن لەهەنگاوەکانی تر.





## شێوەکار حەمید جەمال..
## لەنێو جیهانی ئەزموونی شێوەکاریدا

تەنها ویژدان دەتوانێت ئاسوودەی بە ماندوێتی ئەزموونەکان ببەخشێت.

حەمید جەمال شێوەکارێکی کورد لە باشووری کوردستان.. هەولێری پایتەخت و وێستگەی هونەرو کەلتوورو ڕۆشنبیری، لە تەنیشت چایخانەی مچکۆ پێش ٣٠ ساڵ لەتەمەن لە ڕێگای هونەرو ئاڵوگۆڕی کەلتوورەوە یەکترمان ناسی و لە زۆربەی چالاکی یە هونەریەکان و کار لە مۆزەخانەی قەڵا لە ڕاستی یەکتر دەهاتین یان لە هۆڵی میدیا بۆ هونەری شێوەکاری و گفتوگۆمان وورد بونەوەو تێڕوانینی تایبەتیمان هەبوو بۆ بزووتنەوەی

شێوەکاری لە کوردستان، ئەو سەردەمەی کە خۆشەویستی و شەیدایەکان یەکگیر بوون و بەشەرمەوە هەنگاو دەنران بۆ کاری هونەرو نمایشی هونەری.

ئەزموونی تەمەنێك لە کاری هونەرو ڕەنگ و قوتابخانە هونەریەکان و ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان، ئەو ژیان و تەمەنەیە کە هاوڕێ ی هونەرمەندم حەمید جەمال لە نێو کەشتی جیهانی هونەردا ئەزموونە جیاجیاکانی دەهێنێتە پێش چاومان، هەر جارەی لە جیهانێك و لە قوتابخانەیەك، هەر جارەی لە ڕووداێکی تراژیدی ژیان کەلە کوردستانەوە لەدایك دەبێت و لەو پەڕی جیهانەوە دیدەی لێ دەگرین کە چیمان پێ دەڵێت.

هونەرمەندی شێوکار حەمید جەمال لەساڵی ١٩٥٤ لە شارۆچکەی شەقڵاو لەدایك بووە، لەساڵی ١٩٧٧ لە زانکۆی موستەنسریەی شاری بەغدا بەشی ئیدارە و ئابووری تەواو کردوە، خولیای هونەرو شێوەکاری ئەو هەنگاوە بووە کە لە ناخیدا بناغەیەکی قووڵی چەقاندووە، بە شێوەیەك کە بە ووردی توێژینەوەی لە سەر هونەرو قوتابخانە هونەریەکان کردوە وە خوێندنەوەیەکی دورو درێژی لە سەر هونەرمەندانی جیهانی هەیە، بێگومان وەکو هەموو قۆناغە دەستپێکەکان لە ئەکادیمیەتی هونەرەوە هەنگاوی ناوە بەرەو ئەزموونی شۆڕ بونەوە لەنێو مێژووی هونەری و ڕۆشنبیری و زانستی هونەرە جیاوازەکان لە جیهانی ئەوروپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوپەڕی وڵاتانی ئاسیایی، هەر بۆیە باگراونی ئەو دیدە



ڕەنگدانەوە هونەری یە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەنێو ئەزموونی ژیانی هونەرمەند حەمید جەمال دەبینیت، لەنێو هونەرمەندانی کوردستان بەتایبەت شاری هەولێر بەرچاویەکی دیارو ناسراوێتی هەیە بە هۆی چالاکی هونەری یەوە لە زۆر وڵاتانی جیهانی پەیوەندیەکی تۆکمەی هەیە، لەهەموو ڕووداوەکان وە ژیانی ڕۆژانەی هونەریدا چ لە کۆڕو کۆبونەوەو سیمینارو ڤیستیڤاڵە هونەریەکاندا هونەرمەند کاریگەرێتی خۆی هەیە وە ئامادەیی هەبوە.

من سەرەنج لە چەند چەمکێکی ئەو هونەرمەندە دەدەم لەئەزموون و کارە هونەریەکانی کە دیدەم وایە هونەرمەند حەمید جەمال لەهەموو ئەو ساڵانەی کە ناسیومە دانەبڕاوە لە کاری هونەری و توێژینەوەی هونەرە مۆدێرنەکان و گۆڕانکاری یە هونەریەکانی سەردەمی سیستەمی تەکنەلۆجیایی و هەنگاو بەرەو ئارتە پێشکەوتوەکان، لەوەی کە دیدە لە کارەکانی دەدەم لەهەر قۆناغێك شێوەو ڕێبازو کەرەستەو فۆرمێکی بەکار هێناوە، بەتایبەتی دەورووبەر، واتە ئەو ڕوداوانەی کەلە کوردستان ڕوو دەدەن لە جیهاندا ڕوو دەدەن، ئەو دەستی بردوە بۆ فۆرمەلەی ئەو کارانە، لەگەڵ بەکار هێنانی ئەو کەرەستانەی کە هەرجارەو بە شێوەیەك یان بە ماتریالێکی نوێ، خەمی ڕۆژانەی خەڵك.. ژیانی ڕۆژانە و ڕووداوەکان زادەی ئەو کاراە هونەریانەن کە لە نێو خەڵکانەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو هونەرێکی هاوچەرخ و مۆدێرن.. ڕووداوە هەژێنەرەکان و ڕووداوە مرۆڤایەتیەکان بەشێکن لە فۆرمەلەی کارە هونەریەکان. ئازاری نەتەوەو

گەلێك.. هێڵكاری هونەرمەندن کە ڕۆژانە لەگەڵ ئەو ئازارانەدا دەژین. فۆرم و ناوەخنی فۆرمەکان، بەشێوەیەك کە تادەگاتە کەرەستە سەرەتایەکانی مرۆڤ وە دەست بردن بۆ ئەو ئارەزووە منداڵی یە سەرەتایەنەی کە لە ڕێگای هێڵ و ڕەنگەوە مامەڵەی لەگەڵدا کردووە، جیهانێك پڕ لە ووردەکاری هونەری.. ئەو تێ نەپەڕیوە بەسەر ووردیلەی ئەو شێوانەدا کە بیانگونجێنێت لەگەڵ چوار چێوەی کەڤاڵەکەدا.. بۆ هەر سەردەم و ڕووداوێك هەڵبژاردەی زۆری هەبوە، وەکو (کۆچ کردن یان خنکاندنی گەنجەکان لە دەریای ئنجە یان هاتنی داعش و کردەوەکانیان یان دەموو چاوە نامۆکان لە وولاتی خۆیدا) ئەمانەوە چەندی بابەتی ڕۆژانە هەڵگەڕاوەتەوە بۆ کاری هونەری مۆدێرن بە کەرەستەو ماتریالێکی سەرکەوتوو لە پانتایەکی فرە پان و پۆڕیدا، تاوەکو بتوانێت هەموو وێنەکە بە شێوەیەکی دیاردەیی بخاتە بەرچاوی بینەران.

زۆر جاریش لە زۆر وێستگەدا گەڕاوەتەوە بۆ سروشت، واتە گوڵێك سەرەنجی ڕاکێشاوە و بۆتە بابەتێکی هەنوکەیی، یان کورسیەکی بێ گیان، بۆتە جوڵەیەکی زیندوو، یان پارچە بەردە بێ گیانەکان، لە هزری هونەرمەند زۆر کارو کاردانەوەی جیاجیا هەیە، وەکو مامەڵەش لەگەڵ دەموو چاوە پڕ لە ئازارەکان وەیان ماتەکان کەهەر جوڵەیەکی دەموو چاو پڕن لەمان و دەربڕین، گەڕان بەدوای جیهانە پۆپ ئارتەکان وەیان ئابستراکە مۆدێرنەکان کە خوێندنەوەی تایبەتی هەیە بۆیان، وەکو باسم کرد هونەرمەند حەمید خوێندنەوەی هەیە بۆ قوتابخانەکان ئەوکات



دەستی بردوە بۆ ماتریال و فۆرمەلەکان.. جیهانی ڕەنگ و گوڵ یان سروشتی و ڕەنگی بۆشایەکان.. لە کۆمەڵە کارێکی تردا ئەو پرۆژانەی داڕشتوە.. بۆ هەر ڕووداوێك یان فۆرمەکان ئەو وەکو پرۆژە مامەڵەی لەگەڵ کارە کەدا کردوە واتە پتر لە ٢٠ کار یان زیاتری داڕشتوە، لە پرۆژەیەکی تردا بە شێوەیەکی ترو بە شێوازێکی تر لە پێوانەی جیاجیادا دەستی بۆ ماتریالەکان بردوە وەکو ڕەنگی ڕۆنی یان ئەکریلیك یان گواش یان کەرەستە زیندووەکان و لەحیم کردنیان بەیەکەوە، بێگومان شێوەکار حەمید جەمال پێش کات هێڵکاری و پلان و شێوەو فۆتۆی کارەکانی لە هزریدا تۆمار کردوە، ئەوکات دەستی بە داڕشتنی ئەوکارانە کردوە، زۆر جار سروشتی هونەرمەند بەو شێوەیە کە کارەکان بە شێوەیەکی بێ پەیوەستکاری داڕشتوە و تەنها لەکارێکدا نەوەستاوە بەڵکو لە چەندین تابلۆدا جێگایانی کردۆتەوە لە پێوانە جیاوازەکاندا، پرۆژەکان یەك پێوانە نین بەڵکو لە زۆرکاردا کار لە ٣ مەترو ٤ مەتری کاری هونەری خۆی تێدا دۆزیوەتەوە، وەلەهەندێك کاری تردا لە پێوانە باریك و لا تەریبی یەکاندا پرۆژەکانی جێبەجێ کردوە، لە هونەری میناتۆریشدا ووردیلەیکارەکانی وەکو پێوانەیەك دەست نیشان کردوە، بۆیە پێوانەکان زۆرتریان پانتایی گەورەن وەکو ئەوەی کە خەمەکان لەوە گەورەتر هەڵدەگرن.

لە چمکێکی تری کارەکانەوە مەوداکان وە هێڵکاری دووربینی چاوو، هۆیەکی ترن بۆ کۆکردنەوەیان لە سەنتەری چاوودا، وە هەڵبژاردەی تەنەکان یان ڕەنگەکان و دەرخستەیان لە چوارچێوەیەکدا، ئەمانە

هۆکارێکی ترن کە بینەر بە ووردی نیگا لە کۆکردووەی مێشکی خۆی بکات، بەو دیدەیەی کە ئەو نیگای لێوە گرتووە، واتە زانستی هونەری لە داڕشتندا لەبەرهەمی شێوەکاردا زۆر بە ئاشکرا دیدەی لێوە دەکرێت، من دڵنیام کە هونەرمەند لەپاڵ چاو گێڕان بە هەموو قۆناغە هونەریە جیهانییەکاندا، زادەیەك یان پوختەیەکی هونەری جوانی بۆ بەرجەستە دەبێت، بەو داڕشتنەی کە نمایشیانی کردوە لە ڕابردوودا، زۆر لەگەڵەری یە جیهانی یەکان وە مۆزەخانە جیهانیەکان گەڕاوین، وە زۆر فلیم و دیکومێنتاری و چاپمان بینیوە لەسەر ئەزموونی هونەرمەندە جیهانی یەکان، من بێگومان هەنگاوەکانی وە ئەزموونەکانی هونەرمەندی شێوەکار حەمید جەمال کەمتر نی یە، وە بگرە زۆرتری بە بەرهەم هێناوە لە جوڵەی هونەری شێوەکاری کوردی، بەڵام ئەوەی کە ئێمەی دواخستووە یان نەبووە، نەبوونی بە ماکێت کردن و گواستەوەی هونەری کوردستانی یە بۆ جیهانی مۆزەخانەو گەلەری یەکانی دونیایە. ئەوەی لە سەدەکانی پێشوودا کاریان بۆ نەکراوە تاوەکو ئێستا ترانسفێری هونەری یە بۆ جیهانی گەلەری و بینیالەی جینهانی دەرەوەیە.

دەست بردن بۆ کەرەستە سروشتی یەکان کە لە دیدەی زانستی یە هونەریەکانەوە بە هونەری سروشت و ٤ دی دانراوە، ئەم جۆرە کارانە کەلە نێو پرۆژەکانی هونەرمەندا بەرچاو دەکەوێت بە شێوەیەکی مۆدێرن کە کیسە خۆڵەکانی ڕێك خستوون بە دیواربەندی یەکەوە، بەتایبەتی ڕەنگی ڕەش و کۆنتراسی ئەو دابەش کردنانە پێوانەیەکی





یەکسانی بەخشیوە بە دیدەی بینەران، یان بەکار هێنانی جلو بەرگی سروشتی یان چوون بەرەوە دیوارە زیندووەکان و کەرەستە ماتریاڵەکان لە جێگای خۆیان بەڵام لە زینجەرەی ئە وپرۆژانەیە کە هونەرمەند کاری لەسەر کردوە وە توێژینەوەیەکی هزری و پراکتیکی بۆ کردوە لە کارە هونەریەکانیدا، دەست بردن بۆ لقە دارو داڕشتنی وەکو سیمبوڵێك لەگەڵ فۆرمەکاندا یان داکوتاندنی هەنارە بە بزمارەکان و زۆر فۆرمی تریش لەو پرۆژەیەدا کە واتاو مانا بەخشێکی هونەرین و لەخزمەتی کارە هونەریەکانیدا بەرجەستەی کردوون. تێکڕای کۆرە هونەریەکان یان دەتوانم بڵێم ئەزموونی هونەرمەند حەمید جەمال گروێکی هونەری ئەکادیمی هاوچەرخە لە بزوتنەوەی وهونەری شێوەکاری کوردی کە

بەردەوامی بەخۆیەوە دەبینێت وە دانەبڕاوە لە هەموو درێژە پێدانەکان و ئامادەیی خۆی لەنێو گۆڕەپانی هونەری لەم سەردەمەدا.

لە چالاکی یە هونەریەکانی وە پێشانگاکانی هونەرمەندا لە ساڵی ١٩٩٢ پێشانگای هونەری خۆی لەگەلەری میدیا - هەولێر کردۆتەوە، وە بەشداریەکی بەرچاوی هەبوە لە وولاتانی ئەوروپی وەکو ساڵی ١٩٩٣ لە دانیمارك و فەرەنساو وولاتانی تریش، بێجگە لەوەی کە هاوبەشی یەکی کارا بووە لەگەڵ گروپ و هونەرمەندانی کوردستان و دەستە جیاوازەکان لە شارەکانی کوردستان و بەغداو دەرەوەی وولات. کاتێك من گفتووگۆم لەگەڵ هونەرمەند حەمید جەمالم کرد زۆر بە ووردی باسمان لە کۆمەڵە خاڵێکی گرنگ کردەوە لەئەمڕۆدا، کاتێك کە هونەر لە ئێستا بەهاکانی کەم بۆتەوە لە کوردستان وە گرنگی بەو بوارە کەمترە وەکو پرۆفیشیناڵ و تایبەتمەندێتی ئەو هونەرە لە نێو کۆمەڵگاو دەزگاکاندا، وە باس لەوە کرا خوێندنەوەی هەڵە هەیە بۆ ئاستی هونەری و بەدامەزراوە کردنی هونەر لەسەر ڕێچکە هونەری خۆی. یان کاردانەوەی کۆمەڵگا بۆ ئەو بیرۆکانەی کەمرۆڤ ئازادن وە خەمی نەتەوەیەکە و ڕزگار بوون لەو چوار چێوەیەدا، ئەمانە کۆڵەکەی ئەو هونەرمەندەن کەتەنها وویژدان ئاسوودەی دەدات بەو بەرهەمانەی کە ئەنجامی داون.





## هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد سالەیی

هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد محمد ساڵەیی کە لەساڵی ١٩٦٢ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە، بێگومان ناوچەی ساڵەیی کەدەکەوێتە باکووری شاری کەرکووك هونەرمەند لەگەڕەکی یادگارو زێوێ و ئیمام قاسم ژیانی سەرەتایی و ناوەندی بەسەر بردوە، بەهۆی مامۆستا موعتەسەم ساڵەیی کە برای هونەرمەند محمد ساڵەیی یە دەستی بەکاری هونەری کردوە وە هەر لەسەرەتاوە وەکو هونەرمەندێکی خۆڕسکی تابلۆی سروشتی و پۆرترێتە ناسراوەکانی کوردی کێشاوە بە رەنگی ئاوی دواتر بەڕەنگی ڕۆنی بەتایبەتی کەسایەتی یە ناودارەکانی گەلی کورد وە سەرکردە سیاسی






یەکانی گەلی کورد وە هەندێک جار وێنەی دەمو چاوی پیاو ژنی کورد لە ناوچەکەدا. ژیان و بەسەربردەو ئەزموونیکی زۆر لە ژیانی هونەرمەند محمد ساڵەیدا هەیە چ لەو ژیانەوە کە وەکو هونەرمەندێکی خۆرسکی دەستی پێ کردوە وە پێشانگاکانی لە سالانی حەفتاکاندا کردۆتەوە لە شاری کەرکووك، دواتر سالانی هەشتاکان کاتێك لە زانکۆ دەیخوێند بەردەوام هونەری شێوەکاری کردۆتە ئەو ڕێگایەی کە هەموو هەستەکانی لەنێو تابلۆکاندا کۆ بکاتەوە، کاریگەری دەوروبەرو کەلتووری شاری کەرکووك بە سیمای جل و بەرگ و قەلاو دەرگاو ژیانی هەژاری ئەو گەڕەکە کوردانە بوون بەو شێوەو فۆرمەی کە کۆمەڵە تابلۆیەك هاتنە کایەوە، ئەوە لەکاتێکدا هونەرمەند محمد ساڵەیی شارەزایەکی زۆری هەبوو



لەبواری هونەری جیهانی وە مێژووی هونەری جیهانی و وەرگێڕان و ئامادە کردنی بابەتە هونەریەکان بۆ ڕۆژنامە کوردیەکان و عەرەبیەکان لە سالانی هەشتاکاندا، وە هونەرمەندێکی ناسراوی شاری کەرکووکە بە بەشداریەکانی لەگەڵ هونەرمەندانی کەرکووك و کوردستان بە گشتی، بەشداری زۆر لە پێشانگاکانی هونەرمەندانی کوردی کردوە لە ئیتاڵیا و فەرەنساو کوردستان و عێراق و کەنەداو ئەمەریکا. ئێستا نیشتەجێ ی وولاتی کەنەدایە وە یەکێکە لەهونەرمەندە ناسراوەکانی ئەو وولاتە کە وەکو کوردێك ناسراوە بە کارە هونەریەکانی بەتایبەتی سروشتی جوانی ئەو وولاتانەی هەڵبژاردوە وە تابلۆی دەموچاوە کوردیەکان وە گوندو چیاو سروشتی کوردستان و کەلتووری کوردی تابلۆکانی نەخشاندوە بە ڕێبازی ریالیستی ئەکادیمی کە قوتابخایەکە هونەرمەند محمد ساڵەیی کە سالانێکی درێژە ئەزموونیکی قوڵی هەیە لەو بوارەدا. ئەگەر دیدەیەك لەکەرەستەو ماتریاڵی هونەرمەن بگرین لەئەزموونی ژیانی هونەریدا ئەوا هێڵکاری وە کاری ئاوی وە ڕۆنی ئەو بنەمایەبوون کە هونەرمەند کاری تێدا کردوە وە شارەزایەکی قوولی هەیە لەو بوارەدا، زۆر لە ڕۆژنامە جیهانیەکان بە تایبەتی کەنەدی و ئەمەریکی باسی ئەزموونی ئەو هونەرمەند کوردەیان کردوە، وە توانیویەتی جێگای خۆی بکاتەوە لەنێو هونەرمەندانی جیهانیدا، بەتایبەتی ئەو پێشانگایانەی کەلەم سالانەی دوایدا لەدەرەوەی وولات ئەنجامی داوە، هەر بەو خستنە ڕووەوە تابلۆکانی هونەرمەندی شێوەکاری کورد محمد ساڵەیی جێگایەکی تایبەتی گرتوە لە ئەرشیفی هونەرو کەلتووری کوردیدا.



## ئەڤین کاکەیی شێوەکاری کورد لە بیروەری خەونەکانەوە بۆ هونەرێکی ڕەسەن

خاتوو ئەڤین کاکەیی شێوەکارێکی چالاکی کورد لەکوردستان تا دەگاتە گۆڕەپانی ئەوروپا، بەتایبەتی لە شاری خێنت لە وولاتی بەلژیکا، خاوەن ئەزموون و ژیان و تاقی کردنەوەی هونەری چ لە ڕابردوودا وە چ لە داهاتوودا، ئەو هەنگاوانەی بە پراکتیکی بڕیوە وە ماندوو بوە لەپێناوی ئەو حەزو ئاواتانەی کە هەوڵی بۆ دا وە هەنگاوی گرنگی نا لە پێناویدا، ناسینی ناسینی من و خانەوادەی خاتوو ئەڤین دەگەڕێتەوە بۆساڵانی ١٩٨٣ کە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر



و هونەری بوون وە شارەزایەکی تەواویان لە سەر مێژووی هونەرو هونەرمەندانی جیهانی هەبوون بەتایبەتی مامەکانی خاتوو ئەڤین هونەرمەندان (سەدرەدین کاکەیی و نورەدین کاکەکیی وشەمس الدین و فلک الدین کاکەیی) وە مامی گەورەیان عابدین کاکەیی کە زۆر گرنگیان بە جۆرەکانی هونەر دەدا، بێگومان دایکی بەڕێزیان پەروین خان زۆر بە ئەمەکی یەوە منداڵەکانی پەروەردە کرد و فێری هەموو ئەو ڕۆشنبیری و هونەرەیانی کرد کە بن بە خاوەن ئەزموونێکی گرنگ و بەهێز لە جیهانی هونەردا وە برای خاتوو ئەڤین (ئامانج کاکەیی) کە شارەزایەکی تەواوە لە هونەرە هاوچەرخەکان و پێگەیەکی جوانی گرتووە لە نێو هونەری شێوەکاری کوردیدا.


شێوەکاری کورد خاتوو ئەڤین کاکەیی ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کەرکووك لەدایك بووە لە خێزانێکی هونەرمەندو هونەر دۆست وە لە شاری کەرکووك قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووە، لەساڵی١٩٩٨ هاوسەرگیری لەگەڵ هونەرمەندی شێوەکاری کورد وە ناسراو حوسێن کاکەیی کرد وە لەو کاتەوە لە وولاتی بەلژیکا لە شاری خێنت نیشتەجێ یە.

تێکەڵ بوون بە جیهانێکی نوێ وە کەلتوورێکی نوێ و فێر بوون لە زمان و هونەرو کەلتوور، ئەوەندە ئاسان و سادە نی یە بۆ ئەوەی بتوانیت پێگەو جێگای خۆت بکەیتەوە و ناسراو بیت لە ئاستی هونەرو ڕۆشنبیریەتی وولاتێکی نامۆ بە ژیان و زمانت، بەڵام خاتوو ئەڤین

ئەو هەنگاوانەی ناو توانی خوێندنەوەی زانستی هونەرو ئەرشیف و ببیلۆگرای هونەرو ئەکادیمیەتی هونەرە جوانەکان لەبەشی گرافیك تەوا بکات و بەردەوام کار بکات بۆ بەدەست هێنانی ئەو حەزو ئاواتەی کەلە سەرەتادا ڕەگ و ڕێشەیەکی درێژو ئەزموونێکی پڕو چڕی هەیە، پشتگیری هونەرمەند حوسێن کاکەیی کە خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە دونیای هونەرو جیهانی هونەر، ئەو هەنگاوانە بوون کە خاتوو ئەڤین توانی دەستی پێ بکات، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێت خاتوو ئەڤین شێوەکاری کورد لەبەر ئەوەی بناغەیەکی هونەری هەیە وە لە ڕووی تیوری یەوە شارەزایی مێژووی هونەرو سەدە هونەریەکانە، ماندوو بونەکانی لەبەرچاو دەگیرێت و توانی زانستی هونەری ڕۆژئاوا و سەدەکان ئەزموونێکی گرنگی لێ وەربگرێت و بناغەیەکی گرنگ بۆ کارە هونەریەکانی دابنێت، هەر ئەوە بوو کە هەر زوو هەڵبژاردەی لە ستایل و فۆرم ودابەش بوونی بیرۆکەکان کرد لەنێو تابلۆکانی دا، وە توانی ڕەنگەکان بە شێوەیەکی ئەکادیمی دابەش بکات بەسەر کەڤاڵەکانیدا.

ئەگەر دیدەیەك لەو قۆناغە هونەری یە بگرین ئەوا کۆمەڵە تایبەتمەندێتی وە شاراوەی هونەری هەیە کە مرۆڤ دەتوانێت دەستی بۆ ببات، وەکو ئەوەی هونەرمەندی شێوەکار خاتوو ئەڤین، کات و ساڵەکانی بگەڕێنێتەوە بۆ کاتی منداڵی لە کێشانی ئەو هێڵ و شێوانەی وەکو دەستێکی منداڵی لەرزۆك بیانگرێت، وە ئەو خەون و





هیواو وێنە ڕیالیستی یانە بکێشێت کە جیهانێکی تایبەتی دەبەخشێت لە چاوی بینەرەکانەوە، منداڵە ڕەنگاڵەکان کە دەیەیەوێت پارێزگاری لە جێگاو دەووروبەرەکەی بکات، کە هەر تابلۆیەك باس لە هەزاران چیرۆك و سەرگوزشتەو گێڕانەوەی هزرەکان دەکات.

کارە هونەریەکان شێوازێکی دەربڕینخوازی یە کە پەیوەندی بە مانەوەی مرۆڤی وون بوو هەیە و شاری خەون و دەموو چاوە کان، کۆ کراوەی ئەو بەرهەمانەن کە ڕەنگەکانیش شێوەی هێمای مرۆڤایەتی و هاوچەرخێتی تێدایە لە شیوەو ناوەڕوەکدا، ئەمانەش گۆڕاون بۆ ڕەنگە پەیژەیەکان کە خۆیان لەدایك بووی بیرو هزری خاتوو ئەڤینە لەو کاتەی کە داهێنانە کان بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ ڕوو لە ناوەڕوەکی تابلۆکان دەکەن، وەکو ئەوەی کە خەونێکی تەماوی بیەوێت تابلۆکان دا بپۆشێت.

شێوەکاری کورد خاتوو ئەڤین کاکەیی لەساڵانی ٢٠٠٧ وە بە شێوەیەکی بەرفراوان وە ئەکتیڤ دەستی بە چالاکی هونەری وە بەشداری کردن لە پێشانگاکاندا کرد، بەتایبەتی ساڵی ٢٠٠٩ پێشانگایەکی هاوبەشی لەگەڵ کاکەیی هونەرمەند ساز کرد، وە بەشدار بووە لە ڤیستیڤاڵە هونەریەکان بەتایبەتی لە شاری خێت وە برۆکسل وە ئەنتیڤێرپن ئەم سێ کوچکە شارانە وێستگەی هونەری ئەو دوو هونەرمەندە ناسراوە بوون وەکو خێزانێکی هونەری هەنگاوە هونەریەکانیان بەرەو ئەوەش نا کە سنوورەکانیش ببڕن وە توانیان



لە ووڵاتانی جیاواز نمایشی کارە هونەریەکانیان بکەن، هەر زوو بوو بەئەندامی هونەرمەندانی ووڵاتی بەلژیکا وە لە کۆمەڵەی زیبرار ئارت بوو بە ئەندامێکی کارا، وە توانی لە ساڵی ٢٠٠٩ پێشانگایەکی هاوبەشیان وەکو گروپێك لەگەڵ کۆمەڵەی زێبرا ئارت لە شاری میخڵن ئەنجام دا، ئەو هەنگاوانە بوون بەوەی کە کارە هونەریەکانی بەرفراون بکات و لە قەبارەی گەورەدا کارەکان دا بڕێژێت لەگەڵ ئەو هەنگاوانەدا قوتابخانەو ڕێبازە کارەکان لەهەنگاوێکەوە بۆ هەنگاوێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دەهات، لەساڵی ٢٠١٠ کۆمەڵەی کەلتووری کوردی موردایك لە هۆڵەندا پێشانگایەکی هاوبەشی ڕێکخست بۆ ٩ هونەرمەندی جیاجیای ووڵاتان کە خاتوو ئەڤین یەکێك بوو لەو بەشدار بوانە، هەر لەو ساڵانەدا توانی خەونەکانی بکاتە ڕووداوێکی ڕاستەقینەو لە گەلەری و هۆڵ و مۆزەخانە و سەنتەرە هونەری یەکان کارو چالاکی یەکانی ئەنجام بدات لە زۆربەی شارەکانی ووڵاتی بەلژیکا، لەساڵی ٢٠١٣ خاتوو ئەڤین پرۆژەیەکی کاری هونەری ئامادە کرد بەرەو کوردستان لە شاری هەولێر لەگەلەری شانەدەر پێشانگایەکی تایبەتی کردوە وە لە شاری سلێمانیش ئەو چالاکی یەی ئەنجام دا، کە جێگای سەرەنجی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بوو، توانی شێوازێك و جۆرێکی تر لەکاری هونەری بخاتە پێش چاوی بینەرەکانی، لە ڕووی تەکنیك و فۆمەڵەو داڕشتنەکانەوە وە ئەزموونێکی وورد و بەرفراوان لە هونەری شێوەکاری بەو ساتیل و ڕێبازەی کە ڕەنگەکان وەکو خەون و تەمەکان وا بوون، وە

تراژیدیای ناوەڕوەکەکانیش بەرجەستەیەکی زیندوو بوون بۆ تەواوکەی کارە هونەریەکانی.

لەگەڵ تێکەڵ بوون بە دونیای ئەکادیمیەت و قوتابخانە جیاوازەکان و خوێندن و توێژینەوەی لەو بوارەدا لە ئەکادیمای هونەرە جوانەکان بەشی گرافیك و چاپ کردن بەو کەرەستە هاوچەرخانەی کە ئەمڕۆ هونەرمەندانی ئەوروپی کاری پێ دەکەن و لە کەش و هەوایەدا لێ وورد دەبنەوە، ئەو قۆناغە هونەری یە بوو کە بۆ ماوەی ساڵانێك سەرقاڵی هونەرەکەی بوو وە توانی بەسەرکەوتوویی کارە هونەریەکانی ئەنجام بدات، لەگەڵ ئەوەی سوود لە مێژووی هونەری جیهانی وە خوێندن و سەرقاڵ بوونەوە لەکارە هونەری یە جیهانەیەکانی هونەرمەندان. هەر بۆیە لە دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوەیە کارە هونەریەکانی بە ئەزموون ودەرئەنجامێکی گرنگ تێپەڕبوون، لەگەڵ ئەوەی لەساڵێکدا واتە لەساڵانی ٢٠١٤ بەدواوە چەندین چالاکی هونەری لەو گەورە شارانە وەلەگەڵ پرۆفیشناڵەکانی شارەکانی خێنت وە ئەنتڤێرپن وە برۆکسل بەستەوە لەبەشدار بوون و نمایشی کارە هونەریەکانی، لەگەڵ ڕەوەندی کوردو عێراقیش پەیوەندیەکی توندو تۆڵی هەیە لە بواری چالاکی مرۆڤایەتی کەلتووری و ڕۆشنبیری بەتایبەتی کە ڕێکخراوێکی دامەزراندوە بەناوی میزیوپۆتامیا لە شاری خێنت ی بەلژیکا کە ساڵانە چەندین چالاکی کەلتووری وە هونەری وە ڕۆشنبیری و مرۆڤایەتی ئەنجام دەدات.





## ئاشتی گەرمیانی

جێگای لەدایک بوون: کەرکووک. کوردستان. عێراق

ناونیشان: کەرکووك. کوردستان. عێراق.. تەلەفوون: ٠٧٥٠٨١٧٢٩٧٦

**ئەندامێتی**

ئەندامی هونەرمەندانی کوردستانە

ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی یە

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە

ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانە

ئەندامی هونەرمەندانی رۆژئاوای هۆلەندایە

ئەندامی ART IN ACTION لە شاری رۆتردام.. هۆلەندا

ئەندامی AIDA NEDERLAND لە شاری ئەمستردام. هۆلەندا

ئەندامی K.I.A لە شاری بریدا. هۆلەندا

ئەندامی هونەرمەندانی شاری رۆزندالّ. هۆلەندا

ئەندامی دەستەی سایتی چرا تیڤی یە. دەنهاخ، هۆلەندا

ئەندامـی کارگێـری کۆمەلـەی کەلتـووری کـوردی یـە لـە شـارەوانی مۆردایـك، هۆلەنـدا

ئەندامی ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتی یە.

ئەندامی ڕێکخراوی kg lobyy center لە هۆلەندا.

خولەکان

١٩٨١-١٩٨٦ پەیمانــگای هونــەرە جوانەکانــی شــاری سلێمانی.کوردســـتانی عێــراق تەواوکــردوە.

١٩٩٩ دبلۆمی H B O ی هونەری لە شاری بریدا ی هۆلەنـدا وەرگرتووە.

٢٠٠٥ سیرتیڤیٔ کات لە میدیای هۆلەندی بەشی راگەیاندن و بلاوکردنەوە.

١٩٩٩ خوولی تەکنیکی ئۆتۆمۆبیلی لە هۆلەندا تەواو کردووە

٢٠٠٣ تەکنیکی ئۆتۆمۆبیلی vw bto 151

تەکنیکی ئۆتۆمۆبیلی bto 75 وە تەکنیکی ئۆتۆمۆبیلی vw bto 15.3

سـێ جـار سـیرتی فـی کاتـی هۆلەنـدی لـە خوولـی ئۆتۆمۆبیلـی فولکـس ڤاکـن وەرگرتـووە لـە شـاری لویسـدم.هۆلەندا.



**چالاکییە هونەرییەکان**

١٩٨٥ یەکەم پێشانگای هونەری لە شاری کەرکووک.عـێراق

١٩٨٥ دووەم پێشانگای تایبەتی لە شاری کەرکووک.عـێراق

١٩٨٩ سێهەم پێشانگای تایبەتی لە هۆلی الرەشید. بەغـدا

١٩٩٠چوارەم پێشانگای تایبەتی گەلەری ئاری لە هـــەولێر

١٩٩١ پێنجەم پێشانگای تایبەتی لە قەلاچۆلان. سلێمانی

١٩٩٢ شەشەم پێشانگای تایبەتی لە هۆلی میدیا. هەولێر

١٩٩٣ حەوتەم پێشانگای تایبەتی لە هۆلی عەرەبی. دیمەشق. سوریا

**پێشانگا هاوبەشییەکان لە عێراق و سووریا**

١٩٨٦ هاوبەشی پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووکی کردووە

١٩٨٦ هاوبەشی پێشانگای رۆژی هونەری کردووە لە بەغدا

١٩٨٧ هاوبەشی پێشانگای هاوینەی گەلەری ئۆرفەلی کردووە لە بەغدا

١٩٨٨ هاوبەشی پێشانگای رۆژی هونەری کردووە لە بەغدا و سلێمانی

١٩٨٩ هاوبەشی پێشانگای الواستیی کردووە لە بەغـــــدا

١٩٩٠ هاوبەشی رۆژی هونەری کرووە لە بەغدا و سلێمانی

١٩٩١ هاوبەشــی پێشــانگای هونەرمەندانــی کــوردی کــردووە لــە گەلــەری ئــاری هەولێــر

١٩٩٢ هاوبەشــی پێشــانگای کــردووە لەگــەل هونەرمەنــدان فــەلاح عومــەرو بــژار کەریــم لــە هۆلــی میدیــا هەولێــر

١٩٩٣ هاوبەشــی پێشــانگای کــردووە لەگــەل هونەرمەنــدان فــەلاح عومــەر و غــازی مەحەمــەد لــە شــاری حەلــەب. ســووریا

١٩٩٤ هاوبەشــی پێشــانگای هونەرمەندانــی عێراقــی کــردووە لــە ســەنتەری عەرەبــی دیمەشــق. ســووریا

١٩٩٥ هاوبەشــی پێشــانگای کــردووە لەگــەل چــوار هونەرمەنــدی عێراقــی لــە ســەنتەری هونــەری رووســی لــە دیمەشــق

١٩٩٦ هاوبەشــی پێشــانگای خاچــی ســووری کــردووە لــە کتێبخانــەی گشــتی ئەســەد لــە دیمەشــق. ســووریا

پێشانگاکان لە هۆلەندا و ئەوروپــا

١٩٩٧ بەشداری پێشانگای رۆژی پەنابەرانی لە شاری ئەپل دۆرن کردووە.

١٩٩٧ پێشانگای تایبەتی لە بەلەدیەیی شاری بیرخن ئۆپ زۆم. هۆلەندا.

١٩٩٨ پێشــانگای تایبەتــی لــە چالاکــی قوتابخانــەکان ی شــاری رۆزنــدال. هۆلەنــدا.

١٩٩٨ پێشــانگای تایبەتــی Art in Aciotn لــە گەلــەری ١٠ ی شــاری رۆتــردام. هۆلەندا

١٩٩٨ پێشــانگای هاوبەشــی رێکخــراوی ئایــدا لــە شــاری ئەمســتردام و هــۆرن و لایــدن.

١٩٩٩ پێشــانگای هاوبەشــی لەگــەل هونەرمەنــد ســووعاد ســتار لــە زانکــۆی ڤاخینیگــن لەگەلــەری جیهــان لــە شــاری ڤاخینیگــن کــردووە.

١٩٩٩ پێشـــانگای تایبەتـــی لـــە هۆلـــی بەلەدیـــەی ئاودنبـــووش بەنـــاوی رەنگـــەکان لـــە کوردســـتانەوە.

١٩٩٩ پێشــانگای تایبەتــی بــە ٢٥ کاری هونــەری لــە گەلــەری واتــەر تــۆرن ی شــاری روزنــدال.

١٩٩٩ هاوبەشی پێشانگای رۆژی پەنهاندەکان لە شاری ئەپــل دۆرن.

٢٠٠٠ پێشانگای تایبەتی لە سەنتەری کەلتووری کوردی شاری دەنهاغ.

٢٠٠٠ هاوبەشـــی پێشـــانگای ریکخـــراوی بابـــل لەگـــەل ٢٨ هونەرمەنـــدی عێراقـــی لـــە بەلەدیـــەی دەنهـــاغ. هۆلەنـــدا.

٢٠٠٠ هاوبەشـــی پێشـــانگای هونـــەری لەگـــەل دوو هونەرمەنـــد هولەنـــدی کـــۆری فەنهەلـــوف وە هونەرمەنـــدی فەرەنســـی نایلـــی لـــە هۆلـــی نەخۆشـــخانەی شـــاری رۆزنـــدال. هۆلەنـــدا

٢٠٠٠ هاوبەشـــی پێشـــانگای رۆژی پەناهەنـــدەی لـــە شـــاری ئەپـــل دۆرن کـــردووە.

٢٠٠١ پێشـــانگای تایبەتـــی لـــە گەلـــەری ســـولو کتێبخانـــەی گشـــتی شـــاری برێـــدا. هۆلەنـــدا

٢٠٠١ پێشـــانگای هاوبەشـــی بـــە ریکخســـتنی ریکخـــراوی K.I.A رۆژێـــک بـــۆ کەلتـــوور لـــــــە شـــاری برێدا.هۆلەنـدا.

٢٠٠١ هاوبەشـــی پێشـــانگای K.I.A جێـــگای خالـــی کەلتـــووری شـــاری برێـــدا. هۆلەندا.

٢٠٠١ هاوبەشـــی پێشـــانگای ســـەنتەری کەلتـــووری کـــوردی لـــە شـــاری ئەمســـتردام.هۆلەندا.

٢٠٠١ هاوبەشی پێشانگای ڕێکخراوی K.I.A لە کتێبخانەی گشتی شاری ڤالڤایک.

٢٠٠١ هاوبەشی پێشانگای ریکخراوی K.I.A لە هۆڵی لیین باکر لە شاری بیرخن ئۆپ زووم. هۆڵەندا.

٢٠٠٢ هاوبەشی پێشانگای ریکخراوی پەناهەندەیی لە شاری فۆرسخوتن هۆڵەندا.

٢٠٠٢ پێشانگای تایبەتی لە گەلەری واتر تۆرن لە شاری رۆزندال.

٢٠٠٢ پێشانگای هاوبەشی ٣٠ هونەرمەندانی عێراقی لە شاری دەنهاغ. هۆڵەندا.

٢٠٠٣ پێشانگای تایبەتی لە کتێبخانەی گشتی شاری رۆزندال.

٢٠٠٣ پێشانگای هاوبەشی ریکخراویK.I.A لە بەلەدیەی دۆنگن. هۆڵەندا.

٢٠٠٤ پێشانگای ڕێکخراوی هونەری هونەرمەندانی رۆژئاوای هۆڵەندا لە شارۆچکەی واو بەلەدیەیی رۆزندال. هۆڵەندا.

٢٠٠٤ پێشانگای تایبەتی لە هۆڵی کافتریای بەرەمودا شاری کەلەمهاوت. بەلجیکا.

٢٠٠٤ پێشانگای ڕێکخراوی ئایدا نیدەرلاند لە ئازەربایجانەوە تا دەنهاغ. لە شارەکانی ئەمستردام و دەنهاغ و ئوترێخت.

٢٠٠٤ پێشانگای ڕێکخراوی K.I.A بۆ ٥ هونەرمەندی جیا لە وولاتان

١.ئوغستوس ٢٠٠٤ لە بۆسنیا



٢. سیپتیمبر٢٠٠٤ لە هیرکوفینیا

٣. دیسمبر ٢٠٠٤ لە هۆڵەندا.

٢٠٠٥ پرۆگرامێکی هونەری ئامادە کراو بۆ پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە شاری کەرکووک بۆ خوێندکاران خوێنرایەوە بە پیشان دانی وێنەی هونەری.

٢٠٠٥ بۆ رۆژنامەی باسەرە ٧ بابەتی هونەی زنجیرەیی بلاوکراوەتەوە دەربارەی خەونەکان زۆر کورتن.. رۆژنامەی باسەرە لە کەرکووک. عێراق دەردەچێت.

٢٠٠٥ هاوبەشی پێشانگای رۆژی ٥ مایی لە شاری دەنبووش بە ئامادە بوونی سەرۆک وەزیرانی هۆڵەندا و شازادە کوری شای هۆڵەندا ولیم الکسندەر بەشداریم کردووە.

٢٠٠٥ هاوبەشی پێشانگای هونەر لە شەقامی بەنکن شاری ئیتن لوور. هۆڵەندا

٢٠٠٥ کۆمەڵێک لە کاری هونەری یەک مەتر بە هەشتا وە کاری ووردیلانە بۆ پێشانگای هاوینەی شەقامی بەنکن لە شاری ئیتن لوور ئامادە کرد.

٢٠٠٦ پێشانگای تایبەتی لەشاری دورن لە هۆڵی رابۆ بانک

٢٠٠٦ پێشانگای رۆژی کەلتووری لەشاری ئێمن ی باکووری هۆڵەندا.

٢٠٠٦ پێشانگای هاوبەشی لە شارۆچکەی واو لە باشووری هۆڵەندا.

٢٠٠٦ هاوبەشی پێشانگای یادی رۆژی هەڵەبجەو ئەنفال لە شاری دەنهاغ.

٢٠٠٦ پێشانگای تایبەتی لە کافتریایی بیرگشگلادباغ لە کۆلن.ئەلمانیا.

٢٠٠٦,٢٠٠٧ بلاو کردنەوەی کۆمەڵێک رەخنەی هونەری لە سایدی چراکان وچرا ی هونەری هەریەک لە سوێدو هۆلەندا.

٢٠٠٧ پێشانگایەک لەگەڵ دەزگای پەنابەران لە شاری تیلبۆرگ، هۆڵەدا.

٢٠٠٨ هاوبەشی پێشانگای ٤ ساڵ یادی چرا تیڤی لەگەڵ ٦ هونەرمەندی کورد لە شاری زووترواودە. هۆڵەندا.

٢٠٠٨ بەشداری لە رۆژی کەلتووری هونەری لەگەڵ رێکخراوی هونەرمەندانی ئێرانی لەشاری رۆتردام، هۆڵەندا.

٢٠٠٩ بەشداری پێشانگای ٥ ساڵ یادی چرا تریڤی لەگەل ٨ هونەرمەندی کورد لە شاری دەنهاغ. هۆڵەندا.

٢٠٠٩ بلاو کردنەوەی کۆمەلە بابەتێکی هونەری لە سایتە کوردی یەکان وەکو جەماوەر نیوز و کلاورۆژنە و کوردستان نێت و سورێن وچرا تیڤی و باسەرە و هەواڵ.

٢٠١٠ پێشانگای هاوبەشی ١٠ هونەرمەندی کوردی هۆڵەندی لە شاری زیڤن بیرخن هۆلەندا.

پێشانگا تایبەتی و هاوبەشی یەکان لە کوردستان دوای گەڕانەوەم لەئەوروپا

٢٠١٠ بەشداری ۆرك شۆب لە گەڕانەوەی ڕوفاتی ئەنفال لە چەمچەماڵ.

٢٠١٠ پێشانگای تایبەتی لە قشڵەی کەرکووک.

٢٠١٠ پێشانگای تایبەتی لە گەلەری کوردستان هۆڵی میدیا. هەولیر



٢٠١١ پەشداری لەپێشانگای ٢٧ هونەرمەندانی شاری هەولیر بۆ درەخت لەهۆڵی میدیاهەولێر.

٢٠١١ بەشداری پێشانگای هونەرمەندانی کەرکووکی کرد (سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان لقی کەرکووك لە شاری رۆزنداڵ. هۆڵەندا.

٢٠١٢ پێشانگایەکی تایبەتی بۆ قوتابیانی ١٨ شوبات بەشە ناوخۆیەکان لە هەولێر.

٢٠١٣هاوبەشی پێشانگای ئەنفال و جینوساید لە ئەمنەسورەکە.سلێمانی.

٢٠١٤ هاوبەشی پێشانگای هونەرمەندانی کوردو هۆڵەندی لە شارۆچکەی زیڤن بیرخن لە شارەوانی زیڤن بیرخن، هۆڵەندا.

٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦ هەفتانە لە رۆژنامەی کوردش کلۆبی بە زمانی ئینگلیزی بابەتێکی شێوەکاری لە سەر هونەرمەندانی کوردستان بڵاودەکاتەوە.

٢٠١٧ بەشداری کردووە لە پێشانگای هونەرمەندانی ڕۆژئاوای هۆڵەندا (براباند) لە شاری ئایندهۆڤن..هۆڵەندا.

٢٠١٧ بەشداری کردووە لە چالاکی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی بیانی ئۆن فایل لە شاری ئەمستردام. هۆڵەندا.

٢٠١٧ بەشداری کردووە لە پێشانگای ئەنتەرناسیونالی لەگەڵ کۆمەڵەی کوردی موردایك لە زەیڤن بێرخن، هۆڵەندا.

٢٠١٨ بەشداری کردووە لە پێشانگای ئەنتەرسایونالی هونەرمەندانی کوردی و هۆڵەندی لەگەڵ کۆمەڵەی کوردی موردایك لە شارەوانی زەیڤن بێرخن، هۆڵەندا.

٢٠١٨ بەشـداری کـردوە لـە وورك شـۆپ لەگـەڵ دوو هورمەنـدی هۆڵەنـدی کـۆری ئەلتـۆف وە کـۆری لەیڤـرس لـە شـاری ڕۆزنـداڵ. هۆڵەنـدا.

٢٠١٨ بەشــداری کــردووە لــە چالاکــی ســەندیکای ڕۆژنامەنوســانی بیانــی ئـۆن فایـل لەگـەڵ ڕۆژنامەنـووس ساسـان دەروێـش لـە شـاری ئەمسـتردام. هۆڵەنـدا.

٢٠١٩ بەشـداری لـە پێشـانگای ساڵانەی کۆمەڵـەی کـوردی مورداپـك کـردوە لـە زەیڤـن بێرخـن، هۆڵەنـدا.

٢٠١٩ چەندیــن بابەتــی ئەکادیمــی هونــەری شــێوەکاری لــە ڕۆژنامەکانــی خەبــات و تابلــۆ پاشــکۆی کوردســتانی نــوێ بڵاوکردۆتــەوە.

٢٠٢١ بەشـداری پێشـانگایەکی گشـتی شـێوەکاری لـە هۆڵـی ئەمنـە سـوورەکە لـە شـاری سـلێمانی کـردووە.

٢٠٢١ سـیمینارێك سـەبارەت بـە ئەزموونـی کارە هونەریەکانـم لـە سـاڵانی ١٩٨١ تاوەکـو ٢٠٢١ لـە هۆڵـی کریسـتاڵ لـە شـارۆچکەی زەیڤـن بێرخـن لەلایـەن کۆمەڵـەی کـوردی موردیـك نمایـش کـرا.

٢٠٢١ بەشـداری لـە پێشـانگای هاوبەشـی پایـزەی هونەرمەندانـی کـوردی - هۆڵەنـدی لـە هۆڵـی خـری ڤۆرمـۆرد کێـرک لـە شـارۆچکەی زەیڤـن بێرخـن ئەنجـام داوە.

٢٠٢١ سـیمینارێکی هونــەری بــۆ ئەزموونــی کارە هونەریەکانــم لەســاڵانی ١٩٨١ تاوەکـو ٢٠٢١ لـە کتێبخانـەی کارێـز لـە شـاری کەرکـووك بـە ڕێـوە چـوو.



٢٠٢١ بەشـادریم کـرد لـە کۆنگـرەی دامەزراندنـی ناوەنـدی رەوەنـدی کـورد کوردسـتانی لـە شـاری هەولێـر وەکـو دەسـتەی بەڕیوەبـردن لـە بەشـی ڕۆشـنبیری و هونـەری و کەلتـووری.

٢٠٢٢ بەشـداریم لـە پێشـانگای نامـەکان لەبـەرەی جەنگـەوە کـرد لـە شـاری خێنـت، بەلجیـکا.

## ئاشتی مەهدی محمد ناسراو بە ئاشتی گەرمیانی

ساڵی ١٩٦٥ لە کەرکووک لەدایك بووە

ئەندامی هونەرمەندانی کوردستانە

ئەندامی نەقابەی هونەرمەندانی عێراقی یە

ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانە

ئەندامی سەندیکای رۆژنامە نوسانی کوردستانە

ئەندامی هونەرمەندانی رۆژئاوای هۆڵەندایە

ئەندامی ART IN ACTION لە شاری رۆتردام.. هۆڵەندا

ئەندامی AIDA NEDERLAND لە شاری ئەمستردام. هۆڵەندا

ئەندامی K.I.A لە شاری بریدا. هۆڵەندا

ئەندامی هونەرمەندانی شاری رۆزنداڵ. هۆڵەندا

ئەندامی ناوەندی ڕەوەندی کوردستانی

١٩٨١-١٩٨٦ پەیمانــگای هونــەرە جوانەکانــی شــاری ســلێمانی. کوردســتانی عێــراق تەواوکــردوە.

١٩٩٩ دبلۆمــی H B O ی هونــەری لــە شــاری بریــدای هۆڵەنــدا وەرگرتــووە.

Facbook: ashti shegan